تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

فیقهی ئاسان

الفقه الميسر

تألیف

احمد عیسی عاشور

وەرگێڕان : نوری فارس حەمەخان

پێداچوونەوە و پەراوێزی لەچاپدانی کردووە

محمود احمد محمد

بەرگی یەکەم

عاشور، احمد عیسی.
الفقه المیسر. کردی.
فیقهی ئاسان: (فقه المیسر) / نووسەر احمد عیسی عاشور؛ وەرگیرانی نوری فارس حەمەخان؛ مصحح محمود احمد محمد.-- تهران: نشر احسان، ۲۰۰۷.
۲ ج.
ISBN: 964-356-565-3 (دوره)
ISBN: 964-356-563-7 (ج. ۱)
ISBN: 964-356-564-5 (ج. ۲)

فیپا.
کردی.
۱. فقه شافعی. الف. فارس، نوری، مترجم. ب. محمد، محمود احمد، مصحح. Muhammad, Mahmud Ahmad
BP ۱۷۷/ع۲ف۷۰۴۷ ۲۹۷/۳۳۳
کتابخانه ملی ایران ۸۵-۳۵۴۰۴م

فیقهی ئاسان (بەرگی یەکەم)

✦نووسەر:	احمد عیسی عاشور
✦وەرگێرانی:	نوری فارس حمه خان
✦بڵاوکار:	نەشری ئیحسان - تاران
✦چاپی:	یەکەم ـ ۲۰۰۷
✦چاپخانە:	مەهارت ـ تاران
✦تیراژ:	۳۰۰۰ دانه
✦ژمارەی سپاردنی:	(۸۳۱)ی ساڵی (۲۰۰٦)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

➢ فروشگاه شمارهٔ ۱: تهران ـ خیابان انقلاب ـ روبروی دانشگاه ـ مجتمع فروزنده ـ شمارهٔ ٤٠٦ ـ تلفن: ٦٦٩٥٤٤٠٤
➢ فروشگاه شمارهٔ ۲: تهران ـ خیابان ناصر خسرو ـ کوچه حاج نایب ـ شمارهٔ ۳۳ ـ تلفن: ۳۳۹۰۲۷۵۰
صندوق پستی: تهران ۳۸۵ ـ ۱۱٤۹۵

ژمارەی نیونه تە وایەتی (ج ۱):۷-۵۶۳-۳۵۶-۹۶۴ ISBN: 964-356-563-7
ژمارەی نیونه تە وایەتی دەورە:۳-۵۶۵-۳۵۶-۹۶۴ ISBN: 964-356-565-3

نشر احسان

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی: بە پێنووسی وەرگێڕ:-

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين.

لە پاش سوپاسی خودای مەزنو، ناردنی درووود بۆ سەر گیانی پیرۆزی پێغەمبەرو یارانو هاوڕێیانو پەیڕەوانی، عەرزم ئەمەیە لە خزمەتتاندا: ئەم نامە پیرۆزەیە کە واین لە خزمەتیدا، ئەصڵەکەی پێشەوای گەورەو خواناس (الامام تقی الدين أبو بكر محمد الحسينى الحصنى الدمشقى) داینـاوەو ناوی ناوە (كفاية الاخيار في حل غاية الاختصار).

مامۆستای گەورەو مەزنیش: ئەحمەد عیسا عاشوور سەر لەنوێ بە شێوازێکی زۆر جوانی ئاسانی ڕەوانی نوێ ئەم کتێبەی دارشتۆتەوە، ئەگەر لە شوێنێ خواریو خێچیو ئاڵۆزییەك لە عیبارەتی ئەصڵەکەدا بووبێ ڕاستی کردۆتەوە، هەتا مەردوم زۆر بەئاسانی لە بابەتو مەبەستەکان حاڵی بن، لە شوێنێ پێویست بە زیادەیێ هەبێ زیادی کردووە، جاروباریش شتێ کە سوودی کەم بێت لەبەر کورتەکاری کرتاندویەتی، بەڵام جەوهەری ئەصڵەکە ئەوەی سوودمەندبێ وەك خۆی ماوە، چەند

مەسەلەو بابەتێ کە لەئەصڵەکەدا نەبووە مامۆستا ئەحمەد زیادی کردووە، وەك مەسەلەی تەشریحی لەشی مردوو، مەسەلەی تەئمین لەسەر حەیات، چونکە ئەصڵەکە لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا دانراوە، ئەو سەردەمەیش ئەم جۆرەشتانە وەك ئێستا باویان نەبووە، جا لەبەر ئەم گۆڕانکارییە رەوایە کە مامۆستای عاشوور ناوی کتێبەکەی گۆڕیوەو ناوی ناوە (الفقه الميسر) بە کوردی واتە: شەرعی رەوان‌و ئاسان[1] ئەم کتێبە بۆ ناو کوردەواری خۆمان‌و بۆ سوننی عێراق زۆر لەبارە، چونکە زۆربەی ئەم دوولایەنە شافیعی مەزهەبن.

بەڵام خوا هەقە دیاری ترین دیاردەی نایابی ئەم کتێبە ئەمەیە: کە حوکم‌و بڕیارەکان، یا بەئایەتێ، یا بە حەدیسێ تەوجیە دەکات، یاخود بە ئیجماع‌و یەکگرتنی ئوممەت!

---

(١) ئیمامی نەوەویش موحەڕەری ئیمامی رافیعی کورت کردۆتەوەو هەنێ بابەتی لێ پتر کردووەو ناوی ناوە مینهاج، شێخی قاضی زەکەریایش میهناجی کورت کردۆتەوەو برێ مەسەلەی لەسەر زیادکردووەو ناوی ناوە مەنهەج {رەزای خوای گەورە لە هەموویان بێ}.

مەبەستم ئەوەیە ئەم جۆرە گۆڕانە لە کۆن‌و نۆێدا بووە. ئەمە پێی ناگوترێ دزی، لەبەر ئەوە بەر شیعرەکەی مەولەوی ناکەوێ، کە دەفەرموێ:

گێسکێ بدزێ‌و کلکی هەڵپاچی

لەدەس خاوەن ماڵ هەرگیز دەرناچی

له راستیدا نرخی هەموو شتێ بەپێی سوودەکەیەتی، هیچ شتێکیش وەکوو خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەسوودنییە، بە تایبەتی لە بواری تەفسیرو حەدیثو شەریعەتدا، جا لەبەر ئەمە هەمیشە ئاواتمە کە خزمەتی بەرنامەکەی خوا بکەم، هاوکات لەگەڵ خزمەتی گەلی کوردی خۆما، بە راستی ئەمە کتێبەیش ئەو دوو ئاواتەم دەهێنێتە دی، لەبەر ئەوە لەسەر داخوازی بڕی لە دۆستو برادەران، کە یەکێ لەو بەڕێزە ئازیزانە جەنابی مامۆستا مەحمود ئەحمەد موحەمەد بوو، هاتم ئەم پەڕاوە پەسەندەم وەرگێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردی، هۆی ئەم پێشنیارە فەرپدارەی ئەم زاتانەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەبیرو بۆچوونی ئەوان بەندەی هەژار ئەهلییەتی هەڵسان بەم ئەرکە پیرۆزەم هەیە، گەرچی من ئەمە بە حوسنی ڤەن دەزانمو لە مەیدانی واتە: بەرینو گوشاددا خۆم بە فەقێو شاگرد دەزانم، لەگەڵ ئەوەیشدا ئومێدم قەوییە بە رەحمەتی خوا کە لەم کارە پیرۆزەدا یارمەتیم بداو سەرکەوتووم بفەرموێو خۆی مامۆستاییم بکاو، جێگە گرانەکانیم بۆ ئاسانو حەل بکاو گومانە جوانەکەی ئەوان بەراست بگێڕێ. لە راستیدا حاڵی بوون لەم جۆرە پەڕاوە، شارەزاییەکی تەواوی لە زانستە شەرعییەکان دەوێ.

لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بۆ ئەم چەند خاڵە بکەم:

١) مامۆستا ئەحمەد عاشوور لە پێشەکییەکەی خۆیدا وەسپێکی جوانی زۆری ئیمامی شافیعی دەکا. بەندەیش دەڵێم: خەطیبی شەربێنی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی (مغنی المحتاج)دا دەفەرموێ:

(ئەو فەرموودەیەی کە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: زانایەکی قورەیشی لەناو ئۆمەتی مندا هەڵ دەکەوێ جیهان پڕ دەکا لە زانست) مەبەست لە ئاماژەی ئەم فەرموودەیە ئیمامی شافیعییە، {ڕەزای خوای لێبێ}.

جا ئازیزان! کەسێ پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} ئەنا خوانی بێ و مەدحی بکا، ئیتر من هەرچی بڵێم بەهەزاریەکی ئەوە نابێ، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە لە پەیڕەوانی مەزهەبی ئەم پێشەوا مەزنەین. لێرەدا ئەمەتان عەرز دەکەم: لە ڕاستیدا هەردوو مامۆستای دانەری ئەم کتێبەداناو زاناو شەریعەتزان و مەلان، خوابکا کارەکەی بەندە جۆرە تەواو کەرێ بێت بۆ کارە پیرۆزەکەی ئەوان، ئافەرین بۆ خۆیان کەم کەسم دیوە وەك ئەوان کە حوکم و بڕیارەکان بە دەقی ڕۆشنی کیتاب و سوننەت و بە ئیجماعی ئوممەت ڕۆشن بکەنەوە. ئەمە یەکێکە لە هۆی برەوپەیداکردنی ئەم کتێبە.

٢) (لە ڕاستیدا ئەم کتێبە کورتەیەکی پوختی شەرعە، لەسەر ڕێڕەوی ئیمامی شافیعی، وە بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی لەم چەرخەی ئێمەدا مامۆستایەکی دڵسۆزی نەرمو نیانی زمان شیرینی هاوڕێ خۆشی مەشرەب خۆشە، خۆی لە باتی مامۆستا فێری شەریعەتمان دەکا، بە تایبەتی بە شێوازێکی جوان و ئاسان و ڕەوان فێری بەشی عیبادەت و

موعامەلاتمان دەكا، كە ئەم دوو بەشەیش بۆ ئەم رۆژگارەی ئێمە، بۆ ئەهلی دین، زۆر زۆر پێویستن، هەر لەبەر ئەمەیشە كە ئەمڕۆ ئەم كتێبە لە ناولاوو رۆشنبیرە ئیسلامییەكاندا فرۆختو برەوێكی چاكی بێ مانەندی هەیە، لە خواداوا دەكەم كە بە بەخششی خۆی لە تەرجەمەكەیدا سەر كەتوومان بفەرموێ، وە بۆ شاییەكی گەورەی لە نامەخانەی كوردی پێپڕ بكاتەوە) ئەم دەرفەتە بەهەل دەزانم كە عەرزی نووسەرە كوردە ئازیزەكانمان بكەم: (ئازیزان! دەتوانین لە رێگەی وەگێڕانەوە گەورەترین خزمەت بە ئایین، بە ژیان، بەزمان، بەنیشتمان، بەنەتەوە، بەمرۆڤایەتی بكەین، ئەم هەموو كوێرەوەرییەی كە ئەمڕۆ گەلی كوردی تیایە، لەگەڵ ئەو هەمكە تاڵاوەی كە ئەمڕۆ دەیچێژێ ماكەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دەردی نەخوێندەواری. كەواتە: مەرد ئەو مەردەیە كە بە نووكی خامە پەردەی نەزانی لە سەردڵو چاوو گوێی كوردی هاوڵاتی ستەمدیدەی خۆی بدڕێو بە سورمەی زانستی بەسوود بە تیشكی ئایینی راستو دروست چاوەكانی بڕێژێو پڕیان بكا لە نووری رۆشنبیری!).

ئازیزان! تەكلیفی مالایوطاق لە كورد مەكەن، كەواتە داوای یەكێتیو یەكگرتنو برایيو تەباییو كوردایەتیو مەردایەتیو خۆ ئازادكردنو نیشتمانپەروەریو خزمەتی كوردو كوردستانو ئایینو نیشتمانیان لێمەكەن، هەتا لە پێش ئەوەدا رۆشنبیریان نەكەن، چونكە ئەم جۆرە ئەركانە بە مرۆڤی داناو زانای دڵسۆزی ئەم خاكو نشتمانە ئەنجام دەدرێ، پیشەی نەزانو مرۆی دوور لە بیری خواناسی هەر دزیو جەردەییو خۆخۆرییە!.

٣) بـۆ سـاخکردنەوەی ئـەم پـەڕاوە بـەهرەم لـەم سەرچـاوە متمانەپێکراوەنە وەرگرتووە: شەریعەتی ئیسلام، مامۆستای مامۆستایان جەنابی گەورەو سەروەرمان مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، موغنی موحتاج هی خەطیبی شەربێنی. فەتحولموعین. الفقه علی المذاهب الاربعه. شرح المحلی علی المنهاج. جلال الدین المحلی. هەروا بەهرەم لە سەرچاوەکانی ساخکردنەوەی تاجول ئوصوول‌و ریاض صالحین‌و تەجریدی بوخاری وەرگرتووە کە سوپاس بۆ خودای گەورەو میهرەبان ئەم سێ کتێبە پیرۆزانەیشم بە تەواوی کردووە بە کوردی.

خودایە! بە بەخشش‌و میهرەبانی خۆت لە خۆمان‌و کەسوکارو دۆست‌و برادەرمان‌و لە مامۆستاو فەقێمان‌و، لە مردوو زیندومان خۆش بە، خوایە! خۆمان‌و کەسوکارمان‌و منالمان‌و منالی منالمان لە هەردوو جیهاندا لە پەنای خۆتا پەنابدە، خوایە! ڕەحمێ بە حالی ئەم گەلی کوردی ستەمدیدەیە بکە، خوایە! ئەوەی موتالای ئەم کتێبە دەکا بیکە بە نوور بۆ چاوی‌و بەتوێشوو بۆ دلێ.

خوایە! ڕەحمێ بە حالی باوکم‌و دایکم‌و کاوەی کوڕم بفەرموو. خوایە! یاریدەم بفەرموو هەتا ئەم کتێبە بە تەواوی دەکەم بە کوردی. ئامین.

سلێمانی گەڕەکی مامۆستایان
نوری فارس حەمەخان حەسەن

بسم الله الرحمن الرحيم

١) پاکی (الطهارة):

پێناسەی پاکی: پاکی لە زماندا واتە: خاوێنی، دەڵێن: جلکەکەم پاك کردەوە، واتە: خاوێنم کردەوە، لە شەرعیشدا واتە: نەهێشتنی ناپاکی (حەدەث)و لابردنی پیسی.

بە پێی شەرع لەسەر رێبازی ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} ئەم چوار شتە پاکەوەکەرن‌و شتی ناپاك پاك دەکەنەوە: ئاو، گڵ، خۆشەکردن (کەوڵ خۆشکردن)، بوون بەسرکە.

ئاو هەموو ناپاکی‌و چەپەڵییەك پاك دەکاتەوە، گڵ – یاخۆڵ - تەیەممومی پێدەکرێ، گلاوی سەگو بەرزایشی پێ دەردەکرێ، ئەو شتەیش کە شتی پێخۆشە دەکرێ کەوڵی مردارەوە بوو پاك دەکاتەوە، مەی‌و ئارەقیش هەرکاتێ کە لە خۆیانەوە بەبێ دەسکاریی کەسێ بوون بە سرکە ئیتر پاك دەبنەوەو حەلاڵ دەبن.

دروستە بەم حەوت ئاوە شت پاك بکرێتەوە:

١) **ئاوی باران**، چونکە یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: {وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ – سورة الأنفال – ١١/٨} . خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراندو لافاو هەڵسا، هەتا بەو ئاوە پاکتان بکاتەوە).

٢) **ئـاوی دەریـا**، چـونکە لـە بـارەی ئـاوی دەریـاوە لـە پێغەمبـەری خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} پرسـیارکرا: ئایـا بـە ئـاوی دەریـا دەسـنوێژ بگـرین؟ فـەرموو: (ئـاوی دەریـا هـەم پاکـەو هـەم پاکەوەکەریـشە، مردارەوەبووشی حەڵاڵەو گیانلەبەری ئاوی کاتێ دەمـرێ هـەتا نەگـەنێ خـواردنی دروسـتە) بوخـاریو موسـلیمو تیرمیـزیو ئیبنـو حـەببان ئـەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە.

٣) **ئاوی بیر**، بەپێی ئەم فەرموودەیە کە سەهل گێڕاویەتەوە: یاران عـەرزی پێغەمبـەریان کـرد: قوربـان! ئـەو ئـاوەی کـە تـۆ دەسـنوێژی پـێ ئەگری ئەوە لە بیری بوضاعە دەیهێـنن، ئـەو بـیرەش پیـسایی ئادەمیزادو پـەڕۆی بێنوێـژی ژنـانو شـتی وای تێدەکـەوێو لـە شپیـسیش خـۆی لێدەشۆری، جا لە پاش ئەم روونکردنەوەیـە بۆمـان بـەیان بەفـەرموو کـە حوکمی ئەم ئاوە چییە؟ ئـەویش فـەرمووی: (ئـەو ئـاوە هـەم پاکـەو هـەم پاکەوەکەرەیـشە، چـونکە گەیـشتۆتە رادەی قوللـەتێنو بـەپێی شـەرع کـە بناغەی لەسەر ئاسانکارییە، بە هیچ شتێ پیس نابێ، مەگەر بە شتێ کە تـامی، یـا بـۆنی، یـا رەنگـی بگـۆڕێ!). ئەمـە پوختـەیریوایەتـەکانی ئـەم فەرموودەیەیە کە لـەم شوێنەدا دانـەر کردوویـەتی بـە بەڵگـە. ئەمـەیش دەقەکەیـــەتی لێــرەدا: (المــاء طهــور لا ینجــسه شــیء) تیرمیــذیو ئەحمەد گێڕاویانەتەوە، ئەحمەد بە صەحیحی داناوە.

٤) **ئاوی زێو جۆگەو چەم**.

٥) **ئاوی بەفر**.

٦) **ئاوی تەرزە**.

٧) **ئاوی کانیو کارێز**، ئاوی بەفرو تەرزەیش هەر بە ئاوی پەتی حلێبن، بە پێی ئەم فەرموودەیە، کە ئەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} دەستووری وابوو لە دوای ئەللاهو ئەکبەری نوێژدا بەستن، لە پێش خوێندنی فاتیحادا ئێستێکی بچکۆلانەی دەکرد، گوتم: قوربان! لەم ئیستەدا چی دەخوێنی؟ فەرمووی: (دەڵێم: **اللهمَّ باعد بيني وبين خطاياى كما باعدت بين المشرق والمغرب، اللهم نقني من خطاياى كما ينقى الثوب الابيض من الدنس، اللهم اغسلني من خطاياى بالماء والثلج والبرد**: خودایە! لە گوناه دوورم بخەرەوە وەك دووری خۆرهەڵات لە خۆرئاوا، خودایە! وەك پارچەیێ بلووری سپیی پاکی بێ گەرد لە گوناه پاکم بکەرەوە، خودایە! گوناهەکانم بە ئاوو بە بەفرو بە تەرزە پاك بشۆرەوە!) شەیخان – واتە: بوخاریو موسلیم – {رەزاو رەحمەتی خوایان لێبێ} گێڕاویانەتەوە.

٢) بەشەکانی ئاو:

ئاوە شەرعییەکان دەبن بەم پێنج بەشەوە:

١) **ئاوی رووت**: کە خۆی لە خۆیدا پاکەو لە هەمانکاتدا پاکەوەکەریشەو شتی تری ناپاك پاك دەکاتەوە، بێدەسنوێژیو لەشپیسی لادەبات، شتی پیسبوو پاك دەکاتەوە، بەکارهێنانی هیچ ناپەسەندییەکی تیادا نییە، بۆیە ناونراوە ئاوی رووت، چونکە کە گوترا ئاو، وەقەیدێکی تری لەگەڵ نەبوو، مەبەست ئاوی پەتییەو بەس!.

٢) ئـاوی خۆرانگـاز: ئـەمیش خـۆی لـە خویـدا هـەم پاكـەو هـەم پاكەوەكـەرە، دەسـتنوێژی پێـدەگیرێو، لەشپیسـی پـێ دەردەكـرێو، شـتی پیـسبوو پـاك دەكاتـەوە، بـەڵام بـەكار هێنـانی ناپەسـەندە، گوایـە دەڵـێن: دەبێ بە هۆی بەڵەكی، چونكە بیستراوە (ئـەثـەر)ێ لـە حـەزرەتی عومـەر {خوای لێ ڕازی بێ} دەگێڕنـەوە، فەرموویـەتی: (**لا تغتـسلوا بالمـاء المـشمس فانه يورث البرص**: بە ئاوی خۆرزەدە خۆتان مەشۆرن، چونكە دەبێ بـە ماكی بەڵەكی!) و ئەم قسەی ئیمامی عومەرە، دارە قوطنی {ڕەزای خوای لێبێ} بە رشتەیەكی ساخ، واتە : بەسەندێكی صەحیح، گێڕاویەتەوە، شافیعیش {ڕەزای خـوای لێبـێ} لـەم بارەیـەوە فەرموودەیـەكی بێهێـزی گێڕاوەتـەوە، دارەقوطنی {خوای لێ ڕازی بێ} ئەو فەرموودەیە ئاوا دەگێڕێتەوە: عائیـشە {ڕەزای خوای لێبێ} فـەرمووی: جـارێ لەبـەر خـۆر ئـاوم دانـابوو تـا گـەرم ببـێ، لـەو كاتەدا حـەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} هاتەماڵـەوە، كـە لـە حاڵەكـە حاڵی بـوو فـەرمووی: (**لا تفعلـي يـا حمـيراء فانـه يـورث الـبرص**: عائیـشە! شـتی وامەكە، چونكە ئەوە دەبێ بە ماكی بەڵەكی!). بۆیە شـافیعی دەفـەرموێ: (ئـاوی خۆرەنگـازم بـەلاوە ناپەسـەند نییـە، مەگـەر كاتـێ كـە پزیـشك پەسەندی نەكا) (ئەمە: پوختەی گێڕانـەوەكانی ئـەم فەرموودەیەیـە لـەم شوێنەدا كە بە درێژی لە پەراوێزدا باسی لێ كراوە – وەرگێڕ).

ئەمەیش بەم دوو مەرجە ناپەسەندە:

یەكـەم: گەرمكردنەكـە لـە بـەرخۆر، لـە دفرێكـی وادابـێ كـە ژەنـگ هەڵبهێنێ، وەك مسو ئاسنو قورقوشم، چونكە ئەمانـە كـە خـۆر كاریـان

تێدەکا بۆ درنێ دەردەدەن وەك رۆناو سەر ئاوەکە دەکەوێ، دەڵێن: ئەو بەڵخە بۆ درناوییە دەبێ بەهۆی بەڵەکی.

دووەم: دەبێ خۆرە تاودانەکە لە وڵاتی گەرمیان بی، کە هەتاو زۆر گەرمە.

٣) **ئاوی بەکارهێنراو:** مەبەست ئەو ئاوەیە کە بۆ دەسنوێژ یا بۆ شۆردنی شتیپیس بەکار هێنرابێ، وەڵێ رەنگو تامو بۆی نەگۆڕابێ سەنگیشی پتر نەبووبێ. لەبەر ئەم فەرموودەیەی دواوە ئەم جۆرە ئاوە پاکە، خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (**خَلَقَ اللهُ الماءَ طَهُوراً لا يُنَجّسُه شيءٌ الا ماغيَّر طعمَهُ أو ريحَهُ**) لە گێڕانەوەیەکی ئیبنو ماجەدا: (أو لونه). ئەم فەرموودەیە بێهێزە، واتاکەی لە پێشەوە رابورد، بەڵام حوکمی ئەم مەسئەلەیە بەیەکگرتنو ئیجماعی زاناکان دامەزراوە. وەك گوتمان ئەم جۆرە ئاوە پاکە بەڵام راجیایی (خیلاف) لەوەدا هەیە: کەئایا پاکەوەکەریشە یانا، مەزهەب (واتە: فەتواپێ دراو) ئەوەیە کە پاکەوەکەر نییە، چونکە هاوڕێیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەگەڵ ئەو هەموو بەتەنگەوەبوونەیاندا بۆ کارو باری ئایین، نەدەچوون کۆی بکەنەوەو سەرلەنوێ، دەستنوێژی پێ بگرنەوە، ئەگەر شتی وا رەوا بوایە ئەوان دەیانکرد. گەرچی هەندێ زانایان فەرموویانە: راستیەکەی ئەم جۆرە ئاوە هەم پاکەو هەم پاکەوەکەریشە، مەگەر بەهۆی بەکارهێنانەوە رەنگی یا بۆنی یا تامی بگۆڕێ، بەڵگەشیان ئەمەیە: کە یاران لە ناو خۆیاندا لەسەر قۆزینەوەی ئاوەچۆڕی دەستنوێژی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) خەریك بوون بچن بە گژی یەکتردا، ئەو ئاوە

چۆرەیان دەبرد خۆیان پێمووفەڕك دەكرد. دیارە خۆپێمووفەڕككردن بە شۆردنی ئەندامەكانی دەسنوێژیش دەبێ، هەروەك بەجۆری تریش خۆی پێمووفەڕك دەكرێ، كەواتە ئەم جۆرە ئاوە هەم پاكەو هەم پاكەوەكەریشە، چونكە لە بنەڕەتدا وا بووە، بەلگەی زۆریش هەیە لەسەر ئەوە كە هەموو جۆرە ئاوێ پاكەو شت پاك دەكاتەوە، كاریش بە ئەصڵو بنەڕەتو بەلگە دەكرێ، تا بەرهەڵستێ سەرهەڵدەدا!.

٤) **ئاوی گۆڕاو**: بەهۆی تێكەڵبوونی شتی پاكەوە: ئەگەر گۆڕانەكەی بەهۆی شتێكەوە بێ كە پێویستیی ئاوەكە نەبێ، وە بەهۆی ئەوشتەوە لە ئاوی دەردەچوو، وەپێی نەدەگوترا ئاو، ئەوە خۆی پاكە بەلام شت پاك ناكاتەوە.

بەلام گۆڕانی ئاو بەهۆی زۆر وەستانەوە، یا بەهۆی شتێكەوە كە پێویستیی ئاوەكەبێ، وەك گڵو قەوزەو قسلو زەرنیقو شتی تری وا، كە لە شوێنی راوەستانی ئاوەكەدا بن، یا لە رێڕەوو گوزەرگاكەیدابن، ئەوە گۆڕانی وا زیانی نییە، چونكە لەم دوو حاڵەدا ناوی ئاو هەر ماوە، ئیتر لەبەر ناچاریو بارسووكی بە پاكو پاكەوەكەر دادەنرێ. گۆڕانی لە بەرچاوو گۆڕانی بڕیاردراو (مەعنەوی) هەردوو چونیەكن، كەواتە: ئەگەر گولاوێكی بێبۆن، كە لە ئاوی گوڵ گیرابێ، كە نیشانەكانی تری، جگە لە بۆنەكەی، دەق لە نیشانەكانی ئاو بكات، ئەگەر گولاوێكی ئاوا تێكەڵی ئاوێ بوو، وە بەدیمەن نەیگۆڕی، ئەوا ئێمە وای دادەنێین كە ئەو گولاوەتێكەڵ كراوە ئەگەر بۆنەكەی بمایە دەیگۆڕی یا نا، وە بەپێی ئەوە بڕیار دەدەین. ئەوەندە هەیە ئەگەر ئاوێ بەهۆی خوێ كێویلەوە گۆڕا،

پاکەوەکەر نییە، ئەگەر بەهۆی خوێی تەرەوە بوو زیانی نییە، چونکە گشت خوێیەك، جگە لە خوێ کێویلە، لە بنەڕەتدا ئاوە.

٥) **ئاوێ پیسیی تێکەوتبێ:** ئەمە دەبێ بەم دوو بەشەوە: کەم یا زۆر، مەبەست لە ئاوی کەم ئەوەیە کە لە قوللەتین کەمتربێ، ئەوە بەلێکەوتنی شتی پیسی کارتێکەر پیس دەبێ، بەڵام بە تێکەوتنی پیسییەك کە چاو نەیبینێ‌و بە تێکەوتنی مێش‌و زەردەواڵەو شتی وا کە خوێنی ڕەوانیان نییە پیس نابێ، ئەم بڕیار (حوکم)ەیش لە چەمك‌و مەفهوومی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) وەرگێراوە: (اذا بلغ الماء قلتين لم يحمل الخبث: کاتێ ئاو گەیشتە رادەی قوللەتەین ئیتر پیسی هەڵناگرێ). (ئینو حەببان لە صەحییحی خۆیداگێڕاویەتەوە، هەروا ئەحمەدو دارەقوطنی‌و بەیهەقی‌و حاکمیش گێڕاویانەتەوە). چونکە چەمك‌و مەفهوومەکەی ئەوە دەگەیەنێ: ئاوی کەمتر لە قوللەتێن پیسی هەڵدەگرێ. ئاوی زۆریش، کە ئەوەیە گەیشتبێ بە قوللەتێن، یا لە قوللەتێن پتر بێ، بەلێکەوتن‌و تێکەوتنی شتی پیس، پیس نابێ، مەگەر بیگۆڕێ، لەبەر ئەم فەرمایشتەی (درووودی خوای لەسەربێ) (خلق الله الماء طهورا...) تا کۆتایی فەرموودەکە، کە کەمێ لەمەوپێش رابورد. قوللەتین واتە: دوو جەرەی گەورە، مەبەست جەرەی وڵاتی هەجەرە، لەبەر ئەم فەرمایشتەی (درووودی خوای لەسەربێ): (هەر ئاوێ پڕ دوو جەڕەی گەورەبێ لە جەڕەکانی وڵاتی هەجەر ئیتر بە هیچ شتێ پیس نابێ) شافیعی (خوای لێ ڕازی بێ) وای داناوە: کە دوو جەرە نزیکەی پێنج کوندە ئاو دەگرن، بە ئەندازەو رووبەریش (واتە: بە پێوانەیش) لە شوێنی چوارگۆشەدا، دەبێ کە گەزێك‌و چارەکێ درێژو پان‌و قووڵ بێ،

بە گەزی مرۆی مامناوەندی، لەسەر پەنجەی بەرزەلووتەی دەستیەوە هەتا بنی ئانیشکی (تەماشای کتێبی رەوضە ١٩/١بکە). کۆمەڵێکیش کە یەکێکیان ئیمامی رەویانییە ئەوەیان لەلا پەسەندە: (ئاوی کەمیش وەك ئاوی زۆر وایە: تا نەگۆڕێ پێس نابێ!) ئەم رایە بەپێی بەڵگەو لێوردبوونەوە بەێزە، چونکە مەنطووقی (خلق الله الماء طهورا) ئەوە دەگەیەنێ، وەك زانراویشە دەلالەتی مەنطوق لە دەلالەتی مەفهووم لەپێشترە. گۆڕان بە لێکەوتنی شتی پیس، کەم‌و زۆری چونیەکە، هەروا تامی بگۆڕێ، یا رەنگی، یا بۆنی، یەکسانە، هەروا پیساییەکە تێکەڵی ئاوەکە بێ، یا لە نزیکەوەبێ چونیەکە، یا پێویستی ئاوەکە بێ، یا پێویستی نەبێ فەرقی نیە وەڵێ گۆڕان بەشتی پاك بەپێچەوانەوە بوو، چونکە کارو باری پیسایی زەحمەتە، دەبێ دووربینی‌و (احتیاط) بکرێ، دەی ئەگەر شتێ پیس کەوتە ناو ئاوێ، کە لە نیشانەکانیدا وەك خۆی وابوو، وەك میزێکی بێبۆن‌و رەنگ، ئەوە رێك وەك مەسەلەی گولاوە بێبۆنەکەو ئاوەکە وایە، کە لە پێشەوە رابورد، شتی شل (جگە لە ئاو) زۆربێ یا کەمبێ بە لێکەوتنی پیسی پیس دەبێ، با نەیشگۆڕێ، چونکە ئاگاداریکردنی ئەم وەك ئاو زەحمەت نیە.

٣) حوکمی ئاوی بەرماوە:

بەرماوە ئەو ئاوەیە کە لە دەفرەکەدا دەمێنی، لەدوا ئەوە کە گیانلەبەرێ یا ئادەمیزادێ لێی دەخواتەوە، ئەمە چەند جۆرێکی هەیە، وەك:

١) (بەرماوە) **پاشماوەی مرۆڤ**، ئەمەیان پاکە، لەبەر فەرمایشتی زاتی مەزن، {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ – سورة الإسراء – ٧٠/١٧}. واتە: یەزدانی مەزن ڕێزو قەدرێکی زۆری بە نەوەی ئادەم بەخشیوە) جا بەهۆی ئەم حورمەت لێگرتنەوەیە کە مرۆڤ چ موسڵمان بێ‌و، چ ناموسڵمان بێ، لە حاڵی ژیان‌و مردنیدا بەپاك دادەنرێ. ئەگەر کەسێ ڕەخنە لەم حوکمە بگرێ‌و ئەم ئایەتەی تربکا بەبیانوو کە دەفەرموێ: {إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ – سورة التوبه – ٢٨/٩}. واتە: لە ڕاستیدا هاوبەشەپەیداکەرەکان پیسن. ئەوە ئێمە وەڵامی ڕەخنەکەی ئاوا دەدەینەوە دەڵێین: مەبەست پیسیی بیرو باوەڕە، نەوەك پیسی ئەندام‌و جەستە، چونکە دڵ‌و دەروونیان چەپەڵە، وەڵێ جەستەو ئەندامیان پاکە، چونکە لەسەردەمی خۆشەویستدا {دروودی خوای لەسەربێ} وەفدەکانیان دەچوونە خزمەتی‌و تێکەڵی کۆمەڵی موسوڵمانان دەبوون‌و تەنانەت هامشۆی مزگەوتەکەی پێغەمبەریشیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی نەدەکرد بە شۆردنی شتێ کە لە جەستەی ئەوان بکەوێ.

٢) **پاشماوەی (بەرماوە) گیاندار**، ئەمەیش هەرپاکە، چونکە گشت گیانداری (سەگ‌و بەرزای لێدەرچێ) لە حاڵی ژیانیدا پاکە، ئیتر گۆشتی بخورێ یا نا، بەپێی ئەم فەرموودەیە کە جابیر {ڕەزای خوای لێبێ} دەیگێڕێتەوە: (لە پێغەمبەریان پرسی: ئایا بەو ئاوەی کە لەبەر گوێدرێژ دەمێنێتەوە، دەسنوێژ بگرین؟ فەرمووی: بەڵی هەروا بە بەرماوەی هەموو، ئاژەڵ‌و دڕندەیێ دەسنوێژ گرتن دورستە). (شافیعی‌و دارەقطنی‌و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە). لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە

دەگێڕنـەوە: عومـەر لـە نـاو دەسـتەیێ سـواردا مردەچیێ، عـەمری كـوڕی عاصـیان تیادەبـێ، لـە ڕێ دەگەنــە سـەر حـەوزێ، عـەمر بـە خـاوەنی حەوزەكـە دەفـەرموێ: ئـەی خـاوەنی حـەوز! ئایـا دڕنـدەیش دێنـە سـەر حەوزەكـەت بـۆ ئاوخواردنـەوە؟ عومـەر (ڕەزای خوای لێبێ) گـورج دەفـەرموێ: (باسـی ئـەوەمان بـۆ مەكـە، ئـەوەی ڕاسـت بـێ هـەم ئێمـەو هـەم دڕنـدەو گیانەوەر بە سـەرەو بـەرو دوا لـەم جۆرە ئاوانـە لـە چۆڵ دەخۆینـەوە!). (مالیك گێڕاویەتەوە) لەبە ئەم فەرموودەیەیش: كـە بـشەی كچی كـەعب فەرمووی: ئـەبو قـەتادەی خـەزوورم هاتـەوە، ئـاوی دەسـنوێژم بـۆ داكـرد، پـشیلەیەك هـات لێـی خـواردەوە، ئـەبو قـەتادەیش دەمـی قاپەكـەی بـۆ لاركـردەوە تـا پـشیلەكە تێـر ئـاوی خـواردەوە، كـە دی مـن سـرنجی دەدەم، فەرمووی:برازا! ئەوە بەلاتەوە سەیرە؟ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: (پشیلە پیس نیە، پشیلەیش لەڕیزی كارەكەرو نۆكەرو ئەمانەیە كە بۆ خزمەت بەسەرتانا دەخولێنەوە!). (هـەرپێنجیان گێڕاویانەتەوە. بوخاریو موسلمو ئـەبو داوودو تیرمیـذی نـەسائی) بـەڵام پاشمـاوەی سـەگو بـەراز پیـسە، دەبـێ پارێزیـان لێبكـرێ، بـە پێـی ئـەم فەرمایـشتەی (دروودی خوای لەسەربێ): (كـە سـەگ دەمـی نایـە نـاو حەجـەتتان، حەوت جار بە ئاو گلاوی دەركەنو پاك بیشۆن، یەكەم جاریان بـە خـۆڵاو بـێ) (ئەحمـەدو موسـلیم گێڕاویانەتـەوە) فەرموودەكـە هەرباسـی-گـلاوی سەگ دەكا، گلاوی بەراز بە قیاس لەسەر ئەو، چونكە بـەراز لـە شـەرعدا حاڵی لە حاڵی سەگ خراپترە، ماوەردی ئـەم ئایەتـەیش دەكـات بـە بەڵگـە لەسەر گلاویو پیسی بەراز: {أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ – سـورة الأنعـام – ١٤٥/٦} . واتـە: یا گۆشتی بـەراز بـێ، بەڕاستی گۆشـتی بـەراز چەپەڵە) دیارە كەپیسیو چەپەڵی، یەك شتن.

٤) پێستی مردار:

پێستو کەوڵی مردارەوەبوو بە دەباخ پاك دەبێتەوە، گیاندارەکە گۆشتی بخورێ یانا، کەوڵەکەی بە خۆشەکردن خاوێن دەبێتەوە. حەدیثەکەی مەیموونە بەڵگەی ئەمەیە، کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کەلاکی مەڕەکەی دی فڕە درابوو، فەرمووی: (ئەی ئەوە بۆچی کەڵکتان لە کەوڵەکەی وەرنەگرتووە؟) گوتیان: ئاخر مردارەوە بووە، فەرمووی: (با مردارەوە بوویش بێ، کەوڵەکەی بە ئاوو بە گەڵای دڵق (قەرەظ) پاك دەبێتەوە) (ئەبو داوودو نەسائی گێڕاویانەتەوە، رشتەی نەسائی جوانە) لە ئیبنو عەبباسەوە {رەزای خوای لێبێ} پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (هەموو کەوڵو پێستەیێ بە خۆشەکردن پاك دبێتەوە) (شەیخان گێڕاویانەتەوە).

پێستە خۆشەکردن بەم جۆرە شتانە دەبێ: بەزاخو بە گڵا (قەرەظ)و بە توێکڵە هەنارو بە مازوو بەخوێو بەشتی تری لەم بابەتە، پێستەی مردار بەم جۆرە دەرمانە دەرو ناوەوەی پاك دەبێتەوە، بەڵام دەبێ خۆشەکردنەکە بە دەرمانێکی وا بێ هەموو گۆشتە زیادەی ئەو پێستەیە بڕزێنێو هەڵی بکەنێو لای بباتو وەهای خۆشە بکا ئەگەر لە ئاوا بخووسێ تێك نەچێو بۆگەن نەکاتەوە، لە پاش خۆشەکردنەکە پێویستە کەوڵەکە پاك بشۆردرێ، ئەگەر بەشتی پیس خۆشە کرابوو، بەڵام قسەی ساختر ئەوەیە: هەر دەبێ بشۆردرێ بابە دەرمانی پاکیش خۆشە کرابێ، وەك جەوتو تاڵ هەنارو مازوو و خوێ.

ئەوەنــدە هەیــە کــە پێـستی سـەگو بـەرازو بەچـکەیانو بەچـکەی دوورەگیـان لـە دەبـاخ نایـێ، چـونکە ئـەم دووە لـە کـاتی ژیانـدا پیـسن، خۆشـەکرن پێـستێ پـاك دەکاتـەوە کـە بـەهۆی مردنـەوە چـەپەڵ بووبـێ، شتێ کە لە ژیانـدا پـاکی هـەڵ نـەگرێ دیـارە لـە پـاش مـردن زیـاتر پـاکی هەڵناگرێ.

٥) ئێسكو مووی مردار:

مــردار: گیانداریێکــە لــە ژینــدا نــەمابیو بــەپێی شــەرعی خــوا سـەرنەبڕابێ، کەواتـە: گیانـداری گۆشـتی نـەخوری باسـەریش بـبڕێ هـەر مـرداره، هـەروا گیانــداری کــە چـەقۆی لــە ســەربێو ســەبڕابێ، بــەلام سـەربڕینەکەی لەسـەر دەسـتوورو یاسای شـەریعەت نـەبێ هـەر مـردارە. مـردار هـەموو بەشـەکانی لەشـی پیـسە، وەك گۆشـتو پێـستو خـوریو مـووی بـەپێی ئایـەتی: {حُرِّمَـتْ عَلَـيْكُمُ الْمَيْتَـةُ - سـورة المائـدة - ٣/٥} . واتە: ئەی موسڵمانینە! مردارەوەبوو لەسەر ئێـوە حـەرام کـراوە) چونکە حەرامکردنی شتێ کە لـەزاتی خۆیـدا حـەرام نـەبێو خواردنیـشی زیانی نەبێ نیشانەی ئەوەیـە کـە پیـسە، بۆیـە دەڵێن: خـواردنی گۆشـتی مردار زیانی نیە، چونکە ئەگەر زیانی ببوایە بۆ ناچار ڕەوا نـەدەبوو. وە بەپێی ئایـەتی: {إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَـةً أَوْ دَمًـا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْـمَ خِنـزِيـرٍ فَإِنَّــهُ رِجْــسٌ - ســورة الأنعــام - ١٤٥/٦} . واتــە: مەگــەر ئــەو قەدەغـەکراوە مـردارەوە بووبـێ، یـاخوێنی ڕژاوبـێ، یـا گۆشـتی بـەرازبێ، چـونکە بەراسـتی ئـەوە چـەپەڵە. چـەپەڵو پیـسیش یـەکن، ڕانـاو لـە

(فانــه)دا دەگەڕێتــەوە بــۆ کۆمەڵــەی ناوبراوەکــان، کــە یــەکێکیان مردارەوەبـووە، وەکـی تـریش ئێـسكو مـوو خـوریو کوڵـكو پـەڕ بـەبێ گومـان دادەنـرێن بـە پارچـەی مردارەوەبـوو، لەبـەر ئـەوە هـەموویان حەرامن. هەیشە دەفـەرموێ: مـوو بـە مردنـی پیس نابێ چونکە ژیانی تیادا نیە، بە نیشانەی ئەوە کاتێ دەیتاشن گیاندار هەست بە هیچ ناکاو ئێشی پێ ناگا، هەروا ئەم فەرموودەیەیش دەکا بە بەڵگە: •پێستی مـردار ئەگەر خۆشەکرا دەستی لێ بدەی قـەی ناکـا، هـەروا دەسـتدان لـە خـوریو مووەکەی لە پاش مردنی قەیدی نیە) (دارە قوطنی گێڕاویەتەوە).

هەر پارچـەیێ لـە زینـدوو جیابێتـەوە رێـك وەك مردووەکـەی وایـە، ئەگەر مردووی ئەو گیاندارە پاکبێ ئەو پارچـەیەش پاکـە، وەك پارچـەی مرۆڤو ماسیو کوللە، ئەگەر مردووەکەی پیس بێ ئەو پارچەیـشە پیـسە، وەك پارچە دووگـێ لـە مـەڕێکی زینـدوو جیابووبێتـەوە، یـا وەك ئـارەقو مووی ئەو گیاندارانە کـە گۆشـتیان نـاخورێ، بـەڵام هەرشـتێ کـە گۆشـتی بخورێ موو خوریو کوڵكو پەڕەکەی پاکـە، بـەپێی یـەکگرتنو ئیجمـاعی زانایـانی ئـایین، یــەزدان دەفــەرموێ: {وَمِــنْ أَصْــوَافِهَا وَأَوْبَارِهَــا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًـا وَمَتَاعًـا إِلَـى حِينٍ - سـورة النحـل - ١٦/٨٠}.

واتە: هەروا خودا بـە سروشـت خـستوویەتە نـاو دڵتانـەوە کـە بـۆ سـوودو خۆش گوزەرانی خۆتان، لە خوری مەڕو لە کورکی وشترو لـە مـووی بـزن، رایەخو پێخەفو شمەکی ناو ماڵو بەرگو پۆشـاك دروسـت بکـەن، کـە تـا کـاتی دیـاری کـراوی خۆیـان دەبـن بـە مایـەی رابـواردنی ژیـانی جیهـان بۆتان). مەبەست لەم قسەیە ئـەو تـووكو مووەیـە کـە لـەپاش سـەربڕین کۆی دەکەنەوە، یا لەکاتی ژیانی ئاژەڵدا وەری دەگرن، وەك واتـە: بـاوە کـە

بەزیندوویی هەموو جارێ لەکاتی خۆیدا خوری‌و مووی ئاژەڵ دەبڕنەوە. وەڵێ ئەگەر لەشتێ لە مانە بە گومان بووین، کە پارچەی ئاژەڵی پاکە یا هی پیسە؟ ئەوە بڕیار دەدەین کە پاکە، چونکە شت لە بەنەڕەتدا پاکە، گومان کردن لە پیسی، شتێکی تازەیەو پەیدابووە، بەپێی بناغە (ئەصڵ) بێ پیسی نەبووە، پاکی هەبووە!.

بەڵام بەهەر حاڵ مووی ئادەمی‌و پارچەی ئادەمی لە حاڵی ژیان‌و مردنیدا پاکە، چونکە خوا دەفەرموێ: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ}.

٦) بەکارهێنان‌و ڕاگرتنی قاپ‌و قاچاخ:

بەکارهێنانی دەفری زێڕو زیو، لە خواردن‌و خواردنەوەدا، بۆ پیاوو ژن یاساخە، لەبەر ئەم فەرمایشتەی {درودی خوای لەسەربێ}: (هەر کەسێ لە حاجەتی زێڕو زیودا شت بخوا پاشت بخواتەوە، ئەوە خۆش خۆش هڵپ‌و هوڕ ئاگری دۆزەخ هەڵ دەڕێژێتە ناو ورگی خۆیەوە!) خودا لە شتی واو لە هەر شتێ کە دەبی بەهۆی شتی وا پەنامان بدا.

هەموو بەکارهێنانێکی تریشیان نادروستەو یاساخە، وەك ئیمامی نەوەوی {رەحمەتی خوای لێبێ} لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: (هاوڕێیانی ئێمە، لە زانایانی ڕێبازی ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموون: یەکگرتن‌و ئیجماع هەیە لەسەر قەدەغەکردنی خواردن‌و خواردنەوەو گشت بەکارهێنانێکی تری حاجەتی زێڕو زیو.. تا ئەوێ کە دەفەرموێ:- بۆ ئەمەیش پیاوو ژن چون یەکن، بەبێ ڕاجیاویی‌و خیلاف، بەڵام تەنیا بۆژن دروستە کە، هی زێڕ یا هی زیو لە خۆی بدا، بە

مەبەستی خۆرازا ندنەوە بۆ مێردەکەی، یا بۆ ئاغاکەی، ئەگەر کەنیزەك و گورجی بوو). قسەی ئەوەوی لەگەل کەمێ گۆڕانیدا لێرەدا تەواو.

هەروا دروست نیە کە بەم حاجەتانە دووکان و هۆدەو ناومال و دیوەخان و شتی تری وا برازێنرێتەوە. بگرە فەرمایشتی ساخ ئەوەیە کە راگرتنی ئەم دوو جۆرە حاجەتە بەبێ بەکارهێنانیش نادروستە، چونکە شتێ کە بەکارهێنانی دروست نەبێ راگرتنیشی نادروستە، وەك ئامێری گالتەو گەپ و کەرەستەی یاری و گەمەی ناڕەوا، سەرەڕای ئەمەیشە هەرشتێ لە بناخەدا حەرامبێ تەماشاکردنیشی حەرامە. بۆیە دروست نیە بۆ وەستاکە ئەم جۆرە حاجەتانە دروست بکا، وە لەسەر دروستکردنەکەی کرێی ناکەوێ، چونکە کردنی شتی وا تاوانە. هەرکەسێکیش ئەم جۆرە حاجەتە بشکێنی تۆڵەی شکستەکەو فەرقی نرخی ساخ لە چاوشکاودای لەسەر نیە، کە پێی دەگوترێ (ئەرش: بژاردنی شکستیی: زەدە بژێویی) بۆ کەسیش دروست نیە کە داوای بژاردنی ئەوەی لێبکا، یا بچێ لای ستەمکارێ داوای لەسەر تۆمار بکا. حاجەتی تریش ئەگەر بە نیازی جوانی بەزیو پینە کرابوو، بەکارهێنانی و راگرتنی ناڕەوایە، خوا پینەکە بچووکبێ یا گەورەبێ، بەلام ئەگەر پینەکە بچووکبوو وە بەقەد پێویستبوو ئەوە لەبەر بچووکی نادروست نیەو لەبەر ناچاری ناپەسەندیش نیە، لەم بارەیەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە کە بوخاری لە عاصیمی ئەحوەلەوە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: (جامە ئاوە پێخۆرەکەی پێغەمبەرم دی، لەلای ئەنەسی کوڕی مالیك بوو (رەزای خوای لێبێ) قلیشێکی تێبوو بوو، ئەنەس تالێ

سیمی زیوی تێگرتبوو، ئەنەس {ڕەزای خوای لێبێت} دەیفەرموو: بارەها جار بە دەستی خۆم لەم جامەدا خواردنەوەم دەرخواردی پێغەمبەر داوە) وەلێ بە هیچ ڕەنگێ بەکارهێنانی حاجەتی بە زێڕ پینەکراو دروست نیە!

٧) سیواك:

موسڵمان سوننەتە بە پەلکەدار سیواکێ، یا بەهەر شتێکی زبری پاکی تر، جگە لە پەنجەی خۆی، سیواك بکا، دەمو ددانی بە فورچە بشۆرێ، بیهێنێ بە باری پانی ددانەکانیدا، لە دەرو ناوەوە، وە بەباری درێژی زمانیدا، بۆ لابردنی بەڵخو گۆڕانی تامی دەم، سیواك گشت کاتێ سوننەتە، مەگەر بۆ ڕۆژووەوان، بۆ ئەو لەپاش نیوەڕۆ باش نیەو ناباشە، سەروەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (سیواكو فرچەکردنی دەمو ددان هەم هۆی پاکی دەمو ددانەو هەم هۆی ڕەزامەندیی پەروەردگارە) (ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حەببانو بەیهەقیو نەسائی بە ڕشتەیەکی ساخ – ئیسنادێکی صەحیح – گێڕاویانەتەوە) سیواكو دەم فرچەکردن لەم کاتانەدا گەلێ پەسەندە:

١) **لەکاتی گۆڕانی تامو بۆنی دەمدا**، وەك بەهۆی بۆنی ناخۆشی سیرو پیازو شتی واوە پەیدا بووبێ.

٢) **لەکاتی هەڵسان لە خەوا**، لە صەحیحی بوخاریو صەحیحی موسلیمدا، کە ناودارن بە صەحیحەین، دەفەرموێ: (یاسای پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} وابوو کە بەشەو هەڵدەسا لەخەو بۆ شەونوێژ سیواکی لە دەمی ڕادەدا) لە گێڕانەوەیەکا: (حەزرەت کاتێ لەخەو هەڵدەستا سیواکی دەکرد).

٣) **لەکاتی هەڵسان بۆ نوێـژ دابەسـتن.** چونکە دەفـەرموێ {درووده خوای لەسەربێ}: (نەبادا ئازارو زەحمەتی ئۆمـەتم بـدەم، دەنـا فـەرمانم پێـدەکردن کە بۆ هەموو نوێـژێ سیواك بکـەن!) (شـێخی بوخـاریو شـێخی موسـلیم گێڕاویانەتەوە) عائیشەیش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: حـەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (دوو ڕکات نوێژ لەگەڵ سیواك کردندا لە حەفتا ڕکات گەورەترن کـە بـەبێ سـیواککردن بکـرێن؟) (ئـەبو نـەعیم گێڕاویەتیـەوە، پیـاوانی ڕشـتەکەی جێگـەی متمانــەن، دارە قـوطنــیش گێراویەتیــەوە، دەیلەمیش لە موسنەدی فیردەوسدا).

٤) **لەکاتی گرتنی دەسنوێژدا**، لەبـەر فەرموودەکـەی حـەزرەت {درووده خوای لەسەربێ}: کە دەفەرموێ: (نەبادا ئۆمـەتم تووشـی سـەخڵەتیو زەحمـەت بکەم، ئەگینا بۆ گرتنی هەموو دەسنوێژێ فـەرمانم پێـدەکردن بـە سـیواك کردن) (نەسائیو ئیبنو مەجە گێراویانەتەوە).

٥) **لــەکاتی دەسـپێکدرنی خوێنــدنی قورئانــدا**. چـونکە لـە شـوێنی سیواك بۆ نوێژ خوێندن سونەت بێ کە برێتییە لـە خوێـندنی هەنـدێ قورئـانو خوێنـدنی ذیکـری تـر، دیـارە کـە بـۆ قورئانخوێنـدنی پـەتی سونەت تربێ، گەرچی سیواککردن بە هەموو شتێکی زبری لابـەری پـاك دەبێ، بەڵام بـە داری سـیواك خێرتـرە، سـیواك سوودی زۆرە: پـوك تونـد دەکاتـەوەو ددان سـاخلەم دەکـاو دەسـگای هـەرسو هـەزم بـەهێز دەکـاو، گمیزکردن خیرا دەکاو، دەمو ددان پاكو خاوێن دەکاتەوە، دەبێ بەمایـەی ڕەزای خـوداو، پیریـی وا دەخـاو چـارەی مـرۆڤ گـەشو نـوورانی دەکـاو، گەشەو پەرە بەهۆشیاری دەداو، پاداشتی باش دوو چەندان دەکاو، لەکاتی

گیانەلاّنـدا گیانکێـشان ئاسـان ەکـاو، لـەکاتی سـەرەمەرگا شـایەتمان یـادی موسلّمان دەخاتەوە!).

سـوننەتە دامـەزراوەکانی سـیواك: ئەمانـەن، شـۆردنی سـیواكو فرچەکەیە لـە پـێش‌و پاشی سیواککردنەکەدا، بەدەسـتی راسـتی بیگـرێ، بـەلای راسـتی دەمـی دەسـت پێبکـا، سـیواکەکە بهێنـێ بـە ئاسمانـەی مەلاشویداو بەسەر تەوقە کاکیلەکانیدا، وەدرێژییەکەی یەك بستبێ، هەر کەسێ ددانی نەمابێ بۆی هەیە بە پەنجەی خۆی سیواك بکا، بە پێی فەرموودەکەی عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: (گوتم: ئەی پێغەمبـەری خـودا! مرۆڤـی وا هەیـە ددانـی نـەماوە، ئایـا سـوننەتە سـیواك بکـا؟ فەرمووی: بەلّێ، عەرزیمکرد چۆن چۆنی بیکا؟ فەرمووی: پەنجـەی خـۆی بهێنی بە ناوی دەمیدا) (تەبەرانی گێراویەتەوە).

٨) دەسنوێژ:

دەسـنوێژ مەرجگـەل‌و فەرزگـەل‌و سـوننەتگەل‌و بەتاڵکـەرەوە گـەلێ هـەی. مەرجـەکانی ئەمانـەن‌و بـەبێ ئەمانـە دانامـەزرێ: ئیـسلامەتی‌و فـامین (تـەمیز)و پـاکێتیی ئاوەکـەو، نـەبوونی نێـوانی لەبەرچـاو، وەك پـەردە چـڵکێکی وا کـە نـەهێڵێ ئاوەکـە بگاتـە سـەر پێـست، هـەروەها نـەبوونی بەرهەڵـستی شـەرعی، وەك بێنوێـژی‌و زەیـستانی، هـەروەها داهاتنی کات بۆ کەسی ناچار، وەك ژنـی هەمیـشە بێنوێژو کەسێ میـزو شـتی وا رانـەگرێ، چـونکە خۆپاککردنـەوەی ئـەم جـۆرە کەسـانە پێـی دەگوترێ: خۆپاککردنەوەی ناچاری، دیارە ناچاریش تـا کاتەکـەی نەیـەت پەیدا نابێ.

فەرزو پێویستییەکانیشی ئەم شەش شتەن: یەکەمیان نیەتهێنانە، بەپێی ئەم فەرمایشتەی سەرەوەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: (هەموو کردەوەیێ بە پێی نیازو نیەتەکەیەتیو هیچ کارێ بەبێ نیازو خواستی دڵ دانامەزرێ) (هەردوو شێخ – واتە: بوخاریو موسلیم – گێڕاویانەتەوە). کاتی نیەتهێنان لەگەڵ دەسپێکردنی شۆرینی یەکەم بەشی روخساردایە، نێتو نیاز ئەوەیە لە دڵیدا نیازی دەسنوێژگرتن بێنێ، بۆ نموونە بە دەمو دڵ بڵێ، یا هەر لە دڵدا بڵێ: نیازم هەیە بێدەسنوێژیی لەسەر خۆم لادەبەم، یا نیەتم هەیە نوێژ لە خۆم حەلاڵ دەکەم، یا نیەتمە فەرزی دەسنوێژ بەجێ دەهێنم!.

دووهەمیان: شۆرینی روخسارە، وەك زاتی مەزن دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ – سورة المائدة – ٦/٥} . واتە: ئەی موسڵمانینە! کاتێ ویستتان راست ببنەوە بۆ بەجێ هێنانی نوێژەکانتان روخسارتان بشۆرن، ئەوجا هەردوو دەستتان لەگەڵ هەر دوو ئانیشکتاندا بشۆرن، وە بەئاوێکی تازە دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتانداو سەتان تەڕکەن، ئەوجا پێکانتان هەتا دەگاتە هەردوو قولاپەکانتان بشۆرن). رووبەری روخسار بە باری درێژیدا، لە جێگەی سەوزبوونی مووی سەرەوە دەست پێدەکا هەتا ئاخری چەناگە، لە باری پانیش ناوەندی هەردوو گوێچکەیە. پێویستە لە کاتێ شۆرینی روخساریدا شۆرینی هەموو بەشەکانی بڕوو برژانگو گێسوو ومێڵو هەموو موویەکی تر، بەڵام مووی روو (عارض)و مووی ریش ئەگەر تەنك بوون پێویستە دەرەوەو ناوەویان لەگەڵ پێستەکەدا

بشۆردرێ، ئەگەر پڕ بوون هەر رووی دەرەوەیان پێویستە بشۆردرێ. مووی تەنك ئەوەیە پێستەکە لە ژێریەوە دیاربێ.

سێهەمیان: شۆرینی هەردوو دەستە هەتا سەر هەردوو سەر ئانیشك، بەپێی ئایەتەکەی پێشوو، بەڵگەیەکی تریش هەیە: جابیر {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: بە چاوی خۆم پێغەمبەرم دی ئاوی دەسنوێژەکەی دەکرد بەسەر سەر ئانیشکەکانیدا، ئەوجا فەرمووی: (ئەو دەسنوێژەی کە مەرجی دروستبوونی نوێژە لەلای خوا ئەمەیە) (دارە قوطنی و بەیهەقی). ئانیشك ئەو سەرجمگەیەیە کە دەکەوێتە نێوانی قۆڵ و باسکەوە، پێویستە ئاوەکە بگا بە هەموو مووەکەو بە هەموو پێستەکە، تەنانەت ئەگەر لە ژێر نینۆکا چڵك کۆبووبۆوە، نەیدەهێشت ئاوەکە ژێرەکەی تەڕبکا ئەوە نە دەسنوێژیکەی دادەمەزرێ و نە نوێژەکەی دروستە.

چوارەمیان: تەڕکردنی سەر، بە کەم و زۆر دێتەجێ، بەپێی فەرموودەکەی موغیرە {ڕەزای خوای لێبێ}: جارێ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەسنوێژی گرت دەستی تەڕی هێنا بەسەر مووی پێشەسەریداو بەسەر مێزەرەکەیداو بەسەر هەردوو خوففەکەیدا). (موسلیم) چونکە ئەگەر تەڕکردنی هەموو سەر مەرج بوایە، سەروەر {درودی خوای لەسەربێ} بە تەڕکردنی مووی پێشەسەری قنیاتی نەدەکرد، وەکی تریش ئەگەر کەسێ بۆ دڵدانەوە دەستی هێنا بەسەر تەوقەسەری هەتیودا بەوەیش دەگوترێ کە دەستی هێناوە بەسەریدا.

پێنجەمیان: شۆرینی هەر دوو پێیە، لەگەڵ هەردوو قاپە رەقەڵەکاندا، بەپێی ئایەتی: (وأرجكم الى الكعبين) قاپ یا قاپە رەقەڵە، یا قولەپێ، ئێسقانێکی رەقەڵەی بەرزە بەم دیوو بەو دیوی قاچەوە، لە نێوانی لاقو پێدایە، هەر قاچەی دوو قولەپێی هەیە، لە فەرموودەی ساخدا دەفەرموێ: (ئینجا قاچی راستی هەتا هەردوو قاپەرەقەڵەی شۆرد، ئەوجا بەو چەشنە پێی چەپیشی شۆرد) نوعمانی کوڕی بەشیریش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: (ریزەکانتان راست بکەنەوە) ئیتر ئێمەیش شانمان دەنووسان بە شانی یەکترییەوەو قولەپێشمان دەلکان بە قولەپێی یەکترییەوە) (بوخاری).

دەی ئەم فەرموودەیەی نوعمان بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هەموو پێیەك دوو قاپە رەقەڵەی هەیە.

شەشەمیان: ریزلێگرتنە (تەرتیب) واتە: بەجێهێنانی شۆردنی ئەندامەکان لەسەر ئەم ریزەی باسکرا: روخسار، دەست، سەر، قاچ. پێویستبوونی رێزلێگرتن یا لە ئایەتەکەوە وەردەگیرێ، لەسەر رای ئەو زانایانەی کە دەفەرموون: واوی عەطف بۆ رێزلێگرتنە، یا لە کردارو گفتاری حەزرەت خۆی {دروودی خوای لەسەربێ} چونکە شتی وا لە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەگێڕدراوەتەوە کە ئەم ریزەی پێشو پاش کردبێ، بەڵکوو جارێ حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لەسەر ئەم شێوەیە ریزی لە شۆردنی ئەندامەکانی دەسنوێژ گرتو فەرمووی: (ئەو دەسنوێژەی کە مەرجی دروستبوونی نوێژە لای خوا ئەمەیە) (بوخاری). لە

فەرموودەیەکی تریشدا دەفەرمویٚ {دروودی خوای لەسەربێ}: (ئەوە پێش بخەن کە خوا پێشی خستووە) (نەسائی بە رشتەیەکی ساخ گێڕاویەتەوە) دیسان لەبەر ئەوەیش کە خودای گەورە - سەر کە ئەندامێکە لە دەسنوێژدا تەڕ دەکریٚ نەك دەشۆردریٚ – داینـاوە لـە نێوانی ئـەو ئەندامانـەی کـە دەشۆرێن، وە بـەم کـارە ریـزی ئەندامـە هاوچەشـنەکانی پـچڕاندووە، عـەرەبیش کـە قورئانەکـە بـە زمـانی ئەوانـە، ئیـشی وا ناکـەن ئەگـەر قازانجێکی نەبێ،

ئـەو قازانجـەش لێـرەدا پێویـستبوونی ریزلێگرتنـە، هـەروا لەبـەر ئەوەیش کـە مەبەسـت لـەم ئایەتـە روونکردنـەوەی چۆنێتی دەسـنوێژی پێویستە.

٩) سوننەتەکانی دسنوێژ:

١) سوننەتە بۆ دەسنوێژ گر لە سەرەتاوە ناوی خودا بهێنیٚ، بەیهەقی بەرشتەیەکی چاك (اسناد جید) گێڕاویەتەوە: کە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەستی نایە ناو حاجەتەکەوە (ئەوجا پەیتا پەیتا ئاو لە نێوانی پەنجەکانیاوە هەڵدەقولاّ) ئینجا بە هاوڕێیانی خۆی فەرموو: (بە پیرۆزیی ناوی خودا دەست بکەن بە دەسنوێژ گرتن لێی) لە فەرموودەی ساخدا دەفەرمویٚ: (هەر کارێکی بایەخدار بیسمیلای لێنەکریٚ گولەکەو بێفەڕە!) واتە: ناتەواوو بێپیتە.

٢) سوننەتە بەروپشتی هەردوو دەستی، بەر لە کردنیان بەناو ئاوەکەدا بشۆریٚ، چونکە چۆنێتیی دەسنوێژی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}

ئاوا باس کراوە، لەبەر ئەم فەرموودەی ئەوسی کوڕی ئەوسیش کە دەفەرموێ: (سەرنجم داوە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەسنوێژی دەگرت لە پێشدا سێجار هەر دوو دەستی خۆی تامووچەکانی دەشۆرد) (ئەحمەد) لە صەحیحەینیشدا هەب: (حومرانی نۆکەری عوسمان فەرمووی: عوسمان داوای ئاوی کردو لەسەر ئەم شێوەیە دەسنوێژی گرت: لە پێشا سێ جار هەردوو لەپی شۆرد) وێنەی ئەم شێوەیە لە کۆمەڵێ لەیارانەوە چەسپاوە.

٣) **ئاو لەدەم رادان.**

٤) **ئاو لە لووت رادانو هەنگکردن،** چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} وای دەکرد، دەیش فەرموێ: (ئەم دەشتە لە سوننەتن) (موسلیم) جا لەناو ریزی ئەو دەیەدا ئەم دووەی ژمارد: ئاو لە دەم رادانو ئاو لە لووت رادان. مەرجە بۆ هاتنەدی ئەم دوو سوننەتە ئاو لەدەم رادان پێش بخرێ، هەروەك سوونەتە زیادەڕەوی کرن لەم دوو سوننەتەدا، مەگەر بۆ کەسێ کە بەرۆژووبێ، بۆ ئەو ناپەسەندە.

٥) **دەستهێنان بە هەموو سەردا،** چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وایکردووە، لەبەر ئەوەیش هەتا لە مەترسی راجیایی (خروج لە خیلاف) دەرباز ببین، چونکە هەندێ زانا دەڵێن: دەستهێنان بەسەر هەموو سەردا فەرزە، ئەمەیش مەترسی ئەوەی هەیە ئەگەر ئەم رایە راست بێ دەسنوێژی سەرپێچیکەر (مخالف) بەتاڵ بێ.

٦) **دەستی تەڕ هێنان بە هەردوو گوێچکەدا،** بە ئاوێکی تازە، لەپاش مەسحی سەری، بە دیوی دەرەوەو ناوەوەیاندا، عەبدوڵڵای کوڕی

زەید دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی دەسنوێژی دەگرت، بە ئاوێکی تازە لە پاش تەڕکردنی سەری، دەستی تەڕی هێنا بە هەردوو گوێی خۆیدا) (حاکم، بەیهەقی) بەیهەقی بە ڕەشتەیەکی ساخ گێڕاویەتەوە، چۆنێتیی ئەم تەڕکردنە ئاوایە: هەردوو پەنجەی شایەتمانی بخاتە هەردوو کونە گوێی‌و بەناو چرچ‌و لۆچەکاندا سووڕیان پێ بدا، هەردوو پەنجە کەڵەیشی لە هەمانکاتدا بەسەر دەرەوەی گوێکانیدا بهێنێ.

٧) **ئاژنینەوەی ریشی پڕ**، سوننەتە پەنجە بخاتە نێوانی مووی ریشەوە، ریشی پڕ ئەوەیە لە ژێریەوە پێستەکە دیار نەبێ، ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەستووری وابوو کاتێ دەسنوێژی دەگرت بە پەنجەکانی دەستی دەخستە ریشی) (ئیبنو ماجە) هەروا دەفەرموێ: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە دەسنوێژدا دەستی دەخستە ریشی، بوخاری دەفەرموێ: ئەمە ساخترین بەڵگەی ئەم مەسەلەیە. فەرموودەیەکی تری ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کاتێ دەسنوێژی دەگرت لەژێر ریشیەوە بە پەنجەکانی دەستی دەخستە مووی ریشی) (ئیبنو ماجە).

٨) **ئاژنینەوەی نێوانی پەنجاکانی هەردوو دەست‌و هەردوو پێ**، بەپێی ئەم فەرموودەیەی ئیبنو عەبباس: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: (کە دەسنوێژ دەگری دەست بخەرە ناو پەنجەی دەست‌و پێت) (ئیبنو ماجە، تیرمیذی) دەس خستنە ناو چەنجەی پێ ئاوا باشە: بەپەنجە تووتەی دەستی چەپی لە ژێرپێیەوە، لە پەنجە تووتەی قاچی راستییەوە دەست پێبکاو بەریز پیایاندا بڕوا هەتا لە پەنجە تووتەی

قاچی چییەوە دەردەچێ، ئاژنینـەوەی پەنجـەکانی دەستیش بـەوە دەبێ کە بەناویەکا تێکیان پەڕێنێو بییانجوڵێنێ.

٩) **پێخـشتنی لای راسـت لـە سـەر لای چـەپ**، لـە هـەموو شـۆردنو کـردەوەی دەسـنوێژدا لای راسـت بخاتـە پێـشی لای چـەپەوە، بـەپێی فەرمایـشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ} (کاتێ دەسـنوێژ دەگـرن بـە ئەندامـە راستەکانتان دەست پێ بکەن) (ئەبو داوود، ئیبنو ماجە، ئیبنو خوزەیمە، ئیبنـو حـەببان) ئیبنـو خوزەیمـەو ئیبنـو حـەبان بـە فەرموودەیـەکی ساخیان داناوە. عائیشەیش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە کردنی ئەم شتانەدا حەزی لەوە بوو کە لای راستی پێش بخات: لە پێڵاو لەپێکردنو لە قژ شانەکردنو لـە دەسـنوێژ گرتنـداو لـە هـەموو کـارێکی گرنگیـدا) (پەسـەندی هـەردوو لایـە - بوخـاریو موسـلیم گێڕاویانەتەوە).

١٠) **سوننەتە سێ جـار کرنـەوەی شۆردنو تـەڕکردنی ئەندامـەکانی دەسنوێژ**، بەپێی فەرموودەکەی عوسمان {ڕەزای خوای لێبێ}: پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەسنوێژی گرتو هەموو ئەندامەکانی دەسنوێژی سێ جار سێ جـار شـۆرد) (موسـلم) لـە گێڕانەوەیـەکی ئـەبو داوود لـە عوسمانـەوە: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سێ جار دەستی تەڕی هێنا بەسەر سەریدا، لـە گێڕانەوەیەکی ئیبنو ماجەدا: دەڵێ: عەلی {ڕەزای خوای لێبێ} دەسـنوێژی گـرت، سـێ جـار سـێ جـار، ئەندامـەکانی دەسـنوێژی شـۆرد، وە فـەرمووی: دەسنوێژی پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} ئاوابوو.

١١) **سوننەتە شۆردنەکە بەرو دوابێ**، پـێش ئـەوەی ئـەنـدامی پێـشوو وشك ببێتەوە دەست بکا بەئەندامی دوا ئەو، چونکە پێغەمبـەر {دروودی خوای

لەسەربێ) وایکردووە، هەتا لە مەترسی راجیاییش دەربازبین. سوننەتە لەپاش لێبوونەوە دەستەکانی رانەوەشێنێ، بە پێی فەرمایشتەکەی (دروودی خوای لەسەربێ): (کاتێ لە دەسنوێژبوونەوە دەستتان رامەوەشێنن، چونکە شتی وا دەبێ بە باوەشێنی شەیتان) (ئیبنو ئەبی حاتەمو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە) لەبەر ئەوەیش کاری وا بۆنی بێزابوونی لە خواپەرستی لێ دێ، سوننەتە لە پاش بیسمیلاکردن ئەمەیش پتربکا: (اللهم اغفر لی ذنبی ووسع لی في داری وبارك لی في رزقی: خودایە! لە گوناهم خۆشبەو گوشادی بخەرە ماڵمو پیتو فەڕ بخەرە رۆزیم) (تیرمیذی لە ئەبو هورەیرەوە). سوننەتە کە ئەنگوستیلەیش لە شوێنی خۆی بلەقێنێ، ئەگەر ژێرەکەی تەڕ دەبوو، دەنا دەبێ دایکەنێو لەقاندن بەسنیە سوننەتە بە شۆردنی لای سەرووی دەست پێبکا، و لە پێشە سەریەوە دەست بکا بە تەڕکردنی سەری، وە بەنووکی پەنجەی دەستو پێی، دەست پێ بکات، ئەگەر خۆی ئاوی دادەکرد بۆ خۆی، بەلام ئەگەر کەسێکی تر ئاوی ەکرد بە دەستیدا لە ئانیشکەکانیەوە دەست پێبکا، وە ئاوی دەسنوێژەکەی لەو (مودد)ێ کەمتر نەبێ، وە لە ئاو بەکارهێناندا دەسبلاوی نەکا، وە لە سێ جا رتێ نەپەڕێ، وە لەکاتی دەسنوێژگرتندا قسە نەکا، وە ئاوەکە شڵپ نەکێشێ بە روویدا، بەڵکوو بەشێنەیی، لەپاش تەواو بوونی کردارەکانی دەسنوێژەکە روو بکاتە قیبلەو هەردوو دەستی بەرزەوە بکاو بڵێ، (اشهد أن لا الـه الا الله وحده لا شريك له، واشهد أن محمدا عبده ورسوله، اللهم اجعلنی من التوابين واجعلنی من المتطهرين، سبحانك اللهم وبحمدك، اشهد أن لا اله الا انت استغفرك واتوب اليك) وە هەر لەحاڵی بەرەو

قیبلـەدا سـوورەتی (انـا أنزلنـا) بخوێنـێ بـەڵام لـەم کاتـەدا دەسـتی بەرزنەکاتـەوە. موسـلیم {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتـەوە: هـەر کەسـێ لـەپاش دەسـنوێژگرتن بڵـێ: (أشـهد أن لا الـه الا الله وحـده لا شـريك لـه، واشهد أن محمدا عبده ورسوله) هەر هەشت دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکرێتـەوە، بـە کـەیفی خۆی لـە کامیانـەوە حـەزبکا دەچێتە ژوورەوە) تیرمیذی لەم نزایـە ئەمـەی پتر کـردووە: (اللـهم اجعلنـی مـن التوابين واجعلنـی مـن المتطهـرين) حـاکمیش {رەزای خوای لێبێ} ئەمـەی لـێ پـتر کـردووە: (سـبحانك اللـهم وبحمـدك اشـهد أن لا الـه انـت أسـتغفرك واتوب اليك).

سـوننەتە بـەبێ بەهانـەی رەوا یارمـەتی لـە کـەس وەرنـەگری لـە دەسنوێژگرتندا، وە بەبێ بەهانە خۆی وشـك نەکاتـەوە. واتـە: بـە خـاولی ئەندامـەکانی دەسـنوێژ نەسـڕێ بـا لەسـەر خـۆ وشـك ببنـەوە سـوونەتە لەپاش کاتی دەسنوێژی تازەوە دوو رکات نوێژی سوننەتی دیاری دسـنوێژ بکا، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (هەر موسڵمانێ دەسنوێژێ بە جوانی بگرێ، وە دوو رکات سـوننەتی پێوە بکا، بـە باشی دڵیـان بـداتێو بـیری لـە لایـان بـێ، مـسۆگەر کـە بەهەشـت بـۆ خـۆی مـسۆگەر دەکـا) (موسلیم). بزانن: ئەگەر لەناو دسنوێژەکەیدا گومـانی بـۆ پەیـدا بـوو کـە فەرزێ لە فەرزەکانی دەسـنوێژی فـەرامۆش کـردووە، ئـەوە پێویـستە ئـەو فەرزە بکاتەوە، وەهەر چیش فەرز نەکراوەوە دووبارەی بکاتـەوە، چونکە بناغەی کار لە شەریعەتدا لـە سـەر نـەبوونی شـتە، عـەدەم ئەصـڵە، کـارو فیعل عاریضە، بەڵام هـەر گومـانێ لـە پـاش تـەواکردنی دەسـنوێژەکە کـە بـوو، لەبـەر فەرمایـشتی بایەخـدار کـاری پـێ نـاکرێ، چونکە گومـانی وا

زۆره، کارپێکردنی دیزواره، له روالّەتیشدا وا دەردەکەوێ که دەسنوێژ به تەواوی گیرابێ! بەڵام گومان له نێتدا له پاش تەواو بوونی دەسنوێژیش گەرەکه بۆی بگەڕێتەوە، سەر لەنوێ دەسنوێژەکەی بگرێتەوە.

١٠) تاراتگرتن: استنجاء: خۆ پاککردنەوە:

پێناسەکەی له شەرعا: (لابردنی پیسی سەر هەردوو رایە، که پیشیان دەگوترێ: پاش‌و پێش، به ئاو، یا به بەرد، یا به هەردوکیان) حوکمەکەی فەرزه، بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ}: (کاتێ یەکێکتان دەچێ بۆ سەراو باسێ بەرد لەگەڵ خۆی ببا، خۆی پێیان پاك بکاتەوە، ئیتر ئەوە برێتی تاراتگرتن دەکەوێ) (ئەبو داوودو داره قوطنی‌و ئیبنو ماجه به رشتەیەکی جوانی ساخ گێڕاویانەتەوە) ئەنەسیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: (من‌و کوڕێکی له سێرەی مندا که پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەچوو بۆ سەراو جەوەندەیێ ئاومان بۆی دەبرد، بەو ئاوە تاراتی دەگرت، وەنەقیزەیەکیشمان لەگەڵ خۆمان دەبرد، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دایدەچەقاندو دەیکرد به بەردەم (بەربەست - سوتره) له کاتی نوێژدا). وا باشتره که خۆی به بەردو بەئاو پاك بکاتەوە، چونکه خەڵکی قوبابە هەردووکیان تاراتیان دەگرت، خودا لەبەر ئەوە ستایشیکردن‌و فەرمووی: {فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ – سورة التوبة – ١٠٨/٩}. واته: ئەم مزگەوتەی قوبا کۆمەڵێ پیاوی موسڵمانی ساغی پاك‌و تەمیزی تیایە، حەز بەپاکی دڵ‌و دەروون‌و لەش‌و جل‌و شوێن دەکەن، لەبێ دەسنوێژی‌و

لەشپیسی دوورن، بەسە بۆ سەربەرزی ئەوان کە خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە حزیان لە پاکیو خاوێنییەو خۆیان پاكو خاوێن رادەگرن) چونکە ئەوە بوو کاتێ ئەم ئایەتە هات پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە هۆی ئەم ستایشەی، لێیانی پرسی، عەرزیان کرد: لە پێشدا خۆمان بە بەرد پاك دەکەینەوە ئەوجا بە ئاویش تاراتدەگرین) بەززار بە رشتەیەکی بێهێز (ضعیف) گێڕاویەتەوە، بەڵام ئەوەوی بە راستی نازانێو دەفەرموێ: زانایانی شەرع ئاوا دەیگێڕنەوە، کەچی لە کتێبەکانی حەدیسدا شتی وانییە، بەڵکوو ئەمەیان تیایدایە: (بەئاو خۆمان پاك دەکردەوە) (ئەحمەد، ئیبنو خوزەیمە) وا باشە لە پاساودانی باشترینیدا بگوترێ: (زاتی پیسایییەکە بە بەردەکە لا دەچێ، ئەسەرەکەشی بە ئاوەکە لادەچی، ئیتر دەست چەپەڵاوی نابێ). ئەگەر تاراتگر ویستی هەر بە یەکێکیان پاك بکاتەوە، باخۆی بەئاو پاك بکاتەوە باشترە، چونکە ئەو هەم پیسایییەکە لادەبا، هەم خۆی ئەسەرەکەی لادەبا، بەڵام بەردەکە هەر خودی پیسایییەکە لادەبا، ئەگەر تاراتگرتن بە بەردبوو پێویستە بەسێ بەردبێ، ئەگەر بەسی بەرد پاك نەبۆوە پێویستە بەزیاتر خۆی پاك بکاتەوە، مەرج بوونی سێبەرد بەپێی فەرموودەکەی پێشووە: (کاتێ یەکێکتان دەچی بۆ سەراو با سێ بەرد لەگەڵ خۆی ببا) خۆپاككردنەوە هەر مەرج نیە بە بەرد بی، بەڵکوو بە هەرشتێ کە پاكو وشك بێو پیسی هەڵبکەنێو رێزی نەبێ دەبێ بەڵام بە بەردی تەڕو شتی پیسو شتی ساف (وەك قامیشو شووشە) نابێ. ئیبنو مەسعود {رەزای خوای لێبێ} دەفەرمێ: جارێ حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} رۆیشت بۆ سەراو، بەمنی فەرموو کە سێ بەردی بۆ ببەم، منیش دوو بەردم دەست کەوت، هەر

چەند گەڕام بۆ بەردی سێهەم دەستم نەکەوت، لەبەر ئەوە دوو بەردو تەپاڵەیەکم بۆی برد، دوو تەپاڵەکەی فڕێداو فەرمووی: (تەپاڵە چەپەڵە!) (بوخاری) بۆیە بەشتی ڕێزداریش نابێ، وەکوو کولێرەو هەموو خواردەمەنییەکی تری ئادەمیزاد، یا خواردەمەنی جنۆکە وەك ئیسقان، لەبەر ئەم فەرموودەی مسلیم: (حەزروت {دروودی خوای لەسەربێ} ڕێگەی نەدەدا تارات بە ئێسك بگیرێ، دەیفەرموو: چونکە ئێسك خۆراکی برا جنۆکەکانی ئێوەیە!).

مەرجی بە کارهێنانی بەردو وێنەی بەرد ئەمەیە: شوێنەپیسەکە وشك نەبوبێتەوەو پیسییەکەیش لە جێگەی ئاسایی خۆی لای نەدابێ‌و شتی بێگانەی تری نەهاتبێتە سەر، دەنا دەبێ تاراتەکە بەس بە ئاوبێ، یا بە بەردو بە ئاوبێ، بەردی تەنیا بەس نیە).

١١) دەستووری سەراوکردن:

١) نادروستە بۆ سەراوکەر لە چۆڵەوانی، ئەگەر پەنایێ نەبوو، ڕووکردن‌و پشتکردن لە ڕووگە، بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ} (کە دەچنە سەر پێشاو، بۆ پیسایی یان بۆ گمێز، نە ڕووبکەنە ڕووگە (قیبلە)و نە پشتی تێبکەن، بەڵام ڕووبکەنە ئەم لاو لا) (شەیخان) هۆی ئەم نادروستیە ئەمەیە: بەری ڕووگە شکۆمەندە، دەبێ شکۆمەندییەکەی بپارێزرێ، بەپێی فەرموودەکەی سوراقەی کوڕی مالیك {ڕەزای خوای لێبێ} دەیگێڕێتەوە کە دەفەرموێ: بە گوێچکەی خۆم لە زاری پیرۆزی سەروەرم ژنەوت دەیفەرموو {دروودی خوای لەسەربێ}: (کاتێ کەسێکتان دەچێ بۆ سەراو

بارێزی قیبلەی خوای گەورەو مەزن بگرێ، با روونەکاتە رووگە. بەلام ئەوەوی دەفەرموێ: ئەگەر لەبەر دەمیەوە داپۆشەرێ (ساترێ) هەبوو، دوو سێیەکی گەزێ بەرز بوو، خۆشی بەقەد سێ گەز یا کەمتر لێیەوە نزیك بوو، ئەوە رووکردن تێی دروستە، ئیتر چ لەناو سارادا بێ، چ لەناو خانوودا بێ، رووکردن‌و پشت کردنە رووگە لەناومالدا بۆیە حەرام نیە لەبەر ئەم فەرموودەیەی ئیبنو عومەر: فەرمووی: ئیشم هەبوو چوومە سەر سەربانەکەی حەفصەی خوشکم کە ژنی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بوو، پێغەمبەرم دی خەریك بوو روو بە شام دەستی بە ئاو دەگەیاندو پشتی کردبووە رووگە. (کۆمەڵەکە گێڕاویانەتەوە – بوخاری، موسلیم، ئەبو داودد، تیرمیذی، نەسائی) شافعیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: رووکردن‌و پشتکردن لە رووگە لەدەشت نادروسە نەك لەناو مالدا. مەروانول ئەصفەریش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئیبنو عومەرم بینی حوشترەکەی لە بەردەمیەوە لە رووی قیبلەوە یێخ دابوو، ئەوجا بەرەو وشترەکە گمیزی دەکرد، عەرزیم کرد: ئەی باوکی ئەورەحمان! خۆشتی وا نەیی لێکراوە؟ چۆن تۆ دەیکەی؟ فەرمووی: شتی وا لە بۆشاییدا، لە شوێنی بەربەرەلادا نەیی لێکراوە، بەلام ئەگەر لە نێوانی تۆو نێوانی رووگەدا شتێ هەبێ کە پەردەت بۆ بکا ئەوا قەیناکا) ئەبو داوودو حاکم گێڕاویانەتەوە.

٢) **پارێز بکا لە گمێزکردن لە ناو ئاوی راوەستاودا.** پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (کەستان قەت گمیز مەکەنە ئاوی راوەستاوەوە) جابیریش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی دەکرد کە لەناو ئاوی راوەستاودا گمێز بکرێ) (موسلیم،

نەسائی) ئـەم نـەیی لێکردنـەیش ئـاوی کـەم‌و زۆری دەگرێتـەوە، چونکە شـتی وا مایـەی چـەپەڵییە، بـەڵام بەرگیرییەکـە چونکە بـەرگری = دفاع بەڵام (بەرگیری = منـع) لـە کـەما تونـدترە، وە لـە شەویشدا تونـدترە لـە ڕۆژ، چونکە دەڵێن: ئاو لـە شـەودا ئارامگـای جنۆکەیـە، جا دوور نیـە کـە بەهۆی ئەوەوە جنۆکە تووشی زیانێکی بکەن، ئاوی ڕەوانیش ئەگـەر کـەم بێ میزتێکردنـی نادروسـتە، چـونکە لـەکاری دەخـا، نـە بەکـەڵکی خـۆی دەمێنـێ، نــە بەکــەڵکی کەســێکی ار دەێ، ئەگــەر زۆریــش بــێ ئــەوە ناپەســەندە، واتــە: مەکرووهــە، ئــاوی ڕاوەســتاویش کـەم‌و زۆری ئـەم دووبڕیارەی بۆ هەیـە، کـەم بـێ نادروسـتە زۆر بـێ (واتـە: قوللەتێن بـێ) ناپەسەنە. بەهەر حاڵ سەراوکردن لە ئاوی ڕاوەستاودا زۆر خراپە.

٣) **سـەراونەکا لـە ژێـرداری بەریـدا**، لـە کـاتی بـەردا، یـا لەهـەر کاتێکی.تـردا، پیـساییکردن ناپەسـەندترە، چـونکە بەرەکـەی پـیس دەکـاو قێزەوون دەبێ.

٤) **سەراو نەکا لەسەر ڕێگایێ کـە هـاتوو چـۆی تیـابکرێ**، سـەراوی گـەورە خراپرتـە، جـارێ پێغەمبـەر (درووده خوای لەسەربێ) فـەرمووی: خۆتـان بپارێزن لەو دوو شتە ناشرینە کە دەبن بە هۆی ئەوە خەڵکی نـەفرەتتان لێبکەن‌و لەعنەتتان بۆ بنێرن، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ئـەو دوو شـتەیە چـین؟ فـەرمووی: سـەراوکردن لەسـەرەڕێدا، یـا لـە سـێبەری جێگەدانیشتندا.

٥) **سـەراو نەکاتــە نــاو کــونی زەوییــەوە**، مەبەسـت کـونی دەم خڕوپانــە، چـونکە پێغەمبــەر (درووده خوای لەسەربێ) لـە فـەرموودەیێکا، کـە

نەسائیو ئەبو داوود گێڕاویانەتەوەو حاکم فەرموویەتی: فەرموودەیەکی ساخە چونکە بەپێی مەرجەکانی صەحیحی بوخاریو صەحیحی موسلیمە، پێشگیریی کردووە لەوە کە: (میز بکرێتە کونەوە). لەبەر ئەوە کە جێگەو شوێنی جنۆکەیە.

٦) **لە سێبەری دانیشتنی مەردوومدا**، وەك سێبەری درەختو شتی وا سەراو نەکا. سەراوی گەورە خراپترە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: خۆتان لەم سێ ئیشە بپارێزن کە دەبن بەهۆی نەفرین لێکردنتان: سەراوکردن لە گۆڕگاکاندا یا لەسەر چەقی ڕێگەوباندا، یا لە سێبەری حەوانەوەدا، وەك سێبەری درەختو شتی وا. (ئەبو داوود) جێگەی گۆڵو کانیکردنو ڕێگەی کانیو بوارو دەوروبەرو قەراخی ئاوی لێخواردنەوەو بەربەڕۆچکەی زستانیش لەم بڕیارەدا وەك سێبەر وایە. میزکردن لەسەر گۆڕ نادروستە، هەروا لەناو مالی مزگەوتدا، با بیکاتە دەفەرموێ: فریشتەوەو دوایی لە دەرەوەی مزگەوت بیرێژێ هەر حەرامە!.

٧) **لە کاتی دەست بەئاو گەیاندنا قسەنەکا**، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (نابێ دوو کەس بەیەکەوە بچن بۆ سەراوو شەرمیان هەلمالن دەست بکەن بە قسەکردن، چونکە خودای گەورەو مەزن زۆر ڕقی لە شتی وا دەبێتەوە) (ئەبو داوود) بۆیە خوا زۆر ڕقی لە شتی وایە لەبەر هەلمالینی شەرمگا، دەنا قسەکردن لەم کاتەدا دروستە بەلام ناپەسەندە، دەق وەك ژن تەلاقدان خۆی ڕەوایە کەچی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە بارەیەوە دەفەرموێ: (دزێوترین حەلاڵ لەلای خودای گەورەو سەروەر ژن تەلاقدانە) ئەمانەیش حوکمی قسەکردنیان هەیە:

وەلامدانەوەی سلاوو نزاکردن بۆ پژمیوو سوپاسکردنی پژمیو، ئەگەر لەسەر پێشاو پژمی با لە دڵەوە سوپاسی خوا بکا، موحیبی طە بەری دەفەرموێ: (گەرەکە لەوکاتەدا نەبخواو نەبخواتەوەو نە تەماشای دەردراوەکە بکاو نە سەیری شەرمگای خۆی بکاو نە سەیری ئاسمان بکاو نە بەدەستی یاری بکاو نە زۆریش لە ئاودەستا بمێنێتەوە، ناپەسەندە هەلگرتنی شتێ کە ناوی خوای لێنووسرابێ،وەك ئەنگوستیلەو پارەو درەم، هەروا شتێ قورئانی لێنووسرابێ، لە بۆ شکۆمەندیی، ناوی پێغەمبەریش لەم مەسەلەیەدا وەك ناوی خوا وایە)، لە حەدیسا دەفەرموێ: (پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەڕۆیشتە ناو ئاو دستەوە ئەنگوستیلەکەی دادەکەندو لە شوێنێکا دایدەنا، ئەوجا دەڕۆیشتە ناوی، چونکە مۆری (محمد رسول الله)ی لێهەڵکەندرابوو) (تیرمیذی) گێڕویەتەوەو فەرموویەتی: فەرموودەیەکی جوانی ساخە (حدیث حسن صحیح) حەرامە سیپارە (موصحەف) ببرێتە ناو ئاودەستەوە، مەگەر بترسێ کە بیدزن، یا بکەوێتە دەستی بێبڕوا، لەکاتی وادا ناچارییە دروستە، بە هەرحاڵ پێویستە بەپێی توانا پاك رابگیرێو لە بێڕێزی بپارێزرێ.

بزانن: کە هەموو ناوێکی شکۆمەند لەم حکومەدا وەك ناوی خواو·پێغەمبەر وایە، کەواتە ئەمە ناوی گشت پێغەمبەرەکان دەگرێتەوە {دروودی خوایان لەسەربێ}.

٨) **نابێ رووبکاتە خۆرو مانگ،** یا پشتیان تێبکا، چونکە ئەم دووشتە دوو نیشانەی گەورەی ئاشکران لەسەر گەورەیی خوای مەزن.

٩) **بەرەو رووی با، بامیزنەکا**، لەوکاتەدا قورسایی لەشی بخاتە سەر قاچی چەپی، کە دەچێتە ناو ئاودەستەوە قاچی چەپی پێش بخاو بڵێ: (**باسم الله اللهم انی أعوذ بك من الخبث والخبائث**: بە پیرۆزی ناوی خوا خۆم دەپارێزم لە شەیتان، ئەی خودایە! پەنا دەگرم بەتۆ لە گۆڵو دێڵی شەیتان) کاتێکیش دەردەچێ قاچی چەپی پێشبخاو بڵێ: (**غفرانك الحمد لله الذی أذهب عنی الاذی وعافاني**: خودایە! داوای لێبوردنت لێدەکەم کە ئەم ماوەیە لە یادی تۆ دوورکەوتمەوە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم ئازارەی لە کۆڵ خستمەوەو ساخلەمی کردووم) چونکە حە دیث دەفەرموێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە لە ئاودەس دەردەچوو دەیفەرموو: (غفرانك) (هەر پێنج فەرموودەزانەکە گێڕاویانەتەوە) لەچەند رێگەی بێهێزیشەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (**الحمد لله الذی أذهب عنی الاذی وعافانی**). شتی واش با بێهێزیش بێت بەلام لە عیبادەتدا کاری پێدەکرێ. وا پەسەندە کە لەخەڵك دووربکەوێتەوەو شوێنێکی فشەڵی لەبار بۆ مێزکردن هەڵبژێرێ، نەبادا پرۆژەکەی بگەرێتەوە بۆ خۆی، بەپێی ئەم فەرموودەیەی ئەبو مووسا (رەزای خوای لێبێ): (جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چووە پەنا دیوارێکەوە لە نەرماییەکی فشەڵدا گمێزی کردو فەرمووی: کاتێ دەتانەوێ گمێزبکەن جێگەیەکی لەبار کە دەستبدا بۆ میزلێکردن بدۆزنەوە!) (ئەحمەد ، ئەبو داوود) وا باشە کە لەپاش سەراوەکە ئاو بپرژێنی لە شەرمو شەرواڵەکەی، هەتا دڵە راوکێ لە خۆی دووربخاتەوە.

١٢) هۆکانی بێدەسنوێژیی:

دەسنوێژ بەمانە دەشکێت:-

دەرچوونی شتێ لە پێش یان لە پاش، قەبارە داربێ یان بێقەبارەبێ وەك با، ئاساییبێ یان نائاسایی وەك خوێنو زیخ، خودپیس (نجس العین)بێ یان پاکبێ، وەکو کرم، سەر بەلگەیش لەم مەسەلەیەدا ئەم ئایەتەیە: {أو جَاء أَحَدٌ مِّنكُم مِّن الْغَآئِطِ – سورة النساء – ٤٣/٤}. واتە: وە یاخود یەکێ لە ئێوە لەسەر ئاو هاتەوەو بێدەسنوێژبوو. غائیط لە بنەڕەتدا ئەو شوێنەیە کە دەستی تیادا بە ئاو دەگەیەنرێ، دەردراوەکە بەهۆی هاوسایەتیوە بەو ناوە ناونراوە، بە پێی ئایەتەکە میزو پیسایی بەردەکەون، باو تڕو تسیش بەپێی ئەم فەرموودەیە بەردەکەون. ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: (هەر کەسێ دەسنوێژی شکا تا دەسنوێژ نەگرێتەوە نوێژکردنی بۆ دروست نیە. پیاوێکیش گوتی: ئەی ئەبو هورەیرە! دەسنوێژ بەچی دەشکێ؟ فەرمووی: بە بالێبوونەوەو تڕو تسو شتی وا) (پەسەندی هەردوولایە. واتە: بوخاریو موسلیم گێڕاویانەتەوە) مەزیش بەر دەسنوێژ شکێن دەکەوێ بەپێی ئەم فەرموودەیە: عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) فەرمووی: مەزیم زۆر بوو، شەرمیشم دەکرد بۆ خۆم لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بپرسم، چونکە کچەکەی خێزانم بوو، جا میقدادی کوڕی ئەسوەدم ڕاسپارد، بۆ ئەمە لێی پرسی، فەرمووبووی: چۆکی بشۆرێو دەسنوێژ بگرێ) (شەیخەین). بەپێی ئەم فەرمایشتەی ئیبنو مەسعودو ئیبنو عەبباسیش (ڕەزای خوای لێبێ) وە دیش

بەردەکەی: (بەهۆی دەرچوونی وەدییەوە دەسنوێژ پێویست دەبێ) بەیهەقی لە (السنن)دا گێڕاویەتەوە. ئایەتو فەرموودەکان دەکرێن بە پێوەر بۆ هەموو دەدراوێکی تریش تەنانەت با سروشتی لەشیش دەری نەپەڕاندبێ!.

بەڵام دەردراوێ لە دوو راگە (سبیلین)ەوە دەرنەچوو بێ، دەسنوێژ ناشکێنێ، وەك خوێندبەردانو کەلەشاخ گرتنو رشانەوەو ئارەقو شتی تری لەم بابەتە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کەڵەشاخی لە خۆی دەگرتو شوێنە کەڵەشاخلێگراوەکەی دەشۆردو ئیتر بەبێ ئەوە دەسنوێژ بگرێ، نوێژی دەکرد، جارێکیش لە غەزای زاتولریقاعا دوو پیاو لە یارانی پێغەمبەر {دروودی خوا لەسەر خۆی و رەزای خوا لە یارانیبێ} ئێشکی لەشکری موسوڵمانانان دەگرت، پیاوێکیان هەڵسا دەستی کرد بە نوێژکردن، پیاوێ لە بێبڕواکان تیرێکی تێگرت، ئەویش تیرەکەی دەرکێشاو نوێژەکەی تەواوکرد، هەر خوێنیشی لێدەهات، کاتێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بەوەی زانی رەخنەی لێنەگرت. (ئەبو داوود بە رشتەیەکی ساخ گێڕاویەتەوە) لەبەر ئەوەیش دەردراوی دووڕا واتە: (پاشو پێش) تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە غەیری ئەواندانییە.

یەکێ لە دەسنوێژ شکێن (نَوَاقِضُ)ەکان :-

خەوتنە، بەپێی فەرمایشتەکەی پێغەبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: چاو دەمبێنی کۆمە، هەر چاو کاتێ چووە خەو دەمبێنەکە خاو دەبێتەوە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێ خەوت کاتێ هەڵدەستێ با دەسنوێژ بگرێ) (ئەبو داوودو ئیبنوماجە). بەڵام کەسێ نوستبێو پاشی خۆی لە

زەوییەکە قایم کردبێ، ئەوە دەسنوێژی ناشکێ، بەپێی فەرمایشتی ئەنەس کە دەفەرموێ: یارانی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} جاران دەیشخەوتن، کە هەڵدەستان بەبێ ئەوەی دەسنوێژ تازەبکەنەوە نوێژیان دەکرد) (موسلیم گێڕاویەتەوە)، ئەبو داوود ئەم رستەیەشی لەم فەرموودەیە پتر کردووە: وا خەویان لێدەکەوت سەریان شۆڕدەبۆوەو چەناگەیان دەیدا لەسەر سینگیان، ئەمەیش بە سەرینیی پێغەمبەر بوو.

یەکێ تریان: نەمانی هۆشە بەسەر خۆشی یا بە نەخۆشی وەك بوورانەوەو شێتی، چونکە لە شوێنێ بەخەو دەسنوێژ بشکێ کە لەچاو نەمانی هۆشدا شتێ وا مرۆڤ بێئاگا ناکا، دەبێ بەم باشتر بشکێ.

یەکی تریان: بەیەك گەیشتنی پێستی نێرو مێی نامەحرەمە، بەبێ پەردە، مەگەر هی منالێ کە تەمەنی لەوادەی ئارەزووی ئادەمیزادی ئاسایی کەمتربێ، بەپێی ئایەتی: {أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء – ٤٣/٤}. واتە: یا پێستتان لە پێستی ژنان کەوت) ئەوەتا لەم ئایەتەدا (لمس) عەطف کراوەتەوە سەر (مجئ) وەفەرمان کراوە ئەگەر ئاو نەبوو لە دوا روودانی یەکێ لەم کارانە، تەیەمموم بکرێ، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە دەستلێدانی تەنیا هۆی بێ دەسنوێژییە، رێك وەك سەراوکردن، بەوەدا دەزانین کە مەبەست لە (لەمس) جووتبوونو دروستبوون لەگەڵ ژندا نیە، چونکە ئەم واتایە دژی رواڵەتی دەرەوەی وشەکەیە، چونکە (لەمس) بەغەیری جووتبوونیش دەگوترێ، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: {فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ – سورة الأنعام – ٧/٦}. واتە: ئەگەر کتێبێکیشت بۆ بنێرین کە لە کاغەزدا نوسرابێ، وە بەدەستی خۆیان

دەست لە پەڕەکانی بدەن، هەر بڕوا ناهێننو دەڵێن: ئای لەم جادووە گەورەو ئاشکرایە) پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) لەمسی بە واتایەکی تر جگە لە جووتبوون بەکار هێناوە، وەك ئەوە بە ماعیزی فەرمووە: (لعلك لامست: رەنگبێ هەر دەستبازیت لە گەڵیدا کردبێ) هەر بەڵگەیەکیش کە بۆچوونی تری هەڵدەگرت لە بەڵگەیی دەکەوێ، کە واتە: لەمس لە زمانی عەرەبدا بریتییە لە کەوتنی پێست لە پێست، ئیتر بە قەستی بی یان نا، بە ئارەزووبێ یان نا، لە نێرینەیشا جیاوازی لە نێوانی پیرێ کە لە پیاوەتی کەوتبێو نێرینەی تردانیە، پیرو لاوو خەساوو شلەیەتەو مێرد منال جیاوازیان نیە، لە مێینەیشا فەرقی ژنی گەنجو پیرێژنێ ئارەزووی لێنەکرێ نیە، چونکە هەر چۆنێبێ جێگەی گومان لێکردنی ئارەزوو لێکردنە! بۆیەیش لە یەککەوتنی پێستی خۆیی (مەحرەم) دەسنوێژ ناشکێنێ لەسەر فەرمایشتی دامەزراو، چونکە جێگەی گومانی ئارەزوولێکردن نیە، پەردەیش کە لە بەینا بوو ئەوە بەیەك گەیشتن نیە بۆیە دەسنوێژ ناشکێ، هەروا دەست دانو لە نینۆكو مووو ددان دەسنوێژ بەتاڵ ناکاتەوە هەروا لەیەککەوتنی ئەم شتانە لەناو خۆیانا.

یەکێ تریان: گەیشتنی بەری دەستی کەسێکە بە پێستی پاشو پێشی خۆی یا هی ئادەمیزادێکی تر، ئیتر نێربن یان مێ، گەورە بن یان بچووك جیاوازیان نیە، ، بەپێی فەرمایشتەکەی (درودی خوای لەسەربێ) کەسێ دەستیدا لە پاشوپێش (فەرج)ی خۆی با دەسنوێژ بگرێتەوە) (ئەحمەدو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە، حاکمیش فەرموویەتی: ئەمە بەپێی مەرجی هەردوو شێخە) واتە: (بوخاریو موسلیم، کە لە زانستی فەرموودەدا ناسراون بە شەیخەین، واتە: هەردوو شێخ) وە بەپێی ئەم

فەرمایشتەیشی {درودی خوای لەسەربێ}: هەرکامێکتان بەبێ پەردە یا بەبێ دەستپێچ دەستیدا لە شەرم واتە: پاش و پێشی خۆی بدات با دەسنوێژبگرێتەوە.

ئیبنو حەببان گێڕاویەتەوە، (افضاء) کە لە دەقی عەرەبی فەرموودەکەدا هەیە برێتییە لە دەست لێدان بە بەری دەست، دەی ئەوا بەپێی دەقی فەرموودەکان بەدەست لێدان لە شەرمی خۆی دەسنوێژی دەشکێ، دیارە بەهی کەسێکی تر باشتر دەشکێ، چونکە ئەوە پتر پەردەی رێز لە نێوانا دەدرێنێ، بەڵکوو بەبێ ئەم پێوەر (قیاس)ەیش ئەم دەقە لەم بارەیەوە چەسپاوە: کەسێ دەستبدا لە چووك (زەکەر)ی خۆی با دەسنوێژ بگرێتەوە) فەرموودەکەی خاتوو بوسرەیش دەفەرموێ: بۆ خۆم لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو {درودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ دەستیدا لە چووك دەبێ دەسنوێژ تازە بکاتەوە (ئەحمەدو نەسائی) ئەمەیش دامەنی خۆی و دامەنی خەڵکی تریش دەگێڕیتەوە، هەروەك پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر پیاوێ دەستی کەوت لە چووکی خۆی با دەسنوێژ تازە بکاتەوە، هەر ژنێکیش دەستی دا لە شەرمگای خۆی با دەسنوێژ تازە بکاتەوە) (ئەحمەد) ئەو فەرموودەیەی کە ئەوە دەگەیەنێ کە بەشتی وا دەسنوێژ ناشکێ، ئیبنو حەببان و کەسانی تر دەفەرموون: ئەوە هەڵوەشاوەتەوە، پاشیش (کە مەبەست لێی پزووی کۆمی ئادەمیزادە) بەر وشەی شەرم و دامەن دەکەوێ لەم فەرموودانەدا، کە بە واتای فەرجن، هەروەك بە قیاس لەسەر پێشیش هەمان بڕیاری بۆ دەسەپێ، بە وشەی (بەری دەست) ئەوەی بەری دەست نەبێ بەر بڕیارە ناکەوێ، واتە: دەسنوێژ بە سەری پەنجەو بە نێوانی و بە لاتەنیشتی و

بەلالەپ ناشکێ، بە (شەرمگای ئادەمیزادیش) هی گیانلەبەرو مەڵو مۆر دەردەچێ، بەدەس دان لەبەرو دوای گیانلەبەر دەسنوێژ ناشکێ.

یەکی تریان: چاکبوونەوەی هەمیشە بێ دەسنوێژە وەك کەسێ هەمیشە میزەچۆرکێی بێ، یا پێی رانەگرێ، یا وەك ژنی هەمیشە بێنوێژ، چونکە پاکێتیی ئەمانە لەبەر ناچارییەو هی ناچارییەکەیانە، هەر کاتێ ناچارییەکەیان نەما حوکمەکەیشی نامێنێ، کە ئەوەیە چاوپۆشی دەکرێ لە دەدراوەکەیان.

١٣) یاسایەکی سەرعزانی (قاعیدة فقهیة):

یەکێ لە یاسا بڕیاردراوەکان، کە بڕیاری (حکم)ی زۆری شەرعی بەپێی ئەو دروست دەبێ ئەمەیە: (إستِصحابُ الاصل) واتە: مانەوەی شت لەسەر حاڵی پێشووی خۆی، لەسەر ئەم شێوەیە: بڕیارێ بۆ شتێ لەکاتی دوەمیدا دەچەسپێ، لەسەر بنیاتی چەسپ بوونی ئەو بڕیارە بۆی لەکاتی یەکەمیدا، جا بەپێی ئەم یاسایە مەردوم تێکڕا بەیەك دەنگ دەڵێن: ئەگەر کەسێ گومانی بۆ پەیدابوو کە ئایا ژنەکەی تەڵاق داوە یا نا؟ ئەوە دروستە لە گەڵی دروست بێ، چونکە بنەڕەت (ئەصڵ) نەبوونی تەڵاق، بەڵام ئەگەر گومانی کرد: کە ئەو ژنەی مارە کردووە یا نا؟ ئەوە دروست نیە بڕواتە لای، چونکە بنەڕەت نەبوونی مارەکردنە، لەسەر هەمان یاسا ئەگەر کەسێ سوور دەیزانی کە دەسنوێژی هەبوو، لە فیسارە کات، بەڵام گومانی لە نەمانیا لەوەودوا پەیدا کرد، ئەوە چوونکە بنەڕەت هەبوونی پاکییەو نەبوونی بێ دەسنوێژییە دەسنوێژەکەی هەر ماوەو نەشکاوە! بە

پێچەوانەیشەوە هەروەها ئەگەر کەسێکیش سوور دەیزانی کە لەپاش کاتێکی زانراوەوە وەك پاش خۆر کەوتن، دەسنوێژی گرتووەو دەسنوێژی شکاوە بەڵام نەیدەزانی کە کامیان لە پێشدا بوون، ئەوە تەماشا دەکەین ئەگەر لە پێش خۆرکەوتندا دەسنوێژی نەبووە ئەوە ئێستا دەسنوێژدارە، چونکە بێ دەسنوێژییەکە لە پێش خۆرکەوتندا هەڵ دەگرێ کە لەپێش پاکییەکەوە بووبێ، هەڵیش دەگرێ کە لە پاشیەوە بووبێ، جا بەم رەچاوکردن (اعتبار)ە پاکێتی دەبێ بە بنەڕەت، بەڵام ئەگەر لە پێش خۆرکەوتندا دەسنوێژی هەبوو ئەوا ئێستا بێ دەسنوێژە چونکە سوور زانینی پاکێتی لە پێش خۆرکەوتندا بەوەلا دەچێ کە سووریش دەزانێ کە لە پاش خۆرکەوتن دەسنوێژی شکاوە، لەشپیسیش لەم بڕیارەدا وەك بێ دەسنوێژی وایە.

١٤) خۆشۆردن (غوسڵ):

شۆردن لە زماندا: کردنی ئاوە بەسەرشتدا بە رەهایی (مطلقا). لە شەرعدا: کردنیەتی بەسەر هەموو جەستەدا بە مەبەستی شتن. (هۆیەکانی): ئەو شتانەی کە دەبن بە هۆی پێویستبوونی خۆشتن شەش شتن سیانیان پیاوو ژن تیایانا هاوبەشن.

یەکەم: بەیەکاچوونی سوننەتگای نێرو مێیە، لەسەر ئەم شێوەیە بەلایەنی کەمەوە تێچوونی گۆمکەی چووك، یا بە ئەندازەی ئەوە، بۆ ناو پێش یا پاشی گیانداری، بکەرو بدەر مرۆڤ بن یا گیانلەبەر جیایی نیە، هەروا ئاوی بێتەوە یا نا جیاوازی نیە، سەربەڵگە لەم مەسەلەیەدا

فەرموودەکەی خاتوو عائیشەیە {رەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ}و سەرو ماڵو منالّ بە قوربانیبێ، فەرمووی: کاتێ دوو سوننەتگاکە بەیەکا چوون خۆشۆردن پێویست دەبێ، من خۆمو پێغەمبەری خوا ئاوامان دەکردو لە پاشا هەدوکمان خۆمان دەشۆرد (موسلیم) (بەیەکاچوونی سوننەتگای نێرو مێ: واتە: التقاء الختانین — وەرگێڕ).

دووەم: دەرچوونی تۆماوە، بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ} ئاو لە ئاوەوەیە. واتە: خۆشۆردن بە ئاوهاتنەوە پێویست دەبێ (موسلیم) ئیتر دەرچوونەکە لە خەوا بێ یا لە حاڵی بەخەبەریدا بێ، خۆشی پێبگا یا نا، چونکە فەرموودەکەی بەرەهایی فەرموویەتی، تۆماو ئەم سێ نیشانەی هەیە:

١) لەکاتی تەڕیدا بۆنی هەویر یا بۆنی کیفی هێشووی خورمای لێدێ، لە کاتی وشکیدا بۆنی سپێنەی هێلکەی لێ دێ.

٢) بە چەند بلّقێ هەڵدەقوڵێ. خوای گەورە دەفەرموێ: {مِن مَّاء دَافِقٍ سورة الطارق — ٦/٨٦} واتە: لە ئاوێکی هەڵقوڵێو دروست کراوە، بە دەرچوونی تۆماو خۆشی دەگا بە خاوەنەکەیو دوا بە دوای ئەوە چووک سیس دەبێتەوەو کوڵوکۆی دڵ دادەمرێ. جیایی ژن لەگەڵ پیاوا ئەوەیە ئاوی ژن وەك هی پیاو هەڵناقوڵێ، ئەو بەجۆرێ تر ئاوی دێتەوە. ئەگەر کەسێ لە خەو هەڵساو روانی لینجاوە خەستە سپییەکە وا بەگیانیەوە، هیچ کام لەم نیشانانەی تری تیانەبوو ئەوە خۆشۆردنی لەسەر نیە، چونکە وەدیش لەم دوو نیشانەیەدا وەك تۆماو

وایە، بڕیار بە دەستی خۆیەتی دایدەنێ بەوەدی خۆشۆردنی لەسەر نیە، بەڵام دەبێ چووکی بشۆرێ، دایدەنێ بە تۆماو ئەوە دەبێ خۆی بشۆرێ، لە حاڵی دووەما ئەگەر باقی مەندەکەی لە دوا خۆشۆردن هاتە مرەوە پێویستە دووبارە خۆی بشۆرێتەوە.

سێیەم: مردنە، بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ} لە بارەی ئەو پیاوەوە کاتی حەجی ماڵاواییدا لە ئیحرامدا لە وشترەکەی بەربۆوەو ئەستۆی شکا، کە فەرمووی: بە ئاوو بە مۆرد بیشۆرن (شەیخەین).

سیانیشیان تایبەتن بە ژنانەوە، ئەمانەن لە دواوە:

یەکەمیان: بێنوێژییە، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ – سورة البقرة – ٢٢٢/٢} . واتە: لەکاتی بێنوێژ حەڵاڵەکانتان بە نیازی چوونەلا نزیکیان مەکەون، هەتا لە بێنوێژییەکەیان پاك دەبنەوە، جا ئەو کاتە بچنە لایان لەوشوێنەوە کە خودا رێی پێ داونو رەوای دیوە بۆتان، وە بەپێی فەرموودەکەی عائیشە {خوای لێ رازی بێ}: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: کاتێ سەرەتای بێنوێژییەکەی جارانت دەستی پێکرد ئیتر نوێژمەکە هەتا بە قەد ئەو رۆژانە دەڕوا، ئنجا با خوێنەکەیش نەوەستێ بەڵام تۆ بە نیازی خۆشۆردنی بێنوێژی خۆت بشۆرەو نوێژی خۆتی لێبکە (شەیخەین).

دووەمیان: زەیستانییە، ئەمەیش بۆ ئەمە وەك بێنوێژی وایە، چونکە برێتییە لە خوێنی بێنوێژی کۆوەبوو، وە لەبەر ئەوەیش

هاوڕێیان {ڕەزای خوایان لێبێ} یەکیان گرتووە لەسەر ئەوەو بەکۆی دەنگ دەڵێن: کە ئەویش وەك بێنوێژی وایە،

سێیەمیان: منداڵبوونە، با بڕێتیش بێ لە خوێنپارەیێ یا گۆشت پارەیێ، هۆی فەرزبوونی خۆشۆردن دووشتە:

یەکەمیان: لە کاتی منداڵبووندا گومانی دەرچوونی خوێن هەیە، بڕیاری شەرعیش پەیوەندی بە پەیدابوونی گومانەوە هەیە، وەك خەوتن، دەسنوێژ دەشکێنێ، چونکە کاتی خەوتن جێگەی گومانی دەسنوێژشکاندنە.

دووەمیان: ئەوەیە کە منداڵ لە تۆماو دروست بووە، دەرچوونی تۆماویش خۆشۆردن پێویست دەکا.

١٥) فەرزەکانی خۆشۆردن:

خۆشۆردن دوو فەرزی هەیە:

یەکەمیان: نیەتهێنانە، بەپێی فەرموودەکەی {دروودی خوای لەسەربێ}: هەموو کردەوەیێ بەپێی نیازو نیەتەکەیەتی، دڵ جێگەی نیەتە، نیەت دەبێ لەگەڵ یەکەم شوێنی شۆراو لە لەشبێ، واتە: نیەتەکە لەگەڵ شۆرینی هەر شوێنێکی لەشدا هەبوو ئەوە بە یەکەم شێنی شۆراو دادەنرێ، نیەتهێنان ئاوایە: لەشپیس نیەی لابردنی لەشپیسی بهێنێ، یا لابردنی بێدەسنوێژی گەورە لە هەموو لەشی، ژنی بێنوێژ نیەتی لابردنی بێنوێژی بهێنێ، ژنی زەیستان نیەتی لابردنی زەیستانی بهێنێ!

بۆ دروستبوونی خۆشۆردن مەرجەکە لە پێشا پیسی سەر لەش لابرێ، بەپێی فەرموودەکەی {درودی خوای لەسەربێ}: خوێنەکە لە خۆت بشۆرەو ئینجا نوێژی خۆتی لێبکە، لەلای برێ لە زاناکان لابردنی پیسی لە فەرزەکانی خۆشۆردنن، بەلاّم قسەی دروست ئەوەیە کە مەرجە نەك فەرز.

دووەمیان: گەیاندنی ئاوەکە بە هەمووپێستو بنکی مووەکان، بەپێی فەرموودەکەی {درودی خوای لەسەربێ}: لەبن هەموو موویەکا لەشپیسی هەیە، کەواتە مووەکان باش تەڕ بکەنو پێست تەواو خاوێن بکەنەوە لەکاتی لەشپیسی دەرکردندا). (ئەبو داوودو تیرمیذی) پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر کەسێ شوێنی تاقە یەك موو بهێڵێتەوەو لەکاتی خۆشۆردنی لەشپیسیدا نەیشۆرێ ئەوە بە ئاگری دۆزەخ واوای لێدەکرێ). ئیمامی عەلیش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: دەسا من لەترسی ئەم هەڕەشەیەیە کە لەم فەرموودەیەدا هەیە شەڕم بەستۆتە سەری خۆم). عەلی دەستووری وابوو مووی خۆی هەڵ دەپاچی، (ئەحمەد، ئەبو داوود، ئیبنوماجە) پێویستە پەلکە (ئەگەر ناوەکەی تەڕنەدەبوو بەبێ کردنەوە) فەرزە بیکاتەوە، بەپێی فەرمایشتەکەی {درودی خوای لەسەربێ}: مووەکان باش تەڕبکەن، وە بەپێی فەرمایشتەکەی تری {درودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ شوێنی تاقە یەك موو... تا کۆتایی فەرموودەکە. بەلاّم ئەو فەرموودەیەی کە ئوممو سەلەمە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! من ئافرەتمو پەلکەکانم توند شەتەك دەدەم ئایا بۆ خۆشۆردنی لەشپیسی هەڵیان بوەشێنم یا نا؟ فەرمووی: نەء، تەنیا ئەوەندەت بەسە سێ مشت ئاو بکە بەسەر سەرتاو، باش باش قژو کەزییەکانت هەلگڵۆفەو ئەوجا سەراپا ئاوبکە بەسەر خۆتا ئیتر پاك

دەبیتـەوە). (موسـلیم لـە صـحیحی خۆیـا گێڕاویەتـەوە) ئەمـە بـەم بـارەدا دەخرێ:کە مووەکە تـەنك بـووەو بەسـتنەکە ڕێـی لـە ئاوەکـە نـەگرتووە کـە بگاتـە بنـی مووەکـانو بگاتـە هـەموو پێـستەکە، ئـەم تەئویلـەیش بۆیـە دەکەین تاکار بە کۆی بەڵگەکان بکرێ.

لە هەمانکاتدا پێویستە دیوی دەرەوەی پێست گشتی بشۆردرێ، هـەتا ئەوەی بەدەرەوەیە لە کڕاکەی گوێ بشۆردرێ، هەروا چرچو لۆچی لـەش، هەروا ژێرپێستی کەوا بە گومکەی چووکەوە بـۆ خەتەنـە نـەکراو، هـەروا ئـەوەی لـە بـەرودوای ژن واتـە: لـە پـێش‌و پاشـی کـە لـە کـاتی دانـشتندا دەردەکەوێ. بزانن بۆیەی سەر نینۆك کە ناهێڵێ ئاو بگاتە ژێری، یا هـەر دەرمانێ تری وا کە نەهێڵێ ئاو بگاتـە سـەر پێست، بـزانن شتی وا دەبـێ لابرێ، بەڵام خەنەو وسمە وانین، چونکە تـەنیا ڕەنگی پێـستو مووەکـە دەگۆڕنو بەس.

١٦) سوننەتەکانی خۆشۆردن:

سوننەتەکانی خۆشۆردن چەند شتێکن: یەکێکیان: ناوی خواهێنانـە، یـەکێکی تریـان: شـۆردنی هـەردوو دەسـتە هـەتا هـەردوو مـووچ لـە پـێش ئـەوەدا کـە بکـرێ بـەناو ئـاوی خۆشـۆردنەکەدا. بەڵگـەی ئەمـەیش لـە دەسـنوێژدا رابـورد، یـەکێ تریـان: لـە پێـشدا دەسـنوێژێکی تـەواو بگـرێ، لەبەر فەرموودەکەی عایشە {ڕەزای خوای لێبێ}: جاران یاسای پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} وابوو: کاتێ غوسڵی لەشپیسی دەدەکرد لە پێشدا دەسـنوێژێکی تـــەواوی دەفـــەرموێ: دەکـــرد دەق وەك دەســـوێژی نوێـــژ، (شـــەیخەن).

بوخاریش {رەزای خوای لێبێ} لە ئوممو سەلەمەوە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} شۆردنی هەردوو قازی خستە داواوە، قاچی حوسەین دەفەرمویّ: لەبەر ئەوەی ئەم دوو گێڕانەوەیە هەردووکیان راستو دروستن کار بە هەردووکیان دەکریّ، جا ئەوەی لەشپیسی خۆی دەردەکا سەپشکە لە نێوانی ئەم دوو شتەدا، یا دەسنوێژەکەی بە تەواوی بگریّ، بەپێی گێڕانەوەکەی عائیشە، یا شۆردنی قاچەکانی بخاتە دوا خۆشۆردن بەپێی گێڕانەوەکەی ئوممو سەلەمە. یەکێکی تریان: دەست بخاتە هەموو جەستەی، بە تایبەتی چرچو لۆچەکانی، ئەمەیش لەبەر دووربینی، وە هەتا لە مەترسی راجیاییش دەرباز ببین، چونکە هەندیّ ئەمەیان بە پێویست داناوە، گرنگی بدا بە دەست خستنە چرچو لۆچی لەشی، وەك بنباخەڵو لۆچی سكو ناو ناوكو پێچو پەنای هەردوو گویّ، چونکە ئەمە دەبیّ بە هۆی دڵ ئاوخواردنەوەو دڵنیا دەبیّ لەوە کە ئاوەکە گەیشتۆتە هەموو بەشو پاژەکانی لەشی، بە تایبەتی بۆ گوێکانی لالوێی ئاو هەڵبگریّو گوێچکەی دابنیّ لەسەری، لە سەرخۆ، هەتا ئاوەکە بگاتە هەموو گۆشەو پێچو پەناکانی.

یەکێکی تریان: مووالاتە: واتە: رێزپێوەگرتن، کە ئەوەیە پێش ئەوەی ئەندامی پێشوو وشك ببێتەوە دەست بکا بە شۆردنی ئەندامی دوا ئەو.

یەکێکی تریان: پێش خستنی شۆردنی لای راستە لەسەر لای چەپ، دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەی، بەم رەنگە لە پێشدا ئاو دەکا بەسەر

سەریدا، ئەوجا بەلای راستیدا ئەوجا بەلای چەپیدا، چونکە ئەو {درووده‌ی خوای لەسەربێ} حەزی لەوە بوو کە لە دەسنوێژو خۆشۆردندا لای راستی پێش بخا (پەسەندی هەردوولایە: متفق علیه).

یەکێ تریان: سێ جار کردنەوەی شۆردن، سێ جار سەری بشواتو سێ جار دەستی تێبخات، باقی مەندەی لەشیشی هەروا، لە مەیشدا حەزرەت دەکا بە سەرمەشق، وا پەسەندە ئاوی خۆشۆردن لە مەنێ کەمتر نەبێو ئاوی دەسنوێژ لە (مودد)ێ کەمتر نەبێ، بەپێی ئەم فەرموودەیەی موسلیم: پێغەمبەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} مەنێ ئاو بەشی خۆشۆردنی دەکردو (مودد)ێ ئاویش بەشی دەسنوێژی دەکرد). تازەکردنەوەی خۆشۆردن سوننەت نیە، چونکە شتی وا لە سوننەتدا نیە، سەرەڕای ئەوەیشە زەحمەتە، بەڵام دەسنوێژ ئەو زەحمەتەی تیا نیە لەبەر ئەوە سوننەتە تازە بکرێتەوە، هەر کاتێ ویستی نوێژی پێوە بکا، هەروا بەپێی ئەم فەرموودەیەش کە ئەبو داوودو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە: دەفەرموێ {درووده‌ی خوای لەسەربێ} هەر کەسێ لەسەرپاکی دەسنوێژ تازە بکاتەوە خوا دە چاکەی بۆ دەنووسێ. لەبەر ئەوەیش کە لە سەرەتای ئیسلامەتییەوە بۆ هەموو نوێژێ دەسنوێژیان دەگرت، تا پێویستبوونی ئەوە هەڵوەشایەوەو زاتی داخوازییەکە (ئەصڵی طەڵەبەکە)مایەوە. وا پەسەندە کە بە لەشی پیسەوە نەموو بتاشێو نە نینۆك بکا، هەتا هەموو پاژێکی لەشی پاکبێ، سوننەتە لە پاش خۆشۆردن بڵێ: (أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) لەمەدا چاو لە پێغەمبەری خوا بکا، چونکە ئەو وای دەکرد.

١٧) هەڵماڵینی شەرمگا لەكاتی خۆشۆردندا:

دروست نیە بۆ كەس كە لە بەرچاوی كەسێكی تر، بەشەرمگای رووتەوە خۆی بشۆرێ، لەسەر ئەوە تەمبێیەك (تەعزیر)ێكی وا دەكرێ كە بگونجێ لەگەڵ حاڵیدا، دروست نیە بۆ ئامادەبوان كە ئەوەی لێ قبوڵكەن، پێویستە لە سەریان بەرهەڵستی بكەنو بێزاری دەربڕن، خۆ ئەگەر خۆیانی لێبێدەنگ كەن تاوانبار دەبنو ئەوانیش تەمبێ دەكرێن بە پێی فەرمایشتەكەی {درووودی خوای لەسەربێ} نەفرەتو لەعنەتی خوا لەو كەسەی كە تەماشای شەرمگای نامەحرەم دەكاو، لەو كەسەیش كە نامەحرەم تەماشای شەرمگای دەكا. بەڵام ئەگەر بە تەنیا خۆی بوو دروستە، لە حاڵی وایشدا خۆداپۆشین باشترە، چونكە شەمكردن لە خوا شایانترە، هەتا لە هەموو كەسێكی تر.

پیاو لەناو گەرماوا دەبێ چاوی خۆی لە روانینی ناڕەوا بگرێ، شەرمگای رووت نەكا لە بەرچاوی كەسێ كە بۆی دروست نەبێ تەماشای بكا: ئیمامی قورطوبی {رەحمەتی خوای لێبێ} لە تەفسیرەكەیدا، لە راڤەی ئایەتی: (كراما كاتبین، یعلمون ما تفعلون)دا ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە: هەر پیاوێ بە لەش رووتی لەناو گەرماودا بێ دوو فریشتەكەی كەوان لە گەڵیا نەفرەتی لێدەكەن. حاكمیش لە جابیرەوە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: نادروستە بۆ پیاو بچێتە ناو گەرماو مەگەر بە پەشتەماڵەوە.

١٨) خۆشۆردنە سوننەتەکان:

بەهۆی ئەم چەند شتەوە خۆ شۆردن سوننەتە: خۆشۆردنی هەینی، حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەوەی لە ڕۆژی هەینیدا بۆ نوێژی هەینی تەنیا دەسنوێژ دەگرێ ئەوە بەپێی سوننەتی پێغەمبەر ڕەفتار دەکا، دیارە کە ئەوەیش کارێکی گەلێ شیرینە، ئەوەیشی کە خۆی دەشوا دیارە کە خۆشۆردنەکە زۆر خێرترە، (ترمیذی گێڕاویەتەوە) ئەوەویش {ڕەزای خوای لێبێ} فەرموویەتی فەرموودەیەکی ساغە. هەندێ وا بۆی چوون: کە فەرز بێ نەك سوننەت، ئەمەیشیان لەم فەرمایشتە وەرگرتووە کە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: کاتێ دەچن بۆ نوێژی هەینی خۆتان بشۆرن). موسلیم گێڕاویەتەوە، چونکە ڕووکاری فەرمان (ظاهیری ئەمر) بۆپێویست بوونە، ئەم فەرموودەیەش ڕای ئەم لایەنە دووپات دەکاتەوە: خۆشۆردنی ڕۆژی هەینی پێویستە لەسەر هەموو پیاوێکی ڕەسیدە) مەبەست لە ڕەسیدە پیاوێکە جێگەی تەکلیف بێ (شەیخەین). بەڵام ئەم قسەیە بەوە بەرپەرچ دراوەتەوە کە فەرمان (ئەمر) لەم فەرموودەیەدا، بۆ پەسەندکردنە نەك بۆ پێویست بوون، چونکە چەند فەرموودەیەکی ساخ لەم مەسەلەیەدا هەیە، کە دەبن بە بەڵگە لەسەری، واتە: لەسەر پەسەندکردنی (تخییر) بەم جۆرەیش کار بە کۆی بەڵگەکان دەکرێ، ئەوەیش باشترە لەوە کە کار بە هەندێکیان بکرێ‌و کار بە هەندێکیان نەکرێ، بەمە دەگوترێ: (الجمع بين الادلة). هەروا بەم شێوەیەش بەرپەرچ دراوەتەوە: کە وشەی (پێویست) لەم شوێنەدا بۆیە بەکار هێنراوە بۆ دووپاتکردنەوەی پەسەنکردن، وەك چۆن کەسێ بە کەسێ

دەڵێ: مافی تۆ لەسەر من هەیە. واتە: ڕەوایەکی تەواوە، نەك فەرزە لەسەر من (تەماشای نەیلولئەوطار – ٣٥٢/١ بفەرموون) دەگێڕنەوە: ئیمامی عومەر {ڕەزای خوای لێبێ} سەرگەرمی وتاری ڕۆژی هەینی بوو، لەو کاتەدا عوسمان خۆی کرد بە ژووردا، عومەر گازی کردو پێی فەرموو: کەی ئەمە وەختە؟ عوسمان فەرمووی: سەرم جەنجاڵ بوو نەمپەرژا بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، تا کاتێکم زانی گوێم لە بانگ بوو، ئیتر هەر ئەوەندەم بۆ کرا دەسنوێژم گرتو هاتم، عومەر فەرمانی پێ نەکردم بچێ خۆی بشۆرێ، ئەگەر خۆشۆردن پێویست بوایە عوسمان چۆن فەرامۆشی دەکرد؟ ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە سوننەتەو پێویست نیە، کاتەکەی لە شەبەقەوە دەست پێ دەکا، واتە: لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینییەوە، بەڵام هەتا نزیکتری بخاتەوە لە ڕۆیشتنی بۆ نوێژەکەی ئەوە خێری زۆرترە، چونکە مەبەست لێی پاكو خاوێنییە لابردنی ئەوبۆنە ناخۆشەیە کە بەهۆی قەرەباڵغییەوە پەیدا دەبێ، لە ئەنجامی ئارەق دەردانو شتی وادا. ئەگەر لە خۆشۆردنو زوو چوون هەریەکێکیانی بۆ دەکرا، ئەوە ڕەچاوکردنی (موراعات)ی خۆشۆردن باشترە، چونکە ڕاجیایی هەیە لەسەری کە پێویستە یا سوننەتە.

یەکێ تریان: خۆشۆردنە لە پێش نوێژی هەردوو جەژنەوە، ئیبنو عەببا {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو لە ڕۆژی جەژنی قوربانـدا خۆی دەشۆرد. جاران عومەرو ئیبنو عومەرو علی ئەمەیان دەکر، لەبەر ئەوەیش کە مەردوم بۆ ئەمیش کۆدەبنەوە، لەپاش بەرەبەیانەوە کاتی ئەم خۆشۆردنانە

دەست پێدەکا بەبێ ترس، لەسەر فەرموودەی پەسەند، لە پێش بەرە بەیانیشەوە لە نیوەشەوەوە دەست پێدەکا.

یەکێ تریان: خۆشۆردنە بۆ نوێژی نوێژەبارانەو خۆرگیران و مانگ گیران، چونکە بۆ ئەم نوێژانەش وەك نوێژی هەینی خەڵك كۆ دەبنەوەو قەرەباڵغی دروست دەبێ و بۆنی ناخۆش پەیدا دەبێ، کەوابێ بۆ ئەمانەیش خۆشۆردن سوننەت دەبێ! لە ئایندەدا ئەم باسانە بە دوورو درێژی دێن.

یەکێ تریان: خۆشۆردنە بۆ کەسێ کە مردووی شۆردبێ. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ مردوویەکی شۆرد با لە دواییدا خۆی بشۆرێ، ئەوەیشی کە مردوو هەڵ دەگرێ با دەسنوێژ بشۆرێ. (ترمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە، فەرمان لەم فەرموودەیەدا بۆیە بۆ پێویستبوون نیە، بە نیشانەی ئەم فەرموودەیەی تر کە دەفەرموێ: مردووتان کە دەمرێ پاکە، بە مردن موسڵمان پیس نابێ، کەواتە: ئەوەندەتان بەسە کە لە پاش شۆردنی تەنیا دەستەکەنتان بشۆرن). بەیهەقی گێڕاویەتیەوەو بە جوانی داناوە. هەروا بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی تریش: جاران کە مردوومان دەشۆرد، بە ئارەزووی خۆمان بوو هەمان بوو لەپاشدا خۆی دەشۆرد، هەیشمان بوو خۆی نە دەشۆرد. خەطیب گێڕاویەتەوە، هەروا بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی تریش: لە پاش شۆردنی مردووەکانتان خۆشۆردنتان لەسەر نیە (حاکم).

یەکێ تریان: بێ بڕوا کاتێ موسڵمان دەبێ سوننەتە خۆی بشۆرێ، دەگێڕنەوە: قەیسی کوڕی عاصیم و ئومامەی کوڕی ئوثال، کاتێ موسڵمان

بوون، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی پێکردن کە خۆیان بشۆرن، بەڵام پێویستی نەکرد لە سەریان، چونکە کۆمەڵێ تر موسوڵمان بوونو پێغەمبەر {دروودی سەڵاوی خوای لەسەربێ} فەرمانی پێکردن: کە خۆیان بشۆرن، لەبەر ئەوەیش چونکە ئیسلامبوون تەوبەکردنە لە نافەرمانییەکانی خوا، تەوبەش لە گوناه بەبێ خۆشۆردنیش دروستە، بەڵام ئەمە بۆ کەسێ وایە کە لە حاڵی بێبڕوایەکەیدا لەشی پیس نەبووبێ دەنا پێویستە لەسەری کە لەپاش ئیسلامبوون خۆشۆری (غوسڵ) بکا، بۆیە دەبێ لەپاش ئیسلامبوون خۆی بشۆرێ، چونکە خۆشۆردنی شەرعی پێویستی بە نیەتە، نیەتیش لە حاڵی کوفردا دانامەزرێ!

یەکێ تریان: شێت کە چاك بۆوە سوننەتە خۆی بشۆرێ، هەروا کەسێکیش کە لە هۆش خۆی چووبێ، کاتێ هۆشی هاتەوە سوننەتە خۆشۆری بکا، چونکە رێگەی تێدەچێ کە تۆماویان لێ دابەزیبێ. شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: هەر مرۆڤێ شێت ببێ ئاوی دێتەوە.

یەکێ تریان: خۆشۆردنە بۆ ئیحرام دابەستن، زەیدی کوڕی ثابیت {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەرم دی {دروودی خوای لەسەربێ} بۆ ئیحرام بەستن خۆی رووت کردەوەو خۆی شۆرد (ترمیذی) لەم خۆشۆرییەدا پیاوو منداڵو ژن چۆن یەکن، ژنەکە ئەگەر بێنوێژیش بێ، یا زەیستان بێ هەر سوننەتە بۆ خۆی بشۆرێ، چونکە ئەسمای کچی عومەریش کە هاوسەری ئەبو بەکری صدسق بوو {رەزای خوایان لێبێ} لە ذولحولەیفە منداڵی بوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی پێکرد کە بۆ ئیحرام دابەستن خۆی بشۆرێ، (موسلیم) بەغەویو مەحامیلی دەفەرموون: بۆ ئەمە جیاوازی

نیـه لـه نێـوانی ژیـرو شـێتو لـه نێـوانی منـاڵی فامیـدەو کەسـانی تـردا. ئەگەر ئیحرامدار ئاوی دەسـت نەکـەوت سـوننەتە تەیـەمووم بکـا. ئەگـەر ئەوەندەی ئـاو دەسـت کـەوت کـە بەشـی دەسـنوێژی دەکـر، بـا دەسـنوێژی پێبگرێ. چونکە ئاسان بە هۆی گرانەوە لە کۆڵ ناکەوێ.

یـەکێ تریـان: خۆشـۆردنە بـۆ ڕۆیـشتنە نـاو مەککـە. نـافیع {ڕەزای خـوای لێبـێ} فـەرمووی: گـشت جـارێ ئیبنـو عومـەر {ڕەزای خـوای لێبـێ} کـە دەهـات بـۆ مەککـە شـەو لـە ذی طـەوا دەمایـەوە، بـەیانی لـەوێ خـۆی دەشۆرد، ئەوجا لە ڕۆژدا دەهاتە ناو مەککەوە، دەیفەرموو: پێغەمبـەریش {دروودی خـوای لەسـەربێ} ئاوەهـای دەکـرد (شـەیخەین). هـەر کەسـێ بـچێتە نـاو مەککە سوننەتە بۆی کە خۆی بشوا، ئیتر لـە ئیحرامـی حـەجو عـەمرەدا بـێ یـا لـە ئیحرامـدا نـەبێ. شـافیعی لـە پـەڕاوی (الام)دا دەفـەرموێ: ئەوەیشی کە بەبێ ئیحرام دەچێتە نـاو مەککـە هـەر سـوننەتە کـە خـۆی بشۆرێ. بەڵگەیشی ئەوەیە: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ساڵی ڕزگـارکردنی مـەککە کە تەشریفی چووە ناو مەککە خۆی بۆ ئەوە شۆرد، ئـەو کاتـە لـە ئیحرامدا نەبوو، بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا.

یـەکێ تریـان: خۆشـۆردنە بـۆ وەسـتانی عەرەفـە، چـونکە ئیبنـو عومەر ئەمەی دەکرد مالیك گێڕاویەتەوە، بەڵکوو ئیبنولخـەل هەقایـەتێ وا لـە پێغەمبەریـشەوە بـاس دەکـا، گوایـە پێغەمبـەریش ئـەوەی کردبـێ، سـەرەرای ئـەوەیش ئـەو شـوێنە کۆمـەڵگای مەردومـە، لەبـەر ئـەوە وەك کۆبوونەوەی هەینی خۆشۆردن بۆی سوننەتە.

یەكێ تریان: خۆشۆردنە بۆ بەرد فڕەدان بۆ كۆگابەردەكان لە سێ ڕۆژی پاش جەژندا، بەڵام بۆ بەرد فڕەدان بۆ كۆگا بەردەكەی عەقەبە لە ڕۆژی جەژندا سوننەت نیە، چونكە كاتی ئەم بەردفڕەدانە لەكاتی خۆشۆردن بۆ وەستان لە موزدەلیفە نزیكە، كە ئەویش هەر لە ڕۆژی جەژندایە، بە پێچەوانەی بەرد فڕەدانی سێ ڕۆژەی پاش جەژن، چونكە ئەمانەیان دوور كەوتوونەتەوەو لەبەرقەرەباڵغیش خۆشۆردن بۆیان لەم سێ ڕۆژەدا سوننەتە. سەرەڕای ئەم هۆیەیش ئەم بەردفڕەدانانە دەكەونە پاش نیوەڕۆ، كە قرچەی گەرمایە، لە كاتی وایشدا خۆشۆردن سوننەتە.

یەكێ تریان: خۆشۆردنە لە پێش تەوافی بەیتا، كە ئەم سێ تەوافە دەگرێتەوە، تەوافولقودوم، تەوافولئیفاضە، تەوافولوەداع، چونكە مەردوم بۆ ئەمانە كۆ دەبنەوە، لەبەر ئەوە خۆشۆردن بۆیان سوننەتە سافیعی {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: خۆشۆردن بۆ ئەم سێ تەوافە سوننەتە.

یەكێ تریان: خۆشۆردنە بۆ خەڵوە كێشان لە مزگەوتا، دەقی فەرموودەی شافیعی لەسەری هەیە، هەروا بۆ چوونە ناو مەدینەی پیرۆز كە شاری پێغەمبەری خوایە. نەوەوی لە (مەناسیك)دا ئاوا دەفەرموێ، هەروا بۆ هەموو شەوێكی ڕەمەزان، ئەم قسەیە عەببادی نەقڵی دەكا لە حەلیمییەوە، هەروا بۆ بەرتاشین، خەففاف لە (الخصال)دا فەرموویەتی، خاوەنی (جمع الجمواع) لە (المنصات) شافیعیەوە ڕادەگوێزێتەوە: كە فەرموویەتی: خۆشۆردنم بۆ ئەمانە پێخۆشە: بۆ كەڵە شاخ گرتنو بۆ چوونە ناو گەرماوو بۆ هەموو كارێ كە سروشتی جەستە بگۆڕێو لاوازی بكا، چونكە شۆردن توندوتۆڵی دەكاتەوەو دەیبوژێنێتەوە.

١٩) دەستی تەڕهێنان بەسەر خوفف (سۆل)دا لە باتی شۆرینی پێ:

دروستە دەستی تەڕهێنان بەسەر خوفدا لە باتیی شۆردنی پێ، بەپێی فەرموودەکەی موسلیم کە لە جابیرەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەرم بینی، گمێزی کرد، لەپاشا دەسنوێژی گرت، جووتێ سوولی لە پێدابوو، لە باتی شۆرینی پێی دەستێ تەڕی هێنا بەسەر سۆلەکانیدا (پەسەندی هەردوولایە = شەیخەین). یارانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر پێغەمبەرو ڕەزای خوا لەسەر یارانی) ئەم فەرموودەیان زۆر بەلاوە پەسەندبوو، چونکە جەریر لە پاش هاتنی ئایەتی دەسنوێژ، کەوا لە سوورەتی مائیدەدا، موسڵمان بووە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئایەتەکە هەر چەند بەڵگەیە لەسەر شۆرینی پێ، بەلام نابێ بە هەڵوەشێنەوەی مەسەلەی تەڕکردنی خوف! بۆ کەسێ خوفی لە پێدا بێ. نەوەوی‌و کەسانی تریش فەرموویانە: ئەو زانایانەی کە لە یەکگرتن (اجماع)دا رایان بایەخی هەیە لەسەر ئەوە یەکیان گرتووە: کە دروستە دەستی تەڕهێنان بەسەر سۆڵدا، چ لەماڵەوە بێ چ لە سەفەرو ڕێبواریدابێ، لەبەر پێویستی بێ یانا، تەنانەت بۆ ئافرەتێکیش کە ئاڵوودەی ماڵەوەبێ، یا بۆ نەخۆشێ کە دەردەکەی درێژخایەن بێ‌و نەتوانێ لەسەر پێ بڕوا هەر دروستە کە دەستی تەڕ بهێنێ بەسەر سۆلەکانیدا، لەباتی شۆردنی پێیەکانی بە مەرجێ سوولەکان لەپێیدابن. والله أعلم. حەسەنی بەصریش دەفەرموێ: حەفتاکەس لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) قسەیان بۆ کردووم کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەستی تەڕی بەسەر خوفدا دەهێنا. خەڵکێکی بێ شوماریش لە هاوڕێیان مەسحی خوفیان لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە.

٢٠) مەرجەكانی دەستپیاهێنانی سۆڵ:

دەستهێنان بە سۆڵدا دوو مەرجی هەیە:

مەرجی یەكەم: دەستنوێژی تەواوی گرتبێ ئەوجا دوو سۆڵەكە لە سەرپاكی لە پێبكا، بەڵام ئەگەر دەسنوێژی گرتو قاچێكی شۆردو خوفەكەی تێكرد، ئەوجا قاچەكەی تری شۆردو خوفەكەی تری تێكرد، هەقی ئەوەی نیە كە لە دەسنوێژی ئاییندەدا دەستی تەڕ بەسەر سۆڵەكانیدا بهێنێ، بەپێی فەرموودەكەی موغیرە، فەرمووی: لە سەفەرێكا لە خزمەتی حەزرەتدا بووم، دەسنوێژی گرت، ئاوم كرد بەدەستیدا، فەرمووی: وازیان لێبێنە بە دەسنوێژەوە لە پێم كردوون، ئیتر قاچی نەشۆردو لە جیاتی ئەوە دەستی تەڕی هێنا بەسەر سۆلەكانیدا (شەیخەین) شافیعی {رەزای خوای لێبێ} لە موغیرەوە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! دەستی تەڕ بهێنم بەسەر سۆڵەكانما، لەباتی شۆرینی پێم؟ فەرمووی: بەڵێ بەمەرجێ لەسەر دەسنوێژ لە پێیان بكەی.

مەرجی دووەم: سۆلەكە دەستبدا بۆ دەسپیاهێنان، ئەم شتانە دەبن بەهۆی دەستدانی:

یەكەم: داپۆشەر بێ بۆ هەر شوێنێكی هەر دووپێی كە شۆرینی فەرزبێ، ئەگەر بەشی داپۆشیی شوێن فەرزەكەی نەدەكرد، دەسپیاهێنانی دروست نیە، چونكە لە حاڵی وادا چەندەی بە دەرەوە بێ دەبێ بشۆرێ، وە ئەوەی داپۆشراوە بە سۆڵەكە دەبێ مەسح بكرێ، هیچ زانایەكیش شتی وای نەگوتووە كە مەسحو شۆردن لەیەك دەسنوێژدا كۆبكرێنەوە، لەبەرئەوە شۆردن سەردەكەوێ، چونكە ئەو بناغ (أصل)ەیە.

دووەم: سۆلەکان ئەوەندە قایم بن کە بەرگەی ئەوە بگرن کە یەك لە شوێنی یەك هاتوچۆی پێبکرێ بۆ ئەو ئیشانە کە پێویستی ڕێبواران، لە کاتی بارخستن‌و بارکرندا، لای کەمی ئەم هاتوچۆیە، وەك غەزالی دەفەرموێ، سێ میلە، بەڵام شێخ ئەبو موحەممەد داینـاوە بە مەسافەی قەصر، ئەم فەرمایشتەیش متمانە پێکراوە[1] سۆڵێ کە ئەم هاموشۆیە پێ نەکرێ ئەوە مەسحی دروست نیە، وەك سۆڵێ لە پەڕۆی تەنك دروست کرابێ، یا لە شتی وا، وەك گۆرەوی، کە ئاو دادەدا، یا لە شتی وا دروست کرابێ کە زۆر رەق بێ وەك سۆلی ئاسن!

سێیەم: ئاودانەدا، لەسەر فەرمایشتی متمانەدار، چونکە زۆربەی خوف ئەم مەرجەی تیایە، کەواتە: دەقەکان دەبڕێن بەسەر ئەو جۆرەدا.

چوارەم: دەبێ سۆلەکە خۆشی پاك بێ، چونکە دروست نیە، بە بەرگی پیسەوە نوێژ بکرێ.

٢١) ماوەی دەسپیاهێنان (مُدَّةُ المَسح):

---

[1] لێرەدا لە عیبارەتی ئەصڵەکەدا هەست بە ئاڵۆزی دەکرێ، لەگەڵ موغنی‌و شەریعەتی ئیسلام‌و (الفقة علی المذاهب الاربعة) رێناکەوێ. لە موغنیدا دەفەرموێ:

مەحامیلی ئەو ماوەیەی دیاری کردووە بەسێ شەو یا زیاتر، ئەسنەوی لە (التنقیح)دا رای لەسەر رای ئەمە، لە (المهمات)یشدا دەفەرموێ: متمانە پێکراو ئەوەیە کە شێخ ئەبو حامید دیاری کردووە بە نزیکەی مەسافەی قەصر. مەبەست ئەوەیە کە ئەو سۆلە لە ماوەی سێ شەودا رێبوار چەن جار لادەدات بۆ وچان‌و، بار بار دەکاتەوە هاموشۆی ئەم وردە ئیشانەی پێبکرێ.

- وەرگێڕ -

دروسته بۆ نیشتەجێ (مقیم) لە دەسنوێژا، لە باتیی شۆرینی پێ، دەستی تەڕ بهێنێ بەسەر خوفەکانیدا، لە ماوەی شەوو ڕۆژێکا، وە بۆ ڕێبوار (موسافیر) لە ماوەی سێ شەوو سی ڕۆژدا، بەپێی فەرموودەکەی ئەبوبەکر {ڕەزای خوای لێبێ}: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} ڕێگەی بە ڕێبوار داوە، لە دەسنوێژدا تا ماوەی سێ شەوو سێ ڕۆژ دەس بهێنێ بەسۆلا، بە نیشتەجیش تا ماوەی شەوو ڕۆژێ (ئیبنو خوزیمەو ئیبنو حەببان، هەرکەسیان لە صەحیحی خۆیدا گێڕاوەتەوە) صەفوانی کوڕی عەسسالیش {ڕەزای خوای لێبێ} گێڕاویەتەوە: جاران کە لە سەفەردا دەبووین پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پێمانی دەگوت کە تاماوەی سێ شەوو سێ ڕۆژ سۆلەکانمان تەڕ کەین و لەو سێ ڕۆژانەدا دایان نەکەنین، نەبۆ پیسیو نەبۆ گمیزو نە بۆ خەو، مەگەر بۆ لەشپیسی (نەسائی: تیرمیذی) ترمیذی دەفەموێ: فەرمووەیەکی ساغی جوانە، مەجی سەفەر ئەوەیە: بۆ گوناه نەبێ، دەنا دەبێ بە قەدنیشتەجێ مەسح بکا.

٢٢) سەرەتای ماوەی دەسپیاهێنان:

سەرەتای ماوەی دەسپیاهێنان لەو بێدە سنوێژییەوە دەس پێدەکا کە لە پاش پۆشینی سۆلەکە پەیدا دەبێ، نەك لە سەرەتای پۆشینی سۆلەکەوە، چونکە دەسپیاهێنان پەرستنێکی کات دیاری کراوە ئەویش وەکو نوێژ هەتا کاتەکەی نەیێ دروست نیە بکرێ، داوودی ظاهیری دەفەرموێ: سەرەتای ماوە لە پۆشینەوەیە. ئەوەویش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەمە ڕای پەسەندکراوە، چونکە ئەمە خوازە (موقتەضا)ی

فەرمووده ساخەکانی ئەم باسەیە، ئەگەر لە سەفەرا دەستی کرد بە دوسپیاهێنان، لە پاش بوو بە نیشتەجێ، یا نیشتەجێ بوو دەستی پێی کردو بوو بە ڕێبوار دەسپیاهێنانی نیشتەجێ تەواو دەکا، چونکە دەسپیاهێنان پەرستنە (عیبادتە)، لەم حاڵەدا نیشتەجێو ڕێبواری تیا کۆبۆتەوە لەبەر ئەوە بڕیار (حوکم)ی نیشتەجێی هەیە، ڕێك وەك چۆن ئەگەر.لە نیشتەجێیدا دەستی کرد بە نوێژ لە دواییدا بوو بە ڕێبوار هەقی نیە ئەو نوێژە کورت بکاتەوە، چونکە لە کاتی وادا نیشتەجێی زاڵ دەکرێ. ئەگەر ڕێبوار گومانی کرد: کە دەسپیاهێنانی لە نیشتەجێیدا دەست پێکردووە، یا لە سەفەردا ئەوە گار بە نیشتەجێی دەکات، چونکە ئەو بنەڕەتە.

٢٣) چۆنێتی دەسپیاهێنان:

لای کەمی دەسپیاهێنان ئەوەندەیە کە ناوی دەسپیاهێنان (مەسح) بێ بەسەر پشتی سۆڵەکەدا، لەبەرئەم فەرموودەیە، کە موغیرە {ڕەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: پێغەمبەرم بینی دەستی تەڕی هێنا بەسەر پشتی سۆڵەکانیدا (ئەحمەدو ئەبو داوودو تیرمیذی). بەلاّم هەرە تەواوەکەی ئەوەیە: دەستی تەڕ بهێنێ بەسەر پشتو بەری سۆڵەکاندا بە چەند کێڕێ* بەپێی فەرموودەکەی موغیرەی کوڕی شوعبە {ڕەزای خوای لێبێ}:

---

* دەگوترێ: کێڕ کێڕ، واتە: خەت خەت

- وەرگێڕ -

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەستی هێنا بەسەر پشتو بە بەری سۆڵەکەیدا. چۆنێتیەکەیشی ئاوایە: دەستی چەپی لە ژێرقنگە پاژنەیدا دانێو دەستی راستی لەسەر پشتی سەرپەنجەکانی دابنێو پەنجەکانی هەردوو دەستی بڵاوبکاتەوە، ئەوجا دەستی راستی رابکێشێ بەسەریدا هەتا دەگاتە لاقێو دەستی چەپیشی بەکێش بکا بەسەر بەری پێیدا هەتا دەگاتە نووکی پەنجەکانی.

٢٤) چی دەسپیاهێنان پووچ دەکاتەوە:

دەستهێنان بەسەر سۆڵدا بەم سێشتە پووچ دەبێتەوە:

یەکەم: داکەندنی هەردوکیان یا یەکێکیان، یا کاتێ سۆڵەکە لەکار بکەوێ بەمجۆرە بدڕێ، یا بێهێزبێ، لەم کاتانەدا ئەگەر دەسنوێژداربوو بەس هەردوو قاچی بشۆرێ بەسە، دەنا دەبێ سەر لەنوێ دەسنوێژی تەواو بگرێتەوە.

دووەم: کاتێ ماوەکەی تەواو بوو، کە شەوو رۆژێ بۆ نیشتەجێو سێ شەوو سێ رۆژ بۆ رێبوار، بەسەر مەسحەکەیاندا تێپەڕی ئیتر دەستپیاهێنان پووچ دەبێتەوەو دەگەری نامێنێ، دەبێ سەرلەنوێ دەسنوێژی تەواو بشۆرێو قاچی بشۆرێو سۆڵەکان لە پێبکاتەوەو ئەوسا دەست بکاتەوە بە دەسپیاهێنانی نوێ، ئیتر هەروا، ئەمەیش دەیسان بەپێی فەرموودەکەی صەفوان کە لە پێشەوە رابوورد.

سێیەم: کاتێ دەسپیاهێن قاچی خۆی شۆرد، دیسان بەپێی فەرموودەکەی صەفوان.

ئەگەر قاچی لەناو سۆڵەکەدا پیس بوو، وە نەدەکرا کە لەناویدا قاچی بشۆرێ پێویستە دایبکەنێو قاچی بشۆرێ، بەڵام دەسپیاهێنان پووچ دەبێتەوە، ئەگەر دەکرا لە ناویدا قاچی بشوات ئەوا با بیشواتو دەسپیاهێنانیش پووچ نابێتەوە!.

٢٥) تەیەممووم:

پێناسەکەی: تەیەممووم لە زمانی عەرەباندا واتە: چوون بۆ لای شتێ، لە شەرعا: ئەوەیە مرۆڤ لەباتی ئاوی دەسنوێژ بە تۆزێکی پاك دەست بهێنێ بەدەمو چاوو هەردوو دەستیا لەگەڵ ئانیشکەکانیا، بەپێی چەند مەرجێکی تایبەت. سەر بەڵگەی دروسبوونی، قورئانو سوننەتو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلامە. خوای گەورە دەفەرموێ: {فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ – سورة النساء – ٤٣/٤}. واتە: ئەگەر لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئاو نەبوو ئەوا قەستی هەڵگرتنی گڵێکی پاك بکەنو لە تۆزی ئەو گڵە پاکە دەست بهێنن بە روخسارو بەدەستتاندا). ئیبنو عەببا {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: واتە: ئەگەر نەخۆش بوون تەیەممووم بکەن، هەروا ئەگەر رێبواریش بوونو ئاوتان دەست نەکەوت تەیەممووم بکەن. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: رووی زەوی هەموو بۆ خۆمو ئوممەتم وەك

مزگــەوت وایــەو خۆڵەکــەی پــاك و پاکەوەکــەرەو لــە کــاتی پێویــستدا تەیەممومی پێدەکەین (موسلیم).

٢٦) یاسای دروستبوونی تەیەمموم:

بــزانن ئــەوەی دەبــێ بــە هــۆی دروســتبوونی تەیــەمموم نــەتوانینی بەکارهێنانی ئاوە بەراستی، یا بەپێی شەرع، نەتوانینیش چەند هۆیـەکی هەیە:

یەکێکیان سەفەرە، ڕێبواریش ئەم چوار حاڵەی هەیە:

یەکەم: ئەوەیە سوور بزانی کە ئاو لەو شوێنەدا نیە ئەوە پێویستە تەیــەمموم بکا بــەبێ ئــەوە بگــەڕێ بــە شــوێنی ئــاوا، چونکە لـەکاتی وادا گەڕان بۆ ئاو بێهوودەیە.

دووەم: ئەوەیــە گومــانی وابــێ کــە لەوانەیــە لــەو دەوورو بــەرەدا ئــاو هــەبێ، ئــەوە دەبــێ بگــەڕێ بــە دوایــا، چــونکە تەیــەمموم پاکییــەکی ناچارییە، دەی هەتا ڕێی تێبچی کە بە ئاو دەسنوێژ بگرێ یا لەشپیسی خۆی دەربکا ئەو ناچارییە نایەتەدیو ڕێگەی تەیەمومی بێ نادرێ.

سـێیەم: ئەوەیــە سـوور بزانــێ کــە ئـاو لــە دەوروبــەری هەیــە، ئــەم حاڵەیان دوو لقی لێدەبێتەوە، ئەگەر ئاوەکە لێیـەوە ئەوەنـدە دوور بـوو کە شوانو داربڕ بۆ لەوەڕو داربڕین ئەوەندە دوور دەکەوتنـەوە پێویـستە بــڕوا بــۆیو تەیــەمموم دروســت نیــە، ئەگــەر ئاوەکــە ئەوەنــدە دوور بــوو

ئەگەر بڕوا بۆی نوێژەكەی دەچێ ئەوە تەیەمموم دەكا، چونكە ئەوە لە ئێستادا بێئاوە، خۆ گریمان ئەگەر چاوەڕوانیكردنی ئاو هەتا كاتەكە بەسەر دەچی پێویست بێ، ئەوە لە بنەڕەتدا تەیەمموم بڕیار نەدەدراو نەدەكرا بە یاسای دامەزراو.

چوارەم: ئەوەیە ئاو هەبێ، بەڵام لەبەر قەرەباڵغیی ڕێبوارەكان بەر ئەو نەدەكەوتو دەستی نەیدەگەیشتێ، ئەوە لەسەر فەرمایشتی دامەزراو تەیەمموم دەكات، لەبەر نەتوانینی لەبەرچاو، گێڕانەوەیشی لەسەر نیە.

یەكێ تریان: نەخۆشییە، نەخۆشیش ئەم سێ بار (حاڵ)ەی هەیە:

باری یەكەم: ئەوەیە كە مەترسی گیانی، یا نەمانی ئەندامێ، یا نەمانی سوودو قازانجی ئەندامێ، یا پارچەیێ لە ئەندامەكانی هەبێ، ئەوە تەیەمموم دەكا.

باری دووەم: ئەوەیە كە مەترسی ئەوەی هەبێ نەخۆشییەكەی زیاد بكا، واتە: ئێش‌و ئازارەكەی پتر بكا، یا درەنگ چاك بێتەوە، یا مەترسی ئەوەی هەبێ كە لەكەیەكی ناشیرین لە ئەندامێكی بەدەرەوەبوویدا، پەیدابێ، وەك ئەوە پەڵەیەكی ناهەموار لە روخساریدا یا لە جێیەكی تریدا كەوا بەدەرەوە دەركەوێ، لەم مەترسی پێویستە تەیەمموم بكا، لەسەر رای دامەزراو.

باری سێیەم: مەترسی لەكەیەكی كەمی هەبێ وەك كونجری ئاوڵە، یا پەڵەیێ رەشی كەم، یاخود مەترسی ئەوەی هەبێ كە لەكەیەكی ناهەموار لە ئەندامە شاراوەكانیدا ببێ، لەم كاتانەدا دروست نیە تەیمموم بكا!

بـۆ نەخۆشـەکە هەیـە بتمانـە بـە زانیـاری خـۆی لـە بابـەت نەخۆشییەکەیەوە بکا، بە مەرجێ لێی بزانێ یا خاوەن ئەزموون بێ، کە ئایا مەترسیدارە یانا؟ هەروەها باوەڕبکا بە قسەی پزیشکی شارەزای موسوڵمانی بالقبووی بەداد، چونکە خودای گەورە خۆی دەسنوێژی پێویست کردووە، لەبەر ئەوە ناگۆڕدرێ بەشێکی تر مەگەر لەسەر شایەتی کەسێ کە خوا خۆی شایەتیەکەی قەبوڵ بفەرموێ، وەلحاڵ خوا خۆی قسەی بێبڕواو مرۆڤی بەدکاری پووچ کردۆتەوە، لە سەر رای ناودار شایەتییەك کەسیش پەسەند دەکرێ، با تاقە ژنێکیش بێ.

٢٧) مەرجەکانی دامەزرانی تەیەمموم:

بۆ دامەزراندنی تەیەمموم چەند شتێ مەرجە:

یەکەمیان: هاتنی کاتی نوێژە، بەپێی ئایەتی ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مَّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا سورة المائدة ٦/٥﴾. وشەی (قیام) لە ئایەتەکەدا، کەواتای وایە: کاتێ هەڵسان بۆ نوێژ ئەوسا تەیەمموم بکەن، ئەم کارە نایاتەدی هەتا کاتی نوێژەکە دانەیێ، دەسنوێژ بۆیە دادەمەزرێ لە پێش هاتی کاتدا چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کردوویەتی، بەلام تەیەمموم لەسەر رووکار (ظاهر)ی ئایەتەکە مایەوە، دیسان بەپێی فەرموودەکەی (دروودی خوای لەسەربێ) رووی زەوی

هەمووی بۆ خۆم و ئوممەتم وەك مزگەوت وایەو خۆڵەكەی پاك و پاكەوەكەرەو لەكاتی پێویستدا تەیەممومی پێدەكرێ، لەهەر شوێنی نوێژم لێبوو، تەیەمموم دەكەم و نوێژی خۆمی لێدەكەم (موسلیم) ئەوەی كە دەفەرموێ: لەهەر شوێنێ نوێژم لێبوو تەیەمموم دەكەم. بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە هەتا كاتی نوێژەكە نەیێ نابێ تەیەمموم بكا، دیسان لەبەر ئەوەیش كە تەیەمموم پاكییەكی ناچارییە، ناچاری پێویست نابێ لە پێش هاتنی كاتی نوێژەكەدا.

دووەمیان: گەڕانە بە شوێن ئاوا، بەپێی ئایەتی: {فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ – سورة المائدة – ٥/٦} یەزدانی پاك فەرمانمان پێدەكا كە لەكاتی دەست نەكەوتنی ئاودا تەیەمموم بكەین، ئەوەیش نایەتە دی و نازانرێ كە ئاو لەو شوێنە هەیە یا نییە هەتا بۆی نەگەڕێ، كەواتە ئەو كەسەی كە دەیەوێ تەیەمموم بكا لە سەریەتی لە پێشدا بگەڕێ بۆ ئاو، ئەگەر دەستی نەكەوت ئەوسا تەیەمموم بكا، گریمان كەسێكی تر لە باتی ئەوبگەڕێ دەبێ، بە مەرجی ئەوە خۆی ڕێگەی ئەوەی پێبداو كابرایش جێگەی باوەڕ بێ، چۆنێتی بۆ گەڕانیش ئاوایە: نابارو بنەی خۆی بگەڕێ، چونكە ڕێی تێدەچێ كە ئاوی تیابێ و ئەو هەستی پێنەكا، جا ئەگەر دەستی نەكەوت و ئەو شوێنە سارایەكی تەخت بوو بڕوانێ بەهەر چوار لای خۆیدا، بە تایبەتی تەماشای سەوزەڵان و جێگەی كۆبوونەوەی مەل و مۆربكا، ئەگەر شوێنەكە بەرزو نزم بوو، بە ڕوانینی چاو شتەكە تاقی نەدەكرایەوە، پێویستە بگەڕێ بۆ ئاو بەو دەوروبەرەدا هەتا ماوەیێ (مەسافەیێ) كە ناو دەبرێ بە ماوەی بانگكردن و بە هاوارەوە هاتن، كە برێتییە لەو ماوەیە ئەگەر هاوار لە هاوڕێكانی بكا لەكاتی

خەریکبوونیاندا بگەن بە فریایدا، ئەمەیش بەم مەرجە ئەو کەسە مەترسی زیانی گیانو سامانی نەبێ، بەڵام ئەگەر مەترسی ئەوەی هەبوو پێویست بە گەڕان ناکا، ڕەوایە بۆی کە تەیەمموم بکا، چونکە ترسی وا لەکاتی هەبوونی ئاویشدا بەقینی دەبێ بەهۆی ڕەوابوونی تەیەمموم، کە واتە لە کاتێکا کە هەبوونی ئاوەکە شتێکی خەیاڵیبێ باشتر دەبێ بەهۆی ڕەوا بوون!

جا ئەگەر هاوڕێی لەگەڵ بوو دەبێ بپرسێ: کێ ئاوی هەیە؟ پێویستە لەسەری کە ئاوی دەسنوێژو خۆشۆردن بکڕێ، مەگەر ئیشی بە بەهاکەی بێ بۆ مەسرەفی هاتوچۆی ڕۆیشتنو هاتنەوەی سەفەرەکەی، ئەگەر بە نرخی ئاسایی ئاوی بەکڕین دەست نەدەکەت، پێویست ناکا بە گران بیکڕێ بازیادەکە کەمیش بێ ئەمەیش بە گوێرەی فەرمایشتی دامەزراوە!

سێیەمیان: دەست نەدانی بەکارهێنانی ئاوە، وەك کەسێ ئاوی دەست دەکەوێ بەڵام لە ترسی نەخۆشیو جێمان لە کاروانی ناوێرێ بە کاری بهێنێ، یا ئاوەکە کە پێویست بێ بۆ خواردنەوەی خۆی یاهی هاوڕێی، یا هی گیانداریکی بەقەدر، لە ئێستادا یا لە ئاییندەدا، لەم کاتانەدا دەبێ تەیەمموم بکا.

ئەگەر کەسێ مرد، بەشی شۆردنەکەی ئاوی پێبوو بەڵام هاوڕێکانی توونییان بوو، ئەوە ئاوەکەی دەخۆنەوەو تەیەممومی بۆ دەکەنو، بەهای ئاوەکە دەخەنە سەر کەلەپوور (میرات)ەکەی، کەسانی تینوو دەتوانن بە زۆر ئاو بە بەهای خۆی لە خاوەنەکەی بستێنن، بە مەرجێ خۆی

پێویستیی پێی نەبێ، بەڵام ئەگەر خۆی پێویستیی پێی هەبوو نابی لێی بستێنن چونکە خاوەنی شت خۆی لە پێشترە پێی.

چوارەمیان: گڵێکی پاکە، تۆزێکی وای هەبێ بنووسێ بە روخسارو هەردوو دەستەوە، بەپێی ئایەتی: {فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا – سورة المائدة – ٥/٦} واتە: مەبەست لە (صەعیدی طییب) خۆڵی پاکە، وشەی (صەعید) موجمەلە، خۆڵو هەرچی وا لەسەر رووی زەوی بەرێگەوبانیشەوە بەر (صەعید) دەکەوێ، بەڵام پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەم فەرموودەیەدا واتای مەبەستی لەم وشە گشتییە دیاری کردووە کە دەفەرموێ: بۆ تەیەمموم خۆڵت بەسە، هەروا لەم فەرمایشتەیشدا: رووی زەوی هەمووی بۆخۆم‌و ئۆمەتم بۆ نوێژ لێکردن وەك مزگەوت وایە، خۆڵکەیشی پاکەو پاکەوەکەرەو لە کاتی پێویستدا تەیەممومی پێدەکەین (موسلیم). ئەوەتا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە دواگوتنی زوییەوە، ناوی خۆڵیشی هێناوە، هەتا ئاماژە بکا بۆ ئەوە کە خۆڵ بۆ تەیەمموم پێویستە، ئەگەر پاکێتی‌و پاکەوەکەریی، تایبەت نەبوونایە بە خۆڵەوە، لەباتی ئەمە ئاوای دەفەرموو: رووی زەوی هەمووی بۆ خۆم‌و ئومەتم هەم وەك مزگەوت وایە، هەم پاکەو پاکەوەکەرەو لەکاتی پێویستدا تەیەممومی پێدەکەین! بۆیە دەبوو وای بگوتبایە چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} روونکەرەوەی مەبەست لە ئایەتە رەهاکانە. ئیبنو عەبباسیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: صەعید برێتییە لە گڵی وەرد! ئیبنو مەسعوودیش {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: صەعید برێتییە لە گڵێ کە تۆزی هەبێ! شافیعی {رەزای خوای لێبێ}

دەفەرموێ: صەعید بریێتییە لە هەموو گڵێ کە تۆزی هەبێ، فەرمایشتی شافیعیش لە زماندا دادەنرێ بە بەڵگە، چونکە زمانەوانێکی عەرەبیزانە.

وەك گوترا بەپێی (صعیدا طیبا) مەرجی گڵەکە ئەوەیە کە پاك بێ، چونکە وشەی (طیب) لە زماندا ئەم سێ واتایەی هەیە: ئەوەی دڵ خۆشی لێوەربگیرێ، حەلاڵ، پاك. لەم سێ واتایەیش پاك بۆ خۆڵ دەگونجێ، لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەریشدا {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: خۆڵکەیشی پاکەو پاکەوەکەرە بەڵگە هەیە لەسەر ئەم قسەیە کە (طیب) بە مەعنا طاهرو پاکە![1] وەکی تریش ئاوی پیس دەسنوێژی دروست نیە، کەواتە وەجەڵی ئاویش کە خۆڵە لە تەیەمومدا کە تەیەمموم وەجەڵ (بەدەل)ی دەسنوێژە، دەبێ وەك ئەو وابێ، نابێ پیسبێ، دەنا تەیەمومی پێ دروست نابێ.

---

(١) لە موغنی موحتاجدا دەفەرموێ: حەدیسی: (رووی زەوی هەمووی بۆ خۆمو ئۆمەتم وەك مزگەوت وایەو، خۆڵەکەیشی پاکەو پاکەوەکەرە) ئەم گێڕانەوەیە روونکەرەوەو موبەیینە بۆ ئەو گێڕانەوە رەها (موطلق)ەی کە ئەمەی تیایە: (رووی زەوی هەمووی بۆ خۆمو ئۆمەتم هەم وەك مزگەوت وایە، هەم پاکەو پاکەوەکەرە). کەواتە لە عیبارەتی کتێبەکەی بەردەستماندا ئاڵۆزیو شێواوی هەیە. لە زۆر شوێنی تریش شتی وا هەیە.

٢٨) فەرزەکانی تەیەمموم:

تەیەمموم چوار فەرزی هەیە:

فەرزی یەکەم: نیەتە بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: گشت کارێ بەپێی نیەتەکەیەتی چۆنێتێکەشی ئەوەیە نیەتی حەڵاڵکردنی نوێژ بهێنێ، نەك هی لابردنی بێدەسنوێژی، چونکە تەیەمموم پاکیی ناچارییە، بێدەسنوێژی لا نابات، بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ}. بە عەمری کوڕی عاص: چۆن بەرنوێژیت بۆ هاوڕێکانت بە لەشی پیسەوە کردووە!). ئەگەر تەیەمموم بێ دەسنوێژی لاببردایە پێی نەدەفەرموو:بە لەشی پیسەوە، کەواتە: برێتییە لە حەڵاڵکردنی نوێژو لە حەڵاڵکردنی ئەو شتانەی بەبێ پاکی ناکرێن. کاتێکیش نیەتی ڕەوادیتنی هێنا ئەم چوار بارەی هەیە:

باری یەکەم: نیەتی ڕەوادیتنی فەرزو سوننەت بەیەکەوە بهێنێ، ئەوە هەردوولایانی بۆ ڕەوا دەبێ، بۆی هەیە سوننەتە کە لەپێش فەرزەکەدا بکا، یا بە پێچەوانەوە، هەروا بۆی هەیە لەکاتی خۆیاندا بیانکا، یا لە دەرەوەی کاتیاندا.

باری دووەم: نیەتی فەرز بهێنێ، فەرزەکەی بۆ دروست دەبێ، هەروا سوننەتی پێش‌و پاشی بۆ ڕەوا دەبێ.

باری سێیەم: نیەتی سوننەت بهێنێ بەتەنها، لەم بارەدا لەسەر فەرمایشتی دامەزراو فەرزی بۆ دروست نییە چونکە سوننەت پاشکۆ (تابیع)ی فەرزە.

باری چوارەم: نیەتی نوێژی رووت بێنیّو بەس، ئەم بارەیش وەك باری سێیەم وایە، لەسەر فەرمایشتی دامەزراو بەس مافی سوننەتی هەیە.

فەرزی دووەمو سێیەمی تەیەممووم: دەسهێنانە بە روخسارو بە هەردوو دەستدا، لەسەر پەنجەکانەوە هەتا لای ژووری هەر دووئانیشك. بەپێی ئایەتی {فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم – سورة المائدة – ٦/٥} . گەرچی لە ئایەتی تەیەمومدا باسی ئانیشك نەکراوە، بەلاّم چونکە تەیەممووم وەجەلّی دەسنوێژە لە دیاریکردنی ئەندازەی دەسهێنان بە ئەندامەکانیدا حوکمو بڕیاری دەسنوێژی پێدەدریّ، لە دەسنوێژیشدا ئەندازەی دەست هەتا سەر ئانیشکە، کەواتە لە تەیەمومیشدا هەروا، وە بەپێی کردنی پێغەمبەریش (درוودی خوای لەسەربێ) کە دەستی دەهێنا بە هەردوو دەستتدا هەتا هەردوو سەر ئانیشك، بەپێی فەرموودەکەی ئیبنو عومەر: پێغەمبەر (درוودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: تەیەممووم برێتییە لە دوو پیاکێشان، یەکێکیان بۆ دەموچاو، ئەوی تریان بۆ هەردوو دەست هەتا هەردوو ئانیشك! حاکم ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوەو وەسفی جوانیشی کردووە، هەروەك بە قیاس لەسەر دەسنوێژ دەسهێنان بە ئانیشکدا پێویست دەبیّ، چونکە وەك گوترا: تەیەممووم وەجەلّی ئەوە. لەسەر فەرمایشتیّ، یەك پیاکێشان بەس دەکا، کە مەسحی روخسارو هەردوو لەپی پیّ بکریّ، بەپێی فەرموودەکەی عەممار: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرمووم: تەنها ئاوەهات بەس بوو، ئەوجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەردوو لەپی خۆیی مالّی بەسەر رووی زەوییەکەداو فووی لێکردن تا تۆزەکەیان تۆزیّ سووك بیّ، ئەوسا بە هەردوو ناولەپی

مەسحی دەمووچاوو هەردوو دەستی خۆیی تا هەردوو مووچی کرد (شەیخان) شافیعی دەفەرموێ: هەرکاتێ دەرکەوت کە فەرموودەیەکی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لەسەر مەسەلەیێ هەیە، وە فەرموودەکەیش ساخ بوو، لاوازو بێهێزنەبوو، ئیتر پەیڕەوی ئەوە بکەن، وەبزانن کە ئەوە ڕێبازو مەزهەبی منە. دیارە کە حەدیسەکەش ساخو صەحیحە. نەوەوی دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە، لە دیمەنی سوننەتیشەوە زۆر نزیکە.

چوارەم فەرزی تەیەممووم: ڕیزلێکرتنە، کەواتە: پێویستە ڕوخسار لە پێش دەستدا تەیەممووم بکرێ، چونکە ئەندامی پاکێتی تەیەممووم دوانن، کەواتە لە دەسنوێژ دەچێو وەك ئەو ڕیزلێگرتنی فەرزە، پێویستە ئەنگوستیلە دابکەنرێ، چونکە خۆڵ ناچێتە ژێری، بە پێچەوانەی ئاوی دەسنوێژەوە، چونکە لەودا داکەندنی ئەنگوستیلە فەرز نیە ئەگەر ئاو ژێری تەڕ دەکرد.

٢٩) سوننەتەکانی تەیەممووم:

سوننەتەکانی تەیەممووم سێ شتە: ناوی خوا هێنانو پێش خستنی لای ڕاست لەسەر لای چەپو بەین نەکەوتن (مووالات). بەپێی ئەو بەڵگانەی لە دەسنوێژا لە پێشەوە ڕابوردن، بە قیاسیش لەسەر دەسنوێژ، سوننەتە تۆزەکە لە هەردوو لەپی سووك بکاو، لەلای ژوورووی ڕوخسارەوە بهێنێتە خوارەوە، وە لە سەرەتای هەردوو جارەکەوە کە دەست دەدا بە زەویدا پەنجەکانی بڵاوبکاتەوە، وە لەپاش دەسهێنان بە هەردوو دەستا نێوانی پەنجەکانی بئاژنێتەوە، کە دەستیش دەهێنێ بە

ئەندامەكانيدا هەتا دەسپياهێنانەكەی تەواو نەكا دەست هەڵنەبڕێ، تا لە ڕاجيايی كەسانێ كە ئەمە بە پێويست دادەنێن دەربازبين.

٣٠) بەچی تەيەمموم پووچ دەبێتەوە:

تەيەمموم بەم سێ شتە پووچ دەبێتەوە:

يەكــەم: ئــەوەی دەســنوێژ بــەتاڵ بكاتــەوە تەيــەممومیش بــەتاڵ دەكاتەوە، چونكە ئەويش وەك دەسنوێژ پاكييەكە نوێـژی پێـرەوا دەبـێ، كەواتە ئەويش بەتاڵ دەبێتەوە بە هەموو جۆرە بێدەسنوێييەك.

دووەم: دەسكەوتنی ئاوە لە غـەيری كاتی نوێژەكـەدا، ئەگـەر كەسـێ تـەيەممومی كرد لە بەرنـەبوونی ئـاو، بـەڵام پـێش ئـەوەی دەسـت بكـا بـە نوێژ ئاوی دەسـكەوت ئـەوە تەيەممومەكـەی پووچـە، بـەپێی فەرمايـشتی (درووودی خوای لەسەربێ): خـۆڵی پـاك ئـاوی دەسـنوێژی موسـوڵمانە بـا دەسـاڵيش لەسەر يەك ئاوی دەست نەكەوێ، بـەڵام هـەركاتێ ئـاوی دەسـت كـەوت بـا دەسنوێژی پێگرێ (ئەحمەد ، تيرميذی ، تيرميذی بە ساغی داناوە).

ئەگەر ئاوی دەستكەوت بەڵام بەرگرێ هـەبوو لـە بـەكارهێنانی، وەك ئەوە پێويستی بوو بـۆ خواردنـەوە، يـا ڕێگرێكـی لەسـەربوو وەك درنـدەو دوژمـنو شـتی تـری وا، ئـەوە تەيەممومەكـەی پـووچ نابێتـەوە، چـونكە ئەمانە لە سەرەتاوە هـۆی دروسـت بـوونی تەيـەممومن، ئـيتر چـۆن دەبـن بەهۆی پووچ بوونەوەی. وەلێ ئەگەر لەپاش دەستكردن بە نوێژەكە ئـاوی دەسـت كـەوت، ئـەوا نـە تەيەممومەكـەی پـووچ دەبێتـەوە نـە نوێژەكـەی، چونكە ئەوە دەبـێ بـەهۆی پووچكردنەوەی پەرسـتنێكی لـە كۆڵخـەرەوە،

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بە دەستپێکردنی نوێژەکە دەچێتە ناو مەبەستەوە، کەواتە وەك چۆن کەفارەتدەر پاش دەستکردن بە ڕۆژووی کەفارەت بەندەیشی دەستبکەوێ، پێویست نیە لەسەری ئازادی بکا، ئەمیش هەروا.

سێیەم: وەرگەڕان لە ئیسلام، چونکە ئەوە هەموو کردەوەیەك پووچ دەکاتەوەو گشت پاداشتێ دەفەوتێنی، تەیەمومیش کردەوەی باشە، چونکە عیبادەتە.

٣١) دەسهێنان بەسەر تەتەو موشەممادا:

تەتە (شەپك: جەبیرە): تەتەڵەدارو موشەممای گەچو شتی وا کەئێسکی شکستی پێهەڵ دەبەسترێتەوە، مەبەست لە موشەممایش ئەو پەڕۆو دەستە سرو شتانەیە کە برینی پێدەپێچرێ. جا ئەم جۆرەکەسانە ئەگەر تەتەو موشەمماکەیان پێویست بوو، وە بەبێ زیان قابیلی لابردن بوو لەکاتی وەرگتنی پاکیدا، ئەوە پێویستە داپۆشەرەکە لاببا، ئەوجا ئەوەی ساغە بیشوا ئەگەر دەیشگونجا جێگەی نەخۆشینەکەیش بشوا، دەنا لەباتی ئەوە تەیەمموم بکا، ئەگەر شوێنەکەی لە ئەندامی دەسنوێژبوو بەڵام ئەگەر قابیلی لابردن نەبوو، ئەگەر لایبردایە تووشی زیان دەبوو، ئەوە داوای لێناکرێ کە لای ببا، بەڵام پێویستە ئەوەی ساغە بیشوا، هەتا دەبێ ژێر قەراخی تەتەکەیش بشوا، ئەگەر دەستی دەدا ئەوجا دەستی تەڕ بهێنێ بەسەر تەتەکەدا، لەپاش ئەوە یەکسەر تەیەممومیش بکا، بەپێی فەرموودەکەی جابیر (ڕەزای خوای لێبێ) کە دەفەرموێ: لە سەفەرێکا بەردێ دای لە پیاوێکمان سەری شکان، لەپاشا

شـەیتانی بـوو، لـە هاوڕێکـانی پرسـی گـوتی: ئایـا ڕێگـەی تەیـەمموممم پێدەدەن؟ دەڵێت: نەء، ڕێگەت پـێ نـادەین، چونکه تـۆ دەتوانیت ئـاو بـە کاربێنی، ئەویش خۆی شۆردو مرد، جا کـە هاتینـەوە بـۆلای پێغەمبـەرو ئـەم باسـەیان بۆیگێڕایـەوە فـەرمووی: کوشـتوویانه خـودا بیـانکوژێ، کـە خۆیـان نـەیانزانیوە، بـۆ نەیانپرسـیوە لـە زانایـێ، چونکه چاری نـادانی تـەنها پرسـینەو فێربـوون). ئـەم پیـاوە تـەنیا ئەوەنـدەی بەسـبوو کـە لـە جیـاتی شـۆردنی شـوێنە زامارەکـەی بـە خـۆڵ تەیـەممومی بکردایـەو بـە پـەڕۆیێ برینەکـەیی بپێـچایەو ئینجـا لـەجیاتی شـۆردنی ژێرپەڕۆکـە دەسـتی تـەڕی بەسـەر ئـەو پەڕۆیـەدا بهێنایـە، وە بـاقی مەنـدەی لەشـی بشۆردایە (ئەبو داوود، ئیبنو ماجە، دارە قوطنی). لێرەدا سەرنج دەدەین ئەگەر خاوەن تەتەکە لەشی پیسبوو ئـەوە خـۆی سەرپشکە دەتوانـێ لـە پێشدا خۆی بشۆرێو لـە پاشـدا تەیـەمموم بکا یـا بـە پێـچەوانەوە، بەڵام ئەگەر بێ دەسنوێژ بوو، نابێ لە ئەندامێکەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەندامێکی تـر هـەتا بـە تـەواوی دەسـنوێژی ئـەو ئەندامـە تـەواو دەکـا، چـونکه بـە دەسنوێژدا ڕێزلێگرتن پێویستە. جا ئەگەر شکستو برین هەرچوار پـەلی داگرتبوو ئەوە یەك تەیەممومی بەسە، چونکه لە لە کۆڵکەوتنی شۆردن ریزلێگرتنیش لە کۆڵ دەکەوێ!

ئەوەندە هەیە ئەگەر تەتەو موشەمماکە لە سەرپاکی دانەنرا بوونو ژێرەکـەیان پـیس بـوو ئـەوە دەبـێ لـە پـاش خۆشـەوەبوون نوێژەکـە بگێڕێتـەوە، چونکه لـە دەسـنوێژو خۆشـۆردندا لابردنـی پیسی مەرجـە. مایەوە سەر ئـەوە ئەگـەر زامەکـە پێویستی بـە تەتـەو موشـەمما نـەبوو، بـەڵام دەترسـا کـە ئـاودز بکـا، ئـەوە بـەپێی توانـا سـاغەکە دەشـواو لـە

سەریەتی تەیەمموم بکا بەڵام پێویست بە دەستی تەرهێنان بەسەر شوێنی دەردەکەدا ناکا.

٣٢) پێویستە بۆ هەموو فەرزێ تەیەممومێ بکا:

لە پێشەوە باسی نیەتو گەلێ شتی تری تەیەممومان کرد، لێرەدا روونی دەکەینەوە کە بەیەك تەیەمموم یەك فەرز دەکرێ، بۆ ئەمەیش جوانترین بەڵگە فەرموودەکەی خوای گەورەبە: {إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ – سورة المائدة – ٥/٦} . هەتا ئەوێ کە دەفەرموێ: {فَتَيَمَّمُواْ – سورة المائدة – ٥/٦} . بەپێی ئەم ئایەتە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە، دەسنوێژ یا تەیەمموم بۆ هەموو نوێژێ فەرز بوو، هەتا لە دواییدا پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} بە کردەوە چەسپاندی کە دەسنوێژێ بۆ چەند فەرزێ دەبێ، ئەوە بوو: پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} لە رۆژی فەتحی مەککەدا بەیەك دەسنوێژ هەرپێنج نوێژە فەرزەکانی کرد (فەرموودەیەکی ساغە، ئیبنو عومەر گێراویەتەوە) بەڵام تەیەمموم بەپێی خوازە (موقتەضا)ی ئایەتەکە مایەوە کە یەك تەیەمموم بۆ یەك فەرزە. ئیبنو عەبباسیش {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: رێبازی سوننەت وایە: کەیەك نوێژی فەرز بەیەك تەیەمموم بکرێ. وشەی سوننەت لە فەرمایشتی سەحابیدا دەبڕدرێ بەسەر رێبازو سوننەتی پێغەمبەردا {درووده خوای لەسەربێ} کە برێتییە لەو بەرنامەیەی کە حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} لەسری بەردەوام بووە، کەواتە: حەزرەت بەکردەوە خوازەی ئایەتەکەی لە تەیەممومدا چەسپاندووە!.

بەیهەقیش لە ئیبنو عومەرەوە {رەزای خوایان لێبێ} دەگێڕێتەوە: فەرموویەتی: با دەسنوێژیشی نەشکێ مرۆڤ دەبێ بۆ هەموو نوێژێکی فەرز تەیەمومێ بکا. ئەوەندە هەیە بە یەك تەیەموم دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی چەندەی دەوێ نوێژی سوننەت بکا، چونکە نوێژی سوننەت با زۆریش بن لە حوکمی یەك نوێژدان، بە بەڵگەی ئەوە: ئەگەر نوێژکەرێ نیەتی یەك رکات سوننەتی هێنا بۆی هەیە سەد رکات بکا بەسەر یەکەوە بەو نیەتە، بە پێچەوانەشەوە هەروا، وەکی تریش بۆ هەموو سوننەتێ تەیەمومێ بکرێ ئەرکێکی زەحمەتە، رەنگە شتی وا گەلێ جار ببێ بەهۆی ئەوە سوننەتەکە تەرك بکرێ، لەبەر ئەوە شەرع لە سوننەتدا کارەکەی سووکەڵە کردووە، ئەوەتا نوێژی سوننەت، لەگەڵ توانای راوەستاندا بەدانیشتنەوە دروستە، بەسوارایی ولاخیش دروستە، لە سەفەردا لەکاتی رۆیشتندا بەرەو قیبلەیش نەبێ هەر دروستە، بۆ ئەوەی مەودای کردنی زۆربێ‌و موسوڵمان لێی دانەبڕێ. گریمان لەشپیس یا بێ دەسنوێژ ئاوەکەی کە هەبوو بەشی نەدەکرد، پێویستە لەسەری ئەوە بکار بهێنێ‌و بۆ باقی مەندەکەی تەیەموم بکا، چونکە چەندەی کارێ کە لە توانادا هەیە بەهۆی باقی مەندەکەیەوە کە لە توانادا نیە لەکۆڵ ناکەوێ، لە شارعا بەمە دەگوترێ: توانراو بەهۆی نەتوانراوەوە لەکۆڵ ناکەوێ یائاسان بەهۆی گرانەوە لەکۆڵ ناکەوێ! هەروا ئەگەر پیسی بەسەر لەشیەوە هەبوو، وە ئەوەندەی ئاو دەست کەوت کە بەشی شۆردنی بڕێکی دەکرد، لە سەریەتی ئەو ئەندازەیە بشۆرێ. ئەگەر دەسنوێژی نەبوو، یا لەشی پیسبوون پیسیەکیش بە جەستەیەوە هەبوو، ئەوەندەیشی ئاو هەبوو کە بەشی لایەکیانی دەکرد، ئەوە پیسییە

کە دەشۆرێ‌و تەیەمموم دەکا، چونکە لابردنی پیسییەکە پێویستەو وەجەڵی تری نیە، بە پێچەوانەی دەسنوێژو خۆشۆردنەوە، چونکە وەجەڵیان هەیە کە تەیەممومە، ئەگەر کابرا نە ئاوی دەستکەوت‌و نەگڵ، نوێژی خۆی هەر دەکا، لەبەر رێزی کاتەکە، بەڵام لەوەدوا دەیگێڕێتەوە.

٣٣) باسی پیسی (النجاسە):

پێناسەکەی: پیسی لە زماندا بەهەموو قێزەونێ دەگوترێ، لە شەرعیشا: هەموو شتێکە کە لە حاڵی سەرپشکیدا بەرەهایی بەبێ سنوور خواردن‌و خواردنەوەی نا دروست بێ، لە هەمانکاتدا بگونجێ بۆ خواردن‌و خواردنەوە، نادروستییەکەیشی لەبەر رێزی نەبێ، یا لەبەر ئەوە نەبێ کە قێزەونە، یا لەبەر ئەوە نەبێ کە زیانی هەبێ بۆ لەش یا بۆ هۆش. جا بەهەریەکێ لەم قەیدانە شتێ بەر پێناسەی پیسی دەکەێ یا لێی دەردەچێ، بەگوتەی: لە حاڵی سەرپشکیدا، شتێ کە لەحاڵی سەرپشکیدا حەرام بێ‌و لەحاڵی ناچاریدا حەلاڵ بێ، وەك مردارەوەبوو، بەردەکەوێ، چونکە مردارەوەبوو لە حاڵی ئاساییدا. پیسەو حەرامە، بەڵام لە حاڵی ناچاریدا پاکەو بۆ ناچار حەلاڵ! بە گوتەی: بەرەهایی بەبی سنوور رووەکە ژەهراوییەکان بەرناکەون، چونکە ئەوانە پاکن کەمیان رەوایە، زریان نارەوایە، بە گوتەی: بگونجێ بۆ خواردن‌و خواردنەوە بەردو شتی رەقی سەخت، کە پاك بن بەر ئەم پێناسەیە ناکەون، چونکە بە کەڵکی خواردن‌و خواردنەوە نایەن، بە گوتەی: نادروستییەکەیشی لەبەر رێزی نەبێ، شتی رێزدار وەك ئادەمیزاد

دەردەچێو بەری ناکەوێ، بەگوتەی: یا لەبەر ئەوە نەبێ کە قێزەونە چڵمو شتی وا بەرناکەوێ، چونکە نادروستی چڵم لەبەر ئەوە نیە کە پیسە، بەڵام لەبەر ئەوەیە کە قیزەونە، بە گوتەی: یا لەبەر ئەوەنەبێ کە زیانی هەبێ بۆ لەش یا بۆ هۆش خۆڵ لە پێناسەکە دەردەچێ، چونکە زیان دەگەیەنێ بە لەشو هۆش.

هەندێکیش ئاوا پێناسەی دەکا: قیزەونێکە رێگەی دروستبوونی نوێژ ناد، مەگەر مەهانە هەبێ، برێ دەڵێن: برێتییە لە هەموو شتێ کە خاوەن سروشتی دروست قێزی لێبکاتەوەو خۆیی لێبپارێزێ، ئەگەر بەرجلو بەرگیش بکەوێ دەیشۆرن.

٣٤) حوکمی ئەو پارچەیەی کە لەناو لەشی گیاندارەوە جیادەبێتەوە:

بزانن هەرشتێ لە ناوەوەی گیاندار جیابێتەوە دوو جۆری هەیە:

یەکەمیان: گەدە نایگۆڕێ وەك لیكو ئارەقو شتی وا، حوکمی ئەم جۆرە وەك حوکمی ئەو گیاندارە وایە کە لێی جیابۆتەوە، ئەگەر ئەو لە حاڵی لێجیابوونەوەکەدا پاکبوو ئەویش پاکە ئەگەر ئەو لەوکاتەدا پیس بوو ئەمیش پیسە.

دووەمیان: گەدە هەرزی دەکاو دەیگۆڕێ، وەك گمیزو پیسایی‌و شیاکەو پشقلو خوێنو رشانەوە، هەموو ئەمانە هی هەرگیانداری بن پیسن، هی ئەوانەی گوشتیان ناخورێ بە یەکگرتنی رای زاناکان، بەکۆی

دەنگ دەڵێن: شتی واتە: قیسە. هی ئەوانەیشی گۆشتیان دەخورێ بە قیاس لەسەر هی ئەوانەی کە گوشتیان ناخورێ، چونکە ئەمیش گۆڕاوەو حەل بووەو قێزەون بووە. بە فەرموودەکەی ناسراوە بە حەدیثی عەرەبە سارانشینەکە پێسێتیی گێمز پاساو دەدرێ، ئەوەبوو کە گمێزی لەناو مزگەوتەکەی پێغەمبەردا کرد، پێغەمبەر فەرمانی کرد کە (سەتڵی ئاو بکەن بەسەر جێ میزەکەیدا). هەروا فەرموودەی باسی دوو گۆڕەکە: یەکێکیان لەسەر ئەو ئازار دەدرێ چونکە لە حاڵی ژیانیدا خۆی لە گمێزی خۆی نەدەپاراست (موسلیم) بەڵام ئەوەی کە پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} فەرمانی کردووە بە خواردنەوەی میزی حوشتر، ئەوە بۆ دەرمان بووە، دەرمانکردنیش بەپیس دروستە، بە مەرجێ دەرمانێکی پاک نەبێ جێگەی بگرێتەوە، ئەوەیش کە خۆشەویست {درووده خوای گەورەی لەسەربێ} فەرموویەتی: خودای گەورە هەرگیز خۆشەوەبوونو شیفای گەلی منی نەبەستووە بەشتی واوە کە خۆی حەرامی کردبێ لێیان. ئەمە دەبڕدرێ بەسەر مەیو بادەدا، سەرەڕای یەکگرتن بەڵگەی پیسێتیی پیسایی ئەم فەرموودەی {درووده خوای لەسەربێ}: لەبەر میزو پیساییو مەزیو رشانەوە جلەکەت بشۆرە (ئەحمەد، دارە قوطنی ، بەززار) هەر لەم فەرموودەیەدا بەڵگەی پیسێتیی مەزیو رشانەوەیشی تیادایە. مەزی ئاوێکی مەیلەو سپی تەڕاوی لینجە، بەبێ لەزەت پێگەیشتن، لە کاتی هێرشی ئارەزوودا بەهۆی دەسبازیو تەماشاکردنو شتیواوە پەیدا دەبێ. تەرسو تەپاڵەیش پیسە، بەپێی ئەم فەرموودەیە:... جا پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} هەر دوو بەردەکەی وەرگرتو تەرسەقولەکەی تووڕداو، فەرمووی: ئەمە پیسە، بەکاری خۆپاککردنەوە نایێ. وەدیش پیسە بەپێی فەرموودەکەی عائیشە

{ڕەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: وەدیش لەپاش میزکردنەوە پەیدا دەبێ، حوکمەکەی ئەوەیە: چووكو گەڵو گونی دەشواو دەسنوێژ دەگرێ وەخۆشۆردنی لەسەر نیە (ئیبنو لونزیر).

وەدی ئاوێکی مەیلەو سپی خەستی لێلی لیقنە لە دوامیزو لەکاتی هەلگرتنی شتی قورسدا پەیدا دەبێ، خوێنیش پیسە بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {حَرَّمَن عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالْدَّمَ - سورة مائيدة - ٣/٥} هەتا کۆتایی ئایەتەکە، بەپێی ئەم فەرموودەیەش: کە دەفەرموێ: - خوێنەکە لە خۆت بشۆرەو نوێژی خۆت بکە) زاناکان لەسەر پیسێتیی تۆماو رایان جیاجیایە، هەیە دەڵێ: پیسە، ئەم رایەیان لەو گێڕانەوەیە وەرگرتووە کە فەرمان دەکا بە شۆردنی، کە ئەمە گفت (لەفظ)ە کەیەتێ عائیشەی هاوسەری پێغەمبەرد دەفەرموێ: جاران ئەسەری لەشپیسیم بە جلەکانی پێغەمبەرەوە دەشۆرد، کە دەچوو بۆ نوێژ هێشتا جێگەشۆراوەکە هەر تەڕ بوو. ڕێبازی شافیعیو هاوڕێیانی فەرموودە (ئەصحابول حەدیث)و خەڵکێکی زۆری تر، کە عەلیو سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصو ئیبنو عومەرو عائیشە {ڕەزای خوادای گەورە لە هەموویان بێ} لە ناویاندایە، ڕێبازی ئەم زاتانە ئەمەیە: کە تۆماو پاکە، دوو گێڕانەوەیش لە ئەحمەدەوە ریوایەت کراوە، کە ئەمە دروستترینەکەیانە! داوودیش هەروا دەفەرموێ: بەلگەیان بە فەرمایشتی عائشە هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: خۆم بە دەستی خۆم تۆماوی وشکەوەبووم بە جلەکانی پێغەمبەرەوە دەووڵیو لە پاشا دەمدەکاند، ئیتر لەدوا ئەوە بەبێ شۆردن پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژی پێوە دەکردن، لە گێڕانەوەیەکی تریدا کە پەسەندی هەردوولایە متفق علە): فەرمووی: بە جلی پێغەمبەرەوە

تۆماوی وشکەوەبوو هەبوو دەیم کرانـد، ئـیتر دوا ئـەوە نوێـژی پێـوە دەکـرد. دەی ئەگەر تۆماو پیس بێ ولێنو کرانـدنی بـەس نیـە، دیـارە گێرانـــەوەی شـــۆردن دەبـــڕدرێ بەســـەر ئـــەوەدا کـــە ســـوننەتەو بـــۆ پەسـەندکردنی پاکییـە، بـەم سـاخکردنەوەیش کـار بـە کـۆی بەڵگـەکان دەکرێو هیچیان لەکار نـاخرێ، جیـاوازیش نیـە لـەنێوانی تۆمـاوی پیـاوو ژنـدا، تۆمـاوی غـەیری ئـادەمیش، ئەگـەر هـی گیانلەبـەرێکی پـاك بـوو تۆماوەکەش پاکە، ئەگەر هی گیاندارێکی پیس بوو خۆشی پیسە.

۳۵) شۆردنی پیسی:

شۆردنی پیسی پێویستە، چونکە وەك لـە پێشەوە رابـورد فـەرمانی پێکراوە. چۆنێتێکەیشی ئاوایە: ئەگەر پیسییەکە قەبارەدار بوو، بـە چـاو دەبینـرا، دەبـێ قـەبارە بینراوەکـەیو تامەکـەیو رەنگەکـەیو بۆنەکـەی لابرێ، ئەگەر تامەکەی ما، ئەوە شوێنە پیسبووەکە پاك نەبۆتەوە، بـەڵام زیانی نیە مانەوەی رەنگێ یا بۆنێ کە لاچوونیان گران بـێ، وەك رەنگـی خـوێنی بێنوێـژییو بێنـێ مـەی. بـەڵام پیـسیی بڕیـارێو حـوکمی، کـە ئەوەیـە بـە چـاو نـابینرێ، وەك شـلەمەنییە پیـسەکان، کـە تـامو بـۆنو رەنگیان نیە، پێویستە بـە شـۆردنێکی ئاسـایی لابـرێ، دەسـتی تێبخـرێو گوشـاری لێبکـرێ، بـەڵام هەرچـی پیـسبووبێ بـە میـزی منـاڵی نێرینـەی کەمتر لە دوو ساڵ، کـە جگـە لـە شیر هـیچ خـۆراکێکی تـری نـەخواردبێ، ئەوەنە ئاوی لێدەپرژێ کە شـوێنی میزەکـە دابگـرێو زاڵ بـێ بەسـەریدا، ئـیتر رەوانبـوونی ئـاو بەسـەر شـوێنەکەیدا پێویـست نیـە، بـەڵام میـزی

کچۆڵە گەرەکە بشۆرێ، بەڵگەی ئەم جیاوازییە لە نێوانی کوڕو کچدا فەرموودەکەی عائیشەیە: کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کوڕێکی ساوای مەمکە خۆرەیان هێنا بۆی، منالەکە میزی کرد بە کۆشیدا، حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} داوای ئاوی کردو ئاوەکەی کرد بەسەر جێگەی میزەکەدا ئیتر نەیشۆرد.. لە گێڕانەوەیەکا: لێی پرژاند لە گێڕانەوەیەکی رتدا: پرژاندی بەسەر جێگەکەیداو ئیتر نەیشۆرد. ئەم گێڕانەوانە هەموویان دروستن، لە گێڕانەوەیەکی تیرمیذیدا: میزی کوڕ تا نانەخۆرە دەبێ ئاوی لێ دەپرژێنێ، میزی کچ دەشۆرێ. ئیمامی علی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: میزی کچۆڵەی بەرمەمکانە دەشۆرێ، میزی کوڕیش هەتا نانەخۆرە دەبێ ئاوی لێ دەپرژێنرێ. (ئەحمەد). بەڵام هەر کاتێ منداڵەکە لە جیاتی بژێوی و خۆراك خواردەمەنی خوارد، ئەوە بەبێ راجیایی پێویستە میزەکەی بشۆرێ. بۆیەیش سەبارەت بە کوڕ کار سووك کراوەو، بۆ کچ نەکراوە، چونکە دڵ پتر پەیوەندی بە کوڕەوە هەیە هەتا کچ لەبەر ئەو زیادە پەیوەنییە کوڕ زۆرتر دەکرێتە باوەش، جا وا هەڵ دەگرێ کە بۆ بارسووکی کارەکە ئاسان بکرێ، بەڵام ئەم مەبەستە لە مێینەدا نایەتەدی، بۆیە شۆردن بۆ میزی ئەوان چەسپاوە، لەسەر قیاس و پێدانی خۆی[*]

(*) ئەم بەڵگەیەی کە هێنراوەتەوە بۆ جودایی نێوان میزی منداڵی نێرومێ بەڵگەیەکی لاوازو نازانستییە خۆ ئەگەر هۆیەکەش نازاندرێ دەتوانین بڵێین (تعبدیە) ئەگینا خۆ کوڕو کچ چۆن یەکە ئەگەر باوك و دایکی و هەبن کوڕیان لە کچ خۆشتربوێ هی وایش هەن کچیان لە کوڕەکەیان خۆشتربوێ - محمود.

٣٦) بڕیار (حوکم)ی گیانداریَ له ناوشتی شلدا بمریَ:

کاتیَ گیانداریَ کەوتە ناو شتێکی شلەوە، وەك رۆن زەیتو رۆنو چێشت، وەتیامرد، ئەوە ئەگەر خوێنی رەوانیان هەبوو شتەکە پیس دەبیَ، چونکە سەبارەت بە مشکی تۆپیوی ناورۆن لە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} پرسیارکرا، فەرمووی: ئەگەر رۆنەکە توند بوو مشکەکەو دەوروبەرەکەی فڕەدەن، بەلاّم ئەگەر رۆنەکەش شل بوو ئەوا بیرێژن، لە گێڕانەوەیەکا: مشکەکەو دەورو بەرەکەی فڕەدەنو رۆنی خۆتان بخۆن. (ئەم فەرموودەیە بوخاری گێڕاویەتەوە).

جا فەرمانکردن بە رژانی، بەلگەیە لەسەر پیسبوونی، ئەم رایەیش ریبازی جەماوەری زاناکانە، دەستەیَ رایان جیایە، کەیەکیَ لەوان زوهریو ئەوزاعین، دەفەرموون: بڕیاری شتی شل وێنەی بڕیاری ئاوە، پیس نابیَ هەتا ، پیسییەکە نەیگۆڕی، ئەگەر نەگۆڕا پاکە، ئەمە ریبازی ئیبنو عەبباسو ئیبنو مەسعووودو بوخاریشە.

بەلاّم ئەگەر گیاندارەکە خوێنی رەوانی نەبوو، وەك مێشو مێشوولەو دووپشكو قالۆنچەو سیسركو میروولەو وێنەی ئەمانە، ئەوە شلەمەنی بە مردنی ئەمانە لە ناویدا پیس نابیَ، بەپێی فەرموودەی {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەگەر مێش کەوتە ناو حاجەتێکتانەوە ئاو یا شتی شلی تری تیابوو، لە پێشا مێشکە هەمووی نوقم بکەن ئینجا دەری بێننو فڕەی بدەن، چونکە بالێکی دەرمانی پێوەیەو ئەو بالەکەی تری دەردە. (بوخاری، ئەبو داوود، ئیبنو خوزەیمە، ئیبنو حەببان). دیارە

فـەرمانکردن بـە نـوقمکردنی مێشەکە، کـە گـەڵێ جار سەردەکێشێ بـۆ تۆپینی بەڵگەیە لەسـەر ئـەوە کـە پیـسی ناکـا، دەنـا پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) فـەرمانی نـەدەکرد بـەنوقمکردن، وەکـی تـریش پاراسـتنی قـاپو حاجـەت لـەم جـۆرە وردە جانەوەرانـە ئەستەمە، لەبـەر ئـەوە چاوپۆشـی لێدەکرێ، بە مەرجێ ئەوەندە زۆر نەبێ کە شلاوەکە بگۆڕێ، دەنـا پـیس دەبێ.

بـزانن پیـسییەك کـە بەچـاو نـەبینرێ وەك پریـشکی میـز، یـا وەك پیـسییەك کـەوا بـەپێی مێـشەوە ئـەویش وەك مـرداری خـوێنی ڕەوانـی نــەبێ چــاو پۆشـی لـێ دەکـرێ، لەســەر فەرمایــشتی دامــەزراو بــەڵای نەوەویەوە، چونکە ئەمە لە خوێنی کێچ دەکا خۆپاراستن لێی ستەمە.

٣٧) بڕیاری پاکیو پیسی گیاندار لەکاتی ژیانیدا:

لە بنەڕەتدا هەموو گیانداری پاکـە، واتـە: ئەصـڵ ئەوەیـە کـە پـاکن، چـونکە بــۆ قــازانجی بەنــدەکانی خــوا دروســتکراون، بــەبێ پــاکیش ســوودمەندی تــەواو پەیــدا نابــێ، ئەمــەیش بــەم فەرموودەیــە پاســاو (تعلیل)کراوە. پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: پـشیلە پـیس نیـە، پشیلەیش لە ڕیزی کارەکەرو نۆکەرو ئەوانەیە کە بۆ خزمـەت بەسـەرتانا دەخولێنـەوە (پێـنج لـە خاوەنـەکانی کتێبـە ناودارەکـانی حـەدیث ئـەم فــەرموودەیان گێڕاوەتــەوە، وە تیرمیــذی دەفــەرموێ: فەرموودەیــەکی جـوانی دروسـتە. دروست واتـە: سـاغ) بـەڵام سـەگو بـەراز بـۆ پـاکی لـە هـەموو گیانـداری جیـان، چـونکە ئـەم دووە خـودپیس (نجس العـین)ن،

سەگ بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: (پاکەوەکەری حاجەتێکتان: کە سەگ دەمی تێبنێ ئەوەیە: کە حەوت جار بە ئاو بیشۆرن، یەکەمجاریان بە خۆڵاو بێ (ئەحمەد، موسلیم) کە دەفەرموێ (پاکەوەکەر) مەبەست لێی یەکێکە لەم سێ شتە: یا پاکەوەکەری نانوێژییە (حەدەث) یا هی پیسییە، یا رێزلێنانە، دیارە کە نانوێژیی‌و رێزلێنان بۆ حاجەت نابێ، مایەوە سەپیسی، وەکی تریش بەم فەرموودەیە چەسپا کە نازدارترین بەشی لەشی سەگ کە دەمیەتی، لەبەر هاسکە هاسککردنی زۆر پیسە، دەی باقی مەندەی لەشی دەبێ زیاتر پیسبێ!.

بەرازیش بۆیە پیسە چونکە حاڵی لە حاڵی سەگ خراپترە. گەرچی ماوەردی {رەزای خوای لێبێ} ئەم ئایەتە ەکا بە بەڵگە لەسەر پیسێتی بەراز: {أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ}. وشەی (رجس) لە ئایەتەکەدا بە واتا (نجس)ە، لە شێوەی ئەوەیە لە کوردیدا بەپیس بڵێی چەپەڵ.

٣٨) بڕیاری پاکیو پیسی مردارەوەبوو:

هەموو مردوویەك (تەنها مردووی ئادەمیو ماسیو کوللەی لێدەرچێ) پیسە، لەبەر فەرمایشتی زاتی مەزن: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ – سورة المائدة – ٣/٥} واتە: هەموو مردارەوە بوویی لە ئێوە قەدەغەکراوە. شتێکیش نە لە زاتی خۆیدا رێزداربێو نەخواردنیشی زیانی هەبی، لەگەڵ ئەوەیشا حەرام بکرێ، دیارە کە ئەو قەدەغە کردنەی لەبەر پیسییەتی، چونکە حەرامکردنی شت لەبەریەکێ لەم

هۆیانەیە: یا لەبەر ڕێزیەتی، یا لەبەر زیانیەتی، یا لەبەر پیسییەتی، مردارەوەبوویش ڕێزی نیە، خواردنیشی زیانی نیە، چونکە لە ناچاریدا دەخورێ، ماوەی سەر ئەوە کە لەبەر پیسی حەرام کراوە.

مرداریش لە شەرعا بریتییە لەو گیاندارەی کە چەقۆی لەسەربێو بەبێ سەربڕینێکی شەرعی گیانی دەرچووبێ! گشت سەربڕاوێ جگە لەسەربڕوای خۆمانو خاوەن نامەکان بەر ئەم پێناسەیە دەکەوێ، هەروا ئەو گیاندارەیش کە گۆشتی ناخورێ باسەریش ببڕێ بەر ئەمە دەکەوێو حەرامەو مردارە.

بەڵام لەبەر ئەم فەرموودەیە ماسی مردوو بەرناکەوێ: دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: ئاوی دەریا هەم پاکەو هەم پاکەوەکەریشە وە مردارەوەبویشی حەڵاڵەو، گیانلەبەری ئاوی کاتێ دەمرێ هەتا نەگەنێ خواردنی دروستە (هەر پێنجیان گێڕاویانەتەوە). کوللەیش لەبەر ئەم فەرموودەیە بەر ناکەوێ (دوو مردارمان بۆ حەڵاڵ کراوە: کە ماسیو کوللەن) (بە رشتەیەکی بێهێز ئیبنو ماجە گێڕاویەتەوە: بەیهەقیش {ڕەزای خوای لێبێ} گێڕاویەتەوەو فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی دروستە واتە ساغە) ئادەمیزدیش لەبەر ئەم ئایەتە بەرپێناسەی پیسی ناکەوێو بە پاك دادەنرێ: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ – سورة الإسراء – ١٨/٧٠} واتە: ئێمە بە ڕەحمەتی خۆمان ڕێزو قەدرێکی زۆرمان بە نەوەی ئادەم بەخشیوە). مەسەلەی ڕێزلێنانیش ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ، چ موسوڵمان بێو چ ناموسوڵمان بێ، بڕیاری پیسی نەدرێ. مەبەست لە {إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ} پیسی بیروباوەڕی ئەوانە، نەوەك هی جەستەیان، چونکە ئەگەر لەشیان چەپەڵ بوایە

لەسرمان فەرز دەبوو کە هەرکوێیەکمان لێیان بکەوێ بیشۆین.. وەکی تریش ئەگەر مرۆڤ بە مردن پیس ببێ، دەبێ فەرمان نەکرایە بە شۆردنی، وەك شتە خودپیسەکان (نجس العین)ەکانی تر، بەلاّم ئەگەر کەسێ لەم قسەیە رەخنە بگرێو بلّێ/ ئەگەر ئەم قسە وابێ، دەبێ فەرمانیش نەکرابێ بە شۆردنی، وەك شتە خودپاکانی تر، دەڵێیت: مەرج نیە کە هەموو شتێکی پاك نەشۆررێ، چونکە ئاشکرایە گەلێ جار پاکیش وەك نانوێژ (موحدیث) دەشۆررێ، بەلاّم قەت نەبووە شتی خودپیس بشۆرێ. دەستوورێکی شەرعی هەیە دەفەرموێ: سەربڕینی دایك برێتیی سەربڕینی بەچکەی ناوسکی دەکەوێ، لەبەر ئەمە بەچکەی ناوسکی گیانلەبەری سەر بڕوا بەر مردارەوەبوو ناکەوێ. (تەماشای زنجیرە سێی ئەم کتێبە بکە کە لە پێشەوە رابورد، لەژێر سەردێڕی: حوکمی ئاوی بەرماوە) (وەرگێڕ).

٣٩) پاککردنەوەی گلاّویی سەگو بەراز:

کاتێ دەفرێ بەدەم تێنانی سەگو بەراز گلاو دەبێ، دەبێ حەوت جار بشۆرێ، جارێکیان بە خۆڵاوبێ، هی سەگ بەپێی ئەم فەرموودەیەیە: کاتێ سەگ دەمی نایە ناو دەفرێکتانەوە، شلەکەی ناوی برێژن، ئینجا حەوت جار بە ئاو بیشۆرن، یەکەمیان بە خۆڵاوبێ.. (موسلیم) لە گێڕانەوەیەکی ترمیذیدا: یەکەمجاریان یاخود جارێ لەو جارانە بە خۆڵاو بیشۆرن. جا هەر کاتێ ئاوا ساخبۆوە کە شۆردن پێویستە بەهۆی لیکەکەیەوە، کە نازدارترین دەردراویەتی، دیارە ئەوانی تری وەك میزیو گوویی‌و ئارەقی‌و وێنەی تری ئەمانەی زیاتر شایانی

پیسین. لەم فەرموودەیەدا بەڵگە هەیە لەسەر پیسی ئەو خۆراکەی کە سەگ دەمی تێدەنێ، چونکە فەرمان دەکا بە رشتنی، ئەگەر پاك بوایە فەرمانی نەدەکرد بە رشتنی، چونکە رشتنی شتی پاك بە فیڕۆدانی ماڵە، شتی وایش لە ئێمە قەدەغەیە، دیارە پیسە بۆیە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} فەرمان دەکا بەڕشتنی.

پیسیی بەرازیش بە پێودان (قیاس) لەسەر سەگ، لەبەر ئەوەیش کە ئەویش دەق وەك سەگ خود پیسە، بەڵکوو پسترە، چونکە بە هیچ حاڵێ راگرتنی دروست نیە، لەبەر ئەوەیش کە چەپەڵو قیزاوییە. گوتراویشە: کە بەراز یەك جار دەشۆردرێ. وەك پیساییەکانی تر، گوایە: گڵاوی دەرکردنی گڵاوبووی سەگ بۆیە واگران کراوە هەتا عەرەبەکان بتەکێنەوە لە راگرتنی سەگ کە لە مێژەوە خوویان پێیەوە گرتووە! سا بەشکوو ئیتر وەك جاران نەبێ بەهاوخۆراکیان!.

نەوەوی {رەحمەتی خوای لێبێ} لە شەرحی موهەززەبدا دەفەرموێ: رای دامەزراو، سەبارەت بە بەڵگە، ئەوەیە کە یەك شۆردن بەسە، بەبێ خۆڵاو، زۆربەی ئەو زانایانەی کە بڕیاری پیسیی بەرازیان داوە ئەمە بڕیاری کۆتاییانە. چونکە نەبوونی پێویست بنەڕەتە هەتا شەرع بڕیاری پێویستبوونی دەدا، نەخوازەلا لەشتی وەك ئەم مەسەلەیەدا کە لەسەر بنیادی تەعەبوودی دامەزراوە.

لە لایەکی تریشەوە لی ورد بۆ گڵاو دەرکردن دەبێ، چونکە بۆ تەیەمومیش دەستدەدا، کەواتە بەپێوەدان (قیاس) لەسەر ئەو.

٤٠) پاككردنـەوەی مـەی بـەوە دەبـێ كـەببێ بەسركە:

پاككردنـەوەی شـت وەك لـە پێـشەوە رابـورد یـا بەشـۆردن یـا بەخۆشەكردن یا بەخۆڵ دەبێ، جاری وایش دەبێ بەهۆی گۆڕانی خودی شتەكەوە دەبێ، كە لە حاڵەتێكەوە بگۆڕێ بـۆ حاڵـەتێكی تـر، وەك ئـەوە مەی ببێ بە سركە. جا هەر كاتێ مەی لە خۆیەوە بەبێ دەسكاری كەسێ ببێ بەسـركە پاك دەبێتـەوە، چونكە پیسیو حـەرامبوونی مـەی لەبـەر ئەوەیـە كـە هـۆی سەرخۆشـبوونە، دەی هـەر كاتـێ كـە ئـەو هۆیـە نـەما ئەوانیش نامێنن، كاتێ مەی بوو بەسركە ئیتر هـۆی سەرخۆشـی نامێنـێ. نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا دەفـەرموێ: شـەرعزانان یـەكیان گرتووە لەسەر ئـەوە: هـەركاتێ مـەی لـە خۆیـەوە بـەبێ دەسكاری كەسێ بوو بەسـركە پـاك ەبێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بـەهۆی ئـەوەوە بـوو بەسـركە كەشـتێكی وەك پیـازو هـەویر تـرشو شـتی وای تـێ كـەوت ئـەوە پـاك نابێتەوە. بەڵگەیشی ئەم فەرموودەیەیە: پرسیار لە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) كـرا: ئایـا دروسـتە كـە مـەی بكـرێ بـە سـركە؟ فـەرمووی نـەء (موسلیم). ئەوەتا: (دروودی خوای لەسەربێ) نەیی كردووە لـە دەسـكاریی مـەی بـۆ ئەوەی ببێ بە سركە، شت تێخستنیشی دەبـێ بـە دەسـكاریی، بـەپێی ئـەم فەرموودەیـەی تـریش بەڵگەسـازی كـراوە لەسـەر حـەرامبوونی بـە سركەكردنی مەی: كاتێ طەلحە ئیسلام بـوو (رەزای خوای لێبێ) هـەنێ مـەیی لەلا بوو، هی چەن هەتیوێ بـوو، گـوتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! دروسـتە ئـەم مەیە بكـەم بـە سـركە؟ فـەرمووی: نـەء. ئـەوەتا رێگـەی نـەداوە كـە

دەسكاری بكاو بیكا بـە سـركە. جیاوازی لـە نێـوانی ئـەم دوو حاڵەتـەدا ئەوەیە: ئەوەی دەكەوێتە ناو مەیەكە وە بەمەیەكە پیس دەبێ، لـەوە دوا مەیەكە كەبوو بەسركە پاك دەبێتەوە بەڵام بەهۆی ئـەو شـتەوە كـە ئـەم ئـەوی پیـسكردووەو ئـەو ئـەمی كـردووە بـە سـركە پـیس دەبێتـەوە. ئـەم بڕیارە كاتێ وایە كە ئەو شتە لەناو مەیەكەدا بمێنێ هەتا دەبێ بەسركە، بـەڵام ئەگـەر لـە پـێش بوونیـا بەسـركە، ئەگـەر بەیـەك چـركەیش بـووە دەربهێنرێ پاك مبێتەوە، چونكە كە بوو بەسـركە شـتی پیـسی تیانـەماوە هەتا پیسیبكا!.

٤١) چاوپۆشیكردن لە هەندی پیسی:

لە شەرعی پیرۆزدا چاوپۆشی لەم جۆرە پیسییانە دەكرێ:

١) لە قوڕی ڕێگەی پیس، با سوریش بزانرێ كـە ئـەو قـوڕو چڵپاوە پیسە، چونكە خۆپاراستن لە شتی وا زەحمەتە.

٢) لە شتێ كە چاوی ساغ نـەیبینێ وەك پـرژی میـزو مـەی‌و شـتێ كە بنووسێ بە قاچو شتی وای مێش‌و مێروولەو سیسارکەوە.

٣) خوێنی كـێچ بـا زۆریـش بـێ، هـەروا ڕیقنـەی باڵنـدەیش لـە نـاو مزگەوتدا.

٤) ئەوەی بەپێی باوی ناوكۆمـەڵ بەكـەم دابنـرێ لـە كوڵك‌و مـووی پیس، بە مەرجێ هی سەگـو بـەراز نـەبێ، هـەروا چـاو پۆشـی دەكـرێ لـە مووی وڵاخی سورایش با ئەندازەكەیشی زۆربێ.

٥) له دووکەڵی شتی پیس و لەو تەپوتۆزەی کە بادەیبا.

٦) لـە گیانـدارێ کـە بـەریان (مەنفـەذ)ەکـەی پـیس بووبـێ. کاتـێ بکەوێتە ناو ئاوەوە، لەبەر زەحمەتبوون.

٧) لــەو کەمــە خوێنــەی بەســەر گۆشــتو ئێــسقانی گیانــداری سەربڕاوەوە ماوەتەوە.

٨) ئەگەر گیانلەبـەرێکی پاك، وەك پشیلەو ئەمانـە دەمـی پـیس بـوو، لەپاشدا ماوەیەکی وا لـەپێش چاو ون بـوو، کـە دەسـتداو (مـومکین) بـێ دەم بکـا بــە ئـاوێکی زۆردا، ئـەوجا هاتــەوەو دەمـی نایـە نـاو خواردنەوەیـەکی پاکەوە پیسی ناکا.

٩) پەتی تەناف کە جلی پیسی لەسەر هەڵبخرێ، هـەرکاتێ خـۆر یـا هـەوا وشـکی بکاتـەوە، لـە لای حەنەفییـەکان دروسـتە جلـی پـاکی لەسـەر هەڵبخرێ.

١٠) ئەگەر شتێ لە کەسێ کەوت، نەیدەزانی کەچییە، ئایا ئـاو بـوو یـامیزبوو؟ پێویـست نیـە لەسـەری کـە لەچـییەتییەکەی پرسـیار بکـا، چونکە دەگێڕنەوە: جارێ عومەرو هاوڕێیەکی لـە شـوێنێکەوە دەڕۆن، لـە پلووسـکێکەوە شـتێ دەڕژی بەسـەر عومـەردا، هاوڕێیـەکی دەڵـێ: ئـەی خاوەن پلووسك! ئاوەکەت پاك بوو یا پیس؟ یەکسەر عومـەر دەفـەرموێ: ئەی خاوەن پلووسك! باسی ئەوەمان بۆ مەکە، ئـیتر ڕۆیـشتو لەشـتەکەی نەکۆڵیەوە.

١١) لـە زیـچکاوی زیپکـەو جوانـەزاو بالووکـەو ئەمانـە، بـە مـەرجێ نەبووبێ بە جەرەتاو، دەنا پیسە، ئەگینا چاو پۆشی لێدەکرێ.

١٢) ئـاژەڵی کاوێژکـەر، کـە ئەوەیـە لـە سـەرەتاوە خواردنەکـەی پەڵخورد دەکاو، لەورگیدا عەماری دەکاو، لەپاشدا لەکاتی پشوودا پاروو پاروویەقی دەکاتەوەو بە وردی دەیجوێتەوە جا ئەم ئاژەڵە ئەگەر لەکاتی کاوێژکردندا لە جاجەتیَ شتی خواردەوە پیس نابیَ.

٤٢) بێنوێژیی‌و زەیستانی‌و هەمیشە بێنوێژیی:

بێنوێژی (حەیز) لە شەرعدا بەو خوێنە دەڵێن کە بـەبێ نەخۆشـی‌و منداڵبوون، لەپاش رەسیدەبوونی ئافرەت، لـە لای سـەرووی منداڵدانـەوە لە رەگێکەوە دەردەچێ، بەپێی خوازە (موفتەزا)ی سروشتی ساخ. خوێنی هەمیـشە بێنوێـژی بەرناکـەوێ، چـونکە ئـەو ماکەکـەی نەخۆشـین‌و تێکچوونی سروشتە. لە عەرەبیدا حەیز نیفاسیـشی پێـدەگوترێ، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): بە عائیشەی فەرموو: (انفست؟) واتە: ئـەوە توشی نیفاس بـووی‌و کەوتیتـە سـەرخوێنی بێنوێـژی؟ وەکوو زانراویشە عائیـشە منـاڵی نـەبووە. سـەر بەڵگـەی بێنوێـژیی ئـەم ئایەتەیـە: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ - سورة البقرة - ٢٢٢/٢}. واتـە: ئـەی موحەمەد! ئەی پێغەمبەری خوا! موسوڵمانان لـە بارەی حوکم‌و بڕیاری بێنوێژییـەوە پرسـیارت لێدەکـەن. هـەروا ئـەم فەرموودەیـەی صەحیحەینیشە: ئەم بێنوێژییە شتێکە خودا نووسیویەتی لەسەر کچانی ئادەم‌و سووچی تۆی تیادا نیە.

(رەنگی): رەنگی خوێنی بێنوێژی ئەمە نیشانەکانیەتی:

١) تۆخێکی گەشن بەپێی ئەم فەرموودەیە: فاطمی کچی حوبەیش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! من لەوەختو ناوەختا دەکەومە سەر خوێن چارم چییە؟ فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەگەر خوێنی بێنوێژی بێ دیارە، چونکە خوێنێکی رەشی گەشی خەستی بۆگەنەو ژنان خۆیان باشی دەناسن. ئەم فەرموودەیە ئەبو داوودو نەسائیو ئیبنو حەببانو دارە قوطنی گێڕاویانەتەوە، دارە قوطنی فەرموویەتی پیاوانێ کە ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە هەموویان بڕوا پێکراون.

٢) سوورێکە ئاڵ، چونکە رەنگی بەراستی (حەقیق)ی خوێن سوورییە.

٣) زەرداو ئاوێکی زەردی لێڵە.

٤) لێڵاو، ئاوێکی لێڵی بۆرە. بەڵام لینجاوە سپییەکە دانانرێ بەبێ نوێژی. بەپێی فەرموودەکەی مەرجانەی کارەکەری ئازادکراوی عائیشە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: ئافرەتان قەعەدەیان نارد بۆ لای ئاعیشە، زەرداوی پاش خوێنی بێنوێژی بە گوڵەلۆکەوە، لەناو قەعەکەدابوو، گوتیان: ئایا ئەم زەرداوەیش دادەنرێ بە خوێنی بێنوێژی یان نا؟ عائیشەیش وەڵامی بۆیان نادرو فەرمووی: پەلەمەکەن لەکردنی نوێژو گرتنی رۆژوو کردنی شتی تر کە لە سەرپاکی دەکرێن، تا لینجاوە سپییەکەی هەروەه داووە دەبینن، کە وەك گەچاو وایە (مالیك).

رۆژەکانی بێنوێژی:-

لای خوارووی ماوەی هاتنی خوێنی بێنوێژی شەوو رۆژێکە، بەپێی یاسای لێگەڕان، کە لە شەرعا ناو دارە بە ئیستیقراء، کە بریتییە لەپەی هەلگرتنی یەکە یەکەی ژنان سەبارەت بە چۆنێتیی بێنوێژییان، دەگێڕنەوە کە ئیمامی ئەعلی ئەمەی فەرموەوە، دەقی قسەی شافعیش لە زۆربەی کتێبەکانیدا هەمان رایە، وەلای زۆربەی رۆژانی بێنوێژی شەش رۆژ یا حەوت رۆژە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بە حەمنەی کچی جەحشی فەرموو: شەش رۆژ یا حەوت رۆژ خۆت دابنێ بەبێ نوێژ، وە باش ورد بەرەوە لە حالی ژنی بێنوێژ (لە کەسوکاری خۆتو لە هاوتەمەنی خۆت) سابەشکوو پەی بەریت بە ماوەی بێنوێژی راستەقینەی خۆت، بە قیاس لەسەر هی ئەوان، دەق وەك ئەو ماوەیەی کەوا لە زانستی خودادا، یادو ناوی هەتا هەتایە بەرزو پایەدابێ، ئینجا خۆت پاك پاك بشۆرەو بیستو سێ شەو بە رۆژەکانیەوە، یا بیستو چوارشەو بە رۆژەکانیەوە، نوێژی خۆت بکەو رۆژووی خۆت بگرە، ئیتر ئەمەت بەسە، وە هەموو مانگێ بەم چەشنە بکە، تا کۆتایی فەرموودەکە، کە ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە، مەبەست لەم فەرموودەیە روونکردنەوەی حوکمی بێنوێژیی زوربەی ژنانە، چونکە ئەستەمە کە هەموو وەك یەك بن، وەلای ژووررووی بێنوێژیی پازدەشەوو پازدە رۆژە، بەپێی لێگەڕان، واتە: ئیستیقراء. هەروا لە عایشەوە ئەمەیان گێڕاوەتەوە. شافیعی فەرموویەتی: ژن گەلێکی زۆرم دیوە، لە حالی ئەوانەوە بۆم ساخبۆتەوە کە پازدە رۆژ دەکەونە سەر بێنوێژی.

٤٣) زەیستانی (النفاس):

زەیستانی بەو خوێنە دەگوترێ کە لەپاش منداڵبوون لە دامەنی ژن دەردەچێ، ئەو منداڵەبوونەی کە دەبێ بەهۆی تەواوبوونی عیددەی سکپڕ نەوەك گشت جۆرە منداڵ بوونێ، ئیتر منداڵکە بە مردوویی لەدایك ببێ، یا بە زیندوویی، بۆیە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ نیفاس، چونکە لە پاش پەیدابوونی (نفس = رۆح = گیان)ەوە پەیدا دەبێ.

رۆژەکانی:-

لای کەمی ماوەی هاتنی خوێنی زەیستانی یەك چاوتروکاندنە، لای ژووروی شەست رۆژە، بەپێی لێگەڕان (ئیستیقراء) ئەوزاعی فەرموویەتی: ژن هەیە لە ولاتی ئێمە دوو مانگی رەبەق زەیستانە. رەبیعەی مامۆستای مالیکیش فەرموویەتی: زۆر کەسم دیوە دەڵێن: لای ژووروی زەیستانی ژن شەست رۆژە. لای زوربەکەیشی چل رۆژە، چونکە دەگێڕنەوە عائیشە {رەزای خوای لێبێ} فەرموویەتی: لەسەر دەمی پێغەمبەردا {درودی سڵاوی خوای لەسەربێ} ژنی زەیستان چل رۆژ لێ دەکەوتو لەو ماوەیەدا وازی لە نوێژو رۆژووو شتی وا دەهێنا (ئەبو داوودو تیرمیذی. تیرمیذی بە دروستی داناوە). برێ لە زانایانیش ئەم فەرموودەیەی کرووە بە بەڵگەی قسەی خۆیو فەرموویەتی: لای ژووروی زەیستانی چل رۆژە، بەلام رێباز (واتە: رای فەتواپێدراو) قسەی یەکەمە، لەبەر لێگەڕان، چونکە فەرموودەکە ئەوە ناگەیەنێ: کە لای ژووروی زەیستانی چل رۆژەو لە هەمان کاتا بەڵگەی نەبوونی زیاتریو نەفی زیادەی تیا نیە،

کەواتە دەبڕدرێ بەسەر کاتی زوربەییدا هەتا فەرموودەکەو لێگەڕان یەك بگرن‌و نەبن بە بەڵگەی دژی یەکتر.

لای خوارووی پاکی:

لای خوارووی کاتی پاکی لە نێوانی دوو بێنوێژیدا پانزە رۆژە، بەڵگەی ئەمەیش ئیستیقرایە، کە ئەم زاراوە لە کوردیدا پێی دەگوترێ: لێگەڕان. چونکە کاتێ کە سەلما، لای خوارووی بێنوێژی پازدەرۆژە، پێویستە کەلای خوارووی پاکیش پازدە رۆژبێ، چونکە زۆربەی کات مانگ لە بێنوێژی‌و لە پاکی خاڵی نابێ، لای ژووروی پاکی ئەندازەی بۆ دیاری نەکراوە، چونکە ژن هەیە قەت ناکەوێتە سەربێنوێژی. بەڵام ماوەی پاکی لە نێوانی بێنوێژی‌و زەیستانیدا، رەنگە لە پازدە رۆژ کەمتربێ، کاتی واتە:یە کە بڵێین: ژنی ئاوس دەکەوێتە بێنیوۆژییەوە کە ئەمەش ئەمەیش ساخترین فەرمایشتە لەم مەسەلەیەدا، کەواتە هەر ژنێکی دووگایان، لە پێش ژانی منداڵبووندا، ماوەی شەوو رۆژێ خوێنی لێرەوان بوو، ئەوە بە حەیزدار دادەنرێ.

٤٤) هەمیشە بێنوێژیی (الاستحاضة)

هەمیشە بێنوێژی بەو خوێنە دەگوترێ، کە لە ناو شەرم (فەرج)ی ئافرەتەوە، لە غەیری رۆژەکانی بێنوێژی‌و زەیستانیدا، دەردەچێ، کەواتە: هەرکاتێ ژن زیاتر لە رۆژانی لای ژووروی بێنوێژی‌و لای ژووروی زەیستانی خوێنی لێرەوان بوو پێی دەگوترێ: ژنی هەمیشە بێنوێژ (مستحاضە).

هەمیشە بێنوێژ ئەم وەزعانەی هەیە:-

یەکەم: نەوجاری جیاکەرەوە (موبتەدیئەی مومەییزە) کە ئەو ژنەیە بۆ یەکەم جار خوێن دەبینیێو رەنگی جۆرەکانی بە باشی لەیەك جیادەکاتەوە، بۆ نموونە دەبینێ ماوەی چەن رۆژێ خوێنەکەی زۆر گەش‌و ئاڵە، ماوەی چەن رۆژێکیش زۆر کاڵە، ئەوە هەموو خوێنە ئاڵ‌و گەشە کە بێنوێژییەو خوێنەکاڵەکەیش هەمیشە بێنوێژییە، بەلام بەم دوومەرجە: بە مەرجێ خوێنەئاڵەکە لە ماوەی لای زۆررووی بێنوێژی پتر نەبێو لەماوەی لای خواروویشی کەمتر نەبێ.

دووەم: نەوجاری جیانەکەر (موبتەدیئەی غەیرەمومەییزە) کە ئەو ژنەیە رەنگی خوێنەکەی لەسەر یاسای پێشوو بۆ جیاناکرێتەوە، ئەوە لە هەموو مانگێکدا شەوو رۆژێکی بۆ دادەنرێ بە بێنوێژیو باقی مەندەی رۆژەکانی بە هەمیشە بێنوێژی، واتە: هەموو مانگێ بێستو نۆ رۆژی بە پاکی بۆ دادەنرێ.

سێیەم: فێرەکاری جیاکەرەوە (موعتادەی مومەییزە) یاخوو داری فەرەقخەر، ئەو ژنەیە کە لەمەوپێش بێنوێژیو پاکی بەرێکوپێکی لە هەموو مانگێکدا هەبوە، بەلام ئێستا گۆڕاوەو وەك جاران نەماوە، ئەمە حوکم بەفەرق خستنەکەی ئێستای دەکا، نەك بە عادەتی پێشووی بێنوێژییەکەی.

چوارەم: فێرکاری جیاوەنەکەر (موعتادەی غیرە مومەییزە) ئەمە جۆری زۆرە، بەلام ئەم جۆرەیان کە خوێنەکە لەسەر یەك نیشان دەبینیێو ناتوانێ خوێنی بێنوێژی لە خوێنی هەمیشە بێنوێژی جیاوەبکا

ئەمە لەسەر عادەتە پێشووەکەی خۆی دەڕوا، بەمەرجێ ئەندازەو کاتی بێنوێژی جارانی خۆی بزانێ، وەك ئەوە جاران لە سەرەتای مانگەوە پێنج ڕۆژ بێنوێژی بوو، ئەوە ئێستایش هەروا دەکا، بەپێی ئەم فەرموودەیە کە ئوممو سەلەمە دەیگێڕێتەوە: دەفەرموێ: لەسەردەمی حەزرەتدا (دروودی خوای لەسەربێ) ژنێ هەبوو کە دەکەوتە بێنوێژییەوە ئیتر هەرپاك نەدەبۆوە، منیش لە پێغەمبەرم پرسیارکرد بۆی، فەرموی (دروودی خوای لەسەربێ) با ئەو ژنە باش سەرنجی ژمارەی ئەو شەوو ڕۆژانەبدا کە جاران هەموو مانگێ تیایدا دەکەوتە بێنوێژییەوە، بەرلەوەی کە تووشی ئەم حاڵە ببێ، جا لەپاش توشبوونی ئەم حاڵەیش هەموو مانگێ بە ئەندازەی دەستووری پێشووی‌و بە ژمارەی ڕۆژانی جارانی واز لە نوێژ بێنێ. (مالیك، نەسائی ، ئەبو داوود، بەیهەقی، تیرمیذی بە جوانی داناوە). عادەت بە یەکجار ئیسپات دەبێ.

تێبینی: لێرەدا هەست بە هەڵەی ئەنجامی پەلەپەل دەکرێ، بەپێی موغنی‌و شەریعەتی ئیسلام سێیەم‌و چوارەمم ڕاست کردەوە، لەبەر ئەوەیە کە تەرجەمەکە لەگەڵ ئەصڵەکە جیاوازی هەیە، لە زۆرشوێنی ترشتی وا هەیە، ڕەنگبێ خوێنەری ئازیز وابزانێ کەمن لە مەسەلەکە حاڵی نەبووم بۆیە بە هەڵە تەرجەمەم کردووە، بەڵام من ئەم دوو دەقە دەخەمەبەرچاو تا بزانرێ هەق لە گەڵ کێیە، دەقی پەڕاوەکەی بەردەستمان ئاوایە:

پالپا: معتادة مميزة بأن سبق لها حيض وطهر وهى تعلمها قدرا ووقتا فترد اليها قدرا ووقتا وتثبت العاة بمرة.

رابعا: معتادة غير مميزة بأن رأته بصفة واحدة فلم تميز بين دم الحيض ودم الاستحاضة فهذه ترد لعادتها لما روت أم سلمه. باشه ئەمە ئەگەر وابێ فەرقی سێیەم چوارەم چیبوو؟ بەلاّم راستییەکەی ئەمەیە کە لە شەریعەتی ئیسلامو موغنیدایە، لە مغنى المحتاجدا دەفەرموێ: أو كانت معتادة غير مميزة بأن سبق لها حيض، وطهر وهى تعلمها قدرا ووقتا فترد إليهما قدرا ووقتا كخمسة أيام من كل شهر، تا ئەوێ کە دەفەرموێ: ويحكم للمعتادة المميزة بالتميز لا العادة في الاصح. موغنی فەرموودەکەیش وەك ئێرە دەکا بەبەلگەی حالّەتی فێرکاری جیاوەنەکەر. مەبەست لەم روونکردنەوەیە دیفاعە، نەك خوانە خواستە هێرش‌و پەرلاماردان.

وەرگێڕ

١٩٩٥/٧/١٢

نوری فارس حەمەخان

بسم الله الرحمن الرحیم

٤٥) لای خوارووی ساڵی بێنوێژی:

لای خوارووی ساڵی بێنوێژی ژن نۆ ساڵە، بەڵگەی ئەوەیش لێگەڕان و لێکۆڵینەوەیە، چونکە هەرشتێ لە شەرع و زماندا سنووری بۆ دیاری نەکرابێ، دەبێ بگەڕێی بۆی بزانی لە بنەڕەتدا چۆنە، شافیعی {رەزای خوای لێبێ} لەم بارەوە لێکۆڵینەوەی کردووە زانیاری پەیداکردووەو دەفەرموێ: ئەو ژنانەی کە زۆر زوو دەکەونە بێنوێژییە وە ژنانی تیهامەن، بیستوومە کە بە نۆ ساڵ سەرو عوزر دەشۆرن و ڕەسیدە دەبن. سەبارەت بەم بابەتە فەرموودەیەکیش هەیە بەیهەقی لە عائیشەوە گێڕاویەتەوە.

کاتی بێنوێژی لای ژووروی بۆ نیە، چونکە ژنی وا هەیە هەتا مردن بێنوێژیی نابینێ.

٤٦) ماوەی مانەوەی کۆرپە لە سکی دایکیا:

لای خوارووی ماوەی مانەوەی منداڵ لە ناوسکی دایکیدا شەش مانگ و دوو چاو تروکانە، تروکەیێ بۆ کاتی پێکەوە دروستبوونی ژن و مێردو تروکەیێ بۆ کاتی لە دایکبوونی، چونکە جارێ لە سەردەمی جێنیشینی عوسماندا {رەزای خوای لێبێ} ژنێکیان هێنا بۆلای، هەتا داری حەددی لێبدا، ئەویش لە بارەی بەردەبارانکردنیەوە راوێژی بە هاوڕێیان

کرد، ئیبنو عەبباس {رەزای خوایان لێبێ} فەرمووی: خوادی گەورە دەفەرموێ: {وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا – سورة الأحقاف – ١٥/٤٦} واتە: ماوەی مانەوەی ئادەمیزاد لە ناوسکی دایکیا لەگەڵ ماوەی بڕینەوەی لە شیر لەپاش لەدایکبوونی، ئەو دوو ماوەیە سیی مانگە) لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: {وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ – سورة لقمان – ١٤/٣١} واتە: ماوەی بڕینەوەی منداڵ لە مەمك دووساڵە) کەواتە: لە (٣٠) سیی مانگ بیستو چوارمانگی بۆ ماوەی شیرخواردن بێ، شەش مانگی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی مانەوەی ناوسکی دایك. ئیتر هاوڕێیان چوونە سەر فەرمایشتەکەی ئەوو، کارەکە بوو بە ئیجماعو یەکگرتن.

بەلام لای زووروای ماوەی سك چوار ساڵە، بەلگەی ئەم فەرمایشتەیش لێگەڕان. مالیك {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ژنێکی دراوسێمان هەیە ژنی موحەممەدی کوڕی عەجلانە، خۆی ژنێکی راسگۆیە، مێردەکەیشی پیاوێکی راستگۆیە، سێ سکی کردووە بە دوازەساڵ، هەر منداڵەی چوار ساڵ لە سکیدا ماوەتەوە!.

موجاهید ئەمەی گێڕاوەتەوە. جارێکیش پیاوێ دێ بۆ لای مالیکی کوڕی دینار، عەرزی دەکا: ئەی باوکی یەحیا! لە خودا بپاڕێرەوە بۆ ژنی، ئەو چوار ساڵە سکی پڕە، زۆر حاڵی پەرێشانە، ئەویش بۆ بپاڕایەوە، جا پیاوێ ترهات بۆ لای پیاوەکەو پێی گوت: فریای ژنەکەت کەوە، جا پیاوەکە رۆیشت، لە پاشدا هاتەوە، منداڵێکی بە قەلاندۆشکانیەوە بوو، تەمەنی چوار ساڵ بوو، پرچەمی لە ددان بوو!.

٤٧) ئەوەی لە کاتی بێنوێژیو زەیستانیدا نادروستە:

لەکاتی بێنوێژیو زەیستانیدا ئەم هەشت شتە نادروستە:

یەکەم: نوێژکردن، هەروا کورنووشی قورئانخوێندنو کورنووسی سوپاسیش، بەپێی فەرمایشتی حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ): کاتێ سەرەتای بێنوێژییەکەی جارانت دەستی پێکردەوە، ئیتر نوێژ مەکە هەتا بەقەد ئەو رۆژانە دەڕوا، تا کۆتایی فەرموودەکە، وە لەوە دوایش قەزای ناکاتەوە، بەپێی فەرموودەکەی عائیشە (رەزای خوای لێبێ) فەرمووی: جاران بە سەرینی پێغەمبەر خۆی (درودی خوای لەسەربێ) کە دەکەوتینە بێنوێژییەوە، لەپاش پاکبوونەوەو خۆشۆردن، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێمان دەکرد: کە رۆژووبگرینەوە، بەلام نوێژ نەگێڕینەوە! (ئەم فەرموودەیە بوخاریو موسلیم گێڕاویانەتەوە) یەکگرتنی زانایانی شەرعیش بەکۆی دەنگ لەسەر ئەم مەسەلەیە دامەزراوە.

دووەم: رۆژووگرتن چونکە چەمكو مەفهوومی ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێ کە دەفەرموێ: فەرمانی پێمان دەکرد کە رۆژووبگرینەوە. هەروا ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەفەرموێ: ئەی ئەوە نیە ژن کە دەکەوێتە بێنوێژییەوە نە نوێژ دەکاو نە بەڕۆژوو دەبێ؟ (شەیخان).

لە هەمانکاتدا نوێژ زۆرەو هەموو رۆژێ دەکرێ، لەبەرئەوە گێڕانەوەی زەحمەتە، بەلام رۆژوو سالّی یەك مانگە. خودای گەورەیش دەفەرموێ: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ – سورة الحج – ٢٢} واتە: وە لەم ئایینەدا کاری ناهەموارو باری هەڵنەگیراو نەدراون بە سەرتاندا).

سێیەم: خوێندنی قورئان کەم‌و زۆری بۆ بێنوێژ نادروستە، چونکە زیان لە شکۆمەندی قورئان دەدا، لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: نابێ ژنی بێنوێژو ئادەمیزادی لەشپیس هیچ شتێ لە قورئان بخوێنن (ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە) بەڵام ئەوەی کە زیکر بێ خوێندنی دروستە بۆیان، بەنیازی زیکر، نەك بە نیازی قورئان، وەك ئەوە بێنوێژ لە کاتی سواریدا بڵێ: {**سُبْحانَ الَّذي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ** – سورة الزخرف – ١٣} یا وەك ئەوە لەکاتی روودانی کارەسات‌و قۆرت‌و چورتمدا بڵێ: {**إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ** – سورة البقرة – ١٥٦/٢} هەروا دروستە بۆی خوێندنی ئایەتەکانی ئامۆژگاری‌و هەواڵ‌و حوکمەکانی قورئان، بەمەرجێ بە نیازی قورئان نەیان خوێنێ، وەك ئەوە ئایەتەلکورسی بەنیازی نزابخوێنێ، بەڵام ئەگەر هەرشتێ لە قورئان بە نیازی قورئان‌و نزا، یا بەنیازی قورئان‌و زیکر بخوێنی ئەوە نادروستە. نەوەوی لە (دەقائیق)دا ئەم باسەی روونکردۆتەوە. لەم بڕیارەدا جیاوازی نیە لە نێوان ئەو ئایەتانەدا کە نەظم‌و هۆنینەوەکەیان هەر لە قورئاندا هەیە وەك سوورەتی ئیخلاص‌و، لە نێوانی ئەو ئایەتانەدا کە هۆنینەوەو نظمەکایان لە غەیری قورئانیشدا هەیە، وەکو ئایەتی، بسم الله الرحمن الرحیم‌و ئایەتی، الحمد الله رب العالمین[1].

---

(١) ئورجووزەیەکم هەیە بە ناوی (بین یدی کتاب الله) لە بابەتی دەستووری قورئانخوێندن‌و پێڕستێکی تایبەتی سوورەتەکانی قورئانەوە، بە عەرەبییەوە، پتر لە پێنج

سەد شیعر دەبێ. ئەم چەند دێڕە لە مەتنو لە شەرحەکەی رادەگوێزم، بۆ زیادە فایدە:

للجـــنب تـــلاوة القـــرآن بغيـر قـصده، بـلا نقصـان،
كـــأن تــلا بنيـــة الاذكـــار والـحفظ مـن شــرارة الأشــرار
وكــتب شــيء منـــه فـى انـاء وأكـــل مـــا فيه، وشرب الماء
منــــه، أجــز بنيـــة الـشفـاء ثـم استعـــن بخيـــرة الـدواء!
يا تالي النور! اقتبس من نـوره وكـن كمـــن ينـور في حضورة!
ولا تكـــن كـســاذج الاطفـــال تجمع ضوء الشمس بالغربـــال
اليـك مـــا في محكـم الامثـــال للمحدث الجعنه شرح الحـــال:
لـلجـنب التالـــي فـــم جـسور من مـــدخن كيـف يثـور نـور؟!
ومـــع هـــذا لا ألـــوم مـن قـرا عن ظهـر غيـب جنبـا فيمـا أرى
هـــذا اذا لم يتخـــذهـــا عـادة ورام مـــن ورائـــهـــا افــــادة!

وتحل للجنب قرآءة لا بقصده كقوله بنية الذكر عند الركوب: (سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين) وعند المصيبة: (انا لله وانا اليه راجعون). قال في مغني المحتاج: (أفتى شيخي بأنه لو قرأ الرآن جميعه لا بقصد القرآن جاز) أقول (أنا المترجم) تظهر فائدة الإجراءات لجنب أو حائض يتعاهد حفظ القرآن حتى لا ينساه، وهذا في الحائض أظهر، لان فترة انقطاعها اطول، فتستطيع تعاهده على أحدى هذه الكيفيات وقلب ورقه بعود ونحوه للنظر فيه. ومعلوم ان النظر في المصحف عبادة، وان تعاهد القرآن حتى لا ينسى من أعظم القربات. وقد جاء في الارجوزة:

النظر في المصحف عبادة والموت في سبيله شهـادة
الموت فرض ذائق الـولادة اكرم في الفوز بالشهادة

(المترجم)

١٩٩٥/٧/١٥

چـــوارەم: دەســـت دان لـــە قورئـــان یـــا هـــەلگرتنی، چـــونکە خـــوا دەفـەرموێ: {لَّـا يَمَـسُّهُ إِلَّـا الْمُطَهَّـرُونَ – سـورة الواقعـة – ٤/٣٤} واتــە: ئــەم قورئانــە نابــێ لــە زەویــشدا کــەس دەســتی لێبــدا تــەنیا ئــەو موسـوڵمانانە نـەبێ کـە پـاکن لـە لەشپیـسیو لـە بـێ دەسـنوێژی) هـەروا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: موسـوڵمانی پـاك نـەبێ نابـێ کـەس دەست لە قورئان بدا، (دارە قوطنی) جا لـە شـوێنێ دەسلێدانی نادروست بێ هەلگرتنی زیاتر، بەڵام دروستە هەلگرتنی لەناو شمەکدا، بـە مـەرجێ بە نیازی هەلگرتنی قورئانەکە نەبێ.

پێنجەم: راوەستانو مانەوە لە ناو مزگەوتدا، یا هاتوچۆ لـە ناویـدا، چونکە شتی وا بۆ لەشپیس نادروستە، دەی نانوێژی (حـەدەث)ی بێنوێـژ لەهی لەشپیس بەتینترە! لەبەر ئەم فەرمودەیەیش کـە دەفـەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): من چوونە ناو مزگەوت رەوا نابینم نـە بـۆ ژنـی بێنوێـژو نـە بۆ لەشـپیس (ئـەبو داوود). بـەڵام دروسـتە ژنـی بێنوێـژ بـە رێبـواری بـە ناومزگەتـد تێپـەڕێ، هـەروەك ئەمـە بـۆ لەشپیـسیش رەوایـە، بـەپێی فەرمایـشتی خـوای گـەورە: {إِلاَّ عَـابِرِي سَـبِيلٍ – سـورة النـساء – ٤/٣٤} واتـــە: ئـــەی موســـوڵمانینە! بەلەشـــی پیـــسەوە نزیکـــی نوێژمەکەونەوە، هەروا لـە ناومزگەتـدا مەمێننـەوە! مەگـەر بـە رێبـواری بەناویـدا تێپـەڕن! ئەمـەیش کـاتی دروسـتە بـۆی کـە دڵنیابـێ لـەوە کـە مزگەوتەکـە پـیس ناکـا، دەنـا دروسـت نیـە. دەق وەك بێنوێـژ وایـە لـەم بڕیارەدا کەسێ گیرۆدەی میزەچوڕکە بێ یا برینێکی نمداری وای پێوەبـێ کە مەترسی ئەوەی هەبێ لەکاتی تێپەڕبوونیدا مزگەتەکە ناپاك دەکا.

شەشەم: هەڵسوڕان بە دەوری خانەی خودادا، کە ناودارە بە تەوافی بەیت، چونکە عائیشە هاوسەری حەزرەت {دروودی خودا لە حەزرەت بێ و ڕەزای خودا لەو} لەکاتی حەجەکەیدا، کاتێ کەوتە بێنوێژییەوە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: ئەمە شتێکە خودا نووسیویەتی لە چارەی کچانی ئادەم‌و سووچی تۆی تیادا نیە، جا هەرچی حاجی دەیکا لە حەجەکەیدا تۆیش بیکە، بەڵام تەوافی بەیت مەکە هەتا لە بێنوێژییەکەت پاك دەبیتەوە (شەیخان گێڕاویانەتەوە).

حەوتەم: دروستبوون‌و جووتبوون، بەپێی فەرمایشتی خوای گەورە: {فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ – سورة البقرةی – ٢٢٢/٢} واتە: لەکاتی بێنوێژیدا مەڕۆنە لای ژنان‌و بە نیازی چوونەلایان نزیکیان مەبنەوە هەتا لە بێنوێژی پاك ەبنەوەو لەشپیسی خۆیان دەردەکەن).

هەشتەم: لەززەت وەرگرتن لە نێوانی ناوك‌و ئەژنۆی حەلاڵ‌و هاوسەر بەرووتی. ئیبنو مەسعوود {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لە پێغەمبەری خودام پرسی: کاتێ ژنەکەم بێنوێژ بێ چی ئەو دروستە بۆ من؟ فەرمووی: لەسەر بەرکۆش (ئیزار: پۆشاك: پەشتەماڵ)ەوە هەموو شتێك بۆ هەیە (ئەبو داوود) موسلیمیش لە مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەرەوە فەرمودەیێ لەم بابەتە دەگێڕێتەوە کە ئێستا عائیشە دەیگێڕێتەوە: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەگەر یەکێ لە ژنەکانی بێنوێژ بوایەو بیویستایە کە لەززەتی شەرعی لێ وەربگرێ فەرمانی پێ دەکرد کە پشتەماڵێ بدا بە بەرکۆشیا، ئەوجا لەسەر ئەو پستەماڵەوە،

لەززەتی شەرعی لێ وەردەگرت (موسلیم) بۆیە لەزەت وەرگرتن لەم ناوچەیە نادروستە، چونکە پاوانو پارێزگای شەرمگایە، واتە: حەریمی فەرجە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: کەسێ لە دەوری پاوەند گرِبخوا بەرە بەرە تێی دەکەوێ. لە یەکێ لە فەرمایشتە دێرینەکانی شافیعیدا دەفەرموێ: ئەوەی لەم لایەنەوە کە نادروستە تەنیا رۆیشتنە لایەو دروستبوونە لە شەرمگاوە. واتە: دروستە پیاو خۆی بەهەموو شوێنێکی حەلاڵی خۆی رەحەت بکاو لەززەتی لێ وەربگرێ تەنیا بەپێشو بەپاشی نەبێ بەلگەی ئەم فەرمایشتەیش ئەم فەرموودەیەی ئەنەسە (رەزای خوای لێبێ) کە دەفەرموێ: میللەتی جوولەکە دەستوریان وابووکە ژنیان دەکەوتە بێنوێژییەوە ئیتر نە لەگەڵیاندا دەخواردنو نە لەماڵیشەوە لە گەڵیان دادەنیشتن، بەڵکوو پارێزیان لێ دەکردنو جێیان لێ جیادەکردنەوە، هاورِێیانی پێغەمبەریش سەبارەت بەم کارە لێیان پرسی، جا خودای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە {فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ - سورة البقرة - ٢/٢٢٢} ئەوجا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەموو شتێ لە گەڵیاندا بکەن، تەنیا چوونەلا نەبێ (موسلیم) ئەوەوی دەفەرموێ: ئەمە رای پەسەنکراوە، هەروا نەوەوی ئەم رایەی لە کتێبی تەحقیقو لەشەرحی تەنبیهدا پەسەند کردووە، هەروا لە وسیطیشدا – جا ئەگەر پیاو لەگەڵ حەلاڵی خۆیدا، کە لە بێنوێژیدا بێ، دروست ببێ، لە هەمانکاتدا بزانێ کە ئەوە نادروستە، ئەوە تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدا، پێویستە لە سەری کە تەوبەی لێبکا، لە هەمانکاتدا سوننەتە کە دینارێکی زێرِ بکا بەخێر، ئەگەر کارەکەی لە سەرەتای بێنوێژییەکەوە ئەنجام دابوو، بەلاّم ئەگەر

له دوایی بێنوێژییەکەدا ئەنجامدابوو، با نیو دیناری زێڕ ببەخشێتەوە، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: پیاو ئەگەر له بێنوێژیدا چووە لای ژن ئەگەر خوێنەکە سووربوو ئەوە دیناری بکا بەخێر بەڵام ئەگەر خوێنەکە زەردبوو ئەوە نیو دینار بکا بەخێر. (ئەبو داودو حاکم گێڕاویانەتەوە، حاکم بە صەحیحی داناوە) زەیستانییش قیاس له بێنوێژیی دەکرێ. بۆیەش ئەم خێرەیش پێویست نیەو سوننەتە چونکە چوونەلاکە لەم کاتی بێنوێژییەدا لەبەر ئازار نادروستە، ئازاریش نابێ بەهۆی پێویستبوونی کەفارەت.

٤٨) ئەوەی بۆ لەشپیس نادروستە:

ئەم پێنج شتە بۆ لەشپیس نادروستە :-

یەکەم: نوێژ، لەبەر یەککگرتنی رای زاناکان لەسەر ئەوە.

دووەم: خوێندنی قورئان، با ئایەتێ، یا پیتێکیش بێ، خوا نوێژەکە نوێژی ئاشکرابێ یا نوێژی نهێنی (سڕی) بێ هەر نادروستە، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: نابێ ژنی بێنوێژو لەشپیس هیچ شتێ له قورئان بخوێنێ (تیرمیذی). لەبەر ئەم فەرمایشتەی عەلیش {رەزای خوای لێبێ} بێجگە له لەشپیسی هیچ شتێ رێگەی قورئانخوێندنی له پێغەمبەر نەدەگرت. ئەگەر بە نیازی زیکرو نزا هەندێ له ئەزکاری قورئانی خوێند ئەوە دروستە، وەك ئەوە له سەرەتای خواردنو خواردنەوە بڵێ: (بسم الله، له دوایەوە بڵێ: الحمد لله یا له کاتی سواریدا بڵێ: سبحان الذی سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين) بەمەرجێ هەر بە نیازی زیکرو

دووعا بێ، بەڵام ئەگەر هەر بەنیازی قورئان بوو، ئەوە دروست نیە، هەروا ئەگەر بەنیازی نزاو قورئان بوو هەر دروست نیە، ئەگەر بە نیازی هیچ نەبوو، یابەس بە نیازی نزا بوو ئەوە حەرام نیە!.

سێیەم: دەستدان لە قورئانو هەلگرتنی، لەبەر ئەوەی لە پێشەوە باکرا.

چوارەم: هەڵسوڕان لەسەر شێوەی تایبەت بەدەوری خانەی خواداد، چونکە دەفەرموێ: {دروودی خوای لەسەربێ}: تەوافی بەیتیش هەر نوێژە! (حاکم) دەیشفەرموێ: رشتەکەی دروستی تەواوە: هەروا دەفەرموێ: {دروودی خوای لەسەربێ} تەوافی بەیت لەپایەی نوێژایە تەنیا ئەوەندە هەیە کە خوا قسەکردنی لەکاتی تەوافا حەڵاڵ کردووە، جا هەر کەسێ لەکاتی تەوافی بەیتدا قسەی کرد باقسەی خێربکاو بەس. حاکیم دەفەرموێ: فەرموودەیەکی ساخی دروستە، بەپێی مەرجی ئیمامی موسلیمە، کە بۆ فەرموودەی صەحیحی داناوە لە صەحیحی موسلیمدا.

پێنجەم: مانەوە لە مزگەوتا بەڵام رابووردن بەناو مزگەوتدا رەوایە، یەزدانی پاك دەفەرموێ: {وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ – سورة النساء} پێغەمبەری ئازیزیش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: من مانەوە لە مزگەوتدا بۆژنی بێنوێژو بۆ لەشپیس رەوا نابینم. (ئەبو داوود) ئەمە کاتێ وایە کە بەهانەی رەوای نەبێ، دەنا ئەگەر بەهانەی هەبوو وەکوو ئەوە لە مزگەوتا خەوتبوو، وەشەیتانی بوو، ئەوە نەوەوی {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: لەکاتی وادا ئەگەر رێگەی ئەوەی نەبوو کە لە مزگەوتەکە بچێتە دەرەوە دەبێ تەیەمموم بکا. رافیعی دەفەرموێ: لە

کاتی وادا تەیەمموم کارێکی جوانە. ڕێبواریش بە ناو مزگەوتا ئەگەر مەبەستێکی دورستی هەبوو. ئەوە بەپێی ئایەتەکە کارەکەی ڕەوایە وە هیچ ناپەسەندییەکی تیادا نیە.

٤٩) ئەوەی بۆ بێدەسنوێژ نادروستە:

ئەم سێ شتە بۆ بێدەسنوێژ نادروستە :-

یەکەم: نوێژێ کە چەمینەوە (روکوع)و کڕنووشی تیادابێ، ئەمە بە یەکگرتنی رای زاناکان لەسەری وایەو دروست نیە بەبێ دەستنوێژ بگرێ، هەروا کڕنوشی قورأنخوێندنو کوڕنووشی سوپاسو نوێژی تەرم، بەلام هەندی دەڵێن {درودی خوای لەسەربێ} ئەم سێیە بەبێ دەسنوێژیش دروستە. لە فەرموودەدا دەفەرموێ: خودا نەنوێژ بەبێ دەسنوێژو پاکی گیرا دەکاو نەخێر لە گزیو دزی گیرا دەکا. تیرمیذی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە دروستترین بەڵگەیە بۆ ئەم بابەتە.

دووەم: تەوافی ماڵی خوایە، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: تەوافی ماڵی خودایش هەر نوێژە، وەك لە پێشەوە رابرود.

سێیەم: دەستدان لە قورئانو هەڵگرتنی، خوای گەورە دەفەرموێ: {لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ} (ئەم نیشانەیە واتە ئەم دەقە لە پێشەوە رابردووە – وەرگێڕ) هەندێ گوتوویانە: مەبەست لەم کتێبە کە ئەم ئایەتە باسی دەکات لەوحولەحفووفە، بەلام ئەمە دوورە، چونکە ئایەتەکەی دوا ئەم ئایەتە دەفەرموێ: {تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ

– سـورة الواقعـة – ٥٦/٨٠} واتـه: ئـهم قورئانـه پـهروەردگاری جیهانیـان ناردوویەتـه خـوارەوە) ئەمـه دەیـسەلمێنێ ئـەوەی کـه هاتۆتـه خوارەوە قورئانه، نەوەك لەوحول مەحفووز چونکه پێغەمبـەریش (درووده خوای لەسەربێ) کاغەزێکی بۆ خەڵکی یەمەن نووسی ئەمـەی تیـادا بـوو: بـەس موسوڵمانی پاك دەست لـه قورئـان دەدا، (ئیبنـو حـەببان لـه صـەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە).

حاکمیش فەرموویەتی: رشتەکەی بەپێی مەرجی صەحیحه. هـەروا نادروسـته دەسـتدان لـەو پارچـه قورئانـه کـه بـۆ دەرس خوێنـدن نووسـراوەتەوە، بالـه ئایـەتێکیش کـەمتربێ، وەك ئـەوەی لـه تەتەڵه دارو تەختـەڕەش‌و شـتی وا دەنووسـرێ، چـونکه قورئانەکـه بـه مەبەسـتی وانەگوتنەوە نووسراوە لێی، لەبەر ئەوە له موصـحەف دەچـێ. بـەڵام ئـەو پارچانەی که بۆ غەیری وانه گوتنەوە نووسراون وەکوو ئەوەی لـه پـارەو کاغەزی نامه دەنووسرێ ئەوە دەست لێدان‌و هەڵگرتنی دروسسته چونکه خۆشەویست (درووده خوای لەسەربێ) نامـەیەکی بۆ هیرەقل نووسی، ئـەم ئایـەتـەی تیـابوو: {يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ – سـورة آل عمـران – ٣/٦٤} لەگـەڵ ئەوەیـشدا فـەرمانی بەهـەڵگری نامەکه نەکرد که دەستی به دەسنوێژبێ.

بـۆ بـێ دەسـنوێژ درسـته کـه پـەڕەی قورئـان بەپەلەکـەدارێ، یـا بـه شـتێکی وا هەڵبگێڕێتـەوە، چـونکه ئـەوە نەهەڵگرتنـەو نـه دەسـلێدان، نووسینی قورئان لەسەر دیوار شـتی وا بـاش نیـه، بـاهی مزگـەوتیش بـێ، هـەروا لەسـەر جـل‌و بـەرگ‌و خـۆراك‌و شـتی وایـش بـاش نیـە، بـەڵام

خـواردنی خۆراکـێ بـڕێ قورئـانی لێنووسـرابێ ناپەسـەند نیـە، بـە پێچەوانەی قووتـدانی، چونکە لـەحاڵی یەکەمـدا خـەتی قورئانەکـە لـە ناودەمـدا دەکۆژێتـەوە، پـێش ئـەوەی بگاتـە نـاو پیسایی نـاو گـەدە، بـە پێچەوانەی حـاڵی دووەم، دروسـتەو نابـاش نیـە کـە بـڕێ لـە قورئـان لـە حاجـەتێ بنوسـرێو ئاوەکـەی بـۆ شـیفا دەرخـواردی کەسـێ بـدرێ، شـتێ قورئـانی لێ نووسـرابێ، بـە مەبەسـتی پاراسـتنی لـە بێرێـزی، دروسـتە بسووتێنرێ، چـونکە ئیمـامی عوسمـان (رەزای خـوای لێبـێ) چـەند قورئـانی سووتاند بە مەبەستی پاراستنی رێزی، ئەگـەر بەهانـەی هـەبوو، دروسـتە بەبێ دەسنوێژ هـەڵی بگرێ، وەك ئـەوە مەترسـی ئـەوەی هـەبێ کـەپیس بێ، یا لە ناوبچێ، چونکە ئەوە دەیپارێزێ، دروست نیە قورئـان ببرێ بـۆ خاکی بێ بڕوایـان، ئەگـەر ترسـی ئـەوەی هـەبوو بکرێتـە دەسـتی ئـەوان، دروست نیە بکرێ بە سەرینو پشتیو سەری بکەوێتە سـەر، با مەترسی دزینیشی هەبێ، بەڵێ ئەگـەر ترسـی ئـەوەی هـەبوو کـە بفـەوتێ، بـەهۆی نوقمبوونی نـاو ئـاوو شـتی واوە یـا ترسـی ئـەوەی هـەبوو کـە پـیس ببـێ، یابکەوێتە دەستی بێبڕوا، ئەوە دروسـتەو بخرێتـە ژێرسـەر، بـەڵکوو ئـەوە پێویستە، چونکە ئەوە لە فەوتان دەیپـارێزێ، هـەروا دروسـتە قورئـان لـە ناوشمەکـدا بـەهۆی هـەڵگرتنی شمەکەکـەوە هـەڵ بگـیرێ، هـەروا دروسـتە دەسدان لە کتێبی تەفسیرو هەڵگرتنی، ئەگەر تەفسیرەکە لـە قورئانەکـەدا زۆرتر بوو.

٥٠) دەستدان لە قورئان لەبەر فێربوونو فێرکردن:

منداڵی فامیدەی بێدەسنوێژ قەدەغە ناکرێ لە هەڵگرتنو دەسدان لە قورئان، کە لەبەر مەسەلەی فێربوون بێ، چونکە فێربوون پێویستییە، وە زەحمەتیشە بەردەوام دەستی بە دەسنوێژ بێ، بەڵام سوننەتە دەسنوێژی هەبێ، وەڵێ ئەگەر فامیدە نەبوو ئەوە دروست نیە کە رێگەی ئەوەی بدرێ، نەبادا رێزو شەقڵی بشکێنێ. هەروەها بۆ مامۆستا، بێ دەسنوێژ، دەسلێدانو هەڵگرتنی، بە مەبەستی پێشوو، وە لەبەر هەمان هۆ دروستە، خوای گەورەیش دەفەرموێ: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ - سورة الحج - ٢٢/٧٨}.

٥١) نوێژ (الصلاه):

نوێژ لە زمانی عەرەبدا پێی دەڵێن صەلات، سەلاتیش پاڕانەوەیە، نزای باشە، خوای گەورە دەفەرموێ: {وَصَلِّ عَلَيْهِمْ - سورة التوبة - ٩/١٠٣} واتە: ئەی محمد! دووعلو نزای خێریشیان بۆ بکە - لە شەرعیشدا نوێژ بریتییە لە چەند گوتارو کردارێ، کە لە ئەڵڵاهو ئەکبەر دەستیان پێ دەکرێو بە سڵاودانەوە کۆتاییان پێدێ. سەر بەڵگەی پێویستبوونی نوێژ قورئانو سوننەتو یەکگرتنی رای زانایانی گەلی ئیسلامە لەبەر ئەوە هەرکەسێ باوەڕی پێی نەبێ یا گاڵتەی پێبێ بێ بڕوایەو لە ئایینی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. یەزدانی پاك دەفەرموێ:

{وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ – سورة البقرة – ٢/١٠} نوێژەکانتان بە ڕێکوپێکی بەجێ بهێنن - واتە: بەباشی ئاگادارییان بکەن لەم بارەیەوە فەرمووده هەر زۆر زۆرە، حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە شەوی شەوڕەوی‌و میعراجدا خودا پەنجا نوێژی لەسەر ئومەتم دانا، لەپاشا لەسەر ئامۆژگاری مووسا پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} چەند جارێ چوومەوە خزمەتی وتکام لێکرد کە کەمیان بکاتەوە، ئەویش تکاکەی گرتم‌و جار لەگەڵ جاردا کەمی دەکردنەوە هەتا لەدوا جاردا لە هەموو شەوو ڕۆژێکا کردنی بە پێنج نوێژ (شەیخان) کاتێکیش حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} موعازیکرد بە فەرمانڕەوای سەر یەمەن‌و ناردی بۆ ئەوێ پێی فەرموو: وە هەوڵیان بدەرێ کە خودا لە هەموو شەووڕۆژێکا پێنج نوێژی لە سەریان داناوە. سەربەڵگەی دیاریکردنی کاتی نوێژەکان ئەم ئایەتەیە: {فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ. وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ – سورة الروم – ٣٠/١٧ – ١٨} ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: لەم ئایەتەدا کاتی پێنج نوێژەکان دیاریکراون، چونکە مەبەستی خوا لە (حین تموسون) نوێژی شێوان‌و خەوتنانە، مەبەستی لە (حین تصبحون) نوێژی بەیانییە، لە (عشیا) نوێژی عەصرە، لە (حین تظهرون) نوێژی نیوەڕۆیە.

٥٢) کاتەکانی نوێژ:

زانینی کاتی نوێژەکان کارێکی هەرەگرنگە، چونکە بە داهاتنی کات نوێژەکە پێویست دەبێ، بە بەسەرچوونی نوێژەکە دەچێ. سەربەڵگەی دیاریکردنی کات قورئان‌و سوننەت‌و یەکگرتنی ئوممەتە بەکۆی دەنگ لەسەری، خوای گەورە دەفەرموێ: {إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا – سورة النساء – ١٠٣/٤} واتە: بەراستی نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرزێکە بەسراوە بە کاتی تایبەتی خۆیەوە، پێویستە هەموو نوێژێ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بە باشی بکرێ - خۆشەویستیش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: جوبرائیل {دروودی خوای لەسەربێ} دوو ڕۆژ لەکن کەعبە بەرنوێژی نوێژەکانی بۆ کردم لەسەر ئەم شێوەیە: لە ڕۆژی یەکەما ئەو کاتە بەرنوێژیی نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردم کە سێبەر بە قەد قەیتانێ دەبێ. واتە: خۆربەدیمەن لە ناوەراستی ئاسمان لای دابوو، وەسێبەری تاقی ئێوارە بەحاڵ لە زیادبوونبوو، وە ئەوکاتە بەرنوێژیی نوێژی عەصری بۆ کردم کە سێبەری هەموو شتێ بە قەد خۆی دەبێ، وە ئەوکاتە بەرنوێژیی نوێژی شێوانی بۆ کردم کە خۆر ئاوا دەبێ‌و ڕۆژووەوان ڕۆژوو دەشکێنێ، وە ئەوکاتە بەرنوێژیی نوێژی خەوتنانی بۆ کردم کە سوورایی کەناری ئاسمان گوم دەبێ، وە ئەوکاتە بەرنوێژیی نوێژی بەیانی بۆ کردم کە شەبەق دەداو خۆراك لە ڕۆژووەوان یاساخ دەبێ، بەڵام لە لە ڕۆژی دووەمان ئەوکاتە نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردم کە سێبەری هەموو شتێ بەقەد خۆی دەبێ، کە دەق دەکاتە کاتی نوێژی عەصری ڕۆژی یەکەم، وە ئەوکاتە نوێژی عەصری بۆ کردم کە سێبەری هەموو شتێ دووجار بەقەد خۆی دەبێ، وە نوێژی

شێوانی لە کاتی پێشووی خۆیدا بۆ کردمەوە، وە ئەوکاتە نوێژی خەتنانی بۆ کردم کە سێیەکی شەودەڕوا، وە ئەوکاتە نوێژی بەیانی بۆ کردم کە سەرزەوی رووناك دەبێتەوەو کاناری رۆژهەلات زەرد هەڵدەگەڕێ، ئینجا جوبرائیل (دروودی خوای لەسەربێ) رووی تێکرم فەرمووی: ئەی موحەمەد! ئەم کاتانە کاتی نوێژی پێغەمبەرانی پێش تۆبوون، وەکاتی نوێژی تۆش لە ناوەندی ئەم دووکاتەدایە کە دوێنێ‌و ئەمڕۆ نیشانتمدا. (ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە) تیرمیذی بە جوانی داناوە، ئیبنو خوزەیمەو حاکمیش بە (دروست: صەحیح)یان داناوە تیرمیذی فەرموویەتی: بوخاری دەفەرموێ: سەبارەت بە دیاریکردنی کاتی نوێژەکان ئەم فەرموودەیە دروستترین بەلگەیە.

سێبەری کاتی نیوەڕۆ بەپێی ولات دەگۆڕێ، لە شوێنی کە کێلی قنج سێبەری نەبێ لەکاتی نیوەڕۆدا، لەگەڵ سێبەری پەیداکرد ئیتر نیوەڕۆیە، ئەمەیش وەك مەککەو صەنعای یەمەن، لە شوێنێکیش کە کێلی قنج لەکاتی نیوەڕۆدا سێبەری هەبێ هەر لەگەڵ دەستی کرد بە زیادکردنی ئیتر دەبێ بەنیوەڕۆو نوێژ دەبێ، وە ئەوە سەرەتای کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، دوا کاتیشی ئەوەیە کە سێبەری هەرشتێ بە قەد خۆی دەبێ بێجگە لە سێبەری کاتی ئیستسواء، کە رۆژ وا لە ناوەراستی ئاسمانا، وە ئەوە سەرەتای کاتی عەصریشە، بەپێی فەرموودەکەی پێشوو، بەڵام تۆزێ لەوە زیاد بکا، چونکە بەسەرچوونی کاتی نیوەڕۆ بەهۆی ئەو زیادەوە دەزانرێ. نوێژی عەصر دەمێنێ هەتا گۆی خۆر ئاوا دەبێ، وا باشە کە دوا نەکەوێ لەو کاتە کە سێبەری شت لە دوو قاتی خۆی لادەدا، ئەمە پێی دەگوترێ: کاتی هەڵبژاردەی، بۆیە وانراوە چونکە

جوبرائیل هەڵی بژاردووە. لەدوائەوە هەتا خۆرئاوابوون کاتی دروستبوونیەتی، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەتا خۆرئاوا دەبێ کاتی عەصر دەمێنێ (موسلیم).

نوێژی شێوان یەك کاتی هەیە کە خۆرائاوا بوونە بەپێی فەرموودەکەی، چونکە جوبرائیل لەهەر دوو رۆژەکەدا لە یەك کاتدا بەرنوێژی شێوانی بۆ پێغەمبەر کرد، رای زاناکان لە بارەی بەسەرچوونی کاتی شێوانەوە جیایە، دوو فەرمایشتیان هەیە.

فەرمایشتی یەکەم: کە دیارترە، واتە: اظهرە، دەفەرموێ: کاتەکەی ئەوەندەیە کە بەشی دەسنوێژێك و پۆشینی شەرمگاو بانگ و قامەت و کردنی پێنج رکات بکات، چونکە رووکار (ظاهیر)ی فەرموودەکە نیشانەی ئەمەیە، لەسەر فەرمایشتێ تر: حەوت رکات لە جیاتی پێنج رکات، ئەم قسەیەی دووەمە لەسەر ئەمە دامەزراوە: کە وەك سوننەتە لە پاش شێوانەوە دوورکات سوننەت بکرێ، سوننەتیشە لە پێشەوە دوو رکات بکرێ، کەواتە: (٢ + ٣ + ٢ = ٧) ئەمەیش کە دوورکات لە پێشەوە سوننەت بێ، رای دامەزراوە. بۆ دیاریکردنی ئەندازەی رکاتەکانیش ئیعتیبار بە نوێژی مرۆڤێکی میانڕەوی مامناوەندییە.

فەرمایشتی دووەم: نوێژی شێوان دەمێنێ هەتا سووریی کەناری ئاسمان لەلای خۆرنشینەوە لەچاو ون دەبێ! ئەمەیش بەپێی ئەم فەرمایشتەی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ): کاتی نوێژی شێوان لە خۆرئاوابوونەوە دەست پێ دەکات هەتا سووری کەناری ئاسمان نامێنی (موسلیم).

بورەیدە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پیاوێ لە پێغەمبەری خودای پرسی: کاتی نوێژەکان کەیو کەیە؟ فەرموودەکە کە باسی کاتی هەموو نوێژەکان دەکا، ئەوەیشی تیایە: کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمان بەم پرسیارکەرە دەکا کە دووڕۆژ نوێژ بە جەماعەت لەگەڵ پێغەمبەرو یارانی بکا، فەرموودەکە بۆ نوێژی شێوان دەفەرموێ: لە رۆژی یەکەما ئەو کاتە نوێژی شێوانی بۆکردن کە خۆر ئاوادەبێ، لە رۆژی دووەما پێش ئەوەی کە سووریی کەناری ئاسمان ئاوا ببێ. لە دوایی فەرموودەکەدا دەفەرموێ ئەوجا: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: فەرمووی: کوا پرسیارکەرەکە؟ پیاوەکە فەرمووی: ئەمەتام ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: کاتی گشت نوێژێ لە نێوانی ئەم دوو کاتەدایە: کە من لە رۆژی یەکەمو لە رۆژی دوەما بە بەرچاوتانەوە نوێژەکانم بۆ کردن! (موسلیم).

فەرموودە بۆ پشتگیری رای دووەمی زاناکان لە بارەی ماوەی کاتی شێوانەوە زۆرە، ئیبنو خوزەیمەو خەطابیو بەیهەقیو غەزالیو بەغەوی ئەم رای دووەمەیان پەسەند کردووە. رافیعی دەفەرموێ: دەستەیێ لە هاوڕێیان (ئەصحابی رێبازی شافیعی) لە بارەی کاتی نوێژی شێوانەوە ئەم رایەی دووەمیان پەسەند کردووەو بە فەرمایشتی دامەزراویان داناوە. نەوەویش دەفەرموێ: فەرموودەی دروستی زۆر بە راشکاری بریاری ئەمە دەدەن.

سەرەتای نوێژی خەوتنان بە نەمانی سووریی کەناری ئاسمان دەست پێدەکا، بەپێی فەرموودەکان، کاتی نایابی ئەم نوێژە هەتا سێیەکی شەو دەمێنێ، بەپێی فەرموودەی جوبرائیل {دروودی خوای لەسەربێ}: دوو رۆژ لەلای

کەعبە بەرنوێژیی نوێژەکانی بۆ کردم. لەسەر فەرمایشتێ ئەم کاتی نایابییە هەتا نیوەی شەو دەمێنی، بەپێی فەرمایشتەکەی خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ}: کاتی نوێژی خەوتنان هەتا نیوەی شەوە، ئەوەوی دەفەرموێ: ئەمە فەرموودەیەکی دروستە. لە گێڕانەوەیەکا: ئەبادازەحمەتی ئۆمەتم بدەم ئەگینا نوێژی خەوتنانم دوادەخست بۆ نیوە شەو (حاکم ئەم فەرموودەیەی بە دروست داناوە، دەفەرموێ: بەپێی مەرجی بوخاریو موسلیمە) هەرچۆنێك بێت نوێژی خەوتنان هەتا شەبەقی بەیان دەمێنێ، بەپێی فەرموودەیەکی موسلیم کە دەفەرموێ: خەو قەیدی نیە، بەڵام ئەوەی قەیدی هەیە ئەوەیە کە بە خەبەرییو بە ئارەزوو نوێژ نەکەی تا کاتەکەی بەسەردەچێ، بەداهاتنی کاتی نوێژەکەی تر کەوا لە دوایەوە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە کاتی هەموو نوێژێ بەردەوام دەبێ هەتا کاتی نوێژەکەی تر دادێ، تەنیا نوێژی بەیانی نەبێ، کاتەکەی دەمێنێ هەتا گۆشەی سەرووی گۆی خۆر لە ئاسۆ هەڵدێ، یەکگرتن لەسەر ئەوە هەیە کە کاتی نوێژی بەیانی بە هەڵهاتنی خۆر دێتە کۆتایی، بەپێی رووکاری ئەو فەرموودەیەش کە جوبرائیل پێشنوێژی بۆ پێغەمبەر دەکات کاتی بەیانی لەگەڵ گزنگی هەتاودا کۆتایی دێ. ئەو وڵاتانەی کە سوورایی کەناری ئاسمانیان ون نابێ چاو لە نزیکترین وڵات لە خۆیانەوە دەکەنو ونبوونی سوورایی ئاسۆی ئەوان دەکەن بەسەر مەشق بۆ خۆیان. نوێژی بەیانی دادێ بە دەرکەوتنی سپێدەی بەیان: کە برێتییە لە کاتی بڵاوبوونەوەی رووناکی بە پانایی کەناری ئاسمانا لای رۆژهەڵاتەوە، کاتی نایابی دەمێنێ هەتا ئاستی رۆژهەلات زەرد دەبێو دنیا تەواو رووناك

دەبێتـەوە ئەمـەیش بـەپێی ڕوونکردنەوەکـەی جوبرائیـل بـۆ پێغەمبـەر، وەك پێشەوە ڕابورد، بەڵام کاتی دروستبوونی (کـە پێـی دەگـوترێ وەقتـی جـەواز) هـەتا گزنگـی خـۆر دەمێنـێ[1] بـەپێی فەرمایـشتی خۆشەویـست {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ فریایەك ڕکاتی نوێـژی بـەیانی بکـەوێ لـە پـێش خۆرکـەوتنا ئـەوە فریـای نوێـژی بـەیانی بـە تـەواوی دەکـەوێ، بـە مەعنا بە حازری دەیکا نەك بەقەزا (موسلیم).

بـزانن کـاتی دروسـتبوون (بـەبێ ناپەسـەندیی = کەراهـەت) هـەتا پەیـدابوونی سـووراییی ئاسۆیە، لـە پاش پەیـدابوونی ئـەم سوراییە کـاتی ناپەسەندی (کەراهەت)ە،هەتا گزنگی خۆر، ئەمە کاتێ وایـە کـە بەهانـەی ڕەوای نـەبێ، نووسـتن لـە پـێش کردنـی نوێـژی خەوتنانـدا ناپەسـەندە، هەروا قسەکردن لە پاشیەوە، مەگەر قسەی خێر، لەبەر ئەم فەرمایشتەی ئەبو بەرزەی ئەسلەمی {ڕەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نووستنی لە پێش کردنی نوێژی خەوتنانـدا پێناخۆشـبوو، هـەروا قسەکردن لە دوایەوە (شەیخان).

---

(١) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە شەریعەتی ئیسلامدا دەفەرموێ: (وە ئەمێنێتەوە هەتا هەندێ لە قورسی ڕۆژ دەردەکەوێ‌و هـەتاو ئـەدا لەسـەر بـەرزان). فەرهەنگی خاڵ دەڵێ:- گـزنگ تیـشکی ڕۆژە لـە بەیانیانـدا کـە یەکـەم جـار ئـەدا لـە شوێنێکی بەرز. لە عەرەبییەکەشدا دەڵێ: یبقى الى طلـوع الـشمس. مەبەسـتم ئەوەیە: ئێمـەیش لـە کوردیـدا بەرەبـەرە هـەوڵی ئـەوە بـدەین کـە زاراوەی لـەبار، بـۆ زاراوە شەرعییەکان لە زمانەکەی خۆماندا دابنێین، چونکە ئەوە گرنگترین هەنگاوە.
- وەرگێڕ -

٥٣) مەرجەكانی پێویستبوونی نوێژ:

مەرجی پێویستبوونی نوێژ ئەم چەند شتەیە:

یەكەم: ئیسلام.

دووەم: باڵقبوون.

سێیەم: هۆشیاری.

چوارەم: پاكی لە بێنوێژیو زەیستانی.

كەواتە نوێژ لەسەر ناموسوڵمانێ كە لەبنەڕەتدا ناموسوڵمان بێ نیە، چونكە نوێژ تاعەتەو هەموو تاعەتێكیش هۆی نزیكبوونەوەیە لەخوا، شتی وایش لە حاڵی بێبڕواییداو لە كەس داوا ناكرێ، هەتا ئەگەر بیشی كات نە دادەمزرێو نەدروستەو نە گیرادەبێ. ئەوەندە هەیە پاشگەزبوو (مورتەدد) بەبێ راجیایی نوێژی لەسەر پێویستە، هەركاتێ كە موسوڵمان بووەوە پێویستە لەسەری هەر نوێژێكی لەكاتی پاشگەزیدا فەوتاوە قەزای بكاتەوە، چونكە ئەو لە سەرەتاوە بە قبووڵی ئیسلام ئەم ئەركەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، دەی بەهۆی پاشگەزبوونەوە لە كۆڵی ناكەوێ، هەروەك چۆن ئەگەر كەسێ چووە ژێر ماڵێ لە پاشا لە ئیسلامیش هەڵ بگەڕێتەوە ماڵەكەی هەر لەسەر دەمێنێو بەوە لە كۆڵی ناكەوێ ئەمیش ئاوا. هەروا منداڵو شێتو بێهۆشو سەرخۆشێ كە دەستی خۆیانی تیادا نەبێ نوێژیان لەسەر نیە، خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: قەڵەمی تەكلیف لەسەر ئەم سێ كەسە هەڵگیراوە: لەسەر خەوتوو تا خەبەری دەبێتەوە، لەسەر منداڵ تا رەسیدە دەبێ، لەسەر شێت تا هۆشی دێتەوە) ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە،

تیرمیذی دەفەرموێ: فەرمووده‌یەکی جوانە، واتە: حەدیسێکی حەسەنە. بەڵام منداڵ کە فامی کردەوە پێویستە لەسەر هەقدارەکەی کە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمانی پێبکا بە نوێژکردن، لە دەساڵیدا لەسەر نوێژلێیبدا، بەڵام لێدانێکی نەرمی ئاسایی، لەکاتی نووستنیشدا ئەگە چەند منالێ بوون جێگەیان لە یەکتر بۆ جیابکاتەوە، خۆشەویست {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن، لە تەمەنی دەساڵیدا لەسەر نوێژ لێیان بدەن، لەکاتی نووستنیشدا نوێنیان لە یەکتری بۆ جیابکەنەوە. پێویستە لەسەر باوك‌و دایك منداڵەکانیان فێری فەرمانەکانی پاکی‌و خاوێنی‌و نوێژ بکەن. هەروا ژنی بێنوێژو ژنی زەیستان نوێژیان لەسەر نییە، بەڵکوو دروست نیە نوێژ بکەن، پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ سەرەتای بێنوێژییەکەی جارانت دەستی پێکردەوە ئیتر نوێژ مەکە زەیستانیش لە حوکمی بێنوێژدایە.

٥٤) مەرجەکانی دامەزرانی نوێژ:

بزانن کە نوێژ چەن مەرج‌و بنیات‌و ناو کارو ناوباری هەیە، واتە شەرت‌و روکن‌و ئەبعاض‌و هەیئاتی هەیە، نوێژ بەبێ بوونی مەرج‌و بنیات دانامەزرێ، جیاوازی مەرج‌و بنیات ئەوەیە: مەرج بەشێ نیە لە چییەتی‌و ماهییەتی نوێژ، وەك پاکیی ئەندام لە پیسی‌و لە نانوێژی (الحدث) بەڵام بنیات (کە پێشی ەگوترێ روکن) بەشێکە لە ناوەڕۆکی نوێژ، وەکوو چەمینەوەو کوڕنووش.

٥٥) مەرجی دامەزراندنی ئەم پێنجەن:

یەکەم: پاکیی نوێژکەرە لەبێ دەسنوێژیو لەشپیسی، یا بڵێین: لە نانوێژیی بچووكو گەورە، (حەدەثی ئەصغەرو ئەکبەر) چونکە خوا فەرمانی بەمە کردووە بە پێی ئایەتی (إذا قمتم الى الصلاة) هەتا ئەوێ کە دەفەرموێ: (فاطهروا) هەروا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودا نە نوێژ بەبێ دەسنوێژو پاکی گیرا دەکاو نە خێر لە دزیو گزی گیرا دەکا.

دووەم: پاکیو خاوێنی لەشو پۆشاكو جێگەی نوێژە لەو پیسییانە کە چاو پۆشییان لێ نەکراوە، بەڵگەی مەرجبوونی پاکی جەستە ئەم ئایەتەیە: {وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ - سورة المدثر - ٧٤/٥) (واتە: خۆت لە تاوانو گوناە بپارێزە) بە قسەی دانەر بێ روجزنەجەسە، دیارە نەجەسیش بەواتا پیسییە، بەپێی ئەم تەفسیرە واتە: خۆت لە پیسی بپارێزە، بەڵگەیەکی تریش هەیە کە ئەم فەرموودەیەیە: کاتێ سەرەتای بێنوێژییەکەی جارانت... بەڵگەی مەرجبوونی پاکی پۆشاك ئەم ئایەتەیە: {وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ - سورة المدثر - ٧٤/٤} واتە: پۆشاکەکەت پاك رابگرە. لە فەرموودەیشدا وەك لە پێشەوە رابورد فەرمان کراوە بە شۆردنی جلو بەرگ، ئەگەر خوێنی بێنوێژییان بەرکەوت. بەڵگەی مەرجبوونی پاکی جێ نوێژیش فەرموودەی عەرەبە سارانشینەکەیە کە لەناو مزگەوتەکەدا میزی کرد، وەك لە پێشەوە رابورد، ئەگەر کەسێ پیسییەك بە جێگەیەکیەوە بوو، بەبێ ئەوەی پێی بزانێ نوێژی پێوەکرد، ئەوە دەبێ هەرکاتێ پێی زانی ئەو نوێژە

بگێڕێتەوە چونکە ئەم جۆرە پاکییە پێویستەو بەبێ نەزانین (جەهل) لە کۆڵ ناکەوێ، دەق وەك چۆن پاکی لە بێدەسنوێژیو لەشپیسی بە پێنەزانینل لە کۆڵ ناکەوێ ئەمیش وا، هەیشە دەڵێ: گێڕانەوە پێویست نیە ئەم قسەیە ئیبنو لمونذیر پەسەندی کردووە، هەروا نەوەویش لە شەرحی موهذذەبدا. بەڵام ئەگەر بەو پیسییەی زانیبوو بەڵام لە بیری چووبوو، ئەوە گێڕانەوەی بەبێ راجیایی لەسەرە، چونکە لەم بارەیاندا خۆی سووچدارە، لەوەدا کە پیسییەکەی نەشۆردووە،

سێیەم: داپۆشینی شەرمگایە، بە پۆشاکێکی پاك، هەتا لە کاتی تەنیاییو تاریکیشدا، دەبێ شەرمگا لە نوێژا داپۆشرێ، مەبەست لە شەرمگا لەم شوێنەدا ئەو شوێنانەیە لە لەش کە دەبێ لە نوێژدا داپۆشرێن مەرجبوونی داپۆشینی، لەش بەپێی ئەم ئایەتەیە: {خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ - سورة الأعراف ٣١/٧} واتە: ئەی نەتەوەی ئادەم! بەرگی باشی پاکی جوان لەبەر بکەن بۆ داپۆشینی شەرمگا، لەلای هەموو مزگەوتێکا، چ بۆ تەواف بڕۆن بۆ ئەوێ یا بۆ نوێژکردن). بەپێی ئەم فەرموودەیەی خۆشەویستیش {درووده خوای لەسەربێ}: خودا نوێژی ژنی سەرو عوزرشۆر بەبێ لەچکە گیرانەکا •تیرمیذی گێڕاویەتەوە، حاکم بە فەرموودەیەکی جوانی داناوەو فەرموویەتی: بەپێی مەرجی ئیمامی موسلیمە کە دایناوە بۆ فەرموودەی دروست) لە دەقی عەرەبی فەرموودەکەدا وشەی (خیمار) هەیە، کە بەلەچكو سەرپۆش دەگوترێ، برێ دەڵێن: بە هەموو پۆشاکێك دەگوترێ. یەکگرتن هەیە لەسەر پێویستیی پۆشینی شەرمگا لە نوێژدا، بەمەرجی توانا، جا ئەگەر توانای خۆ داپۆشینی نەبوو ئەوا بە رووتی نوێژە دەکا،

وەکردنەوەیشی لەسەر نیە، چونکە ئەوە بەهانەیەکی رەوای گشتییە، دوورنیە کە درێژ بکێشێ، دەی لە باری وادا ئەگەر بڵێین کردنەوەی نوێژەکە پێویستە کارێکی ئەستەمە. مەرجە پۆشاکەکە ئەوەندە سفتو ئەستوور بێ رەنگی پێست لە بنیەوە دەرنەکەوێ، کەواتە ئەگەر ئەوەندە تەنك بوو شەرمگای نەدەشاردەوە ئەوە بەس نییە، ئەگەر هەر هیچی دەست نەکەوت ئەوەندە بەسە کەبە قوڕدایپۆشێ! پێویستە پۆشاك شەرمگا لە لای ژووروو تەنیشتەوە داپۆشێ، بەڵام لەخوارەوە پێویست نییە، جا ئەگەر لەلای ژووروو لەتەنیشتەوە شەرمگای دەبینرا، وەك لە یەخەیەوە رانی دەردەکەوت، ئەوە بەس نییەو نوێژەکەی بەتاڵە، لەبەرئەوە پێویستە کە بەقۆپچەو دوگمە یا بە پشتێنو بەستن خۆی توند بکاتەوە، هەتا شەرمگای لەو دوو جێگەیەوە نەبینرێ. سەلەمەی کوڕی ئەکوەع {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: عەرزی حەزرەتم کرد: قوربان! ئایا بەکراسەوە نوێژبکەم؟ فەرمووی: بەڵێ، بەڵام ئەگەر بە چقڵێکیش بووە یەخەکەی داخە (بوخاری) گریمان بەس جلێکی پیسی هەبوو، ئاویش نەبوو بیشۆرێ نوێژی پێوە دەکاو لەپاشا کەی دەستیدا بۆی بەجلێکی نوێژییەوە نوێژەکەی دەکاتەوە، لەسەر فەرمایشتێ بەڕووتی نوێژ دەکاو کردنەوەیشی لەسەر نییە، بۆ ژن ناپەسەندە لەکاتی نوێژکردندا پەچە بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لەمزوگەوتا بوو، وە بێگانەی لێ بوو، پارێزیان لە روانینی ناڕەوا نەدەکرد، وەمەترسی ئاژاوە هەبوو، ئەوە پێویستە لەسەری پەچە بپۆشێ، نادروستە پەچەکەی لاببات.

چوارەم: ئەوەیە کە بزانێ کاتی نوێژەکە داهاتووە، چونکە نوێژ لەپێش کاتی خۆیا دانامەزرێ، جا ئەگەر کاتی نەدەزانی، لە سەریەتی کە

هەوڵی زانینی بدا، چونکە بەوە فەرمانی پێکراوە، هەوڵ و تێکۆشانیش بەوێرد خوێندن و دەوری قورئان و وانە گوتنەوە دەبێ، هەروا بۆی هەیە کە باوەڕ بە خوێندنی کەڵەبابێکی بەراوردکراو بکا، یا بەدەنگی بانگ، بەمەرجێ بانگدەرەکە لەرۆژانی سایەقەدا متمانە پێکراو بێ، بەڵام ئەگەر رۆژەکە هەور بوو، بانگدەرەکەیش شارەزایی رۆژانی سایەقەی نەبوو، بەڵکوو بەکۆشش بانگی دەدا، ئەوە دروست نییە، باوەڕی پێ بکا، چونکە کۆششکار (موجتەهید) کۆششکارێکی تری وەك خۆی نابێ بکا بەسەرمەشق بۆ خۆی، ئەگەر کەسێ گومانی بەهێزی وابوو کەنوێژ بووە، وە نوێژی کرد، وەلەوە دوا حاڵەکەی بۆ روون نەبۆوە ئەوە نوێژەکەی تەواوەو هیچی لەسەر نییە، هەروا ئەگەر بۆی دەرکەوت کە نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا بووە، یالە دواکاتی خۆی بووە، بەڵام ئەگەر بۆی دەرکەوت کە لەپێش کاتدا بووە ئەوە دەیگێڕێتەوە، ئەگەر ئەستێرە شوناس بەحیسابگەری کاتی ساخ کردەوە، کار بەو ساخ کردنەومیە دەکا، ئەستێرە شوناس لەشەرعدا بەو زانا ئاسمانییە دەگوترێ، کە شارەزایی لە زانستی ئەستێرەدا هەبێ، رێ و شوێن و قۆناخ و خولگەی رۆژو مانگ و ئەستێرەکان بزانێ، کە بەهۆی ئەوەوە خۆر گیران و مانگگیران و کاتەکانی نوێژوشتی تریش دەزانێ، دیارەکە مەبەست ئەو فاڵچی و رەملگرەوەیانە نییە کە بەدرۆ دەم لەزانینی نهێنی خوایی دەکوتن و فاڵ و دانە دەگرنەوەو رەمڵ لێدەدەن، ئەم جۆرە کەسانە بەدکارو بێ ئایینن، فەرموودەی دروستی ساخ لەبارەیانەوە هاتووە دەفەرموێ: ئەوەی بڕوا بۆلای فاڵچی و لەبارەی شتێکی غەیبییەوە پرسیاری لێبکاو باوەڕی پێبکاو بەختی لەلا بگرێتەوە ئەوە نوێژی چل شەوی گیرا نابێ.

له گێڕانەوەیەکی موسلیمدا حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەوەی بڕوا بۆ لای فالگرەوە (عەرراف)ێك، یا بۆ لای کولەنانییەك، وەبڕوا بە قسەی بکا کە گوایە بە درۆی خۆی بە هۆی هەندێ شتەوە نهێنیە خوداییەکان دەزانێ، ئەوە باوەڕی نیە بەو قورئانە کە هاتۆتە خوارەوە بۆ موحەمەد.

پێنجەم: رووکردنە لە رووگە، ئەوەی نزیکە پێویستە لەسەری رووبکاتە زاتی رووگەخۆی، ئەوەی دوورە روو بکاتە ئاستی، رووکردنە رووگە بۆ کەسێ بتوانێ مەرجە، بەڵام لە کاتی ترسی توندا و لە نوێژی سەفەری رەوادا مەرج نیە، وەك لە دواوە دێ، بەپێی ئایەت کە دەفەرموێ: {فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ – سورة البقرة – ٢/١٥٠} . سادەی لە مەولا لە نوێژدا روو بکە بۆ لای مەسجیدولحەرام، کە کابەی شەریف وا لە ناوەڕاستی حەوشەکەیدا، ئێوەیش ئەی موسوڵمانینە! لەهەر لایەك بوون لە نوێژدا رووبکەنە لای ئەو مزگەوتە. بۆیە دەڵێین: لە نوێژدا رووکردن لە رووگە مەرجە، چونکە ئەم ئایەتە فەرمان دەکا بە رووکردن لە رووگە، ئاشکرایە کە لە غەیری نوێژدا رووکردن لە رووگە پێویست نیە، کەواتە مایەوە سەر کاتی نوێژ، بۆ ئەم بابەتە بەلگەی لە فەرموودەیشدا هەیە، دەفەرموێ {درودی خوای لەسەربێ}: کاتێ چوویت بەلای نوێژەوە دەسنوێژێکی تێرو تەسەل بگرە، ئەوجا رووبکەرە رووگە (شەیخان) نوێژگای نوێژی فەرز مەرجە چەسپ بێ، مەگەر نوێژکەر لە ناو کەشتیدا بێ، چونکە ئەستەمە لە پاپۆڕەکە دابەزێ، هەر شتێکی تر وەك کەشتی وابێ هەمان بڕیاری بۆ هەیە. وەك شەمەندەفەر، بزانن ئەگەر

کەسێ خۆی هەق رووگەی دەزانی ئیتر دروست نیە بۆی کۆشش (ئیجتیهاد)بکا بۆ دۆزینەوەی رووگە، یا بکەوێتە شوێن قسەی خەڵك، ئەگەر خۆی هەق رووگەی نەدەزانی، بەڵام کەسێکی باوەڕ پێکراوی وا هەبوو کە بەیەقین شوێنی رووگەی دەزانی ئەوە دەبێ بکەوێتە شوێن قسەی ئەو، بۆ ئەم مەبەستەیش پیاوو ژنو بەندە یەکسانن!

بەڵگەی دۆزینەوەی رووگە زۆرن، وەك قسە وەك ئاماژە، جا ئەگەر کەسێکی وای دەست نەکەوت رووگەی پێبڵێ، وە خۆی دەیتوانی کۆشش بکا ئەوا بە کۆششی خۆی جێگەیێ دیاری دەکاو رووی تێدەکا، بەزەینی خۆی کوێی بەرووگەزانی رووی تێ دەکا. مەرجە بۆ کۆششکار ئاگای لە بەڵگەو نیشانەکانی دیاریکردنو دۆزینەوەی رووگە هەبێ، دەنا دەبێ شوێن قسەی موسوڵمانێکی دادپەروەری شارەزا لە بەڵگەکان بکەوێ، یەکێ لەو بەڵگانە دەرزی قوطب نومایە، کە پێشی دەگوترێ قیبلەنما، کە ئامێرێکی نوێیە ئاستی رووگە دیاری دەکا، یەکێ تریان ئەستێرەی قوطبە.

٥٦) روونەکردنە رووگە لە دوو کاتدا دروستە:

رووکردن لە رووگە مەرجی نوێژە، مەگەر لەم دوو کاتەدا:-

یەکەم: لەکاتی ترسی زۆرداو لەکاتی تێکرژانو تێکبەربوون لە ریزی شەڕدا لەگەڵ دوژمن، ئەوکاتە بەهەر جۆرێ بۆیان بکرێ نوێژ بکەن دروستە، بەسواری بێ یا بە پیادەیی، روویان لە رووگەبێ یانا، بەپێی ئایەتی {فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا - سورة البقرة -

٢٣٩/٢} واته: کاتێ شەڕ گەرم بوو یاخود ترسی زۆرتان هەبوو، بەهەر جۆرێك بۆتان رێ دەکەوێ نوێژەکانتان بکەن، بە سواری بێ یا بە پیادەیی، رووتان لە رووگەبێ یا نا. ئیبنو عومەر ئاوا راڤەی ئەم ئایەتە دەکا، نافیع کە ئەم راڤەو تەفسیرەی لە ئیبنو عومەر گێڕاوەتەوە دەفەرموێ: بەزەینم ئەم قسەیەی لە پێغەمبەر بیستووە بۆیە وا دەفەرموێ: (مالیك گێڕاویەتەوە) ماوەردیش دەفەرموێ: ئیمامی شافیعی بە رشتەی خۆی ئەم تەفسیرەی لە ئیبنو عومەرەوە، ئەویش لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە واتە: حەدیسەکەی مالیك مەوقووفە، هەمان حەدیس شافیعی بە مەرفوعی گێڕاویەتەوە(*).

(*) داخەکەم لەم شوێنەدا، عیبارەتی دەقە عەرەبیەکە رەشۆکییە، لەسەر شێوەی بەهێزو بەپێزی عیبارەتی فیقهی نییە، بگرە زۆربەی ئەم پاساودان و بایست نیشاندانە بە تەصەررفێکی ناسەر کەوتوانەوە لە موغنی موحتاجەوە راگوێزکراون بۆ ئێرە، جا مـن ئەگەر دەسکاری دەکەم و دەیبەمەوە سەر ئەصڵە راستەکەی خۆی هێنەکەی منیش دەبێ بە تەصەرروف و دەستێوەردان، ئەوەیش لە وەرگێڕاندا ناشایستەیە. لە راستیدا ئەم کتێبە ئەگەر بەوردی ساخ بکرێتەوە پەلەپەل و پچڕپچڕی و رووبازاریی پێوە دەردەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەمیشە پەراوێکی بە کەڵکە، زۆریەی خەڵك دەتوانن بەهرەی لێ وەربگرن، بەهۆی روونی و رەوانی و ئاسانی زۆربەی دارشتنی بابەتەکانیەوە. بەهەر حاڵ بەپشتی خودا بەندە بە قەد تەوانا، بەبێ تەحقیق بەسەر هیچ شوێنێکیدا گوزەر ناکەم، بفەرموون سەرنجەدەن: لە موغنیدا دەفەرموێ: (... فیصلی .. کیف أمکن راکبا وماشیا لقوله تعالی: (فان خفتم فرجالا أو رکبانا) وقال ابن عمر *(رضی الله تعالی عنهما)* في تفسیر الآیة: مستقبلی القبلة وغیر مستقبلیها. قال نافع: لا أراه الامرفوعا. رواه البخاری. کەچی ئاوا تێکەڵ و پێکەڵی ویصلون حینئذ رکبانا ومشاة مستقبلی القبلة وغیر

ئەمــە وا، وەکــی تــریش ناچــاری وا دەخــوازێ کــە لــەکاتی وا مەترسیداردا نوێژ ئاوا بکرێ، وەك روون کرایەوە، جا لە بارودۆخی وادا نە لەکاتی ئەللاهو ئەکبەری نوێژدابەستنداو نە لە کاتی کردارەکانی تری ناونوێژدا رووکردن لە رووگە پێویست نیە، نەبۆ سوارو نە بۆ پیادە، بەغەوی‌و زانایانی تریش وایان فەرمووە، نوێژکردنەوەیشی لەسەر نیە چونکە بەهیچ بیانوویەك بۆی نیە کە نوێژ لەکاتی دیاریکراوی خۆی دوا بخا، بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە بەلگەیە لەسەر ئەوە کە دەبێ نوێژ لەکاتی خۆیدا بەجێ بهێنرێ: {إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا} . جا لەناو نوێژی ترسدا لەکاتی ترسی زۆرو تێکرژاندا هەروەك پێویست نیە نوێژکەر روو بکاتە رووگە دروستە بەپێی پێداویستی، کاری زۆریش بکا، وەك شمشێر وەشاندن‌و رم لێدان، بەلام بەهیچ جۆرێ دروست نیە کە قیژەو هات‌و هاوار بکا، چونکە پێویستی بەوە ناکا. نوێژ لەسەر ئەم شێوەیە لە هەموو ئەم کاتانەدا دروستە: لە گەرمەی شەڕی بێباوەڕانداو لە شەڕی چەتەو رێگرو یاخیبوانیداو لەکاتی بەرگری لە سەرو ماڵ‌و ناموسدا، ماڵەکە زیندەماڵ بێ یا مردەماڵ بێ، لە کاتی هەڵهاتن لەبەر لافاوو ئاگر، ئەگەر چاری

مستقبلها، لقوله تعالى: (فان خفتم فرجالا أو ركبانا) هكذا فسرها ابن عمر. قال نافع: لا أراه قال ذلك الا عن رسول الله - صلى الله عيله وسلم - رواه مالك. (وەرگێڕ) (١)

(١) بۆ راست‌و دروستی ئەم سەرنجە تەماشای (كفاية الاخيار) بەفەرموو.

- وەرگێڕ -

تری نەبوو، هەروا لە کاتی راکردنا لەبەر قەرزاری، بەمەرجێ نەتوانێ بەلگەی دەستەوسانی خۆی راست بکاتەوە، یا لەکاتێکدا کە لەترسی تۆڵە لێسەندن هەڵبێ، بەلام بەمەرجێ ئومێدی لێخۆشبوونی هەبێ.

دووەم: لە نوێژی سوننەتی سەفەریشدا (وەك کاتی ترس) روو لە رووگەکردن مەرج نیە، چ بەسواری بێ چ بە پایدەیی بێ هی کاتی سواری بەپێی ئەم فەرمایشتە کە ئیبنو عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: جاران لەسەفەردا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە سواری ولاخ نوێژی سوننەتی دەکرد، بەمەرجێ ولاخەکە لەژێریا رووی لە شوێنی مەقصەدبوایە - شەیخان) لە گێرانەوەیەکی بوخاریدا دەفەرموێ: بەسەر پشتی ولاخەوە نوێژی سوننەتی دەکرد، بەرەو هەر لایە بوایە، بەمەرجێ رووی لەو جێگەیە بوایە کە بۆی دەچوو، بەلام حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} کاتێ دەیویست نوێژی فەرز بکا لە ولاخەکە دادەبەزی، بەپێی ئەم فەرموودەیەی جابیر: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە سواری ولاخ نوێژی سوننەتی دەکرد، بەمەرجێ ولاخەکە لە ژێریا رووی لە جێگەی مەبەست بوایە، بەلام کە دەیویست نوێژی فەرز بکا لە ولاخەکە دادەبەزیو رووی دەکردە رووگە (بوخاری). جا لەکاتی وادا ئەگەر لە رێبوار داوابکرێ کە روو بکاتە رووگە سەر دەکێشێ بۆ وازهێنان لە ویردو نوێژی سوننەتی پیادەیش بە قیاس لەسەر نوێژی سوننەتی سوار، چونکە لە مێشدا هەمان مەعناو مەبەست هەیە، ئەمەیش کاتێ وایە کە نەتوانێ روو بکاتە رووگە، دەنا گەرەکە رووی تێبکا، بەلایەنی کەمەوە لەکاتی نییەتهێنانا، وەك ئەوە ولاخەکە سەری نەرمبێو جلەوەکەی لە دەستی خۆیدا بێ.

بەلگەیش ئەمەیە: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: لە سەفەردا کە دەیویست نوێژی سوننەت بکا لە پێشا رووی وشترەکەی دەکردە قیبلە، ئەوجا بەرەو قیبلە بە ئەللاهو ئەکبەر نوێژی دادەبەست، ئیتر نوێژەکەی تەواو دەکرد وشترەکەی رووی لە هەرلابکردایە مەبەستی نەبوو، بەمەرجێ بەرەو مەبەست بڕۆیشتایە، (ئەبو داوود بە رشتەیەکی جوان گێڕاویەتەوە)، ئەوەندە هەیە ئەو جێگەیەی رێبوار بۆی دەچێ رووگەیەتی، ئەگەر بەلای غەیری قیبلەدا رووی لێوەرچەرخان نوێژەکەی پووچو بەتاڵە، نوێژ خوێنی سوار دەبێ لەکاتی روکوعا کەمێ دابنەوێتەوە، لەکاتی کوڕنووشا زیاتر لەو ئەندازە دابنەوێتەوە، هەتا لە یەکیان جیابکاتەوە، بەلام بۆ پیادە پێویستە لەکاتی نوێژدابەستنداو لەکاتی چەمینەوەو کوڕنوشدا روو لە رووگە بکاو کوڕنووشەکەی لەسەر زەوێ تەواو بکا، بۆی هەیە لەکاتی خوێندنی تەحیاتا بڕوا بەرێگەدا، هەروا لەکاتی خوێندنی فاتیحاو سوورەتدا، چونکە ئەم دووکاتە درێژن، بەلام سەرنشینی پاپۆڕو شتی وا پێویستە لەکاتی نوێژی سوننەتا رووی لە رووگەبێ، چونکە ئەوەی بۆ دەکرێ.

٥٧) روکنەکانی نوێژ: روکن = بنیات = ستوون:

واتە ئەو شتانە کە نوێژ بەوانە پێك دێ:

وەك لە پێشەوە زانیت نوێژ برێتییە لە چەن روکنێكو چەن مەرجێكو چەن سوننەتێکی تر، کە پێیان دەگوترێ ئەبعاضو هەیئات، روکنەکانی ئەمانەن:

١) **نیازهێنان (نیەت)** واتە: مەبەستی دڵ، لە شەرعیشدا بریتیە لە قەستیکردنی شتێ، هاوکات لەگەڵ کردنیدا، جێگەکەی ناو دڵە، گوتنی بەزمان لە سوننەتدا نەبیستراوە، لەبەر ئەوە فەرز نیە، کەواتە: گوتنی بە زمان بەبێ قەستی دڵ بەس نیە، مەرجی نیەت بڕیاردانی کردنی نیەتلێهێنراوە، دەبێ ئەم نیەتە لەکاتی گوتنی ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژ دابەستندا لەناو دڵدا هەبێ، سەربەڵگە لە بابەتی نیەتەوە فەرمایشتی خوای گەورەیە: {وَمَا أُمِرُوا إِلّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ – سورة البينة – ٥/٩٨} واتە: فەرمانیان پێکراوە کە بەس خوای گەورە بپەرستنو بەنیازێکی پاك ئاییندارییی بۆ بکەن) ماوەردی دەفەرموێ: ئیخلاص نیەتە! لەگەڵ ئەم فەرموودەیەیە: هەموو کردەوەیێ بەپێی نیازو نیەتەکەیەتی. زانایانی گەلی ئیسلام بە تێکڕایی دەنگ رایان لەسەر ئەوەیە کە نیەت لە نوێژا پێویستە. جا ئەگەر نوێژی فەرزی کرد پێویستە قەستی کردنی نوێژەکەو دیاریکردنی ناوو رەچاوکردنی فەرزیەتی ببێ، هەتا لە غەیری نوێژو لە نوێژی فەرزی ترو لە نوێژی سوننەت جیاببێتەوە. رەچاوکردنی فەرزێتی بۆ منداڵ پێویست نیە، چونکە نوێژی منداڵ بە سوننەت دادەمەزرێ.

٢) **رووکنی دووەم**: راوەستانە بۆ خوێندنی فاتیحاو سوورەت، بۆ کەسێ توانای هەبێ، لەکاتی نەتوانیندا دانیشتنو پاڵکەوتنو راکشان جێگەی راوەستان دەگرێتەوە، بەپێی ئەم فەرموودەیە: عیمرانی کوڕی حوصەین فەرمووی: مەیاسیریم بوو، بۆ چۆنێتی کردنی نوێژی نەخۆش پرسیارم لە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: کرد فەرمووی: ئەگەر توانیت بەراوەستانەوە نوێژبکە، ئەگەر بەراوەستانەوە نەتتوانی بەدانیشتنەوە

بیکە، ئەگەر بە دانیشتنیشەوە نەتتوانی لەسەر تەنشت بەرەورووگە بیکە (بوخاری گێراویەتەوە) نەسائی ئەمەی لێ پترکردووە: خۆشەویستی ئەگەر لەسەر تەنیشتیش نەتتوانی ئەوا لەسەر پشت بیکە. حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لە کۆتایی فەرمایشتەکەیدا بۆ پشتیوانی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا - سورة البقرة - ٢٨٦/٢} واتە: خوا ئەرکێ ناخاتە سەرشانی کەسێ کە لە توانایا نەبێ! مەرجی راوەستان ئەوەیە کە زنجیرەی پشتی رێك بوەستێ، ئەگەر دەیتوانی رابوەستێ، بەلاَم ئەگەر بەتەواوی توانای چەمینەوەو کورنووشی نەبوو، لەبەر نەخۆشی پشت ئەوە دەبی رابوەستێ بۆ خوێندنی فاتیحەو بەپێی تواناش چەمینەوەو کورنووش جێبەجێ بکا، ئەگەر بۆ راوەستان ئاتاجی بەشتێ بوو کە خۆی پێبگرێ پێویستە وا بکا. بزانن مەبەست لە نەتوانین ئەوەیە کە مەترسی فەوتان یا پەرەسەندنی نەخۆشی، یا زەحمەتێکی زۆر، یا ترسی نوقومبوونو خنکانو سەرەخۆلێی هەبێ، ئەمەیان بۆ سەرنشینی گەمیو شتی وا شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەوەیە کە بە زەحمەتێکی لە رادە بەدەر نەبێ بۆی نەکرێ!.

راکشان دەبێ لەسەر تەنیشتی راست بێ، ئەگەر نەیتوانی لەسەر لای چەپ رابکشێ، لە هەردوو حاڵەتدا رووی لە رووگەبێ، ئەگەر هەر نەیتوانی لەسەر پشت رابکێشێ، بەلاَم شتێ بخاتە ژێر سەری هەتا رووی لە رووگە بێ، ئەگەر توانای چمینەوەو کورنووشی نەبوو بە هێماو بە ئامازە بەرەو رووگە بیانکات، دەبێ کورنووشەکەی لە چەمینەوەکەی نەویتربێ. ئەگەر ئەمەیشی بۆ نەکرا بەترووکەی چاو ئامازەیان بۆ بکا،

چونکە ئەوە لای خوارووی توانایە، ئەگەر توانای ئەوەیشی نەبوو بەدڵ نوێژەکەی بکاو بەریز کردارەکانی نوێژ بەدڵیا راببوێرێ.

جا لەم حاڵەدا ئەگەر بە زبان توانای گوتنی ئەڵلاهو ئەکبەرو خوێندنی قورئانو تەحیاتو سلاودانەوەی هەبوو ئەوا بە زبان بیانڵێ، دەنا رایان دەبوێرێ بە دڵیدا، هەتا هۆشی لەسەر خۆبێ نابێ واز لە نوێژ بێنێ، ئەگەر لەسەر ئەم حاڵو شێوەیە نوێژیکرد گێڕانەوەی لەسەر نیە، غەزالی (بەرەحمەتبێ) ئەم فەرمایشتەی خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەکا بە بەڵگەی ئەمە کە دەفەرموێ: کاتێ فەرمانم پێکردن بەکردنی کارێ، چەندەی بۆ تان دەلوێ لەو کارە بیکەن. هەروا ئەم ئایەتەیش: {وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ – سورة الحجر – ٩٩/١٥} واتە: لە طاعەتو خواپەرستی ساردمەبەرەوە لەسەر یەقینی تەواوو ئیمانی کامل دەمری). دیارە کە نوێژ یەکێکە لەعیبادەتە گرنگەکان، جا دەبێ هەتا دوا هەناسە بیکا، مادەم هۆشی هەبێو ئاگای مابێ. بزانن لە سێدارەداراو لە سەریەتی کە بەپێی توانای خۆی لەو حاڵەیشدا نوێژ بکا، شافیعی {رەزای خوای لێبێ} بە دەق ئەمەی فەرمووە.

٣) روکنی سێیەم: ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژ دابەستنە، کە پێی دەگوترێ: تەکبیرەتول ئیحرام، چونکە هەندێ شت کە لەپێش ئەودا بۆ نوێژکەر حەڵاڵە، لەپاش ئەو لێی حەرام دەبێ وەك خواردنو قسەکردنو کارێ پەیوەندی بە نوێژەوە نەبێ، بەڵگەی ئەمەیش ئەم فەرموودەیە: دەسنوێژ کلیلی نوێژەو ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژ دابەستن سەرەتای حەرام بوونی هەموو شتێکەی لەناو نوێژدا کە پەیوەندی نوێژەوە نەبێو،

سلاودانەوەیش هۆی حەڵاڵ بوونەوەی ئەو شتانەیە کە بەهۆی ئەڵڵاهو ئەکبەری نوێژ دابەستنەوە لێی حەرام بوون. ئەبوو داوودو خەڵکی تریش بەرشتەیەکی دروست گێڕاویانەتەوە) هەروا ئەم فەرموودەیەی تریشە، کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژ نارەوانەکە (مُسِيئُ الصَّلاَتَ)ەکەی فەرموو: کاتێ چوویت بەلای نوێژەوە لە پێشا دەسنوێژێکی تێرو تەسەل بگرە، ئینجا رووبکەرە رووگەو ئەوجا بە گوتنی ئەڵڵاهو ئەکبەر نوێژ دابەستە) گوتەی تایبەتی نوێژ دابەستن (الله أكبر)ە چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: کاتێ دەستی دەکر بە نێژ لەپێشدا رووی دەکردە رووگەو هەردوو دەستی بەرز دەکردەوەو دەیفەرموو: الله أكبر. (ئیبنو ماجەو ئیبنو حەببان گێڕاویانەتەوە، ئیبنو حەببان بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە) ئەمە بۆ کەسێ وایە کە توانای گوتنی ئەم وشەیەی هەبێ، بەزمانی عەرەبی، ئەگەرنا وەر گەڕاوەکەی بە زمانێکی تر بڵێ، وەکوو (خودا لە هەموو کەسێ گەورە ترە) بەڵام ئەگەر دەیتوانی فێری ئەم وشەیە ببێ ئەوە دەبێ فێری ببێ، ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە تووشی سەفەریش ببێ دەبێ سەفەر بکا، چونکە لەم حاڵەدا ئەو سەفەرە رێگەچارەیە بۆ ئەنجام دانی پێویستێ، هەرشتێکیش رێگە چارەی پێویستبێ خۆشی پێویستە.

٤) **بنیات (روکن)ی چوارەم :** خوێندنی فاتیحەیە، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ لە نوێژا، لە هەموو رکاتێکا سوورەتی فاتیحە نەخوێنێ نوێژەکەی دروست نیە (شەیخان گێڕاویانەتەوە). لە گێڕانەوەیەکا: هەر نوێژی پیاو سوورەتی فاتیحای تیادا نەخوێنێ لە کۆڵ ناکەوێ (دارە قوطنی بە رشتەیەکی دروست

گێڕاویەتەوە، ئیبنو حەببان‌و ئیبنو خوزەیمە لە صەحیحی خۆیاندا گێڕاویانەتەوە) دیارە لەم جۆرە حکومانەدا ژنیش ڕێك وەك پیاو وایە. شافیعیش بە رشتەی خۆی فەرموودەی پیاوە نوێژ نارەوانەکەی گێراوەتەوە، لەوێدا حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} پێی دەفەرموێ: جا ئەڵڵاهو ئەکبەری نوێژ دابەستن بکەو ئەوجا سوورەتی فاتیحە بخوێنە. لە گێڕانەوەیەکا: هەر کەسێ هەر نوێژی بکاو سوورەتی فاتیحای تیا نەخوێنێ ئەوە ئەو نوێژی نابەکامە، وە ناتەواویشە، بە ئەبو هورەیرە گوترا: ئەی باشە ئەگەر لە پشت پێشنوێژەوە بە جەماعەت نوێژمان دەکرد لەم کاتەدا چۆن؟ فەرمووی: لەم کاتەدا بە پەنامەکی لە دڵی خۆتەوە بیخوێنە (موسلیم). بزانن کە (بسم الله الرحمن الرحیم) ئایەتێکی تەواوە لە سەرەتای فاتیحاوە، بەڵگەی رۆشنی ئەمە ئەوەیە کە بوخاری لە تەئریخەکەیدا باس دەکا: کە پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ}: ئایەتەکانی فاتیحە دەژمێری‌و دایان دەنێ بە حەوت ئایەت‌و بیسمیللایش دادەنێ بە ئایەتێ لێی. بەپێی ئەم فەرموودەیەی حەزرەتیش {درووده خوای لەسەربێ}: کاتێ سوورەتی ئەلحەمدو دەخوێنن، لەسەرەتایەوە (بسم الله الرحمن الرحیم) بخوێنن، ئەم سوورەتە ئەم ناوانەی تریشی هەیە: ئوممو لقورئان‌و ئوممولکیتاب‌و ئەل - سەبعولمەسانی. (بسم الله الرحمن الرحیم)یش یەکێکە لە ئایەتەکانی ئەم سوورەتە! (دارە قوطنی گێڕاویەتەوەو دەفەرموێ: پیاوانی رشتەی ئەم فەرموودەیە گشتیان جێگەی باوەڕی فەرمووده زانەکانن).

ئوممو سەلەمەی هاوسەری پێغەمبەریش {درووده خوا لە پێغەمبەرو رەزای خوایش لەوبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ}: بیسمیللای دانا بە ئایەتێ لە

فاتحا (ئیبنو خوزەیمە لە صەحیحەکەی خۆیدا گێڕاویەتەوە) أبو نصری المؤدب دەفەرموێ: قورئانزانەکانی کووفەو شەریعەتزانەکانی مەدینە رایان یەکە لەسەر ئەوە: کە بیسمیللا ئایەتێکە لە فاتیحە. ئەگەر کەسێ بڵێ لە صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: عائیشەی هاوسەری حەزرەت دەفەرموێ: دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): وابوو سەرەتای نوێژی بە (الله أکبر) دەست پێدەکردو سەرەتای قورئانخوێندنی بە (الحمد لله رب العالمین) دەست پێدەکرد، ئیتر ئێوە چۆن دەڵێن: (بسم الله) سەرەتایە؟ لە وەڵامیدا دەڵێین: مەبەست لەم فەرموودەیەی عائیشە دیاریکردنی خوێندنی ئەو سوورەتەیە کە نازناوی (الحمد لله رب العالمین)ە. ئەگەر گوترا: ئەم قسەیە پێچەوانەی رووکارو ظاهیری فەرموودەکەیە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: لەم شوێنەدا چەند بەڵگەیەكو چەند رایەك هەیە، بەم تەئویلە کار بە هەموو راو بەڵگەکان دەکرێو هیچیان پشت گوێ ناخرێن، کەواتە: بڕیاری دیاریکردنی ئەم واتایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم یاسایە کە پێی دەگوترێ: کارکردن بە کۆی بەڵگەکان! لەکاتی راوەستانداو لەو کاتانەدا کە لە جیاتی کاتی راوەستانن دەبێ فاتیحە بخوێنێ، بۆ خوێندنی فاتیحەیش پێشنوێژو پاشنوێژو نوێژ خوێنی تەنیا یەکسانن، ئیتر نوێژەکە پەنهانی بێو بە دەنگی نزمبێ یا ئاشکرابێو بە دەنگی بەرزبێ، بەهەرحاڵ لەکاتی دەسەوسانی (عیجز)داوەرگەڕاوو تەرجەمەکەی دەست نادا، بەڵکوو تەرجەمەی دروست نیە، چونکە لە فزەکەی موعجیزو سەرئاسایە، بە ئادەمیزاد ناکرێ، پێویستە هەموو فاتیحە بەرەوانی بخوێنێ، یەك پیتی لێ نەبوێرێ، چواردە گیراوی (شەددە)ی تیادایە هەر چواردەیا ئەنجام بداو

هیچیان بەرنەدا. جا ئەگەر بە ئارەزوو پیتێکی پەڕاند، یا گیراویەکی بەردا، یا پیتێکی کرد بە پیتێکی تر وەك (صاد) بکا بە (سین) ئەوە نەقورئانخوێندنەکەی دادەمەزرێو نەنوێژەکەی. ئەگەر بەقەستی هەڵەیەکی زمانەوانی وای کرد کە واتای وشەکەی دەگۆڕی، وەك (ئەنعەمتە) بە (ئەنعەمتو) یا بە (ئەنعەمتی) بخوێنێ، ئەوە نوێژکەی پووچە، بەڵام ئەگەر بە قەستی نەبوو ئەوە دەبێ گورج بگەڕێتەوە سەریو ئەوهەڵەیە چاك بکاو ئەو جێگەیە بە دروستی بخوێنێ، ئەمە بۆ توانا بەسەر خوێندنی فاتیحادا وایە، بەڵام بۆ کەسێ فاتیحەی بە جوانی لەبەر نەبێ، لەسەریەتی کە فێری ببێ، یا لەناو قورئاندا بیخوێنێ، ئەگەر یەکێ نەیتوانی فێری فاتیحە ببێ پێویستە حەوت ئایەتی تر لە قورئان بخوێنێ، خوای بە یەکەوە بن یا لەیەك دابڕاوبنو هەر ئایەتەی هی شوێنێ بن، ئەگەر ئەمەیش فێرنەبوو زیکر بخوێنی، حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: جا ئەگەر قورئانت دەزانی بیخوێنە، دەنا لە جیاتی ئەوە (الحمد لله) و (لا إله إلا الله) و (الله أكبر) بکەو سوپاسی خوای گەورە بکەو تەلیلە بکەو باسی گەورەیی خودا بکە، ئیمامی نەوەوی {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە. بۆیەیش مەرجە حەوت ئایەت بخوێنی چونکە فاتیحە حەوت ئایەتە. ئەمیش کەوەجەڵی ئەوە دەبێ بەقەد ئەوبێ. ئیبنو حەببانیش لە صەحیحەکەی خۆیدا گێڕاویەتەوە: کە پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من ناتوانم کە قورئان فێرببم، دەی بفەرموو کەشتێکی وام فێربکە کە برێتی خوێندنی قورئانەکە بکەوێ؟

فەرمووی: بلّێ:- (سبحان الله والحمد لله، ولا الـه الا الله والله أكبر، ولا حول ولا قوة الا بالله العلى العظيم).

٥٨) گەورەیی فاتیحە لەچاو هینی تردا:

ئـەبو سـەعیدی کوڕی مـوعللا {رەزای خوای لێبێ} فـەرمووی: جارێ لـە مزگـەوت نوێـژم دەکـرد، لـە نـاو نوێژەکـەدا پێغەمبـەر {درودی خوای لەسەربێ}: بانگی کردم وەرامم نەدایەوە، کە نوێژەکەم تەواو کرد چوومە خزمـەتی، فەرمووی: بۆچی بانگم کردیو نەهاتی؟ عەرزیم کـرد: قوربـان! ئەوکاتـە کەتۆ گازت کردم نوێژم دەکرد، بۆیە وەرامم نەایتـەوە، فـەرمووی: بۆچی ئەی خوا نافـەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ - سورة الأنفال - ٢٤/٨) واتـە: ئـەی کەسـانێ کـە باوەڕتان هێناوە بە ئایینی ئیسلام! بە پەلـە وەڵامـی خـوداو پێغەمبـەری خودا بدەنەوەو بە زوویی بچن بە دەنگیانەوە، هەر کاتێ پێغەمبەری مـن بانگیکـردن بـۆ سـەر ئـەو کارانـەی کـە دەبـن بـە مایـەی سـەربەرزی ژینـی جیهانتانو بەهۆی رووسووریو ژیانی جاویدانی خۆشی بێئـیشو ئـازاری ئـەو جیهانتـان) لـە پاشـا فـەرمووی: هۆشـیاربە! لـەپێش ئـەوەدا کـە لـە مزگەوت بچیتە دەرێ سوورەتێکت نیشان دەدەم کە گەورەترین سـوورەتە لەناو قورئاناو خێرو پاداشـتی زیـاترە؟ ئینجـا حـەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} دەستی گرتم، جا کەویستمان لە مزگەوت دەربچین عەرزیم کرد: قوربان! جـۆ تـۆ فـەرمووت سـورەتێکت پێنیـشان دەدەم گـەورەترین سـوورەتە لـە قورئانا؟ فەرمووی: ئەو سـوورەتە {الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}ە کـە ئـەو

(سبعا من المثانی) و {وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ}ەیە کە خودا داوێتی بە من کە لەم ئایەتەدا باسی ئەوە دەکاو دەفەرموێ: {وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي - وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ - ١٥/٨٧} واتە: بەراستی ئێمە حەوت ئایەتی قورئانمان بەتۆ داوە کە لە هەموو رۆژو شەوێکا چەن جار لەناو نوێژدا دووپات دەکرێنەوە، سەرەڕای ئەم حەوتەی دووبارە پاتەیش باقی قورئانم پێ داوی کە گشتی گەورەیەو خاوەن پایەو مایەیە) (بوخاریو ئەبو داوود گێڕاویانەتەوە)[1].

حاکمیش لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە (خوای لێ رازی بێ) دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرمووم: ئومێد دەکەم کە لە مزگەوت نەچیتە دەرەوە هەتا سوورەتێکی وا فێر ببی کە نە لە تەوراتو نە لە ئینجیلو نە لە قورئانا وێنەی نیە، کە ناودارە بە (السبع المثانی) و (فاتحة الکتاب).

٥) **بنیاتی پێنجەمی**: نوێژ چەمینەوەیە، کە ناسراوە بە روکووع، ئەمەیش بەقورئانو سوننەتو یەککرتنی کۆمەڵەی ئیسلام چەسپاوە، قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا - سورة الحج - ٢٢/٧٧) واتە: ئەی ئیمانداران! نوێژ بکەنو لەناو نوێژەکەدا

---

[1] لە ئەصلەکەدا ئەم فەرموودەیە لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە، ریوایەت کراوە، ئەوە هەڵەیە، تەماشای تاجول ئوصول بەرگی چوارەم ص ١٥، هەروا (عمدە القاریو) ج/١٨ ص ٨٠. بکە.

- وەرگێڕ -

چەمینەوەو کوڕنووش ئەنجام بدەن. پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} بە پیاوە نوێژ نادروستەکەی فەرموو: ئینجا بچەمێرەوەو روکووع ببەو ئەوەندە لە چەمینەوەدا بمێنەرەوە تا لەشت لە جمو جووڵ دەکەوێو ئەندامەکانت ئارام دەگرن.

٦) **بنیاتی شەشەم:** ئارام بوونەوەی ناو روکووعە، بەپێی فەرموودەکەی پێشەوە، لای کەمی چەمینەوە ئەوەیە: کە توانای ئەندام تەواو ئەوەندە دابنەوێتەوە کە هەر دوو بەری دەستی بگەن بە هەردوو کەشکە ئەژنۆی، جا ئەگەر نەیتوانی بەترووکانی چاو ئاماژە بکا. لای هەرەتەواویشی ئەوەیە: کەپشتو ملی لە دانەوینا رێك بنو هەر دوو لاقی رێك راوەستێنێو هەردوو کەشکە ئەژنۆی بە دەستەکانی بگرێتو پەنجەکانی بەرەو رووگە بڵاو بکاتەوە، لە سوننەتدا وا دەفەرموێ: ئەمە بۆ کەسێ وایە کە بە راوەستانەوەبێ، بەڵام بۆ دانیشتوو لای کەمی چەمینەوە ئەوەیە: کە ئەوەندە بچەمێتەوە کە دەمووچاوی لە بەردەمیەوە بگاتە ئاستی زەوییەکەی بەردەم ئەژنۆکانی، لای هەرەتەواویشی ئەوەیە: کە ئەوەندە دابنەوێتەوە کە تەوێڵی رێك لە ئاستی جێگە کڕنووشەکەی بێ، لای کەمی ئارام بوونەوە ئەوەیە: کە لەشی ئەوەندە لە جووڵە بکەوێ بەرزەوەبوونی لە دانەوێنی جیا بکرێتەوە، بە مەبەستی چەمینەوە، یا راستبوونەوە، یا کوڕنووش. کەوابێ ئەگەر یەکێ دانەوییەوە بە مەبەستی کوڕنووشی قورئانخوێندنو لە پاشاکردی بە چەمینەوەو کوڕنووشی نەبرد، ئەوە دروست نیە، هەروا ئەگەر دانەوێ بۆ چەمینەوەو جمو جووڵی بەردەوام بوو، هەتا هەڵسایەوە، ئەوە پێی ناگوترێ چەمینەوە، چونکە ئارام بوون

پەیدانەبووە، چونکە ئارام بوونەوەی بەراستی ئەوەیە کە لەپاش جووڵە ئارامی یەك پەیدا ببێ بە ئەندازەی (**سبحان ربی العظیم**) (چەمینەوە = رکوع).

٧) **بنیاتی حەوتەم:** راستبوونەوەیە لە چەمینەوە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بە نوێژ نارەوانەکەی فەرموو: ئەوجا سەرت بەرزەوەکە هەتا رێك لەسەر پێ رادەوەستێت، راست بوونەوەی پێویست ئەوەیە کە لەپاش تەواوکردنی چەمینەوە پشتی راست بکاتەوەو بچێتەوە سەر ئەو حاڵەتەی کە لەپێش چەمینەوەدا لەسەری بووە، دەبێ لەم راستبوونەوەیە مەبەستی شتێ تر نەبێ، ئەگەر لە چەمینەوەدا مارێکی دی، لەترسی ئەوە سەری بەرزکردەوە ئەوە حلێب ناکرێ بۆی و ئەو سەربەرزکردنەوەیە بەراست بوونەوە دانانرێ.

٨) **بنیاتی هەشتەم:** ئارامبوونەوەی ناو راستبوونەوەیە، بەپێی فەرموودەکەی نوێژ نارەوانەکە. گەرەکە ئەندامەکانی لە جووڵە بکەون وەکوو کاتی پێش چەمینەوەی.

٩) **بنیادی نۆیەم:** کورنووشە، خوا دەفەرموێ: {**ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا**} پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) بە نوێژ نارەوانەکەی فەرموو: ئینجا کورنووش ببەو ئەوەندە لە کورنووشدا بمێنەرەوە هەتا جەستەت لە جمو جووڵ دەکەوێ.

١٠) **بنیاتی دەیەم:** ئارامبوونی ناو کورنووشە، بەپێی فەرموودەی نوێژ نارەوانەکە. لای کەمی کورنووش ئەوەیە کە هەندێ لە تەوێڵی بەرووتی دانێ لەسەر جێگەی نوێژەکەی، بە شێوەیەکی وا کە پێی

بگوتریّ کورنـووش. پێویـسته کـه قوورسـیی سـەری بگـات، بـه شـوێن کوورنووشـەکەی، بـه جـۆرێ ئەگـەر لۆکـه لـه کورنـووش گاکەیـدابێ بپەسـترێتەوەو پەسـتانی پێـوه دیاربـێ، پێغەمبـەر {دروودی خـوای لەسـەربێ} دەفـەرموێ: کاتـێ کورنـووش دەبـەی تـەوێڵت لەسـەر زەوییەکـه گیربکـه، نابێ وەك مەل دەنووك لـه زەوی بـدەیت بـه نـاوی کورنووشـەوە! (ئیبنـو حەببان له صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە). جا ئەگەر لەسەر لاجانگ یا لەسـەر لـووتی، یـا لەسـەر مێزەرەکـەی، یـا لەسـەر چـمکی فەقیانەکـەی کورنووشی بـرد ئـەوه بـەس نیـه، لـه صـەحیحی موسـلیمدا دەفـەرموێ: لەبەر گەرمیو داخیی چەوو لی کورنووشگا له خزمەت حەزرەتـدا {دروودی خـوای لەسـەربێ} سـکالأمان کـرد، سـا بەشـکوو چـارێکمان بـۆ بدۆزێتەوەبـەلأم سـکالای نەپرسـین! بەیهەقی ئەمـەی لـەم فەرموودەیـه پـتر کـردووە: کـه چەوو لە گەرمەکه ئـازاری ناوچـەوانو لـەپمان ئـەدا، چارێکمان بکـە. بـۆ شوێن ناوچاوانو شوێن لەپمان. رشـتەکەی سـاخە. قسەی راسـتتر ئەوەیـە کـه پێویـسته هـەردوو بـەری لـەپیو هـەردوو ئـەژنۆیو هـەردوو نـووکی پێکانیـشی دابنـێ لەسـەر زەوی، واتـە: بەشـێ لـەم ئەندامانـە لەسـەر زەوییەکه دابنێ له دەستو پێدا عیبرەت بەبەری دەستو سنگی پەنجەی پێیە. خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودا فەرمانی پێکـردووم کە لەسەر ئـەم حـەوت ئێـسکه کورنـووش ببـەم! لەسـەر تـەوێڵو لـووتو، لەسـەر بـەری هـەردوو دەسـتو، لەسـەر هـەردوو ئـەژنۆو، لەسـەر سەرپەنجەکانی هەردوو پێ!. (ئـەم فەرموودەیـه پەسـەندی هەردوولایـە) مەرجـه لـەکاتی کورنووشـدا قورسـیی سـەری بخاتـه سـەر جـێ کورنووشـەکەیو پـشت قنگی بەسـەر سـەرو ملیدا بەرزبکاتـەوە، چونکه

بەرای کوڕی عازیب پاشڵی خۆی بەرزەوەکردو فەرمووی: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} ئاوەها لەسەر ئەم شێوەیە کوڕنووشی دەبرد. (ئەبو داوودو نەسائیو ئیبنو حەببان گێڕاویانەتەوە. ئیبنو حەببان بە فەرموودەیەکی دروستو ساخی داناوە) جا ئەگەر کەسێ تەوێڵی زامدار بوو، بە مەندیلێ پێچڕابوو، وە لەسەر ئەو مەندیلە کوڕنووشی برد ئەوەی بەسەو کردنەوەی لەسەر نیە، چونکە لە شوێنێ کەسێ بەهێما کوڕنووش ببا دووبارەکردنەوەی لەسەر نەبێ ئەم باشتر لە سەری نیە. ئەگەر نەیتوانی کوڕنووش ببا بەسەری ئاماژەی بۆ بکا، ئەگەر بەسەریش نەیتوانی بە تروکانی چاو، بەپێی فەرموودەی: کاتێ فەرمانم پێکردن بەکردنی کارێ چەندەی بۆتان دەلوێ لەوکارە ئەنجامی بدەن!.

١١) **بنیاتی یازدەهەم**: دانیشتنی نێوانی دوو کوڕنووشەکان، بەرەنگێ لەشی لەجمو جووڵ بکەوێ، بە نوێژ نارەوانەکەی فەرموو: ئینجا سەر بەرز کەرەوە تا قنج دادەنیشیت، ئینجا دیسانەوە کوڕنووشێکی تری وەك کوڕنووشی یەکەم بەرەوە ئیتر نوێژەکەت تاسەر بەم شێوەیە بکە (شەیخان) لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: دەستووری وا بوو کە سەری لە کوڕنووشی یەکەم هەل دەبڕی هەتا رێك دانەنیشتایە کوڕنووشی دووەمی نەدەبرد.

١٢) **بنیاتی دەوانزەدەهەم**: ئارام بوونی نێوانی دوو کوڕنووشەکانە بەپێی فەرموودەی نوێژ نارەوانەکە: ئەوجا سەرت لە کوڕنوووش هەڵبڕەو کە بە دانیشتنەوە لەشت لەجمو جووڵ کەوتو ئەندامەکانت ئارام بوونەوە ئەوسا کوڕنووشی دووەم ببە.

١٣ و ١٤ و ١٥) بنیاتی سیازدەهەمو چواردەهەمو پازدەهەم: دانیشتنە بۆ تەحیاتی دووەمو تەشەهودی ناویەتیو سەڵاواتدانە لەسەر پێغەمبەرلە ناویدا. مەبەست لە تەشەهود خوێندنی تەحیاتە. ئیبنو مەسعوود {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: لەپێشدا کە لەپشتی پێغەمبەرەوە {درودی خوای لەسەربێ} نوێژمان دەکرد، لەپێش فەرزبوونی تەحیات لە سەرمان، دەمانگوت: سلاو لەخوا، سلاو لەم، سلاو لەو، هەتا رۆژێ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: فەرمووی پێمان: وامەڵێن، بەڵام کاتێ لە نوێژدا دادەنیشن بۆ خوێندنی تەحیات بڵێن: (التحيات لله.. هەتەد). (دارە قوطنیو بەیهەقی بەرشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە) رستەی لەپێش فەرزبوونی تەحیات لە سەرمانو وشەی: (بڵێن) ئەم دووە بە دیمەن بەڵگەن لەسەر پێویستبوون، لە صەحیحەیندا فەرمان بە خوێندنی تەحیات کراوە، کاتێ خوێندنی تەحیات چەسپاو پێویستبوو، دانیشتنیش بۆی پێویست دەبێ.

دوو گێڕانەوەی دروست بۆ گوتەکانی تەحیات هەیە، هی ئیبنو مەسعوودو هی ئیبنو عەبباس، گێڕانەوەی ئیبنو مەسعوود ئاوایە: **(التحيات لله والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين. أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله)**. گێڕانەوەی ئیبنو عەبباسیش ئاوایە: فەرمووی: جاران پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} چۆن فێری قورئانی دەکردین ئاوەهایش فێری تەحیاتی دەکردین، گشت جارێ دەیفەرموو: **(التحيات المباركات**

الصلوات الطيبات لله، السلام عليك أيها النبى ورحمة الله وبركاته. السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين. اشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) (شافیعیو موسلیمو ئەبو داوودو نەسائی گێڕاویانەتەوە) شافیعی دەفەرموێ: چەند فەرموودەیەکی جیاجیا لە بارەی تەحیاتەوە ریوایەت کراوە، من ئەمەیانم لە لاپەسەندترە، چونکە تەواوترینیانە. حافیظ دەفەرموێ: لە شافیعی پرسیارکرا هۆی چییە تەحیاتەکەی ئیبنو عەبباس هەڵ دەبژێرێ؟ فەرمووی: چونکە گوشادو فرەوانەو خۆیشم بە رشتەیەکی دروست بیستوومە هەتا سەر ئیبنو عەبباس، لەبەر ئەوە بەلامەوە داگرترەو گوتەکەی لە هینەکانی تر زیاترە، هەر لەبەر ئەوە پەسەندم کردووە، بەلام سەرکۆنەی کەسیش ناکەم ئەگەر گوتەیەکی تری تەحیات پەسەند بکا، لە گۆتە دروستەکانی. لای هەرەتەواوی تەحیات ئەوە: کە لەم ئەندازەیەی باس کرا ئەمە پتر بکا:

(اللهم صل على محمد وعلى ال محمد كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم، انك حميد مجيد) بەلگەی پێویستبوونی سەلاواتدانیش لەسەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەم فەرموودەیەیە: لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پرسیار کرا: کاتێ نوێژ دەکەین لەناو تەحیاتدا چۆن چۆنی سەلاواتت لە سەربدەین؟ فەرمووی: بڵێن: **(اللهم صل على محمد وعلى آل محمد)** (شەیخان) ئەگەر توانای تەحیاتی نەبوو تەرجەمەی دەکا بەزمانێکی تر.

١٦) **بنیـــاتی شـــازدەهەم:** ســـلاوادانەوەی یەكەمـــە، وەك لـــەم فەرموودەیـەدا رابـوورد: دەسـنوێژ كلیلـی نوێـژە.. تـا كۆتـایی. لای كـەمی ســـلاودانـەوە ئەوەنـدەیـــە: (الـــسلام علـــیكم) نـــەوەوی {خـوای لێ رازی بـێ} دەفـەرموێ: چـەند فەرموودەیـەكی دروسـت هەیـە كـە پێغەمبـەر ئـاوا سلاوی دەدایەوە: (السلام علیكم) گەلێ جارانیش دەیفـەرموو: (الـسلام علیكم ورحة الله).

١٧) **بنیـاتی حەڤدەهـەم:** تەرتیبـە، واتـە: ریزكردنـی ئـەم بنیاتانـە بەرودوا لەسەر ئەم شێوەیەی لە پێشەوە باسكرا، ئەمـەیش بـۆ پـەیڕەوی كردنـی پێغەمبـەر، وە بـەپێی فـەرموودەی: (صـلوا كمـا رأیتمـونی أصلی)، كە ئەمە كوردییەكەیەتی: چۆن من نوێژ دەكەم لەبەر چاوتان ئاوا نوێژ بكەن. وەلحالْ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: لە ژیانیدا لەسەر ئەم شـیوە ریزكـراوە نوێـژی دەكـرد. لەسـەر رای فەرمایـشتی دروسـت: نیـەت هێنانی لە نوێژ دەرچوون پێویستو واجب نیە.

٥٩) ئەو شتانەی لە پێش دەستكردن بـە نوێـژ سوننەتن:

دووشت سوننـەتن لە پێش دەستكردن بە نوێـژ: كـە بـانگـو قامـەتن، كە بە واتا جارِدانو ئاگاداركردنـەوەن، لـە شەرعیـشدا وێردێكـی تایبـەتن، كراون بە دەستوور بۆ بانگەوازكرن بۆ نوێژی فـەرزو بـەس. ئـەم دوەیـش بەپێی قورئانو سوننەتو یـەكگرتنی كۆمـەڵەی گـەلی ئیـسلام كـراون بـە

سوننەت. خوای گەورە دەفەرموێ: {وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا – سورة المائدة – ٥٨/٥) واتە: (کاتێ ئێوە موسوڵمانان بانگ دەکەن کە بێن بۆ نوێژکردن ئەوان ئەو نوێژە، یا ئەو بانگدانی ئێوەیە دەکەن بەگاڵتەو مەزاق) پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ نوێژ دەبێ با یەکێکتان بانگتان بۆ بدا، وە کێتان گەورەتر بوو با ئەو بەرنوێژیتان بۆ بکا، (شەیخان) لە گێڕانەوەیەکدا: منو هاوڕێیەکم چووین بۆ خزمەتی حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} کاتێ ویستمان لە خزمەتی بگەڕێینەوە، پێی فەرمووین: کاتێ کە نوێژ دەبێ بانگ بدەن، لە پاشا قامەت بکەن.

وەکی تریش بێشك بۆ نوێژی فەرزی جەماعەتی پیاوان بانگ سوننەتە، بۆ تاکیش کە بەتەنیا نوێژ بکا بانگدان سوننەتە، گوتراویشتە: کە سوننەت نیە بۆی، چونکە ئاگادارکردنەوە لەئارادا نیە. بەڵام قسەی راست ئەوەیە کە بانگ بۆ تەنیایش سوننەتە چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: بە ئەبو سەعیدی خودری فەرموو: دەتبینم کە تۆ حەزت لە ماڵاتو مەڕداریو دەشتە، جا هەرکاتێ لەناو مەڕو ماڵاتەکەتا بوویتو بانگتدا، یا لەو دەشتە بوویتو بانگتدا، تەواو دەنگ لە بانگەکە هەڵبڕە، چونکە هەرچی لە قەری دەنگی بانگدەردابێو گوێی لێبێ، جنۆکەبێ، مرۆڤبێ، شێتێ تربێ، لە رۆژی قیامەتدا ئەو شایەتییەی. بۆ ئەدا (شەیخان). سوننەتە بانگو قامەت بەراوەستانەوەبن، سوننەتە روو بەقیبلەبن، سوننەتە باگدەرو قامەتکەر دەسنوێژیان هەبێو لەشیان پاك بێو بانگدەر دەنگی خۆشبێو دەنگ بەرز بێو بە دادبێ، ئەگەر پێویستیش بوو بانگەکە لەسەر شوێنێکی بەرز بێ، یا لە سەربانی

مزگەوتبێ، وە لەجاری یەکەمی (حی علی الصلاة)دا بەسەر لابکاتەوە بەلای راستا، وە لە جاری دووەما بگەڕێتەوە بۆ سەر وەزعی خۆی، وە لەجاری یەکەمی (حی علی الفلاح)دا بەسەر نەك بەسینگ، لابکاتەوە بەلای چەپا، وە لەجاری دووەمدا بگەڕێتەوە بۆ سەر وەزعی خۆی. سوننەتە دەنگ تەواو لە بانگ هەڵبڕێ، با تەنیا هەر خۆشی بێ، لەبەر فەرموودەکەی ئەبو سەعیدی خودری.

مەرجە ئەوکەسەی کە بانگو قامەت دەخوێنێ موسوڵمان بێ، مەرجە بانگدەر قامیدەبێو خاوەن تەمیزو هۆش بێو نێرینەبێ. لەبەر ئەوەی بانگدان بەسراوە بە سەرنجو تەماشای بانگدەرەوە پێویستی بە فەرمانی پێنوێژ نیە بەڵام قامەتکردن بەساروە بە فەرمانی پێشنوێژەوە، لەبەر ئەوەی دەبێ لەسەر فەرمانی ئەوبێ.

٦٠) لە سەرەتاوە هۆی دامەزراندنی بانگو قامەت چی بوو؟:

عەبدوڵڵای کوڕی زەید فەرمووی: کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): فەرمانی فەرموو کە ناقوسێ دروست بکرێ، هەتا لێی بدەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە کۆببنەوە بۆ نوێژی جەماعەت، لەخەوما پیاوێکم بینی زەنگێکی گەورەی پێبوو پێم گوت: ئەی بەندەی خودا! ئایا ئەم زەنگە دەفرۆشی؟ گوتی: بۆچیتە؟ گوتم: بانگەوازی پێدەکەین بۆ کۆبوونەوە بۆ نوێژ. گوتی: ئەی بۆ شتێکت پێنیشان نەدەم کە لەوە باشتربێ؟ گوتم: ئادەی بفەرموو، فەرمووی: لەباتی ئەوە دەڵێیت: (الله أکبر، الله أکبر، الله

اکبر الله اکبر. اشهد ان لا الـه الا الله. اشـهد أن لا الـه الا الله. أشـهد أن محمدا رسول الله اشهد ان محمدا رسول الله حـى علـى الـصلاة حى على الصلاة. حى على الفلاح حـى علـى الفـلاح. الله اكبر الله اكـبر. لا الـه الا الله) ئینجـا پیاوەکـه کـەمێ دوور کەوتـەوەو ئـەوجا فەرمووی: بۆ قامەتی نوێژیش بڵێ: (الله اكبر الله اكبر، اشهد أن لا الـه الا الله، اشهد أن محمـدا رسـول الله، حـى علـى الـصلاة، حـى علـى الفلاح، قد قامـت الـصلاة قـد قامـت الـصلاة، الله اكـبر الله أكـبر، لا الـه الا الله).

جـا کـه رۆژم لێبـووەوە چـوومە خزمـەتی جـەزرەتو ئـەم خـەوەم عـەرزی کـرد، فـەرمووی: خـوا یاربـێ ئەمـە خـەونێکی راسـتو دروسـتە دەهەڵسە لەگەڵ بیلالا، ئەوەی لەم خەونەدا دیوتە پێـی رەوان بکـەو پێـی بڵێ، با بانگی پێ بدا، چونکه ئەو دەنگی لەتۆ زوڵاڵترە!.

ئیتر منیش لەگەڵ بیلالدا هەڵسامو وشه به وشه بۆیم رەدکـردەوەو ئەویش یەکەم بانگیدا، عومەر لەماڵەوە گوێی لەم بانگـه دەبـێ، بـه پەلـه دەردەچێو پۆشاکەکەی بەکێش کردو هاتو فـەرمووی: ئـەی پێغەمبـەری خودا! بەو کەسە که تۆی کردووە به پێغەمبەری راستو دروسـت، منـیش وەك ئەو ئەم خەونەم دیوە. پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: دەی سوپاس بـۆ خـوا (ئەحمـەد گێڕاویەتـەوە) تـەرجیعو تـەثویـب سوننەتن، تەرجیع ئەوەیە بانگدەر لەپێش ئـەوەدا کـه بـه دەنگـی بـەرز دوو وشـەی شەهادەت بڵێ، لەژێرلێوەوە به پەنامەکی ئەم دوو وشەیە بڵێ، ئەوجا بـه دەنگـی بـەرز بیانڵێـت. تـەثـویبـیش ئەوەیـە: لـە

بانگی بەیانیدا، بانگدەر لە پاش (حی علی الفلاح) دوو جار بڵێ: (الصلاة خیر من النوم) ئەم دووە سوننەتن بەپێی فەرموودەکەی ئەبو مەحذوورە، کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} بانگی فێرکردم نۆزدە وشە بوو.. تا ئەوێ کە دەفەرموێ: ئەگەر بۆ نوێژی بەیانی بانگت دەدا بشڵێ: (الصلاة خیر من النوم الصلاة خیر من النوم) نوێژ لە خەو باشرە، نوێژ لە خەو باشترە. (موسلیمو ئەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی دروستە). سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کە گوێی لە بانگو قامەت بێ، ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەمیش بیڵێ، بێجگە لەهەر دوو گوتەی (حی علی الصلاة) و (حی علی الفلاح) لەمانا بڵێ: (لا حول ولا قوة الا بالله) بێجگە لە وەڵامی (الصلاة خیر من النوم) لێرەدا بڵێ: (صدقت وبررت وبالحق نطقت) بێجگە لە وەڵامی (قد قامت الصلاة) لێرەدا بڵێ: (اقامها الله وأدمها وجعلنی من صالحی أهلها). بەڵگەی ئەمانە ئەم فەرموودەیانەن: کاتێ بیلال {رەزای خوای لێبێ} دەیفەرموو: (قد قامت الصلاة) پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەیفەرموو: (اقامها الله وأدامها) عومەریش {رەزای خوای لێبێ}فەرمووی: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: کاتێ بانگدەر گوتی: (الله أکبر الله أکبر) کەسێکیش لە ئێوە بڵێ: (الله أکبر الله أکبر)، وە کاتێ ئەو گوتی (اشهد أن لا اله الا الله)، ئەویش بڵێ: (اشهد أن لا اله الا الله)، وە کاتێ ئەو گوتی: (أشهد أن محمدا رسول الله) ئەویش بڵێ: (لا حول ولا قوة الا بالله)، وەکاتێ ئەو گوتی: (حی علی الفلاح)، ئەویش بڵێ: (اشهد أن محمد رسول الله) وە

کاتێ ئەو گوتی: (حی علی الصلاه) ئەویش بڵێ: (لا حول ولا قوة الا بالله) وەکاتی ئەو گوتی (الله أکبر الله أکبر)، ئەویش بڵێ: (الله أکبر الله أکبر) وەکاتێ ئەو گوتی (لا الـه الا الله) ئەویش بڵێ (لا الـه الا الله) وە ئەم گوتنی وەڵامانەی لە دڵەوەبێو بۆ رەزای خوابێ، ئەوە ئەو کەسە دەچێتە بەهەشت (موسلیم گێڕاویەتەوە) سوننەتە وەقفەو وەستان بەزەنەی رێ، لەکاتی گوتنی هەموو (الله أکبر)ێکا، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەی بیلال! کە بانگ دەدەیت لەسەرەخۆ، بەشێنەیی بانگ بدەو پەلەی لێ مەکە بەڵام قامەت بە گورجی تێ پەڕێنە: (یا بلال اذا اذنت فترسل في أذانك واذا أقمت فاحدر) لە شەرحی تیرمیذیدا موحەممەدی کوڕی عەبدورەحمان دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەیە کە بانگدەر هەموو وشەیێ لە وشەکانی بانگ بەسەریەکەوە بەیەك هەناسە دەڵێ. سوننەتە بۆ بانگدەرو قامەتکەر لەپاش بانگو قامەتەکەوە سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر بدەنو نزا ناساروەکە بخوێنن، بڵێن: (اللهم صل وسلم وبارك علی النبی الکریم وآله. اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة آت سیدنا محمداً الوسیلة والفضیلة والدرجة الرفیعة وابعثه مقاما محمودا الذی وعدته انك لا تخلف المیعاد).

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر دەفەرموێ: لە خۆشەویستم بیست دەیفەرموو {دروودی خوای لەسەربێ}: کاتێ گوێتان لە بانگ دەبێ، بانگدەر چ دەڵێ ئێوەیش ئەوە بڵێنەوە، لەپاشا صەڵاوات لە دیاری من بدەن، چونکە ئەوەی یەك صەڵاوات لەسەر من بدا خودای گەورە لە باتی ئەوە دە

رەحمەت دەرێژێ بەسەریدا، لەپاش ئەوەیش داوای پایای (الوسیلە)م لە خودا بۆ بکەن، کە یەکێکە لە پایە هەرەبەرزەکانی بەهەشت، دانراوە بۆ بەندەیەکی باش لە بەندە هەرە باشەکانی خودا، وە بۆ ئەو بەندەیە نەبێ بۆ کەسی تر دەست نادا، وە من ئومێد دەکەمو هێوام هەیە کە خۆم ئەو بەندەیە بم، جا ئەوەیش بزانن ئەو کەسەی کە داوای ئەم پایەی ئەلوەسیلەیە لە خودا بۆ من بکا ئیتر تکاو شەفاعەتی منیش بۆ ئەو سەردەگری (موسلیم) لە جابیرەوە {رەزای خوای لێبێ} خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ لە پاش بیستنی بانگ بڵێ: (اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة آت محمدا الوسيلة والفضيلة وابعثه مقاما محمدا الذى وعدته) هەر کەسێ لەو کاتەدا ئەمە بڵێ لە رۆژی قیامەتا تکای من بۆ ئەو قەبووڵ دەبێ. (بوخاری).

وە سوننەتە لەنێوان بانگو قامەتدا هەموو کەسێ نزای باش بکا بۆ ئیشی دینو دنیای خۆیو موسوڵمانان. چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: نزا لە نێوانی بانگو قامەتدا رەت نابێتەوە. (ئەبو داوودو نەسائیو تیرمیذی گێراویانەتەوە) تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی دروستە، ئەمەیشی لێ پتر کردووە: گوتیان: قوربان! چی نزایێ باشە تا بیڵێین؟ فەرمووی: لە خودا داوای عەفوو عافیێتو ئاسوودەیی دینو دنیا بکەنو داوای لێبوردنی تاوانو لەشی ساغی لێبکەن!.

٦١) باسی ئەو شتانەی کە لەناو نوێژدا سوننەتن و پێیان دەگوترێ (ئەبعاض) واتە: گرنگە سوننەتەکان:

ئەو شتانەی کە لەناو نوێژدا سوننەتن:-

یەکەم: تەحیاتی یەکەم، بەپێی ئەم فەرموودەیە کە عەبدوڵڵای کوڕی مالیکی کوڕی بوجەینە دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێ: لە نوێژی نیوەڕۆدا تەحیاتی یەکەمی نەخوێندو هەڵسایەوە، بەڵام کاتێ نوێژەکەی تەواو کرد دوو کوڕنووشی هەڵەی برد. (شەیخان). دیارە ئەگەر تەحیاتی یەکەم فەرز بوایە تەرکی نەدەکردو بۆی دەگەڕایەوە، کەواتە: ئەوە بەلگەی ئەوەیە کە سوننەتە، بۆ تەحیات هەرچۆن دابنیشێ دەبێ، بەڵام لە تەحیاتی یەکەما ئیفتیراش سوننەتە، کە ئەوەیە پێی چەپی لەژێر خۆیا رادەخاو پێی راستی هەڵ دەنێ و سەرەپەنجەکانی پێی راستی دەکاتە رووگەو لەسەر قاپە رەقەڵەی پێی چەپی و سەرپەنجەکانی پێی راستی دادەنیشێت. لە تەحیاتی دواییشدا تەوەرروك سوننەتە، کە وەکوو ئیفتیراش وایە، بەڵام ئەوەندە هەیە لەمدا پێی چەپی لە ژێر خۆیەوە لەلای راستیەوە دەردەکاو لاقنگی دەلکێنێ بە زەوییەکەوە (لە ئەصڵەکەدا تەوەرووك فەراموش کرابوو، نازانم بۆ. (وەرگێڕ).

دووەم: قونووت خوێندنە لەپاش راستبوونەوە لە چەمینەوەی رکاتی دووەمی نوێژی بەیانی، هەروا لە نوێژی وەتردا لە نیوەی دووەمی رەمەزاندا. بەلگەی قونووتی بەیانی ئەم فەرموودەیەی ئەنەسە

دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} تا لە دنیا دەرچوو هەمیشە لە نوێژی بەیانیدا قونووتی دەخوێند. (ئیمامی ئەحمەدو کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە). ئیبنو صەلاح دەفەرموێ: پتر لە کەسێ لە حوففاظی حەدیث بڕیاری دروستیی ئەم فەرموودەیان داوە. یەکێ لەوانە حاکم‌و بەیهەقی‌و بەڵخییە. بەیهەقی دەفەرموێ: کارکردن بە گوێرەی ئەم فەرموودەیە لە چوار جێنشینەکەوە وەرگیراوە، واتە: لە خولەفای ئەربەعەوە، بەڵگەی ئەوەیش کە قونووت لەپاش سەربەرزکردنەوەیە لە چەمینەوەی ڕکاتی دووەم فەرموودەکەی (شەیخەین‌و ئەبو داوودە) کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: لە نوێژی بەیانیدا لە ڕکاتی دووەما، لەپاش (**ربنا ولك الحمد**)ەوە دەیفەرموو: (**اللهم أنج الوليد..**) تا کۆتایی فەرموودەکە، کە پوختەو پاڵفتەکەی ئەمەیە: لە داستانەکەی شەهیدەکانی بیری مەعوونەدا، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە نوێژی بەیانیدا لەپاش هەڵسانەوە لە چەمینەوەی ڕکاتی دووەم، قنووتی دەخوێند، حەدیسێکیش لە موستەدرەکی حامکدا هەیە، موغنی موحتاج نەقڵی کردووە ئەویش دەقە لەسەر ئەمە[1].

---

(1) لێرەدا (كفاية الاخيار) و (الفقه المسير)ە کە چونیەکن. بەڵام هەر دوو ئەصڵەکە شەڵەژاون، بەپێی تاج الاصول وشەرحی صەحیحی موسلیم‌و موغنی موحتاج‌و عومدەتول قاری شەرحی صەحیحی بوخاری) ڕاستم کردەوە، ئەصڵەکان ئاوایە: (وكون القنوت في الركعة الثانية فلما رواه البخاري في صحيحه، وكونه بعد رفع الرأس من الركوع فلما رواه الشيخان عن أبي هريرة *(رضي الله عن)* أن رسول الله *(صلى الله عيله وسلم)*: لما قنت في قصة قتلى بئر معونة قنت بعد الركوع فقسنا عليه قنوت

سوننەتی قونووت بە هەموو نزاو پارانەوەو وەسپدانەوەی خوای گەورە دەبێ، تەنانەت بە خوێندنی ئایەتێکیش کە نزاو وەسپدانەوەی خوای تیادابێ، بە نیازی قونووت، سوننەتەکە بە ئەوەندەیش دێتە جێ، بەڵام لەسەر شێوە بیستراوەکەی خۆی باشترە. یەکێ لە نزا بیستراوەکانی ئەمەیە: (**اللهم اهدني فيمن هديت وعافني فيمن عافيت، وتولني فيمن توليت وبارك لي فيما أعطيت وقني شر ماقضيت فانك تقضي ولا يقضى عليك وانه لا يذل من واليت تباركت ربنا وتعاليت**). (ئەبو داودوو تیرمیذیو نەسائیو کەسانی تریش بە رشتەیەکی راستو دروست گێڕاویانەتەوە) رافیعی دەفەرموێ: لە پێش

الصبح؟!) جارێ حەیدثی وا بەم لەفظە لە صەحیحەیندا نیە، ئەم جۆرە ریوایەتە نەریوایەت لە لەفظە نە بە مەعنایە، نە موودرەجە، نە نەقڵ بە تەصەرروفە، حەدیپ وا ریوایەت ناکرێ. بەڵێ لە داستانەکەدا، کە یەکێ لە ریوایەتەکانی، ئەو حەدیسەی شەیخەینو ئەبو داوودە کە من استشهادم پێی کرد بەڵگەی ئەم دوو کارەی تیادایە. گەرچی لە صەحیحەیندا رێوایەتێ هەیە لە ئەنەسەوە، لەسەر ئەوە کە جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە پێش بەرزەوەبوون لە روکوع قونووتی دەخوێند، بەڵام بەیهەقی دەفەرموێ: کەسانێ کە گێڕاویانەتەوە قونووت لەپاش بەرزبوونەوە بە ژمارە زۆرترو بە حیفظ بە حیفظترن، کەواتەقسەی ئەوان لە پێشترە (لە صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: عاصیم فەرمووی: لە ئەنەسم پرسی: قونووت لە پێش روکووعدایە یا لەپاش روکوع؟ بەڵام دەقی ئەصڵەکە کە دەڵێ: (يقنت قبل الرفع من الركوع) ئیهامی ئەوە دەکا، کە قونووت لەناو روکوعدا بخوێنرێ، وا دەزانم لێرەدا وشەی (الرفع) موقحەمە گەرچی ئەم رستەیە لە (كفاية الاخيار)یشدا هەیە، هەرچۆنبێ ئاڵۆزەو ئەنجامی کەمتەرخەمییە.

- وەرگێڕ -

رستەی (تبارکت ربنا وتعالیت)ەوە، زاناکان ئەم رستەیان پتر کردووە: (ولا یعز من عادیت) لە گێڕانەوەیەکی بەیهەقیدا لەپاش رستەی (تبارکت ربنا وتعالیت)ەوە ئەمەیش هەیە: (فلك الحمد علی ماقضیت أستغفرك وأتوب الیك). بۆ پێشنوێژ سوننەتە بە لەفزی کۆمەل قونووتەکەی بخوێنێ، بەڵکوو ناپەسەندە کە نزاکەی هەر بۆ خۆی بێ، بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: هەرکەسێ بەرنوێژی بۆ کۆمەڵێ بکاو نزای باش بەس بۆ خۆی بکاو بۆ ئەوانی نەکا، ئەگەر وابکا بەراستی ناپاکییان لێدەکا. (ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوەو تیرمیذی بە جوانی داناوە). سوننەتیشە پێشنوێژو پاشنوێژو• قونووتخوێن دەست بەرز بکەنەوە، تا کۆتایی قونووت، بەلام دەست هێنان بە دەموچاودا سوننەت نیە، چونکە چەسپاو (ثابت) نیە، ئەمە فەرمایشتی بەیهەقیە. بەبێ راجیایی دەستهێنان بەسەر سنگدا سوننەت نیە، بەڵکوو کۆمەڵێ زانا بەدەق دەفەرموون: شتی وا ناپەسەندە، ئەمەیش لە (الررضە)دا وا دەفەرموێ: بەڵگەی قونووتی وەتری نیوەی دووەمی رەمەزان، تیرمیذی لە ئیمامی علییەوە، ئەبو داوود لە ئوبییەی کوڕی کەعبەوە گێڕاویانەتەوە.

٦٢) ئەم شتانەیش لەناو نوێژدا سوننەتنو پێیان دەگوترێ (هەیئات) واتە: سوننەتە سووکەڵەکان:

ئەم سوننەتانە پازدەن، بە کورنووشی هەڵە پڕناکرێنەوە، واتە کە فەوتان بە سەجدەی سەهوو جەبر ناکرێنەوە.

یەکەم: دەست بەرزکردنەوەیە لەم کاتانەدا: لە کاتی (الله أکبر)ی نوێژدابەستنداو، لەکاتی دانەوینەوە بۆ چەمینەوەو، لەکاتی سەربەرزکردنەوە لە چەمینەوەو، لەکاتی هەڵسانەوە لەپاش تەحیاتی یەکەم، لەسەر ئەم شێوەیە: هەردوو دەستی بە رووتیو بەکراوەییو لەگەڵ کەمێ بڵاوی پەنجەکانی بەرزدەکاتەوە هەتا سەری پەنجەکانی دەگاتە ڕێکی لای ژوورووی گوێیو، ناو لەپەکانی دەگەنە ئاستی هەردوو سەرشانەکانی. ئیتر بۆ ئەمە وەك یەکە. کە بە پێوە نوێژبکا، یا بە دانیشتنەوە، یا بەراکشانەوە، وە نوێژەکە فەرز بێ یا سوننەت، وە نوێژکەرەکە پیاو بێ یا ژن، پێشنوێژ بێ یا پاشنوێژ ئەمانەیش سوننەتن بەپێی فەرموودەکەی ئیبنو عومەر، کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە گوتنی (الله أکبر) نوێژی دادەبەست، وە لەکاتی ئەڵلاهو ئەکبەرکردندا هەر دوو دەستی، تا بەرابەر هەردوو سەرشانی بەرزدەکردەوە، وە کاتێ دەچوو بۆ روکووع ئەڵلاهو ئەکبەری دەکردو دیسان بەو چەشنە هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە، وە کاتێ لە چەمینەوە هەڵ دەسایەوە دەیفەرموو: (سمع الله لمن حمده) وە لەم کاتەیشدا بەو چەشنە هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە تا ئاستی هەردوو

سەرشانی، ئینجا دەیفەرموو: (ربنا ولك الحمد). لە گێڕانەوەیەکدا: هەروەها هەمان چەشن هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لەوکاتەدا کە دوو رکاتی تەواو دەکردو هەڵ دەسایەوە بۆ رکاتی سێیەم، بەڵام لەکاتی کوڕنووشداو لەو کاتەدا کە سەری لە کوڕنووش هەڵ دەبڕی دەستی بەرز نەدەکردەوە (ش/د/ت/ن – بوخاریو موسلیمو ئەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی گێڕاویانەتەوە).

دووەم: بە دەستی راستی مووچی دەستی چەپی بگرێ، قوبەیصەی کوڕی هەلیب لە باوکیەوە دەفەرموێ: جاران پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کاتێ بەرنوێژی بۆ دەکردین، بە دەستی راستی مووچی دەستی چەپی خۆی دەگرت. (تیرمیذی) پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: یەکێکە لە رەفتارە بەرزەکانی پێغەمبەران کە لەناو نوێژدا بە دەستی راست مووچی دەستی چەپ بگیرێ (شەیخانو نەسائیو حاکم). دەست دانان لە خواروو ناوکەوە، یا لە سەروویەوە، چونیەکە، چونکە ئەم دوو جۆرە لە هاوڕێیانی پێغەمبەرەوە ریوایەت کراوە، عەلی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: سوننەتە لە نوێژدا، لەکاتی راوەستانا، دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە خوار ناوکەوە دابنرێ. (ئەبو داوودو ئەحمەدو ئیبنو ئەبی شەیبە). تیرمیذیش دەفەرموێ: هەندێ وا بەباش دەزانن کە دەستەکانی لە ژوور ناوکیەوە دابنێ، هەندێکیش وا بەباش دەزانن کە لە خوار ناوکیەوە دایان بنێ، هەموو ئەمانە بەلایانەوە مەودای گوشادە. وائیلی کوڕی حوجریش دەفەرموێ: لەگەڵ پێغەمبەردا بە جەماعەت نوێژم کرد، دەستی راستی لەسەر دەستی چەپی دانا، لەسەر سینگی. (ئیبنو خوزەیمە لە صەحیحەکەیداو، ئەبو داوودو نەسائی

گێڕاویانەتەوە) ئەمە گفتەی نەسائیە: ئەوجا دەستی راستی لەسەر پشتی دەستی چەپی، لەئاستی موچی باسکی خۆی دانا.

سێیەم: نزای سەرەتای نوێژ، کە بریتییە لەمە: نوێژکەر لەپاش ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژدابەستن بڵێ: **(وجهت وجهی للذی فطر السموات والارض حیفا مسلما وما أنا من المشركين. إن صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين، لا شريك له بذلك أمرت وأنا من المسلمين)** (موسلیم) لە گێڕانەوەیەکا: علی {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کە هەڵدەسا بۆ نوێژ لە پێشا ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژداستنی دەکرد، ئینجا یەکسەر دەیفەرموو (وجهت وجهی) هەتا کۆتایی (م/د/ت/ن)[1]، ئەگەر بە قەستی، یا لەبیری نەبوو، نزای سەرەتای نەخوێندو اعوذو بیللای کرد مافی ئەوەی نابی کە بگەڕێتەوە بۆی، چونکە کاتی بە سەرچوو. ئەبو هورەیرەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: عادەتی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} وابوو، لە دوای ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژدابەستن، لەپێش خوێندنی فاتیحادا ئێستێکی دەکر، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! بە باوكو دایکمەوە بەقوربانتبم لەم ئێستەدا چی دەخوێنی بە نهێنی؟ فەرمووی: دەڵێم:- **(اللهم باعد بيني وبين خطاياى كما باعدت بين المشرق والمغرب، اللهم نقني من خطاياى كما نقنى الثوب الابيض من الدنس، اللهم**

---

[1] زوربەی ئەم ویردو نزایانەی ناونوێژم لەبەرگی یەکەمی تاجول ئوصولدا کردووە بە کوردی، ئەگەر ئەو تەرجەمانە رۆژێ لە رۆژان لێرەیش بنوسرێن کارێکی پیرۆزە.

- وەرگێڕ - ١٩٩٥/٨/٩

اغسلنی من خطایای بالثلج والماء والبرد) (شەیخان/د/ن) عومەریش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: یاسای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وابوو لەپاش ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژدابەستن دەیفەرموو: (سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك وتعالی جدك ولا اله غیرك) (موسلیم و داره قوطنی گێڕاویانەتەوە).

چوارەم: لە هەیئاتی نوێژ – ئەعوذوبیللا کردنە، چونکە خوا دەفەرموێ: {فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ – سورة النحل – ٩٨/١٦) واتە: کاتێ دەست ئەکەیت بە قورئانخوێندن بڵێ: (اعوذ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ – پەنا دەگرم بە خودا لە شەڕی شەیتانی دوور لە ڕەحمەت).

جوبەیری کوڕی موطعیم دەفەرموێ: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەستی دەکرد بە نوێژ لە سەرەتاوە سێ جار دەیفەرموو: (الله أكبر كبيرا والحمد لله كثيرا وسبحان الله بكيرة وأصيلا) ئەوجا دەیشی فەرموو: (اللهم انی أعوذ بك من الشیطان الرجیم من همزه ونفخه ونفثه) ئەی خوایە! پانادەگرم بەتۆ لە شەڕی شەیتانی بەشبڕاو لە ڕەحمەتی خودا، لە خۆی، لە دەست لێوەشاندنی، لە پسەپسی شیعر گوتنی، لە فشەکردنی!. شافیعی {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: اعوذوبیللاکردن بە گشت گۆتەیێ دەبێ، کە پەناگرتن بە خودای تیابێ. باشتر ئەوەیە کە بڵێ: (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) ئیبنو لومنذیر دەفەرموێ: لە پێغەمبەرەوە هاتووە، کە لەپێش قورئانخوێندندا دەیفەرموو: (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) بۆ قورئانخوێندنی

هـەموو رکاتـێ (اعـوذ بـالله)کـردن سـوننەتە، چـونکە هـەموو دوو قورئانخوێنـدنێ، بـەهۆی چـەمینەوەو شـتی تـرەوە، لەیـەکتریی دادەبـڕێن ولێك تەرازان (فەصـل) دەکەوێتـەنوێوانیان. گوتراویشە: کـە تایبەتـە بـە رکاتی یەکەمەوە.

پێنجەم: بە دەنگی بەرزخوێندن لە شوێنی خۆیداو بـە دەنگـی نـزم خوێنـدن لـە شـوێنی خۆیـدا، پێـشنوێژ لـەم نوێژانـەدا قورئـان بـە دەنگـی بـەرز دەخوێنـێ، لـە بـەیانیو هـەینیو هـەردوو جەژنـەکانو تـەراویحو وەتری رەمەزانـدا، هەروا لە رکاتی یەکـەمو دووەمـی شێوانو خەوتنانـدا، .ئەمـەیش بـەکۆی دەنـگو بـەپێی یـەکگرتن، نوێژکـەری تـەنیایش لـەم نوێژانەدا بۆی هەیە بەدەنگی بـەرز بخوێنـێ، چونکە ئـەو وەك پاشـنوێژ فەرمانی پێکراوە بە گوێڕاگرتن لـە پێژنوێـژ، کەواتـە وەزعـی لـە وەزعـی پێشنوێژ دەچێ، کەواتە بۆ ئەمیش سوننەتە کە بەدەنگی بەرز بخوێنێ.

بەڵام پاشنوێژ – واتە: مەئمووم – لە نوێژی ئاشکراو نهێنیدا هەر بە دەنگی نـزمو بـە پەنامـەکی قورئـان دەخوێنـێ، چونکە ئـەم فـەرمانی پێکراوە کە گوێ لە قورئانخوێندنی پێشنوێژ رابگرێ.

سـوننەتە بیـسمیلایش لـە نوێـژی ئاشـکرادا بـە ئاشـکرا بخـوێنرێ، چونکە گێڕانەوەیەکی دروسـت هەیـە لـە عـەلیو ئیبنـو عـەبباسو ئیبنـو عومەرو ئەبو هورەیرەو عائیشەوە {رەزای خوایان لێبێ} دەڵێ: پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لـە نوێـژی حـازردا بیـسمیلای بـە دەنگـی بـەرز دەخوێنـد، لـە موغنیـدا دەفـەرموێ: لەسـەر فەرمایـشتی دارە قـوطنی فەرموودەیـەکی ساخی دروست لە ئەنەسەوە هەیە دەفەرموێ: ئەنەس خۆی بیسمیللای بە

دەنگی بەرز دەخوێندو، دەیفەرموو: هەتا بۆم بکرێ لە نوێژا چاو لە پێغەمبەر دەکەم، واتە: نوێژەکەی دەکەم بە سەرمەشق بۆ چۆنێتی نوێژی خۆم (وەرگێر).

ئەگەر کەسێ نوێژی فەوتاوی گێڕایەوە، لەسەر ئەم یاسایە بە ئاشکرا یا بە پەنامەکی دەخوێنێ: ئەگەر فەوتاوی شەوی لەشەوا دەگێڕایەوە ئەوە بە ئاشکرا دەخوێنێ، ئەگەر نوێژی فەوتاوی رۆژی لە رۆژدا دەگێڕایەوە بە پەنامەکی دەخوێنێ بەڵام ئەگەر نوێژی چووەی رۆژی لە شەودا دەگێڕایەوە، یا بە پێچەوانەوە، ئەوە فەرمایشتی راستتر ئەوەیە کە بایەخ‌و ئیعتبار بە کاتی گێڕانەوەکەیە، کەواتە: ئەگەر بە رۆژ نوێژی خەوتنانی گێڕایەوە ئەوە بە نهێنی دەیخوێنێ، ئەگەر بەشەو نوێژی نیوەڕۆی گێڕایەوە بە ئاشکرا دەخوێنێ.

شەشەم: سوننەتە هەرکەسێ فاتیحای تەواوکرد بڵێ (ئامین) خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ پێشنوێژ دەڵێ: (غير المغضوب عليهم ولا الضالين) ئێوەش بڵێن: ئامین، چونکە هەرکەسێ بۆی رێ بکەوێ لەگەڵ فریشتەکانا ئامین بکا، خودا لە گوناهی لەوەپێشی دەبووری. (شەیخان). هەم پێشنوێژو هەم نوێژخوێنی تەنیا، لە نوێژی ئاشکرادا، دەنگی لێ هەڵدەبڕێ، لە فەرموودەدا دەفەرموێ: یاسای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وا بوو، کاتێ لە خوێندنی فاتیحا دەبۆوە، بە دەنگی بەرز دەیفەرموو: ئامین. (دارە قوطنی بە رشتەیەکی جوان گێڕاویەتەوە، ئیبنو حەببان‌و حاکمیش بە دروستیان داناوە، حاکم دەیشفەرموێ: ئەم فەرموودەیە پلەی ساخی‌و دروستییەکەی بەپێی

مەرجی بوخاریو موسلیمە کە بۆ فەرموودەی راستو دروستیان داناوە).
هەروا پاشنوێژیش بە ئاشکرا دەیڵێ. شافیعی لە (الام)دا، دەفەرموێ: موسلیمی کوڕی خالید هەواڵی پێماندا، لە ئیبنو جورەیجەوە، لە عەطائەوە، عەطاء فەرمووی: بە گوێی خۆم لەم پێشەوایانەم بیستووە، لە ئیبنو زوبەیرو لە وانەی پاش ئەو، کە پێشنوێژییان دەکرد، لەپاش خوێندنی فاتیحا دەیانفەرموو: ئامین، ئەوانەیشی کە لە پشتیانەوە نوێژیان دەکرد دەیانفەرموو: ئامین، تەنانەت مزگەوتەکە دەنگی دەدایەوەو گرمەی دەهات! بوخاریش بە تەعلیق لە ئیبنو زوبەریرەوە ئەمەی باس کرووە.

حەوتەم: سونتەتە نوێژخوێن لە پاش خوێندنی فاتیحە، لە نوێژی بەیانیو هەینیو لەرکاتی یەکەمو دووەمی هەموو نوێژێکی تردا، جگە لە نوێژی تەرم سوورەتێ بخوێنێ، لە نوێژی تەرما لە پاش فاتیحا سوورەت نەخوێنێ، سەربەڵگەی ئەم مەسەلەیە ئەمەیە کە ئەبو قەتادە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەستووری وابوو لە رکاتی یەکەمو لە رکاتی دووەمی نوێژی نیوەڕۆدا سوورەتی فاتیحاو سوورەتێکی تری دەخوێند، ئەو سوورەتەی کە لە رکاتی یەکەما دەیخوێند درێژتر بوو لەو سوورەتەی کە لەرکاتی دووەما دەیخوێند، جار جارەیش دەنگی ئەوەندە بەرز دەکردەوە، کە ئایەتەکە دەبیسترا، لە نوێژی عەصریشا هەروای دەکرد، لە رکاتی یەکەمی بایانیشدا سورەتی درێژ تری دەخیوێند لە سوورەتی رکاتی دووەم (شەیخان) ئەگەر لە پاش فاتیحا هەر چەندێ قورئان بخوێنێ دەبێ، با سوورەتی تەواویش نەبێ یا سوورەتێ لە هەردوو رکاتەکەدا دووبارە بکاتەوە. لێرەدا ئاوا نووسراوە:

(فعن قتادة رضي الله عنه فيمن قرأ سورة واحدة في ركعتين أو ردد سورة في ركعتين: كل كتاب الله) ئەمە تێکەڵو پێکەڵە، بەڵام من چارم ناچارە کە بیبەمەوە سەرمەبەستی راستی، بۆیە ئاوا تەرجەمەی دەکەم. لە قەتادە پرسیارکرا: ئەگەر کەسێ سوورەتێ دابەش بکا بەسەر دوورکاتا، یا سوورەتێ دووبارە بکاتەوە لە هەردوو رکاتەکەدا دەبێ یانا؟ فەرمووی: دەبێ، چونکە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا قورئانی خوێندووە کە نامەی خوایە[1].

عەبدوڵڵای کوڕی سائیبیش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: جارێ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە مەککەی موکەڕەمە نوێژی بەیانی بۆ دەکردین، لەپاش فاتیحاوە، لە سەرەتای سوورەتی موئمینوونەوە دەستی پێکرد، تا گەیشتە سەرباسی مووساو هاروون، یاخود گەیشتە سەرباسی حەزرەتی عیسا، لەوێدا کۆکەیەك گرتی، ئیتر قورئانخوێندنەکەی بڕیو سوورەتەکەی تەواو نەکردو چوو بۆ روکووع! (شەیخان).

پیاوێکی جوهەینیی، فەرمووی: گوێم لێ بوو کە پێغەمبەر لە هەردوو رکاتەکەی نوێژی بەیانیدا هەر سوورەتی (اذا زلزلت الارض)ی خوێند، جا ئەوەیان نازانم کە ئایا پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە بیری چووبوو کە لە رکاتی یەکەمیشا هەر ئەم سوورەتەی خوێندبوو، یاخود بە ئارەزوو ئاوای کرد، تا ئێمەیش جاروبار چاو لەو بکەینو ئاوا بکەین (ئەبو داوود بە رشتەیەکی دروستو دارە قطنی بە رشتیەکی بەهێز

---

[1] تەماشای عمده القاریو بەرگی شەشەم لاپەڕە (٤٢) بکە.

- وەرگێڕ -

گێڕاویانەتـەوە[1]). رافیعـی {رەزای خوای لێبێ} دەفـەرموێ: سـوورەتی تـەواو باکورتیشبێ خێرترە لە پارچەیێ لە سوورەتی درێژ!

نـەوەوی {رەزای خوای لێبێ} دەفـەرموێ: ئەمـە کاتـێ وایـە کـە سـوورەتە تەواوەکەو پارچـە سـوورەتەکە بەقـەد یـەك بـن، بـەڵام ئەگـەر پارچـەی سـوورەتی درێـژ لـە سـوورەتە کورتەکـە درێـژ تربـوو ئـەوە خوێنـدنی پارچەکە خێرترە چونکە زۆرتر.

بەڵام وادەخوازێ کە ئەمە پێوەنـدبێ بەمـەوە: ئەمـە کاتـێ وایـە کـە پارچەی سوورەتی درێژ سەرەتاو کۆتـایی‌و واتـای تـەواوو روون بـێ دیـارە لەکاتی وادا کە ئەو باشترە لە سوورەتی کورت[2].

---

[1] هەر حەدیسێ تەحقیق بکەم بە پێی شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسـلیم‌و عومـدەتولقاری لەسەر صەحیحی بوخاری‌و (کفایة الاخیـار في حـل غایـة الإختـصار)و بەپێی غایەتو لمەئموول لەسەر تاجول ئوصول تەحقیقی دەکـەم، لەبـەر ئـەوە تەحقیقەکـە جێگەی متمانەیە، ئەگەر لەواندا، نەم دۆزییەوە بەپێی موغنـی موحتاج، ئەگەر لەوێـشا نەم دۆزییەوە، وەك خۆی دەیهێڵمەوە.

- وەرگێڕ -

[2] کەواتە: نوێژخوێن نابێ هەر لە خۆیەوە پارچەیێ لە سـوورەتێ بخوێنـێ، مەگـەر ئەو پارچەیێ لە لایەن پسپۆڕانەوە سەرەتاو کۆتایی دیاری کرابن‌و بڕیـاریش دارابـێ کـە لەلایەن واتایشەوە دانەبڕاوە لە پێش‌و پاشی خۆی. ئەمـەیش پێویـستی بـە مەسـحێکی سەراسەری ئایەتەکانی قورئانە، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بـەپێی ئاگـاداری من نەکراوە.

- وەرگێڕ - ۱۹۹۵/۸/۳۰

حـەزرەت خـۆی {درووده خوای لەسەربێ} لـە نوێـژی بەیانیـداو لـە هـەموو نوێـژێکی تـردا رکـاتی یەکـەمی درێـژتر دەکـردەوە لـە رکـاتی دووەم، بـە تایبەتی لـە بەیانیـدا زۆرتـر درێـژی دەکـردەوە، چونکە خـوا دەفـەرموێ: {وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا – سـورة الإسـراء – ١٧/٧٨} (واتـە: وە نوێـژی کـاتی دەرکـەوتنی سـبەینێش بـەجێ بێنـە، چونکە بە راستی نوێژی بەیانی فریشته پـۆل پـۆل دێنـە دیاری). دیـسان لەبەر ئەوەیش هەتا کەمیی ژمارەی رکاتەکانی، بە زۆریـی قورئانخوێنـدن پڕبکرێتـەوە، لەبـەر ئـەوەیش کـە لـە دواخـەوە، مـەردوم بەشـی خۆیـان حەساونەتەوە، هێشتا نەپلکاون بە مـشوورو هـەوڵی گوزەرانـەوەو تێکـەڵی سـەرقاڵیی دنیـا نەبوونەتـەوە، کەواتـە هـەتا دڵیـان لـە خـەیاڵی گـوزەران خاڵییە با دەمێکی خۆش لەگـەڵ خـودای خۆیانـدا، دوور لـە موزاحەمـەی ئەغیار، گفتوگۆ بکەن، لەبەر ئـەوەیش کـە نوێـژی بـەیانی بناغـەی کـاری ئـەو رۆژەیـەو سـەرەتایەتی شـتیش هـەر لەسـەرەتاوە بـەگرنگی بیگـری چاکترە، لەبەر ئەمانە هەموو، پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} جاری وادەبـوو دەوری شەست ئایەت هەتا سەت ئایەتی لە نوێژی بەیانیدا دەخوێنـد، یا سورەتی (ق) یا سـوورەتی (رووم) یـا سوورەتی (اذا الـشمس کـورت)ی تیادا دەخوێند، لە سەفەریشدا فەلـەق‌و ناسـی دەخوێنـد، جـاری وادەبـوو کـە ژنـی منـاڵ بەبـەر لـە ریـزی جەماعـەتا لـە پـشت حەزرەتـەوە نوێـژی دەکرد، منداڵەکەی لە دورەوە دەگریا، حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} هـەر کـە گـوێی لـە گریـانی مناڵەکـەی دەبـوو نوێژەکـەی بـە کـورتی ئـەنجام دەدا، رەحمی بە منداڵەکەو بە دایکەکەی دەکرد، نەبادا بەهۆی درێژ کردنـەوەی نوێژەکـەوە تووشـی سـەخڵەتی بـبن، لـە نوێـژی بـەیانی رۆژی هەینیـدا

سوورەتی (ألم تنزیل)ی سەجدەو سوورەتی (هل أتى على الانسان)ی دەخوێند، ئەم دوو سوورەتەی بە تەواوی دەخوێند، لە حەزرەتەوە وارید نەبووە کە پارچەیێ لە سوورەتێکیان لەهەریەکێ لە رکاتەکانی نوێژی بەیانیدا بخوێنێ، کەواتە: ئەوەی وا بکا بە پێچەوانەی رابەریی ئەو زاتەوە کار دەکا {دروودی خوای لەسەربێ}. ئەوەیش رێنمایی کە ئەم دوو سوورەتە بە تەواوی بخوێنرێن پەندو جیکمەتەکەی ئەمەیە: باسی سەرەتای بوونەوەرو سەرەنجامی کاری ئەم بوونەوەرەو زیندوو بوونەوەو دروستکردنی ئادەم‌و چوونە بەهەشت‌و دۆزەخ‌و شتی تریشیان تیادایە، کە دەبن بەهۆی هۆشیاریی نەتەوەی ئیسلام لە بارەی رووداوەکانی رۆژی رەستاخێزەوە، هەتا پەندو ئامۆژکارییان لێ وەربگرن.

پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} جاری وادەبوو نوێژی نیوەڕۆی درێژ دەکردەوە، جاری وادەبوو بە مام ناوەندی دەیکرد. ئەبو سەعید {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: نوێژی نیوەڕۆ دادەبەسترا، زەلام بەپێ دەچوو بۆ بەقیع، ئیشی خۆی لەوێ تەواو دەکردو دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوەو دەسنوێژی دەگرت‌و ئەوجا دەهات بۆ مزگەوت، لەگەڵ ئەوەیشا فریای رکاتی یەکەمی ئەو نوێژە لەپشت پێغەمبەرەوە دەکەوت، چونکە ئەوەندەی درێژ دەکردەوە. (موسلیم) جاری وایش هەبوو (سبح اسم ربك الأعلى)ی تیادەخوێند، یا (والليل اذا يغشى) یا (والسماء ذات البروج) یا (والسماء والطارق).

عەصریشی ئاوای دەکرد: ئەگەر درێژی بکردایەتەوە بەقەد نیوەی نوێژی نیوەڕۆی درێژدەکردەوە، ئەگەر کورتیشی بکردایەتەوە بە قەد

نیوەڕۆ دەبوو، لە حاڵەتی کورتیی نیوەڕۆدا. لە شێوانیشا ئەمە ڕێبازی بوو: جارێ قورئانی زۆری تیادەخوێند، جارێ کەم، چونکە سەلماوە: کە جاری وابووە (ئەعراف)ی تیاخوێندووە، بەڵام دابەشی کردووە بەسەر رکاتی یەکەمو دووەمیدا، هەروا (الطور)ی تیا خوێندووە هەروا (المرسلات) و (سبح اسم ربك الاعلی) و (والتین والزیتون)و (فەلەق) و (ناس) خوێندنی ئەم سوورەتانە لەم نوێژانەدا، لە فەرموودەی دروستی بە ناوبانگدا هەیە.

نوێژی خەوتنانی ئاوا دەکرد: خۆی (والتین والزیتون)ی تیا خوێندووە، ئەم سوورەتانەیشی بۆ موعاذ دەست نیشان کردووە کە لە نوێژی خەوتناندا بیانخوێنی: (والشمس) و (سبح اسم ربك الاعلی)و (والليل اذا يغشی)و هاوچەشنی ئەمانە، نارازی بوو لەوە کە موعاذ سوورەتی (بەقەرە)ی لەبەر نوێژیی خەوتناندا خوێندبوو، جارێ موعاذ لە پشت پێغەمبەرەوە {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژی خەوتنان بە جەماعەت دەکا، ئەوجا دەچێ بۆ ناو هۆزەکەی خۆی بەر نوێژی خەوتنانیان بۆ دەکاو، سوورەتی بەقەرەی تیا دەخوێنێ، پیاوێ لە لای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سکاڵای لە دەست ئەم کارەی موعاذ کرد، کە نوێژەکەی زۆر درێژ کردەوە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: لە موعاذ تووڕەدەبێو پێی دەفەرموێ: ئەی موعاذ! مەبە بە ئاژاوە بەرپاکەری ناو کۆمەڵەی نوێژکەرەکان، ئەوجا ئەو سوورەتانەی بۆ دەست نیشان دەکا کە ناومان هێنان، لە نوێژی هەینیدا ئەم سوورەتانەی بە تەواوی دەخوێند: لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی (الجمعه) یا (الأعلی)ی دەخوێند، وە لە رکاتی

دووەما سوورەتی (المنافقون) یا (الغاشیة)ی دەخوێند {دروودی خوای لەسەربێ}

بەڵام هەرگیز پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: شتی وای نەکردووە کە بچێ کۆتایی هەریەك لەم دوو سوورەتانە لە هەریەك لە دوورکاتەکەی نوێژی هەینیدا بخوێنێ، کاری وا بۆچی دوورە لە رێگەی راستی ئەوەوە (ئەمە نیوەی راستەو نیوەی هەڵەیە، کاری وا دوورە لە رێگەی راستی پێغەمبەری رەهبەر؟ لە باسی هەینەتی حەوتەمی ئەم باسەدا کە باسی ژمارە/ ٦٢ وە، دانەر بۆ بەڵگە لەسەر دروستبوونی بەشێ لە سوورەتێ یا چەند ئایەتێ لە ورەتێ لە رکاتێکا، ئەثەرەکەی قەتادەی هێنایەوە، ئەم قسەیەی پێچەوانەی ئەوەیە (وەرگێڕ) لە دوو جەژنەکەیشدا خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} لە پاش فاتیحا لە رکاتی یەکەما سوورەتی (ق)ی بە تەواوی دەخوێند، یا سوورەتی (سبح اسم)ەی بە تەواوی دەخوێند، لە رکاتی دووەمیشا یا سوورەتی (اقتربت)ی بە تەواوی دەخوێند، یا سوورەتی (هل اتاك)ەی بە تەواوی دەخوێند، لەسەر ئەم رێبازە پیرۆزە بەردەوام بوو هەتا گەیشتەوە بەدیداری یەزدانی مەزن.

چوار جێنشینە هەقناسەکانو زانا پێشەواکانیش هەروایان دەکرد، {رەزای خوا لە هەموویان بێ}. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} هیچ سوورەتێکی بە تایبەتی بۆ هیچ نوێژێ دیاری نەکردووە، جگە لەم سوورەتانەی کە ناومان هێنان بۆ نوێژی هەینیو دوو جەژنەکەو بەیانی رۆژی هەینی. عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیرییەوە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: سوورەت بە سوورەتی ئەو بەشەی قورئان کە پێی دەگوترێ موفەصەل، گەورەو گچکەی، بە گوێی خۆم لە پێغەمبەرم بیستووە، کە بەر نوێژیی پێدەکردن، لە نێژە فەرزەکاندا بۆ مەردوم. (ئەبو داوود).

له نوێژی فەرزدا نەبیستراوەو ساخ نەبۆتەوە کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: خۆی لە یەك ڕکاتدا پتر لە یەك سوورەتی خوێندبێ، بەڵام لە نوێژی سوننەتدا ئەوەی کردووە (ئەمە بۆنی ئەوەی لێدێ کە شتی وا ناباشە، بەڵام ئەمە ناباش نییە چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} ئەمەی تەقریر کردووە، بەڵکوو وەسپی ئەو کەسەیەی کردووە کە ئەمەیکردووە. تەماشای عومدەتولقاری ب/٦ل/٣٩ بکە (وەرگێڕ).

هەشتەمو نۆیەم: (لە هەیئاتی نوێژ) ئەڵلاهو ئەکبەر کردنە، لە کاتی دانەوینەوەو سەربەرزەوە کردنداو گوتنی (**سمع الله لمن حمده**) وەلەکاتی سەربەرزەوەکردندا لە چەمینەوە، سەربەڵگەی – ئەمەیش ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: جاران پێغەمبەری خوا {درودی خوای لەسەربێ} کاتێ دەستی دەکرد بە نوێژ، ڕێك ڕادەوەستاو بە گوتنی (الله أكبر) نوێژی دادەبەست، کاتێکیش دەچوو بۆ چەمینەوە: (الله أكبر)ی دەکرد، کاتێ لە چەمینەوە پشتی ڕاست دەکردەوە دەیفەرموو: (**سمع الله لمن حمده**) ئەوجا کە دادەبەزی بۆ کوڕنووش دەیفەرموو: (الله أكبر) ئەمەی لە هەموو نوێژێکیدا دەکرد، هەروا لەو کاتەیشدا کە دوو ڕکاتی تەواو دەکردو هەڵ دەسایەوە بۆ ڕکاتی سێیەم ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد. (بوخاریو موسلیم).

دەیەم: ویردو تەسبیحاتی ناو چەمینەوەو کوڕنووش. ئەبو داوود ئەم فەرموودەیەی گێڕاویەتەوە: کاتێ (**فسبح باسم ربك العظيم**)ی هاتە خوارەوە، خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: بیکەن بە بە ذیکری ناوچەمینەوەتان، واتە لەناو ڕوکووعدا بڵێن: (**سبحان ربی**

العظیم) کاتێکیش ئایەتی (سبح اسم ربك الاعلی) هاتە خوارەوە، خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: بیکەن بە ذیکری ناو کورنووشتان، واتە: لەناو سەجدەدا بڵێن: (سبحان ربی الاعلی). وا باشە کە ئەم ویردە سێ جار بڵێ: بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: هەر کەسێ لە ئێوە لەناو چەمینەوەدا سێ جار بڵێ (سبحان ربی العظیم) ئەوە چەمینەوەکەی گوتنی سێ جار لای کەمیی تەواوی چەمینەوە، هەرکەسەشتان لەناو کورنووشدا، سێ جار بڵێ: (سبحان ربی الأعلی) ئەوە کورنووشەکەی تەواوە، بەڵام گوتنی سێ جار لای کەمی تەواویی ویردی ناو سەجدەیە. (تیرمیذیو ئەبو داوود). هەرەتەواوەکەی لە نۆجارەوە دەست پێدەکا هەتا یازدەجار خوێنی.

ماوەردی دەفەرموێ: ئەمە کاتێ وایە کە پێشنوێژبێ. بەڵام نوێژخوێنی تەنیا بۆی هەیە چەندە خۆی ئارەزوو دەکا ویردو نزا بە دوورو درێژی بخوێنێ، بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: هیچ کاتێ بەندە وەك کاتی ناو کورنووش لە خواوە نزیك نابێتەوە، کەواتە: لەوکاتەدا دوعاو نزا زۆر بکەن، جێگەی خۆیەتی کە پارانەوەکەتان قەبووڵ بکرێ. (موسلیمو ئەبو داوود). پێشنوێژیش ئەم مافەی بۆ هەبێ. هەیە بەمەرجێ پاشنوێژەکانی رەزایان لەسەر درێژکردنەوەکە هەبێ. خۆشەویست خۆی {دروودی خوای لەسەربێ} لەناو چەمینەوەو کورنووشدا پارانەوەو نزاو ویردی زۆری دەخوێند، ئەوەتا حەزرەتی عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}:

له چەمینەوەو کوڕنووشدا زۆر دەیفەرموو: (سبحانك اللهم وبحمدك اللهم اغفر لی) (شەیخان‌و ئەحمەدو کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە).

دیسان لە عائیشەوە {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: زۆرجار حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لە چەمینەوەو کوڕنووشدا دەیفەرموو: (سبوح قدوس رب الملائکة والروح) (م/ د/ ن/). لە ئیمامی عەلیەوە {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: یاسای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: وابوو لەناو چەمینەوەدا دەفەرمووو: (اللهم لك رکعت وبك آمنت ولك أسلمت، أنت ربی، خشع سمعی وبصری ومخی وعظمی وعصبی وما استقلت به قدمی لله رب العالمین) (ئەحمەدو موسلیم‌و ئەبو داوودو کەسانی تر).

دیسان لەوەوە {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} زۆر جاران لە کوڕنووشدا دەیفەرموو: (اللهم لك سجدت وبك آمنت ولك اسلمت، سجد وجهی للذی خلقه فصوره فأحسن صوره فشق سمعه وبصره فتبارك الله أحسن الخالقین) (م).

یازدەهەم: هەردوو دەستی لەسەر هەردوو رانی دادەنێ لە دانیشتنی تەحیاتی یەکەم‌و تەحیاتی دووەما، دەستی چەپی دەکاتەوەو بەری دەستی لەسەر رانی لەنزیکی سەر ئەژنۆیەوە دادەنێ، دەستی راستیشی لەسەر رانی راستی لە نزیکی سەر ئەژنۆیەوە دادەنێ، پەنجەکانی دەستی راستی دەنووقێنێ، تەنها پەنجەی شایەتمانی نەبێ، کە بەری دەداتەوە، کاتێ گەیشتە (الا الله) بەرزی دەکاتەوەو کەمێ بە کووڕی بەرەو رووگە بیگرێ‌و ئیتر نەیجووڵێنێ، وە نیازی لەو جووڵەیە ئاماژە بێ بۆ یەکتایی خوا هەتا گوتارو کردار لە ددانان بە یەکتایی خوادا یەك بگرن.

ئیبنوعومەر {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} زۆر جار کە لە تەحیاتا دادەنیشت لەپی راستی لەسەر رانی راستی دادەناو لەپی چەپی لەسەر رانی چەپی دادەنا، پەنجەی شایەتمانی بەرەڵا دەکردو لەکاتی گوتنی وشەی (الا الله)ی ناو شایەتماندا بەرزی دەکردەوەو ئیتر چاوی تێ دەبڕی (ئەحمەدو موسلیمو نەسائی).

دوازدەهەم: لە هەموو تەحیاتێکا کە سڵاوی تیادا نەدرێتەوە دانیشتن بە شێوەی (افتراش – پێراخستن) سوننەتە، کە بریتییە لەوە: پێی چەپی رابخا لە ژێریداو لە سەری دابنیشێو پێی راستی بە پەنجەکانیەوە هەڵ بنێو رووی سەرە پەنجەکانی بکاتە رووگە، لە تەحیاتی دواییشتدا لەسەر شێوەی (تورك – لاسمتەنشین) دابنیشێ، لاسمتەنشینیش وەکوو پێراخستنە، بەڵام لەمدا پێی چەپی لە ژێر خۆیەوە دەر دەکا بۆ لای راستی، وە نەرمەی لاسمتی دەنووسێنێ بەزەوییەکەوە.

ئەم دوو شێوەیە لە صەحیحەیندا هەیە: لە گێڕانەوەیەکی بوخاریدا دەفەرموێ: ئەبو حومەیدی ساعیدی {ڕەزای خوای لێبێ} بە چەن کەسێ لە یارانی پێغەبەری فەرموو: من لە هەمووتان باشتر ئاگام لێیەتی کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نوێژی چۆن بوو: سەرنجم دەدا کە ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، هەردوو دەستی تا ئاستی هەردوو سەرشانەکانی هەڵ دەبڕی، کە روکووعیشی دەبرد هەر دوو دەستی لە هەردوو ئەژنۆکانی خۆی گیر دەکرد، وەرێك پشتی خۆی دەچەماندەوە، پشتو ملی خۆی رێك لە یەك ئاست بەبێ کووڕی رادەگرت، کە سەریشی هەڵ دەبڕی لە چەمینەوە رێك هەڵ دەسایەوەو قنج رادەوەستایەوە، تایەك یەك

بڕبڕاگەکانی پشتی دەچوونەوە شوێنی خۆیان، کە کورنووشیشی دەبرد هەردوو لەپی دەستی دادەنا لەسەر زەوییەکە، بەلام باسکی خۆیی رانەدەخست لەسەر زەوییەکەو کەمێ باسکەکانی بەرزدەگرتو نەشی دەنووساندن بە لاتەنیشتی خۆیەوە، بەلکوو هەر دووبالی خۆیی بلاو دەکردەوە، وەسینگی پەنجەکانی هەردوو پێی لەسەر زەوی دادەناو نووکی پەنجەکانی قاچی روویان دەکردە رووگە، لە تەحیاتی یەکەمیشدا لەسەر قاچی چەپی دادەنیشتو قاچی راستی هەڵ دەنا، لە دوارکاتیشدا پێی چەپی لەژێر خۆیەوە رەت دەکردو لە ژێر پێی راستیەوە نووکەکەی دەردەکرد، وە پێی راستیشی هەڵ دەناو لەسەر لاڕانی خۆی دەدەنیشت. (دانەر بەشی کۆتایی ئەم فەرموودەیەی نووسیبوو، من بە تەواوی نووسیم، چونکە دەبێ بە بەلگەی رۆشن بۆ زۆر لە کردارەکانی نوێژ — وەرگێڕ).

سیازدەهەم: نزاو پاڕانەوەی دانیشتنی نێوان هەردوو کورنووش. پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} لە دانیشتنی نێوان کورنووشەکاندا دەیفەرموو: (رب اغفر لی رب اغفر لی) (نەسائیو ئیبنو ماجە).

ئیبنو عەبباس {رەزای خوا لە خۆیو بابی} دەفەرموێ: یاسای پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ}: وابوو، لە دانیشتنی نێوانی دوو کورنووشەکاندا دەیفەرموو: (اللهم اغفر لی وارحمنی وعافنی واهدنی وارزقنی) (ئەبو داوود) لە گێڕانەوەیەکی تیرمیذیدا: (واجبرنی)یە لە جیاتی (عافنی).

چواردەهەم: دانیشتنی وچانە،کە بریتییە لە دانیشتنێکی سووکەڵە، لە پاش لێبوونەوە لە کورنووشی دووەمی رکاتی یەکەمو، لە پاش

لێبوونەوە لە کوڕنووشی دووەمی ڕکاتی سێیەم، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} خۆی ئەوەی کردووە، دوو گێڕاونەوەیش هەیە لە ئیمامی ئەحمەدەوە، یەکێکیان ئاوا دەڵێ.

پازدەهەم: نزازو پاڕانەوەی پاش تەحیاتی دوایی، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، گێڕاویەتەوە، کاتێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} تەحیاتی فێرکردوون، لە کۆتاییدا فەرموویەتی: ئینجا بە ئارەزووی خۆی بپارێتەوە بۆ خۆی‌و حەزی لەچی بێ لە خودا داوای بکا (م).

عەلی {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: یاسای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: وابوو لە تەحیاتا لە ناوەندی شایەتمانهێنان‌و سلاودانەوەدا دەیفەرموو: **(اللهم اغفر لی ما قدمت وما أخرت وما أسررت وما أعلنت وما أسرفت وما أنت أعلم بە منی أنت المقدم وأنت المؤخر لا الە الا أنت)** (موسلیم).

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: ئەبو بەکری صەدیق {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی بە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: نزایەکم فێربکە کە لە نوێژەکەما بیکەم، فەرمووی: بڵێ: **(اللهم انی ظلمت نفسی ظلما كثيرا ولا يغفر الذنوب الا أنت فاغفر لی مغفرة من عندك وارحمنی، انك أنت الغفور الرحيم)** (شەیخان). ئەبو هورەیرەیش {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: یاسای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: وابوو لە نوێژدا، لە کۆتایی تەحیاتی پێش سلاودا دەیفەرموو: **(اللهم انی أعوذ بك من عذاب القبر ومن عذاب النار ومن فتنة المحيا والممات ومن فتنة المسيح الدجال)** (م).

شانزەهەم: سلاودانەوەی دووەمە، چونکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} بەلای راستو بەلای چەپی خۆیدا سلاوی دەدایەوە (م).

٦٣) سوننەتە پەیوەستەکانی نوێژە فەرزەکان:

ئەو نوێژە سوونەتانەی کە پەیوەستن بە فەرزەکانەوە نۆزدە رکاتن؛ دوو رکات لە پێش نوێژی بەیانیدا، چوار رکات لە پێش نیوەڕۆدا، دوو رکات لە پاشی، چوار رکات لە پێش ئەصردا، دوو رکات لە پێش شێواندا، دوو رکات لە پاشی، سێ رکات لە پاش خەوتنان، کە ئاخر رکاتیان وەتربوو، سوننەتە دامەزراوەکانیان دە رکاتن، کە بریتین لەو سوننەتە پەیوەستانە کە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} سەرومڕ کردوونی، کە ئەمانەن: دوو لە پێش بەیانیدا، دوو رکات لە پێش نیوەڕۆدا، دوو رکات لە پاشی، دوو رکات لە پاش شێوان، دوو رکات لە پاش خەوتنان، بەلگەی ئەمەیش فەرموودەکەیە کە ئیبنو عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لە خزمەت پێغەمبەردا {درودی خوای لەسەربێ} دوو رکات لە پێش نێوەرۆداو، دوو رکات لە پاشیەوەو، وو رکات لە پاش شێوانەوەو، دوو رکات لە پاش خەوتنانەوە، نوێژی سوننەتم کردووە، حەفصەی خوشکیشم، کە هاوسەری پێغەمبەر بوو، قسەی بۆ کردووم: کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە پاش شەبەق دوو رکات نوێژی سوننەتی سووکەڵەی دەکرد. (شەیخان).

ئەوانەی کە دەفەرموون چوار لە پێش نیوەڕۆوە سوننەتە بەلگەکەیان ئەم فەرموودەیە: کە بوخاری لە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە:

پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} چوار رکات نوێژی سوننەتی لە پێش نوێژی نیوەڕۆوە تەرك نەدەکردا. ئەوانەیش کە دەفەرموون: چوار لە پێش عەصرەوە هەیە، بەڵگەیان ئەم فەرموودەیەی تیرمیذییە: عەلی {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە پێش عەصردا چوار رکات سوننەتی دەکرد، بەینی دەخستن، لە گێڕانەوەیەکدا: ڕەحمەتی خودا لەو کەسەبێ کە لە پێش عەصردا چوار رکات سوننەت دەکا. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە، ئیبنو حەببانیش بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە. دوو رکاتەکەی دوا خەوتنانیش ئیبنو عومەر حەدیسێکی گێڕاوەتەوە لە بارەیانەوە. دوو رکاتەکەی پێش شێوانیش بەپێی گێڕانەوەی بوخاری: لە پێش نوێژی شێوانەوە نوێژی سوننەت بکەن. لەپێش نوێژی شێوانەوە نوێژی سوننەت بکەن. لە جاری سێیەمدا فەرمووی: بۆ کەسێ ئارەزوو بکا.

لە موسلیمدا دەفەرموێ: ئەنەسی کوڕی مالیك {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: جاران کە لە مەدینە بووین، کاتێ بانگدەر بانگی شێوانی دەدا، یاران پەلاماری پەنا کۆڵەکەکانی ناو مزگەوتیان دەدا، هەتا فریابکەون لە پێش دابەستنی جەماعەتی شێواندا، سەرو دوو رکات سوننەت خێرا بکەن، تەنانەت خەڵکێکی ئەوەندە زۆر خەریکی کردنی ئەو دوو رکاتە سوننەتە بوون لەو کاتەدا، پیاوی نەشارەزا کە دەهاتە ژوورەوە لەو وایە کە ئەوە نوێژی شێوانە دەیکەن!

٦٤) نوێژی سوننەتی زۆر سوننەت:

سێ جۆر نوێژی سوننەت زۆر خێرن:

یەکەم: شەو نوێژ.

دووەم: نوێژی چێشتەنگاو،

سێیەم: نوێژی تەراویح.

پێشەوایانی گەلی ئیسلام بەکۆی دەنگ یەکیان گرتووە لەسەر ئەوە کە شەونوێژ زۆر خێرە، خوای مەزن دەفەرموێ: {وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ - سورة الإسراء - ٧٩/١٧) واتە: سەرەڕای نوێژە فەرزەکان بەشەو واز لە خەو بێنەو خەو لە خۆت بزڕێنە، هەندێ شەو نوێژبکەو قورئانی تیابخوێنە، دیسان خوای مەزن دەفەرموێ: {كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ - سورة الذاريات - ١٧/٥١) واتە: ئەو تەقواکارانە ڕەوشتێکی تری بەرزیان هەبوو ئەوەبوو کە بەشەو سەرخەوێکیان دەشکانو ئیتر زوربەی شەو هەر سەرقاڵی نوێژ بوون هەروا زاتی هەرەمەزن دەفەرموێ: {تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا - سورة السجدة - ١٦/٣٢) واتە: بەشەو دوورە پارێزن لە نوێنو نووستنو هەر سەرگەمی شەو نوێژو خواپەرستینو لە خودا دەپاڕێنەوە، لاڵەو پاڵەو سکاڵا لە دەرگای پەروەردگاری خۆیانا دەکەن، هەم لە ترسی سزاو تۆڵەی سەختیو هەم بە هیوای ڕێژنەی ڕەحمەتی) لە پێشدا شەو نوێژ فەرز بوو، لە دواییدا ئەو بڕیارە لابرا.

له فەرموودەیشدا دەفەرمویٚ: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرمویٚ: خوو بگرن بەشەو نویٚژەوەو بیکەن بە پیشەی هەمیشەتان، چونکە شەو نویٚژ هەر لە میٚژەوە پیشەی پیاوچاکان بووە، سەرەڕای ئەوەیش دەبیٚ بەهۆی نزیکبوونەوە لە خواوە، وە دەبیٚ بە کەفارەتی خراپەو هەروەها لە گوناهیش دەتان گیٚڕیٚتەوە! (لە گیٚڕانەوەیەکی تاجول ئوصولٚدا: دەردیش لە لەش دەردەکا – وەرگیٚڕ).

(حاکم گیٚڕاویەتەوەو فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە دروستو ساخە، چونکە بەپیٚی مەرجی ئیمامی بوخارییە کە بۆ فەرموودەی دروست (حەدیثی صەحیح) دایناوە. لە لایەکی تریشەوە لە فەرموودەدا هەیە دەفەرمویٚ: (درودی خوای لەسەربێ) هەر کەسیٚ هەر شەویٚ سەت ئایەت لەشەو نویٚژدا بخویٚنیٚ، لەناو تۆماری دەستەی بیٚ ئاگایاندا، لەو شەوەدا ناوی نانوسریٚ، هەر کەسیٚکیش هەر شەویٚ لە شەو نویٚژدا دووسەد ئایەت بخویٚنیٚ ناوی لە دەفتەری خواپەرستە بیٚ گەردە کانا دەنوسریٚ (حاکم گیٚڕاویەتەوەو فەرموویەتی: ئەمە بەپیٚی مەرجی ئیمامی موسلیم)ە.

بزانە: کە ناوەراستی شەو باشترین کاتە بۆ شەو نویٚژ، چونکە کاتیٚ لە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) پرسیارکرا: لە دوا نویٚژە فەرزەکان کام نویٚژیٚ خیٚری زۆرترە؟ فەرمووی: نویٚژی ناو جەرگەی شەو. چونکە لەکاتەدا جەنگەی گەرمەی خەوە، زۆربەی خەڵك لەوکاتەدا بیٚ ئاگان، لەوکاتی وایشدا خواپەرستی زۆر ئەستەمە! بەهەرحاڵ نیوەی دوایی لە نیوەی پیٚشوو باشترە بۆ شەونویٚژ، چونکە خوا دەفەرمویٚ: {وَبِالْأَسْحَارِ

هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ – سورة الذاريات – ١٨/٥١} واتە: لە بەرەبەیانـدا بە کوڵی دڵ لە خودای میهرەبان دەپاڕێنەوە کە لە تاوانیان خۆش بێ، بە تایبەتی لە تـاوانی ئـەوە نـەبادا لـەو شـەوەدا درێغییـان کردبێ لـە هـەقی جێبـەجێکردنی بەندایەتیـدا). دیـسان لەبـەر ئـەوەیش چـونکە خـودای پەروەردگار هەموو شەوێ لە سێیەکی کۆتایی شەودا تەشـریفی دادەبـەزێ بـۆ ئاسمـانی یەکـەمو دەفـەرموێ: ئـای بـۆ بەختـەوەرێ بێـت لـەم کـاتی رەحمەتبارانەدا لێم بپاڕێتەوە تا بچم بە هاواریەوە، ئای بـۆ کەسـێ داوای بەشی باشم لێبکا هـەتا بەشـی بـدەم. ئـای بـۆ کەسـێ داوای لێخۆشـبوونم لێبکا هەتا لێی خۆش بم (ش/ د/ ت) ئەم دابەزینە دابەزینی نیشانەکانی دەسـەڵاتی خوایـە نـەك مەبەسـت لێـی ئـەوەبێ کـە زاتـی خـودا خـۆی دابەزێ، هەتا کەسێ بڵێ: ئەمە سەردەکێشێ بۆ ئامێتە بوونو توانـەوەی دروستکەرو دروستـکراو لـەناو خۆیانـداو سەردەکێشێ بـۆ ئـەوە کـە بڵێن خـوا لـەشو جەسـتەو ئەنـدامی هەیـە، کـە بەمـە لـە زاراوەی هەنـدێ گوروهدا دەگوترێ (حلول) و (تجسیم) چونکە خـوا لـە بـارەی بێچوونیی خۆیـەوە دەفـەرموێ: {لَـيْسَ كَمِثْلِـهِ شَـيْءٌ وَهُـوَ الـسَّمِيعُ البَـصِيرُ – سورة الشورى – ١١/٤٢} (واتە: لەوێنەی زاتی خوا هیچ شتێ نیە).

ناباشـە کەسـێ شـەو سەراسـەر هەرشـەو نوێـژبکا، چـونکە بـەپێی فـەرموودە شـتی وازیـان دەدا لـە لـەشو تەندروسـتی. کەسـێ خـوو بگـرێ بەشەو نوێژەوەو لە پاشا وازی لێبێنێ شتی وا ناباشـە، چـونکە پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی فەرموو: ئـەی عەبدوڵڵا! وەك فیسارەکەس مەبە کە جاران شـەو نوێـژی دەکـرد، کەچـی ئێستا نایکا (ش).

بەلگەی ئەوەیش کە نوێژی چێشتەنگاو زۆر سوننەتە ئەم ئایەتەیە: {يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ - سورة ص - /١٨} واتە: ئێمە کە پەروەردگاری ئەم بوونەوەرەین کێوەکانمان رام کردبوو کە لەگەڵ داوود پێغەمبەردا سەر لە ئێواریێو سەر لە بەیانی تەسبیحات بۆ خودا بکەن).

ئیبنو عەبباس {رەزای خوا لە خۆی وانە عەبباسی باوکی} دەفەرموێ: مەبەست لە (الاشراق) لەم ئایەتەدا نوێژی چێشتەنگاوە. لە صەحیحەیندا لە ئەبو زەڕڕەوە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دۆستی ئازیزم پێغەمبەری خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} ئەم سێ ئامۆژگارییەی کردووم: کە هەموو مانگێ سێ رۆژ بە رۆژوو بم، وە هەموو رۆژێ دوو رکات چێشتە نوێژبکە، وە هەموو شەوێ لە پێش خەوتندا نوێژی وەتر بکەم[1]

بوخاری {رەزای خوای لێبێ} ئەمەی پتر کردەوە: بەپشتی خوا هەتا مردن ئەم سێ ئامۆژگارییە پشت گوێ ناخەم[2].

---

[1] بەپێی ئاگاداری من ئەم فەرموودەیە لە صەحیحەیندا ئەبو هورەیرە دەیگرێتەوە نەوەك ئەبو زەڕ، لە موسلیمدا ئەبو دەردایش ئەمە دەگرێتەوە، بە زەینم (ئەبو زەڕ) یا هەڵەی چاپ یا تەحریفی ئەبو دەردایە، یا شتێکی تری ئاوایە، بە هەرحاڵ لەبەر ئەوەی إحاط و ئاگاداری بوون لە هەموو گێڕانەوەو شێوەکانی فەرموودە لە صەحیحەیندا شتێکی هەروا ئاسن نیە لەبەر ئەوە بەم ئاگادارییە نیکتیفام کرد.

[2] روونکردنەوەیێ: ئەم فەرموودەیە بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە لە ئەبو هورەیرەوە، لەسەر ئەم شێوەیەی ئێرە، موسلیم لە ئەبو دەردائیشەوە ریوایەتی کردووە،

لای کـەمی نوێـژی چێـشتەنگاو دوورکاتـە، لای زۆرەکـەی دوازدە رکاتـە، چـونکە خۆشەویـست {درووده‌ى خواى له‌سه‌ربێ} بـە ئـەبو زەڕ دەفـەرموێ: ئەگـەر دوانــزە رکـات نوێـژی چێـشتەنگاو بکـەی خـودا لــە بەهەشـتا کۆشـکێکت بـۆ دروسـت دەکـا. (بەیهـەقی دەیگێڕێتـەوە بـەڵام بـە لاوازی داناوە). ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: لای زۆرەکەی هەشت رکاتە، زوربـەی زاناکانیش هەروا دەفەرموون، لە حەدیسەکەی شەیخەینیشا کە لـە ئومـوو هانیئەوەیە دەفەرموێ: رۆژی ئازادکردنی شاری مەککـە، پێغەمبـەر {درووده‌ى خواى له‌سه‌ربێ} هەشت رکات نوێـژی سـوننەتی چێشتەنـگاوی کـرد، لـە هـەموو دوو رکاتێکا سلاوی دەدایەوە.

کـاتی دەسـتپێکرنی لەوحەوەیـە کـە خـۆر بـە قـەد رمـێ بـەرزەوە دەبێ، وە هەتا (استواء) واتە: گەیشتنی خۆر بە ناوەڕاستی ئاسمان.

بەلگـەی ئــەوەیش کــە نوێــژی تــەراویح زۆر ســوننەتە، ئەمەیــە: یەکگرتنی زانایانی نەتەوەی ئیسلام لەسەر ئەم بڕیارە، چەن کەسێ ئـەم قـسەیە دەکـەن کـە ئیجمـاع هەیـە لەسـەر ئـەوە، لـە صەحیحەینیـشدا دەفەرمووێ: کەسێ شەو نوێژی رەمەزان بکا (واتـە تـەراویح) بـە ئیمانو باوەڕەوە، ساخ لەبـەر رەزای خـودا، خـودا لـە گوناهـەکانی لـەوەو پێـشی خـۆش دەبـێ. عائیـشە {رەزاى خـواى لێبـێ} فـەرمووی: شـەوێ لـە شـەوەکانی رەمـەزان حـەزرەت {درووده‌ى خواى له‌سه‌ربێ} لەناو جەرگەی شەودا لەماڵ دەرچوو،

نەسائی لە ئەبو ذەڕەوە، تەماشای عمده القاری بـەرگی حەوتـەم لاپـەڕە ٢٤٣ بکـە. لـە (کفایة الاخیار)یشدا، هـەر دەفـەرموێ: وفي الصحیحن عـن أبـی هریـرة (ض) قـال: (أوصانی خلیلی بثلاث) الحدث.

رۆیشت بۆ مزگەوت‌و لەوێ دەستی کرد بەشەو نوێژ، وە چەند پیاوێ لە یاران لە پشتیەوە ئیقتیدایان پێی کوردو دەستیان کرد بە تەراویحکردن لەگەڵیدا، جا کاتێ رۆژبۆوە،خەڵکەکە ئەم باسەیان گێڕایەوەو هەواڵەکە بڵاوبۆوە، جا لە شەوی دووەما خەڵکێکی زۆرتر گردەوەبوون‌و پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دیسان بەر نوێژی تەراویحی بۆ کردنەوە، وە بۆ سبەینێ ئەم باسە تەواو بڵاوە بوو، جا بۆ شەوی سێیەم خەڵکێکی زۆر زۆر لە مزگەوت گردەوەبوون‌و دیسانەوە شەو نوێژیان بە جەماعەت لە پشت پێغەمبەرەوە کردەوە، جا لە شەوی چوارەما هاوڕێیانی حەزرەت: {درودی خودا لەسەر پێغەمبەرو رەزای خودا لەوان بێ} ئەوەندە کۆبووبوونەوە مزگەوت نەیدەگرت، بەڵام پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لەم شەوەدا نەهات بۆ ناویان، بۆ شەو نوێژی تەراویح، جا سبەینێ کە تەشریفی چوو بۆ ناویان‌و نوێژی سبەینێی بۆ کردن، رووی تێکردن‌و شایەتمانی هێناو فەرمووی {درودی خوای لەسەربێ}: من ئەمشەو ئاگادار بووم لە هاتنی ئێوە بۆ مزگەوت‌و ئاگام لە حاڵتان بوو، بەڵام بۆیە نەهاتم بۆ لاتان مەبادا ئەم تەراویحە فەرز بکرێ لەسەرتان، وە ئێوەیش بۆتان نەکرێ ئیتر هەتا حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} کۆچی دواییکرد شەونوێژیی رەمەزان هەر لەسەر ئەم شوەیە بوو (ش/د).

ئیتر ئەم سوننەتە لەسەر ئەم شێوەیە بەردەوام بوو لە سەردەمی پێغەمبەر خۆی‌و ئەبو بەکرو سەرەتای جێنیشینیی عومەردا، هەتا شەوێ عومەر تەماشای کرد مەردومەکە، یەکە یەکەو دووکەس دووکەس‌و سێ کەس، سێکەس خەریکن نوێژی تەراویح دەکەن. جا هەموویانی کرد بەیەك کۆمەڵ‌و ئوبەییەی کوڕی کەعبی کرد بە

پێشنوێژییان‌و ئەوە بڕیاریانداو بەوو بە یەکگرتن، عومەر بۆیە ئەمەی کرد چونکە تازە مەترسی ئەوە نەمابوو کە تەراویح فەرزبێ لەسەر بیست رکاتی بڕیاردا بۆیان، هاوڕێیانیش لەسەر موسوڵمانان، چونکە لە پاش پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەوەی خۆی فەرز نەبووبێ لە ژیانی ئەودا بە هیچ فەرز نابێ. تەراویح بۆ پیاوان‌و ژنان وەك یەك سوننەتە. عەرفەجە {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئیمامی عەلی {ڕەزای خوای لێبێ} موسوڵمانەکانی هان دەدا لەسەر تەراویحی رەمەزان. پیاوێکی دانابوو پێشنوێژیی تەراویحی بۆ پیاوان دەکرد، پیاوێکیشی دانابوو پێشنوێژیی بۆ ژنان دەکرد، من خۆم پێشنوێژی تەراویحی ژنان بووم. کاتی نوێژی تەراویح دەست پێدەکا لە پاشکردنی نوێژی خەوتنانەوە، بەڵام لە پێشکردنی وەتردا، وە هەتا بەرەبەیان دەمێنێ[1] باشتر وایە تەراویح

---

[1] بە قسەی ئەحمەد عاشوور، نەك بەپێی کتێبە گەورەکانی شەرع، نوێژی تەراویح بەهەشت رکات خێری زۆرترە، بەڵام وەك لە شەریعەتی ئیسلامدا دەفەرموێ: (ئەصلی نوێژی تەراویح‌و جەماعەت کردن لە هەشت رکاتیا سوننەتی پێغەمبەرە، وە لە دوانزە رکاتەکەیا ئیجماعی بێ دەنگیی ئەصحابەو باقی موسوڵمانی لەسەر دامەزراوە، ئەمەی کەوتمان لە (فتح الباری) شەرحی (بخاری)و لە (تحفە)و (شیروانی)و حاشیەی (جمل)دا نووسراوە (شەریعەتی ئیسلام بەرگی یەکەم لاپەڕە (١٧٨) چاپی یەکەم.

لە راستیدا ئەم جۆرەکەسانەی کە پەیدابوون، کە بەبێ پەروا، بەبێ بەڵگەیەکی لەبار، موخالەفەی رای دامەزراوی مەزهەبی خۆیان دەکەن، گوایە دەیانەوێ هەموو شتێ ببەنەوە سەر حاڵی سەردەمی پێغەمبەر خۆی، بەراستی ئەم جۆرەکەسانە بەرەبەرە مەزهەبەکان تێك دەدەن‌و موسوڵمانان بەرەو بێمەهەبی دەبەن، ئەوەیش سەرەتایە بۆ

بەهەشت رکات بکرێ، لەمەدا پێغەمبەر بکرێ بە سەرمەشق، ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حببان لە (صەحیحە)کانی خۆیاندا دەیگێڕنەوە لە جابیرەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} هەشت رکات تەراویحو رکاتێ وەتری بۆ کردین، لە شەوی ئایندەدا چاوەنوارپیان کرد، بەلام پێغەمبەر نەچوو بۆ مزگەوت. ئەبو یەعلاو طەبەرانی بە رشتەیەکی جوان حەدیسێ دەگێڕنەوە دەفەرموێ: ئوبەیی کوری کەعب هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم شەو شتێ لە من روویدا، فەرمووی: چی روویدا ئەی ئوبەی؟ فەرمووی: چەن ژنێ لە مالەوەم گوتیان: ئێمە ئەم شەو قورئان ناخوێنین لە جیاتی ئەوە نوێژی تەراویح لە پشت تۆوە دەکەین، منیش هەشت رکات نوێژی تەراویحم بۆ کردن لەگەلّ وەتردا. پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} هیچی نەفەرموو، واتای وایە هەشت رکات تەراویح سوننەتێکە کە رەزای پێغەمبەری لەسەرە. عائیشەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر نە لە رەمەزانو لە غەیری رەمەزانا لە یازدە رکات زیاتر نەدەکرد.

سەبارەت بە قورئانخوێندنی ناو تەراویح شتێکی دیاری کراو نەهاتووە، بەلام مامناوەندییو میانڕەوی لە خوێندنی قورئانی ناو تەراویحدا پەسەندە، نابێ شتی وا دوورو درێژ بخوێنێ کە لە شانی

تێکدانی شەریعەت بە گشتی بۆ دروستی ئەم قسەیە تەماشای (کفایة الاخبار) ص٥٤ — قم/ ئێران بکە، کە چۆنێتی اجماع لە سەربیست رکات روون دەکاتەوە.

- وەرگێڕ -

نوێژکەرەکان گرانبێ، بە تایبەتی لە وەرزە شەو کورتەکاندا، مەگەر خۆیان بە درێژەپێدان قاییل بن ئەوە قەیدی نیە، لە فەرموودەیەکا ئەبو زەڕ {رەزای خوای لێبێ} دەفەرمویٚ: لە شەوی بیستو حەوتدا حەزرەت {درووودی خوای لەسەربێ} خێزانو ژنەکانی خۆیو خەڵکی تری گردکردەوە لە مزگەوتو هەر تەراویحی بۆکردین، هەتا مەترسی ئەوەمان لێ نیشێت کە فریای فەلاح (رێگەی رزگاری) نەکەین، قسەبەر (راوی) دەڵێ: گوتم مەبەست لە فەلاح (کە بەمانا رێگەی رزگارییە) چیە؟ گوتی: مەبەست پارشێوە. (د/ت/ن – س/س – وەرگێڕ) واباشە لە تەراویحی مانگەکەدا خەتمەیێ تەواو بکات هەتا خەڵکەکە گوێیان لە هەموو قورئان بێ لەو مانگەدا، ئەوە خێرێکی زۆر گەورەیە، بەڵام لە خەتمەیێ پتر نەبێ، مەبادا نوێژ خوێنەکان تووشی سەخڵەتی ببن!.

٦٥) گوتەکانی دوا نوێژەکان:

١) **سوننەتە بۆ نوێژخوێن:** لە پاش سلاودانەوە دەست بهێنێ بەسەر تەوێڵێداو ئەوجا بڵێ (اشهد أن لا اله الا الله الرحمن الرحیم: اللهم أذهب عنی الهم والحزن)، یا دەست بێنێ بەسەر سەریداو بڵێ: (لا اله الا الله الرحمن الرحیم: اللهم اذهب عنی الهم والحزن)، ئەم نزایە گەرچی لە رێگەیەکی لاوازەوە دامەزراوە، بەلام یاسایەکی ئوصولی هەیە دەڵێ: لە بابەتی کردەوە باشەکانا کار بە فەرموودەی لاوازیش دەکرێ.

٢) **ئینجا سێ جار بڵێ:** (أستغفر الله) داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم. لە دوا ئەوە بڵێ (**اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت ياذا الجلال والاكرام**).. (**رواه الجماعة الا البخاري**).

٣) **ئینجا بڵێ: (اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك)** چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} بە موعاذی فەرموو: ئەی موعاذ! ئامۆژگارییەکت دەکەم: لەدوا هەموو نوێژێ بڵێ: (**اللهم أعني على ذكرك**) هەتا دوایی فەرموودەکە (ئەبو داوود، نەسائی، ئیبنو خوزەیمە، حاکم) حاکم بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە.

٤) **ئەوجا بڵێ:** (**لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت ولا ينفع ذا الجد منك الجد**) چونکە موغەیرەی کوڕی شوعبە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە پاش گشت نوێژێکی فەرزەوە دەیفەرموو: (**لا اله الا الله وحده لا شريك له.. تاد**) (شەیخان).

٥) **ئینجا موعەوویزەکان بخوێنێ:**، کە بریتین لە سوورەتی (**قل هو الله أحد**) و: (**قل أعوذ برب الفلق**) و (**قل أعوذ برب الناس**) چونکە عوقبەی کوڕی عامیر دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی بە من فەرموو کە لەدوا هەموو نوێژێ دوو (**قل أعوذ**)و وە کە بخوێنم. گفتەی ئەحمەدو ئەبو داوود لەم فەرموودەیەدا لە جیاتی (دوو – **قل أعوذ**)و وەکە ئاوایە: (**قل أعوذو وەکان**). (**ئەحمەد/ ئەبو داوود/ تیرمیذی/ نەسائی**).

٦) وه بۆی هەیە ئایە تەلکورسیش بخوێنێ، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ لە دوا هەموو نوێژێکی فەرزەوە ئایەتەلکورسی بخوێنێ، هەر لەگەڵ مرد یەکسەر دەچێتە بەهەشت}.
(نەسائی/ ئیبنو حەببان).

٧) ئەوجا سیی و سێ (سبحان الله)و سیی و سێ (الحمد لله)و سیی و سێ (الله أكبير) بکاو لە تەواوی سەددا بڵێ: (لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شىء قدير) چونکە دەفەرموێ: {دروودی خوای لەسەربێ}: هەکەسێ لە دوا هەموو نوێژێ سیی و سێ جار (سبحان الله) بکاو سیی و سێ جار (الحمد الله) بکاو سیی و سێ جار (الله اكبر) بکا کە ئەمە هەمووی دەکاتە نەوەدو نۆجار وە لەسەری جاری سەدهەما بڵێ: (لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شىء قدير)، هەر کەسێ لە پاش هەموو نوێژێ ئاوا بکا خوا لە هەموو تاوانەکانی خۆش دەبێ، هەر چەند تاوانەکانی وەك کەفی دەریایش زۆربن. (ش/د). یا دەجار بڵێ: (سبحان الله) و دەجار بڵێ: (الحمد لله)و دەجار بڵێ (الله اكبر) چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: دوو خووی جوان هەن، هەر کەسێ سەرەوکارییان بکا دەیبەنە بەهەشت، ئەو دووە گەرچی ئاسانن بەلام کەم کەس دەیانکا، یاران {رەزای خوایان لێبێ} عەرزیانکرد: قوربان: ئەو دووە چی و چین؟ فەرمووی: ئەوە تا کە لەدوا گشت نوێژێکی فەرزەوە دەجار بڵێی: (الحمد لله)و دەجار بڵێی (الله اکبر) دەجار بڵێی (سبحان الله) کاتێکیش چویتە سەر نوێنی نووستنەکەت سەد (سبحانه الله)و (الله

أكبر)و (**الحمد لله**) بكه، ئەمەیش دووسەدو پەنجایە بە زمانو دوو هەزارو پێنج سەدە بە تەرازوو قەپان، دەی كێ هەیە لە ئێوە كە شەوو رۆژی دوو هەزارو پێنج سەد گوناه بكات؟ یاران گوتیان: ئەی بۆ ئەوانەی كە كار بەم دوو خووە جوانە دەكەن كە من؟ فەرمووی: چونكە شەیتان لە دوا نوێژ دێ بەلاتانەوەو شتی تری بێخێرتان، لە كارو باری خۆتان بیر دەخاتەوە، هەتا بەوانەوە خەریك بنو ئەم ویردەتان لە بیربچێتەوە، هەروا لە كاتی خەوتنیشدا دێ بەلاتانەوەو دەتانخەوێنێو ناهێڵێ ئەو ویردە بخوێنن! (ئەبو داوودو تیرمیذی) تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەكی جوانی دروستە. سوننەتە كە لەدوا نوێژی بەیانیو لەدوا نوێژی شێوان دەجار بڵێ: (**لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد بيده الخير يحيى ويميت وهو على كل شىء قدير**). چونكە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەركەسێ لە سەرجێ نوێژەكەی، پیش ئەوەی بەجێی بهێڵێو قاچە چاماوەكانی راست بكاتەوە، لە دوا نوێژی شێوانو بەیانی دەجار بڵێ: (**لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، بيده الخير، يحيى ويميت، وهو على كل شىء قدير**).

بە هەرجارەی دە چاكەی بۆ دەنوسرێ، وە دە خراپەی لێ دەسڕێتەوە، وە دەپایەیش پلەی بەرزدەكرێتەوە، سەرەڕای ئەوەیش دەبن بەقەلا بۆی لە هەموو ناخۆشییەكو دەبن بە سوپەرو پەنا لە شەیتانی بەشبڕاو لە رەحمەتی خوا، بە هیچ گوناهێ بە فەتارەت ناچێ مەگەر بەفرەخواییو هاوەڵدانان بۆ خوا، یەكێكیش دەبێ لەو كەسانەی كە

کردەوەیان زۆر باشە، کەس لەو باشتر نیە، مەگەر کەسێ کە لەو باشتر بڵێ. (ئەحمەد) تیرمیذیش گێڕاویەتەوە، بەلاّم بەبێ رستەی **(بیده الخیر)**. هەروا سوننەتە کە لە دوانوێژی بەیانی حەوت جار بڵێ: **(اللهم أجرنی من النار)**: ئەی خودایە! پەنام بدە لە دۆزەخ، وە لە دوا شێوانیش حەوت جار بڵێ: **(اللهم انی أسألك الجنة، اللهم أجرنی من النار)**: ئەی خودایە! داوای چوونە ناو بەهەشتت لێدەکەم، ئەی خودایە! پەنام بدە لە ئاگری دۆزەخ. چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ نوێژی بەیانی دەکەی پێش ئەوەی قسەی دنیایی لەگەڵ کەسێ بکەی حەوت جار بڵێ: **(اللهم أجرنی من النار)**، چونکە ئەگەر لەو رۆژە تابمری خودای گەورەو مەزن پسووڵەی پەنادانت لە ئاگر بۆ دەنوسێ، کاتێکیش نوێژی شێوان دەکەی، لە پێش ئەوەدا کە قسەی دنیایی لەگەڵ کەسێ بکەی، حەوت جار بڵێ: **(اللهم انی أسألك الجنة، اللهم أجرنی من النار)**. چونکە ئەگەر لەو شەوە تا بمری خودای بالاّدەستو خاوەن شکۆ، پسووڵەی پەنادانت لەئاگر بۆ دەنووسێ (ئەحمەد/ ئەبو داوود).

ئەبو حاتم دەگێڕێتەوە: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} یاسای وا بوو لە پێش ئەوەدا جێ نوێژەکەی بەجێ بهێڵێ دەیفەرموو: **(اللهم أصلح لی دینی الذی هو عصمة أمری، وأصلح لی دنیای التی جعلت فیها معاشی اللهم انی أعوذ برضاك من سخطك وأعوذ بعفوك نقمتك، وأعوذ بك منك، لا مانع لما أعطیت ولا معطی لما منعت ولا ینفع ذا الجد منك الجد)**.

٦٦) ژن له چهن شتێکا جیایه له پیاو:

بۆ نوێژکەر لەکاتی چەمینەوەدا سوننەتە پشتیو ئەستۆی لەیەك ئاست رێك بگریو هەردوو لاقەکانی رێك راوەستێنی، وەك سنجووق، چونکە خۆەشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} بە شێوەیەکی رێکی وا پشتو ئەستۆی لە یەك ئاست رادەگرت، ئەگەر کەمێ ئاو بکرایەتە سەر ناوەڕاستی گازەرەی پشتی ئاوەکە رێك لە شوێنی خۆیدا رادەوەستاو بەهیچ لایەکا نەدەرژا. ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دەبێ سەریو ملیو پشتی وەك دووخ لە یەك ئاست بگرێ، نابێ پشتی کوڕبکاتەوە، هەر دوو لاقەکانی رێك راگرێ، نابێ سەری شۆڕبکاتەوە، چونکە لە فەرموودەدا شتیوا کە نوێژخوێن سەری شۆڕبکاتەوە بە باش نەزانراوەو چووێنراوە بەلاکە لاکی سەری گوێرێژو لۆژەلۆژی، لەژێر باری قورسدا!!

ئەم ئەندازەیە بۆ پیاوو ژن چونیەك سوننەتە، بەلام ژن لەم چەند شتەدا جیایە لە پیاو:

یەکەم: سوننەتە بۆ پیاو هەردوو ئانیشکی لە چەمینەوەدا کەمێ دور بگرێ لە لاتەنیشتەکانی، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وایدەکرد، عائیشە {رەزای خوای لێبێ} لە حەدیسێکا ئەوەی گێڕاوەتەوە، بەلام سوننەتە بۆ ژن خۆی بنوسێنێ بە یەکەوە، چونکە بۆ ئەو واباشتر لەشی دادەپۆشرێ.

دووەم: سوننەتە بۆ پیاو، لە کوڕنووشدا، هەردوو بەری دەستەکانی لەسەر زەوی دابنێو باسکەکانی رانەخا لە سەریو کەمێ بەرز بیانگرێو

نەشیان نووسێنێ بە لاتەنیشتەکانیەوەو بەڵکوو بڵاویان بکاتەوە، چونکە لە فەرموودەدا دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە نوێژی دەکرد، لەناو کوڕنووشدا، هەردوو بڵی حۆی بڵاو دەکردەوە، تەنانەت جارو بار سپیدەی بنباخڵی دەردەکەوت. (شەیخان) بەڵام ژن واباشە لە کوڕنووشیدا خۆی بنووسێنێ بە یەکەوە، چونکە ئاوا باشتر لەشی دادەپۆشرێ.

سێیەم: پیاو لە کوڕنووشدا سکی دووربگرێ لە رانەکانی چونکە لە دیسا دەفەمویێ: پێغەمبەر لەکاتی کوڕنووشدا وەها هەردوو باڵی خۆی بڵاو دەکردەوە، کاروبەرخیان بە ژێردا رەت دەبوو بەڵام بۆ ژن وا باشە سکی بنووسێنێ بە رانیەوەو خۆی کۆبکاتەوە، چونکە ئاوا باشتر جەستەی دەرناکەوێ.

چوارەم: لە نوێژە ئاشکراکانا سوننەتە بۆ پیاو بە دەنگی بەرز فاتیحاو قورئانی دوا فاتیحا بخوێنێ، وەك لە پێشەوە روون کراوەتەوە، بەڵام ئافرەت بە مەرجێ ئەوەی بۆ هەیە کە پیاوی بیانی لەوێ نەبێ، لەم کاتەدا سوننەتە بۆ ئەویش بە دەنگی بەرز بخوێنێ، کاتێ کە بەر نوێژی بۆ ژنان بکا، یا کاتێ کە خۆی بە تەنیا نوێژ بکا، بەڵام دەبێ بەقەد پیاو دەنگ هەڵ نەبڕێ هەرکاتێکیش پیاوی بیانی ئامادەبوو بە پەنامەکی بخوێنێ.

پێنجەم: پیاو کاتێ لەناو نوێژدا، شتێکی نامۆ روویدا، وەك ئەوە ویستی پێشنوێژەکەی لە هەڵەیێ ئاگادار بکاتەوە، یا کوێرێ لە مەترسییەك هۆشیار بکاتەوە، ئەوە دەبێ (سوبحانەڵڵا) بکا، بەڵام ژن دەبێ چەپەڵە لێ بدا، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەموێ:

هەرکەسێ لەناو نوێژدا شتێکی لێ روودا با سوبحانەڵلا بکا، چونکە کە سوبحانەڵلا دەکاتێ دەگەن لە حاڵەکە، وەلێ چەپەڵە لێدان لەناو نوێژدا، لەکاتی وادا، بۆ ژنانە (شەیخان). ئەوەندە هەیە دەبێ مەبەستی لە تەسبیحاتکردنەکە هەم یادی خوداو هەم هۆشیار کردنەوەبێ، شێوەی چەپڵەکەیش ئاوایە: ژنەکە ناولەپی دەستی راستی بکێشێ بە پشتی چەپیدا، ئەگەر چەپڵە دووبارەبۆوە بەهۆی دووبارەبوونەوەی هۆیەکەیەوە قەیدی نیە، تەسبیحکردنیش هەروا.

٦٧) شەرمگای پیاوو ژن:

شەرمگای پیاو (ئازاد بێ یا کۆیلەبێ) ناوەندی ناوكو ئەژنۆیەتی، چونکە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) دەفەموێ: هەرکاتێ کەسێ لە ئێوە کەنیزەکێکی هەبوو، وە مارەیکرد لە کەسێکی تر، وەك بەندەو رەنجبەری خۆی، ئیتر ئەو کەنیزەکە نابێ تەماشای شەرمگای ئاغاکەی بکا، چونکە دەبێ بەژنی مێرددارو ئاغاکەی لەم لایەنەوە دادەنرێ بە بێگانە، شەرمگایش ناوەندی ئەژنۆو ناوکە (بەیهەقی). لە فەرموودەیەکی تردا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) بە جەرهەد دەفەرموێ: رانت داپۆشە، چونکە ران شەرمگایە (تیرمیذی) لە فەرموودەیەکی تردا بە عەلی دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): نە رانی خۆت دەربخەو نە تەماشای رانی کەسیش بکە، چ هی زیندوو چ هی مردوو (ئەبو داوود/ ئیبنو ماجە/ حاکم).

بزانە: گەرچی ناوكو ئەژنۆ بەشێ نین لە شەرمگا، بەڵام داپۆشینیان پێویستە، چونکە یاسایەکی ئوصولی فیقە هەیە دەفەرموێ:

هەرشتێ پێویست (واجب) بەبێ ئەو تەواو نەبێ ئەو شتە خۆشی پێویستە. شەرمگای ژنی ئازاد،هەموو لەشیەتی جگە لە دەمو چاوو هەردوو دەستی هەتا جمگەی مووچ، مەبەست ناو نوێژو تەوافو ئیحرام بەستنی کاتی حەجە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ} . هەندێ دەبێژن: روخسارو هەردوو دەست تا مووچ لە هیچ کاتێکا شەرمگانین، گەرچی تەماشاکردنیان ناڕەوایە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا - سورة النور- ٣١/٢٤} . واتە: ژنان خشڵو هۆی ئارایشو شوێنەکانیان لە لەشیان دەرنەخەن، مەگەر ئەوەی کەوا بەدەرەوە).

زانایانی تەفسیرو ئیبنو عەبباسو عائیشە {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموون: مەبەست لەوەی کەوا بەدەرەوەیە لەم ئایەتەدا روخسارو هەر دوو دەستە هەتا مووچ لەبەر ئەوەیش جارێ ئەسمای کچی ئەبو بەکری صەدیق کە ژنخوشکی پێغەمبەربوو، جلێکی تەنکی لەبەردابوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە ئەوەی دی، پێی فەرموو: ئەی ئەسماء! هەر کاتێ ژن رەسیدەبوو، دروست نیە هیچ کوێی دەربکەوێ ئیرەو ئیرەی نەبێ، حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} ئاماژەی کرد بۆ روخساریو بۆ هەردوو دەستی.

بەلأم شەرمگای کەنیزەك دوو فەرمایشتی لە سەرە:

یەکەم: کەرای دروستترە: ئەوەیە کە وەك هی پیاو وایە، چونکە بە یەکگرتن (ئیجماع) سەری کەنیزەك شەرمگا نیە، چونکە عومەر {رەزای خوای لیبێ} کەنیزەکێکی خێڵی ئەنەسی لەسەر ئەوە تەمێ کرد کە سەری خۆی داپۆشیبوو، وەپێی فەرموو: ئەوە دەتەوێ لاسایی ژنە ئازادەکان بکەیتەوە؟ جا لە شوێنێ سەری شەرمگا نەبێ، کە زۆربەی جوانی جەستە وا بەسەرەوە، دیارە شەرمگای وەکوو هی پیاوە، کە بریتییە لە ناوەندی ناووكو ئەژنۆ وەك هی پیاو.

رای دووەم: ئەو ئەندازەیە، لە لەشی کە لەکاتی کارو فرمانکردندا دەردەکەوێ، کە بریتین لە سەرو ملو باسكو باریکەی لاق، شەرمگانین، چونکە ناچارە کە دەریان بخا لەکاتی کارو ئیشا وە ئەستەمە کە دایان بپۆشێ، بەلأم باقی مەندەنی جەستەی شەرمگایە.

٦٨) ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە:

نوێژ بە یازدەشت پووچ دەبێتەوە:

١) بەقسەی قەستی ئاسایی نێوانی مەردوم، ئیتر پەیوەندی بە نوێژەوە هەبێ یانەیبێ، چونکە لە صەحیحەیندا – کە بوخاریو موسلیمن – دەفەرموێ: زەیدی کوڕی ئەرقەم فەرمووی: ئێمە لە پێشدا لەناو نوێژدا، قسەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: {رەزای خوای لیبێ} {وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ – سورة البقرة – ٢٣٨/٢} واتە: لە نوێژدا بەسەر کزیو بەمل

کەچی راوەستن و دەم بە یادو ذیکری خوادابن و قسەی دنیایی مەکەن. ئیتر هاتنی ئەم ئایەتە فەرمانمان پێکرا بە خامۆشی و قسەکردنمان لێقەدەغە کرا) هەروا لە صەحیحەین و شوێنی تردا دەفەرموێ: بە راستی نوێژ خەریکبوونی دەوێ. موسلیمیش دەگێڕێتەوە: حەزرەت {درووددی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بە راستی ئەم نوێژە بە کەڵکی قسەی دنیایی نایێ، بەڵام ئەگەر لە بیری نەبوو قسەی کرد، یا لەبەر ئەوەی نۆ موسوڵمان بوو، تازە ئیسلام بوو بوو نەیدەزانی قسەکردن لەناو نوێژدا نادروستە، یا بەبێ مەبەست قسەیێ لە دەمی دەرچوو، یا پێکەنین زۆری بۆ هێنا، لەم کاتانەدا نوێژەکەی پووچ نابێتەوە، چونکە بێ سووچە، چونکە پێغەمبەریش {درووددی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودا تۆڵەو سزای ئەم سێ جۆرە گوناهەی لەسەر ئومەتم هەڵگرتووە:

یەکەم: گوناهێ کە خاوەنەکەی بەهەڵە بیکا،

دووەم: گوناهێ خاوەنەکەی لە بیری نەبێ.

سێیەم: ئەوشتانەی بە زۆر پێیان بکرێ. (طەبەرانی لە ئلکەبیردا گێڕاویەتەوە). جارێکیش موعاوییەی کوڕی حەکەمی ئەل - سوللەمی، لەناو نوێژدا بوو نوێژکەرێ لە پالیا پژمی، نزای پژمینی بۆ کردو پێی گوت: (رحمك الله)و لەبەر ئەوەی نەیدەزانی قسە لە نوێژا ناڕەوایە قسەی کرد، بەڵام پێغەمبەر {درووددی خوای لەسەربێ} لێی نەگرت و فەرمانی پێنەکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە. ئەگەر کۆکەو پژمە زۆری بۆ هێنا، نوێژەکەی پووچ نابێتەوە، با دوو پیتیشی لێ دروست ببێ، وەك ئەوە بەدەم کۆکەوە بڵێ: ئح، چونکە زۆری بۆ هاتووە، سووچی ئەو نیە،

ئەگەر نوێژکەر نەیدەتوانی بەبێ کۆکین روکنێکی قەولی بخوێنێ ئەوە قەیناکا بکۆکێ.

بەڵام مافی ئەوەی نیە کە بۆ دەنگ بەرزکردنەوەو بەئاشکرا خوێندن بکۆکێ، چونکە ئەوە سونەتە، هەموو سوننەتەکانی تریش بڕیاری بە ئاشکرا خوێندنیان بۆ هەیە، وەکوو سوورەتو قونووتو ئەڵلاهو ئەکبەری گواستنەوەکان لە نێوانی بنیات (روکن)ەکانی نوێژدا، بۆ خوێندنی ئەمانە مافی کۆکەی نیە، چونکە ئەوە ناچاری نیە.

٢) بەکاری زۆری لە شوێنیەك، وەك سێ هەنگاوی لە سەریەك نوێژ پووچ دەبێتەوە، هەروەها سێ پیاکێشان، سەربەڵگەی ئەمەیش یەکگرتنی رای زانایانی ئیسلامە لەسەر ئەم بڕیارە، کە نوێژ بەکاری زۆر پووچ دەبێتەوە، چونکە کاری زۆر شێوەی نوێژ دەگۆڕێ، بەڵام ئەگەر کارەکە لەسەر یەك نەبوو، بەم رەنگە هەنگاوێکی ناو بەقەد ئارامبوونەوەیێ راوەستا، ئەوجا هەنگاوێکی تری نا، وە هەروەها ئەوە نوێژەکەی پووچ نابێ، هەروا بەکاری کەمیش پووچ نابێ، چونکە لە نوێژدا پێویستی بەوە دەبێو جێکاری پێویستییە (مَحَلّ الحاجە) هاوکات لەگەڵ ئەوەدا سرەوت گرتن لەسەر یەك بار ئەستەمە، بە پێچەوانەی قسەوە بەردەوام بوون لەسەر بێ دەنگی کارێکی زۆر ئاساییە، جا لەبەر ئەوەیە نوێژ بە یەك وشە پووچ دەبێ، بەڵام بە یەك هەنگاو پووچ نابێ، وەکی تریش پرسیار لە حەزرەتکرا، لە بارەی تەختکردنی زیخو چەوی شوێن سوژدەوە، فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەگەر هەر ناچاربوون شتیوا ییکەن بە یەکجار بیکەن {رەزای خوای لێبێ} (موسلیم).

پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە لایەکی ترەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نوێژ بەکردنی کاری سووکەڵە لە ناویدا پووچ نابێتەوە، ئەوەتا فەرمانی کردووە بە نوێژکەرەکە رێگەی هامۆشکەر بە بەردەمیدا نەدا، هەروا فەرمانی کردووەبە کوشتنی مارو دووپشك لەناو نوێژدا، جارێکیش ئیبنو عەبباس لە پشتیەوە لەلای چەپیەوە هەڵسا نوێژبکا پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} سەری گرتو سووڕانیەوەو بردی لەلای راستی خۆیەوە رای وەستانو لەگەڵ خۆیدا کردی بە ریزێ، گەلێ جاریش عائیشەی هاوسەری لە بەردەمیدا دەخەوتو قاچی لە جێگە سوژدەکەی حەزرەتدا رادەکێشا، کە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەهات بۆ سوژدە بە دەستی تێوەی دەژەند هەتا جێگە سوژدەکەی بۆ چۆڵ بکا، جارێکیش لەناو نوێژدا ئاماژەی بۆ جابیر کرد، کە ئاواوایی ناو قەدی خۆی ببەستێ، هەموو ئەم باسانە وان لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەردا[1]، مەرجی ئەو تاقە کارەیش کە نوێژی پێ پووچ نابێتەوە ئەوەیە: شتێکی ناقۆلای نابەجا نەبێ، دەنا ئەگەر وابوو، وەك قەڵەمبازێ ئەوە نوێژ پووچ دەکاتەوە، چونکە شتی وا زەق، ناشێ بۆ ناو نوێژ.

بزانن کە نوێژ پووچ نابێتەوە بە وردە جووڵە، وەك خورادنی لەش بە پەنجە، یا زۆریش پەجەکانی بجووڵێنێ، یا جووڵەکان یەك لە دوای

---

[1] تەماشای تاجول ئوصول (کوردی) بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم لاپەڕە (٢٤٠ ف – ٣ + ل – ٢٤٤ ف – ٥ + ل – ٣٣٨ ف – ٢ + ل – ٣٨٨ ف – ١) بەرگی چوارەم لاپەڕە (٣٥٦) کە. بۆ ساخکردنەوەی ئەم باسانە. ف = فەرموودە.

- وەرگێڕ -

یـەکیش بـن، چـونکە شـتی وا نــە زیـان بــە شـکۆمەندیی نوێژەکـە دەگەیـەنیٚو، نـە پێـچەوانەی ملکەچیی نـاو نوێـژە. بـەڵام ئەگـەر بـەری دەستی سێ جار بەسەر لەشیدا بە کێش کـردو جەسـتەی بـە لـەپی خـۆی لـەو ماوەیـەدا خوراند ئـەوە نوێژەکـەی پووچـە، مەگـەر ئالۆشـێکی زۆری هەبێ وەك گەڕی، وە نەتوانێ ئوقرەی لەسـەر بگـرێ، ئـەوە بـە مەهانـەی رەوا وەردەگیرێ.

٣) نوێژ پووچ دەبێتەوە بە پەیدابوونی نانوێـژیی (حـەدەث) ئـیتر بە قەستی بێ یا بە هەڵە، وە لە پێشیەوە نانوێژیی ناهەمیشەی (حەدەث غـەیرە دائـیم) هـەبوو بـێ یـا نـەبووبێ چـون یەکـە، چونکە حـەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: ئەگـەر کەسـێکتان لـەناو نوێـژدا بایـەکی لێ بووەوە، با نوێژەکەی ببڕێو دەسنوێژ بگرێتەوەو نوێژەکـەی لـە نووکـەوە بکاتــــەوە (ئــــەبو داوود گێڕاویەتــــەوە) تیرمیــــذی فەرموویــــەتی: فەرموودەیـەکی جوانــە، یـەکگرتنیش دامــەزراوە لەسـەر ئــەم شـێوانەی باسکران، جگە لە شێوەی هەبوونی نانوێژیی لە پێشیەوە.

٤) نوێژ پووچ دەبێتەوە بە پەیـدابوونی پیـسی بـە جلەکەیـەوە یـا بە لەشیەوە، یا لەجێ نوێژەکەیدا، چونکە پاکیی ئـەم سێ شـتە مەرجـە بۆ دامەزراندنی نوێژ، وەك لـە پێـشەوە بـاس کـرا، وەلێ ئەگـەر پیـسییەك کەوتە سەر شوێنێکی دەسبەجێ لایدا قەیناکا. خـاڵ حەرامـە، چونکە لـە شەرعا رێگەی لێگیراوە، جا دەبێ کوێری بکاتەوە ئەگـەر مەترسـی ئـەوەی لێ نەدەکرا کە شوێنەکەی ببێ بە زامێکی وا ناچاری بکـا تەیـەمموم بکـا، بەڵام ئەگەر مەترسـی ئـەوە. هـەبوو ئـەوە پێویـست بـە لابردنـی خاڵەکـە

ناکـا، لەبـەر ئـەوەی ئـەو خاڵـەوە هـەم نوێـژی دروسـتەو هـەم بەرنوێژیکردنی، گریمان زامەکەی بە دەرمانێکی پیس تیمارکرد، یا بە دەزوویـەکی پـیس دووریـیـەوە، یـا جێگەیـەکی لەشـی شـەق کـردو پارچەیەکی پیسی تیا موتوربەکرد، وەك ئەوە بە ئێسکێکی پیس شکستێ بگرێتـەوە، ئـەوە پێویـست ناکا ئـەو شـتە پیـسە دەربکێشێ، لـەکاتی وادا نوێژەکەی دامەزراوە.

٥) نوێژ پووچ دەبێتەوە بە دەرکەوتنی شـەرمگا، چونکە پێویـستە لـەناو نوێـژدا داپۆشـرێ، وەك لـە پێشەوە رابـورد، جا ئەگـەر خـۆی بـە قەستی دەری خست نوێژەکەی پووچە، بەڵام ئەگەر با دەری خست دەبێ گورج دایپۆشێ، ەنا نوێژەکـەی پـووچ دەبـێ، هـەروا ئەگـەر پشتەماڵەکەی کرایـەوە، یـا بەنەخوێنەکـەی پـچڕاو گـورج خـۆی کـۆکردەوە نوێژەکـەی دروستە.

٦) گـۆڕینی نییـەت، وەك ئەوەنییـەتی دەرچـوون لـە نوێـژ بهێنـێ چونکە مەرجی نییـەت ئەوەیـە تـا دوابەشـی نوێژەکە بمێنـێ، هـەر وایـە ئەگـەر نییەتەکـە لـە فەرزێکـەوە بگـۆڕێ بـۆ فـەرزێکیتر، بـەڵام ئەگـەر فـەرزێکی کـرد بـە سوونـنەتی رووت، بـۆ ئـەوەی بـە جەماعـەتێکی رەوادا بگـا، وەك ئـەوە بـە تـەنیا نوێـژی فـەرزبکاو، لـە پـاش دوو رکـات سـلاو بداتەوە، هەتا فریای جەماعەت بکەوێ، ئـەوە دەبـێ، بـەڵام ئەگـەر کـردی بـە نوێـژێکی دیـاریکراو، وەك دوورکـاتی چێـشتەنگاو ئـەوە دروسـت نیـە، چـونکە نوێـژی دیـاریکرو لـە سـەرەتاکەیەوە کـاری بـە دیـاریکردن هەیـە لەکاتی نییەتهێناندا. هەتا ئەگەر بڕیاریدا کە نوێژەکەی ببڕێ دەسبەجێ

پووچ دەبێتـەوە، چـونکە پێویـستە نییـەت (نیـاز) بـەردەوام بـێ تاکـاتی لێبوونـەوە، هـەروا ئەگـەر گومـانی بـوو: کـە ئایـا بیـبڕێ یانـا؟ نوێژەکـەی پووچـەوە دەبـێ، بـەڵام ئەگـەر بـە خـەیاڵ دەهـات بـە دڵیـدا، وەك حـاڵی مرۆی ڕارا ئەوە وەسوەسەو خەیاڵاتە نوێژ پووچ ناکاتەوە!.

٧) پـشتکردنە رووگـە نوێـژ پـووچ دەکاتـەوە، هـەروا وەرچـەرخانی سینـگ لێـی بـەبێ مەهانـە، چونکە مـەرج بـۆ دانـراو نامێنـێ بـە نـەمانی مەرجەکەی، دیارە کەرووکردنە رووگە مەرجی دامەزراندنی نوێژە.

٩,٨) هەشـتەمو نۆیـەم: لـەو شـتانەی کـە نوێـژیان پـێ پـووچ دەبێتەوە خواردنو خواردنەوەیە، چونکە لە شوێنـێ بـە یـەکێ لـەم دووە ڕۆژوو پـووچ ببێتـەوە نوێـژ چـاتر پـووچ دەبێتـەوە پێیـان، سـەرەڕای ئەوەیش بەهۆی خواردنو خواردنەوەکەوە نوێژەکە پشت گوێ دەخـا، لـە راسـتیدا مەبەسـت لـە پەرسـتنی جەسـتەیی (عیبـاداتی بـەدەنی) تازەکردنـەوەی بـاوەڕە لـەناو دڵـداو، گفتوگـۆی دڵـە لەگـەڵ خـوداو گەڕانەوەیـە بـۆ پـەنای سێبەری ڕەحمـەتی خـودا، دیـارە کـە خـواردنو خواردنـەوەیش دژی ئەوەیـە. بـەڵام ئەگـەر لـە بیری نـەبوو شـتی خـوارد یاشتی خواردەوە، یانەیدەزانی کە ئەوە نادروستە، چونکە نـۆ موسـوڵمان بـوو، یـا لـە بەرشـتێ تـری ئـاوا، وەك ئـەوە پـەروەردەی دەشـتو دەرو چۆڵەوانیو دوور لە مەلاو زانابێ، ئەوە ئەگـەر کـەمبێ نوێژەکـەی بـەتاڵ نابێ، بەڵام ئەگەر زۆربێ، ئیتر بە نەزانی بێ، یا لەبـەر لـە یـاد چوونبێ، ئەوە نوێژی پێ پووچ دەبێ، چونکە نوێـژ وەك ڕۆژوو نیـە، چـونکە نوێـژ برێتییـە لـە چـەند کـارێکی ریزکـراو، کـە کـاری زۆر لـە نێوانیانـدا —

ریزەکەیان دەپچڕێنێ. کەسێ بە زۆر شتی دەرخوارد بدرێ نوێژەکەی پووچ دەبێتەوە چونکە شتی وا زۆر کەمە، مەگەر بە دەگمەن روو بدات.

١٠) پێکەنینێ بە قاقابێو دوو پیتی لێ پەیدا ببێ نوێژ پووچ دەکاتەوە، بە مەرجێ بە قەستی بێ، ئەگەر زۆری بۆ هاتبوو قەیناکا. بەڵام ئەگەر دوو پیتی لێ پەیدا نەبوو، لەبەر ئەوەی بە قسە دانانرێ نوێژ پووچ ناکاتەوە.

١١) لە ئیسلام وەرگەڕان، ئیتر هەڵگەڕانەوە کە بەکردەوە بێ، وەك کڕنووش بردن بۆ بت، یا بە قسەبێ، وەك ئەوە بڵێ سێ خوا هەیە، یا بە بیرو باوەڕبێ، وەك ئەوە باوەڕی وابێ کە خوا نیە، ئەوە لەم کاتانەدا دەسبەجێ بێ باوەڕ دەبێو نوێژەکەی پووچو بەتاڵ دەبێتەوە.

بزانە یەکێکە لە وانەی کە نوێژ پووچ دەکەنەوە دواکەتنی پاشنوێژە لە پێشنوێژەکەی بە دوو بنیات، کە هەردوکیان بنیاتی کردەوەیی (روکنی فیعلی)بن، بەڵام بە مەرجێ بە قەستی دوابکەوێ.

وەك ئەوە لەگەڵی دا نەفریای چەمینەوەو نەفریای راستبوونەوە لە چەمینەوە بکەوێ، هەروا نوێژەکەی پووچ دەبێتەوە ئەگەر بەقەستی بەدوو روکنی فیعلی پێش پێشنوێژەکەی بکەوێ، چونکە ئەوە پێچەوانەیەکی زۆر ناقولاو دزێوە، هەروا نوێژ پووچ دەبێتەوە بەقوتدانی چڵمێ کەلەسەرەوە دابەزێ، بەمەرجێ بتوانێ فڕەی بدا.

٦٩) كورنووشی هەڵەو هۆیەكانی:

(**پێناسەكەی**): هەڵەلەزمانا لەبیر چوونی شتەو بێ ئاگا بوونە لێی، لە زاراوی شەرعدا: بێ ئاگا بوونە لەشتێ لەناو نوێژدا كورنووشی هەڵە بۆ ئەوە دامەزراوە كەزەدەی ناو نوێژ چارە سەر بكا، ئەمەیش لەفەرزو سونەتدا، لەسەر فەرمایشتی دامەزراو، چون یەكە، واتە: بۆ هەردوولالەكاتی هەڵەدا كورنووشی هەڵە سونەتە.

كۆكەرەوەكەی:

زابیتەو كۆكەرەوەی كورنووشی هەڵە ئاوایە: سوژدەی هەڵە سونەتە لەبەركردنی شتێكی وا كەنەیی لێ كرابێ لەنوێژا، وەكوو زیادەی راوەستان، یاروكوعێكی زیادە، یاكورنووشێكی زیادە، یاتەحیاتێكی زیادە، كەلەشوێنی خۆیانا نەبن‌و بەهەڵە بكرێن، یالەبەر لەبیرچوونی شتێكی وا كەفەرمانی پێ كرابێ، وەك نەكردنی چەمینەوە یاكورنووش، یاراوەستان بۆ فاتیحا، یادانیشتن بۆ تەحیاتی پێویست، یانەخوێندنی شتی پێویست وەك فاتیحاو تەحیاتی فەرز، جا ئەمانە دەبێ بەسەر بگیرێنەوەو ئەوسا كورنووشی هەڵەیان بۆ دەبرێ لەو شوێنەدا كەبۆی دیاری كراوە، جائەگەر كابرا لەناو نوێژەكەدا ئەم هەڵەیەی وەبیركەوتەوە ئەوە بەسەری دەگرێتەوەو شتەنەكراوەكە دەكاو تەواو، بەلاَم ئەگەر لە دوا سلاَودانەوەی بیری كەوتەوەو زۆریشی بەسەردا تێ نەپەڕیبوو ئەوە ئەوەی كەپەڕاندوویەتی دەگەڕێتەوە سەری‌و بەتەواوی دەیكاو كورنووشی هەڵەیش دەبات، بەلاَم ئەگەر كاتێكی درێژی بەسەردا،

تێپەڕی ئەوە دەبێ سەر لەنوێ ئەو نوێژە بکاتەوە، بۆ درێژیی کاتیش دوو فەرمانیشت هەیە: یەکەمیان دەفەرموێ دەگەڕێینەوە وبۆ سەر عورف، دووەمیان: دەفەرموێ: ئەوەیە زیاتر بێ لەئەندازەی رکاتێ!

بەڵام جیاوازیی نییە لەنێوانی ئەم شێوانەدا: لەپاش سلاّودانەوە قسە بکا یا نەیکا، لەمزگەوت دەرچووبێ یانا، پشتی کردبێتە رووگە یانا، ئەمە هەمووی کاتێ وایە کەسوور بزانێ ئەوشتەی نەکردووە، بەڵام ئەگەر سلاّوی دایەوەو کەوتە گومانەوە کە ئایا ئەو بنیاتە یائەو رکاتەی کردووە یا نا؟ ئەوە لە شێوەی وادا هیچی لەسەر نییە، نوێژەکەی تەواوە، ئەمەیش بەپێچەوانەی ئەوەوەیە کەلە ناو نوێژدا گومانی بۆ پەیدا ببێ، کەئەو شتەی کردووە یانا؟ ئەوە لەم شێوەیەدا کام لا یەقین بوو لەسەر ئەوەوە نوێژەکەی تەواو دەکاو کار بەبنەرەت (ئەصڵ) دەکا، چونکە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: ئەگەر کەسێکتان لەنوێژدا گومانی بۆ پەیدا بوو، وەنەی دەزانی کەچەن رکات نوێژی کردووە، وەك ئەوەنەیدەزانی کەسێ رکاتی کردووە یاچوار، ئەوە با گومانەکەی تووڕ بدا، چەندەی لەلا یەقینو بێ گومانە، بالەسەر ئەوەوە نوێژەکەی تەواو بکا، لەپاشا لەپێش سەلام دانەوەوە دوو کوڕنووشی هەڵە ببات، جا ئەگەر لەڕاستیدا پێنج رکاتی کردبوو ئەوا ئەو دوو کوڕنووشە نوێژەکەی دەکەنەوە بەجووت،ئەگەر چواری تەواویشی کردبوو ئەوا ئەو دوو کوڕنووشە دەبن بەهۆی نوشوستیو سەر شۆڕی بۆ شەیتان (موسلیم). ئەمە سەبارەت بە پێشنوێژو نوێژکاری تەنها وایە، بەڵام پاشنوێژ نابێ لەخۆیەوە بەتەنها کوڕنووش ببا بەبێ پێشنوێژەکەی، چونکە پێشنوێژەکەی بەر پرسیاریی هەڵەکەی ئەو هەڵ دەگرێ.

جا ئەگەر پاشنوێژ لەناو تەحیاتدا بۆی دەرکەوت کەچەمینەوەی نەکردووە، یافاتیحەی نەخوێندووە، یاشتێکی وا، وە ئەمەی لە شوێنی خۆیدا لەبیر نەبووە، یالەم بارەیەوە، گومانی بۆ پەیدا بوو، جا ئەگەر پێشنوێژەکەی سلاوی دایەوە، ئەو دەبێ گورج هەڵسێ رکاتێ بەتەواوی بکا، بەلاّم کوڕنووشی هەڵە نەبات، چونکە ئەو گومانەی کەبۆی پەیدا بووە لەو کاتەدا بووە کەئەم لە حاڵەتی ئیقتیدا بووە، لەبەر ئەوە پێشنوێژەکەی ئەوەدەگرێتە ئەستۆی خۆی. سوننەتە گرنگەکانیش کەپێیان دەگوترێ: ئەبعاز، وەك تەحیاتی یەکەم و سەلاّواتدان لەسەر پێغەمبەر لە تەحیاتی یەکەماو قونووتی بەیانیو قونووتی نیوەی دوایی رەمەزان، ئەمانە گەرچی لەکورۆکی نوێژ نین، بەلاّم سوننەتە بەکوڕنووشی هەڵە پڕ بکرێنەوە، ئەگەر بەهەڵە تەرك کرابوون، چونکە بەهۆی نەکردنیانەوە زەدە لەنوێژەکەدا پەیدا دەبێ. سەر بەڵگە لەتەحیاتی یەکەم دا: ئەم حەدیثەی بوخاریو موسلیمە، کەعەبدوڵلاّی کوڕی بوجەینە {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} تەحیاتی یەکەمی نەخوێند، بەلاّم لەپێش ئەوەدا کەسلاّو بداتەوە کوڕنووشی هەڵەی بۆ برد، جا ئەوانی تریش بەقیاس لەسەر ئەو. غەزالی {رەحمەتی خوای لێبێ} لە بارەی هۆی قیاسکردنی ئەم ئەبعازانەی تر، لەسەر تەحیات دەفەرموێ: (چونکە ئەمانیش رێك وەك تەحیات، لەدروشمو نیشانە دیاریو تایبەتی یەکانی ناو نوێژن) جا ئەگەر نوێژ خوێن یەکێ لەم سوننەتە گرنگانەی نەکردو دەستی کرد بەکردنی فەرزێکی ناو نوێژ، ئیتر دروست نیە بۆی بگەڕێتەوە بۆ سەری، دەنا ئەگەر بزانێ کە ئەوە نادروستە، وە بەقەستی بگەڕێتەوە بۆ سەری ئەوە نوێژەکەی پووچە، جا

ئەگـەر لـەبیری نـەبوو تـەحیاتی یەکـەمی نەخوێنـدو دەسـتی کـرد بەراوەسـتان بـۆ خوێنـدنی فاتیحـە، یالـە حاڵـەتی هەڵسانەوەدا بـوو، لـە ڕاستبوونەوەوە نزیکتر بوو هەتا لەدانیشتنەوە، ئـەوە دروست نییە بـۆی بگەڕێتەوە بۆ دانیشتن، بەڵام کوڕنووشی هەڵە بۆ ئەم حاڵەتە دەبا، بـەڵام ئەگـەر لەدانیـشتنەوە نـزیکتر بـوو ئـەوە دادەنیـشێو کوڕنوشـیش دەبـا، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەگەر کەسێکتان لەرکاتی دوەم دا تـەحیاتی نەخوێنـدو ئەزنـەکی دا هەڵبـسێتەوە، بـەڵام هێـشتا بەتـەواوی ڕاسـتەوە نـەبوو بـوو، ئـەوە بادابنیـشێتەوە، بـەڵام ئەگـەر بەتەواوی ڕاستەوەبوو بوو، ئەوا بادانەنیشێتەوە، وەدوو کوڕنووشی هەڵە ببـات. (ئەحمـەد/ ئـەبو داوود/ ئیبنـو ماجـە/ لـە مـوغیرەی کـوڕی شوعبەوە) ئەگەر قونووتی نەخوێندو دەستی کرد بەدانیشتن، ئیتر نابـێ بگەڕێتەوە بۆی، دەنانوێژەکەی پووچ دەبـێ، بەمـەرجێ بەقەسـتی وابکـاو بیـشزانێ کـە ئـەوە قەدەغەیـە، وەدوو سـوژدەی هەڵـە لـەم کاتـەدا دەبـا لەباتی تەرکی قونوتەکە، ئەمە بەس بۆ قونووتی بەیانیو وەتری نیـوەی دوەمـی ڕەمـەزان وایـە، بـەڵام قونـووتی کارەسـات (کـەناودارە بـەقونووتی نەوازیل) بەقەستی تەرك بکرێ، یابەهەڵە، کوڕنووشی هەڵەی ناوی.

وردە سـوننەتەکان: وەکـوو وێردەکـانی چـەمینەوەو کوڕنـووشو ئەڵڵاهو ئەکبەرەکانی گواستنەوەو نـزای سـەرەتای نوێـژو شـتی تـری لـەم بابەتـە، نەلـەباری قەسـتی داو نەلـەباری هەڵـەدا، کوڕنـووش بـۆ تـەرکیان سوننـەت نییە، بایستی ئەوە ئەمەیە: کوڕنووشی هەڵە خۆی لەناو نوێـژدا زیادەیە، کەواتە دروست نییـە بکـرێ مەگـەر لـە ڕێگـەی تەوقیفـەوە، جـا لەهەندێ لەئەبعاضدا دەقی شەرعی لە سوننەتدا هەیە، وەکوو کوڕنـووش

بردنی هەڵە، لەکاتی تەرکی تەحیاتی یەکەما، ئیتر ئەو شتانەی تریش کەوەك ئەو سوننەتی گرنگن‌و لەئەبعاضن، قیاس لەوە دەکرێن، بەڵام وردە سوننەتەکانی تر کە لە ئەبعاض نین لەسەر بنەڕەت (ئەصڵ) دەمێننەوە.

جێگەی کوڕنووشی هەڵە لەپاش خوێندنی تەحیاتەوەیە، لەپێش سڵاودانەوەدا، وەك لەپێشەوە لەدوو گێڕانەوەکەی بوخاری‌و موسلیم دا رابورد. ئیبنو شەهابیش دەگێڕیتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەسەر چەند شێوەیێ کوڕنووشی هەڵەی دەبرد، بەڵام دواشێوەی ئەوەبوو: لەپێش سڵاوەوە کوڕنووشی هەڵەی ئەبرد. کوڕنووشی هەڵە سوننەتە فەرز نییە، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: رکاتەکەو دوو کوڕنووشەکە دەبن بەسوننەت.

٧٠) ئەو کاتانەی کەنوێژیان تیادا نا پەسەندە:

ئەو کاتانەی کەنوێژیان تیادا ناباشە پێنجن، واتە: نوێژێ کە هۆیەکی تایبەتی نەبێ لەم پێنج کاتەدا ناباشە، سیان لەم پێنجە پەیوەندییان هەیە بەوەختەوە:

١) کاتی گزنگدانی خۆر هەتا بەقەدەر رمێ بەرز دەبێتەوە.

٢) کاتی گەیشتنی خۆر بەناوەڕاستی ئاسمان هەتا کەمێ لادەدا

٣) کاتی زەردەپەڕ هەتا بەتەواوی خۆر ئاوا دەبێ.

بەلگەی ڕۆشنی ئەمەیش ئەوەیە کەئیمامی موسلیم دەیگێڕێتەوە: عوقبەی کوڕی عامیر {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لەم سێ دەمەدا پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نەیی لێ دەکردین کەنوێژیان تیا بکەین، یا مردووی خۆمانیان تیا بنێژین: کاتێ خۆر گزنگ دەدا هەتا بەرزەوە دەبێ، کاتێ خۆر دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان هەتا کەمێ لائەدا، کاتێکیش خۆر زەرد هەڵدەگەڕێو تەواو دەنیشێ تا ئاوا دەبێ. هۆی ئەم ناباشییە ئەمەیە: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ خۆر هەڵدێ شاخی شەیتان لەگەڵیدا هەڵدێ، کاتێ بەرزەوە دەبێ لێی جیا دەبێتەوە کاتێ گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان جووت دەبێتەوە لەگەڵی، کاتێ لە ناوەڕاستی ئاسمان لادەدا دیسان لێی جیا دەبێتەوە، کاتێ دەست دەکا بە ئاوابوون جووت دەبێتەوە لەگەڵی کاتێ ئاوا دەبێ لێی جیا دەبێتەوە (شافیعی).

مەبەست لەشاخی شەیتان گەلی شەیتانە، شەیتانپەرستەکانە، کەلەم وەختانەدا کوڕنووشی بۆ دەبەن، گوتراویشە: شەیتان خۆی لەم حەلانەدا، سەری لەخۆرەوە نزیك دەکاتەوە، هەتا ئەوەی کوڕنووش بۆ خۆر دەبا کوڕنووش بۆ ئەویش ببات.

ئەو دوانەکەی تریشیان پەیوەندی یان بەکارەوە هەیە، یەکەمیان هەرکاتێ نوێژی عەصر کرا، هەتا خۆر ئاوا دەبێ، دووەمیان لەپاش کردنی نوێژی بەیانی هەتا خۆر دەکەوێ. بەلگەی ئەمیش ئەمەیە شەیخان لەئەبو هورەیرەوە دەیگێڕنەوە: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: نەیی کردووە لەنوێژ لەدوا نوێژی عەصر هەتا خۆر ئاوا دەبێ، وەلەدوا نوێژی بەیانی هەتا خۆر هەڵ دێ.

لەم کاتانـە، کـاتی گەویـشتنی خـۆر بەنـاوەڕاسـتی ئاسمـان، لـە ڕۆژی هەینیدا، چەرت (استثناء) دەکرێ، لەم بارەیەوە فەرموودەیەکی مورسـەل هەیە، ئەبو داوود گێڕاویەتـەوە، هـۆی ئـەوە کەنوێـژ لـەم کاتـەدا لـەڕۆژی هەینیدا ناباش نییە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوە کەوەنـەوزو خـەو لـەم حەلـەدا زۆر بۆ دانیشتوەکان دەهێنێ کەچاوەڕوانی دوانو نوێـژی هـەینی دەکـەن، جاوا باشە بەهۆی نوێژی سوننەتەوە خـەو لـەخۆی دوور بخاتـەوە، نـەبادا خەو بردنەوە دەسنوێژەکەی بشکێنێ، جا ناچار دەبێ کەهەنگاو هەڵ نـێ بەسـەر سـەری مەردومەکـەدا، بـۆ دەسـنوێژ گرتنـەوە. لـە شـوێنەکانیش مەککەی پیرۆز چەرت دەکرێ، خودای گەورە ڕێزو قەدری پـتر بفـەرموێ، چـونکە دەفـەرموێ ﴿دروودی خوای لەسەربێ﴾: ئـەی بـەنی عەبدومـەناف! ئەگـەر کەسێ لەئێوە بـوو بـەکار بەدەسـتی موسـڵمانان هەکەسـێ لـە هەرکاتێکدا ویستی تەوافی ماڵی خوا بکا یانوێژی لەناودا بکا ڕێگـەی لێ مـەگرن، ئـیتر چ شـەوبێ چ بـەڕۆژ، (تیرمیـذیو کەسـانی تـریش گێڕاویانەتـەوە). بـەڵام نوێـژ لـەم حەلەیـشدا زۆر بـاش نییـەو پێـچەوانەی چـاکترە (خیلافـی ئەولایـە) هـەتا دەربـاز بـبین لەکێـشەی ڕاجیـایی، چـونکە مالیكو ئـەبو حەنیفـە لـەم بارەیـەوە ڕایـان جیایـە. بـەڵام نوێـژێ کەهۆیـەکی هـەبێو، هۆیەکـەیش لـە پێـشیەوە رووی دابـێ، وەك گێڕانـەوەی نوێـژە چـووەکان، لەفەرزو لەسوننەتو لەو نوێژە سوننـەتانەی کـەمرۆڤ وەك وێـرد خووی پێوە گرتبن، کردنی ئەم نوێژانە لەم کاتانەدا هیچ ناباشییەکی تیا نییـە. چـونکە خۆشەویـست ﴿دروودی خوای لەسەربێ﴾ جـارێ لـەدوا نوێـژی عەصـر، دوو ڕکـات نوێـژی سـوننەتی کـرد، کـە عـەرزیان کـرد ئـەم نوێـژە لـەمکاتی ناباشییەدا چی بوو؟ فەرمووی: ئەمە دوو ڕکاتە سوننەتەکەی دوا نوێـژی

نیوەڕۆیە ئێستا گێڕامەوە. (شەیخان) هەروا نوێژێکیش کە هۆیەکی وای هەبێ کەهاوکات بێ لەگەڵ خۆیدا، کردنی ناپەسەند نییە، وەك نوێژی تەرمو کڕنووشی قورئانخوێندنو کوڕنووشی سوپاسو نوێژی خۆر گیرانو مانگگیرانو نوێژە بارانە، بەڵام نوێژێ کە هۆیەکەی لەدوایەوە بێ کردنی ناباشە لەم کاتانەدا، وەك نوێژی ئیستیخارەو دوو ڕکاتەکەی ئیحرام دابەوستنی حەجو عەمرە.

٧١) نوێژی بەکۆمەڵ (نوێژی جەماعەت):

سەر بەڵگەی ڕەوایی نوێژی بەکۆمەڵ قورئانو سوننەتو یەککرتنی گەلی ئیسلامە. یەزدانی پاك دەفەرموێ: {وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ - سورة النساء - ١٠٢/٢) واتە: کاتێ تۆ لەناویانا بوویو بەرنوێژیت بۆ کردن، ئەوە با تاقمێکیان بەرەو ڕووی دوژمن ڕاوەستێو تاقمێ لەوان ڕاست ببنەوە دەس بکەن بەنوێژ لەگەڵ تۆدا.

ئەوەتا لەم ئایەتەدا هەتا لەکاتی گەرمەی جەنگدا خوای گەورە فەرمان دەکا، بەکردنی نوێژی جەماعەت، دیارە لەکاتی ئاسایشو هێمنیو ئاشتی دا جەماعەت گەلێ چاکترە، حوکمی جەماعەت لەنوێژی هەینی دا فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێ کە نوێژی هەینی لەسەر بێ، بەڵام لەنوێژەکانی تردا ڕاجیایی هەیە: فەرمایشتی ڕاستو دروست ئەوەیە کەسوننەتێکی دامەزراوی زۆر گەورەیە، چونکە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نوێژی جەماعەت لەنوێژی تەنیا بەبیستو

حەوت پلە گەورەترە. دەی وشەی (گەورەترە) کە بۆ موفاضەلەیە، واتە: ئەوە دەگەیەنێ کە هەردوو کارەکە دروست بن، بەلاَم لایەکیان لەولایەکەی تریان باشتر بێ، دەنا ئەگەر لایەکیان نادروست بوایە موفاضەلە دروست نەدەبوو! چونکە موفاضەلە پلەدانانە بۆ دووشتی باش!

گەرچی هەندێ زانا دەفەرموون: نوێژ بەکۆمەڵ فەرزی کیفایەیە ئەگەر لەشوێنی هەندێ کەسیان بیکەن لەکۆڵ هەموویان دەکەوێ بەلاَم ئەگەر کەسیان نەیان کرد هەموویان گوناهبارن، بەلگەیشیان ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەربێ): هەرکاتێ سێ موسڵمان، یاپتر لەسێ موسڵمان، لەشوێنێکدا یەکیان گرت، چ گوندنشین بن چ کۆچەری، وەنوێژی جەماعەت نەکەن، ئەوە بێ گومان کە شەیتان زاڵ بووە بەسەریاناو فریوی داون، دەی ئەی پیاوی موسڵمان! ئامادەی جەماعەت بەو هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵ بەو لەگەل جێ مەمێنەو بەتەنیا مەبە، چونکە گورگ ئەو مەرە دەخوات کەلە گەلە بڕ دەبێ!. (ئەبو داوود/ ئیمامی ئەحمەد/ نەسائی/ ئیبنو حیبان/ حاکم).

هەیشە دەفەرموێ: جەماعەت فەرزی سەرە، واتە فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێ، چونکە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بەو کەسە کەگیانی منی وا لەدەستدا نیازم هەبوو کەبەپیاوێ بڵێم: لەجیاتی خۆم بەرنوێژیی یەکە بۆ خەڵکەکە بکا، وەخۆشم بڕۆم بۆ سەر ئەو پیاوانە کەلە نوێژی جەماعەت دوا دەکەون، وە فەرمان بدەم کەبە باوشەدار ماڵەکانیان بەسەردا بسوتێنن. (شەیخان). بەلاَم ئەم فەرمایشتە ئاوا رەت کراوەتەوە: کە ئەم رووداوە سەبارەت بەناپاکان بووە، سەرەرای

ئەوەیش پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} هەرەشەکەی جێ بەجێ نەکردووە، وەئەوەی بووە لەم لایەنەوە تەنیا نیازێکی رووت بووە، کردەوەی لەگەڵ دانەبوە.

بەلام بزانە کەجاری واهەیە جەماعەت، بەهۆی هۆیەکی لاوەکییەوە، پێوویست دەبێ، وەك ئەوە دەبینێ ئیمامێ لەناو روکوعدایە، هەق دەزانێ ئەگەر نوێژ لەگەڵیا دابەستێ فریای رکاتێ دەکەوێ‌و نوێژەکەی بەهۆی ئەوەوە دەبێ بەئەدا، دەنا دەبوو بەقەزا، چونکە بە تەنیا فریای رکاتێ ناکەوێ لەکاتدا، ئەوە نابێ بەتەنها نوێژەکەی بکا، جاری وایش هەیە جەماعەت حەرامە، وەك ئەوە دەبینێ پێشنوێژێ لەتەحیاتی کۆتایی دایە، ئەگەر ئیقتیدای پێ دەکا فریای رکاتێ لەکاتدا ناکەوێ، بەلام ئەگەر بەتەنها نوێژ بکا فریای رکاتێکی نوێژەکەی لەناو کاتی خۆی دا دەکەوێ، هەر نوێژێکیش فریای رکاتێکی کەوتی لەکاتەکەیدا بەحازر دادەنرێ، ئەوە دەبێ لەم حەلەدا بەتەنها ئەو نوێژە بکا. زاتی جەماعەت بەئەوەندەیش دێتە جێ کەپیاو لەماڵەوە لەگەڵ ژنەکەی‌و کەسانی تردا نوێژ بەکۆمەڵ بکا. وەلێ لەمزگەوتا گەلا خێرترە، بەڵکوو مزگەوت هەتا کۆمەڵەکەی زۆر تربن جەماعەتەکەیشی خێرترە، جا ئەگەر لە نزیکیەوە مزگەوتێ هەبوو، نوێژکەرەکانی کەمتر بوون، لەدووریشیەوە مزگەوتێ تر هەبوو نوێژکەرەکانی پتر بوون، ئەوە (لەدوو شێوەدا نەبێ) جەماعەتی مزگەوتە دوورەکە خێر ترە، شێوەی یەکەم: ئەگەر ئەم بچێ بۆ دوورەکە جەماعەتی نزیکەکە بەهۆی چوونەکەی ئەوەوە پەکی بکەوێ، وەك ئەوە ئیمامیان بێ. شێوەی دووەم: پێشنوێژی دوورەکەیان بیدعەتکاربێ، بۆ ئەمە بەدکار (فاسیق)یش وەك بیدعەتکار

وایە. هەر کەسێ بەیەك هەناسە، یا بەکەمتریش، لە پێش سڵاودانەوەی پێشنوێژدا فریای نوێژدابەستن بکەوێ لەپشتیەوە، ئەوە فریای جەماعەت دەکەوێ و لەخێرەکەیدا بەشدار دەبێ، چونکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ دین بۆ نوێژ ئەگەر ئێمە لەناو کورنووشدا بووین، ئەوا نوێژ دابەستن‌و یەك سەر کورنووش ببەن، بەڵام بەهیچی مەژمێرن، واتە: بەرکاتی حلێب مەکەن، وەڵێ ئەوەی فریای چەمینەوە بکەوێ لەگەڵ بەر نوێژدا ئەوە فریای ئەو رکاتە دەکەوێ. (ئەبو داوود).

بزانن کاتێ پاش نوێژ فریای چەمینەوە دەکەوێ کەفریای ئارامبوونەوە لەگەڵ پێشنوێژدا بکەوێ لەناویدا، چونکە بەبێ ئارامبوونەوە چەمینەوە حلێب نییە، واتە: دەبێ لەچەمینەوەدا فریای ئەوە بکەوێ کەبڵێ (**سبحان ربی العظیم**) یا بەئەندازەی گوتنی ئەم ویردە رابوەستێ پێش ئەوەی بەرنوێژ لە چەمینەوە بەرزەوە ببێ.

مەرجی دەسکەوتنی جەماعەت ئەوەیە: کەپاشنەێژ واتە: (مەئموم) لەکاتی نوێژدا بەدابەستنەوە نێتی جەماعەت بێنێ، چونکە چاولێکردن‌و شوێنکەوتنی پێشنوێژکردەوەیەو کارە، کاریش لە عیباداتدا پێویستی بەنیازو نێت هەیە، کەواتە: بەر حوکمی گشتی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەکەوێ: هەموو کردەوەێی بە پێ ی نیازو نێتە کەیەتی... بۆ ئازادی رەسیدە دروستە لەپشت بەندەو منداڵەوە نوێژی جەماعەت بکا، دروستبوونی پەیڕەویی (ئیقتیدا) بە بەندە، بەپێ ی ئەمەیە کەبوخاری دەیگێڕێتەوە: کەعائیشە {رەزای خوای لێبێ} بەندەیەکی هەبوو، ناوی کوران بوو {رەزای خوای لێبێ} ئەم زەکوانە بەر

نوێژیی بۆ عائیشه دەکرد، پەیڕەوی بەمناڵیش بەپێ ی ئەمەیە: عەمری کوڕی سەلەمە لە سەردەمی پێغەمبەردا لەتەمەنی حەوت ساڵیدا بەرنوێژی بۆ هۆزەکەی خۆی دەکرد. (ئەم باسە بوخاری گێڕاویەتەوە). پەیڕەویی پیاو بەژن دروست نییە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء – سورة النساء – ٣٤/٤} واتە: پیاوان سەرکاری سەر ژنانن‌و چاو دێرن بەسەریانەوە). پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەو شوێنانەدا کەخوا ژنانی خستۆتە دواوە بیانخەنە دواوە، لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: هۆشیار بن هیچ ژنێ بەرنوێژیی بۆ هیچ پیاوێ نەکات. (ئیبنو ماجە) هەندێ زانایش ئەمەیان کردووە بەبەڵگە لەم مەسەلەیەدا، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: هەرگەلێ کاروباری گرنگی خۆیان بسپێرن بەژنێ‌و ژن بکەن بەسەرۆك‌و ئاغای خۆیان ئەو گەلە سەر کەوتوو نابن! . (بوخاری‌و نەسائی‌و تیرمذی‌و ئیمامی ئەحمەد لەئەبو بەکرەوە گێڕاویانەتەوە) لەبەر ئەوەیش کەئافرەت شەرمگایە، ئەگەر ببێ بەپێشنوێژ بۆ پیاو دەبێ بەهۆی گرفتاری، وەکی تریش ئەگەر کەسێ پەیڕەوی (ئیقتیدا) بەژن بکا واتای وایە کەدەستە جڵەوی نوێژەکەیی داوە بەدەستی ئەوەوە. مەبەست لەخوێنەوار (لە بابەتی پێشنوێژیدا) ئەوەیە کەبەجوانی بتوانێ‌فاتیحە بخوێنێ، هەروا مەبەستیش لە نەخوێندەوار لێرەدا ئەوەیە کەفاتیحای ڕەوان نەبێ، جا پەیڕەویی خوێنەوار بەنەخوێنەوار دوو فەرمایشتی لە سەرە: هەرە ئاشکراکەیان ئەمەیە: ئەوە دروست نییە، چونکە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرمووێ: ئەوکەسە بەر نوێژیی بۆ کۆمەڵێ دەکا، کەلەهەموویان باشتر قورئان بخوێنێ، لەبەر ئەوەیش

جارو بار پێشنوێژ بەرپرسیار دەبێ لەقورئانخوێندنی پاشنوێژ، وەك ئەو شێوەیەکە پاشنوێژ لە چەمینەوەدا فریای پەیڕەویی بکەوێ، دیارە کە نەخوێندەوار، بەم واتایەی کەبۆمان دیاری کرد بەرگەی ئەوە ناگرێ‌و ناتوانێ ئەو بەر پرسیاری یە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەگەر خوێنەوار لەنوێژی پەنامەکیدا پەیڕەویی بەنەخوێندەوار کرد، ئەوە نوێژەکەی دامەزراوەو پێویست ناکا لەحاڵی بکۆڵێتەوە، نەخوێندەواریش پەیڕەویی بەنەخوێندەوارێکی وەك خۆی بکادروستە، هەروا پەیڕەویی ژن بەژن دروستە*.

مەرجی دامەزراندنی پەیڕەویی کردن ئەوەیە کەئاگای لە چۆنێتی نوێژی بەرنوێژەکەی بێ، هەتا بتوانێ پەیڕەویی ئەو بکا، ئەو ئاگادارییەیش بەم شێوەیە دێتەدی: کە چاوی لە هەڵسوکەوتی پێشنوێژ بێ یا گوێی لەدەنگی بێ، یاگوێی لە دەنگی راگەیێین (مبلغ) بێ، یائاگای لە هەڵسان‌و دانیشتنی نوێژکەرەکان بێ، کە ئەوان ئاگایان لە حاڵی پێشنوێژە. مەرجێکی تری ئەوەیە: کە پاشنوێژ پێش نەکەوێ لە پێشنوێژ لە جێگە نوێژدا، چونکە وەك زانراوە ئەوانەی کە پەیڕەوییان بەپێغەمبەرەوە دەکرد لەنوێژدا لێی پێش نەدەکەوتن، هەروا ئەوانەیش کەلە دواجێنشینە راشیدەکانەوە نوێژیان دەکرد، بەڵام ئەگەر هەردوو لا

---

* بەهێزترین بەڵگە لەسەر ئەوە کەژن بەرنوێژیی نەکا بۆ پیاو ئەوەیە: کە ذەکوان بەرنوێژیی دەکرد بۆ عائیشە، ئەگەر بەپێچەوانەوە دروست بوایە شتی واتە: لە عائیشە {رەزای خوای لێبێ} شاراوە نەدەبوو.

- وەرگێڕ -

له ئاستی یەك لە شانی یەكدا وەستا بوون ئەوە زیانی نییە، بەڵام باشیش نییە، وەكی تریش ئەم بڕیارە بۆ ئەوانە وایە كەئەڵقەیان نەدابێ بەگردی كابەدا، چونكە بۆ ئەوان، بۆ پاشنوێژ (بەمەرجێ لەلای پێشنوێژەوە نەبێ) زیانی نیە ئەگەر ئەو لەپێشنوێژ لە رووگەوە نزیكتر بێ، بزانە سێ شێوە هەیە بۆ پێشنوێژو پاشنوێژ:

شێوەی یەكەم: هەردوو لایان لەناو مزگەوتدابن.

شێوەی دووەم: پێشنوێژ لەناو مزگەوتدا بێو پاشنوێژ لە دەرەوەی.

شێوەی سێیەم: هەردوو لایان لەدەرەوەی مزگەوت بن.

شێوەی یەكەم: پەیڕەوی پێ كردن (اقتداء) دروستە، ئیتر خوا ریزەكان لەناو خۆیانا پەیوەست بن یا پچڕابن چونیەكە، هەروا رێگرو نێوان لە نێوانیاندا هەبێ یانەبێ، هەروا چون یەكە هەردوولا لەیەك شوێندا بن یانا، بۆ نموونە: ئەگەر پێشنوێژ لە منارەیەكا بێو پاشنوێژ لەبیرێكا بێ، یابە پێچەوانەوە، ئەوە لە هەموو ئەم وێنە یانەدا پەیڕەوی پێ كردن دروستە، چونكە شوێنەكە مادەم مزگەوتە گشتی بەیەك جێگە حلێبەو هەمووی بەنیازی نوێژ دروست كراوە.

شێوەی دووەم: ئەوەیە پێشنوێژ لەناو مزگەوتابێو پاشنوێژ لەدەرەوەی مزگەوت بێ، لەم شێوەیەدا پەیڕەوی پێ كردن بەم مەرجانە دروستە: نێوانیان لەنزیكەی سێ سەد باسك، بەباسكی ئادەمی كەبرێتیە لە دووبست، زیاتر نەبێ، ئەم ئەندازەیە لەئاخری سنووری مزگەوتەكەوە حلێب دەكرێ: لەهەمان كاتدا پاشنوێژ ئاگای لەبزووتنەوەكانی پێشنوێژ هەبێ، وەك لەپێشەوە روون كرایەوە.

شێوەی سێیەم: ئەوەیە پێشنوێژ لە دەرەوەی مزگەوت بن، جا ئەگەر لە دەشتابوون، ئەوە مەرجی دامەزراندنی پەیڕەوی پێکردن ئەوەیە: ماوە (مەسافە)ی نێوانیان، لە نزیکەی سێ سەد باسك (ذیراع) پتر نەبێ، ئەمەیش لەسەر فەرمایشتی دامەزراوتر. چونکە راوەستان لەسەر ئەم شێوەیە لە دەشتا، بەپێی باوی ئاسایی، لە حوکمی کۆبوونەوەدایە، لەبەر ئەوەیش زۆربەی کات، لە ماوەی ئاوادا، دەنگی پێشنوێژ لەکاتی دەنگ هەڵبڕینی نوێژی ئاشکرادا، بە ئاسایی دەگاتە پاشنوێژ، بەڵام ئەگەر لە دەشتا نەبوون، وەك ئەوە پێشنوێژ لە خانوو یەکابێ‌و پاشنوێژ لە خانوویەکی تردا بێ، ئەوە مەرجی دامەزراندنی پەیڕەوی پێکردن ئەوەیە: پەیوەست بن، هەتا پەیوەندی‌و ئاگابوون لەحاڵی پێشنوێژ هەبێ، چونکە لەکاتی وادا جیایی خانوو مایەی لەیەك جیابوونەوەی پێشنوێژو پاشنوێژە، لەبەر ئەوە پەیوەست بوون‌و نزیکی لە یەکتری بەمەرج دەگرین لەگەڵ نەبوونی ڕێگر (حائیل) چونکە ڕێگر کۆبوونەوە قەدەغە دەکا هەروا مەرجی دامەزراندنی پەیڕەوپێکردنە کشێوەو شێوازو دەستوری نوێژی هەردوولا چون یەك بن، ئەگەر وانەبوون‌و شێوازی نوێژەکانیان لە یەکتری جیابوو ئەوە پەیڕەوپێکردن دروست نیە، وەك نوێژی ئاسایی‌و نوێژی مانگ‌و ڕۆژ گیران‌و نوێژی تەرم. بەڵام دروستە بۆ کەسێ کە نوێژی جازربکا پەیڕەوی بکا بە کەسێ کەنوێژ بگێڕێتەوە، یابەپێچەوانەوە، هەروا دروستە کەسێ فەرز بکا پەیڕەوی بکا بەکەسێ کەسوننەت بکا، یا کەسێ نوێژی نیوەڕۆ بکا پەیڕەوی بکا بەکەسێ کەنوێژی بەیانی بکا، دەق وەك نوێژی لێ پێش

کەوتوو (مەسبووق) لەپاش سڵاودانەوەی پێشنوێژەکەی، مسبوق نوێژەکەی خۆی تەواو دەکا.

مەرجێکی تری دامەزراندنی پەیڕەوپێکردن ئەوەیە: کە نیەتی پاش نوێژ لەنیتی پێشنوێژ دوابکەوێ، وەبە دوو بنییات (واتە بەدوو روکن) پێشی نەکەوێ، یاپاشی نەکەوێ، لەم دوو شێوەیەدا مەبەست لەم دوو بنیاتە بنیاتی کردەوەیی یە، لەکاتی پاش کەوتن دا ئەگەر مەهانەی رەوای هەبوو، وەك ئەوە ێشنوێژ، بەپەلە بوو، پاشنوێژیش خووی بەسستیەوە گرتبوو، ئەوە تاسێ بنیات چاوپۆشی دەگرێ، دەنا نوێژەکەی پووچە، لەهەمان کاتدا دەبی زانایش بی بەوە کەکاری وا نادروستە. چونکە بەراستی کاری وا بەوپەڕی سەرپێچی کردن دادەنرێ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە کەلەیادی نەبێ، یانەزانێ، بەڵام هەرچۆن بێ ئەو رکاتەی بۆ حل ناکرێ، کە تیایدا لە پێشنوێژ پێش (یاپاش) کەوتووە، لەبەر ئەوە دەبێ لەدوا سڵاودانەوەی پێشنوێژەکەی رکاتێ بکا.

سوننەتە نێرینە، ئەگەر هەر خۆی بوو، بامناڵیش بێ، لەلای راستی پێشنوێژەوە رابوەستێ و، کەمێ لێی دوا بکەوێ، چونکە پێغەمبەر خۆی وایکردووە، ئێمەیش ئێستا بۆ پەیڕەوی ئەو وادەکەین، بەمەو وێنەی ئەمە دەگوترێ: (اتباع) هاوکات لەگەڵ ئەم بەڵگەیەدا شتی وا لەزاتی خۆیدا پەیڕەوی باوو نەریتی جوانی ناو کۆمەڵە. جا ئەگەر لەوەدوا نێرینەیەکی تر هات، لەلای چەپیەوە نوێژ دابەستێ، ئەوجا یاپێشنوێژ بچێتە پێشەوە، یا ئەوان بچنە دواوە، ئەمەیش لەکاتی راوەستانا دەکەن، ئەگەر لەسەرەتاوە دوو نێرینە بون لەپشتیەوە ببن بەیەك ڕیز، ئەگەر یەك ژن بوو لەپشتیەوە ببێ بەریزێ، ئەگەر ژن

زۆریش بوون هەروا، ئەگەر پیاوو منالٚو ژن بوون لەسەر ئەم شێوەویە دەوەستن: لەپشتیەوە پیاوەکان ریز دەبەستن، چونکە سەروەوریی بۆ ئەوانە، ئەوجا منالّەکان لەپشت پیاوانەوە ریز دەبەستن، بەلاّم ئەمە کاتێ وایە کەریزی پیاوەکان پڕبووبێتەوەو کەمی نەبێ، دەنا بەمنالٚ پڕ دەکرێتەوە، ئەوسا نێرومێ (خنثی) لەپاش ریزی منالاّنەوە رادەوەستن چونکە هەڵ دەگرن ژن بن، کەژنیش بن لەنوێژا جێگەیان وا لەدوا منالاّنەوە، ئەوجا ریزی ژنان، چونکە ئەمە بەپێی پەیڕەویی پێغەمبەر خۆیەتی {درووودی خوای لەسەربێ}و لەمەدا چاو لەحەزرەت دەکەین.

سوننەتە ئەو ژنەی کە پێشنوێژی بۆ ژنان دەکا لەناوەراستیاندا رابوەستێ‌و کەمێك لێیان پێش بکەوێ، وەڵێ ئەگەر پێشنوێژەکەیان ژن نەبوو، دەبێ پێشیان بکەوێ، ناباشە پاشنوێژ بەتەنها ڕاوەستێ، بەلٚکوو ئەگەر لەریزدا شوێنی دەسەکەوت بڕواتە ریزەوە، ئەگینا لەپاشەوە نێتی نوێژ دابەستن بەجەماعەت بهێنێ‌و ئەوسا یەکێ لەپاشنوێژەکان لەناو ریزەکەوە ڕابکێشێ بۆ لای خۆی‌و لەگەڵ ئەودا ببن بەڕیزێ. سوننەتە ئەو کەسەیش بەگوێ ی بکات‌و نەرم بێ بەدەستیەوە.

دروستە دەسنوێژدار پەیڕەوی بکا بەتەیەمومکەرەوە، بەلاّم بەمەرجێ تەیەمموم کەرەکە کردنەوەی لەسەر نەبێ، دەنا دروست نییە، هەروا دروستە پەیڕەوی بکا بەکەسێ کەمەسحی خوففی کرد بێ، هەروا پەیڕەویکردنی راوەستاو بەدانیشتوو دروستە، چونکە پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} لە نەخۆشییەکەی سەرە مەرگیدا بەدانیشتنەوە نوێژی دەکرد، ئەبو بەکرو خەلٚکەکەیش بەپێوە بوون، هەروا دروستە موسلٚمانی دادپەروەر پەیڕەوی بکا بە ئازادی بەدکار (حوڕی فاسق) بەلاّم نوێژ لە

پشت فاسقەوە گەرچی دروستە بەڵام ناباشە. بەڵگەی دروستبوونی نوێژ لەپشت بەدکارەوە: شەیخان دەگێڕنەوە: کەئیبنو عومەر، ئەو هاوڕێ نازدارەی پێغەمبەر، لەپشت حەججاجی فاسقەوە نوێژی بەجەماعەت دەکرد. ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} سەبارەت بەحەججاج دەفەرموێ: پیاوی فاسقی شەرعی وەك حەججاج دەبێ!.

٧٢) کورتکردنەوەی نوێژی چوار رکاتی:

بە زۆری سەفەر بۆ یەکێ لەم دوو مەبەستەیە: یاهۆی رزگار بوونە لەناخۆشی، یامایەی گەیشتنە بەئاواتێ سەفەریش (لەزاتی خۆیدا) رێگەی هاتو نەهاتەو زۆربەی کات دەبێ بەهۆی سەخڵەتیو زەحمەت، مشەقەتو زەحمەتیش دەبێ بەهۆی بارسووکیو کار ئاسان کردن، لەبەر ئەمە یاسادانەر (شارع) لەئیسلاما کە خوای گەورەیە، لەنوێژی چوار رکاتی، دوو رکاتی داشکاندووە. لە هەمان کاتدا قورئانو سوننەتو یەکگرتن بەڵگەن لەسەر ئەوە کەلە سەفەری رەوای درێژدا دروستە نوێژ کورت بکرێتەوە. لە قورئانا دەفەرموێ: {وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ – سورة النساء – ٤/١٠١} (واتە: کاتێ چوون بۆ سەفەر ئەگەر نوێژەکانتان کورت بکەنەوە. گوناهتان لە سەر نیە). کورت کردنەوەی نەبەستراوە بەکاتی ترسەوە، چونکە یەعلای کوڕی ئومەییە فەرمووی: گوتم بەعومەری کوڕی خەطاب {رەزای خوای لێبێ}: خودا لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: {لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ

أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ} ئـەوەتا بـەپێی ئـەم ئایەتـە کورتکردنـەوە بەسـتراوە بـەکاتی ترسـەوە، خـۆ ئێـستا تـرس نـەماوە مـەردوم هـێمن بوونەتەوە، کەوابو چۆن دروستە بۆ ئێمە نوێژ کورت بکەینەوە؟ ئـەویش فـەرمووی: ئەمـەی سـەرنجی تـۆی ڕاکێـشاوە سـەرنجی منیـشی ڕاکێـشاو منیش وەکوو تۆ لەمە سەرسام بووم، بەڵام کەلەمبارەیـەوە لەپێغەمبـەرم {دروودی خوای لەسەربێ} پرسی، فـەرمووی: ئەمـە خەڵاتێکـەو خـودا بەخـشیوێتی پێتان دەی ئێوەیش خەڵاتەکەی وەربگرن (موسلیم).

بەلگەش لە سوننەتا لەسەر کورتکردنەوەی نوێـژ وەك ئـەوە ئیبنـو مەسـعوود {ڕەزای خوای لێبێ} دەفـەرموێ: لەپـشتی پێغەمبـەرەوە لەسـەردەمی خوێـدا لەسـەفەردا نوێـژی چـوار رکـاتیم بـەدوو رکـات کـردووە، هـەروا لەپـشتی ئـەبو بـەکرو عومەریـشەوە نوێـژی چـوار رکاتیمـان کـورت دەکردەوەو بەدوو رکات دەمانکرد، هەرکەسەیان لەکاتی جێنشینی خۆیانا (شەیخان). ئیبنو عەمەریش دەفەرموێ: بۆ خۆم لە خزمەت پێغەمبـەرو ئـەبو بـەکرو عـو مـەردا سـەفەرم کـردووە، ئـەم زاتانـە لـەکاتی سـەفەردا نوێـژی نیوەڕۆیـان بـە دوو رکـات دەکـرد، هـەروا نوێـژی عەصریـشیان بـە دوو رکات دەکر.

نوێژکورتکردنـەوە هـەر لـە نوێـژی چـوار رکاتیـدا دروسـتەو بـەس لەبـەر ئـەوە نوێـژی شـێوانو بـەیانی کـورت ناکرێتـەوە بـەس نوێـژی نیوەڕۆو عەصرو خەوتنان کورت دەکرێتەوە، هەر نوێژەیان بە دوو رکات دەکرێن.

٧٣) مەرجی سەفەرەکە:

ئەو سەفەرەی نوێژکورتکردنەوەی تیادا ڕەوایە ئەم چەند مەرجەی هەیە:

١) ئەوەیە سەفەرەکە ڕەوا بێو پێی گوناهبارنەبێ. وەك سەفەری حەجو دانەوەی قەرز، کە ئەم جۆرە سەفەرە لە زاتی خۆیاندا فەرزن، یا وەك سەفەری حەجی سوننەتو سەردان لە خزمو کەسوکار، کە ئەم جۆرە سەفەرانە لە زاتی خۆیاندا سوننەتن، یا وەك سەفەری بازرگانیو گەشتکردن، کە ئەم جۆرە سەفەرانەیش لە زاتی خۆیاندا ڕەوان، بەلام نەفەرزن، نە سوننەتن، نە ناباشن، یا وەك سەفەری تاکە کەس، کە بەبێ هاوڕێ سەفەر بکا ئەم جۆرە سەفەرانەیش لە زاتی خۆیانا ناباش (وەمەکرووە)ن.

بەلام سەفەری گوناه هەقی کورتکردنەوەی نیە، چونکە کورتکردنەوە روخصەتو بارسووککردنە، ڕێگەیش بۆ گوناه خۆش ناکرێ، سەفەری گوناه وەك ڕێگریو دزیو جەردەییو هێنانو بردنی مەیو بادەو بەنگو تلیاك، سەفەری ژن بەبێ ڕێپێدانی مێردەکەیو سەفەری قەرزارێ کە توانای دانەوەی قەرزەکەی هەبێ بەبێ ڕێگەپێدانی خاوەن قەرزەکە، لە سەفەری گوناها ڕێبوار نەهەقی نوێژکوتکردنەوەی هەیە، نە هەقی کۆکردنەوەی هەیە، واتە: نە مافی قەصرو نە مافی جەمعی نیە. هەروا مافی ئەوەی نیە کە نوێژی سوننەت بە سواری بکا، یا تاسێ ڕۆژ لە سەفەردا. لە دەسنوێژا مەسحی خوفف بکا، هەروا دروست نیە بۆی لە کاتی ناچاریدا مردار بخوا، سوفیانی ثەوری {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەگەر ستەمکارێ، لە بانێکابێ، نانو ئاوی لێ برابێ، ئەگەر

له برسانا بمرێ، یا له توونیانا بخنکێ نابێ کەس نان‌و ئاوی بداتێ، هەتا وڵات‌و مەردوم‌و دارو درەخت‌و ئاژەڵ له دەستی رزگاریان بێ[1].

٢) ئەوەیه سەفەرەکه درێژبێ، به حسێبی کاروانی برێتییه له دوو قۆناغی تەواو، واته دوو رۆژه رێ، به رۆیشتنی ئاسایی چونکه خۆشەویست {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر سەفەرێ له چوار بەرید کەمتر بێ، نوێژی تیا کورت ناکرێتەوە، (چوار بەرید دەکاته شانزه فرسەق) دەق بەقەد ماوەی نێوانی مەککەو عوسفان. وەك هەموو دەزانین عوسفان له مککەوه دوو رۆژه رێ دووره. ئەم ماوەیه به کیلومەتر دەکاته نزیکەی (٨٤) کیلومەتر، بزانه: دەبێ رێبوار بزانێ که بۆ شوێنێ دەچێ له دوو قۆناغ کەمتر نیه، کەواته: بۆ کەسێ سەری خۆی هەڵبگرێ‌و بەبێ نیازی شوێنێکی دیاری بسوورێتەوه بەناو وڵاتا، مافی نوێژکورتکردنەوەی نیه، هەتا سەفەرکەی زۆریش دەرێژه بکێشێ.

٣) ئەوەیه ئەو نوێژەی که دەیکا نوێژی چوار رکاتی حازربێ، هەر نوێژێ وانەبێ کورت ناکرێتەوه، نوێژی قەزایش ئەم درێژەپێدانەی تیادایه: ئەگەر نوێژەکه له ماڵەوه فەوتا بوو بەڵام ویستی له سەفەردا

---

[1] ئەگەر ئەم کوردستانه نازدارەی خۆمان، که دەتگوت: پارچەیەکی رازاوەیه لەسەر زەمینی بەهەشتی بەرین، ئێستا لەم بارو دۆخی پاشاگەردانی‌و گوشت‌و برەدا، تەماشا بکەی، که چۆن بەدەست دزو جەردەو ستەمکارەوه بووه به گۆمی خوێن‌و بووه به پارەچەیێ ئاگر له دۆزەخی سوور،، ئەو کاته رەحمەت بۆ گۆڕی سوفیانی پەورێ دەنێری.

- وەرگێر -

بیگێڕێتەوە، پێویستە لەسەری کە بە تەواوی بیکا، چونکە ئەو نوێژە بە تەواوی بووە بەماڵ لەسەری، بەڵام ئەگەر لە سەفەردا چوو بوو، وە هەر لە سەفەردا ویستی بیگێڕێتەوە ئەوە بۆی هەیە کە کورتی بکاتەوە، ئەگەر لە ماڵەوە ویستی بیگێڕێتەوە دەبی بە تەواوی بیکا. ئەگەر گومانی بوو نەیدەزانی: ئایا لە ماڵەوە ئەو نوێژەی چووە یا لە سەفەردا، ئەوە دەبێ بە تەواوی بیکا، چونکە تەواوکردن بنەڕەتە (واتە: ئەسڵە) بزانن کە کورتکردنەوە پێنج مەرجی هەیە:

یەکەم: نییەتە، چونکە تەواوکردن بنەڕەتە، جا ئەگەر لە سەرەتاوە لەکاتی نوێژدابەستندا نییەتی کوتکردنەوەی نەبێ، نوێژەکەی لەسەر بنەڕەت دادەمەزرێ، کە تەواو کردنە.

دووەم: دەبێ ڕێبوار لە دەستپێکردنی نوێژەکەوە هەتا تەواوکردنی ڕەفتەنی بێ، چونکە یەزدانی مەزن دەفەرموێ: (اذا ضربتم في الارض) واتە: هەر کاتێ چوون بۆ سەفەر، دەی ئەگەر لە سەفەردا نەبێ مافی کورتکردنەوەی نیە.

سێیەم: دەبێ نوێژکەر ئاگاداربێ لە چۆنێتی کورت کردنەوەی نوێژ، ئەگینا مافی ئەوەی نیە، یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ - سورة النحل - ٤٣/١٦} واتە: ئەگەر خۆتان شتێکتان نەدەزانی لە زانست پەروەرو مامۆستایانی پسپۆڕی زانست بپرسن، لەهەر گرۆهێ ببن).

چوارەم: پەیڕەوی بە نیشتەجێ ناکا، یا بە نوێژکەری تەواو کەرناکا، ئەگەر پەیڕەوی پێبکا دەبێ نوێژەکەی بە تەواوی بکا، چونکە

شوێنکەوتن (متابعـە)ی پێـشنوێژ پێویـستە. لـەم بارەیـەوە، ئـەوە ئـەم پرسیارە لە ئیبنو عەبباس کرا: ئـەوە بـۆ ڕێبـوار ئەگەر بـە تـەنها خـۆی نوێـژبکا نوێـژی چوار ڕکـاتی بـە دوو ڕکـات دەکـا، کەچـی ئەگـەر بـە جەماعەت لە پشت پێشنوێژێکی نیشتەجێوە نوێـژبکا دەبـێ چوار ڕکات بکا؟ فەرمووی: لەبەر ئـەوە نوێـژکردن بـەم دوو شێوەیە لـەم دوو کاتـەدا سوننەتی پێغەمبەر خۆیەتی. (ئەحمەد)

پێنجـەم: نوێـژە کوتکراوەکـە دەبـێ چـوار ڕکاتیـبێ، دەنـا کـورت ناکرێتەوە، وەك بەیانیو شێوان، چونکە شتی وا کـە نوێـژی سـێ ڕکـاتیو دوو ڕکاتی کورت بکرێنەوە ساخ نەبۆتەوە.

٧٤) کەی ڕێبوار دەست دەکا بە کورتکردنەوە:

سەرەتای سەفەر لەوێوە دەست پێدەکا کە ڕێبـوار لـە ئـاوەدانی ئـەو شـوێنەی کـە سـەفەری لێـوە دەکـا تێدەپـەڕێ. ئیبنـو لونـذیر دەفـەرموێ: بەپێی ئاگاداری من پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): لەهـەر سـەفەرێکا نوێـژی کـورت کردبێتـەوە هـەتا لـە سـنووری شـاری مەدینـە نەچووبێتە دەرەوە دەستی نەکردووە بە کورتکردنەوە، هەتا سـەفەرەکەی تـەواو دەبـێ مـافی کورتکردنـەوەی هەیـە، بـەڵام ئەگـەر لـە شـوێنێ مایـەوە لەبـەر کارێ کـە چاوە نـواڕی بـوو، تامـاوەی چوار ڕۆژ نوێـژ کـورت دەکاتـەوە، لـەدوا ئـەوە ئەگـەر لـەوێ مایـەوە دەبـێ نوێـژی تـەواوبکا، خـوا کارەکـەی جێبـەجێ بووبـێ یـا نـە بـەبووبێ، چـونکە لـە صـەحیحەیندا هەیـە: کـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لـە بـەیانی ڕۆژی چـوارەمی مـانگی قوربانـدا گەیـشتە

مەککە، رۆژی چوارەمو پێنجەمو شەشەمو حەوتەم لەوێ مایەوە، لەو ماوەیەدا کە چوار رۆژ دەکا، نوێژی کورت دەکردەوە، لە رۆژی هەستەما نوێژی بەیانی لەوێ کرد، ئەوجا بەرەو مینا کەوتەڕێ! جا لەسەر ئەم بنیاتە رێبوار لەکاتی مانەوەدا لە جێگەیێ هەتا چوار رۆژ بۆی هەیە نوێژ کورت بکاتەوە، لە فەرمایشتێ لە فەرمایشتەکانی شافیعی لەم مەسەلەیەدا: بۆی هەیە هەتا نۆزدە رۆژ، یا هەژدە رۆژ نوێژ کورت بکاتەوە، بەپێی ئەم فەرمایشتە کەوا لە صەحیحی بوخاریدا: ئیبنو عەبباس {رەزای خوایان لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کە شاری مەککەی ئازاد کرد نۆزدە شەو لەوێ مایەوە، لەومانەوەیەدا نوێژی کورت دەکردەوە. واتە نێژە چوارینەکانی دەکرد بە دوو رکات. جا لەبەر ئەمە ئێمەیش هەرکاتێ چووین بۆ سەفەر هەتا نۆزدەشەو لە شوێنێ دەمێنینەوە، هەر هەقمان هەیە کە نوێژ کورت بکەینەوە، بەلام ئەگەر لە شوێنی لە ئەوەندە پترماینەوە ئیتر نوێژی تەواو دەکەین. لە گێڕانەوەیەکا: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە مەککە هەژدە رۆژمایەوە، لە رۆژی غەزای فەتحی مەککەوە.

٧٥) کۆکردنەوەی دوو نوێژ:

بۆ رێبوار دروستە کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆو عەصر، وە شێوانو خەوتنان، ئەگەر لەکاتی نوێژی یەکەما بیانکا پێی دەگوترێ: جەمعە تەقدیم، واتە کۆکردنەوەی پێشخراو، ئەگەر لەکاتی نوێژی دووەما بیانکا پێی دەگوترێ: جەمعە تەئخیر، واتە: کۆکردنەوەی

دواخـراو. سـەر بەڵگـەی ئەمـە ئەوەیـە کـە موعـاذی کـوڕی جەبـەل دەیگێڕێتەوە: فەرمووی: لە غەزای تەبووکدا عادەتی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} وابوو: ئەگەر لە پێش ئەوەدا کە بکەوێتەرێ‌و دەرچێ بۆ سـەفەر خـۆرلای بدایـەو نیـوەڕۆ ببوایـە ئـەوا نوێـژی نیـوەڕۆو عەسـری کۆدەکردەوەو بـە جەمعەتەقـدیم: بـە کۆکردنـەوەی پێشخراو دەیکـردن، ئەگـەر لـە پـێش نیوەڕۆشـدا بکەوتایەتـە ڕێ ئـەوا نوێـژی نیـوەڕۆی دوا دەخست، هەتا دادەبەزی بۆ نوێـژی عەصر، ئەوکاتـە هـەردوو نوێژەکـەی پێکەوە بە کۆکردنەوەی دواخراو دەکرد، لە شێوانیشا هەروەها: ئەگەر لە پـاش ئـاوابوونی خـۆر بکەوتایەتـە ڕێ نوێـژی شـێوان‌و خـەوتنانی کـۆ دەکـردەوە، واتـە: نوێـژی خـەوتنانی دەهێنـا بـۆ لای شـێوان‌و لـە پێـشدا نوێژی شێوانی دەکردو سڵاوی دەدایەوەو دوا بەدوای ئەو بەبێ درنـگ بـە جەمع نوێژی خەوتنانیشی دەکرد، ئەگـەر لـە پـێش ئـاوابوونی خۆریـشدا بکەوتایەتـە ڕێ نوێـژی شـێوانی دوا دەخـست، هـەتا دادەبـەزی بـۆ نوێـژی خەوتنان، ئەوکاتە هەردوو نوێژەکەی بە کۆکردنەوە (بە جـەمع) دەکـرد، لە پێشا شێوان دوا بە دوای ئەو خەوتنانی دەکرد کۆکردنـەوەی پێـشخراو سێ مەرجی هەیە:

یەکـەم: ئەوەیـە نوێـژی یەکـەم لـە پـێش دووەمـدا دەکـرێ، واتـە: نێـوەڕۆ لـە پـێش عەصـرو شـێوان لـە پـێش خەوتنانـدا دەکـرێ، چـونکە کاتەکە هی یەکەمە، دووەم پاشکۆی ئەوە، پاشکۆیش پێش پێشکۆی خـۆی ناکەوێ.

دووەم: دەبـێ لـە سارەتای کردنـی نوێـژی یەکەمـەوە، یـا لـە پـێش تەواوبوونیدا نییەتی کۆکردنەوەی هەردوو نوێژەکەی ببێ.

سێیەم: ئەو دوو نوێژە یەك لە دوای یەك بکاو بەینیان زۆر نەخا، چونکە دووەمیان پاشکۆی یەکەمیان، پاشکۆیش نابێ لە پێشکۆی خۆی دابڕێ، لەبەر ئەوە نوێژە سوننەتە دامەزراوەکان لە نێوانیاندا ناکرێن، بەڵام لە نێوانیاندا سوننەتە ئیقامە بکرێ، چونکە ساخ بۆتەوە کە لەنەمیرە، لەکاتی حەجی ماڵاواییدا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژی نیوەڕۆو عەصری بە جەمع کردووەو لە نێوانیاندا بە فەرمانی ئەو قامەت کراوە.

وەڵێ کۆکردنەوەی دواخراو تەنیا ئەوەندە مەرجە کە لەکاتی یەکەما نێتی داوخستن بێنێ. بۆ نیشتەجێ دروستە لەبەر بارشت لەکاتی نوێژی یەکەما، نوێژی نیوەڕۆو عەصر، یا شێوان‌و خەوتنان بە جەمع بکا، چونکە زەحمەتە، لەبەر ئەوەیش کە بوخاری‌و موسلیم گێڕاویانەتەوە: ئیبنو عەبباس {رەزای خوا لە خۆی‌و لە باوکی} دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} لە مەدینە، نیوەڕۆو عەصری بە جەمعکرد، بە حەوت رکات کردنی، لە گێڕانەوەیەکی موسلیمدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە مەدینە نوێژی بە جەمعکرد، نەترسی هێرشی دوژمنی هەبوو، نە لە سەفەریشدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو مەرجانەی بۆ کۆکردنەوەی پێشخراو هەیە لە سەفەردا، ئەمانەیش مەرجە: لە سەرەتای هەردوو نوێژەکەو لەکاتی سلاودانەوەی نوێژی یەکەمدا باران بباری. وە نوێژەکە لە شوێنێ بکرێ ئەگەر گریمان بچێتەوە بۆی باران لێی بداو جلەکانی تەڕ ببن.

کۆمەڵێ لە هاوڕێیانی شافیعی‌و لە کەسانی تریش دەفەرموون: بەهۆی نەخۆشیشەوە کۆکردنەوە، دروستە. هەندێ لەم زاتانە ئەم زانا

گەورانەن: قازی حوسەین‌و موتەوەللی‌و رەویانی‌و خەتابی‌و ئیمامی ئەحمەدو چەند کەسێکی تریش لە شوێنکەوتووەکانی، ئینو عەبباس خۆی ئەمە دەکا، بەلام پیاوێ رەخنەی لێدەگرێ، ئیبنو عەبباس پێی دەفەرموێ: کابرای بێ دایك! تۆ من فێری سوننەت‌و شەریعەتی پێغەمبەر دەکەی! ئەوجا ئیبنو عەبباس باسی ئەوە دەکا کە پێغەمبەر خۆی ئەمەی کردووە. ئیبنو شەقیق دەفەرموێ: دڵم لەم مەسەلەیە چەکەرەی دەکرد، بۆیە چوومە خزمەت ئەبو هورەیرە، بۆ ئەم باسە لێم پرسی، فەرمایشتەکەی ئیبنو عەبباسی بە راست دانا، ئەم داستانەی ئیبنو عەبباس‌و کاباری تەمیمی رەخنەگرو پرسیارکردنەکەی ئیبنو شەقیق، هەمووی لە صەحیحی موسلیمدا تۆمارە. نەوەویش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: بڕیاری کردنی جەمعی نوێژ لەبەر نەخۆشی، فەرمایشتێکی راشکاوی لە رووی پەسەندە، چونکە لە صەحیحی موسلیمدا تۆمارکراوە: کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە مەدینە بەبێ مەهانەی رەوا، وەك ترسی هێرشی دوژمن‌و باران، نوێژی بە کۆکردنەوە کردووە، ئیسنائی دەفەرموێ: ئەمەی کە نەوەوی پەسەندی کردووە، شافیعی لە (موختەصەرو لموزەنی)دا بەدەق دەیفەرموێ. مەبەست‌و ناوەڕۆکیش پشتگیری ئەوە دەکا، چونکە نەخۆشی دەبێ بەهۆی دروستبوونی نەگرتنی رۆژووی فەرز، دەق وەك سەفەرەکە دەبێ بەهۆی دروستبوونی نەگرتنی رۆژووی فەرز، کەواتە: دەبێ نەخۆشی باشتر ببێ بەهۆی کۆکردنەوەی نوێژ، بەڵکوو کۆمەڵێ لە زاناکان بۆ ئەوە چوون کە دروستە بۆ نیشتەجێ، لەبەر پێداویستی، نوێژ بە جەمع بکا، بەمەرجێ نەیکا نەپیشە. ئەمە فەرمایشتی ئەبو ئیسحاقی مروزییە لە قەففالەوە

راگـوێزی کـردووه، خـەتابی لـە دەم کۆمـەڵێ لـە دەسـتەی فـەرموودەوە، دەگێڕێتـەوە، ئیبنـو لمونـذیر بـە پەسـەندی دادەنـێ، ئەمـە فەرمایـشتی ئەشهەبیـشە کـە لـە هاوڕێیـانی مالیکـە، هـەروا قـسەی ئیبنـو سیرینیـشە، فەرمایشتەکەی ئیبنو عەبباسیش دەبێ بـە نیـشانە بـۆی کـە دەفـەرموێ: مەبەستی پێغەمبەر لەو جۆرە جەمعە ئەوەبوو کە ئوممەتەکەی تووشـی مەشـەققەت نـەکا. چونکە ئـەوەبوو کـە فـەرمووی: پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە مەدینە نوێژی بیوەڕۆو عەصری پێکەوە کۆکردەوەو شێوان‌و خەوتنانیـشی پێکـەوە کـۆکردەوە، بـەبێ بەهانەیـەکی رەوا، وەك تـرس‌و باران، سەعیدی کوڕی جوبەیر لێی پرسی: قوربان! دەبێ لـە بەرچی وای کردبێ؟ فـەرمووی: هـەتا نەتەوەکـەی تووشـی سـەخڵەتی نـەکا (نەتـەوە: واتە: ئوممەت – وەرگێڕ).

ئەوەتا ئیبنو عەبباس پاساوی ئەم کارەی حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} بەوە ناداتەوە کە گوایە نەخۆشبووە، یا بەشتێکی تری ئاوا.

٧٦) گێڕانەوەی نوێژی فەوتاو:

نەکردنی نوێژ یا لەبەر بەهانەی رەوایە، یا بـەبێ بەهانەیـە دیـارە هەرکەسێ، بە قەستی، بەبێ بەهانەیەکی رەوا، نوێژ نـەکا، ئـەوە لـە خـوا یاخی دەبێ، وەخۆی تووشی گونـاهێکی گـەورە دەکـا، لـەو گوناهەگەورانـە کـە دەبـن بـە مایـەی رەنجـەڕۆیی! پێویـستە لەسـەری زۆر بـە زوویـی پەشـیمان ببێتـەوە، لەسـەر دەسـتی خـوادا تەوبـە بکـا، وەبـەبێ دواخـستن دەسـبەجێ ئـەو نوێـژە چـواوە بگێڕێتـەوە، جـا ئەگـەر ئـەوەی کـرد ئـەوا

ئـەركی سەرشـانی خـۆی بـەجێ هێنـاوە، دەنـا پێویـستە لەسـەر مـیری موسوڵمانان شەڕی لەگەڵ بكا، بەپێی فەرمایشتی خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} كـە دەفـەرموێ: خـودای گـەورە فـەرمانی بـەمن كـردووە كـە شـەڕ بكەم لەگەڵ ئەو خەڵكەدا هەتا شایەتمان دێنن‌و بە زمـان ئیعلانـی ئیمـان دەكەن‌و دەڵێن (لا الـه الا الله) وە دوا ئـەوە نوێـژێكی ڕێكوپێـك دەكـەن‌و بەپێی توانـا زەكـات دەدەن‌و حـەجی مـاڵی خـوا دەكـەن‌و مـانگی ڕەمـەزان بەڕۆژوو دەبن، ئیتر ئەو كەسـەی ئەمـە بكـا، سـەروماڵی خـۆی لـە هـەموو كەسێ قەدەغە دەكاو، گیان‌وسامان‌و ناموسی لـە هـەموو كەسـێ حـەرام دەبێ، مەگەر بـەپێی شـەرعی خـوا! جا لەسـەر ئـەم بنیاتـە نوێـژ نەكـەر ئەگەر پەشیمان بووەوەودڵی داهێنا، ئـەوا پێویـستە لـە سـەرمان وازی لـێ بهێنین، چونكە یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ - سورة التوبة - ٥/٩} واتـە: تەوبـەیان كـردو نوێـژێكی ڕێكوپێكیـان كـردو بـەپێی توانـا زەكاتیانـدا، ئـیتر وازیـان لێبهێـنن‌و بیانوویـان پـێ مـەگرن. بـەڵام ئەگـەر هەرسـوور بـوو لەسـەر نوێژنەكردن ئەوە سوور دەكوژرێ!.

ئەگەر نەكردنی نوێژ لەبەر مەهانەیێ بوو، وەك خەو، یـا بەهەڵـە، یا لە بیری چوو، ئەوە گوناهی لەسە نیە، بەڵام پێویستە لەسەری لـەوەدوا بیگێڕێتەوە، هەنـدێ دەڵێن: نوێـژی وا ئەدایـە، دەبـێ نییـەتی ئـەدای لـێ بهێنـرێ، كاتەكەیـشی ئـەو كاتەیـە كـە مەهانەكـەی نـەمێنێ، چـونكە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: هەركەسـێ بـەهۆی خەوتنـەوە نوێژێكی لەكاتی ئاسایی خۆیدا نەركد، یا بـەهۆی لەبیرچوونەوە، كـاتی كردنی ئەو نوێژە ئەو كاتەیە كە بیری دەكەوێتەوە).

سوننەتە نوێـژە چووەکان لەسـەر ریـزو تـەرتیی خۆیـان بکـرێن، هـەروا سـوننەتە نوێـژی فـەوتاو لـە پـێش نوێـژی حـازرەوە بکـرێ، بـە مەرجێ بۆ نوێژە حازرەکە ئەوەنـدە کـاتی خـۆی بمێنـێ کـە بەشـی یـەك رکاتی بە ئەدا بکا. جا کاتـێ دەسـتی کـرد بـە گێڕانـەوەی نوێـژێ، ئەگـەر تەماشای کرد ئەگەر تەواوی بکا نوێژە حازرەکـەی دەفـەوتێ یـا بەلایـەنی کەمەوە فریای رکاتێکی لە کاتی خۆیدا ناکەوێ، ئەوە دەبـێ یـا بیـبڕێ، یـا بیکا بە سوننـەتو یەکسەر نوێـژە فەرزەکـەی بکـا (تەمـاشـای نامیلکـەی – حکم تارك الصلاة – بکە کەهی دانەر خۆیەتی).

٧٧) نوێژی هەینـی (صلاة الجمة):

نوێژی هەینی بە عەرەبی پێی دەگوترێ جومعە، جومعەیش واتـە: کۆبوونەوە، جا لەبەر ئەوەی کە مەردوم لەم نوێژەدا کۆدەبنەوە نـاونراوە جومعـە. یـا لەبـەر ئـەوە نـاونراوە جومعـە چـونکە لـە رۆژی هەینیـدا خێرێکـی زۆر کۆدەبێتـەوە. ئـەم نوێـژە گـەورەترینی هـەموو نوێژەکانـە، رۆژەکەیـشی لـە هـەموو رۆژەکـانی تـری حەفتـە گـەورەترە، چـونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: رۆژی هـەینی گـەورەترین رۆژە کە هەتاوی تیا هەڵدێ، ئـادەم لـە رۆژی هەینیـدا خـودا دروسـتی کـردووە، هەر لەم رۆژەیشدا براوەتە ناو بەهەشت، هەر لەم رۆژەیشدا لە بەهەشـت دەرکـراوە، قیامـەتیش هـەر لـە رۆژی هەینیـدا هـەڵ دەسـتێ! (موسـلیمو ئەبو داووو نـەسائیو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە {رەحمەتی خوای لێبێ} .

٧٨) نوێژی جومعە، سوننەتە یافەرزە؟:

نوێــژی هــەینی بــەپێی نامــەی خــوداو ســوننەتی پێغەمبــەرو یــەکگرتنی نــەتوە (ئوممــەت) فــەرزە. یــەزدانی مــەزن فەرموویــەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ – سورة الجمعة – ٩/٦٢}. خۆشەویستیش {درووددی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بەو کەسە کە گیانی منی بۆ دەسە نیازم هەبوو کە بە پیاوێ بڵێم لە جیاتی خۆم بەرنوێژییکە بۆ خەڵکەکە بکا، وە خۆشم بڕۆم بە سەر ئەو پیاوانەی کە لە نوێژی جەماعەت دوادەکەون، وە فەرمان بدەم کە بە باوەشەدارماڵەکانیان بە سەریاندا بسووتێنن (ش/ د/ ت/ ن/). لە گێڕانەوەیەکی صەحیحی موسلیمدا: پێغەمبەری خوا هەڕەشەی لەوانە کرد کە لە نوێژی هەینی دوا دەکەونو نایکەنو لە بارەیانەوە فەرمووی: بەوکەسە کە گیانی منی بەدەسە نیازم هەبوو کە بە پیاوێ بڵێم لە جیاتی خۆم پێشنوێژییەکە بۆ خەڵکەکە بکا، وە خۆشم بڕۆم بۆ سەر ئەو پیاوانەی کە لە نوێژی هەینی دوادەکەونو ماڵەکانیان بەسەریاندا بسووتێنم. لە گێڕانەوەیەکا: حەزرەت {درووددی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەو کەسانەی کە نوێژی هەینی ناکەن، یا دەبێ واز بێنن لەم کارە ناپەسەندە، یاخود خودا دڵیان مۆر دەکا، ئینجا بەرەبەرە بێ ئاگاو نابەڵەد دەبن لە دینو لە ڕێگەی ڕەهبەر دووردەکەونەوە، وردەوردە ئەم کارەیان سەر دەکێشێ بۆ کوفرو بێدینی. (موسلیمو کەسانی تر) لە گێڕانەوەیەکا: نوێژی هەینی لەسەر هەموو نێرینەیەکی ڕەسیدە فەرزو پێویستە. (نەسائی بەڕشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە). لە حەدیسی شەریفدا دەفەرموێ: ئەوەی لەبەر کەمتەرخەمی سێ نوێژی

هەینی نەکا خودا مۆر دەنێ بەسەر دڵیدا. (ئەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی گێڕاویانەتەوە. رشتەی نەسائی دروستە، چونکە بەپێی مەرجی موسلیمە. رشتەی ئەبو داوودو تیرمیذیش جوانە).

ئیبنو لمونزیر دەگێڕێتەوە: کە یەکگرتن هەیە لەسەر ئەوە کە نوێژی هەینی لەسەر هەموو کەسێ فەرزە، واتە: فەرزی عەینە. ئیبنو عومەریش دەفەرموێ: نوێژی هەینی بە یەکگرتنی نەتەوە فەرزە. واتە: ئیجماعی لەسەرە.

٧٩) مەرجەکانی پێویستبوونی:

مەرجەکانی پێوستبوونی نوێژی هەینی حەوت شتە :-

یەکەم ئیسلامە، وەك لەنامەی نوێژا لە پێشەوە روون کرایەوە.

دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەم: ئازادیو رەسیدەبوونو نێرینەییو هۆش ساغیو لەش ساغی. چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: نوێژی هەینی پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێ، ئەم چوار کەسەی لێ دەرچێ: بەندەی زەرخرپدەو ژنو منداڵو نەخۆش. (ئەبوو داوود گێڕاویەتەوە) جا شێت هەینی لەسەر نیە، چونکە داوا لێکردن (تەکلیف)ی لەسەر نیە، لەبەر ئەوە بە پێوەری نەخۆشی دەپێورێ رووتیو ترس لە ستەمکارو دەستوپێوەندیو سك چوونو رەوانیەکی وا خۆی پێ رانەگیرێ، مەهانەی رەوای نەچوونن بۆ نوێژی هەینی، هەروەها کەسێکیش کە مەترسی ئەوەی هەبوو کە مردووەکە بتەقێ، یا بۆگەن بکا، هەتا ئەو لە هەینی دێتەوە، ئەوە دەبێ

به مەهانه بۆ نەچوونی بۆ ئەو هەنییه، با دەستوبرد لە تەدارەککردنو ناشتنی ئەو مردووه بکا.

حەوتەم: نیشتەجێییە، کەواتە: هەینی لەسەر رێبوار پێویست نیە، چونکە نەبیستراوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە سەفەردا نوێژی هەینی کردبێ، دەگێڕنەوە کە گوتراوە: نوێژی هەینی لەسەر رێبوار نیە. (بەیهەقی گێڕاویەتەوە، بەڵام بەمەوقووفی لەسەر ئیبنو عومەر).

٨٠) مەرجەکانی دامەزراندنی:

سەرەرای ئەو مەرجانەی کە بۆ دامەزراندنی نوێژ دانراوە، وەك لە پێشەوە رابورد، بۆ دامەزراندنی هەینی ئەم سێ شتەیش مەرجە:

یەکەم: ئەوەیە ئەو نوێژی هەینییە لەناو سنووری ئەو شوێنەدابێ، کە نیشتەجێ بێ (واتە: مەحەلی ئیقامەبێ) بۆ ئەو ژمارە نیشتەجێیانە کە لەو شوێنەدا ئەو هەنییە دەکەن، خوا ئەو شوێنە شاربێ، یا گوندبێ، یا کەپرو ساباتێکی وابێ کرابێ بە نیشتمان، ئیتر ماڵەکان لە قوڕو بەردبن یا لە دراو شتی وابن چونیەکە، بەڵگەی ئەم بۆچوونەیش ئەوەیە: کە نەبیستراوە لە سەردەمی پێغەمبەرو جێنشینە هەقناساکاندا، کە نوێژی هەینی لە غەیری ئەم جۆرە جێگایانەدا بکرێ.

دووەم: ئەوەیە کە بە جەماعەت بکرێ، چونکە نەبیستراوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یا جێنشینە هەقناسەکان، یا هیچ زاناو پێشەوایەکی تر لە پاش ئەوان، نوێژی هەنییان بە تەنها کردبێ، بەبێ جەماعەت. لە بابەت ژمارەیێ کە جەماعەتی پێ دامەزرێ مەجەماتی

پـێ دادەمـەزرێ چـەند فەرمایـشتێ گـوتراوە: هەنـدێ دەڵـێن: بـە پێـشنوێژەوە بـە چـوار کـەس دادەمـەزرێ، هەنـدێ تـر دەڵـێن: بەسـێ کەسـیش دادەمـەزرێ، هەنـدێ تـر دەڵێن: ژمارەیـەکی وا حلێبـە، کە ئـەو شوێنەی لێی بن ببێ بە گوند، وە بتوانن لەوێ نیشتەجێ بن، وە سـەوداو مامەڵەو کڕینو فرۆشتن لە نێوانیاندا هەبێ!.

بەڵام ڕێبـازی تـەواو ڕاسـتی نـاودار ئەوەیـە: دەبێ ژمارەیـان بگاتـە چـل کـەس، لەسـەر ئـەم رایـە، چـەند فـەرموودەیێ کـراوە بـە بەڵگـە یەکێکیان: فەرموودەکەی جابیرە {ڕەزای خوای لێبێ} کـە دەفـەرموێ: سـوننەت لەسەر ئەوە سەری گرتووە کە هەر کۆمەڵێ، لە شوینێکا، ژمارەیـان بگاتـە چـل کـەس، یـا زیـاتر، ئـیتر نوێـژی هـەینییان لەسـەرە! (بەیهـەقی)، فەرمایشتی هاوڕێی پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} کـە بفـەرموێ: سـوننەت لەسـەر ئـەوە سـەری گرتـووە، وەك فەرمایـشتی پێغەمبـەر خـۆی وایـە. یـەکێکی تریـشیان: فەرموودەکـەی کـەعبی کـوڕی مالیکـە، دەفـەرموێ: ئەسعەدی کوڕی زورارە یەکەم کەس بوو کە نوێژی هەینیی بۆ دەکـردین، لـە گونـدی هەزمولنـەبیت، لـە هـەواری بـەنی بـەیاضـە، لـە نەقیعولخەضیمات، کە ناوی شوێنێکە دەوری میلێ دوورە لـە مەدینـەوە. ئەورەحمانی کوڕی پێی فـەرموو: چـەن کـەس دەبـوون؟ فـەرمووی: چـل کـەس بـووین. (ئـەم فەرموودەیـە ئیبنـو حـەببانو بەیهـەقی بـە فەرموودەیەکی دروستو ساخیان دانـاوە). یـەکێکی تریـشیان کـە ئەوەیـە پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لـە شـاری مەدینـە نوێـژی هـەینی دەکـرد، نەبیستراوە کـە بـە چـل کـەس کـەمتر هـەینی کردبێ!. مەرجـە ئـەو چـل کەسە نوێژی هەینییان لەسەربێو داوالێکراوبن بەپێی شەرع کە بیکەن.

سێیەم: ئەوەیە کە لەوەختی ئەدادا بکرێ، کە بریتییە لە کاتی نوێژی نیوەڕۆ، چونکە ئەنەس {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دەستووری پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وابوو ئەو کاتە نوێژی هەینی دەکرد، کە خۆر لە ناوەراستی ئاسمان لای دەدا. (بوخاری). موسلیمیش {رەحمەتی خوای لێبێ} لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: جاران لەگەڵ پێغەمبەردا {دروودی خوای لەسەربێ} ئەوکاتە نوێژی هەینیمان دەکرد، کە خۆر لە ناوەراستی ئاسمان لادەدا.

جا ئەگەر کات ئەوەندەی نەمابوو کە نوێژی هەینی تیادا بکەن، نوێژی نیوەڕۆ دەکەن، تەنانەت ئەگەر گومانی ئەوەیان بۆ پەیدابوو، کە کاتەکەی بەسەرچووە دەبێ نوێژی نیوەڕۆ بکەن، چونکە مانیی کاتەکە مەرجی دامەزرانیەتی، لەبەر ئەوە گەرەکە سووربزانێ کە کاتەکەی ماوە، گومانی مانی بەس نیە.

٨١) فەرزەکانی نوێژی هەینی:

هەینی سێ فەرزی هەیە :-

یەکەم: ئەوەیە: کە دوو وتار لە پێشیەوە بخوێنرێتەوە، وتارخوێن لە نێوانیاندا دەبێ دابنیشێ لە صەحیحی موسلیما لە جابیری کوڕی سەموورەوە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەستووری وابوو دوو وتاری دەخوێندەوە، لە نێوانیاندا دادەنیشت، بەپێشەوە وتارەکانی دەخوێندەوە. لە گێڕانەوەیەکا: دەستووری خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} وابوو: دوو وتاری دەخوێندەوە، قورئانی دەخوێندو ئامۆژگای خەڵکەکەی دەکرد.

روكـنو بنیاتـەكانی ئـەم دوو وتارانـە پێـنجن: حەمـدی خـواو صەلاواتدان لەسەر حەزرەتی پێغەمبەرو پەنـدو ئامۆژگای خەڵكەكە كە لە خـوای گـەورە بترسـن، بـەپێی پـەیرەویی حـەزرەت لـەم بنیاتانـەدا، لـە وتاری دووەمدا دەبێ نزا بـۆ موسوڵمانان بكا، بەلایـەنی كەمـەوە ئایـەتێ كـە مەبەسـت بـدا بـە دەسـتەوە بخوێنـێ، كەواتـە (ثـم نظـر) بـەس نیـە، چـونكە مەبەسـتێ ناگەیـەنێ، ئـەم دوو وتـارە ئـەم حـەوت مەرجانـەیان هەیە: كاتی نوێژەكە هاتبێ، نابـێ نوێژەكە لێیـان پـێش بكـەوێ، بـەڵكوو وتارەكان دەخرێنە پێش نوێژەكەوە، ئەگەر دەیتوانی لە كاتی وتارەكانـدا، لەسەرپێ رابوەستێ، لە نێوانیاندا بە ئەندازەی ئارامبوونەوەیێ دابنیشێ، دەسـنوێژی هـەبێ، لەشـی پاكبـێ، پیـسی بـە جەسـتەو جلو جێگەیـەوە نەبێ، بە جلێكی پـاك شـەرمگای داپۆشـرابێ، ئوەنـدەیش دەنـگ بـەرزەوە بكـا كـە بەلایـەنی كەمـەوە چـل كـەس لەوانـەی كـە جومعـەیان پـێ دادەمەزرێ دەنگی ببیستن.

فـەرزی دووەمـی نوێـژی هـەینی: ئەوەیـە كـە بـە دوو ركـات بكـرێ، عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لـە دەمـی پێغەمبـەر خـۆیم ژنەوتـەووە دەیفەرموو {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژی هەینی دوو ركاتە، وە نوێـژی جـەژنی رەمـەزان دوو ركاتـە، وە نوێـژی جـەژنی قوربـان دوو ركاتـە، وە نوێـژی سەفەر دوو ركاتە، ئەم نوێژانە كە بە دوو ركات دەكرێن تـەواون، نـەوەك بڵێی كورتـەوەكراون. (نەسـائیو ئەحمـەدو ئیبنـو ماجـە: بەسـێ رشـتەی دروست).

فەرزی سێیەمی نوێژی هەینی: ئەوەیە كە بەكۆمـەڵ (بەجەماعـەت) بكرێ، بەڵگەی ئەمە لە پێشەوە رابورد.

٨٢) هەیئەتەکانی نوێژی هەینی:

سوننەتە بۆ کەسێ کە بیەوێ نوێژی هەینی بکا: چوارشت:

یەکەم: خۆشۆردن، چوکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەگەر کەسێکتان ویستی بچێ بۆ نوێژی هەینی با خۆی بشۆرێ. (شەیخان).

دووەم: جەستەی پاكو خاوێن بکاتەوە، لە چڵكو ئارەق و ئەو شتانەی دەبن بەهۆی پەیدابوونی بۆنی ناخۆش، چونکە مەبەست لە خۆشۆردن ئەمەیە، نەك کردنی ئاو بەسەر جەستەداو بەس. شافیعی {خۆشنوودیی خوای گەورەی لێبێ} دەفەرموێ: کەسێ جلو بەرگی خاوێن رابگرێ، خەمو پەژارەی کەم دەبێ، کەسێکیش بۆنی خۆشبێ ئەقڵی پتر دەبێ!.

سێیەم: خۆڕازاندنەوە بە جلی جوانو خۆشەویستی خۆبۆنخۆشکردن: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەوەی رۆژی هەینی خۆی بشۆرێو جلی جوان لەبەر بکاو ئەگەر لە ماڵەوەی بۆنی خۆشی هەبوو لەخۆی بدا، ئینجا بڕوا بۆ نوێژی هەینیو لە مزگەوت هەنگاو هەڵ نەنێ بەسەر سەری کەساو ئەوەندەی خودا لە چارەی نووسیوە نوێژی سوننەت بکا، وەکاتێ پێشنوێژ هاتو دەستی کرد بە وتاری هەینی بێ دەنگ ببێو گوێ رابگرێ تا پێشنوێژ لە نوێژ دەبێتەوە، ئەوەی ئاوا بکا ئەوە دەبێ بە کەفارەتی گوناهی نێوانی ئەم هەینیو هەینییەکەی پێشی. (ئیبنو حەببان لە صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، حاکم گێڕاویەتەوە وە دەفەرموێ: بەپێی مەرجی موسلیمە).

بەرگە سپی زۆر پەسەندە، بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): جلی سپیش لەبەر بکەن، چونکە لە باشترین بەرگی ئێوەیە، وە مردووەکانیشتانی تیا کفن بکەن.

چوارەم: نینۆککردنو لابردنی موویێ کە لابردنی سونەتبێ، چونکە شتی وا لە سروشتی باشی مرۆڤە.

٨٣) گوێڕاگرتن لە وتارەکەی:

لە بارەی قسەکردنەوە لەکاتی وتاردا راجیایی هەیە، شافیعی بە دەق دەفەرموێ: ئەوە نادروستە، مالیكو ئەحمەدیش هەروا دەفەرموون، گێڕانەوەی دامەزراوی ئەحمەدیش هەروایە، خوای گەورە دەفەرموێ: {وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ - سورة الأعراف - ٢٠٤/٧} زوربەی (مفسرین) راڤەکەرانی قورئان دەفەرموون: ئەم ئایەتە لە بارەی ئەوەوەیە کە گوێ لە وتاری هەینی رابگیرێ، وە لەم ئایەتەدا وتارەکە ناونراوە قورئان، چونکە بەشێ لە وتارەکە قورئانە. لە فەرموودەیشدا خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: رۆژی هەینی لەوکاتەدا کە پێشنوێژ وتار دەخوێنێتەوە ئەگەر بە هاونشینی خۆت بڵێی وسبە، بێدەنگبە، ئەوە خۆشت بێجا دەکەی! (رواه الجماعة الا ابن ماجه).

رێبازی تازەی شافیعی ئەوەیە: قسە نادروست نییەو، گوێڕاگرتن لە وتار سونەتە، چونکە شەیخان دەگێڕنەوە: کە ئیمامی عوسمان چووە ناو مزگەوتەوە، لەوکاتەدا ئیمامی عومەر وتاری دەخوێندەوە، عومەر

فەرمووی: ئەوە بۆ بازێ پیاو بە زوویی نایەن بەدەنگ بانگەکەوە؟ عوسمانیش فەرمووی: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! هەر کە گوێم لە بانگ بوو ئەوەندە مامەوە هەتا دەستنوێژم گرت. دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} خەریکبوو، وتاری هەینی دەدا، لەوکاتەدا، پیاوێ دێتە ژوورەوەو دەڵێ: کەی قیامەتە؟ خەڵکەکە ئاماژەیان بۆیکرد کە بێ دەنگبێ، بەلاّم پیاوەکە بێدەنگ نەبوو، وە قسەکەی دووبارەکردەوە، پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} لە پاش جاری دووەم فەرمووی: هاوار لە تۆ، چیت بۆی ئامادەکردووە؟ پیاوەکە گوتی: خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری خوا. حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: دەی مژدەت لێبێ تۆ لە قیامەتدا لەگەڵ ئەوکەسانە دەبی کە خۆشت دەوێن! (بەیهەقی بە رشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە). ئەم دوو رووداوەیش بەڵگەن لەسەر ئەم بابەتە چونکە ئەوەتا عوسمان قسەی کردووەو وەڵامی عومەری داوەتەوەو پێغەمبەرێش {دروودی خوای لەسەربێ} رەخنەی لە قسەکردنەکەی پرسیارکەرەکە نەگرتووە، دیارە ئەگەر شتی وا نادروست بوایە پێغەمبەر رێگەی نەدەدا. ئەم راجیاییە بۆ قسەیەکە کە مەبەستێکی گرنگی دەسبەجێی تیادا نەبێ، دەنا نەك هەر نادروست نیە، بەڵکوو پێویستە، وەك ئەوە کوێرێ خەریکە بکەوێتە بیرێکەوە، وریای بکاتەوەو رێگەی پێ نیشانبدا. یا دووپشکێ لە نزیك کەسێکەوەبێو هۆشیاری بکاتەوە، یا ببینێ واستەمکارێ بە شوێن مرۆڤێکی بێتاوانا دەگەڕێ، ئەویش ئاگاداری بکاتەوە، یا وەك ئەوە فەرمان بە چاکە بکا، یانەیی لە خراپە بکا.

٨٤) لەکاتی وتارەکەدا نوێژ دروستە:

ئەگەر پێشنوێژ وتاری دەخوێندەوەو لەو کاتەدا کەسێ هاتە ژوورەوە چی بکا؟ ئایا دوورکات نوێژی دیاری مزگەوت بکا یانا؟ لەم بابەتەدا راجیایی هەیە، هەندێ لە زانایان دەفەرموون: با نەیانکات، ئەم رایە دەگێڕنەوە لە ئیبنو عومەرو عوسمانو علییەوە {رەزای خوایان لێبێ} هەروەك فەرمانیش کراوە بە گوێڕاگرتن، ئەو فەرموودانەیش کە لە داستانەکەی سولەیکدا هەن ئاوای تەئویل دەکەن: گوایە سولەیك رووتەڵەبووە، بۆیە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} فەرمانی پێکردووە کە هەڵسێ نوێژبکا، هەتا خەڵکەکە ببینن، بەڵکوو خێری پێ بکەن. شافیعیو ئەحمەدو ئیسحاقو شەرعزانەکانی فەرموودە شوناسەکان دەفەرموون: لە پێش ئەوەدا کە دابنیشێ سوننەتە دوو رکاتی سووکەڵەی دیاری مزگەوت بکا، ئەم داستانەی سولەیکیان کردووە بە بەڵگە، کە جابیر دەفەرموێ: رۆژێکی هەینی لەوکاتەدا کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} وتاری دەدا سولەیکی غەطەفانی هات دانیشت، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: ئەی سولەیك! هەڵسە دوو رکات نوێژی سووکەڵە بکە، ئنجا فەرمووی: رۆژی هەینی ئەگەر یەکێکتان لەوکاتەدا هات بۆ مزگەوت کە پێشنوێژ وتاری دەخوێندەوە با بەگورجی دوورکات نوێژی سوکەڵە بکا. (ش /د /ت /ن) ئەمە بەڵگەی رۆشنی ئەوەیە کە نوێژی دیاری مزگەوت لەم کاتەدا سوننەتە لەبەر ئەوە تەئویلی ئەوانە کە دەفەرموون سولەیك لەبەر ئەوە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} فەرمانی پێکردووە بە راوەستان تا خێری پێبکرێ، ئەم تەئویلە قوبوڵ نیەو

پووچە، چونکە ئەوەتا خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} ئاشکرا دەفەرموێ: ئەگەر یەکێکتان لەو کاتەدا هات بۆ مزگەوت.. تاد. چونکە ئەمە دەقێکی رۆشنە تەئویل هەڵناگرێ، دروست نیە کار بە پێچەوانەی بکرێ. وەکی تریش ئەمە بۆ ئەوانەیە کە کاتێ دێنەژوورەوە پێشنوێژ وتار دەخوێنێ بەڵام بۆ ئەوانەی کەوان لەناو مزگەوتەکەدا دروست نیە لەوکاتەدا نوێژ دابەستن. تەنانەت ئەگەر خەریکی نوێژ بوو دەبێ گورج بیکا، ماوەردی‌و ئەبو حامیدی غەزالی وادەفەرموون.

٨٥) خوێندنی سوورەتی کەهف:

سوننەتە: سوورەتی کەهف لە رۆژ یا شەوی هەینیدا بخوێنێ، بە رۆژ بەپێی ئەم فەرموودەیەی {دروودی خوای لەسەربێ}: لە رۆژی هەینیدا هەرکەسێ سوورەتی کەهف بخوێنێ، لە نێوانی هەردوو هەینییەکەدا نووری لێ دەبارێ. (حاکم‌و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە، بەیهەقی لە سونەندا) بە شەویش بەپێی ئەم فەرموودەیەی {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کسێ لە شەوی هەینیدا سووەتی کەهف بخوێنێ، لەلای خۆیەوە هەتا بەیتوڵڵا بە نوور رۆشن دەبێتەوە بۆی (بەیهەقی).

پێویستە لەسەر شێوەیێ بیخوێنێ سەرنەشێوێنێ لە خواپەرستی تر لەکاتی خواپەرستیدا، دەنا نادروستە، چونکە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بێداربن! ئێوە هەمووتان هەر گفتو گۆ لەگەڵ پەروەردگاری خۆتان دەکەن، کەواتە مەبن بە ئازارو ئەرك بۆ یەکتری لەکاتی دەورکردنەوەیشدا دەنگ بە سەردەنگی یەکتردا هەڵ مەبڕن.

باشترین کات بۆ خوێندنی، له پاش نوێژی بەیانییه، چونکه خێر هەتا پەلەی لێبکەی باشتره. بەڵام ئەوەی که برێ قورئان خوێن له مزگەوتا دەیکەن، لەسەر شێوەیەکی وا که دەبێ بەهۆی سەرلێشێوانی نوێژ کەرەکان، ئەوە نادروسته، وەك زانا پێشەواکان ساخیان کردۆتەوە. شتی وا بەشێکه لەو بیدعەتکارییه ناشرینەی که خاوەنی شەریعەت به دانایی خۆی هۆشیاری کردووینەتەوە له بارەیەوە. خوا ئێمەو موسوڵمانان لەوە بپارێزێ.

٨٦) کاژێری نزاگیرابوون:

سوننەته لەشەوو رۆژی هەینیدا نزاو پاڕانەوە زۆر بخوێنێ، له رۆژەکەیدا بۆیه سوننەته بەڵکوو رێکەوتی کاتی نزاگیرابوون بکا. له رەوضەدا نەوەوی دەفەرموێ: فەرمایشتی دروست له بارەی کاتی نزاگیرابوونەوە ئەوەیه که له صەحیحی موسلیمدا تۆمارکراوە، که پێغەمبەر {درووەدی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەوکاژێره لەو حەلەوەیه که پێشنوێژ دادەنیشێ لەسەر مینبەر هەتا نوێژتەواو دەبێ. ئەم کاتەیه دەمێکی پیرۆزی زۆرکەمه، له صەحیحەیندا دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەدی خوای لەسەربێ} به دەستی پیشانیدا که ئەو ماوەیه گەلێ کەمه، له شەوەکەیشیدا بۆیه سوننەته چونکه شافیعی {خۆشنوودیی خودای لێبێ} دەفەرموێ: بەمن گەیشتۆتەوە که له شەوی هەینیدا نزاگیرا دەبێ.

٨٧) سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}:

لە شەوو رۆژی هەینیدا سەڵاواتدانی زۆر لەسەر پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} سوننەتە، چونکە فەرموودە دەفەرموێ: رۆژی هەینی یەکێکە لە رۆژە هەرەباشەکانتان، جا لەم رۆژەدا زۆر سەڵاوات لەسەر من بدەن، چونکە سەڵاواتەکەتان دەگاتەوە پێم، لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ {درودی خوای لەسەربێ}: لە شەوو رۆژی هەینیدا سەڵاوات زۆر لە دیداری من بدەن، چونکە ئەوەی یەك سەڵاوات لەسەر من بدا، خودا دەجار رەحمەت دەرێژێ بەسەر ئەودا.

٨٨) لە پاش بانگی رۆژی هەینی مامەڵە نادروستە:

بۆ کەسێ نوێژی هەینی لەسەربێ، لەپاش دەستکردن بە بانگ، سەوداو کرینو فرۆشتن نادروستە، مەبەست ئەو بانگەیە کە وتارخوێن لەسەر دوانگە دادەنیشێ، چونکە یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ – سورة الجمعة – ٦٢/٩} واتە: ئەی بڕوادارینە! لە رۆژی هەینیدا، کە بانگ درا بۆ نوێژ ئیتر خێرا بڕۆن بۆ لای ذیکری خوا، واز لە کرینو فرۆشتن بهێنن. ئەوەتا بە دەقی ئایەت نادروستیی کرینو فرۆشتن چەسپاوە، سەوداو مامەڵەی تریش بە پێوەری ئەو دەپێورێ واتە: قیاس لەو نادروستییە دەکرێ. لەپێش ئەم بانگەیشدا لە پاش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان، کە لەوێوە کاتی پێویستبوون دەست پێدەکا، سەوداو مامەڵەو کارو فرمانی دنیایی ناپەسەندە.

٨٩) نوێژی هەردوو جەژن:

وشـەی جـەژن لـە عەرەبیـدا نـاوی (عیـد)ە، عیـدیش لـە وشـەی (عـەود)ی عـەرەبی دروسـتکراوە، کـە بـەواتا دووبارەبوونەوەیـە، چـونکە جەژن لە هەموو ساڵێکا دووبارە دەبێتەوە، یا کە جەژن دێـتەوە خۆشـیو شادیش لەگەڵیا دێتەوە! یا لەبەر ئـەوە وا نـاونراوە چونکە بـەهرەو نـازو نیعمەتی خوا لە جەژندا بۆ بەندەکانی دووبارە دەبێتەوە!.

نوێـژی جـەژن مەبەسـتێکی گەورەیـە بـەپێی قورئـانو سـوننەتو یـەکگرتنی نەتـەوە. زاتـی مـەزن دەفـەرموێ: {فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ – سـورة الكـوثر – ٢/١٠٨} لـەم ئایەتـەدا مەبەسـت لـەم نوێـژە نوێـژی جـەژنی قوربانـە، چـونکە مەبەسـت لـە (نـەحر)یـش لـە ئایەتەکـەدا قوربانیکردنە. بەبێ گومان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) خۆیو هاوڕێکانی لەگەڵـداو نەتـەوەی ئیـسلام لـەپاش خـۆی هـەموویان نوێـژی هـەردوو جەژنەکەیان دەکرد، کەواتە بووە بە یەکگرتن.

یەکەم نوێژی جەژن کە پێغەمبەر کـردی نوێـژی جـەژنی رەمـەزان بـوو، لـە سـاڵی دووەمـی کۆچـیدا بـوو، هـەر لـەم ساڵەیـشدا سـەرفیترە پێویستکراوە، ئەمە فەرمایشتی ماوەردییە.

بزانە کە نوێـژی جـەژن سـوننەتێکی زۆر گـەورەو دامـەزراوە بـەڵام فەرز نیە، چـونکە عەرەبـە دەشـتەکییەکە کـە عـەرزی پێغەمبـەری کـرد: ئایا غەیری ئەم پێنج نوێژە فەرزە نوێژی تـرم لەسـەرە یانـا؟ فـەرمووی: نـەخێر، مەگـەر خـۆت بـە ئارەزووی خـۆت نوێـژی تـری سـوننەت بکـەی (شەیخان) بۆیەیش زۆر سوننەتێکی گورەیە چونکە پێغەمبـەر (دروودی خوای

لەسەربێ} هەمیشە کردوویەتیو قەت نەیچوواندووە، بەڵام دەشگوترێ لە گوایە: فەرزی کیفایەیە، چونکە یەکێکە لە دروشمەکانی ئیسلام، بە نەکردنی دادەنرێ بە کەمتەرخەمی لە ئاییندا، سەرەڕای ئەوەیش کە لە ئایەتدا فەرمانی پێکراوە دەفەرموێ: {فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ – سورة الکوثر – ٢/١٠٨} واتە: دەی نوێژی جەژن بکە، بۆ خودای خۆت، وە قوربانیی بۆ سەربڕە.

نوێژی جەژن بە جەماعەت دەکرێ، بۆ تەنهاو ڕێبواریش دروستەو ڕەوایە، بۆ کۆیلە – واتە: بەندەی زەرخرێدە - و ژنیش دروستە، بەڵام بۆ گەورەکچو ئافرەتی بۆشناخ چوون بۆ نوێژی جەژن لەم سەردەمەی ئێمەدا، بەبێ گومان نادروستە، چونکە لەم چەرخەدا بەدرەوشتی پەرەی سەندووە، لە هەموو کاتێکدا چوونی ئەم دوو کەسە بۆ ئەم نوێژە ناباشە (ئەمە فەرمایشتی خاوەنی کیفایەتول نەخیارە کە لە (٨٨٩)ی کۆچیدا مردووە لەسەر قسەی پەراوێزێ کەوا لەسەر فیقهولویەسەرە کە لەم شوێنەدا – وەرگێڕ).

گەرچی فەرموودەکەی ئوممو عەطییە بەڵگەی ئەوەیە کە دەرچوون بۆی لەلایەنی ئەم دوو کەسەیشەوە دروستە، بەبێ ناباشی بەڵام ئەو مەبەستەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا، کە باشترین سەردەم بوو، هەبوو ئێستا ئەو مەبەستە نەماوە، چونکە لەو چەرخەدا موسوڵمانەکان کەم بوون، حەزرەت ڕێگەی بە ژناندا کە بچن بۆ نوێژی جەژن هەتا بەهۆی ئەوانەوە زۆر بنوێنن، ئێستا موسوڵمانان بەبێ ئەوانیش هەر زۆر زۆرن، کەواتە ئەو مەبەستە نەماوە!.

هەر لەبەر هەمان هۆیە کە ڕێگەی دەدا بەژنە بێنوێژەکانیش کە بچن بۆ دیار نوێژی جەژن، خۆ گومان لەوەدا نیە، کە ئەوان نوێژیان لەسەر نیە، سەرەڕای ئەوەیش ئەوچەرخە مەردوم دڵپاك بوون، سەردەمێکی ئارام بوو، ژنان جوانیی خۆیانیان دەرنەدەخست، چاوی خۆیان لە روانینی نارەوا دەگرت، هەروا پیاوانیش وابوون، بەڵام لەم رۆژگارەی ئێمەدا دەرچوونیان سوور دەبێ بە مایەی بەدکاریو بەدرەوشتی!!.

لە فەرموودەیەکی دروستدا تۆمارکراوە کە عائیشە لە سەردەمی خۆیدا، لەپاش مەرگی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} بمایە تا ئەمڕۆ، وە ئەم بارو دۆخەی کە ئەمرۆ ژنان سازاندوویانە، ئەمەی بەچاوی خۆی بدیبایە، ژنانی لە هاتن بۆ مزگەوت قەدەغە دەکرد، هەروەك چۆن قەدەغەیە لەسەر ژنانی جوولەکە کە بچن بۆ کنیشتەی خۆیان، دەی ئەمە فەتوای عائیشەیە، کە دایکی موسوڵمانانە، دەربارەی ژنانی سەردەمی خۆی، کە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دادەنرێ بە باشترین سەردەم، جا دەبێ حاڵی ژنانی ئەمڕۆی ئێمە چیبێ؟ خەڵکێکی زۆریش ئەم قسەیەی عائیشە پەسەند دەکەن: وەك عوروەو قاسمو یەحیای ئەنصاریو مالكو ئەبو حەنیفەو ئەبو یوسف، بەڵام ئەبو حەنیفە جارێ وا دەفەرموێو جارێ دەفەرموێ دەرچوونیان دروستە!.

٩٠) کاتی نوێژی دوو جەژنەکان:

بزانن کە کاتی بوونی نوێژی جەژن لە هەڵهاتنی خۆرەوەیە هەتا کاتی نیوەڕۆ، بەڵام سوننەتە ئەوەندە دوابخرێ هەتا خۆر بەقەد ڕمێ بەرزەوەدەبێ، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} ئاوا دەیکرد، لەبەر ئەوەیش هەتا لە ڕاجیایی ئەوانە ڕزگارمان ببێ کە فەرموویانە: هەتا خۆر بەقەد ڕمێ بەرز نەبێتەوە نوێژی جەژن نابێ. سوننەتە نوێژی جەژنی قوربان زوو بکرێ، وە نوێژی جەژنی ڕەمەزان دوا بخرێ، شافیعی حەدیسێکی مورسەل دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نامەیێ دەنووسێ بۆ عەمری کوڕی حەزم (کاتێ لە نەجران دەبێ) فەرمانی پێ دەفەرموێ: کە نوێژی قوربان زوو بکەو نوێژی جەژنی ڕەمەزان درەنگ. ئیبنو قودامە دەفەرموێ: چونکە لەسەر ئەم شێوەیە لە جەژنی قوربانا کاتی قوربانیکردن گوشاد دەبێ، لە جەژنی ڕەمەزانیشدا کاتی سەرفیترەدان گوشاد دەبێ!.

٩١) ئەندازەی ڕکاتەکانیان:

ئەندازەی ڕکاتەکانیان هەر نوێژەی دوو ڕکاتە، بە ئیجماع، لە ڕکاتی یەکەمیاندا، بێجگە لە (الله أكبر)ی نوێژ دابەستن حەوت (الله أكبر)ی تر بکا لە ڕکاتی دووەمیاندا، بێجگە لە (الله أكبر)ی هەڵسانەوە پێنج (الله أكبر)ی تر بکا، ئیمامی تیرمیذی {ڕەحمەتی خوای لێبێ} لە عەمری کوڕی عەوفی ئەلموزەنییەوە دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خودا {درودی خوای لەسەربێ} لە هەردوو جەژنەکاندا، لە ڕکاتی یەکەما، لە پێش خوێندنی

فاتیحاوه حەوت (الله أکبر)ی دەکرد، لە رکاتی دووەمدا، لەپێش خوێندنی ئەڵلاهو ئەکبەرەکانا، ئەوەندەی خوێندنی فاتیحاوە پێنج (الله أکبر)ی دەکرد، سوننەتە کە نێوانی ئایەتێکی مامناوەندی (معتدل) راوەستێ، وە لەو راوەستانەدا (تەهلیل)و (تەکبیر)و (تەحمدی) بکا، (بەیهەقی لە ئیبنو مەسعوودەوە بە گوتارو بەکردار ئەمەی گێڕاوەتەوە) جوان وایە بڵێ: (سبحان الله والحمد لله ولا الـه الا الله والله أکبر) چونکە ئەم ویردە شیاوی ئەم شوێنەیە، ئیبنو عەبباس‌و کۆمەڵێ لە زاناکان دەفەرموون: (الباقیات الصالحات) ئەم گوتە پیرۆزەیە، لە پاش فاتیحا لە رکاتی یەکەما سوورەتی (ق) بە تەواوی بخوێنێ یا (سبح اسم ربك الاعلى) وە لە رکاتی دووەما (اقتربت) یا (هل أتاك) بە ئاشکرا بە دەنگی بەرز بخوێنێ، بۆ پەیڕەوییکردنی حەزرەت لەم کارانەدا، چونکە ئەو وای کردووە، ئێمەش چاو لەو دەکەین.

٩٢) وتاری پاش نوێژی جەژن:

سوننەتە لەدوا نوێژەوە دوو وتار بخوێنیتەوە، بوخاری‌و موسلیم لە ئیبنو عومەرەوە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەری خودا {دروودی خوای لەسەربێ} و ئەبوبەکرو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} پاسایان وابوو، نوێژی جەژنیان لە پێش وتارەکەوە دەکرد. ئەوەیش کە وتارەکە دووە بە پێوەری هەینی دەپێوین‌و قیاسی لەو دەکەین چونکە نەوەوی دەفەرموێ: لەم بارەیەوە هیچ فەرموودەیەکی ساخ نەچەسپاوە!.

وا سوننەتە کە وتارەکە بە سوپاسی خوای گەورە دەست پێبکا، چونکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} هەمیشە گشت وتارەکانی بە (الحمد لله) دەست پێ دەکرد، لە حەزرەتەوە {درودی خوای لەسەربێ} تۆمار نەکراوە کە بە (الله أکبر) دەستی کردبێ بە دوو وتارەکانی دوو جەژنەکان، بەڵام ناوبەناو لەناو وتارەکەدا (الله أکبر)ی دەکرد (ئیبنو وماجە لە سوننەنی خۆیدا گێڕاویەتەوە).

٩٣) نوێژی جەژن لە سارادا:

سوننەتە کە نوێژی جەژن لە سارا بکرێ، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: هەمیشە لەوێ کردوویەتی. بەڵام جارێ لەبەر باران لە مزگەوت نوێژی جەژنی بۆ کردن. ئەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: جارێ لە رۆژی جەژندا باران بوو، لەبەر ئەوە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} لەناو مزگەوتدا نوێژی جەژنی بۆ کردن. (ئەبو داوودو ئیبنو ماجەو حاکم) هەرکاتێ نوێژەکە لە مەککە ئەنجام ئەدرا، ئەوە لەناو مەسجیدولحەراما بکرێ خێرترە هەتا لەسارادا، گومان لەمەدا نیە.

٩٤) ئەڵڵاهو ئەکبەرکردن لە جەژندا:

(الله أکبر) کردن سوننەتە، لەکاتی ئاوابوونی خۆری ئێوارەی شەوی جەژنی رەمەزانەوە، هەتا پێشنوێژ نوێژی جەژن دادەبەستێ. لەهەر کوێ بێ لەماڵا بێ یا لە رێگەو بان، یا لە کووچەو بازاڕ، بە شەو

بێ یا بە ڕۆژ، قەرەبالغ بێ یانا، ئەگەر کۆمەڵ بوون بۆ یەکتری بسێننەوە باشە ڕێبواریش وەك نیشتەجێو ژنیش وەك پیاو لە گشت ئەم کاتانەدا مافی ئەم (الله أکبر) کردنەی بۆ هەیە، چونکە فەرمایشتەکەی خوا کە فەرمان دەکا بەمە بۆ هەموانە، کە دەفەرموێ: (ولتکبروا الله علی ما هداکم)، بوخاریش لە ئوممو عەطییەوە دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: جاران لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا {دروودی خوای لەسەربێ} ئێمەی ژنان بە فەرمانی ئەو دەردەچوین بۆ دەروەی شار، لەهەر دوو نوێژی جەژنەکاندا، تەنانەت ژنی بێنوێژیش دەردەچوون، لە پشت عەشامەتەکەوە دەبوون کە ئەوان (الله أکبر)یان دەکرد ئەمانیش لەگەڵ ئەواندا دەیانسەندەوە. لە جەژنی قوربانیشدا (الله أکبر)کردن سوننەتە بەپێی فەرمایشتی خودا: {كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ - سورة الحج - ٣٧/٢٢) وە بەپێی فەرمایشتی خودا: {وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ - سورة البقرة - ٢٠٣/٢} واتە: لە چەند ڕۆژێکی ژمێردراودا ذیکرو یادی خودا بە زۆری لەسەر شێوەیەکی دیاری بکەن! ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەم چەند ڕۆژانە بریتین لە سێ ڕۆژەکانی پاش جەژن، کە پێیان دەگوترێ (أيام التشريق: شەوە ڕۆژ - ڕووناکەکان). لە عەلیو ئیبنو مەسعودیشەوە دەگێڕنەوە: ئەم ئەللاهو ئەکبەرکردنە دەست پێدەکا لە جەژنی قوربانا، لە بەیانی ڕۆژی عەرەفەوە، هەتا عەصری دوا ڕۆژی (أيام منى) کە ڕۆژی سێیەمی پاش ڕۆژی جەژنی قوربانە. (ئەم فەرموودەیە ئیبنولونذیرو کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە).

ئیبنو عومەریش {ڕەزای خوای لێبێ} لە مینا لە هەموو ئەمڕۆژانەدا (الله أكبر)ی دەکرد، مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ و ڕەزای خوا لە مەیموونەی هاوسەری بێ} لە ڕۆژی جەژنەوە، کە یەکەم ڕۆژی قوربانییە (الله أكبر)ی دەکرد، ژنانیش لە پشت أبانی کوڕی عوسمانەوەو لە پشت عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە لە شەوەکانی (ایام التشريق)دا لەگەڵ پیاواندا، لە مزگەوت (الله أكبر)یان دەکرد.

حافیظ دەفەرموێ: ئەم فەرمایشتانەی کە لەم لایەنەوە هەن ئەویان تیادایە کە لەدوا نوێژە فەرزەکانیشەوە (الله أكبر)یان دەکرد.

٩٥) ئەو گوتەیەی کە بەشێوەیە تەکبیر جوانە:

لە بابەت شێوەی گوتەی تەکبیرەوە دروستترین شت ئەوەیە کە عەبدولرەزاق بە ڕشتەیەکی دروست دەیگێڕێتەوە: سەلمان دەفەرموێ: کە (الله أكبر) دەکەن بڵێن: (**الله أكبر الله أكبر الله أكبر كبيرا**) لە عومەرو ئیبنو مەسعوودیشەوە دەفەرموون: ئاوایە: (**الله أكبر الله أكبر الله أكبر، لا اله الا الله والله أكبر الله أكبر ولله الحد**). سوننەتە پیاو بە دەنگی بەرز تەکبیر بکاو ژن بە دەنگی نزم، بوخاری دەفەرموێ: عومەر لە مینا لەناو چاتۆڵەکەی خۆیدا کە (الله أكبر)ی دەکرد، خەڵکی ناومزگەوتەکە گوێیان لە دەنگی دەبوو، جا ئەوانیش بۆیان دەسەندەوە، ئەوجا خەڵکی بازاڕ هەموو بەیەك دەنگ لەگەڵ ئەواندا تەکبیریان دەکرد، مینا لەبەر تەکبیرکردن دەلەرییەوە.

٩٦) نوێژی خۆرگیرانو مانگ گیران:

ئەم دوو نوێژە سوننەتێکی دامەزراون، بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەم خۆرو مانگە دوو نیشانەی گەورەن لە نیشانە گەورەکانی خودا، نە لەبەر مردنی کەسو نەلەبەر ژیانی کەس ناگیرێن، جا ئەگەر شتێ واتان دی ئەوا لە خودا بپاڕێنەوەو ئەللاهو ئەکبەر بکەنو نوێژ بکەنو خێرو خێرات بکەن. (شەیخان) لە گێڕانەوەیەکدا: لە خودا بپاڕێنەوەو نوێژ بکەن هەتا دەرووتان بۆ دەکرێتەوە. لای کەمی ئەم نوێژی خۆرو مانگگیرانە دوو رکاتە، لە هەموو رکاتێکییا دوو راوەستانو وو چەمینەوەی تیادایە، دوو فاتیحا لەو دوو راوەستانەدا لەسەر ئەم شێوەیە دەخوێنێ، نوێژ دادەبەستێو فاتیحا دەخوێنێو دەچێ بۆ چەمینەوەو لە پاشا راست دەبێتەوەو دیسان فاتیحا دەخوێنێتەوەو ئەوجا دەچێتەوە بۆ چەمینەوەی دووەم، ئەوجا سەربەرز دەکاتەوەو کەمێ ئارام دەگرێ، ئەوجا دەچێ بۆ کوڕنووش، ئەمە رکاتی یەکەم تەواو، ئەوجا رکاتی دووەمیش لە سەرهەمان شێوە دەکا.

هەرە تەواوەکەیشی ئاوایە: لەپاش نزای سەرەتای نوێژو (أعوذ بالله)کردنو خوێندنی فاتیحە، لە راوەستانی یەکەمی رکاتی یەکەما، سوورەتی بەقەرە بخوێنێ، لە راوەستانی سێیەمدا، یەکەمی رکاتی یەکەما، سوورەتی بەقەرە بخوێنێ، لە راوەستانی دووەمی یەکەمدا لەپاش خوێندنی فاتیحا بەقەد دوو سەد ئایەت لە ئایەتەکانی سوورەتی بەقەرە بخوێنێ لە راوەستانی کە یەکەمی رکاتی دووەمە، بەقەد سەدو پەنجا ئایەت بخوێنێ، لە راوەستانی چوارەما، کە راوەستانی دووەمە لە

رکاتی دووم، لەپاش فاتیحە بەقەد سەد ئایەت بخوێنێ. (شەیخان لە ئیبنو عەبباسەوە گێڕاویانەتەوە).

وا سوننەتە کە لەناو چەمینەوەی یەکەما بەقەد سەد ئایەت تەسبیحات بکا، لەو تەسبیحاتانەی کە لەناو چەمینەوەدا دەخوێنرێن،لە دووەما بەقەد هەشتا ئایەتە، لە سێیەمدا بەقەد حەفتا ئایەت، لە چوارەما بەقەد پەنجا ئایەت، چونکە لە فەرموودەدا شتی وا تۆمار کراوە، بەڵام لەسەر فەرمایشتی دروست نە کورنووش‌و نە راستبوونەوەو نە چەمینەوە درێژناکاتەوە، رافیعی ئەمەی گوتووە، گەرچی ئەوەوی درێژکردنەوە بە دروست دادەنێ، چونکە دەفەرموێ: ئەمە لە صەحیحدا تۆمارکراوەو لە (البویطی)دا شافیعی بە دەق دەیفەرموێ:و فاتیحا دەخوێنێ‌و دەچێ بۆ چەمینەوەو لەپاشا راست دەبێتەوەو جا کورنووشی یەکەم لە هەموو رکاتێکا بەقەد چەمینەوەی یەکەمە کورنووشی دووەمیش بەقەد چەمینەوەی دووەمە. سەر بەڵگەی ئەم باسە فەرموودەکەی شەیخەینە، کە لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە، کە دەفەرموێ: لە سەردەمی حەزرەتدا {درووده خوای لەسەربێ} رۆژگیرا، پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} هەڵسا نوێژی خۆر گیرانی بۆ موسوڵمانەکان کرد، ماوەیەکی دوورو درێژ لەناو نوێژەکەدا بە راوەستانەوە هەر قورئانی دەخوێند، بگرە بەقەد سوورەتی بەقەرەی خوێند، ئینجا چەمییەوەو روکووعی بردو درێژەیدا بە چەمینەوەکەیشی، ئینجا لە چەمینەوە هەڵسایەوەو گەلێ بە پێوە راوەستایەوە بەڵام لە راوەستانی یەکەمی کەمتر، ئینجا دووبارە روکووعێکی دوورو درێژی تریشی بردەوە بەڵام لە روکووعی یەکەمی کورتتر، ئینجا کورنووشی برد، ئینجا هەڵسایەوەو بە

دوورو درێژی راوەستاو قورئانی تیاخوێند، بەڵام لە راوەستانی یەکەمی کەمتر، ئینجا چەمییەوەو درێژەیدا بە چەمینەوەکەی، بەڵام لە چەمینەوەی یەکەمی کەمتر، ئینجا هەڵسایەوەو بە دوورو درێژی راوەستاو قورئانی تیا خوێند، بەڵام لە راوەستانی پێش خۆی کەمتر، ئینجا چەمییەوەو درێژەیدا بە چەمینەوەکەی، بەڵام لە چەمینەوەی پێش خۆی کەمتر، ئینجا کورنووشی برد، ئەوجا لە نوێژ بۆوەو خۆریش بەربوو بوو.

٩٧) سوننەتە بە کۆمەڵی بکرێ:

سوننەتە بە جەماعەت بکرێ، بۆ پەیڕەویی پێغەمبەری خۆی وەك لە صەحیحەیندا تۆمارە، ئەگەر پاشنوێژ لەم نوێژەدا فەریای چەمینەوەی یەکەمی رکاتی یەکەم بکەوێ، ئەوە فریای ئەو رکاتە دەکەوێ، هەروا ئەگەر فریای چەمینەوەی یەکەمی رکاتی دووەم بکەوێ ئەوە فریای رکاتی دووەمیش دەکەوێ بەڵام ئەگەر لە چەمینەوەی دووەمدا فریای هەریەك لەم دوو رکاتە بکەوێ، ئەوە فریای ئەو رکاتە نەکەوتووە، چونکە چەمینەوەی دووەم ئەصڵ نیە، پاشکۆیە. سوننەتە نوێژی مانگ گیران بە دەنگی بەرزو نوێژی خۆرگیران بە دەنگی نزم بکرێ، لە صەحیحەیندا مەسەلەی دەنگ بەرزەوەکردن هەیە، لە تیرمیذیشدا دەنگ نزم کردنەوە هەیە. تیرمیذی دەربارەی ئەم فەرموودەیەی کە لە بابەت دەنگ نزم کردنەوەوە گێڕاویەتەوە دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی دروستە (حسن صحیح).

٩٨) وتار لەم دوو نوێژانەدا:

سوننەتە لە دوا نوێژەكە دوو وتار بخوێنێ، وەك هەردوو وتارەكەی هەینی، چونكە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) وای كردووە (موسلیم گێڕاویەتەوە) لەو فەرموودەیەدا كە موسلیم لەم بارەیەوە دەیگێڕێتەوە ئەمەی تیادایە: هەڵسایە سەرپاو وەسپێكی جوانی خودای گەورەی كرد.. هەتا ئەوێ كە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەی گەلی موحەممەد! سویندم بەخودا كەس وەك خودا بە تەنگ نامووسەوە نیەو غیرەتی ناجۆشێ، كە تەماشا بكا كەوایەكێ لە بەندەكانی خەویكی شەرواڵپیسییە، یا یەكێ لە كەنیزەكەكانی خەریكی داوێنپیسییە، ئەی گەلی موحەممەد! سوێندم بەخودا، ئەوەی كە من دەیزانم ئەگەر ئێوە بیزانن زۆر كەم پێ دەكەنین و گەلێ زۆر دەگریان. كۆمەلێ لە هاوڕێیان باسی ئەوەیان كردووە كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): لەدوا ئەم نوێژانە وتاری دەخوێندەوە، لە صەحیحدا ئەوە چەسپاوە. سوننەتە كە پێشنوێژ هانیانبدا لەسەر بەندە ئازادكردن و خێرو خێراتكردن و هەڕەشەیان لێبكا، كەبێ ئاگا نەبن لە قاری خواو ژیانی پێنج و دوو رۆژەی جیهان بە زەرقی و بەرقی خۆی دەستەشكێنیان نەكا. لە صەحیحی بوخاریدا هەیە دەفەرموێ: لە خۆرگیرانەكەدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانیكرد بە بەندە ئازادكردن، تاخودا دەرووی رەحمەتیان لێ بكاتەوە. لە هەمان كاتا بۆ هەموو كەسێ سوننەتە كە لەكاتی سەختی و سەخڵەتی و تەنگانەدا زۆر بە كوڵ و بەدڵ لە خودا بپاڕێتەوەو دووعاو نزا بكا، وەك كاتی بوومە لەرزەو هەورەتریشقەو رەشەبای سەخت و گەردەلوول و رۆچوون و كارەساتی تری لەم بابەتانە. یەزدانی پاك دەفەرموێ: {فَلَوْلا إِذْ جَاءَهُمْ

بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ – سورة الأنعام – ٦/٤٣) واتە: ئەوە بۆ عاریان نەگرت بەو هەمکە پەندەی ئێمە بەسەر ئەوانمان هێنا، تووشی ئەو هەمکەئێش پێگەیانـدنمانکردن، هەتا عاربنێن‌و ملکەچبن‌و، لەلای پەروەردگاری خۆیان سکالای حالّی شڕی خۆیان بکەن کەچی ئەوان وەك نەبایان دیبێ‌و نە بۆران، هەر بەقەرەی ئەوەیش دانەچوون؟!.

هەروا سوننەتە بۆ موسوڵمان لەم حالانەدا لە ماڵەوەیش نوێژی سوننەت بکاو بپاڕێتەوەو نزای تایبەتی بخوێنی، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وا بوو کاتێ بای سەخت هەڵی دەکرد دەیفەرموو: (اللهم انی أسألك خيرها وخير ما فيها وخير ما أرسلت به، وأعوذ بك من شرها وشر ما فيها وشر ما أرسلت به. اللهم اجعلها رياحا ولا تجعلها ريحا): ئەی خودایە! داوای خێری ئەم بایەت لێدەکەم، کە بێ بەشم نەکەی لە خێری، وە لەو خێرەی کە بۆی رەوانەکراوە بەشی باشم بدەرێ، هەروا پەنا دەگرم بە پەنای تۆ لە شەڕی ئەم بایە، کە لەو شەڕەی لەناو ئەم بایەدایە بە دووربم، بەشم لەو شەڕەدا نەبێ کە ئەم بایە رەوانەکراوە بۆ بەرپاکردنی. ئەی خودایە! ئەم بایە بگێڕە بە بای رەحمەت، کە لە قورئاندا بە (الرياح) ناوبراون، مەیکە بەبای غەزەب کە لە قورئاندا بە (الريح) ناوبراوە. خوایە! بای خێرو خۆشی بێ، بای شەڕو ناخۆشی نەبێ.

٩٩) نوێژه بارانه:

نوێژەبارانە سوننەتێکی گەورەی دامەزراوە، لەکاتی بێ بارانیدا، موسوڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەرەوە دەیکەن، ئیمامی موسلیم (رەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە: جارێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ئەو دەشتە بۆ نوێژەبارانە، لەکاتی وتارخوێندنەوەکەدا رووی کردە قیبلەو پشتی کردە خەڵکەکەو بەرماڵەکەی ڕاستو چەپکرد، بوخاری ئەم بڕگەیەشی لەم فەرموودەیە پتر کردووە: لەپاشا پۆشاکەکەی هەڵسووڕاند، واتە: ڕاستو چەپیکرد، ئینجا دوو ڕکات نوێژی نوێژە بارانەی بە جەماعەت بۆ کردین، لەناو هەردوو ڕکاتەکاندا بە دەنگی بەرز قورئانی بۆمان خوێند فەرموودەی تر لەم بابەتە زۆرن. داواکردنی باران سێ جۆری هەیە بە پێی شەرع:

یەکەم: کەلای کەمیەتی، ئەوەیە: بە پاڕانەوەو نزا، بەبێ نوێژ، بە تەنها، یا لەگەڵ کۆمەڵدا، داوای بارینی باران لەخوا بکرێ.

دووەم: نزاکردنە لەپاش نوێژە فەرزەکانەوەو لەپاش هەر نوێژێکی سوننەتەوە کە وتار لەناویدا سوننەتبێ.

سێیەم: کە باشترینیانە: ئەوە: داوای باران بەهۆی نوێژە بارانەوەبێو وتاری تیابێو پێشەوای موسوڵمانان خۆی یافەرمانداریان یاپێشنوێژ پەندو ئامۆژگاریان دابداتو لە سزای سەختی خودا بیانترسێنێو هەڕەشەی نافەرمانی خوایان لێبکاو فەرمانیان پێبکا بە چاکەو خێرکردنو هەموو جۆرە چاکەیێ، وە داوایان لێبکا، ئەگەر حەقی هەرکەسێکیان لەسەرە، یان بیدەنەوە، یا بڕیار بدەن کە بیدەنەوە،

یاخود گەردنی خۆیانی پێئازاد بکەن‌و تەوبە بکەن، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەبن بەهۆی بێبارانی‌و وشکبوونی چەم‌و روبارەکان‌و بەهۆی وشکبوونی کانیاوەکان‌و بێ بەشبوون لەرزق‌و رۆزی‌و هەروا دەبن بەمایەی غەزەب ورقی خواو بەهۆی هاتنی تۆڵەو سزای سەخت‌و پەیدابوونی ترس‌و برسێتی‌و کەمبوونەوەی ماڵ‌و منداڵ‌و بێپیت‌و بەرەکەتیی دانەوێڵەو سەوزەو میوەهات، هەروا دەبن بەمایەی کاولبوون‌و وێرانبوونی شارو دێهات‌و وڵاتێ کە دانیشتووەکانیان ستەمکاربن. وەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا – سورة الإسراء – ١٦/١٧﴾ واتە: هەرکاتێ ویستمان وڵاتێ وێران بکەین، فەرمان دەدەین بەگەورە پیاوان‌و ئاغاو بەگەکانی ئەو وڵاتە، کە خوویان گرتووە بە رابواردنی خۆشەوەو هەمیشە خەریکی عەیش‌و نۆشن، کە واز لە هەوەسپەرستی‌و ئارەزوو بازی بهێنن‌و لە رێی شەرعی خودا دەرنەچن، بەڵام ئەوان زیاتر لەیاسا لادەدەن‌و لەرێ دەردەچن، ئیتر لەسەر فەرموودەی خودا سزا دەروا بۆ سەریان‌و وڵاتیان وێران دەبێ‌و خاکیان بەتورەکە دەبێژرێ، وا سوننەتە کەپێشنوێژ فەرمانیان پێبکا بە تەوبەو بەوەیش لەپێشا سێ رۆژ لەسەر یەك بەرۆژوو بن‌و لە رۆژی چوارەما بەزمانی بەرۆژووەوە، بەجل‌و بەرگێکی پەڕ پووتەوە لە ئاوەدانی دەربچن، تا لەسەر شێوەی سوالکەربن، بەسەلاری‌و سەرکزی بەرێدا بڕۆن‌و، لەقسەو گوفتوگۆدا هێمن بن‌و بەسەنگینی دابنیشن. ئەبو داوود دەگێڕێتەوە: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} بە پەڕپووتی‌و بەکزۆلەیی‌و بەملکەچی لەشار دەرچوو، لەرێ هەر دەمپاڕایەوەو دەلاڵایەوە تا گەیشتە نوێژگاکە. بەڵام خۆیان بۆن نەخۆش نەکەن، چونکە خۆبۆن خۆشکردن

بەشێکە لەخۆشیو شادی. گەرەکە ئەم جۆرە کەسانەیش لەگەڵ خۆیان بەرنو بەخاتری ئەوان لەخوا داوای باران بکەن: پیری ئیختیاری کەفتەکارو خاوو خێزانو منداڵو دەسەوسانو ئافرەتە خەمبارەکان.

چونکە نزای ئەم جۆرە کەسانە نزیکترە لە گیرابوون، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: بزانن کە لەبەر خاتری بێنەواو زەبوونەکانتان خودا رزقو رۆزیتان دەداو سەرتان دەخا بەسەر دوژمنتاندا، (بوخاری) لە هەمان کاتدا دەبێ خۆ لەوە بپارێزن کە بەهۆی ستەمکارو بەدکارەکانەوە داوای باران بکەن، چونکە هاوبەشیکردنی ئەو جۆرە کەسانە لەم کارە پیرۆزەدا وەك گاڵتە پێکردن وایە، لەبەر ئەوە دوور نیە کەببێ بەهۆی پڕبوونی رقو قاری خودا لەو ناوچەیەدا. جا کاتێ گەیشتە نوێژگاکە پێشەوا یا پێشنوێژ بەجەماعەت دووركات نوێژی داوای بارانیان بۆ بکا، لەسەر شێوەی نوێژی جەژن، بە دەنگی بەرز فاتیحەو سوورەت بخوێنێ لە هەردوو رکاتەکەدا، چونکە لە فەرموودەدا وادەفەرموێ، شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەو سوورەتانەیان تیادا بخوێنێ کە لە نوێژی جەژندا دەخوێنرێن.

کاتەکەی کاتی نوێژی جەژنە، گوتراویشە: کاتی تایبەتی بۆ نیە. ئەوەوی وا دەفەرموێ، شافیعیش دەقی بەسەر داناوە، زانا لێکۆڵەرەوەکانیش ئەمە بە دروست دادەنێن. جا کاتێ لە نوێژەکە بوونەوە پێشنوێژ دوو وتار بخوێنێتەوە لەسەر بەرزیی یەك، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە نوێژە بارانەدا لەسەر دوانگە وتاری خوێندەوە، ئەبو هورەیرە دەفەرموێ: رۆژێ خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} لەشار دەرچوو، ڕۆیشت بۆ نوێژە بارانە، لەپێشا بەبێ بانگو قامەت دوو

رکات نوێژە بارانەی بەجەماعەت بۆمانکرد، ئینجا وتاری خوێندەوە بۆمانو لەخوا پاڕایەوەو رووی کردە رووگەو هەردوو دەستی بەرزەوە کرد، ئەوجا بەرماڵەکەی کە کردبوویە ناوشانی هەڵی سووران راستو چەپیکرد. (ئەحمەدو ئیبنو ماجەو بەیهەقی). لە وتاری یەکەما (استغفار)ێکی زۆربکا هەروا لە وتاری دووەما، چونکە (استغفار) بۆ ئەم شوێنە زۆر لەبارە، ئەوپەڕی سڵ لەوە بکا کە بەزمان بپاڕێتەوەو داوای لێخۆش بوون لەخوا بکاو دڵیشی لای تاوانو گوناهبێ، یا نیازی وابێ کە دەست لە ستەمکاریو ناهەقی هەڵنەگرێو حەددی شەرعی جێبەجێ نەکاو بەردەوام بێ لەسەر ناپاکیکردن لەگەڵ میلەتەکەیدا، کەوان لەچاو دێری ئەودا، دیارە کە لە بارودۆخی ئاوادا بەکۆڵێ قینو قاری خوداوە دەگەڕێتەوە، وەکی تریش ئەوەی بەزار تەوبە بکاو بەکردار بەردەوام بێ لەسەر تاوانەکەی وەك گاڵتە بەخوا بکا وایە، خوا ناخەڵەتێ، چۆن نزای نزاکەری ئاوا گیرا دەبێ؟

دەگێڕنەوە: جارێ ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) داوای بارانی لەخودا کرد بەڵام هەر ئیستیغفاری کردو بەس، عەرزیانکرد، قوربان! ئەی گەورەی موسڵمانان! نەماندیت کە داوای باران بکەی؟ تۆ بەس ئیستغفارت کرد، ئەوە بۆ؟ فەرمووی: با من لەخودا داوای بارانم کرد بەهۆی ئیستغفارەوە، کە بەڕاستی ئیستغفار بورجی بارانبارینی ئاسمانە، نەك ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیەی کە ناویان ناون. مەجادیحی سەماء: بورجەکانی باران لەئاسمان. ئەوجا بۆ سەلماندنی فەرموودەکەی خۆی ئەم ئایەتەی خوێندەوە، کەحەزرەتی نووح بەگەلەکەی خۆی فەرموو: {اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا ، يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا} لە

پەروەردگاری خۆتان داوای لێخۆشبوون لە تاوانەکانتان بکەن، بە راستی ئەو خوایەکی تاوانپۆشە ئەگەر ئێوە بەراستی تەوبە بکەن‌و داوای لێبوردنی لێ بکەن هەم تەوبەکەتان قوبوڵ دەکا، هەم تاوانەکانتان بۆ دەپۆشێ هەم دەرووی رەحمەتتان لێ دەکاتەوەو لە ئاسمانەوە بارانی فریارەسی خوڕ زمتان بۆ دەبارێنێ‌و لەم قاتو قڕی‌و بێ رانییەش رزگارتان دەکا). جا لە پاش سەرەتای وتاری دووەمەوە رووبکاتە رووگەو زۆر بەکوڵ‌و زۆر بەدڵ نزایەکی زۆر بکاو بەنهێنی‌و بە ئاشکرا بپاڕێتەوە، بلاڵتەوە، لەو کاتەدا کەروو دەکاتە رووگە ئەو بەرماڵە، یا ئەو جلە کەراست‌و چەپ کردوویەتە ناوشانی هەڵی بسووڕێنێ، لای راستی بخاتە لای چەپ‌و لای چەپی بخاتە لای راست، خەڵکەکەیش وەك ئەو بەرماڵەکەیان وەچەرخێنن، بەپێی فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە کە لە پێشەوە رابورد، ئەوەیش ئاماژەیە بۆ ئەوە خوا یاربێ ئاوا حاڵ لە ناخۆشییەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشی‌و لەگرانییەوە بۆ هەرزانی‌و لە تورەبوونەوە بۆ لێڕازیبوون. وە هەردوو دەستی بەرز بکاتەوەو ئەو نزایەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) خوێندوویەتی ئەوە بخوێنێ‌و دوا ئەوەیش هەتا دەتوانێ بە نهێنی‌و بەئاشکرا نزایەکی زۆر بخوێنێ، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: {ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً – سورة الأعراف – ٥٥/٧} واتە: ئەی بەندەکانی من! بەکوڵی دڵ، بەزمانێکی پاك داوای نیازی خۆتان لە پەروەردگاری خۆتان بکەن، ئەوەی پێویستبێ بۆ گیرابوونی نیازتان‌و بۆ بەدیهێنانی مرازتان بەجێی بهێنن، کەواتە: بەدڵگەرمی‌و بەملکەچی‌و بە کەساسی‌و بەنهێنی‌و بەبێ هات‌و هاوار لەخودا بپاڕێنەوە). جا کاتێ پێشنوێژ بەپەنامەکی نزا دەخوێنێ، خەڵکەکەیش نزای خۆیان بخوێنن، بەڵام کاتێ ئەو دەنگی لە نزاکردن

بەرزەوە کرد ئەوان ئامین بکەن. ئەمەیش نزاکەی پێغەمبەرە: (**اللهم سقيا رحمة لاسقيا عذاب ولا محق ولا بلاء ولا هدم، اللهم على الظراب والآكام، ومنابت الشجر وبطون الاودية، اللهم حوالينا ولا عليما، اللهم اسقنا غيثا مغيثا هنيئا مريئا غدقا مجللا سحا طبقا دائما اللهم اسقنا الغيث ولا تجعلنا من القانطين، اللهم ان بالعباد والبلاد من الجهد والجوع والضنك مالا نشكو الا اليك، اللهم انبت لنا الزرع وادرّ لنا الضرع وانزل علينا بركات السماء، وانبت لنا من بركات الأرض واكشف عنا من البلاء مالا يكشفه غيرك، اللهم إنا نستغفرك انك كنت بنا غفارا فارسل السماء، علينا مدرارا) (رواه الشافعي عن سالم بن عبدالله**) واتە: ئەی خودایە! بارانێکی ڕەحمەتمان بۆ برەخسێنە، لامانەدە لە باراناوی سزاو لافاوی بێ پیتی زیانبەخش، بەدووربین لە بارانی تاقیکردنەوە کە ببێ بەهۆی وڵات کاول بوون خودایە! بەسەر سەری کێوو پاڵو ناو شیوو دۆڵو لەوەڕگاکانا بیبارێنە، ئەی خوایە! لە دەورو بەرمان بیبارێنەو بەسەر سەرمانا نا، خودایە! بارانێکی ڕەحمەتمان فریاخە، کەببێ بەمایەی عەیشو نۆشو ئاوی چەمو کانیاوی پێ بزێ، رووی زەوی بەرووەك داپۆشێ! بەخوڕزم ببارێ، سەرو مرو سەقامگیرو داگربێ، خودایە! بارانمان فریاخە، لەوانە نەبین کە لە ڕەحمەتی تۆ ناهومێد بوون، خودایە! بەندەکانو وڵاتەکان لە تەنگانەدان، تووشی برسێتیو گرانیو تەنگانە بوون، کەسی تر نیە سکاڵای بەرینە بەر لەم لایەنەوە خۆت نەبێ، خودایە! رووەکمان بۆ بڕوێنە، ئاژەڵمان بۆ بهێنە شیر، پیتو فەڕ لە ئاسمانەوە ببارێنە بەسەر سەرمانا، لەپیتو فەڕی زەویمان بۆ بڕوێنە، دەردو بەڵامان لەسەر لادە، چونکە بەتۆ نەبێ بەکەسی تر نارەوێتەوە. خودایە! ئێمە بەکوڵ داوای

تاوانپۆشی له تۆ دەکەین، بەڕاستی تۆ هەمیشە چاوپۆشیکەر بووی لە ئێمە، جا کەوایە بە ڕەحمەتی خۆت بەخوڕزم لە ئاسمانەوە بارانێکی ڕەحمەتمان بۆ بڕەخسێنە. (شافیعی – لە سالمی کوڕی عەبدوڵلاوە - گێڕاویەتەوە) سوننەتە مرۆڤ خۆی بشۆرێ یادەس نوێژ بگرێ بەلافاوێ کەلەو بارانە هەڵسابێ، باشتر وایە هەردوو لا بکات، لە مەجمووعا وا دەفەرموێ: کاتێ دەنگی هەورە تریشقە دەژنەوێ بڵێ: (**سبحان من يسبح الرعد بحمده والملائكة من خيفته**). (ئیمامی مالیك گێڕاویەتەوە) بروسکەیش بەم پێوەرە دەپێورێو لەکاتی دیتنی بروسکەدا ئەم تەسبیحاتە زۆر لەبارە: (**سبحان من يريكم البرق خوفا وطعما**) سوننەتە کەچاو نەبڕێتە چەخماخەو برووسکە، چونکە پێشینانە باشەکان ئەوەیان بەناباش داناوە لەکاتی دیتنیدا دەیانفەرموو: (**لا الله الا الله وحده لاشريك له . سبوح قدوس**). ماوەردی دەفەرموێ: واپەسەندە کە لەمەدا بکرێن بەسەر مەشق، سوننەتە لەکاتی داباریني باراندا بڵێ: (**اللهم صَيِّباً**): خودایە! بارانێکی خوڕزمی بەسوود (بوخاری). وە بەئارەزووی خۆی نزابکا، چونکە بەیهەمقی {ڕەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: کەنزا لەم چوار شوێنەدا گیرا دەبێ: کاتێ لەریزی شەڕدا بەرەنگاری یەکتر دەبەن، کاتێ باران دادەکا، کاتێ قامەتی نوێژ دەکرێ، کاتی دیتنی کەعبە وە لەو پاش بارانەکە بڵێ: (**مطرنا بفضل الله علينا ورحمته لنا**) لە سایەی خواوە لە ڕەحمەتی خواوە بارانمان بۆ باری!). جنێودان بە بازۆر خراپە، بەڵام لەکاتی هەڵکردنی بادا سوننەتە نزابکا، لەحەیثدا دەفەرموێ: با بەشێکە لەرەحمەتی خوا، جاری واهەیە رەحمەت دەهێنێ، جاری وایش هەیە زەحمەت دەهێنێ، جا کاتێ دیتان وا

با هەڵیکرد جنیوی پێ مەدەن، بەڵکوو لەخوا داوا بکەن کە لەخێری ئەو بایە بەشتانیدا، وە پەنا بگرن بەخوا لە شەڕی ئەو بایە. بەیهەقی {رەحمەتی خوای لێبێ} لە کتێبی شیعەبول ئیمانا لە موحەممەدی کوڕی حاتەمەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ. بە ئەبو بەکری ئەل – وە راقم گوت : شتێکی وام فێر بکە کەلە خودا نزیکم بکاتەوە لەمەردوم دوورم بکاتەوە؟ فەرمووی: ئەوەی کە نزیکت دەکاتەوەو لەخواوە ئەوەیە کەداوای بەخشیشی لێ بکەی، ئەوەیشی کەلەو خەڵکە دوورت دەخاتەوە ئەوەیە کەداوای هیچیان لێ نەکەی، چاوت لە دەستیان نەبێ، ئینجا ئەبو هورەیرەوە گێڕایەوە کە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەرفەرموێ: هەرکەسێ داوا لەخوا نەکا خوا رقی لێ دەگری ! ئینجا ئەم شیعرانەی خوێندەوە:

لاتسألن بنی آدم حاجة
وسل الذی أبوابه لاتحجب
الله یغضب ان ترکت سؤاله
وبنی ادم حین یسأل یغضب!

واتە:

داوای هیچ مەکە لە ئادەمیزاد
لەخواداواکە: مرازو مراد
خوا پێی ناخۆشە داوای لێ نەکەی
مرۆڤ پێی خۆشە داوای لێ نەکەی

١٠٠) باسی نوێژی ترس:

نوێژی ترس بەقورئان‌و سوننەت‌و یەکگرتنی نەتەوە دامەزراوە، خوای مەزن دەفەرموێ: {وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ أَسْلِحَتَهُمْ – سورة النساء – ٤/١٠٢) تاکۆتایی ئایەت. خۆشەویستیش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: چۆن دەبینن من نوێژ دەکەم ئێوەیش رێك ئاوا نوێژ بکەن، دەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەم نوێژەی کردووە، لەپاش وەفاتی خۆی هاورێکانیشی ئەم نوێژەیان کردووە، {دروودی خودا لەسەر پێغەمبەرو رەزای خودا لە یارانی}، جا لەبەر ئەوە بووە بەیەکگرتن، وەکی تریش هۆی رەوا دیتنی هەرماوە، کەواتە ئەویش وەك نوێژ کورتکردنەوە هەردەمێنێ. لە ماڵەوەو لە سەفەردا ئەم نوێژە دروستە. ئەم نوێژە سێ جۆری هەیە:

جۆری یەکەم: ئەوەیە کە دوژمن لە غەیری لای رووگەوە بێ، لەم کاتەدا ئیمام خەڵکەکە بکا بەدوو بەشەوە، بەشێکیان رووبەرووی دوژمن رادەوەستن‌و، بەشەکەی تریش لەگەڵ ئیماما سەرەتای نوێژ دەست پێ دەکەن ئیمام رکاتێکیان پێ بکا، جا ئەم بەشە، کاتێ ئیمام هەڵسایەوە، ئەوان نێتی‌جیایی لە ئیمام بێنن‌و بۆ خۆیان رکاتی دووەم تەواو بکەن‌و سلاو بدەنەوەو بڕۆن بۆ بەرابەر دوژمن‌و بەشی دووەم بێن، کە هەتا ئێستا بەرابەر دوژمن بوون، بێن لە پشتی ئیمامەوە نوێژ دابەستن، وەئیمام رکاتی دووەم لەگەڵ ئەمانا بخوێنێ، کاتێ ئیمام دانیشت بۆ تەحیات ئەمانیش راست ببنەوەو رکاتی دووەم تەواو بکەن، وەئیمام هەر لەنوێژدا بمێنێتەوە، چاوەڕوانیی ئەمانە بکا، لە تەحیاتا، هەتا ئەوان

پێی دەگەنەوەو سلاوی نوێژەکەیان لەگەڵدا دەداتەوە، ئەمەیش لەسەر ئەم شێوەیە وێنەی نوێژی پێغەمبەرە {دروودی خوای لەسەربێ} لە غەزای (زاتو لریقاع)دا، لەسەر ئەم شێوەیە شەیخان لە سوهەیلەوە گێڕاویانەتەوە. زاتو ریقاع جێگەیەکە لە وڵاتی نەجد، ئەم غەزایە ئەم ناوەی لێنرا بە ناوی درەختێکەوە کەلەو جێگەیەدا بوو بەم ناوە، دەگوترێ: ئەم غەزایە بۆیە واناونراوە چونکە بەهۆی ڕۆیشتنی زۆرەوە پێیان شەقار شەقار بووبوو، لەبەر ئەوە قاچیان بەپەڕۆو پاڵ پێچابوو، لە عەرەبیشدا بە پەڕۆو پاڵ دەگوترێ: ریقاع، کەواتە غەزای زاتوریقاع، بەکوردی پێی دەگوترێ: غەزا پەڕۆینە[1].

جۆری دووەم: ئەوەیە کە دوژمن لەتەرەفی قیبلەوە بێ، جائیمام خەڵکەکە بکا بەدوو بەشەوە، هەربەشەی بکا بەریزێ، جا نوێژ دابەستێ لەگەڵ هەموویان، جا کاتێ گەیشتن بەکوڕنووشی یەکەمی ڕکاتی یەکەم ڕیزێکیان لەگەڵ پێشنوێژ کوڕنووش بەرن و ریزەکەی تریان پاسی ئەمانە بکەن. کە پێشنوێژو ریزەکەی لە گەڵیدا کوڕنووشیان بردو ڕاست بوونەوە بۆ ڕکاتی دووەم، ریزی پاسەوان سوژ دەببەن و ڕاست ببنەوەو

---

[1] لە کوردی خۆماندا دەڵێن: شەخصە پەڕۆینە. لێرەدا فیقهولمویەسەرەکە ئاوابوو: (وذات الرقاع موضع بنجد سميت! بذالك لانهم لفوا على بواطن اقدامهم الخرق... الخ) بەپێی (کفایة الاخیار)ەکە ساخم کردەوە وەك لە سەرەوە وەرم گێڕان چونکە شوێنەکە ئەگەر خۆی لە پێشدا ناوی ژاتوریقاع بێ ئیتر چۆن ناو دەنرێتەوە شوێنە پەڕۆینە! ئەمە هۆی ناوی قەزاکەیە نەك جێگەکە.

- وەرگێڕ -

بگەنەوە بە ئیمامو رکاتی دووەم بخوێنن، کاتێ گەیشتن بەسوژدەی رکاتی دووەم ریزی پاسەوانی پێشوو لەگەڵ ئیمامدا سوژدە ببەنو ریزەکەی تـر پاسـەوانی بکـەن، هـەتا ئـەمان لـە کورنـووش سـەربەرز دەکەنـەوە. جـا ئەوانیش کورنـووش ببـەنو لەگـەڵ ئیمـامو ریزەکەیـدا تـەحیات بخـوێنن وەپێشنوێژ سلاوی نوێژیان پێ بداتـەوە. ئەمـە وێنـەی نوێـژی حـەزرەتی پێغەمبەرە {درودو سلاوی خوای گەورەی لەسەربێ} لە غـەزای عەسـفاندا ، ئـەبو داوودو کەسانی تر ئەمەیان گێڕاوەتەوە. ئەم شێوەیە ئەم سێ مەرجەی هەیە:

جۆری یەکەم: ئەوەیە کە دوژمن لەلای رووگەوەبێ.

جۆری دووەم: ئەوەیە کە دوژمن لەسەر کێوێ، یا لەسەر راستاییەکی وابێ، کە لەبەر چاوی موسوڵمانەکان ون نەبن.

جۆری سێیەم : ئەوەیە کـە موسـوڵمانان ئەوەنـدە زۆر بـن، کـەبکرێن بە دوو بەشەوە، کە بەشێکیان کورنووش ببەن، ئەو بەشەی تریان ببن بە پاسەوان.

جۆری سێیەم: ئـەوەیە کەشەڕ گەرم بێو تـرس زۆر بێو، بڕژێنە ناو یەکەوەو مەودای ئـەوە نـەبێ کـەببن بـەدوو بەشـەوە لـەم حاڵـەدا بەهـەر جۆرێ بۆیان رێك بکەوێ نوێژ بکەن دروستە بـە سـواری پـێ یـا بـەپیادە، بارووشیان لەرووگە نەبێ، چونکە یەزدانی مـەزن دەفەرموێ: (**فـان خفـتم فرجالا أو ركبانـا**) (تەماشـای باسـی - ٥٥ بکـە - وەرگێـڕ). جـا لـەم کاتـەدا ئەگـەر چـەمینەوەو کورنووشـی تـەواوی بـۆ نـەدەکرا بابـە ئامـاژە بیانکـا، لەبەر ناچاری، وەبۆ کورنووش کەمێ زیاتر لارببێتەوە. ئەگـەر ئەمەیـشی بۆ نەکرا، چۆن بۆی دەلوێ ئاوا نوێژ بکا دەبێ.

١٠١) بەکارهێنانی ئاوریشم‌و زێڕ:

بۆ پیاوان پۆشین‌و لەبەرکردنی ئاوریشم نادروستە، هەروا خۆپێ پۆشین‌و پاڵ پێوەدانی‌و لەسەر دانیشتنی‌و بەخۆوە پێچانی، هەرواکردنی بەبەری جل‌و بەرگ‌و کردنی بەچەرچەفو رووپۆش بۆ لێفەو دۆشەك‌و کردنی بەپەردە. وە هەموو جۆرە بەکار هێنانێکی تری نادروستە، بەلگەی ئەمەیش نەیی پێغەمبەرە لەمە، لە گێڕانەوەی بوخاریدا دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {درودو سڵاوی خوای لێبێ} ڕێگەی نەداوین ئاوریشم‌و دیباج لەبەرکەین، یا لە سەریان دابنیشین. هۆی ئەم نەیی لێکردنە ئەوەیە: ئاوریشم ئەم دووشتەی تیادایە: دەعیەو فیزو هەوا بە مرۆڤ پەیدا دەکاو لە هەمان کاتدا ژنانەیە، لەبەر ئەوە بۆ پیاوی مەرد ناشێ‌و کەمییە بۆ شان‌و شەوکەتی، ئەوەتا کەسانێ لە بەری دەکەن کە خوێری‌و سەر ژنانین‌و لاسایی ژنان دەکەنەوە، لە ئیسلامیشدا پیاو پیاوەو ژن ژنە، لەبەر ئەوە لاسایی کردنەوەی ژنان نادروستە، بۆ لەبەرکردن‌و بەکار هێنانی ئاوریشم نێرەمووك حوکمی پیاوی هەیە، چونکە دووربینی ئەوە دەکرێ کە نێرینە بێ. بەڵام پۆشینی بۆ ژنان دروستە چونکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: زێڕو ئاوریشم بۆ مێیینەی ئومەتم حەڵاڵە، بەڵام بۆ نێرینەیان حەرامە.(ئیمام ئەحمەد لە موسنەدی خۆیا گێڕاویەتەوە). تیرمذیش لە بارەیەوە فەرموویەتی: جوان‌و دروستە (حسن صحيح) حیکمەتێکی ناسکی شەرعی تیایە کە ئەوەیە پۆشینی ئاوریشم لەلایەن ژنەوە هەوەسی پیاو هەڵ دەسێنێ‌و لەگەڵ زۆر دروست دەبێ‌و، ئەوەیش دەبێ بەهۆی زۆربوونی نەتەوە، شتی وایش پێغەمبەری خوا، کە گەورەو سەروەری پێشینان‌و پاشینانە،

لەگەلی ئیسلامی داواکردووه. بۆ نادروستی کەمو زۆر جیایی نیه، چونکه حەزرەت بەبێ مەرج دەفەرموێ: ئێوەی پیاوان ئاوریشمو دێباج مەپۆشن، لە حاجەتی زێرو زیودا شت مەخۆنەوە، ئەمانە لە جیهانا بۆ ئەوانن‌و لە بەهەشتا بۆ خۆمانن!. (شەیخان). لە نادروستیدا شتی رەنگ کراو بەزەعفەران، جا هەمووی رەنگ کرابێ، یا هەندێکی، بڕیاری ئاوریشمی بۆ هەیە. بەلام ئەگەر چنراوەکە تێکەڵ بوو لە ئاوریشمو شتێ تر وەك کەتان‌و لۆکە، ئەوە سەرنج دەدەین: ئەگەر زۆربەی ئاوریشم بوو نادروستە، ئەگەر زۆربەی ئاوریشم نەبوو دروستە، کام لایەیان زۆر بێ حوکمەکەی ئەو زاڵ دەبێ هەتا ئەگەر لەپارچە یەکا هەردوولایان یەکسان بوون، رای راستتر ئەوەیە کە دروستە، چونکه پێی ناگوترێ ئاوریشم، بنەڕەتیش لە بەهرەدارەکاندا رەوابوونە. گوتراویشە: لەم کاتەدا نادروستە لای نادروستی زاڵ دەگرێ بەسەر لای دروستیدا، چونکە یاسا وایە: کاتێ حەلاڵ‌و حەرام کۆبوونەوە لە شتێکا، ئەو شتە حەرامە، لەکاتی ناچاریدا پۆشینی ئاوریشم دروستە، وەك شەڕێکی کوتوپڕی، کە پیاو فریا نەکەوێ جلی تر پەیدا بکا، یا لەبەر پێداویستی، وەك بۆ چاری گەرماو سەرماو خۆروو ئاڵشت‌و ئەسپێ، چونکه پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەبەر شتی وا ڕێگەی عەبدورەحمانی کوڕی عەوفی دا کەلەبەری بکا، هەروا بۆ پۆشینی شەرمگا لەناو نوێژا، ئەگەر شتی تری دەست نەکەوت.

چاو پۆشی دەکرێ لە پۆشینی جلێ کەقەراخی چاك‌و یەخەو گیرفان‌و سەردەست‌و داوێن‌و دەرەلنگی گیرابێتە ئاوریشم، خوا دیوی دەرەوەیان، خوا دیوی ناوەیان. سەر بەلگەی ئەم بڕیارەش چەن

فەرموودەیەکە، یەکێکیان ئەوەیە کە موسلیم لە عومەرەوە {ڕەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} ڕێگەی نەداوە کە ئاوریشم لەبەر بکرێ، مەگەر بۆ نەخش، ئەویش بەقەد جێگەی دووسێ پەنجە،یاسێ چوار پەنجەبێ.

١٠٢) ئەوەی بۆ مردوو پێویستە:

بۆ مردووی موسڵمان ئەم چوارشتە پێویستن: شۆردنیو کفن کردنیو نوێژ لەسەر کردنیو ناشتنی.

١) **شۆردن:** لای کەمی شۆردن ئەویە: لەپاش لابردنی هەر پیسییەك کە بە لەشیەوە، یا لابردنی هەر شتێ کە نەهێڵێ ئاوەکە بگاتە سەر پێستی، هەموو گیانی مردووەکە بە ئاوێکی پاكو پاکەوەکەربشۆرن. چونکە ئەم ئەندازەیە پێویستە لەسەر زیندوو لەکاتی لەشپیسی دەرکردندا. نێت مەرج نیە، لە لایەن ئەو کەسەوە کە دەیشوا، گریمان ئەگەر کافریش بیشوا بری دەکەوێ! هەر لەسەر ئەم بنیاتە خنکاو لە ئاوا ناشۆرێ، چونکە پاك بۆتەوە. هەیشە دەڵێ دەبێ خنکاو لەئاوا بشۆرێ چونکە ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە بیشۆرین، دەی ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ ناکرێ هەتا بە کردەوە نەیکەین، ئەگەر مردوو لەبەر سووتانو شتی وا دارزابوو، بە جۆرێکی وا ئەگەر بشۆررێ لێی هەڵدەوەرێو گۆشتەکەی دادەوەشا ئەوە ناشۆرێ، بەڵکوو تەیەمومی بۆ دەکرێ، ئەگەر بۆ مردووی پیاویش بەس ژنی بیانی هەبوو کە بیشوا، یا

بـۆ مـردووی ژن بـەس پیـاوی بێگانــە هـەبوو کـە بیـشوا، ئـەوە لـەم دووحاڵەتەدا، بە دەسکێشەوە تەیەموم بۆ مردوەکە دەکرێ!

بەڵام منداڵێ کە نەگەیشتبێتە رادەی ئارەزوو جووڵاندن، پیاوو ژن بۆی هەیە کەبیشوا، نێرو مێی گەورەیش حوکمی ئەم منداڵەی هەیە، کافرێ کە ئەهلی ذیممە نەبێ، شۆردنو کفنکرن واناشتنی دروستە، بەڵام دروست نیە نوێژی لەسەر بکرێ. بەڵام کافری خاوەن پەیمان کە پێی دەگوترێ ذیمی، پێویستە کە بشۆرێو کفن بکرێو بەخاك بسپێررێ، لەبەر جێبەجێکردنی مافی پەیمانەکەی، هەروا کافرێ کە موعاهەدبێ، بەڵام کافری لە ئیسلام هەلگەڕاوەو بێبڕوای جەنگی ئەم دووە نەشۆردنو کفنو نە ناشتنیان پێویست نین، بەڵکوو دروستە کە کەلاکەکەیان فڕەبدرێتە بەرسەگ، چونکە ئەم دووە لە شەرعا رێزیان بۆ دانەنراوە. ئەوەندە هەیە ئەگەر خەڵك بە بۆگەنیان زیانەومەند دەبوون پێویستە کەلاکەکەیان بکرێ بەژێر خۆڵەوە. مردوو سوننەت ناکرێ بە بیانووی ئەوەوە کەژێرچەرمی سەری چووکی بشۆررێ!

٢) **کفنکـردن:** لای کـەمی، لۆیەکفنـە ج بـۆژن، ج بـۆ پیـاو چـونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی فەرموو: کە موصعەبی کوڕی عومەیر لە باڵاپۆشەکەی خۆیدا کفن بکرێ، کە تەنیا ئەو لۆجلەی هەبوو کە مرد (شەیخان).

راجیایی هەیە لە ئەندازەکەیدا. هەندێ دەفەرموون: بریتییە لەو ئەندازەیە کە شەرمگای پیاو، یا ژن، داپۆشێ. هەنـدێ تـر دەفەرموون: ئەوەیە کە هاودامان بێ هەموو لەشی مردووەکە داپۆشێ، تەنیا سەری

پیاوو ژنی لێدەرچێ کە لە ئیحرامی حەج‌و عەمرەدا مردوون. ئەوەی فەرمایشتی دووەم بە دروست دادەنێ، ئیبنولقری، وەك ئە ذروعی، ئەم رای دووەمە پەسەند دەکات، لەمەدا جەماوەری زاناکانی خۆراسان سەرمەشقیانە.

٣) **نوێژکردن لەسەری:**، کە بڕیارەکەی لەمەولا دێ.

٤) **ناشتن:** لای کەمی چاڵێکی وایە نەهێڵێ بۆنی مردووەکە بێتەدەرەوە، رێگەی درندە نەدا کە مردووەکە دەرکێشێتە دەرەوە.

دووکەس نەدۆشۆرێن‌و نە نوێژیان لەسەر دەکرێ:-

یەکەمیان: شەهیدە. گەرچی کوژراوی بەناهەق‌و خنکاو لە ئاواو کەسێ بەژێرەوە بووبێ‌و کەسێ بەدەردی سك بمرێ‌و مەرگی کوتوپڕو کەسێ لە کافرسانی بمرێ‌و ژنی زەیستان، ئەمانە هەموو شەهیدی قیامەتن، بەڵام ئەمانە هەم دەشۆرێن‌و هەم نوێژیان لەسەر دەکرێ، بەڵام مەبەست لەو شەهیدەی کە ناشۆرێ‌و نوێژی لەسەر ناکرێ ئەم شەهیدانەیە: کەسێ لە شەڕی کافرانا بەهۆی شەڕەوە کوژرابێ، وەك ئەوە کافرێ کوشتبێتی، یا موسوڵمانێ بە هەڵە کوشتبێتی یا چەکەکەی خۆی بۆیگەڕابێتەوە، یا لە ماینەکەی گلابێ، یا وڵاخەکەی لەقەو جووتەی لێدابێ، یا کەوتبێتە ناو هەڵدیرێکەوەو مردبێ، یا لە شەکەی لە پاش تەواوبوونی شەڕەکە بە کوژراوی بدۆزنەوەو هۆی مردنەکەی نەزانرێ، بۆ ئەمەش رەسیدەو منداڵ یەکسانن، هەروا ئازادو بەندەو پیاوو ژن لە مەدا چون یەکن. بوخاری لە جابیرەوە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) شەهیدەکانی ئوحودی نەشۆرد، وە نوێژیشی لەسەر نەکردن.

لەم بڕیارەدا لەشپاكو لەشپیس چونیەكن، چونكە حەنظە لە {رەزای خوای لێبێ} لەشی پیسبوو كە لە غەزای رۆژی ئوحوددا شەهیدكرا، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی نەكرد بە شۆردنی، فەرمووی: دیم كە فریشتەكان دەیان شۆرد. ئەو شەهیدەی لەسەر ئەم شێوەیە بكوژرێ ئەوە شەهیدی دنیاو قیامەتە، لەو دەستەیەیە كە خوا لەوەسپی جوانیان {عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ – سورة آل عمران – ١٦٩/٣ – ١٧٠}.

بەلام ئەوەی كەلەم حاڵەتانەدا لەسەر شێوەیێ كە مایەی رەزامەندی خوای گەورە نەبێ، كوژرابێ، ئەوە بە شەهیدی قیامەت دانانرێ، بەلام لە دنیادا بە شەهید دادەنرێ لەبەر ئەوە نەدەشۆرێو نە نوێژی لەسەر دەكرێ، ئەمانەیش وەك: كەسێ لە شەڕی بێ بڕوایانا پشتی لە كافر هەلكردبێو لە هەمان كاتدا خۆی نەگەیاندبێتەوە كۆڕی شەڕ لە لایەكی ترەوە واتە: هەڵهاتبێ لەبەر كافرو كوژرابێ، یا چووبێ بۆ لای دەستەیەكی بێهێز، یا بۆ ریابازی جەنگ بكا. ئەم جۆرە كەسانە لە قیامەتدا لە خەلاتی شەهیدانا بەشدار نین.

دووەم: لەوانەی كە نەدەشۆرێنو نە نوێژیان لەسەر دەكرێ: مندالی لەبارچووە. منالی لەبارچوو دوو حاڵەتی هەیە:-

حاڵەتی یەكەم: ئەگەر نیشانەی ژیانی پیوەبوو، وەكووو جووڵەو دەنگو گریانو روانینو شیرخواردن، ئەوە هەم دەشۆردرێو هەم نوێژی مردووی لەسەر دەكرێ، چونكە سوور دەزانین كە ئەو خاوەن ژیان بووە، بەپێی فەرموودەی حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} كە دەفەرموێ: هەر كاتێ

منــاڵ نیــشانەی ژیــانی پێوەبــوو، وەکــوو قیــژەی گریــان، ئــەوە هــەم بەشــەمیراتی بــۆ دادەنــرێ، هــەم نوێــژی لەســەر دەکــرێ (نەســائی گێڕاویەتــەوە، ئیبنــو حــەببانو حــاکم بــە درووســتیان دانــاوە) وە دەفەرموێ: بەپێی مەرجی شەیخەینە، کە دایان ناوە بۆ ساخیو دروستی فەرمووده.

حاڵەتی دووەم: ئەوەیە کە بە دروستی نەزانرێ کە ئایا گیانی کراوە بەبەرا یانا، چونکە نیشانەی ژیانی پێوە نیە، جا ئەگەر چوار مانگانە دەبوو کە منداڵ لە ناوسکی دایکیدا لەم تەمەنەدا ڕۆح دەکرێ بە بەریدا، یاخود لە چوار مانگ زیاتر بوو، ئەوە نەشۆردنی لەسەرەو نە نوێژی لەسەر دەکرێ، بەڵام پێویستە کفنو دەفن بکرێ.ەڵێ منداڵێ کە سەرو شێوەی ئادەمی تیا دەرنەکەوتبوو، وەکوو پارچە گۆشتێ وابوو، ئەوە شۆردنو نوێژو کفنی ناوێ، بەڵام سونەتە پەڕۆیەکی پێوە بپێچرێو بشاردریتەوە لەناو خاکا.

١٠٣) سوننەتەکانی شۆردنی مردوو:

لەپێشەوە لای کەمیی شۆردنی مردوو باسکرا. بەڵام باشترینەکەی ئاوایە: لە پەناگایەکا بیشۆرێ، کەس نەچێتە دیاری، جگە لە مردووشۆرەکەو ئەوانەی کە یاریدەی دەدەن، وا باشە ئەو شوێنە سەرداپۆشرابێ، وە لەسەر تەختەیەکی بەرز یا شتێکی بەرز دایبنێ، بە ئاوێکی سارد بیشۆرێ، چونکە ئاوی سارد لەش پنردەکاتەوەو توندو تۆڵی دەکا، مەگەر لەبەر پێداویستی ئاوی گەرمی شلەتێن بەکار بێنی بۆ

شۆردنی، وەك چڵكنیو شتی وا، واباشە كە مردووو شۆرەكە مردووەكە لەسەر تاتە شۆرێكی بەرز دابنیشێنێ، بە شێنەیی، بە چەشنێ كە كەمێ لاربێتەوە بۆ لای پشتەوە، وە پشتی بدا بە ئەژنۆی راستی خۆیەوە، دەستی بهێنێ بەسەر سكیدا هێز بخاتە سەر دەستی، بۆ ئەوەی ئەگەر پوخڵییەكی تیابێ دەربچێ، ئەمجار بەسەر پشتا لەسەر پشت رای بكێشێ، بە دەستی چەپی، بە دەسپێچێكەوە، شەرمگای بەرو دوای بشۆرێ، پاشان ئەوە فڕەداو دەسپێچێكی تر بكاتە دەستی پەنجە بكا بە دەمیا، بیهێنێ بە سەردانەكانیدا، وە هەرچی لە كونەلووتەكانیا هەبوو پاكی بكاتەوە. واباشە لە دوا ئەمە كە مردوو شۆرەكە، دەسنوێژێكی تەواوی وەكوو هی زیندووی بۆ بگرێ، ئەوجا بەشتێكی بۆنخۆش وەك موردو گیا هێرۆوە بەماددەیەك كە شت پاك بكاتەوە وەك سابون سەری بشۆرێ ئەوجا ئاوێكی تێرو تەسەل بكا بەسەر سەریا، ئەوجا لای راستی بشۆرێ، ئەوجا لای چەپی بشۆرێ، وە لە هەموو ئەم شۆرینەدا شتێكی بۆنۆش، وەك مۆرد ئامێتەی ئاوەكە بكا، سوننەتە بۆ جاری دووەمیش وەك جاری یەكەم بیشواتەوە، وە بۆ جاری سێیەم هەموو لەشی، بە ئاوێكی رووت، وەك جارەكانی تر بشوا.

بوخاری {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: ئوممو عطییە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەری خوا {درودو سڵاو رەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێ} تەشریفی هاتە ژوورەوە بۆلامان، ئێمە خەریكبووین تەرمی زەینەبی كچیمان دەشۆرد، فەرمووی: بە ئاوو مۆرد سێ جار بیشۆرن، یا پێنج جار، یا زیاتریش، ئەگەر زیاترتان بە پێویست زانی، لە دوا دەستدا كافووریشی تێبكەن، لە ئەندامە راستەكانیەوەو لە ئەندامەكانی دەسنوێژیەوە دەست پێبكەن بە

شۆردنی. ئوممو عەتییە {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: جا قژەکەیمان کرد بە سێ بەشی یەکسانەوەو شانەمان کردو کردمان بە سێ پەلکەو بە پشتیا شۆڕمان کردەوە. سوننەتە کە سەرو ڕیشی (ئەگەر موویان پێوەبوو) بە شانەیەکی ددان شاش دابهێنێ، بەلام بە شێنەیی، نەبادا موویان لێ هەڵوەرێ، ئەگەر شتێکی لێ هەڵوەری بیشۆرێو لە دواییدا لە پاڵیا، لەناو کفنەکەیدا دایبنێ، چونکە دەبێ رێز لە هەموو بەشێکی لەشی مرۆڤ بگیرێ بەپێی قورئان کە دەفەرموێ: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ – سورة الإسراء – ١٧/٧٠}.

جا لەپاش شۆردنی ئەگەر شتێکی لێدەرچوو، پێویستە کە لاببرێ، بەلام شۆردنەوەی دوبارە کرێتەوە.

سوننەتە مردوو شۆر تەماشای هیچ شوێنێکی نەکا بەپێی پێداویست نەبێ، بەلام نادروستە کە تەماشای شەرمگای بکا، یا بەبێ دەسپێچ دەست لە شەرمگای بدا، دەبێ ئەو کەسەی کە مردووە کە دەشوا سرپۆشبێ، ئەگەر شتێکی باشی بینی بیگێڕێتەوە. ئەگەر شتێکی ناباشی چاوپێکەوت حەرامە باسی بکا. باشتر ئەوەیە کە پیاو پیاو بیشۆرێو ژن ژن بیشۆرێ. بەلام دروستیشە پیاو ژنی حەلاڵی خۆی بشۆرێ، وەك هاوسەرو کەنیزەك، با ژنەکەیشی کتابییەبێ وە ژن مێردی خۆی بشۆرێ، بەلام ژنێ کە لە عیددەی تەلاقی ریجعیدابێ، نە مێردەکەی بۆی هەیە ئەو بشوا، نە ئەو بۆی هەیە مێردە پێشووەکەی بشوا، ئەگەر بۆ شۆردنی ژن هەر پیاوێکی ناخۆیی (نامەحرەم) هەبوو، وە بۆ شۆردنی پیاو هەر ژنێکی ناخۆیی هەبوو، ئەوە دروست نیە مردووەکە بشۆرێ، بەڵکوو پێویستە تەیەمومی بۆ بکرێ.

١٠٤) ئەوەی لە کفندا سوننەتە:

لـە پێـشەوە کـەمترینی کفـن نووسـرا. کفنـی هـەرە تـەواو بـۆ پیـاو ئەوەیـە سـێ لۆبـێ، کفنـی زۆر بـاش ئەوەیـە رەنگـی سـپی بـێ، چـونکە دەفەرمویٚ {دروودی خوای لەسەربێ}: جلی سپیش لەبەر بکەن، جلی سپی باشترین پۆشاکە بـۆ ئێـوە، وە بیکـەن بـە کفنـیش بـۆ مردووەکانتـان! (ئەحمـەدو ئەبو داودو ئیبن ماجەو تیرمیذی گێڕاویانەتـەوە، تیرمیـذی بـە دروسـتی دانـاوە). لـە نـاو ئـەم سـێ لۆیـەدا کـراس و میزەریـان تیـادا نییـە. بـەڵکوو پەشتە ماڵێك و دوو لۆکفنی سەرتاپایی بەسە، پەشـتە ماڵەکە بـۆ نێـوانی ئەژنۆو ناوکی،

دووەم: لە گەردنیەوە هەتا قولاپەی پێی بگرێتەوە.

سێیەم: بـاڵا پێـچێکی وابـێ هـەمو جەسـتەی بـە تـەواوی دابپۆشـێ. ئەمـەیش پـەیڕەوی کفنـی پێغەمبـەر خۆیـەتی {دروودی خوای لەسەربێ} لـە صەحیحەیندا عائیشە دەفـەرمویٚ: پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەسـێ لـۆ جلی یەمەنی سپی خاوێنی لۆکەدا کفـن کـرا، نـەکراس و نـەمێزەریان تیـا نەبوو.

کفنی ژن سوننـەتە پێنج لـۆ بێ لەسـەر ئـەم شێوەیە: پەشـتەماڵ و سەرپۆش و کراس و دوو باڵا پـێچ: ئیـزارو خیمـارو قـەمیص و لەفقافـەتان ئەم شتانە هەموو لە سوننـەتدا چەسپاون لە فەرموودەکەی لـەیلای کـچی قانیفی ئەقەفییەدا دەفەرمویٚ: ئوممو کولثومی کچی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە کۆچی دوایی کـرد، خـۆم یـەکێك بـووم لـەو ژنانـەی کـە دەیـان شـۆرد، پێغەمبـەر خـۆی {دروودی خوای لەسەربێ} لـە لای دەرگاکـە تەشـریفی

دانیشتبوو، کفنەکەی ئەمو کەلپوومی پێ بوو، یارچە پارچە دەیدایە دەستمان: لە پێش پێشدا کراسەکەی دایە دەستمان، ئینجا سەرکراس، ئینجا سەرپۆش، ئینجا سەردەریی، لە پاش ئەمانە هەموو چەرچەفێکی ئاودامانیان تێوە پێچا.

(ئەحمەد/ ئەبو داوود). بزانن مردوو لە ژیانیدا هەرچی بۆ دروستبێ کە لەبەری بکا ئەوە بۆ کفنیشی دەست دەدا، کەواتە دروستە کفنی ژن لە ئاوریشم بێ، بەڵام شتی وا ناباشە، چونکە ئیسراف و زادەڕۆوییە، بەڵام بۆ پیاو دروست نیە، بەڵام شتێ بە زافەران و عەصفەران رەنگ کرابێ بۆ کفن باش نیە. پێلێ هەڵبرین لە کفنا ناباشە. کفن دەبێ سفت بی، تەنك و شاش نەبێ، چونکە مەبەست خۆ گرتنی کفنەکەیە بە لەشەوە، نەوەك رازاوە.

١٠٥) نوێژی مردوو:

وەك لە پێشەوە زانیت نوێژی مردوو فەرزی کیفایەیە، مەرجە ئەو مردووەی نوێژی لەسەر دەکرێ: موسوڵمان بێ، شەهید نەبێ، منالێکی وا نەبێ کە نیشانەی ژیانی پێوە نەبووبێ، هەموو مەرجەکانی نوێژەکانی تر مەرجن لە دامەزراندنی نوێژی مردودا، سەرەڕای ئەوانەیش دەبێ مردووەکە، لەپێش نوێژەکەیدا شۆرابێ یا تەیەمومی بۆ کرابێ، ئەگەر شۆردنی لە توانادا نەبوو، بەڵام مەرج نیە بە جەماعەت بکرێ، بەڵکو جەماعەت لە نوێژی مردودا سوننەتە. بەپێی فەرموودەکەی موسلیم: هەر پیاوێ لە موسوڵمانان، کە دەمرێ، چل پیاو

(كه هیچ هاوەڵ بۆ خوا پەیدا نەكەن) نوێژ لەسەر تەرمەكەی بكەن، بێگومان كه خوا تكیان لێ گیرا دەكا بۆی. فەرزەكەی به ئەوەندە لە كۆڵ دەكەوێ كه نێرینەیێ، یا مندالێكی فامیدەیش بێ، نوێژی لەسەر بكا، چونكه مەبەستەكه بە ئەوەندە دێتە دی، وەكی تریش هەموو كاتێ مندالی فامیدە دروستە ببێ بە پێشنوێژ بۆ پیاوان، سوننەته نوێژكەرەكان بكرێن بە سێ ریزەوە، یا بە زیاتر، بەپێی فەرموودەكەی كه دەفەرموێ: هەر بەندەیەكی موسوڵمان بمرێو سێ ریز یا زیاتر، لەسەر تەرمەكەی نوێژ بكەن مسۆگەر خوا لێی خۆش دەبێ.

له پێشترین كەس بە نوێژكردن لەسەر مردوو باوكە، ئەوجا باپیر ئەوجا باپیره گەورە، هەتا بڕوا بەرەوژوور، كوڕ، كوڕەزا، بەرەو خوارتریش، ئەوجا باوانو عەصەبە، لەسەر شێوەی ریزی میراتگران هەتا دەڕوا.

١٠٦) بنیاتەكانی نوێژی مردوو (ئەم حەوتەن):

یەكەم: نیەت. ئەگەر مردووەكه یەك كەس بوو نیەتی ئەو كەسەی لێدێنێ، ئەگەر چەن كەسێ بوون نیەتی ئەوانی لێدێنێ، دیاریكردنی مەرج نیه.

دووەم: بۆ كەسێ بتوانێ دەبێ راوەستێ.

سێیەم: چوار (الله أكبر)ه، ئەگەر پێنج (الله أكبر)یش بكا، نوێژەكەی پووچ نابێتەوە، چونكه شتیوا لە صەحیحی موسلیمدا هەیە، سەرەرای ئەوەیش تەكبیركردن ذیكره نوێژیش بە كردنی هیچ ذیكرێكی خوا پووچ نابێتەوە.

چوارەم: خوێندنی فاتیحەیە، لە پاش (الله أكبر)ی یەکەم لە سەهلەوە دەفەرموێ: سوننەتە کە لە نوێژی مردوودا لەپاش ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژدابەستن، بە پەیانامەکی سوورەتی فاتیحە بخوێنێ!

پێنجەم: سەڵاواتدانە لەسەر پێغەمبەر {درووددو سڵاوو رەحمەتی خوای لەسەربێ} لەپاش (الله أكبر)ی دوهەم چونکە ئەوە لە حەدیثی صەحیحدا هەیە: لای کەمی ئەمەیە: (**اللهم صل علی محمد**)، لای هەرە تەواوی ئەمەیە: (**اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم انك حمید مجید**.

شەشەم: شافیعی لە موسنەدەکەیدا لە ئەبو ئومامەی کوڕی سەهلەوە دەگێڕێتەوە: کە پیاوێ لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {درووددی خوایان لەسەربێ} هەواڵی داوە پێم: کە لە نوێژی مردوودا سوننەتە پێشنوێژ لە پاش (الله أكبر)ی نوێژدابەستن کە (الله أكبر)ی یەکەمە بە نهێنی لە دڵی خۆیەوە فاتیحە بخوێنێ، ئینجا سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر {درووددی خوای لەسەربێ} بدا، ئەوجا بە کوڵو بە دڵو بە دڵسۆزی نزای باش بۆ تەرمەکە بکا، لە نێوانی (الله أكبر)ەکانا، بەڵام لە هیچیانا قورئان نەخوێنێ، ئینجا بە پەنامەکی لە دڵەوە سڵاو بداتەوە. لە (الفتح)دا دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە، عەبدورەزاقو نەسایش گێڕاویانەتەوە، بەڵام بەبێ ئەم دوو گوتەیە: (لەپاش (الله أكبر)ی نوێژدابەستن کە ئەڵلاهو ئەکبەری یەکەمەو ئینجا بە پەنامەکی لە دڵەوە سڵاو بداتەوە!).

ئەوەی کە فەرزە نزایە، ئیتر هەرچۆنبێ دەبێ، بەڵام نزا هەرە تەواوەکان زۆرن‌و بە راستی نزای داگرن، جوانترینیان ئەوەیە کە موسلیم لە عەوفی کوڕی مالیکەوە دەیگێڕێتەوە: دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لەسەر تەرمێ نوێژی دەکرد، ئەمەم لە نزاکەی لە بەرکرد: (**اللهم اغفر له وارحمه وعافه واعف عنه، وأكرم نزله ووسع مدخله، واغسله بالماء والثلج والبرد، ونقه من الخطايا كما نقيت الثوب الابيض من الدنس، وأبدله دارا خيرا من دارة وأهلا خيرا من أهله، وزوجا خَيراً من داره وأهلا خيرا من أهله، وزوجا خيرا من زوجه، وأخله الجنة، وأعذه من عذاب القبر، أو من عذاب النار**): خودایە! پەروەردگارا! لێی خۆشبەو رەحمی پێبکەو سەر ئاسوودەی هەردوو جیهانی کەو لێی ببورەو میوانەو رێزی بگرەو گۆڕی گوشادکەو بە ئاوو بەفرو تەرزە بیشۆرەو لە گوناه پاك پاکی بکەرەوە، وەك چۆن جلێکی سپی پاك رابگری‌و لە چڵك دووری بگری ئاوا، وە ماڵێ لە ماڵەکەی خۆی باشترو خێزانێ لە خێزانەکەی خۆی باشترو هاوسەرێ لە هاوسەرەکەی خۆی باشتری پێبدە، بیبەرە بەهەشت‌و پەنای بدە لە سزای گۆڕو لە سزای ئاگری دۆزەخ. عەوف فەرمووی تەنانەت ئەم نزایەم ئەوەندە بە دڵ بوو خۆزگەم خواست کە ئەو مردووە من بوومایە. نوێژ گەر لەسەر منالی مردوو لە نزا بۆیدا ئاوا بڵێ: (**اللهم اجعله فرطا لابويه وسلفا وذخرا وعظة واعتباراً وشفيعا وثقل به موازينهما وأفرغ الصبر الجميل على قلوبهما**) خودایە ئەم منداڵە مردووە بکە بە پێشرەوو پێشەنگ بۆ باوك‌و دایکی گیرا بفەرموو، بە هۆیەوە تای تەرازووی خێریان لە کاتێ کێشانی کرداریاندا قورس بفەرموو، دڵیشیان

سەبووری بدە. هەروا سوننەتە لەو نزایەدا بیشڵێ: (**ولا تفتنهما بعده ولا تحرمهما أجره**): لە پاش مردنی ئەم منداڵە باوكو دایكی تووشی ئاژاوە مەكەو مردنی ئەم منداڵە نەبێ بە مایەی ئاشووب بۆیان، وە لە پاداشی باشی بێبەشیان مەفەرموو. (ئەمە فەرموودەی نەوەوییە).
سوننەتە لە پاش (الله أكبر)ی چوارەم بڵێ: (**اللهم لا تحرمنا أجره ولا تفتنا بعد واغفر لنا وله**). (ئەمەیش فەرمایشتی شافیعییە).

سوننەتە پێشنوێژی (یا ئەو كەسەی كە خۆی بە تەنیا نوێژ لەسەر مردوو دەكا) لە ئاستی سەری پیاوو لە راستی سێبەندەی ژندا راوەستێ، بەپێی فەرموودەكەی ئەنەسی كوڕی ملیك: ئەبو غالیب (خوای لێ رازە بێ) فەرمووی: لە پشتی ئەنەسی كوڕی مالیكەوە لەسەر تەرمی پیاوێ نوێژم كرد، ئەنەس لە ئاستی سەری راوەستابوو، لە پاشا تەرمی ژنێكی قورەیشییان هێنا، گوتیان بە ئەنەس: ئەی ئەبو حەمزە! نوێژی لەسەر بكە، ئەمجارە ئەنەس لە ئاستی ناوەڕاستی دارەتەرمەكە راوەستاو نوێژی لەسەر كرد عەلائی كوڕی زیادیش پێی گوت: دیارە بۆ خۆت پێغەمبەرت دیوە كە لەسەر تەرمی ژن لە نوێژدا لە ئاستی ناوەڕاستیو لەسەر تەرمی پیاو لە نوێژا لە ئاستی سەری بوەستێ، وەك ئەم راوەستانەی تۆ؟ فەرمووی: ئا.كاتێ لێبۆوە فەرمووی: ئاگاداری ئەم یاسایە بكەنو كاری پێبكەن. (ئەحمەد – ئەبو داوود) ترمیذی بە فەرموودەیەكی جوانی داناوە.

بزانن پاشنوێژی بە جێماو (مەسبووق) نییەتی جەماعەت دەهێنێو فاتیحا دەخوێنێو بەریز (الله أكبر)ەكان دەكا، وەك بە تەنها خۆی نوێژی لەسەر بكا ئاوا، ئیتر پێشنوێژ گەیشتبووە هەر كوێ قەیناكا،

بەڵام هەر کاتێ پێشنوێژ (الله أکبر)ی تازەی کرد، دەبێ ئەویش لەگەڵیدا (الله أکبر) بکا، ئیتر رێك پەیرەوی ئەو بکاو واز لە فاتیحاو شتی وا بهێنێ، چونکە ئەوەی لە کۆڵ دەکەوێ، هەر وەك چۆن ئەگەر ئیمام چوو بۆ روکوع مەئموومی مەسبووق فاتیحەی لە کۆڵ دەکەوێ ئەمیش ئاوا، جاکاتێ پێوشنوێژ سلاوی دایەوە هەرچی لە سەرماوە لە خوێندنی فاتیحەی پاش (الله أکبر)ی یەکەمو (الله أکبر)ەکانی تر بە خۆیانو ذیکرکردنیانەوە، هەموویان بخوێنێ، واباشە تەرمەکە هەڵ نەگریو نەبرێ هەتا ئەو پاشنوێژە بە جێماوانەیش نوێژەکەیان لەسەری تەواو دەکەن، ئەگەر تەرمەکە بیشبرێ، پێش ئەوەی ئەوان نوێژەکەیان تەواو بکەن زیانی نیە. دروستەنوێژ لەسەر مردووی نادیار بکرێ، بە مەرجێ لە دەرەوەی شاربێ، بەڵام هەر مردوویێ لەناو شورای شاردا بێ بەحازر دادەنرێ، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کاتێ نەجاشی لە حەبەشە مرد، لە مەدینە نوێژی لەسەریکرد، وەك شەیخان گێراویانەتەوە. دروستە نوێژی مردوو لەسەر مردووی ناو گۆڕ بکرێ، چونکە جارێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نوێژی لەسەر مردوویێ کرد کە مانگی بوو لە قەبرادا بوو. (شەیخانو دارە قوطنی ئەم مەسەلەیان گێراوەتەوە).

حەوتەم: سلاودانەوەیە لەپاش (الله أکبر)ی چوارەم، سوننەتە لە پێش سلاودانەوەدا بڵێ: (**اللهم لا تحرمنا أجره ولا تفتنا بعده واغفر لنا وله**): خودایە! لە پاداشتی باشی ئەو بێبەشمان مەفەرموو، وە لە لەپاش ئەو گیرۆدەو دووچارمان مەکەو سەرمان لێ مەشێوێنەو لە ئێمەیشو لە ئەویش خۆشبە.

١٠٧) چی سوننەتە بۆ ناشتن:

وەك لە پێشەوە گوترا: لای کەمی گۆڕ چاڵێکە نەهێڵێ بۆنەکەی دەرچێو دڕندە نەتوانێ هەڵی بداتەوە، لای تەواوی گۆڕیش ئەوەیە کە بەلادڕ (لەحد)بێ، سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص {خۆشنوودیی خوداى لێبێ} لەکاتی سەرەمەرگدا، فەرمووی: لادڕم بۆ لێ دەنو بەخشتی کاڵ لای پشتم بگرن، پێغەمبەریان چۆن لێکرد منیش ئاوا لێبکەن. (موسلیم {رەزای خوای لێبێ} گێڕاویەتەوە). ئەمە کاتێ وایە کە زەویەکە رەقەن بێ، بەڵام ئەگەر خاکەکەی فشەڵو بۆش بوو، دەبێ گۆڕیچەی بۆ دروست بێ، بکەن، لادڕ ئەوەیە کە لەبن گۆڕەکەوە لە رووی رووگەوە، لەژێر دیواری لای رووگەوە، قوموشێکی درێژی وا هەڵ بکەنرێ، کە بەفەرەحی جێی مردووەکەی تیادا ببێتەوە. گۆڕیچە (شق)یش ئەوەیە کە لە ناوەراستی تەختی بنی گۆڕەکەدا چاڵێ وەك جۆگەلە هەڵبکەنرێو ئەم بەرەو بەرەکەی دروست بکرێو ئەوجا مردووەکەی تیادا دابنرێو سەری بەخشتی کاڵ، یا بە تەلەبەرد، یا بە تەختەدار قایم بکرێ. پێویستە کە مردوو رووەو رووگە بنێژرێ، هەتا ئەگەر پشتی لە رووگە بوو یا لە سەپشت نێژرا بوو، وە هێشتا هەتا ئەگەر لەشی تێك نەچووبوو، دەبێ گۆڕەکەی هەڵ بدرێتەوەو رووی بکرێتە رووگە. سوننەتە کە گۆڕ ئەوەندە فەرەح بێ بەئاسانی جێگەی تەرمەکەی تیابێتەوە، وە ئەوەندەیش قووڵ بێ بەقەد باڵای مرۆڤێکی نەکورت نەدرێژ کە لە ناویدا راوەستێو هەردوو دەستی هەڵبڕێ ئەوجا بگاتە لێوارەکەی، چونکە عومەر {رەزای خوای لێبێ} ئەمە ئامۆژگاری بوو، ئەمەیش رێك دەکاتە سێ باسكو نیو بە باسکی ئادەمیزاد لەسەر فەرمایشتی رافیعی. سوننەتە

گۆڕ ئەوەندەی بستێ لە زەوی دەوری بەرزبکرێتەوە، بەڵام وەك سەربان تەخت بێ نەوەك وەك ماسوولکەی خەرمان لە بنەوە پانو لە بانەوە باریكو کوورِ بێ، وەك دووگی وشتر، هەتا بناسرێتەوەو دێنیی بکرێو رێزی لێ بگیرێ. ئیبنو حیببان دەیگێڕێتەوە: کە گۆڕی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئاوا بووە. بڕیاری باشتری گۆڕی سەربان تەخت لە گۆڕی شێوە ماسوولکەیی بەپێی ئەم فەرموودەیەیە: ئەبو داوودو حالم بە رشتەیەکی دروست دەگێڕنەوە: گۆڕی پێغەمبەر خۆی {دروودی خوای لەسەربێ}و ئەبو بەکرو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} ئاوابووە، بەڵام ئەوەی کە بوخاری لە سوفیانی نەمارەوە دەیگێڕێتەوە کە بەچاوی خۆی گۆڕی پێغەمبەری دیوە، لەسەر شێوەی ماسوولەکەی سووری خەرمان بووە، ئەوە ئەمە وەڵامەکەیەتی (وەك بەیهەقی فەرموویەتی): لە سەرەتاوە وەك سەربان لەسەرەوە تەخت بووە، هەتا کاتێ لە سەردەمی وەلیددا، هەندێ دەڵێن: لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا، دیوارەکەی رووخا، لەسەر شێوەی ماسوولکەیی دروست کرایەوە. سوننەتە هەر ئەو خۆڵە بکرێتەوە ناو گۆڕەکە کە لێی دەرهێنراوە، گەچکاریی کردنی ناپەسەندە، نووسین لەسەری ناباشە. جابیر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەهیی کردووە لە گەچکاریکردنی گۆڕو لە دانیشتن لەسەریو لە دروستکردنی خانوو لەسەری (م/ د/ ت/ ن) گفتەی تیرمیذی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} جڵەو گیری دەکا لە گەچکاریکردنی گۆڕو لە نووسین لەسەریو لە دروستکردنی گومەزو خانوو لەسەریو لە شێلانو پێلێنانی. ئەگەر گۆڕستانەکە خێرابوو (واتە: وەقف بوو) دروست نیە گۆڕی ناوی شوورەی بۆ بکرێ، یا خانوو گومەزو شتی وای بە سەرەوە

بکرێ، ئەگەر لەسەری بکرێ دەبێ برووخێنرێ، بگرە گومەزو قەفەزو شتی وا لەسەر گۆڕ، ئەگەر لە موڵکی خۆشیدابێ، دەبێ برووخێ، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} چڵەو گیری لەشتی وا دەکرد. موسلیم لە جابیرو کەسانی ترەوە، دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەهی کردووە لە بیناکردن لەسەر گۆڕ. ئیمامی عەلی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} منی نارد بۆ ئەمە: کە هەرچی پەیکەرێ ببینم کوێری بکەمەوە، وە هەرچی گۆڕێکیو قیتم بینی تەختو متی بکەم بەزەوییەوە، سونەتە سەری قەبرەکە ئاوڕشێن بکرێو دابکوترێتەوەو حەوت بەردی ورد بەریز لەسەر گۆڕەکە دابنرێو، لای سەریەوە کێلە بەردێ، یا شتێکی وای بۆ داکوتن. بەیهەقی لە جەعفەری کوڕی، موحەممەدەوە لە باوکیەوە حەدیسێ دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} گۆڕی ئیبراهیمی کوڕی ئاوڕشێن کردو هەندێ بەردە وردەی لەسەری داناو، بەقەد بستێ لە زەوی بەرزی کردەوە!. نادروستە دانیشتن لەسەر گۆڕو پێلێنانیو پاڵ پێوەدانیو نوێژکردنی ئاسایی لە سەری. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لەسەر گۆڕ دامەنیشنو، نوێژی لەسەر مەکەن. (موسلیم لە صەحیحی موسلیمدا گێڕاویەتەوە) لە تیرمیذیدا دەفەرموێ: نەهی کردووە لە پێلێنانی. عەمری کوڕی حەزمیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لەسەر گۆڕێ شانم دادابوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بینیمی فەرمووی: ئازاری خاوەنی ئەم گۆڕە مەدە! (ئەحمەد بە رشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە).

١٠٨) دووکەس لە ناویەك گۆڕدا نانێژرێن مەگەر بۆ ناچاری:

دووکەس پێکەوە لەیەك گۆڕدا نانێژرێن، لەکاتی فەرەحیدا مەگەر لەبەر ناچاریو پێداویستی، وەك کەمبوونی زەویو زۆربوونی مردوو، بەشێوەیەکی وا کە زەحمەتبێ گشت مردوویێ بە تەنیا گۆڕێکی پێ ببڕێ، جا لەکاتی وادا دوو دوو یا سێ سێ، یا زیاتر، پێکەوە لەیەك گۆڕدا، بەپێی ناچاری، دەنێژرێن. هەروا ئەگەر کفنیش هاتە کزی، لەیەك کفنا چەند مردوویێ کۆ دەکرێنەوە، بۆ پەیڕەوی کردن لە شەهیدەکانی غەزای ئوحود.

لەکاتی وادا کێ باشتربێ ئەوە دادەنرێ لەلای رووگەوە، چونکە پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) بۆ شەهیدەکانی غەزای ئوحود دەیپرسی: کە کامەیان زیاتر قورئانی لەبەرە هەتا ئەوەیان پێش بخرێ لە گۆڕێچکەدا. سونەتە هەردوو مردوویێ بە تیخەیەکی خۆڵ لەیەك جوێ بکرێنەوە. دروست نیە ئێسکی مردوو کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی کەسێکی تری تیا بنێژرێ، هەروەها دروست نیە مردووی تر لەسەر ئەو ئێسکانەوە لەناو هەمان گۆڕدا بنێژرێ، چونکە شتی وا ئەتك کردنە بە رێزی مردووەکە.

بزانن ئەگەر مردوویێ ماڵی کەسێکی تری قووت دابوو، لەپاش بەخاك سپاردنی، خاوەنەکەی داوای کردەوە، گۆڕەکە هەڵدەدرێتەوەو سکی مردووەکە هەڵدەدرێو ماڵەکەی لێدەردەهێنرێ، بەڵام ئەگەر ماڵکە هی خۆی بوو، نە گۆڕەکە هەڵدەدرێتەوەو نە سکی شەق دەکرێ بۆ دەرهێنانی!.

هەروا بزانن گۆڕەوشار هەقە، وەشتێكی گشتییەو بۆ هەموو مردوویێ هەیە، با ئەو مردووە بەپێی ئیسلامیش تەكلیفی لەسەر نەبێ، وەكەس لە گوڕەوشار رزگاری نابێ مەگەر پێغەمبەرەكان، فاطیمەی كچی ئەسەدیش لێی رزگاری بووە، چونكە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەناو گۆڕەكەیدا راكشاوەو تەپاوتلی تیا كردووە، هەروا ئەو كەسەیش لە دەست گۆڕەوشار رزگاری دەبێ كە لە نەخۆشیی سەرەمەرگا (سوورەتی: قل هو الله) بخوێنێ.

سوننەتە بۆ دەرو دراوسێی كەسوكاری مردووەكە ئەوەندە نانیان بۆ دروست بكەن كە بەشی رۆژو شەوێكیان بكا، چونكە لەم كاتەدا خۆیان خەمبارن، پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: بۆ خێزانەی جەعفەر نان دروست بكەن، چونكە بەهۆی شەهیدبوونی جەعفەرەوە دەستیان ناپەرژێ (ئەحمەد لە موسنەدەكەیداو تیرمیذی و ئەبو داوودو ئیبنو ماجەو حاكم گێڕاویانەتەوە).

١٠٩) گریان بۆ مردوو:

گریان بۆ مردوو لە پێش مردنیو لەپاش مردنی دروستە، لە پێش مردنی چونكە ئەنەس {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لەپاش چووینەوە بۆ ماڵیان، ئەم جارە كە چوین ئیبراهیم {دروودی خوای لەسەربێ} گیانی دەدا، جا چاوەكانی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} هۆن هۆن فرمێسكیان پیا ئەهاتە خوارەوە! (شەیخان گێڕاویانەتەوە) لەپاش مردنی بەپێی ئەوەی ئەنەس دیسان دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: بە دیارەوە بووم كە كچەكەی

پێغەمبەریان دەناشت، بەچاوی خۆم پێغەمبەرم دی لەسەر لێواری گۆڕەکە دانیشتبوو، هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە. (شەیخان گێڕاویانەتەوە). موسلیمسش {رەزای خوای لێبێ} لە ئەبو هورەیرەوە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} رۆیشت بۆ دێنی گۆڕی دایکی لەسەری دەستی کرد بە گریان، ئەو کەسانەیشی لە دەوری بوون هێنانیە گیان. بەڵام لەدوا مردن باشتر ئەوەیە کە نەگری، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ مردوو گیانی دەرچوو بائیتر شێوەنکەر بۆی نەگری، رشتەکەی دروستە.

١١٠) شینو زاری لەسەر مردوو:

شینو شەپۆڕ لەسەر مردوو دروست نیە. خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: سەردۆلکەبێژ (ئەگەر لە پێش مردنیا) تەوبە نەکاو پەشیمان نەبێتەوە، لە رۆژی قیامەتا کە زیندوو دەبێتەوە کرسی قەترانو دیزداشەی گەڕیی لەبەردا دەبێ (موسلیم) شینو زاری وەك ئەوە دەنگ لە لاواندنەوە هەڵ بڕێو شیوەنکەر بڵێ: پشتیوانم رۆ، هێزی ئەژنۆم رۆ، مایەی سەربەرزیم رۆ، مەردە رەفتارە نازدارەکەم رۆ، یاشتی تری وابڵێ، خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ کەسێ دەمرێ، ئەگەر یەکێ لەوە دوا هەڵسێتەوەو بە گریانەوە بیلاوێنێتەوەو بڵێ: کێوم رۆ، پشتیوانم رۆ، کۆڵەکەیماڵەکەم رۆ، یاشتی تری وا بڵێ بێگومان کە ئەو مردووە دەدەنە دەست دوو فریشتە، خۆش خۆش سیخورمە دەدەن لەسەر سینگیو بە تەوسەوە پێی دەڵێن: جا ئایا تۆ

وەك ئەمە دەڵێ ئاوا بووی؟. (ت/ ئەحمەد/ بەڕشتەیەکی جوان): ڕشتەی جوان: واتە: سند حسن.

هـەروا یەخـە دادڕیـنو سـینگ کوتـانو ڕوومـەت ڕنینـەوەو قژڕنینـەوەو قـژبڕین حـەرامن، هـەروا نـزای خراپوشـتی وا نادروسـتە هەروا پۆشینی هەرشتێ کە بـەهۆی ئـەم بۆنەیـەوە بـێ، وەك ڕەشپۆشیو گۆڕینی جلو بەرگی ئاساییو پۆشینی شتی تری وا، یاسای داگر بۆ ئەمـە ئاوایـە: هـەر کـارێ ناشـوکری بگەیـەنێو نیـشانەی بـێ ورەیـیو بـێ دژی خۆدانە دەست فەرمانی خودابێو دژی ڕازیبـوون بـە چارەنووسـی خـوایی بـێ نادروسـتە، چـونکە ئـەوە ڕەوشـتی سـەردەمی نەزانییـە، لەسـەر زاری پیرۆزی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەهی لێکـراوە، وەك ئـەوە دەفـەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: ئـەوەی ڕوومـەت بڕنێتـەوەو یەخەدابـدڕێو بانگـەوازی سەردەمی نەزانی پێش هاتنی ئیسلام هەڵ بدات لە ئێمە نیە. (شـەیخان) لە صەحیحەینشدا دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بێزاروو بەرییە لەو ژنـەی کـە شـینو شـەپۆڕ ەکـاو سـەری خـۆی دەتاشـێو یەخـەی خـۆی دادەدڕێ لەکاتی ڕوودانی کارەساتو وەێیکا. چـونکە کاری وا واتـەی وایـە کە خاوەنەکەی دادو بێ دادیەتی لە دەست کەسێ کەستەمی لێکردبی، بـۆ ئەوەی خەڵك بچن بە هاواریەوە. بەڵام لە ڕاسیدتدا مردن لە خوداوەیـەو هەقـەو دادو عەدڵـە، زۆرو سـتەم نیـە، خـودا دانـاو زانـاو باڵادەسـتو کـار دروسـتە. کەواتـە ئەرکـە لەسـەر موسـوڵمان کـە لـەکردنی شـتی وا کـە نیشانەی ناڕازیبوونە بـە چارەنووسـی خـوا، بێـزاریو نـارەزایی دەربـڕێو کەسوکاری خـۆی لـە سـەرەنجامی بـەدی کـاری وا بـەد، هۆشـیار بکاتـەوە، چـونکە شـتی وا ڕەوشـتی سـەردەمی نەزانییـە. بـزانن کـە مـردوو لەسـەر

کردنی ئەم کارانە لە لایەنی کەسانی ترەوە، بە مەرجێ خۆی راسپێری نەکردبێ کە ئەوەی بۆ بکرێ، سزا نادرێ. خوای گەورە دەفەرمووێ: {وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى – سورة فاطر – ١٨/٣٥} واتە: هەمو کەسێ بەرپرسیارە لە تاوانی خۆیو بەس! بەلام ئەگەر خۆی رایسپاردبوو کە ئەو بێ شەرعییەی لە دوا مردنی بۆ بکەن، ئەوە بەرپرسیارە، وەك گوتە ئەم گوتیارە کە لەم شیعرانەیا راسپیری دەکا، کە بانگەوازی بۆ هەڵبدەنو بۆی بگرینو یەخەی خۆیانی بۆ دابڕن وەك خۆی دەڵێ:

(اذا مت فانعيني بما أنا أهله

وشقي على الجيب يا بنت معبد)

واتــە:

کچکە! کە مردم شیوەن گەرمکە

یەخەت دادڕەو شین لەسەرم کە

دیارە کە ئەمە سزای دەدرێ، چونکە راسپیری کردووە کە شتێکی وای بۆ بکرێ، کە پێغەمبەری خوانەیی لێکردووەو فەرمانی کردووە بە مراندنی رەفتاری وابەد. جەماوەری زانایانی ئیسلام ئەو فەرمایشتانەی کە قسە لەوە دەکەن مردوو لەسەر شتی وا سزا دەدرێ، ئاوا لەسەر ئەم شێوەیەی گوترا تەئویلیان دەکەن سوننەتە کە بە زوویی سەر مردووەکە بدرێتەوە بە خاوەنی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گیانی موسوڵمان لەپاش مردنی پێوەندی ئەو قەرزەیە کە لەسەریەتی، پایەی بەرێزی خۆیی لێ قەدەغەیە، هەتا قەرزەکەی سەری بۆ دەدرێتەوە

(تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە) بەڵام ئەگەر خاوەن قەرزەکە داوای کردەوە ئەوە پێویستە بە زوویی قەرزەکەی بدرێتەوە.

مەرگ بە ئاوات خواستن ناپەسەندە، ئەگەر بەهۆی زیانی جەستەیی یا سامانییەوە بوو، بەڵام ئەگەر بەهۆی ئاژاوەی ئایینییەوە بوو قەیناکا. یا لەبەر مەبەستێکی ڕەوای قیامەتی بوو، وەك ئاواتخواستن بۆ شەهیدبوون لە ڕێگەی خوادا، ئەوە شتێکی زۆر باشە، سوننەتە کە بە زۆری یادی مردن بکاتەوە، چونکە لە فەرموودەدا دەفەرموێ: زۆر یادی مەرگ بکەنەوە، کە لەراستیدا مەرگ تێکدەری گشت خۆشییەکە، خۆشی دنیا زۆر زۆریش بێ، کە بیری مردنت کردەوە کەمی دەکاتەوەو بایەخی ناهێڵێ، کردەوەی باشیش ئەگەر کەمیش بێ کە بیر لە مردن بکەیتەوە زۆری دەکاو دەبێ بەهۆی ئەوە کە لێی زیاد بکەی.

پێویستە مرۆڤ خۆی بۆ مردن ئامادە بکا، تۆبەیەکی بەراستی بکا، واز لە خراپەکاریو نافەرمانییەکان بهێنێو بەدڵ ڕوو بکاتە خوا، نەبادا لە پڕێکا مەرگ پڕی پیابکاو فریای تۆبە نەکەوێ[1].

---

[1] مەولەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێ:

ئەم تەفرەی تەوبەی حەقیقی تاکەی؟

عەمر سۆزی کوا؟ ئەسۆزی دەخەی

- وەرگێڕ -

١١١) ئەوەی لە پرسەدا سوننەتە:

سوننەتە سەرەخۆشی لە گشت کەسوکاری مردووەکە، بە گەورەو بچوكو نێرو مێیانەوە بکرێ، بەڵام دەبێ هەر ژنان ، یا کەسوکاری خۆیی ژنان، سەرەخرشی لە ژنان بکەنو بەس. لە پێش ناشتنیشدا نەوازش‌و سەرکێشی سوننەتە، چونکە ئەوە کاتی گەرمەی خەم‌و خەفەت‌و ورەبەردانە، بەڵام لە دوا ناشتن باشترە، چونکە لەوەپێش سەرگەرمی بەرێکردنی مردووەکە بوون، جاری وا هەیە زۆر پەۆشن بۆی، ئەوە لەکاتی وادا سەرکێشی پێش بخرێ چاکترە، بەڵکوو ببێ بەهۆی ئارامبوونەوەیان. سوننەتە پرسە لێکردن لەو کەسایانەوە دەستی پێبکرێ کە لە هەموویان زیاتر ورەی بەرداوەو بەرگەی قۆرتەکە ناگرێ. کاتێ سەرەخۆشی موسوڵمان لە موسوڵمان دەکرێ دەگوترێ: (**أعظم الله أجرك وأحسن عزاءك وغفر لميتك**) خوادا پاداشتی گەورەت لەسەر ئەك کۆستە بداتەوەو سەبووریت بداو لە مردووەکەت خۆش بێ، یا بڵێ (**أخلف الله عليك**) خودا شوێنیت بۆ پڕبکاتەوە. یا شتێ لەم بابەتە بڵێ. کاتێ سەرەخۆشی کافر لە موسوڵمان دەکرێ دەگوترێ:- (**أعظم الله أجرك وأخلف عليك**) خودا لەسەر ئەم قۆرتە پاداشتی گەورەت بداتەوەو صەبرو ئارامت پێبداو شوێنی پڕبکاتەوە بۆت. یا شتێکی ئاوا بڵێ، نابێ بڵێ: (**غفر الله لميتك**) خوا لە مردووەکەت خۆش بێ چونکە ئەوە بە پێچەوانەی بڕیاری خواوەیە، خوای گەورە

دەفـەرموێ: {إِنَّ اللّـهَ لاَ يَغْفِـرُ أَن يُـشْرَكَ بِـهِ – سـورة النـساء – ٤٨/٤} واتە: فەرمانی خوا لەسەر ئەوەیە کە قەت لە کافر، بەتایبەتی لە فرەخوایی، خۆش نابێ. سەرکێشیش لە کافر لە کاتی کۆستی مردنی خزمی موسوڵمانیدا ئاوا باشە: (غفر الله لميتك. يا: أخلف الله عليك. – يا شتێکی لەسەر خۆشی کافریش لە کافر دەگوترێ: أخلف الله عليك ئاوا ولا نقص عددك) خوا شوێنی پڕ بکاتەوەو بێ ئەویتان پێوە دیار نەبێ!. ئەوەندە هەیە سەرەخۆشی کردن لە بێبڕوا سوننەت نیە، بەڵام دروستە، ئەگەر ئومێدی ئەوەی لێ کرا کە موسوڵمان ببێ سوننەتە.

ماوەی پرسەو سەرەخۆشی سێ رۆژە، چونکە جەنگەی خەمو پەژارە بە زۆری لە سێ رۆژ تێ ناپەڕێ، لەوەداو بەرە بەرە خاو دەبێتەوەن لە پاش سێ رۆژ سەرەخۆشی لێکردن ناپەسەندە چونکە زامیان دەکولێنێتەوەو خەم نوێ دەکاتەوە. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دایناوە کە کۆتایی خەم سێ رۆژ بێ. لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: ئەو ژنەی باوەڕی بە خوداو بە رۆژی دوایی هەیە دروست نیە بۆی کە لە سێ رۆژ زیاتر ماتەم بۆ مردوو بگرێ، مەگەر بۆ مێردی، کە دەبێ بۆ مێرد چوارمانگو دەشەو تازێباربێ. بەڵام لەم یاسایە ئەم دوو حاڵەتە چەرت (استثناء) دەکرێ: کاتێ سەر خۆشیکار، یا سەرخۆشی لێ کراو نادیاربێ، ئەوە ماوەی سەرخۆشی درێژ دەبێتەوە تا نادیار دێتەوە.

١١٢) پرســـه، سەرکێـــشی، سەرەخۆشـــی، نەوازش:

پرسەو سەرەخۆشی لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ تـەعزێ، تـەعزێش لە عەرەبیدا واتە: نەوازش‌و دڵدانەوە، لە شەرعیشا واتـە: سـەبرگرتن بـە کەسێ کە مردوویەکی مردبـێ، یادی بخەیتـەوە کـەخوا بـەڵێنی داوە بـەو کەسـانە کـە لـەکاتی وادا هێوربـبنـەوە پاداشـی باشـیان پێبـدا، هەڕەشـەی ئەوەیشییان لێبکا کە بێ ئۆقرەیی پاداش پووچ دەکاتەوە دەبێ بـە مایـەی گوناە، لە هەمان کاتا نزای باش بۆ مردووەکە بکاو داوای لێخۆشبوونی بـۆ بکاو، لە خودایش داوا بکا کە جێگەی مردووەکە بۆ خاوەن مردووەکە پـڕ بکاتەوە. سەرەخۆشی بەپێی ئـەم فەرموودەیـە سوننەتە کـە دەفـەرموێ: هـەر موسـوڵمانێ سەرەخۆشـی لـە برایـەکی ئـایینی خـۆی بکـا، بـەهۆی لێقەومانێکەوە، مسۆگەر خودا قاتی سەربەرزی لەبەر دەکا، هەروا بـەپێی ئەم فەرموویەش: کچێکی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نـاردی بـە شـوێنی باوکیا: کەوا کوڕەکەم گیان دەدا، تەشریفت بێنە بۆ لامـان. پێغەمبـەریش {درودی خوای لەسەربێ} بەرابەرەکـەدا سـڵاوی بـۆ نـاردوو فـەرمووی: پێـی بڵـێ: ئەوەی خودا دەیدا بـە بەنـەی خـۆی تاماوەیـەك‌و لـە پاشـا دەیباتـەوە بـۆ خەزینەی خۆی، هی خۆیەتی، وە هـەروەها ئـەوەی کـە خـودا دەیبەخـشێ بە بەندەی خۆی تاسەر ئەوەیش هەر هی خۆیـەتی، وە هـەموو شـتێکیش لـەلای خـودا ماوەیـەکی دیـاری کـراوی هەیـەو کـە ئاکـامی هـات ئـیتر بـە هەناسە پاش‌و پیشی نیـەو مـاوەی بـە سەردەچێ! کـەوابوو پێـی بڵـێ: بـا سەبرو ئارام بگرێ ساخ لەبەر ڕەزای خوا. (شـەیخان). لـەم فەرموودەیـەدا

دوو بەهرەی گەورە هەیە، هەر کەسێ بە باوەڕی تەواوەوە وەریان بگرێ، چێژی شیرینی باوەڕ دەکا، چونکە هەرکەسێ بە دڵ ئەوە وەربگرێ کە هەموو شتێ لە بنەڕەتدا هی خوا خۆیەتی، چی ئەوەی دەیدا بەبەندەو چی ئەوەی کە لێی وەرەگرێتەوە، ئیتر ئەوەندە پەرۆش نابێ لەسەر موسیبەت، چونکە هەق دەزانێ کە خاوەنداری بەس بۆ خوایەو هەر خۆی لە راستیدا خاوەنی هەمووشتێکە، کەواتە جێگەی خۆیەتی کە بە ئارەزووی خۆی چی لە موڵکی خۆی دەکا بیکا. گریمان ئەگەر نەگەیشتە ئەم پلەیەیش و هاندەری سروشتی ناودەروون زۆری بۆ هێنا، هاندەری شەرعی رایدەکێشێ بەرەو ئارامیو صەبرگرتن لە بەر رەزای خوا. جا خوانەخواستە ئەگەر ئەمەی لەکیس بچێ موسیبەتەکەی پەرەدەستێنێ، شتی وا بەهۆی بێئاگایی دڵەوە لە خوای گەورە پەیدا دەێ، بە پێچەوانەی کەسێ دڵی بە نووری خوا ئاوابێ، چونکە بەلای ئەمەوە ماڵو منالْ دەبێ بە مایەی ئاژاوەو بەندە لە خودای گەورە دادەبڕێولە ئامانج دووری دەخاتەوە. دەگێڕنەوە: برادەرانی ئیبنو مەسعوود {رەزای خوای لێبێ} سەرسامبوون لە جوانی منداڵەکانی، ئەویش پێیان دەفەرموێ: وا دیارە کە ئێوە سەرتان سوڕ دەمێنێ لە جوانی منداڵەکانی من، دەی سا بەخوا ئەوەم پێخۆشترە کە دەستم لە پەروەرەکردنیان بێتەوە، هەتا ئەوەی کە بمێنن! ئیبنو مەسعوود {رەزای خوای لێبێ} زانیویەتی کە منداڵ زۆرجار دەبێ بەهۆی دابڕان لە تاعەتی جوانی خودا، لەبەر ئەوە وا دەڵێ، مەبادا مانی منداڵەکانی بۆی ببن بەهۆی دوورکەوتنەوە لە پایەی درەخشانی نزیکبوونەوە لە رەزامەندیی خوای پاكو پیرۆز!.

جارێ پێشەوا شافیعی (ڕەزای خوای لێبێ) پرسەنامەیێ دەنێرێ بۆ دۆستێکی، کە کوڕێکی مردبوو، بەم شێوەیە سەرەخۆشی لێدەکا:

انی معزیك لا أنی علی ثقة
من الخلود ولكن سنة الدين
فما المعزی بباق بعد ميته
ولا المعزی، ولو عاشا الی حين!
پرسەتە لێ دەکەم، پرسە سوننەتە
سوننەتی دینە مایەی رەحمەتە
بەلام دڵنیام:دنیا هەتا سەر،
بۆ کەس نامێنێ، ها کابێ خەبەر:
پرسەکاریش وەك پرسە لێکراو
مردن کردنی بە پۆڕی خوراو!

۱۱۳) باسی زەکات:

زەکات لە زمانی عەرەبدا برێتییە لە گەشەکردنو پیتو فەڕ تێکەوتن، دەگوترێ: (زکا الزرع: واتە: کشتوکاڵەکە نەشونمای کردووە) دەگوترێ: (زکا المال: واتە: ماڵەکە پیتو فەڕی تێکەتووە) دەگوترێ: (زکا فلان: واتە: فیسار خێری داوەتەوە) زەکات لە عەرەبیدا بە پاککردنەوەیش دەگوترێ، خوای گەورە دەفەرموێ: {قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا} – سورة الشمس– ۹/۷۱) واتە: بەراستی کەسێ دەروونی

خۆی پاك رابگرێو خۆی رابهێنێ لەسەر رەوشتی بەرزو کرداری باشو گوتاری جوانو رەفتاری شیرین ئەوە رزگارو سەربەرزی هەردوو جیهان خۆیەتی! هەروا بەمەتحکردنیش دەگوترێ. خوای مەزن دەفەرموێ: {فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ – سورة النجم – ٣٢/٥٣} واتە: مەتحی خۆتان مەکەن. لە شەرعیشدا زەکات ناوە بۆ ئەو ئەندازەیە لەماڵ، کە دەدرێ بەزەکاتا، کە لەسەر شێوەیەکی تایبەتی، بەچەند مەرجێکی تایبەتی دەدرێ بە چەند تاقمێکی تایبەتی. لەبەر ئەوەیش ئاوا ناو دەنرێ چونکە سەرمایەکە بەهۆی دەرکردنی زەکاتەوە لێیو بەهۆی نزای زەکات وەرگرەکەوە گەشەو نەشە دەکاو پیتو فەڕی تێدەکەوێ. یەزدانی پاك فەرموویەتی: {وَمَا آتَيْتُم مِّن زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ – سورة الروم – ٣٩/٣٠} واتە: ئەوەی کەساخ بۆ رەزای خودا دەیدەن بە زەکاتا ئەوە دەبێ بە مایەی چەندین پاداشتی باش!.

١١٤) بڕیاری زەکات (حوکمەکەی):

زەکات یەکێکە لە پێنج بنیاتەی ئیسلام، فەرزی عەینە، بە قورئانو سوننەتو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلام پێویست کراوە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَآتُواْ الزَّكَاةَ – سورة البقرة – ١١٠/٢} واتە: زەکاتەکەی دەربکەنو بیدەن بە شایستەکانی زەکات، دیسان خوای گەورە دەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً – سورة التوبة – ١٠٣/٩} واتە: زەکاتی ماڵەکانیان لێ وەربگرە. خۆشەویستیش (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئیسلام لەسەر پێنج بنیات دامەزراوە کە یەکێك لەو پێنجە

زەکاتە، جا بۆیە ئەوەی باوەڕی بە زەکات نەبێ بەکافر دادەنرێ، مەگەر نوێ موسوڵمان بێ، یا سارانشین بێ! ئەگەر کەسێ بەخۆشی خۆی زەکاتەکەی نەدا، بە زۆر لێی دەستێنرێ.

چونکە ئەبو بەکری صەدیق {ڕەزای خوای لێبێ} بە زۆر زەکاتی سەند لە زەکاتنە دەرەکانی سەردەمی خۆی، ئەوەبوو فەرمووی: سوێندم بە خودا ئەگەر پێوەندی وشترێکیان کاتی خۆی دابێ بە پێغەمبەرو ئێستا بیانەوێ نەیدەن بە من لەسەر ئەوە جەنگیان لەگەڵ دەکەم!.

١١٥) جۆرەکانی زەکات:

زەکات دوو جۆری هەیە:یەکێکیان پەیوەندی بە جەستەوە هەیە کە برێتییە لە زەکاتی سەرفترە. ئەوی تریان پەیوەندی بە سامانەوە هەیە، کە بریتییە لە ئاژەڵو پارەو کشتوکاڵو دانەوێڵەو بەرو بوومو سامانی بازرگانی.

١١٦) ئاژەڵ:

زەکاتی ئاژەڵ. لە وشترو ڕەشە ولاخ مەڕو بزن بە ئیجماع (یەکگرتن) زەکات دەکەوێ. حیکمەتی هەڵبژاردنی ئەمانە بۆ زەکات لێدان ئەمەیە: ئەم ئاژەڵانە هەم ژمارەیان زۆرە، هەم زۆر نەشو نما دەکەن، هەم سوودیان زۆرە. لەهەمانکاتا گۆشتیان دەخورێ، لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی کە ببن بە مایەی دڵدانەوەو نەوازش، شتیش بەبێ

بەڵگە بڕیاری بۆ دەرناکرێ، غەیری ئەم چوارەیش بەڵگە نیە لەسەری کە زەکاتی لێدەکەوێ، کەواتە لەسەر بنەڕەت (ئەصڵ) دەمێنێتەوە بنەڕەتیش نەبوونی زەکاتە لە هەموو شتێکا، هەتا بەڵگەی تایبەت پەیدا دەبێ!.

١١٧) مەرجی پێویستبوونی زەکاتی ئاژەڵ:

مەرجی پێویستبوونی زەکاتەکەی شەش شتە: ئیسلامو ئازادیو موڵکایەتی تەواوو، راددەی گەیشتن بە ئەندازەی زەکاتو ساڵ بەسەر داهاتنەوەو بەلەوەڕ بەبێ ئاڵفو ئالیك بژی، یەکگرتن لەسەر ئەمە دامەزراوە، کەواتە: زەکات لەسەر بێبڕوای ئەصڵی نیە، چونکە ئەبو بەکری صەدیق لە نامەکەیدا کە نووسی بۆ ئەنەس، کە کردی بە سەرکاری سەرزەکاتی وڵاتی بەحرین، لەو نامەیەدا فەرموویەتی: بەناوی یەزدانی بەخشندەی میهەبان. ئەمە دەستووری دانی زەکاتی فەرزە کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە فەرمانی خودا لەسەر موسوڵمانان داناوە. لەبەر ئەوەیش کە بێبڕوا لە حاڵی بێبڕواییدا داوای زەکاتی لێناکرێ. بەڵام وەگەڕاو ئەوەی بەهۆی ئیسلامەوە لەسەری پێویست بووە بەهۆی هەڵگەڕانەوەوە لە ئایین لە کۆڵی ناکەوێ. کۆیلەیش بۆیە زەکاتی لەسەر نیە چونکە بەندەی زەڕخڕیدە خۆی موڵکی نیە، بەپێی فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿عَبْدًا مَّمْلُوكًا لاَّ يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ – سورة النحل – ١٦/٧٥﴾ کەواتە: کۆیلە خۆیو ئەوەی هەیەتی هی ئاغایەکەیەتی، خاوەن خاوەنێتیی ناتەواویش، وەك ماڵی دزراوو زەوتکراوو ماڵی

سپاردەبێ لەلای کەسێ حاشای لێبکا، زەکاتی لەسەر نیە، چونکە بەهۆی دزین و زەوتکردن و حاشالێکردنەکەوە دەستی ناڕوا بەسەریدا، ئیتر چۆن زەکاتی لێبدا، بەڵێ هەرکاتێ دەستی کەوتەوە پێویستە زەکاتەکەی بدا، جا ئەگەر ماڵەکە پێش ئەوەی دەست خاوەنەکەی بکەوێتەوە فەوتا ئیتر زەکاتەکەی لە کۆڵ دەکەوێ، قەرزێکیش ساخ بووبێتەوە لەسەر کەسێ هەمان بڕیاری بۆ هەیە، کەی دەستی کەوتەوە زەکاتەکەی دەدا.

ماڵی دۆزراوەیش ئەگەر ناونیشانی هەڵ نەدراو ساڵی بە سەرداهاتەوەو دەست خاوەنەکەی کەوتەوە زەکاتەکەی لە سەرخاوەنەکەیەتی، هەرکاتێ وەری گرتەوە دەبێ زەکاتەکەی بدا، بەڵام ئەگەر ناونیشانی هەڵدراو خاوەنەکەی دیار نەبوو وەساڵێ بە سەردا تێپەڕبوو، وە کابرای کە دۆزیویەتەوە کردی بەهی خۆی، ئەوە زەکاتەکەی لەسەر خاوەنی تازەیەتی و بەس، ماڵێکیش نەگاتە ئەندازەی زەکات لێدان زەکاتی لێناکەوێ، چونکە راددە (نیصاب) مەرجی پێویستبوونی زەکاتە، وەك لەمەودوا باس دەکرێ. هەروا ئەوماڵەی بگاتە رادەی زەکاتو ساڵی بەسەردا تێپەڕ نەبووبێ زەکاتی لێناکەوێ، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هیچ ماڵێ زەکاتی لێناکەوێ هەتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕ نەکا (ئەبو داوود) ئاژەڵی ئالیکخۆریش زەکاتی لێناکەوێ، بەلگەی ئەمەیش ئەم بڕگەیە کە لە زەکاتنامەکەی ئەبو بەکردا تۆمارکراوە: زەکاتی مەڕو بزنیش، کە بەدەمی خۆی بلەوەڕێ و بۆ دەرەوە ببرێ و بە لەوەڕی کەژ بژی و بە ئالیك و ئالفی ماڵەوە نەژی — ئاوایە: کە بوون بە چل سەر تا دەبن بە سەدو بیست سەر، مەڕێ یا بزنێ زەکاتیان لێدەکەوێ. (بوخاری). بەس ئەم چوارە کەی وشترو رەشە

ولاخو مەڕو بزنن زەکاتیان لێدەکەوێ، چونکە دەق لەسەر ئەمانە هەیە، غەیری ئەمانە لەسەر بنەڕت (ئەصڵ) دەمێننەوە، کە پێویست نەبوونی زەکاتە تیادا. بەپێی ئەم فەرموودەیەی (صەحیحەین)یش: بەندەو ئەسپوماینی پیاوی موسوڵمان زەکاتیان لێناکەوێ بەو مەرجەی کە هی بازرگانی نەبن.

۱۱۸) زەکاتی پارە کە بریتییە لەم دوو شتە (زێڕو زیو):

زێڕو زیو، سکەیان لێدرابێ یانا، بگەنە رادەی زەکات زەکاتیان لێدەکەوێ، سەر بەڵگەی پێویستبوونی زەکات لەم دووەدا، لەپێش یەکگرتندا، فەرموودەی خوای گەورەیە: {وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ – سورة التوبة – ٩/٣٤} کەنز (لەم ئایەتەدا) ئەو ماڵەیە کە زەکاتی لێدەرنەکرێ مەرجی پێویستبوونی زەکات لەم دووەدا ئەم پێنج شتەیە ئیسلامو ئازادیو خاوەنێتیی تەواوو رادەی زەکاتو ساڵ بەسەردا تێپەڕبوون. جا هەر کەسێ ئەوەندەی زێڕو زیو هەبێ کە بگاتە رادەی زەکات، وە ئەوەندە لەلای بمێنێتەوە تا ساڵی بەسەردا دێتەوە، وە ئەوکەسە ئەم مەرجانەی تیادا هەبی، ئیتر زەکاتی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر لە نێوان ساڵەکەدا ئەو ماڵە لە موڵکی ئەو دەرچوو، وە ئەوەی مابوو نەدەگەیشتە رادەی زەکات، وەك ئەوە فرۆشتی، ئەوە ساڵەکەی دەپچڕێ، ئەگەر ماڵەکە بووە بەهی ئەو، وەك ئەوە کڕی یەوە ئەوە دەبێ سەر لەنوێ ساڵ بەسەرا گەڕانەوەی نوێ حسێب بکا.

١١٩) زەکاتی کشتوکاڵو دانەوێڵە:

دانەوێڵە کە زەکاتی لێدەکەوێ ئەو دانەوێڵەیە کە مرۆڤی پیدەژی، وەك گەنمو جۆو چەڵتووكو هەرزنو نیسكو نۆكو پاقلەو فاصۆلیاو لۆبیاو گاگۆزو ماش، چونکە دەق (نەص) لەسەر هەندێکیان هەیە، ئەوانی تریش دەگرێن بە پاشکۆی ئەوان. سەر بەڵگە لە پێویستبوونیدا فەرمایشتی خوای گەورەیە: {وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ – سورة الأنعام – ١٤١/٧}.

لە دانەوێڵەدا زەکات بەم سێ مەرجە پێویست دەبێ:

مەرجی یەکەم: دەبێ لە توخمی ئەو دانەوێڵانەبێ کە مرۆڤ دایدەچێنێ، وەك ئەو دانەوێڵانەی ناومان هێنان، بەڵام ئەگەر لە خۆیەوە روابوو، وەك ئەوە بابردبووی بۆ ئەو شوێنە، ئەگەر لە زەویەکی بێ خاوەندا روابوو، ئەوە زەکاتی لێناکەوێ، وەك ئەو خورماو میوانەی لە سارا دەڕوێن، چونکە خاوەنی تایبەتیان نیە. بەڵام ئەگەر زەویەکە خاوەنی دیاری هەبوو ئەوە زەکاتی لێدەکەوێ، دەبێ خاوەنی زەوییەکە زەکاتەکەی بدا.

مەرجی دووەم: دەبێ لەو دانەوێڵانە بێ کە مرۆڤ پێیان دەژی، لە حاڵی اختیاردا واتە: بە ئارەزوو پێی بژی، پێبژێو – واتە: قووت – ئەو خۆراکەیە کە لە گەدەدا دەنووسێ بەیەکەوە، بۆیە بەتایبەتی زەکات لە پێبژێو دەکەوێ چونکە ژیان بەبێ ئەو ئەستەمە، بە پێچەوانەی خۆراکی ترەوە کە پێبژێو نەبن، چونکە خواردنیان تەواوکەرە، پێویستی

سەرەکی نین، وەك زیرەو (کراویا)و سەوزەواتو خەیارو ترۆزیو کاڵەکو شووتیو شتی وا.

مەرجی سێیەم: بگاتە رادەی زەکات، وەك لەدواوە دێ. زەکاتی دانەوێڵە لەسەر کێیە: برێ لە زاناکان دەفەرموون: زەکاتەکە لەسەر خاوەن زەوییەکەیە، برێ تر دەفەرموون: لەسەر کشتیارەکەیە، کە دانەوێڵەکە هی خۆیەتی، ئەم دوورایەیش هەر یەکەیان بەشی خۆی بایەخو دەگەری هەیە.

١٢٠) زەکاتی میوەهات:

مەبەست لە میوە خورماو مێوژە، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی داوە کە رەزیش وەك باخی خورما خەمڵ بکرێ، وە زەکاتەکەشی بە مێووژیی وەربگیرێ، وەك چۆن زەکاتی باخە خورما بە خورمایی وەردەگیرێ بەری رەزش ئاوا!. (تیرمیذی گێراویەتەوەو بە فەرموودەیەکی جوانی داناوەو ئیبنو حەببان بە فەرموەیەکی دروستی داناوە).

مەرجی پێویستبوونی: چوارشتە: ئیسلامو ئازادیو رادەو خاوەنداریی تەواو. باسی رادەی (ئەندازە: نیصاب) لە داواوە بە روونی دێ، حیکمەتی ئەوە کە ئەم دوو میوەیە بە تایبەتی زەکاتیان لێدەکەوێ ئەمەیە: کە ئەم دووە پێبژیوینو مرۆڤ پێیان دەژی، کەواتە وەك دانەوێڵە وان، بە پێچەوانەی میوەی ترەوە، چونکە خواردنی ئەوان بۆ خۆشیو رابواردنە، یا دەکرێن بە پێخۆ، خواردنیان پێویستی سەرەکی

نیه، وەکوو هەرمێو هەنارو قۆخو بەهێو هەنجیر، هەندێ دەفەرموێ: هەنجیر زەکاتی لێدەکەوێ، چونکە لە ریزەی مێوژدایە، بەڵکوو لە مێوژ لەبەرترە، چونکە زۆرتر هەنجیر بۆ پێبژێوی بەکار دەهێنرێ، کەمتر لە باتی میوەی رووت دەخورێ!.

١٢١) زەکاتی سامانی بازرگانی:

سامانی بازرگانی ئەو چەشنەماڵانەیە کە بەرابەر پارەو پوول ئاڵو گۆڕی پێدەکرێو بازرگانی پێوە دەکرێ.

مەرجی زەکاتەکەی دەق وەك مەرجی زەکاتی میوەهات وایە، لە هەمان کاتا دەبێ ماڵەکە سامانی بازرگانی بێو بە نیازی بازرگانی پێوەکردن ئاڵو وێڵی پێوە بکا، هەتا لەو ماڵە جیا ببێتەوە کە بەهۆیەکی ترەوە دەبێ بەماڵیو بۆ پێویستی ماڵ رای دەگرێ، ئەوە زەکاتی لێناکەوێ، هەروا دەبێ بەهۆی ئاڵوێڵەوە یا لە تۆڵەی شتێکا وەرگیرابێ، واتە هەر ماڵێ بەبێ ئاڵشت ببێ بەماڵی کەسێ زەکاتی لێناکەوێ، وەك بەخشینو کەلەپوورو راسپێری، چونکە لە وەرگرتنی ئەم جۆرە ماڵانەدا ئاڵشت نیەو هیچیش لە تۆڵەیاندا وەرناگیرێ، بەڵگەی پێویستبوونی زەکاتەکەی فەرمایشتی خوای گەورەیە {أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ - سورة البقرة - ٢٦٧/٢} لە هەموو ماڵێ کەبە کاسپی حەڵاڵ بە دەستی دەهێنن زەکاتی لێبدەن. موجاهید {رەزای خوای لێبێ} لە راڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەمە سەبارەت بە زەکاتی ماڵی بازرگانی هاتووە، چونکە لە فەرموودەدا دەڵێ: وشترو مەڕو بزنو رەشەوڵاخو کووتاڵ،

هەرشتەی بەپێی خۆی زەکاتی لێدەکەوێ. (دارە قوطنی – حاکم – حاکم دەفەرموێ: بەپێی مەرجی شەیخەینە). مەبەست لە کووتاڵ ئەو جلو بەرگو کالایەیە کە لەلای کووتاڵ فرۆش ئامادە دەکرێن بۆ فرۆشتن. لەبەر ئەوەی زەکات پەیوەندی نیە بە خودی جلو بەرگەوە بە ناچاری دەبڕێ بەسەر زەکاتی سامانی بازرگانیدا. جارێ عومەر {رەزای خوای لێبێ} لەلای چەرم فرۆشێکەوە تێپەڕی، پێی فەرموو: ئەی کەوڵ فرۆش! زەکاتی ماڵەکەت بدە. ئەویش گوتی: ئەی فەرمانڕەوای موسڵمانان! خۆ ئەمە چەرمە؟ فەرمووی: بیشکێنەروە بە پارەو ئەوسا بە پێی نرخەکەی زەکاتەکەی دەرکە. (شافیعیو ئەحمەدو دارە قوطنیو بەیهەقی گێڕاویانەتەوە).

١٢٢) رادەی زەکاتی وشتر:

لای کەمی ژمارەی وشتر کە زەکاتی تیادا پێویستبێ پێنج سەرە، کە گەیشتە پێنج سەر کاوڕێ دەدرێ لە زەکاتیا، یا چتیرێ دەدرێ، کە گەیشتە دەسەر دوو کاوڕ یا دوو چتیر دەدرێ کە گەیشتە پازدە سەری سێ کاوڕ، یا سێ چتیر دەدرێ، لە بیست سەرا چوار کاوڕ، یا چوار چتیر بزن، لە بیستو پێنج سەردا وشترێکی مێی یەك ساڵە دەدرێ، لە سیو شەش سەردا وشترێکی مێی دووساڵەو لە چلو شەش سەردا وشترێکی مێی سێ ساڵە دەدرێ. کە گەیشتە شەستو یەك سەرو وشترێکی مێی چوار ساڵەو کە گەیشتە حەفتاو شەش سەر دوو وشتری مێیی دوو ساڵە دەدرێ، وە لە نەوەدو یەکا دوو وشتری مێی سێساڵەو لە سەدو بیستو یەك سەردا سێ وشتری مێی دوو ساڵە دەدرێ، کە لەم ئەندازەیە تێپەڕی

یا چلچل حسێب دەکرێ‌و لە هەر چل سەرێکا پارێنە وشترێکی مێنگەی دوو ساڵەیان زەکات لێدەکەوێ، یا پەنجا پەنجا حسێب دەکرێ‌و، لە هەموو پەنجا سەرێکا نێونە وشترێکی سێساڵەیان زەکات لێدەکەوێ. بەڵگەیش لەسەر ئەوە کە رادەی زەکاتی وشتر پێنج سەرە، ئەم فەرمایشتەی حەزرەتە {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: وە هەر کەسێ تەنیا چوار وشتری هەبوو زەکاتیان لێناکەوێ. (شەیخان).

زەکاتی وشتر کە هەتا بیست سەر بە ئاژەڵی وردە دەدرێ لەبەر خاتری هەردوو لایە، چونکە پێویستکردنی وشترێ لە پێنج وشتر زیان دەدا لە خاوەنەکەیان، پێویستکردنی‌پێنجیەکی وشترێکیش بە هۆی هاوبەشییەوە لەیەك وشتردا، هەم زیان دەدا لە خاوەنەکەی‌و هەم زیان دەدا لە هەژاران. سەر بەڵگەی ئەم کارەیش زەکاتنامەی ئەبو بەکرە کە بە ئەنەسا ناردی بۆ خەڵکی بەحرین کە لە سەرەتاکەیەوە دەفەرموێ: بە ناوی یەزدانی بەخشندەی میهرەبان. ئەمە دەستوری دانی زەکاتی فەرزە کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە فەرمانی خودا دایناوە لەسەر موسڵمانان، جاهەر موسڵمانێ لەسەر ئەم شێوە رێك‌و پێکە داوای لێکرا. ئەوا با بیدات، وە هەر کەسێ داوای زیاتری لەمە لێکرا ئەوا با زیادەکە نەدا هەتا کۆتایی ئەم فەرموودەیە کە بوخاری بە درێژی گێڕاویەتەوە).

بۆ زیادە بەهرە ئەم چەند وشە عەرەبییانە شیی دەکەینەوە: ئەو (شاتە)ی کە دەدرێ بە زەکاتی وشتردا هەتا دەگاتە بیست سەر، یا کاوڕێکە، کە برتییە لە کاوڕە مەڕێ ساڵێکی تەواو کردبێ‌و پێی نابێتە ساڵی دووەم، یا چتیربزنێکە کە دووساڵەبێ، چونکە (شاة) لە عەرەبیدا بە مەڕو بزن دەگوترێ. (بنت مخاض)یش وشترە مێگەی یەك ساڵە کە

پێی نابێتە ساڵی دووەم، لە بەر ئەوەیش وا ناونراوە، چونکە وەختی ئەوە هاتووە کە دایکەکەی ئاوس ببێتەوەو سەر لەنوێ لەکاتی زاییندا ژان بیگرێ، چونکە لە عەرەبیدا (مە خاض) بەژانی کاتی زایین دەگوترێ:

١٢٣) رادەی زەکاتی رەشە ولاخ:

زەکات لە رەشە ولاخ ناکەوێ تا دەگاتە سیی سەر، کە گەیشتە سیی سەر گوێرەکە نێرێکی یەك ساڵەبدا بە زەکاتا، کە لەم رادەیە تێپەڕی بۆ هەر سیی سەرێ گوێرەکە نێرێکی یەك. ساڵە، یا بۆ هەرچل سەرێ نێون مانگایەکی دوو ساڵە بدا. بەپێی ئەم فەرموودەیە: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کە موعاذی نارد بۆیە مەن فەرمانی پێکرد: کە لە هەموو سیی سەرە رەشە ولاخێ گوێرەکە نێرەیەك یا گوێرەکە مێنگەیەك زەکات وەربگرێ، وە لە هەموو چل سەرێ نێونێ زەکات وەربگرێ. (ترمیذی گێڕایەتەوەو فەرموویەتی: پلەکەی جوانە، حاکمیش فەرموویەتی: بەپێی مەرجی شەیخەینە. رەویانیش فەرموویەتی: ئەمە یەکگرتنی لەسەرە). گوێرەکە واتە: (تەبیع) کە ئەوەیە ساڵێکی تەواو کردبێ‌و پێی نابێتە دوو، بۆیە پێی دەگوترێ (تەبیع: واتە: شوێنکەوتە) چونکە لەو تەمەنەدا بۆ لەوەڕ شوێنی دایکی دەکەوێ بۆ لەوەڕگا. نێونیش واتە: (موسیننە) کە ئەوەیە دوو ساڵی تەواو کردبێ، بۆیە وایی پێ دەگوترێ چونکە ددانی تەواوی دەرم کردووە، ددان بە عەرەبی پێی دەگوترێ (سینن).

١٢٤) رادەی زەكاتی مەڕو بزن:

لای كەمی رادەی زەكاتی وردە ئاژەڵ چل سەرە، كە گەیشتە چل سەر، ئەوسا كاوڕە مەڕێكی یەك ساڵە، یا چتێر بزنێكی دووساڵە بدا، كە گەیشتە سەدو بیستو یەك سەر دوو سەر بدا، كە گەیشتیشە دوو سەدو یەك سەر سێ سەر بدا، كە لەم ئەندازەیەش سەركەوت لەهەر سەد سەرێكا سەرێ پێویستە. دیاریكردنی كاوڕو چتێر بەپێی ئەم فەرمایشتەی عومەرە (خوای لێ رازی بێ): دابەستەو دەستەمۆی بەرانو سابرێن لە باتی زەكات وەرمەگرە، بەڵكو كاوڕو چتێر بزن وەربگرە. (مالیك گێڕاویەتەوە). ئاژەڵەكەی ئەگەر تێكەڵ بوو لە ساخو نەخۆش، نەخۆشەكان بە كەڵكی زەكات نایەن، عەیبداریش هەروەها، چونكە خوای گەورە بۆ خۆی دەفەرموێ: {وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ – سورة البقرة – ٢/٢٦٧} واتە: لە كەسپی پاكی خۆتان، لە ماڵی حەلاڵی ساغی خۆتان، بەپێی حاڵ، خێرو خێراتی لێبكەنو رەزیلی لێمەكەن وەك ئەوە بچن لە ئایەخی ماڵەكەتان خێرو پیاوەتی بكەن، لە فەرموودەدا دەفەرموێ: پیری ددان لە دەما نەماوو ئاژەڵی عیبدار نادرێن بە زەكات، هەروا سەبرێنو بەرانیش مەگەر بۆ ئەم دوانەیان بە ئارەزووی زەكاتدەر خۆی. (بوخاریو تیرمیذی) تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەكی جوانە، بەلام ئەگەر رانەكەی هەموو عەیبداربوو، ئەوە زەكات لەوە دەدات، چونكە خوا دەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً – سورة التوبة – ٩/١٠٣} واتە: لەو ماڵەی كە هەیانە زەكات وەربگرە. دەی لەم حاڵەیش ماڵەكەی برێتییە لەو نەخۆشانە، لەبەر

ئـەوەیش هـەژاران کـە بەشـیان هەیـە لـە ماڵـدا حاڵیـان وەك حـاڵی هاوبەشـانی ترِوایـە، بەشـەکە لـە ماڵـەهاو بەشـەکە جیـا دەکرێتـەوە، لـە هەمان کاتا ئەگەر لە خاوەن ماڵەکە داوای ئەوە بکەین کە لـەماڵی زەکات بـدا کـە لـەلای خـۆی دەسـت نەکـەوێ ئـەوە ناهـەقی لێدەکـەین، ئەگـەر هەمووشـیان نێربـوون هـەروا، ئەگـەر هەمووشـیان بیـچم گـچکە بـوون هەروا، بە پێی فەرموودەکەی ئەبو بەکر کـە دەفـەرموێ: بـەخودا ئەگـەر گێـسکێکیان کـاتی خـۆی دابـێ بـە پێغەمبـەر {درودی خوای لەسەربێ} و ئێـستا بیانەوێ نـەیدەن بە من لەسەر ئەوە دەچم بەگژیانا. دابەستەو دەستەمۆ نـادرێن بـە زەکاتـدا، چـونکە لـە نایـابی مـاڵن، ئاوسـیش نـادرێ، چـونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نەیی کردووە لەوە. تەنانەت ئەگەر ئاژەڵەکەی هەموو ئاوسبوو، لەباتی زەکات داوای ئاوسی لێ نـاکرێ، چـونکە چل سـەر مەڕ، مەڕێکی. لێدەکـەوێ، بـەلام ئـاوس دووسـەرە بـەڵێ ئەگـەر زەکاتـدەر بەرەزای خۆی دابەستە یائاوسیدا، یا دەستەمۆیدا دروستە.

١٢٥) زەکاتی سامانی هاوبەش:

هاوبەشی دووجۆرە:

یەکـەم ئەوەیـە: کـە بەشـەکان دیـاری نـەبن، وەك ئەوەیـە: چەند کەسێ سەد سەر ئاژەڵیان بەکەلەپور بۆ هاتبێتەوە.

دووەم ئەوەیە: کە بەشـەکان دیـاری بـن، بـەلام تـەواو تێکـەڵ بـن، وەك یـەك مـاڵ وابـن، لـەم دوو حاڵـەدا یاسـایەکی تایبـەتی هەیـەبۆ زەکاتدانی ئەو سامانە هاوبەشە، پاڵفتەکەی ئەمەیە: سامانە هاوبەشـەکە

بەیەك مالّ دادەنرێ، هاوبەشەكانیش بەپێی بەشەكەی خۆیان پشكی زەكاتەكەیان لێوەر دەگرێ. سەر بەلگەی ئەم مەسەلەیە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): نەماڵی جیا كۆ دەكرێتەوەو نەماڵی كۆش جیادەكرێتەو لە ترسی زەكات، وە هاوبەشانیش لەناو خۆیانا بەرێكوپێكی كەمو زیاد بەپێی ئەندازەی زۆرو كەمیی بەشەكەیان دەگرێنەوە بۆ یەكتری (بوخاری)جا ئەگەر هاوبەشی سێ سەر مەڕی هەبوو، ئەوی تریان دە سەر مەڕی هەبوو، بە هەردوكیان مەڕێ دەدەن بە زەكاتا، ئەگەر مەڕەكە بایی چل دینار بێ دەبێ خاوەنی سیی سەرەكە سیی دیناری بداتو خاوەنی دە سەرەكەیش دە دیناری بدات، چونكە زەكاتی دەیەكە كەمترە لە زەكاتی سییەكە.

زەكاتی سامانی هاوبەش:

تۆ مەرجی هەیە.

یەكەم: دەبێ پەچەو مۆڵەڕانو مۆڵەگایەلو جێگەی شەویان یەكبێ.

دووەم: لەوەڕگایان یەكبێ.

سێیەم: شوانیان یەكبێ، چەند شوانێكیش بن قەیناكا بەلاّم نابێ هەر شوانەی هی هاوبەشێبێ.

چوارەم: كەلّیان یەبێ، نەك هەر كەسێ كەلّی تایبەتی خۆی هەبێ.

پێنجەم: جێگەی ئاوخواردنەوەیان یەك بێ. وەك ئەوە رانەکەیان لە یەك چەم یا لەیەك کانی، یا لەیەك بیر ئاو بخۆنەوە، نەك هەر کەسەیان (ئاو گۆزگە – مەورید)ی خۆی هەبێ.

شەشەم: جێگەی دۆشین و بێریان یەکبێ، بەلاّم مەرج نیە دۆشەریان یەکبێ، چونکە دروستە هەر خاوەن بەشێ شیری ئاژەڵەکەی خۆی بە جیا بدۆشێ و لە ماڵی خۆیا بەرهەمی بهێنێ.

حەوتەم: دەبێ کۆی بەشەکان لە هەردوو جۆرەکەدا لەلای کەمی رادەی زەکات پێویست بوون کەمتر نەبێ، دەی ئەگەر چەن هاوبەشێ بە هەموویان چل سەر مەڕیان هەبوو، ئەوە مەڕێ زەکاتیان لێ دەکەوێ، بەلاّم ئەگەر بە هەموویان لە چل سەر کەمتریان هەبوو ئەوە زەکاتیان لەسەر نیە.

هەشتەم: دەبێ هەموو هاوبەشەکان ئەهلی زەکات بن. کەواتە ئەگەر یەکێکیان ئەهلی ذیمە، یا کۆرپەلەیێ بوو لە سکی دایکیا، ئەوە بایەخی نیە.

نۆیەم: دەبێ ماوەی هاوبەشییەکەیان لە سال کەمتر نەبێ. واتە: لە هەر ماڵێکا کە پێویست بێ کە ساڵی بەسەرا بێتەوە.

بزانن: هاوبەشی، لەسەر فەرمایشتی هەرە دروست، وەك لە ئاژەڵدا کاریگەری هەیە بۆ زەکات، لە هەموو سامانێکی تری زەکاتی (ماڵی زەکەویی)دا، دەورو رۆڵ دەبینێ، وەك دانەوێڵەو میوەو زێڕو زیوو سامانی بازرگانی، چونکە هەروەك بەهۆی ئاژەڵەوە گوزەران دەچێ بەرێوە بەهۆی ئەوانەیشەوە دەچێبەرێوە، سەرەڕای ئەم بەڵگەیەش ئەم

فەرموودەیە گشتایەتیو تێکڕایی دەگەیەنێ کە دەفەرموێ: نەماڵی جیا کۆ دەکرێتەوەو نە ماڵی کۆش جیا دەکرێتەوە لە ترسی زەکات تا کۆتایی فەرموودەکە، وەك لەم زنجیرەیەدا لە پێشەوە ڕۆیشت، جا لە دانەوێڵەو کشتوکاڵ دەبێ لە سەرەتای ساڵی کشتوکاڵەوە تا دوایی هاوبەش بنو پاسەوانو باخەوانو ڕەنجبەرو سەپانو کرێکارو موتوربەکارو هێشوو کەرو گوڵەوەچێنو جۆگەو شوێن خەرمانو شوێن شارایان یەکبێ، بەڵام لە میوەدا ئەوەندە بەسە کە لە سەرەتای پێگەیشتنی میوەکەدا هاوبەش بن. بۆ ئاژەڵیش پێویستە لە یەك جۆر بن، یا لە دوو جۆری وابن کە بدرێتە دەمیەك وەك مەڕو بزن. لە غەیری دانەوێڵەو مێوەو ئاژەڵیشدا ئەمانە مەرجن: دووکانو پاسەوانو حەسحەسو تەرازوو قەپانو قەپانچیو تەرازوو بە دەستو ئاڵوگۆڕکارو جارچیو قاسەو پارە وەرگریان یەکبێ، لە سامانی بازرگانیدا عەمارو کۆگایان یەکبێ، بە کوردی پەتیو بە کورتیو پوختی: دەبێ ئەو دوو ماڵە وا تێکەڵ بن، وەك یەك ماڵ وابن، بە هیچ لە یەك جوێ نەبن، ئەم حاڵە بەپێی سوننەت بۆ ئاژەڵ چەسپاوە.

١٢٦) ڕادەی زەکاتی زێڕوزیو:

سەرەتای ڕادەی زێڕ بیست مسقاڵە، کە گەیشت بەم ئەندازەیە چواریەکی دەیەکی لێدەکەوێ، واتە: چل یەك. ئەگەر لەوەیش پتر بوو لەسەر ئەم ڕێژەیەو دەق بەم پێیە زەکاتەکەی دەدرێ. سەرەتای ڕادەی زەکاتی زیویش دوو سەد درەمە، کە دەکاتە سەدو چل مسقاڵ، لەمیشدا چل یەك دەکەوێ، کە دەکاتە پێنج درەم، لە پتریشدا بە هەمان ڕێژە

لەسەر ئەم پێوەدانە زەکاتی لێ دەکەوێ. بەپێی قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} زێڕو زیو زەکاتیان لێ دەکەوێ، هەروا بەپێی یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلام. خوای گەروە دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ – سورة التوبة – ٣٤/٩} واتە: مژدەی سزایەکی بەسوێ بدە بەوانە کەهەر زێڕو زیو کەڵەکە دەکەن‌و لە ڕێگەی خودادا خەرجی ناکەن. لەم ئایەتەدا مەبەست لە (کنز) ئەو سامانەیە کە زەکاتی لێ نەدرێ. لە صەحیحی موسلیما دەفەرموێ: ئەو کەسەی خاوەنی زێڕو زیو بێ‌و زەکاتی لێدەر نەکا، لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو زێڕو زیوە سوور دەکرێتەوە لە ناو ئاگری دۆزەخا تا دەبێ بەیەك پارچە ئاگری سوور، ئەوجا تەنیشتی‌و ناوچەوانی‌و پشتی‌و هەموو لەشی تری پێی داخ دەکرێ، هەموو جارێ کە سارد دەبێتەوە، سەر لەنوێ سوور سووری دەکەنەوە بۆی‌و دیسان وای لێدەکەنەوە. یەکگرتن لەسەر ئەم سێ شتە دامەزراوە: ڕادەی زەکاتی زیو دووسەد درەمەو ڕادەی زەکاتی زێڕ بیست مسقاڵەو زەکاتەکەیان لە چلدا یەکە.

١٢٧) مەرجی زەکاتەکەیان:

لە پێویست بوونی زەکاتی زێڕو زیودا ئەم سێ شتە مەرجە:

یەکەم: گەیشتن بە ڕادەی زەکات کە لە زێڕدا بیست مسقاڵەو لە زیودا دوو سەد درەمە، بەپێی فەرمایشتی خۆشەویست {درووودی خوای لەسەربێ} زێڕ ئەگەر لە بیست دیناری زێڕ کەمتر بوو زەکاتی ناکەوێ، لە بیست دینار نیو دینار زەکاتی لێدەکەوێ. (ئەبوو داوودو کەسانی تر بە

رشتەیەکی دروست گێڕاویانەتەوە). بەپێی ئەم فەرمایشتەی تریش: زیو لە پێنج ئۆقیە کەمتر بیّ زەکاتی لێناکەویّ (شەیخان) ئۆقیە چل درەمە، پێنج ئۆقیە دەکاتە دوو سەد درەم. لە بوخاری شەریفا دەفەرمویّ: لە زیوو لە زێڕ چل یەك دەکەویّ.

دووەم: دەبیّ لە مولکی خاوەنەکەیانا ساڵیان بەسەردا بێتەوە، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {درووددی خوای لەسەربێ}: ماڵ زەکاتی لێناکەویّ هەتا ساڵی بەسەردا دێتەوە (ئەحمەدو ئەبو داوودو بەیهەقی گێڕاویانەتەوە، بوخاری بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە).

سێیەم: دەبیّ زێڕو زیوەکە پاڵفەتەبن، بەلام ئەگەر تێکەڵ بوون لەگەڵ کانزایەکی تر، زەکاتیان لێناکەویّ، هەتا زیوە سافەکەی، یا زێڕە سافەکەی، نەگاتە رادەی زەکاتی خۆی، ئەوە ئەوکاتە زەکاتیان لێدەکەویّ، ئەوەی لەم ئەندازەیە زیاتر بیّ بەم پێودانە بەهەمان رێژە زەکاتی دەکەویّ، لە عەلییەوە {رەزای خوای لێبێ} لە پێغەمبەرەوە {درووددی خوای لەسەربێ} دەفەرمویّ: ئەگەر زێڕت هەبوو زەکاتی ناکەویّ هەتا نەگاتە بیست لیرەی زێڕو ساڵی بەسەرا نەیەتەوە، لەم حاڵەدا لە بیست لیرەی زێڕ نیولیرە زەکاتی لێدەکەویّ، ئەویشی لەمە زیاتر بیّ بەهەمان رێژە بەم پێودانە زەکاتی دەکەویّ. (ئەبو داوودو ئەحمەد گێڕاویانەتەوە).

کاغەزی بانقەنەوت:

ئەم کاغەزانە، کە ناسراون بە بانقەنەوت قەواڵەی قەرزی دستەبەرکراون، حسێبی زیویان بۆ دەکریّ، جا هەر کاتیّ ئەم پارە کاغەزییانە بەهاکەیان گەیشت بە بەهای دوو سەد دەرەم یا پتر، ئەوە زەکاتیان لیّ پێویست دەبیّ، لە چلیەك.

١٢٨) زەكاتی خشڵ:

سەبارەت بە خشڵی ڕەوا دوو فەرمایشتی جیا هەیە: یەكێكیان. دەفەرموێ: پێویستە زەكاتی دەربكرێ، چونكە ژنێ خۆیو كچەكەی هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} كچەكەی دوو بازنی زێڕی قەوی قوی لە دەستیا بوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: ئایا زەكاتی ئەم بازنگانە دەدەی؟ گوتی: نەخێر، فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەی پێت خۆشە كە لە قیامەتا خودا لە باتی ئەم دەوو بازنە دوو بازنی ئاگرینت بۆ بكا؟ ئەویش هەردوو بازنەكەی داكەندوو هڵیدان بۆ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}و گوتی: ئەوا هەردووكیانم بەخشی بە خوداو پێغەمبەری خودا. (ئەبو داوود بەرشتەیەكی دروست گێڕاویەتەوە).

فەرمایشتی دووەم: (كە لە بەرچاوترە، واتە: ئەظهەرە) دەفەرموێ: زەكاتی خشڵ پێویست نیە، چونكە ئامادەكراوە بۆ بەكارهێنانێكی ڕەوا، كەواتە لە ئاژەڵێ ژێڕكار دەچێ، دەق وەك وشترو ڕەشەوڵاخی ئیشكەر. كە باریان پێدەكێشن، یا جووتیان پێدەكەن. ئیمامی مالیك لە مووطادا لە (ص ١٧٠)دا بە ڕشتەیەكی دروست ئەم رایە لە ئیبنو عومەرو لە عائیشەوە دەگێڕێتەوزە، عەبدورەحمانی كوڕی قاسمەوە لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: عائیشە هاوسەری پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} چەند برازایەكی هەتیوی هەبوو، كچ بوون، خۆی سەرپەرشتی دەكردنو لەژێر باڵی خۆیدا بوون خشڵیان هەبوو، عائیشە لە خشڵی ئەم برازایانەی زەكاتی دەرنەدەكردا.

هەروا دەگێڕنەوە: نافع دەفەرموێ: ئیبنو عومەریش لە خشڵی کچو کەنیزەکانی زەکاتی دەرنەدەکرد[1]، ئەحمەدیش دەفەرموێ: ئەم پێنج کەسە لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {دروودی خودا لە پێغەمبەرو رەزای خودا لە یارانی} رایان وابوو کە خشڵ زەکاتی ناکەوێ واتە: ئەنەسی کوڕی مالیكو جابیرو ئیبنو عومەرو عائیشەو ئەسماء. جابینا لەسەر ئەمە ئەقڵ نایگرێ کە ئەمانە لە خۆیانەوە بەبێ بەڵگە کاری واتە: بکەن چونکە ئەم زاتانە لە زۆر کەس باشتر ئاگایان لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر هەیەو زۆر چاك لێیان حاڵی دەبنو دەزانن کە مەبەست لە فەرمایشتەکانی چییەو کوێ دەگرنەوەو کوێ ناگرنەوە، جا لەبەر ئەم فەرموودەیەو لەبەر رۆشنایی ئەم شیکردنەوەیە، زاناکان هاتوون ئەم فەرموودەیەو فەرمایشتەکانی ئەم سەحابانەیان ئاوا لەسەر ئەم شێوەی دواوە کۆ کردۆتەوەو کاریان بەهەر دوو لایان کردووەو دەفەرموون: مەبەست لە فەرموودەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەو خشڵەیە کە لە رادەبەدەر زیادەڕەوی تیاکرابێ، جا خشڵی وا زەکاتی لێدەکەوێ، یا مەبەست خشڵێکە کە لەبەرنەکرێو بۆ فێڵبێ جا هەر کاتێ خشل زیادەڕەوی تیانەبوو، وە بۆ لەبەرکردن بوو، وە بۆ فێڵ نەبوو، ئەوە بەپێی ئەم فەرموودەیە، وەك ئەم سەحابانە دەفەرموون، زەکاتی لێناکەوێ، بۆ پشتیوانی ئەم وەڵامە دەفەرموون: لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بڕیاری نەداوە کە لە تێکڕای خشڵدا زەکات دەکەوێ، بەڵکوو بڕیاری داوە کە لە جۆرێکیا زەکات پێویستە، کە ئەوەیە زیادەڕەوی تیابێ، وەك پێغەمبەر {دروودی خوای

---

[1] بەپێی کفایە الاخیار ئەم شوێنە راست کراوەتەوە.

- وەرگێڕ —

{رەحمەتی خوای لێبێ} لە فەرمووودەکەیدا بەوشەی (ئەم بازنگانە) ئاماژەی بۆ دەکا، چونکە لە راستیدا بازنگەکان زیادەڕەوییان تیابوو، بە بەڵگەی ئەوە کە دەفەرموێ: دوو بازنی زێڕی قەوی قەوی لە دەستبوو.

خشڵی نارەوا زەکاتی دەکەوێ، خشڵی نارەوا جۆری زۆرە وەك ئەوە ژن خشڵی پیاوان بۆ خۆی بکا، وەك شمشێری زێڕ، یا خشڵەکەی لە رادەبەدەر بێو پتر لە خشڵی ژنانی وێنەی خۆی بێ، خشڵی وا بەبێ گومان زەکاتی پێویستە، هەروا هەموو خشڵێکی پیاو، زێڕبێ یا زیو، جگە لە ئەنگوستیلەیێ، زەکاتی پێویستە، هەروا زەکات پێویستە لە هەموو قاپو قاچاخێکی زێڕو زیودا، بۆ بەکارهێنانی پیاوبێ یا هی ژن گەوهەرو جەواهیراتی گرانبەهای وەك دورو مرواریو یاقوتو ئەڵماسو پیرۆزەو شتی تری وا زەکاتیان لێناکەوێ، مەگەر لەیەك باردا، کە ئەوەیە بازرگانیان پێوەبکرێ، جا لەم کاتەدا دەق وەك سامانی بازرگانی زەکاتیان لێ دەردەکرێ، بە مەرجێ بگەنە رادەی زەکات. بەڵگەی ئەوە کە زەکاتیان لێناکەوێ ئەمەیە: لە شەریعەتدا بەڵگەی نەقڵی لەسەر پێویستبوونی زەکات لە جەواهیراتدا نیە، لەکاتی وایشدا بڕیار بە پێی ئازادی گەردنە لەبەر پرسیاری: (الحكم على البراءة الاصلية).

١٢٩) رادەی زەکاتی دانەوێڵەو میوە:

رادەی زەکاتی دەغڵو دانو خەڵەو میوە پێنج ویسقە (کە بەپێوانەی کوردەواری خۆمان، لەسەر فەرمایشتی شەریعەتی ئیسلام، دانراوی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس {رەحمەتی خوای لێبێ} دەکاتە

نزیکەی چلو پێنج تەنەکە وە بە کێشانەی کوردەواری دەکاتە دوو سەدو بیستو پێنج تەورێزی) وەرگێڕ[1].

---

[1] لە مەدحی بەحەقی مامۆستا عبدولکەرما بەندە گوتورمە لە چامەیەکا:

علماء امة الهدى – أرواحنا
لهم الفدا – سور لدينك خافر!
ألقت مواكبهم بكوكبة من
الكرد الهداة، بهم تقر نواظر!
في عصرنا عبدالكريم شيخنا
تخرجت على يديه مشاهير
بوركت يا أبن الكرد سوف تفاخر
أمم بكم، وبعلمكم ستناظر،،
لخوالد الكتب العظام نوادر
ومؤلفاتكمو لتلك بوادرا!
صارت خزائن الكنوز فانها
لخير مجمع العلوم مصادر،،
تفنى الجبال والكتاب سيخلد
ففي الجنان للهدة منابر!!
بالنور مكتوب على جبينه
سيماه في هذا الشعار ظاهر:
نور الوقار على الجبين اذا سنا
يعني: هنا روح الديانة حاضر

له صهحیحهیندا دهفهرموێ: دانهوێڵه له پێنج ویسق کهمتربێ. زهکاتی لێناکهوێ له گێڕانهوهیهکی موسلیما: دانهوێڵهو میوه تا نهگهنه پێنج ویسق زهکاتیان لێ ناکهوێ ئیبنو حهببان له صهحیحهکهی خۆیدا ئهم بڕگهیهی لهم فهرموودهیه پتر کردووه که دهفهرموێ: ویسقیش شهست مهنه، مهن: واته صاع. ئیبنو لونذیر یهکگرتنی لهسهر ئهم قسهیه: که وهسق شهست مهنه گێڕاوهتهوه. بایهخو ئیعتیبار به عهیارهی مهدینهیه چونکه دهفهرموێ (دروودی خوای لهسهربێ): بۆ پێوان عهیارهی خهڵکی مهدینهو بۆ کێشانیش سهنگی خهڵکی مهککه تهواو پهسهنده.

ههر بهروبوومێ، ههر ماڵێ وهقفو تهخانبێ لهسهر مزگهوتو سهنگهری غهزاو فێرگهو پردو ههژاران‌و مسکێنان‌وههر لایهنێکی چاکه، زهکاتی لێناکهوێ، چونکه ماڵی وا خاوهنی دیاری نیه.

ئهندازهی پێویست:

ئهو ئهندازهیهی پێویسته بدرێ له زهکاتی میوهو دغڵ‌و دانا لهم کاتانهدا دهیهکه، که دێمبێ‌و به باران پێبگا، یا بهبێ ئامێر ئاو بدرێ، وهك ئهوه به ئاوی کارێز، یا به ئاوی چهم یا بههۆی نزیکی رهگهکهی له ئاوهوه، یا به جۆگای ههڵگیراو ئاو بدرێ، له ههموو ئهم حاڵانهدا ئهندازهی زهکاتی پێویست دهیهکه، بهڵام بیست یهکه بۆ ئهوهی که به ئامێر یا بهکرینی ئاو ئاوبدرێ چونکی له بارودۆخی یهکهما مهسرهفی نیه، وهلێ له بارودۆخی دووهما مهسرهفی دهوێ، پێغهمبهریش (دروودی خوای لهسهربێ) دهفهرموێ: زهکاتی بهراوو دێمهکار دهیهکه، وه زهکاتی ئهوهی به

ولاخی چەرخگێڕ ئاو بدرێ بیست یەکە. (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکدا: ئەوەی بە باران و چەم و جۆگەو کانی و کارێز ئاو بدرێ، یاخود دێمی بێ زەکاتەکەی بێزەکاتەکەی دەیەکە، ئەوەشی بە ولاخی ئاو هەلگۆز، یاخود بە ئاوکێش ئاو بدرێ زەکاتەکەی بیست یەکە. لەسەر فەرمایشتی بەیهەقی و کەسانی تریش یەکگرتن لەسەر ئەمە دامەزراوە. ئەوەیشی کە بە یەکسان بەم دوو جۆرە ئاودانە ئاو بدرێ سێ چارەکە دەیەکە. واتە: دەیەکێکی ئەکرێ بە چواربەشەوە، سێبەشی دەدرێ بە زەکاتو بەشێکی دەدرێتەوە بە خاوەن سامان، کە دەکاتە سێ لە چل.

١٣٠) نرخاندنی سامانی بازرگانی:

سامانی بازرگانی لە سەرەتاوە بەچ دراوێ کڕابوو، لە کۆتایی ساڵا بە هەمان دراو دەقەبلێنرێ، جا ئەگەر ئەو بڕەپارەیە دەگەیشتە رادەی زەکات، یا زیاتر، ئەوە دەبێ چل یەکی زەکات لێدەربکرێ. بۆیەیش بایەخ بە نرخاندنی کۆتایی ساڵ دەکرێ، چونکە قەبلاندنی سامان لە هەموو دەم و ساڵێکا کارێکی ئاسان نیە، پێویستی بەهاموشۆی سەرو مرِی بازاڕو رەچاوکردنی ئەوە هەیە ئەوەیش گرانەو ئاسان نیە، بەلام ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە ماڵ کڕابوو بە پارە نەکڕابوو، ئەوە کام دراو لە ولاتا زیاتر باوی هەیەو سەودای پێدەکرێ بەو دراوە دەقەبلێنرێ، ئەگەر هەندێکی بە پارەکڕابوو، وە هەندێکی تری بە سامان، ئەوەی بە پارە کڕابوو بە هەمان پارە دەقەبلێنرێ، وە ئەوەی بە سامان کڕرابوو بە پارەی برەو دارتری ناو ولات دەقەبلێنرێ و بەپێی ئەوە زەکاتی لێ دەردەکرێ.

١٣١) زەكاتی كان – واتە: مەعدەن:

مەعدەن لە زمانی عەرەبیدا، هەروا كان لە زمانی كوردیدا ناوە بۆ ئەو شوێنەی كە خودا بە سروشتی، گەوهەرو جەواهیراتو شتی بەنرخی تیا دروست كردبێ، وەك زێڕو زیوو ئاسنو مسو وێنەی ئەمانە، لە عەرەبیدا بۆیە وا ناونراوە چونكە جێگەی نیشتەجێ بوونە، ئەوەتا خودا ئەم گەوهەرو كانزایانەی لەو جێگەیەدا نیشتەجێ كردووە بە هەمان واتایە كە خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: (جنات عدن – رەعد – ٢٣/١٣) واتە: چەند بەهەشتێكن جێگەی دانیشتنو مانەوەن. نەتەوەی ئیسلام یەكیانگرتووە لە سەردانی زەكاتی كانی زێڕو زیو، بەپێی تێكڕایی (عمومی) فەرموودەی پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ}: لە زێڕو زیودا چل یەك زەكات دەكەوێ وەك گوترا: زەكات هەر لە كانی زێڕو زیو دەكەوێ.

وەلێ گوتراویشە: لە هەموو كانێ زەكات دەكەوێ، وەك ئاسنو شتی تری وا. لە زێڕو زیوی كانا بەس گەیشتن بە رادەی زەكات مەرجە، ساڵهاتنەوە بە سەریدا مەرج نیە، رادە بۆیە مەرجە چونكە تێكڕایی بەڵگەكان هەیە، بەڵام ساڵهاتنەوە مەرج نیە چونكە نەشونمای تەواوە، لەبەر ئەوە لە دانەوێڵەو میوە دەچێ، یەكسەر لەسەر خەرمان زەكاتی لێ دەكەوێ، مەرجە ئەو زێڕو زیوەی لە كان دەردەكرێ لە زەوییەكی رەوادابێ، یا هی دەرهێنەرەكەبێ، وە دەرهێنەرەكەی لە ئەهلی زەكات بێ، كەواتە: زەكات لەسەر كۆیلە نیە، چونكە خۆیو ماڵكەی ماڵی ئاغاكەیەتی. بێبڕوایش رێگەی پێ نادرێ كەشت لە كان ببا بۆ خۆی، یا گەنجینەی دۆزراوەی كۆنی ولاتی ئیسلام ببا بۆ خۆی، هەروەك رێگەی

پێ نادرێ کە وێرانە ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە ڕێگەی لێدەگرێ فەرمانڕەوایەو بەس. ئەوەندە هەیە ئەگەر لە پێش ئەوەدا قەدەغەی لێبکرێ بیبا بۆ خۆی دەبێ بەهی خۆی، ڕێك وەك دارکردن لە کەژ.

کاتی پێویستبوونی زەکات لەم جۆرە سامانەدا لەو دەمەوەیە کە کانەکە دەکەوێتە دەستی، کاتی دەرکردنی زەکاتەکەیش لەو دەمەوەیە کە پوختە دەکرێو خۆڵو شتی وای پێوە نامێنێ، چونکە کاتی پێویستبوونی زەکاتی دانەوێڵەش لە کاتی ڕەقبوونی دەنکەکەیەوەیە، بەڵام کاتی دەرکردنی لەپاش سوورکردنیەتی، زەکاتی کان چل یەك، وەك لە پێشەوە گوترا.

١٣٢) زەکاتی زێڕو زیوی شاراوەی کۆن:

گەنجینەی کۆنی شاراوەی سەردەمی پێش ئیسلام پێنج یەکی زەکات لێ دەکەوێ، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە گەنجینەی کۆنی شاراوەی دۆزراوەدا پێنج یەك دەکەوێ. (شەیخان) ساڵ بەسەردا هاتنەوە مەرج نیە، لەبەر ئەو بایستەی لەکاندا گوترا، لە پێویستبوونی ڕادەیشدا ڕاجیایی هەیە، گوتراوە: ڕادەی زەکات پێویستە چونکە ئەمیش وەك کان دەسکەوتی زەوییە، گوتراویشە: پێویست نیە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە گەنجینەی کۆنی شاراوەی دۆزراوەدا پێنج یەك هەیە، لەم فەرموودەیەدا ڕادە بەمەرج نەگیراوە. گەنجینەی سەردەمی پێش ئیسلام بە جۆری مۆری سەردەمی نەفامیدا دەناسرێتەوە، وەك ئەوە ناوی پادشایێ لە پادشاکانی ئەوانی لێ هەڵکەنرابێ.

بزانن دەسگاکانی پیشەسازی هاوچەرخ کە بە ئامێری میکانیکی دەگەڕێن، هەروا ئەو دووکانو قەیسەریو بازاڕو خانووبەرانەی کە بۆ کریو بەرهەم دروست دەکرێن، ئەمانە هەموو دادەنرێن بە سامانی گەشەکردوو، هەموو سامانێکی گەشەکردوویش زەکاتی لێدەکەوێ، بەڵام لەبەر هەمەکەی، چونکە ئەمانە سامانی نەگۆڕن، سامانی نەگۆڕیش زەکات لە بەرهەمەکەی دەکەوێ، بە پێودانی زەوی کشتوکاڵ، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێ) لە بەرهەمی زەویدا ئەگەر دێم بی، یا بەراو بێ، وە بەئامێر ئاو نەدرێ دەیەکی داناوە، لەوەیش بە ئامێر ئاو بدرێ بیستیەکی داناوە، جا پێویستە هەمان بنەماو دەستوور لە کارخانەو کارگەی پیشەسازیو خانووبەرەی کرێدا جێبەجێ بکرێ.

بەڵام خانووی تایبەتی کە نیشەجێی خۆیو خێزانی بێ ئەوە زەکاتی لێناکەوێ، چونکە ئەوە لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانە. ئەمە بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە دیمەشق لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٦دا، گیراوە.

١٣٣) ئەوانەی کە زەکاتیان پێ دەدرێ:

زەکات دەدرێ بەم هەشت تاقمە، کە خوای گەورە لە نامەی خۆیدا ناوی دیاری کردوونو فەرموویەتی: {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ – سورة التوبة – ٩/٦٠} واتە: خودای گەورە خۆی زەکاتی داناوە بۆ ئەم هەشت کۆمەڵە، لە موسڵمانان.

یەکەم: هەژاران.

دووەم: مسکین‌و بێنەوایان.

سێیەم: کارگوزارانی سەر زەکاتەکە خۆی.

چوارەم: نۆ موسڵمان‌و ئەو کەسانەی کە ئومێدی سوودی ئیسلامیان لێدەکرێ، بەوماڵی زەکاتە دڵنەوایی دەکرێن.

پێنجەم: ئەو بەندانە کە پێویستیان هەیە بەماڵ‌و پارە، بۆ ئازادبوونیان.

شەشەم: قەرزاران.

حەوتەم: تێکۆشەرانی رێگەی حودا.

هەشتەم: رێبواران.

تاقمی یەکەم:

هەژاران، هەژار ئەوەیە کە نە ماڵی هەبێ‌و نە کاسبی، یا ماڵ، یا کاسبی هەبێ، بەڵام بەشی نەکا. وەك ئەوە پێویستی بە دەبێ‌و دووی هەبێ، تەنانەت ئەگەر لە دوورە دەستیش ماڵی هەبێ هەر بە هەژار دادەنرێ، لەبەر ئەوە بۆی هەیە زەکات وەربگرێ هەتا ماڵەکەی دەگاتە دەستی، گریمان قەرزێکی دواخراوی هەبێ، مافی ئەوەی هەیە کە زەکات ئەوەندە وەربگرێ کە بەشی بکا، هەتا کاتی دانەوەی قەرزەکە، بەڵێ ئەگەر توانای کاسبی هەبوو زەکاتی پێ نادرێ، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: زەکات بەم دوو کەسە ناشێ: نە بە دەوڵەمەندو نە بە پیاوی لەش ساخی بە توانا. بەڵام ئەگەر فەقێ بوو، ئەگەر خەریکی کاسبی دەبوو خوێندنەکەی لەکیس دەچوو ئەوە زەکاتی پێ دەچێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لەسەر خوێندنەکەی، بەڵام ئەگەر کەسێ دەیتوانی

کاسپی بکاو لەبەر خەریکبوون بە نوێژوو خواپەرستیو قورئانخوێندنەوە کاسپیی پێ نەدەکرا، ئەوە زەکاتی پێنادرێو ناچار دەکرێ کە کاسپیی بکا، چونکە رزگاربوون لە چاو لەبەریی خەڵك گەلێ لەو حاڵە باشترە!.

تاقمی دووەم:

مسکێنو بێنەوایان. مسکێن ئەوەیە: کە شتێکی هەبێ بەڵام بە باشی بەشی نەکا، وەك ئەوە پێویستی بەدە هەیە، بەڵام حەوتی هەیە، هەروا ئەو کەسەیش کە بتوانێ کاسپی بکا، بەڵام کاسپییەکەی بەشی نەکا، گریمان بازرگانیش بێو ئەوەندە سەرمایەیشی هەبێ کە بگاتە رادەی زەکات، هەر بۆی هەیە زەکات وەربگرێ لە هەمان کاتا پێیستە لەسەری زەکاتی ماڵەکەی خۆشی بدا، چونکە دەبێ هەردوولایەنەکە رەچاو بکرێ، لایەنی پێداویستی، بەولایەنە زەکات وەردەگرێ، لایەنی رادەی زەکات، بەو لایەنە زەکاتەکەی دەدا.

تاقمی سێیەم:

زەکات کۆکەرەوەکان (کارمەندەکانی سەر زەکات) ئەو کەسەیە کە پێشەوای موسڵمانان دەیکا بە سەر کاری زەکات کۆکردنەوە، تابیدا بە پێشیاوەکانی، بە پێی فەرمانی خوای گەورە، جا بۆی هەیە بەمەرجی خۆی زەکات وەربگرێ، مەرجەکەیش ئەوەیە: شارەزای بابەتی زەکات بێ، هەتا بزانێ چی لە سامانا پێویستە، وە چەندە پێویستە، وە شایستەی زەکات کێیەو کێ نیە، هەروا دەبێ دەسپاكو ئازادبێ، دادپەروەربێ، موسوڵمانبێو بێبڕوانەبێ، چونکە ئەم سەرکاری یە بەر ویلا یەت

دەکەوێ ئەویش نەبەکۆیلە دەدرێو نە بە بێبڕاوا، خوای مەزن دەفەرموێ: (لا تتخذوا بطان من دونكم) لە غەیری موسڵمانانی خۆتان کەس مەکەن بە دۆستو ئەمیندار یاوەری خۆتان!. عومەر (رەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: ئەوان خوا بە ناپاكو نا ئەمینی داناون ئیتر ئێوە چۆن متمانەو ئەمینی یان پێ دەکەن. هەروا خوای گەورە دەفەرموی: {وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً – سورة النساء – ١٤١/٤} واتە: خوای گەورە هیچ ڕێگەیەکی بۆ بێبڕوایان لەسەر موسڵمانان نەهێشتۆتەوە.

تاقمی چوارەم:

نۆ موسوڵمان ئەوانەن: کە ئومێدی سوودی ئیسلامیان لێدەکرێ، ئەم دەستەیەی دواوە دەبن بە چەند جۆرێ، جۆرێکیان بێبڕوان، لە کۆناشتی وا ڕێی تێدەچوو کە دڵی بێ بڕوا ڕابگیرێ بە ئومێدی سوودی ئیسلام، چونکە لە کۆنا ئیسلام وەك ئێستا ئاوا باڵا دەست نەبوو، بەڵام ئێستا کە خودا سەری ئیسلامی بەرزەوە کردووە، پێویست بەشتی وا ناکا، جۆرێ تریان موسوڵمانی دەست ڕۆییوی دەوڵەمەندن، ئومێدی یاریدەی ئیسلامیان لێدەکرێ، ئەگەر زەکاتیان پێ بدرێ هیوای ئەوە دەبێ کە خەڵکی تر موسوڵمان ببن. جۆرێکی تریان ئەو موسوڵمانەن کە زەکات نەدەر دەترسێننو ناچاریان دەکەن کە زەکاتەکەی سەریان بدەن، جۆرێکی تریان ئەو موسوڵمانانەن کە سنووری وڵات دەپارێزنو دوژمن دەترسێنن. مەبەست لە نۆ موسڵمانیش ئەو کەسەیە کە تازە موسڵمان بووبێو هێشتا بە باشی دڵی لەسەر ئیسلامەتی دانەمەزرابێ. ئەمە بۆ دڵڕاگرتنی زەکاتی پێ دەدرێ.

تاقمی پێنجەم:

بەندەی کاغەز پێدراون، کە ئەو کۆیلانەن لەگەڵ خاوەنەکانیانا، بە نووسین رێکەوتون لە ماوەیەکی ناوبراودا برێ پارەی دیاریکراو لە جیباتی ئازادبوونی خۆیان بدەن بە خاوەنەکانیان، ئەمانە زەکاتیان پێدەدرێ هەتا رزگاریان دەبێ لە بەندی دیلی؟.

تاقمی شەشەم:

قەرزداران ئەم تاقمە دەبن بە سێ جۆرەوە...

جۆری یەکەم: کەسێکە قەرزی بۆ سوودی خۆی وەرگرتبێ‌و ئەوەندەی نەبێ کە بیداتەوە بۆ بێشەرعیش قەرزی نەکردبی، ئەمە هەتا قەرزەکەی بە تەواوی دەداتەوە بەقەد قەرزەکەی زەکاتی پێدەدرێ. ئەگەر دەیتوانی هەندێ لە قەرزەکەی سەری بە مالّی خۆی بداتەوە لەسەر ئەوەوە لە مالّی زەکات مەندەی قەرزەکەی بۆ دەدرێتەوە.

جۆری دووەم: کەسێکە قەرزی کردبێ بۆ نابژێکردن‌و کوژانەوەی ئاژاوە، زەکات بەمە دەدرێ، بۆ ئەم مەبەستە، با دەوڵەمەندیش بێ.

جۆری سێیەم: کەسێکە قەرزاربووبێ بەهۆی دەستەبەرییەوە، ئەمە لەسەر ئەم شێوەیە زەکاتی پێدەدرێ: کاتێ دەستەبەرو دەستەبەر بۆکراو نەدارابن، یا دەستەبەر نەدارابێ‌و دەستەبەر بۆ کراو دەوڵەمەندبێ، بەلاّم رێگەی نەدابێ کە ببێ بە دەستەبەری، چونکە ئەگەر رێگەی دابێ‌و دەوڵەمەندبێ دەبێ خۆی قەرزەکە بداتەوە، بەلاّم کاتێ دەستەبەر دارابێ‌و دەستەبەر بۆ کراو نەدرابی دەدرێ بە دەستەبەر بۆ کراو نەك بە دەستەبەر.

١٣٤) لا باسیّ (فەرعیّ):

ئەگەر کەسیّ قەرزاربیّو بە خاوەن قەرزەکە بلّیّ: زەکاتم بدەریّ هەتا قەرزەکەتی پیّ بدەمەوە، ئەویش وای کرد، ئەوە بری زەکاتەکە دەکەویّ، بەلاّم قەرزارەکە بۆی هەیە کە نەیداتەوە پێی لەباتی قەرزەکەی، ئەگەر خاوەن قەرزەکە بە قەرزارەکەی گوت: ئەو قەرزەی لەسەرتە بمدەرەوە هەتا لە باتی زەکات بیدەمەوە پێت. ئەویش بە گوێی کرد، ئەوە قەرزوەرگرتنەوەکە دادەمەزریّ. بەلاّم مەرج نیە کە بیداتەوە پێی لەباتی زەکات، ئەگەر قەرزی لەسەر کەسیّ بوو، گوتی: ئەو قەرزەی لەسەرتە دام بەتۆ لەباتی زەکات، لەسەر فەرمایشتی دروست بەوەندە بری زەکات ناکەویّ، بەلّکوو دەبیّ قەرزەکەی لێوەربگرێتەوەو ئەوسا لە باتی زەکات بیداتیّ. گوتراویشە: برێتی زەکاتەکە دەکەویّ هەوەك سپاردەیش لەکاتی وادا بەبیّ وەرگرتنەوەیش برێتیی زەکات دەکەویّ.

تاقمی حەوتەم:

تێکۆشەرانی ڕێگەی خودان: مەبەست لەمانەیش ئەو غەزاکەرانەن کە لەبەر ڕەزای خودای گەورە غەزا دەکەن، بەبیّ ئەوە کە مووچەیەکیان لە ماڵی تالانیو شتی وا بۆ بڕابێتەوە، ئەمانە با دەوڵەمەندیش بن زەکاتیان پیّ دەدریّ، هەتا ببیّ بە کۆمەکی بۆیان لە لەسەر غەزاکردن!

تاقی هەشتەم:

ڕێبوارە: بۆیە وای پیّ دەگوتریّ چونکە بەرێدا ڕادەبووریّ، ئەمیش بەم دوو مەرجە دروستە زەکات وەربگریّ.

یەکەم: سەفەرەکەی سەفەرێکی ڕەوابێ.

دووەم: ئاتاج بێ، پێویستە زەکات دابەش بکرێ بەسەر ئەم هەشت تاقمەدا وە بەپێی توانا هیچ تاقمێکیان بێ بەش نەکرێ، چونکە رووکاری ئایەتەکە وا دەگەیەنێ کە زەکات هاوبەشە لە نێوانی ئەم هەشت تاقمەدا. جا ئەگەر تاقمەکان هەندێکیان نەبوونو هەندێکیان هەبوون، زەکاتەکە دەدرێ بەو تاقمانەیان کە هەن، بە ڕێژەیەکی یەکسان لە نێوانی تاقمەکاندا، بەلایەنی کەمەوە دەبێ زەکاتەکە بدرێ بەسێ کەس لە هەموو تاقمێ، چونکە خودای گەورە لە ئایەتەکەدا بە دارێژگە (صیغە)ی کۆناوی تاقمەکانی بردووە، ئەوەندە هەیە ئەگەر زەکات کۆکەرەوە لە ئارادا نەبوو، وەك ئەوە خاوەن ماڵ خۆی زەکاتەکەی بەسەر شایستەکانا دابەشدەکرد، ئەوە دەیدا بە حەوت تاقمەکەی تر، لە کاتێکیشدا کە یەك کەس بەس بێ بۆ کۆکردنەوەی زەکات، کە شتی وا لە شەرعا دروستەو ڕێش دەکەوێ، لە کاتی وادا بەشی تاقمی زەکات کۆکەرەوەکان دەدرێ بە یەك کەس چونکە خۆی یەك کەسە، لە توانادا نیە بدرێ بە دوو کەس.

جا ئەگەر زەکاتدەر زەکاتەکەی دابەشکرد بەسەر دووکەسدا لە تاقمێ، لە هەمان کاتدا توانای ئەوەی هەبوو کە بەشی کەسی سێیەمیش بدا لەو تاقمە، ئەوە بەشی کەسی سێیەمی پێ دەبژێررێو ئەو ئەندازەیەی زەکات هێشتا لە سەرماوە. ئەوەندە هەیە ئەگەر لەهەر تاقمێ سێ کەسی دەست نەکەوت چەند کەس هەبوون لەو تاقمە، پشکی ئەو تاقمە دەدا بەوان! لە هەمان کاتا بۆی هەیە بەشی ئەو تاقمە بکا

بەسێ پشکەوە، چەند کەس لەو تاقمە هەبوون پشکی خۆیان بداتێو چەندکەس نەبوون پشکەکەیان لەسەر ئەم شێوەیە دابەش بکا: ئەگەر ئەو چەند کەسەی لەو تاقمە کە پشکی خۆیان وەرگرتووە هێشتا هەر شایستەی زەکات وەرگرتن بوون، ئەوە لەسەر فەرمایشتی هەرە دروست ئەو پشکانەیش کە ماون هەر دابەش دەکرێتەوە بەسەر ئەوانا، دەنا دەدرێ بە کەسانی تر، بەپێی یاسایەکی تر[1]!.

١٣٥) پێنج کەس هەن زەکاتیان پێناشێ:

یەکەم: دەوڵەمەند، بەهۆی ماڵەوە، یا بەهۆی کاسپییەوە بەپێی فەرموودەی خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ}: زەکات بەم دوو کەسە ناشێ: نە بە دەوڵەمەندو نە بە پیاوی لەشساخی توانا. بەڵێ ئەگەر مرۆڤی لەشساخی تونا کاسپیی دەست نەدەکەوت ئەوکاتە زەکاتی پێ دەدرێ!.

---

(١) لێرەدا ئیجازو ئیختیصارێکی زۆر موخیلل‌و موهمی هەڵەو هۆی سەر لێشێوان لە فقه المیسرەکەدا هەیە، هەر کەسێ نەگەڕێتەوە بۆ سەر کیفایەتو لئەخیارەکە وەرگەڕانەکەی بەندە بەهەڵە دادەنێ، بۆیە بە پێویستم زانی ئەمە روون بکەمەوە بە شێوەیەکی گشتی هەر کەسێ گومانێکی لە وەرگەڕاوەکەی بەندە بۆ پەیدا بوو، وە بە بۆچوونی ئەو من لە مەسەلەکە حاڵی نەبووم بۆیە بەو شێوەیە وەرم گێڕاوە، با بەوردی سەرنجی کفایة الاخیارە کە بدا، ئەوسا دەزانێ گەشتەکە چۆنە.

– وەرگێڕ –

دووەم: کۆیلە چونکە ئەویش مادەم گوزەرانی لەسەر ئاغایەتی لە حوکمی دەوڵەمەند دایە، وەکی تریش ئەو خۆیو هەرچی هەیە هی ئاغاکەیەتی، ئیتر زەکات چۆن وەربگریێ؟ وەریشی بگرێ بۆ خۆی نیە.

سێیەم: ئەم دوو بنەماڵەیە زەکاتیان پێ ناشێ: بنەماڵەی بەنی شاهمو بنەماڵەی بەنی موطەلیب، چونکە پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ئەم زەکاتە چڵکاوی دەستی خەڵکانە، لەبەر ئەوە نە بە موحەمەدو نە بە کەسوکاری موحەممەد ناشێ (موسلیم). جارێ حەسەنی کچەزای پێغەمبەر {دروودی خودا لەسەر پێغەمبەرو رەزای خودا لە ئیمامی حەسەن بێ} منداڵ بوو، دەنکێ خورمای زەکاتی هەڵگرتو نایە ناو دەمیەوە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پەنجەی کرد بەدەمیداو خورماکەی بە لیکەکەیەوە لە دەمی دەرهێناو تێی خوڕیو پێی فەرموو: قخ قخ، یەع یەع، ئینجا فەرمووی: چ عەجەب نازانیکە ئێمەی خانەوادەی محمد زەکات ناخۆین! (شەیخان گێڕاویانەتەوە). لە گێڕانەوەیەکی موسلیمدا: ئەوە چۆن نازانی کە زەکات بە ئێمە ناشێ!. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم خزمو کەسوکارانەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ژیوارو نەفەقەیان لەسەر بەیتولماڵە، جا هەندێ زانا ئەوەیان لە لاپەسەندە ئەگەر ئەم کەسوکارانەی حەزرەت نەدارابوونو لە بیتولمال گوزەرانیان بۆ دابین نەدەکراو پشکەکەی خۆیان لە مفتەماڵ (فایأ) وەك جاران پێ نەدەدرا، کە دەکاتە یەك لە بیستو پێنجی مفتەماڵ، لەم کاتەدا دروستە زەکاتیان پێ بدرێ.

چوارەم: هەرکەسێ ژێوار (نەفەقە)ی لەسەر زەکاتدەرەکە بێ، وەك ژنیو باوكو دایکی هەژاری، چونکە ئەمانە ژێواریان مسۆگەرە، کەواتە:

دەوڵەمەندو بێ ئاتاجن‌و هەژار نین، لە راستیدا ئەم رایە دروستترین رایە. گەرچی گوتراویشە: دروستە زەکاتیان پێ بدرێ، چونکە ناوی هەژار ئەوانیش دەگرێتەوە. ئەوەندە هەیە ئەگەر کەسێ ئەو زێوارەی وەری دەگرت بەباشی بەشی نەدەکرد، وەك ژنێ نەخۆش بێ، یا زێواری کەسێکی خۆیی لەسەربێ، ئەو زێوارەی کە لە مێردەکەی وەری دەگرێ بە باشی بەشی زێواری خۆی‌و ئەو کەسەی کە زێواری لەسەریەتی‌و بەشی چارەی نەخۆشییەکەیی نەدەکر، ئەمە لەم بارو دۆخەدا بۆی هەیە زەکات وەربگرێ (ئەمە فەرمایشتی قەففالە)،

پێنجەم: بێبڕوا (کافر) چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} بە موعاذی فەرموو: جا ئەگەر بۆ ئەمەیش بە گوێیان کردی، ئەوا پێشیان رابگەیەنە: کە خودا زەکاتی لەسەریان داناوە، لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ‌و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، ئەوەتانێ لەم فەرموودەوە ئەوە وەردەگیرێ کە زەکات لە موسوڵمان وەردەگیرێ‌و دەدرێتەوە بە موسڵمان خۆیان. لە هەمان کاتا ئەو زاتانەی کە دەفەرموون: راگوێزانەوەی زەکات لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دروست نیە، ئەم فەرموودەیە دەکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوە. بەڵام ئیمامی نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیما {رەزای خوایان لێبێ} دەفەمویێ: کردنی ئەم فەرموودەیە بە بەڵگەی ئەم مەسەلەیە زۆر رۆشن نیە، چونکە راناوی کۆ لە وشەی (دەدرێتەوە بە هەژارەکان = یان) هەڵ دەگرێ مەبەست لێی هەژارانی موسڵمانان بێ، هەڵیش دەگرێ مەبەست لێی هەژارانی ئەو شارەبێ، یا هەژارانی ئەو ناوچەیەبێ، ئەم بۆچوونەیش لە بۆچوونی پێشوو ئاشکراترە. خودا بۆ خۆی لە هەموو کەس باشتری لێدەزانێ (أ . هـ) دەی ئەمەیش یاسایەکی

شەرع شوناسییە: هەر بەڵگەیێ کرا بە بەڵگە لەسەر شتێکی تایبەتو لە هەمان کاتا هەڵی دەگرت کە بکرێ بە بەڵگە لەسەر شتێکی تریش، ئەوە ئەو بەڵگەیە لە بەڵگەیێ دەکەوێو نابێ بە بەڵگەی ئەو شتە تایبەتە. زیاد لەسەر ئەمەیش ئایەتی دابەشکردنی زەکاتیش بەسەر ئەو هەشت تاقمەدا تێکڕایی دەگەیەنێ، کە دەفەرموێ: {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ} هێشتا ئەوەیش ماوە کەسێ بڵێ: فەرموودەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێو دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، ئەمە بەس بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوە کە خەڵکی یەمەن بۆیان نیە لە شارێکەوە زەکات بگوێزنەوە بۆ شارێکی تر، کەواتە نابێ بە بەڵگە لەسەر هەموو شارو گوندێکی تر کە لە یەمەن نەبن[1].

بەهەر حاڵ یاران (ئەصحاب لە مەزهەبی شافیعیدا) دەفەرموون: دروست نیە زەکات لە شارێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ شارێکی تر. گوتراویشە: گواستنەوەی زەکات بەبێ گومان زەکات لە کۆڵ دەخا، بەڵکوو ڕەویانی لە کتێبی (البحر)دا دەفەرموێ: گواستنەوەی زەکات بەبێ گومان دروستە. بە تایبەتی لە کاتێکا کە لەو ناوچەدا کە زەکاتەکەی بۆ دەگوێزرێتەوە خزمی هەژاری زەکاتدەرەکەی تیابێ، چونکە هەژارەکان چاویان لە دەستی خزمەکانیانەو لە دڵەوە بە تەمای ئەوەن، بە مەرجی ئەوە لە شاری سامانەکەدا هەژاری زۆر ئاتاجی ئەو زەکاتە نەبێ، دەنا لە کاتی وادا لەبەر ناچاری دەدرێ بە هەژاری شوێنەکە خۆی، ئەگەر هەژاری خزم لە شوێنێکی ترو هەژاری شاری ماڵەکە بۆ هەژاری یەکسان بوون، بەشی هەردوولایانی لێدەدا، خودا خۆی لە هەموو شتێ باشتر دەزانێ.

١٣٦) خێری سوننەت (صدقه التطوع):

خێـری سـوننەت سـوننەتە، بـەپێی نامـەی خـواو سـوننەتی پێغەمبـەرو یـەکگرتنی نەتـەوەی ئیـسلام، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: {مَّـن ذَا الَّـذِي يُقْـرِضُ اللّـهَ قَرْضًـا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَـهُ – سـورة البقـرة – ٢/٢٤٥} واتـە: ئـای بـۆ خـودا پـێ داوێ قـەرزێکی جوان بـدا بەخودا، خودا بە چەندین قات هەقی بۆدەکاتەوە، مەگەر هەر خوا خۆی بزانـێ کـە ژمـارەی ئـەو چـەندین قاتانـە چـەندە. لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: {وَمَـا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْـرٍ تَجِدُوهُ عِنـدَ اللَّـهِ هُـوَ خَيْـرًا وَأَعْظَـمَ أَجْـرًا – سـورة المزمـل – ٢٠/٧٣} واتـە: هـەر خێـرو چاکەیێ لە پێش خۆتانەوە ڕەتی بکەن بـۆ ئـەو دنیاتـان، ئـەوە زەخیرەو دەسمایەیەکی چاکە لەلای خودا، بزانن هیچ خێرێ لەلای خـودا نافـەوتێ، دیارە خێرێ بە دەستی خۆتان بۆ خۆتانی بکەن ئـەوە گـەلێ لـەوە باشـترە کە چاوەڕوانی دەستی ئەمو ئەو بکـەن. خۆشەویـستیش (درووده خوای لەسەربێ) دەفەموێ: ئەو کەسەی خێرێ بکا لە حەلاڵ، خودای مهرەبـان بـە دەسـتی ڕاستی وەری دەگرێو خـۆی پـەروەردەی دەکـاو نەشـونماو گەشـە دەکا، تـا بەقـەد کێـوێ گـەورە دەبـێ، وەك چـۆن یـەکێ لـە ئێـوە جوانوومایـنـێ یـا پارینـە وشـترێ بـۆ خـۆی بـە دڵو بـەداو پـەروەردە بکـا ئـاوا، (موسـلیم) هـەروا دەفـەرموێ: بـا پیـاو لـەو دینـارەی هەیـەتی خێـری لێبکـا، یـا لـەو درەمەی هەیەتی، یا لەو مەنە گەنمەی هەیەتی خێـری لێبکـا. (موسـلیم) هـەروا دەفـەرموێ: هـەر کەسـێ خـۆراك دەرخـواردی برسـی بـدا، خـودای گەورە میوەی بەهەشتی بە نـسیب دەکا، هـەر کەسـێ موسـڵمانێکی تـوونی

پاراو بکا، له رۆژی قیامەتدا خودای باڵا دەستو شکۆمەند رەحیقولە ختوومی بە نسیب دەکا، کە لەم ئایەتەدا باسی دەکاو دەفەرموێ: یسقون من رحیق مختوم: شەرابی پاکی سەربەمۆریان دەرخوارد دەدرێ، وە هەرکەسێ ئیمانداریکی رووتەڵە پۆشتە بکاتەوە، خودا لە بەرگەسەوزەکانی بەهەشت پۆشتەی دەکاتەوە! (ئەبو نەعیم لە ئەلحولیەدا، بە رشتەیەکی لاواز گێڕاویەتەوە) بە هەر حاڵ خێرکردنو شت بەخشین لە هەموو کاتێکا سوننەتە بە تایبەتی لە مانگی رەمەزانا خێرترە، سوننەتە لە مانگی رەمەزاندا موسوڵمان دەست کراوەبێو چاوی خێری لە خێزانی خۆیو لە هەژارانیش بێ، چەندەی لە تواناداهەیە هەرزانییان تێبخا، لەمەدا پێغەمبەر بکا بەسەرمەشق، چونکە پێغەمبەر بۆ سەخێتی مانەدی نەبوو، بە تایبەتی لە رەمەزاندا، لە هەموو کاتێکی تر بەخشندەتر بوو، هەروا خێرو سەدەقە سوننەتە لەکاتی کاروباری گرنگا، وەك خەتمی قورئانو قازانجکردنی باشو رزگار بوون لە چورتم، وە کاتی نەخۆشیو کاتی سەفەر، یا لە مەککەو مەدینەدا، خودا پیرۆزتریان بفەرموێ، هەروا لە کاتی غەزاو حەجداو، لە کاتە پیرۆزەکاندا وەك مانگی رەمەزانو دەی یەکەمی مانگی قوربانو رۆژی جەژنەکانو رۆژی هەینی. هەمیشەیش سوننەتێکی گەورەیە موسڵمان چاکە لەگەڵ خزمو کەسوکاری خۆیو هاوسێ ماڵو هاوسێ دووکانو هەموو جۆرە هاوسێو دۆستو برادەرێکی تری خۆی بکا، بگرە زەکاتی فەرزیش بدرێ بە خزمی هەژارو هەژاری دراوسێو هەژاری دۆست باشترە، هەروا کەفارەتو نەزرو شتی تری لەم بابەتە بۆ ئەمانە خێرترە!.

هەتا لەناو خزمانا کامیان زیاتر دژایەتی لەگەڵ زەکاتدەرەکەدا هەبێ، زەکاتەکە بەوە خێرترە، بە مەرجێ هەژار بێ، هەروا خێریش بەوە خێری زیاترە، بەلام بۆ خێری سوننەت خزمی ناکۆك لەگەڵ خێرکەرەکەدا مەرج نیە هەژار بێ! چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: گەورەترین خێر ئەو خێرەیە کە بدرێ بە خزمێ لە دڵەوە دژت بێ!. خێری پەنامەکی لە خێری ئاشکرا باشترە، بەلام هەموو کاتێ نا، خزم با ماڵەکەیشی دووربێ هەرپێش دەخرێ لەسەر دراوسێی بێگانە، چونکە خێر بە خزم دوو خێرە، هەم خێرەو هەم خزم بەسەرکردنەوەیە، باش نیە شتی خراپ هەڵبژێرێ بۆ خێر، بەلام ئەگەر جلێکی نوێ بکرێ بۆ خۆتو کۆنەکەت بکەی بە خێر بەر ئەمە ناکەوێ، واباشە خۆ بپارێزێ لە خێرکردن لە ماڵی شوبهەدار، ئیبنو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: درەمێ خێر لە ماڵی حەرام وەرنەگرم، لە ترسی ئەوە کە تووشی حەرامخواردن نەبم، ئەوەم لەوە پێ باشترە کە لە ماڵی حەلاڵی خۆم شەش هەزار درەم خێربکەم!. خێرکردن دەبێ لەسەر ئەم شێوەیە بێ: زیواری خۆیو خێزانیو ئەوەی پێویستی بێ بۆ خۆیو بۆ ئەوانو بۆ بەرزەوەندی ئایینی ئەوە جێ بەجێ بکا، ئەنجا ئەوەی کە لەو ئەندازەیە پترە بۆی هەیە کە خێری لێبکا بەلام ئەگەر لەکاتی تەنگانەدا بەرگەی نەدەگرت نابێ هەموو ئەوەی کە لەوە زیاتر بێ بکا بە خێر!.

بۆ دەوڵەمەند رەوا نیە کە خۆی وا پیشان بدا کە ئاتاجی هەیە هەتا بەو مەهانەیە خێری سوننەت وەربگرێ! چونکە پیاوێ لە دانیشتوانی صوففە مرد، دوو دیناری زێری لە پاش بەجێمابوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: ئەم دوو دینارە دووداخی ئاگرن بۆ

خاوەنەکەی! واتە: ئەو پیاوە لە ژیانیدا کە خاوەنی ئەم دوو دینارە بووە چۆن خۆی لەناو ئەم هەژارانەدا جێکردۆتەوە هەتاخێری پێبکری؟ هەروا کەسێ پیشەیێ بە جوانی بزانێ هەتا هەیبێ، حەرامە کە سواڵ بکا، تەنانەت ئەگەر شت لە خەڵك وەربگرێ پێی حەرامە، خێر کەمیش بێ هەر خێری هەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: {فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ - سورة الزلزلة - ٧/٩٩} واتە: هەرکەسێ هەرچەندێ خێر بکا، کەم بێت یان زۆر، بابەقەد تۆسقاڵێ بێ، پاداشتی باشی ئەو خێرە وەردەگرێتەوە! لە فەرموودەیشدا دەفەرموێ: خۆتان لە ئاگری دۆزەخ رزگار بکەن ئەگەر بەهۆی بەخشینی لەتێ دەنکە خورمایەکیشەوە بووە (شەیخان). واباشە کە بە تایبەتی بۆ خێرپێدان پیاوچاکان و ئاتاجان بەسەربکرێنەوە، نازین بە خێرکردنەوە حەرامە چوونکە پاداشتەکەی پووچ دەکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ - سورة البقرة - ٢٦٤/٢} واتە: ئەی ئیمانداریندە! پاداشی باشی خێرو خێراتی خۆتان بەمنەت و شاباش پووچ مەکەنەوە، چونکە ئەوە دەبێ بەهۆی دڵی خێرپێکراوەکە، شتی وا خێر پوچ دەکاتەوە، چونکە لاسایی خێرکردنی ئەوکەسانەیە کە بۆ ریابازی خێر دەکەن. سوننەتە لەوماڵە ببەخشێ کە لەبەر چاوی خۆشەویستە، خوای گەورە دەفەرموێ: {لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ - سورة آل عمران - ٩٢/٣) واتە: ناگەگەن بە پایەی چاکەی نایاب، هەتا لە نایابی سامانەکانتان بەخت نەکەن لە رێگەی خوادا.

١٣٧) ڕۆژوو (الصيام):

ڕۆژوو لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ صەوم، صەوم لە زمانی ئەواندا واتە: خۆگرتن لە کردنی شت، بەم واتایەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: {إنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا – سورة مريم – ٢٨/١٩} واتە: نەزرم کردووە بۆ خوای میهرەبان کە خۆ لە قسەکردن بگرم. لە شەرعیشدا بریتییە لە خۆگرتن لە ئارەزووەکانی دامەنو سك؛ لە شەبەقەوە هەتا خۆرئاوابوون، لەگەڵ نیازو نێتی بەرۆژووبوون لە شەوەوە.

بڕیارەکەی:-

ڕۆژوو فەرزێکە لە فەرزە گەورەکانی شەریعەتی ئیسلام، فەرزبوونی بە نامەی خواو سوننەتو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلام سەری گرتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ – سورة البقرة – ١٨٣/٢} هەروا دەفەرموێ: {فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ – سورة البقرة – ١٨٥/٢} لە فەرموودەی دروستدا دەفەرموێ: ئیسلام لەسەر پێنج بنیات امەزراوە لە فەرموودەکەدا دەفەرموێ: یەکێ لەو پێنج بنیاتە ڕۆژووە، پیاوێکیش عەرزی پێغەمبەری کرد: کام ڕۆژووە لەسەرم فەرزە پێمی بفەرموو؟ فەرمووی: بەس ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان. مەرجی فەرزبوونی ئەوەیە ڕۆژووەوانەکە موسڵمانو ڕەسیدەو هۆشیارو توانابێ. چونکە هیچ فەرزێ لەسەر بێبڕوای بنەڕەتی (کافری ئەصلی) نیە بەڵکوو دایش نامەزرێ، چونکە کافر ئەهل نیە بۆ پەرستنو عیبادەتو خواپەرستی لێ

ناوەشێتەوە، رۆژوو لەسەر منداڵو شێت نیە، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەم سێ کەسە قەڵەمی تەکلیفیان لەسەر نیە: خەوتوو هەتا خەبەری دەبێتەوە، منداڵ هەتا رەسیدە دەبی، شێت هەتاچاك دەبێتەوەو دێتەوە سەر هۆش. (ئەبو داوود). بەڵام کەسێ لە بنەڕەتەوە توانای رۆژووی نەبێ، یا ئەگەر بەرۆژووبێ زیانێکی وای لێ بدا کە بەرگەی نەگرێ، جا لەبەر پیریی بێ یا لەبەر نەخۆشییەکی وابێ کە ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ، یا لەبەر هەر هۆیەکی رەوای تربێ، ئەوە رۆژووی لەسەر نیە، بەڵام دەبی کەفارەتەکەی بدا،کەفارەتەکەی ئەوەیە. ئەگەر هەیبوو لە جیاتی رۆژوووی هەموو رۆژێ مشتێ خۆراك دەدا بە شایستەکانی زەکات، گریمان نەدارابوو لەوەدوا دەوڵەمەند بوو ئەوە دەبێ کفارەت بدا لە کاتی دەوڵەمەندیدا.

فەرزەکانی:

رۆژوو پێنج فەرزی هەیە:

یەکەم: نییەت، جێگەی نیەت شەوە، کاتی نیازهێنان رۆژوو لە خۆر ئاوابوونەوەیە هەتا شەبەق. هەموو رۆژێ بەشەو دەبێ نییەت بهێنێ، چونکە هەموو رۆژێ پەرستشێکی سەربەخۆیە، لەبەر ئەم بەلگەیەش کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ لە شەودا نیەتی رۆژوو گرتنی نەبێ بە رۆژ بووی نیە بەرۆژووبێ! (ئەحمەدو ئەبو داوودو نەسائیو تیرمیذی).

دووەمو سێیەم: خۆگرتنە لە خواردنو خواردنەوەو ئەوەی لە ریزی ئەم دوەدابێ، با کەمیش بێ، لە شەبەقی بەیانەوە هەتا ئاوابوونی هەتاو

یاسای هەمەگر (زابت) بۆ ئەمە ئەمەیە: رۆژوو پووچ دەبێ بە گەیشتنی هەر شتێ کە بەپێی باوی زمان پێی بگوترێ: ماددەوە، وە قەوارەی هەبێ، لە دەرەوەی لەشەوە بۆ ناو هەر شوێنێ لە لەش کە بەپێی باوو یاسای زمان پێی بگوترێ بۆشایی، بەمەرجێ لە رێگەی کراوەوە بڕواتە ژوورەوە، وە بەقەستی بێ، وە بە هەڵەو لەبیرچوون نەبێ!.

چوارەم: خۆگرتن لەسەر جێیو خۆرەحەتکردن بە دەستی خۆیو بە شتی تریش، سەربەڵگەی ئەمە ئەم ئایەتەیە: {فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ - سورة البقرة - ٢/١٧٨} بەڵام ئەگەرلە بیری نەبوو شتی خوارد، یا شتی خواردەوە، یا لەگەڵ ژن دروست بوو، ئەوە رۆژووەکەی ناشکێ، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کەسێ لەبیری نەبوو کە بە رۆژوووە، وەشتی خوارد یا شتی خواردەوە، ئەوە با رۆژووەکەی نەشکێنێ، بەوە رۆژووەکەی ناشکێ، ئەو ئاوو نانەیش کە دیخوات رزقو رۆزییە کە خودا بۆی دەرەخسێنێ! (رواه الجماعه). هەروەها پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودا تۆڵەو سزای ئەم سێ جۆرە گوناهەی لەسەر ئوممەتم هەڵگرتووە:

یەکەم: گوناهێ کە خاوەنەکەی بە هەڵەیبکا

دووەم: گوناهێ کە خاوەنەکەی لە بیری نەبێ.

سێیەم: ئەو شتانەی کە بە زۆر پێیان بکەن! (ئیبنو ماجە/ طەبەرانی/ حاکم).

پێنجەم: خۆگرتن لە خۆرشانەوە بە قەستی، بەڵام ئەگەر رشانەوە زۆری بۆ هاوردی، ئـەوە رۆژووەکـەی ناشکێ، پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کەسێ رشانـەوە زۆری بۆ هێناو رشایەوە بەبێ خواستی خـۆی، لە هەمان کاتا بە رۆژوو بوو، ئەوە گێڕانـەوەی لەسـەر نیـە، بـەڵام ئەگـەر خۆی خۆی رشاندەوە با رۆژووەکەی بگرێتەوە (د/ت/ن).

١٣٨) رۆژوو بەچی پوچ دەبێتەوە:

رۆژوو بە زۆرشت پووچ دەبێتەوە:

یەکەم: بردنە ژوورەوەی شتێ لە دەرەوەی لەشەوە بۆ نـاوەوەی بـە قەسـتی، ئـیتر خـوا ئەوشـتە خـۆراك بـی یانـا، جگـەرە کێـشان بـەر ئەمـە دەکەوێ، مەرجی ناوەوەی لەش ئەوەیە کە دەبێ، بۆشایی بێ، ئیتر مـەرج نیە کە ئەو شوێنە بۆشە هێزێکی وای تیابێ کە خواردەمەنی، یا دەرمـان بگـۆڕێ، کەواتـە: ناوکەللـەی سـەرو نـاوگوێ دەگرێتـەوە، چـونکە ئیبنـو عـەبباس {رەزای خوایـان لێبـێ} دەفـەرموێ: رۆژوو بـەوە دەشـکێ کـە دەچـێتە ناولەشـەوە، نـەك بـەوە کـە لـە نـاوەوەی دێتـە دەرەوە! ئـەوە تـا بـەپێی قسەکەی ئـەو هـەموو ناوەوەیـێ بەردەکـەوێ وە رۆژووی پێدەشـکێ، ئـیتر شتەکە خۆراك بێ یا شتێ تربێ جیاوازی نیە.

بزانـە! ئەگەر دەسنوێژ گر زیادەڕەوی کـرد لـە ئـاو لـە دەمو لـووت رانـاداو لـە ئـەنجامی ئـەوەدا ئـاو گەیشتە نـاو بۆشـایی قـوڕگی، یاناوسـکی، ناوبرِنـاخی، ئــەوە رۆژووەکـەی دەشـکێ، چـونکە خۆشەویـست {دروودی خـوای لەسەربێ} دەفەرموێ: زیادەڕەوی لە ئاو لە دەمو لووتڕادانا بکە، مەگەر کاتێ

کــه بــه ڕۆژوو بیــت؟ چــونکه زیادەڕەوییەکــه لــەم دوو کاتــەدا ڕۆژوو دەشکێنێ بۆیه پێغەمبەر ڕێگەی نادات، دەنا نەیی لێ نەدەکرد، بەڵام ئەگەر بەبێ زیادەڕویکردن ئاوپەڕییە قورگی، یا گەیشتە بۆشایی، وە بەقەستی نەبوو، ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێ، چونکه بەر ئەو هەڵەیه دەکەوێ، که چاوپۆشی لێکراوە.. ئەوەندە هەیه ئەگەر ئاوی کردە ناودەمو ناو لووتی بەنیازی ئاو لە دەمو لووتڕادانیشی نا، وە ئاوەکه پەڕییەناو بۆشایی قۆرگی یاناو بۆشایی لای سەرووی لووتی ئەوە ڕۆژووەکەی دەشکێ، چونکه سوچ له خۆیەتیو کاریشی بەشتی واته: نیه! بەشی وا نیه تەنانەت ئەگەر ژنێ پەنجەی بکا بەناو شەرمی خۆیا، لەکاتی تاراتگرتندا، لەسەر فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس، ڕۆژووەکەی دەشکێ، له ڕاستیدا ئەو ئەوەندەی لەسەرە کە دیوی دەرەوەی شەرمی بشوا، ئەوەی که بەدەرەوە نیه شۆردنی لەسەر نیه.

دووەم: ڕۆژوو دەشکێ به شاف هەڵگرتنو بەشت خستنه ناو دیوی ناوەوەی چووکی نێرینەو زێی مێینەوە بەپێی فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس، که کەمێ لەمەوپێش نوسیمان، ئەم فەرمایشتەی ئیبنو عەبباس دوو بەشه، ئەم شتانه له بەشی یەکەمی چەرت دەکرێ: پەڕینی مێش بۆ ناو قورگی ڕۆژووەوانو گەیشتنی تۆزی ئاردو تۆزی ڕێگەو دووکەڵی بخوورو شتیوا بۆ ناو قورگو بۆشایی، له بەشی دووەمیشی ئەم شتانه چەرت دەکرێن: دەرچوونی خوێنی بێنوێژیو زەیستانیو منالبوونو خۆرشانەوەو ئاو هێنانەوە، چونکه ئەوانەی لەبەشی یەکەمی فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس چەرتمان کردن، گەرچی لەو شتانەیشن که دەچنه ژوورەوە بۆ ناو بۆشایی لەش، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژوویان

پێناشکێ، چونکە چوونە ژوورەوەکەیان بە قەستی نیە، ئەوانەیشی لە بەشی دووەمی.

فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس چەرتمان کردن، گەرچی لەو شتانەیش کە لەناو لەشەوە دەردەچن، بەڵام رۆژوو دەشکێنن. مایەوە سەر شرنقەو دەرزی لێدان، خوا لە دەمارەوە لێ بدرێ، یا لەلا ران و ماسولکەوە لێ بدرێ، ئەم راجیایی تیا دایە، گوتراویشە: رۆژوو دەشکێنێ، گوایە بەر رووکاری بەشی یەکەمی فەرموودەکەی ئیبنو عەبباس دەکەوێ، کە دەفەرموێ: رۆژوو بەوە دەشکێ کە دەچێتە ناو لەشەوە!.

سێیەم: رشانەوە کە بە قەستی بێ، بەڵگەکەی رابورد.

چوارەم: جووت بوون لە پێش و پاشەوە بە قەستی، بەڵگەکەی پاش تۆزێ دێ.

پێنجەم: ئاوهێنانەوەو خۆ رەحەتکردن، جا بەخۆ تێسوین بێ، یا بە دەست پیاهێنان بێ، ئیتر خۆی دەستی پیابێنێ، یا ژنەکەی یا کەنیزەکەکەی جیاوازی نیە، هۆی بوونی رەحەتبوون بەهۆی رۆژووشکاندن دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم شیکردنەوەیە: مەبەستی گەورە لە جووتبوون رەحەتبوونە، جا لە شوێنێ جووت بوون بەبێ رەحەتبوونیش رۆژوو بشکێنێ، رەحەتبوون کە مەبەستی گەورەی جووتبوونە، با بەبێ جووتبونیش بێ، چۆن رۆژوو ناشکێنێ؟! کەواتە دەیشکێنێ و زیاتریش! بەڵام تەنیا لەم دوو کاتەدا ئاوهاتنەوە رۆژوو ناشکێنی، ئەگەر بە بیرلێکردنەوە، یا بە شەیتانبوون ئاوی هاتەوە رۆژووەکەی ناشکێ.

شەشــەمو حەوتــەم: بێنوێــژیو زەیــستانی، چــونکە ڕۆژوو کاتــێ دادەمــەزرێ کــە ئــەم دووە نــەبن، دەی ئەگــەر یــەکێ لــەم دووە لــەناو ڕۆژووەکەدا ڕوویدا ڕۆژووەکــە پــوچ دەبێــت، بــەپێی گوتــەی عائیــشە {ڕەزای خوای لێبێ} کــە دەفــەرموێ: جــاران بــە ســەرینی پێغەمبــەر خــۆی {درودی خوای لەسەربێ} کــە دەکەوتینــە بێنوێژییــەوە، لــەپاش پاکبوونــەوەو خۆشــۆردن، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} فــەرمانی پێمــان دەکــرد: کــە ڕۆژووی ڕەمــەزان بگێڕینەوە، بەڵام نوێژ نەگێڕینەوە. دەی ئەگەر ڕۆژوو لەکاتی بێنوێژیدا دابمــەزرێ پێغەمبــەر فــەرمانی نــەدەکرد بــە گێڕانــەوەی ڕۆژووی کــاتی بێنوێــژی. لــە هەمانکاتــدا خــودا بــۆ بارســووکی نوێــژی لەســەر ئــافرەتی بێنوێــژو زەیــستان هــەڵگرتووە، لەبــەر ئــەوە پێغەمبــەر {درودی خوای لەسەربێ} فەرمانی نــەکردووە بــە گێڕانــەوەی نوێــژ! چونکە بــە درێــژایی ساڵو لــە زۆربــەی تەمەنــدا شــتی وا زۆر زەحمەتــە، وەك ڕۆژووەکــە نیــە کــە ساڵی مانگێ بێو بەس!.

هەشتەم: شێتی، بــە پێی فەرمایــشتی پێغەمبــەر {درودی خوای لەسەربێ}: ئەم سێ کەسە قەڵەمی تەکلیفیان لەسەر نیە تا کۆتــایی فەرموودەکــە کــە لە زنجیرەی (١٣٦)دا ڕابورد.

نۆیەم: بــێ بڕوابوونــەوە: وەرگــەڕان لــە ئــایین: پاشــگەزبوونەوە کــە برێتییە لە پچڕاندنی ڕشتەی ئیسلامەتی، جا بــەگوتاربێ یــا بــەکرداربێ، یا بە بیروباوەڕ بێ، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ – سورة البقرة – ٢/٢١٧} هــەروا بــەپێی ئــەم فەرمایــشتەی

تری {لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ – سورة الزمر – ٣٩/٦٥}. گومانیش لەوەدا نیە کە ئەهلی کوفر هەموو یەك میللەتن؟.

دەیەم: بوورانەوەیە، ئەگەر سەرو مرِبوو، بەدرێژایی ئەو رۆژە یەك هەناسە، یا پتر، نەهاتەوە سەر هۆشی خۆی ئەوە رۆژووەکەی پووچە، دەنا دادەمەزرێ ئەگەر تۆزێ یا زیاتر هاتەوە سەر هۆشی خۆی، بەڵام ئەگەر وا رێکەوت بەدرێژایی رۆژ نووست رۆژووەکەی دادەمەزرێ، چونکە خەوتوو شیاویی (ئەهلییەتی) هەیە بۆ ئاخاوتن لە گەڵی، بە پێچەنەوەی کەسێ کە لە هۆشخۆچوبێ.

١٣٩) چی لە رۆژودا سوننەتە:

بۆ رۆژووەوان ئەم سێ شتە سوننەتن.

یەکەم: کاتێ بەراستی بۆی دەرکەوت کە شەو داهاتووە بە پەلە رۆژووەکەی بشکێنێ. چونکە خۆشەویست {درووردی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: مەردوم هەتا پەلە لە بەربانگ بکەنو بەربانگ نەخەن بەفنگاو لەکاتی خۆیا رۆژوو بشکێنن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا هەر باشنو لەرێی راست لایان نەداوە. (شەیخان). ئیبنو حیببانیش لە صەحیحی خۆیدا دەگێرێتەوە کە: دەستوری پێغەمبەر {درووردی خوای لەسەربێ} وابوو هەر رۆژێ بە رۆژوو بوایە، نوێژی شێوانی نەدەکرد، هەتا چەندد دەنگێ فەریکە خورمایان بۆ دەهێنا، یا ئاویان بۆ دەهێنا، جا دەنکە خورماکانی دەخوارد، یا ئاوەکەی دەخواردەوە، ئەوجا نوێژی شێوانی دەکرد، ئەمە لە هاوینا کە فەریکە خورما هەیە، بەڵام لە زستانا، لە پێشکردنی نوێژی

شێوانا، یا بەخورما دەیشکاند، یا بەئاو. سوننەتە لە زستانا بەربانگ بەخورما یا بە ئاو بکاتەوە، لە هاوینیشا بە فەریکە خورما یا بە ئاو ڕۆژوو بشکێنێ، لەبەر فەرموودەکەی پێشەوە. لەبەر ئەوەیش چونکە ئەم دوو شتە هەریەکەی سوودێکیان هەیە لەم بارەیەوە: شیرینی هێز دەبەخشێ، ئاویش ناو سك پاك دەکاتەوە... ڕەویانیش دەفەرموێ: بەڵام ئەگەر خورما نەبوو بە شیرینی بیشکێنێ، چونکە ڕۆژوو چاووهەنای چاو کز دەکا، بەڵام خورما ڕۆشنی دەکاتەوە، شیرینیش بە گشتی دەوری خورما دەبینێ، کەواتە کە خورما نەبوو شیرینی جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: دواخستنی پارشێو، لە فەرموودەدا دەفەرموێ: دواخستنی پارشێو لە ڕەوشتی پێغەمبەرە خاوەن پەیامەکانە. (ئیبنو حەببان لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتەوە).

دیسان لە فەرموودەدا دەفەرموێ: ئۆمەتی من هەتا پەلە لە بەربانگ بکەنو پارشێو دوا بخەن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا لەسەر ڕەوشتی باشی خۆم ماونو پەیڕەوی سوننەتی من دەکەن. (ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدی خۆیدا گێڕویەتەوە) سەرەرای ئەوەیش دروستی ڕەوایی پارشێو ئەوەیە: کە یاریدەی عیبادەتکردن دەداو خواپەرست بەهێز دەکا، دەی هەتا دوابکەوێ باشتر دەبێ بەمایەی بەهێز بوون بۆ ڕۆژووەوان.

ئەوەی کە ئەصڵی سوننەتی پارشێوە، پارشێو بەکەمێ خواردنیش یا بە کەمێ خواردنەوەی ئاویش جێبەجێ دەبێ، بەڵام واباشە پارشێوێکی وا بکا کە ببێ بەهۆی بەهێزبوون بۆ ڕۆژووەوان. ئیبنو حەببان لە صەحیحەکەیدا هەیە: ئەگەر بە قومێ ئاویش بووە پارشێو بکەن.

کاتی پارشێو لە نێوەشەوەوە دەست پێدەکا، ئیمانی رافعی لە کۆتایی کیتابی ئیمانا ئەم مەسەلەیەی باس کردووە..

سێیەم: زمانی بپارێزێ لە قسەی پڕو پووچو قسەی بێشەرعی جا ئەگەر ئەو قسەیە دەبوو بەهۆی گوناهباری، وەك غەیبەتو پاشەملەو دووزمانیو درۆی نارەواو شتی تری لەم بابەتانە ئەوە نادروستو نارەوایە، جا لەم کاتەدا زمان پاراستن لەم جۆرە قسانە بۆ رۆژووەوان، غەیری رۆژووەوانیشن، نەوەك سوننەتە، بەڵکو فەرزە، ئەوەتا لە صەحیحی بوخاری شەریفا دەفەرموێ: ئەو رۆژووەوانەی کە واز نەهێنێ لە قسەی نارەواو لە کاری نارەوا خودا کاری بەوەی ئەو نیە کە دەمی خۆی ببەستیو واز لە خواردنو خواردنەوە بهێنێ! لە حەدیشدا دیسان دەفەرموێ: گەڵێ رۆژووەوان بەس برسێتیی لە رۆژووەکەی بۆ دەمێنێتەوە گەڵێ شەو نوێژکەریش هەر شەونخوونیو ماندووبوونەکەی بۆ دەمێنێتەوە لە شەونوێژەکەی (حاکم)وە دەیش فەرموێ: ئەم فەرموودەیە بەپێی مەرجی بوخارییە کە دایناوە بۆ فەرموودەی دروست. سەرەرای ئەم بەڵگانەیش قەسەی نابەجێ پاداشت پووچ دەکاتەوە.

١٤٠) ئەو رۆژانەی کە رۆژوویان تیادا نادروستە:

رۆژووی رۆژی جەژنی رەمەزانو رۆژەکانی جەژنی قوربان نادروستە، لە صەحیحەینا هەیە: پێغەمبەری خوا {درودی خوای لەسەربێ} رێگەی نەداوە کە لە رۆژی جەژنی رەمەزانو لە رۆژی جەژنی قورباندا کەس بەرۆژووبێ. بەهیچ شێوەیەك رۆژووی ئەم دوو رۆژە دروست نیە، بە نیازی سوننەت بێ، یا بە نیازی فەرزبێ، یا بەنیازی نەزربێ، یا یا

بەنیازی هەر نیازێکی تربێ دروست نیە، هەروا گرتنی ڕۆژوەکانی ئەییامو تەشریقیش دروست نیە، کە بریتین لە سێ ڕۆژووەکەی پاش ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی کردووە لە گرتنیان. (ئەبو داوود بە ڕشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە).

لە صەحیحی موسلیما دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: سێ ڕۆژی پاش ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانیش، کە مەشهورن بە ئەیامو تەشریق، واتە: ڕۆژانی قوربانی سەربڕینو کردنی گۆشتەکەیان بە لەتکە گۆشتو قەدید، بە هەڵخستنی لەبەرخۆر، ئەم سێ ڕۆژەیش ڕۆژانی خواردنو خواردنەوەنو بە کەڵکی ڕۆژوونایەن، ڕێك وەك ڕۆژی یەکەمی جەژن، بەڵام خوا دایناون بۆ یادو ژیکری خۆی. گوتراویشە: بۆ ئەو حاجییەی کە تەمەتتوع بە عەمرە دەکاو لە هەمان کاتا هەدیی بەیتی نیە، ئەوە بۆی هەیە کە ئییامو تەشریق بە ڕۆژووبێ، لەجیاتی سێ ڕۆژی کافارەتەکەی کاتی حەج، مەبەست ئەو سێ ڕۆژەیە کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە: {فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ - سورة البقرة - ١٩٦/٢}. واتە: هەر کەسێ لە پاش کردنی عەمرە ئیحرامی شکاندو خۆشی وەرگتەوە تا کاتی ئیحرامی حەج دادەبەستێ ئەوە چی بۆ هەڵسووڕا لە ئاژەڵێ دەست بدات بۆ قوربانی سەری ببڕێ، دەی کەسێ ئاژەڵی دەست نەکەوێ ئەوە پێویستە کە سێ ڕۆژ بە ڕۆژووبێ لە کاتی حەجدا، وە حەوت ڕۆژیش کە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆتان. لە بوخاری شەریفا، لە عائیشەو ئیبنو عومەرەوە، دەگێڕێتەوە: دەفەرموون {ڕەزای خوایان لێبێ}: ڕێگە نەدراوە

بەکەس کە لە سێ رۆژەی ئەییامو تەشریقا بە رۆژووبێ، مەگەر بۆ ئەو حاجییە کە ئاژەڵی دیاری بەیتی دەست نەکەوێ. ئیمامی نەوەوی ئەم فەرمایشتە بە پەسەند دادەنێ، لە پێش ئەویشا ئیبنو صەلاح بە فەرمایشتی صەحیحی داناوە.

١٤١) رۆژووی رۆژی گومان (صوم یوم الشك):

روژووی رۆژی گومانەرۆژ،بە نیازی رۆژووی سوننەتی بێهۆ، نادروستە، هەروا بەناوی ئەوەیشتەوە کە لە رەمەزانە هەر نادروستە، بەڵگەی ئەم بڕیارەش ئەم گوتەیەی عەمماری کوڕی یاسرە کە دەفەرموێ: هەرکەسێ رۆژووی ئەو رۆژە بگری کە خەڵك گومانی لێدەکەنو لێیان روون نیە کە ئەو رۆژە لە رەمەزانە، یا نا، ئەوە لە فەرمانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەم بارەیەوە دەرچووە. (ترمیذی و ئیبنو حەببانو حاکم بە دورستیان داناوە، بوخاریش بە تەعلیق گێڕاویەتەوە). گریمان ئەگەر ئەگەر کەسی نەزری کرد گومانە رۆژ بە رۆژووبێ رۆژووەکەی دانامەزرێ. بەڵام ئەگەر رێکەوتی رۆژووی سوننەتی ئاسایی خۆی کرد ئەوە نادروست نیە، وەك ئەوە رۆژ نا رۆژێ بەرۆژووبیو لە رۆژی گومانە رۆژووەکەدا سەرەی رۆژووی سوننەتی خۆی بێ، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەموێ: بە رۆژوو دوو رۆژ لە پێش رەمەزانا بەرۆژوو مەبن، مەگەر بۆ کەسی رۆژووی خۆی بگرێ، وەك ئەوە دەستووری وابێ دوو شەممەو پێنج شەممە بە رۆژوو بێ. (شەیخان) هەروا نادروستە کە گومانە رۆژ بلکێنێ بە رۆژووی پێشیەوە،

چونکه له حاڵی وادا سەر بۆ ئەوە دەکێشی کەس بۆ مانگی نوێی رەمەزان نەگەڕێ. رۆژە گومان ئەم سێ جۆرەی هەیە:

١) خەڵکی لە خۆیانەوە بیکەن بە مقۆمقۆ گوایە مانگیان دیوە، بەبێ ئەوە بڵێن فیسارەکەس دیویەتی.

٢) چەند کەسێ لەوانە کە شایەتییان وەرناگرێ بۆ ساخبوونەوەی مانگی نوێ، شایەتی بدەن لەسەر دیتنی، مانگی نوێی رەمەزان، وەك منداڵانو ژنانو بەدکارانو بەندە، کە لە ئاخررۆژی لە (مانگی کۆمەڵەمانگ (شەعبان)دا ئەو شایەتیە بدەن.

٣) ئەگەر باوەڕی وابوو ئەو کەسەی دەڵێ مانگم دیوە راست دەکا، ئەوە پێویستە بە رۆژووبێ، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێکرد ئەوە دروستە بە رۆژووبێ، بەڵام ئەگەر دوو دڵ بوو لەوەدا کە راست دەکا یانا حەرامە بە رۆژووبێ.

١٤٢) بڕیاری دروستبوون لە رۆژی رەمەزانا:

هەر کەسێ لە مانگی رەمەزانا بەرۆژوبێ، بە قەستی بە جووت بوون، رۆژووەکەی تێك بدا، کەفارەتی گەورەی دەکەوێتە سەر، بە مەرجێ جووتبوونەکە تەواو بێو پێی گوناهبار ببێ، کەواتە: کەفارەت نیە لەسەر کەسێ کە لە رەمەزانا بەرۆژوو نەبێو جووت بوون ئەنجام بدا، یا لەسەر کەسێ لەبیری نەبێ بە رۆژووەو دروست ببێ، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا تۆڵەی ئەم گوناهانەی لەسەر ئومەتم هەڵگرتووە: گوناهێ کە خاوەنەکەی بە هەڵە بیکاو گوناهێ کە

خاوەنەکەی لەبیری نەبێ کە ئەو کارە لەو کاتەدا دروست نیە، کەفارەت لەسەر ژنیش نیە، چونکە ئەو هەر بە تێچوونی سەری چووك بۆ ناو لەشی رۆژووەکەی دەشکێ، بەر لەوە جووتبوون ببێ بە جووتبوونی تەواو، ئەوە رۆژووەکەی دەشکێ، هەروا رێبواریش کەفارەتی لەسەر نیە ئەگەر دروست بوونەکە بەو نیازە بێ کە رۆژووەکەی پێ بشکێنێ، چونکە مافی ئەوەی هەیە رۆژووەکەی بشکێنێ، ئەمەیش لەسەر فەرمایشتی دروست، هەروا کەفارەت نیە لەسەر کەسێ کە کات بە شەو بزانێو جووت ببێ، ئەوسا دەربکەوێ کە ئەو کاتە رۆژ بووە شەو نەبووە، چونکە بەمە تاوانبار نابێ، جا هەر کاتێ لەسەر ئەم شێوەیەی پێشەوە کەسێ جیماعی کرد، کەفارەتی رۆژووەکە یەکێکە لەم سێ شتە، بەریز دەکەوێتە سەری، وەك لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ: پیاوێ هاتە خزمەتی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! فەوتاوم. فەرمووی بۆچی فەوتاوی؟ گوتی: لە رەمەزاندا بە رۆژوو بووم‌و لەگەڵ ژنەکەم دروست بووم. فەرمووی: ئایا هەتە کە بەندەیێ ئازادا بکەی؟ گوتی: نەء. فەرمووی: ئەی دەتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژووبی؟ گوتی نەء، فەرمووی: ئەی دەتوانی نانی شەست هەژار بدەی؟ گوتی نەء. ئەبو هورەیرە فەرمووی: جا پیاوەکە لە لای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دانیشت، هەتا زەمیلەیێ خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: ئەمە بکە بە خێر، پیاوەکەیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! کێ لە ئێمە هەژارترە تا پێی بدەم! دەسا بەو خودایە، لەم پەڕی مەدینەوە هەتا ئەو پەڕی مەدینە خێزانێکی وای تێدانیە کە وەك خێزانەکەی خۆم پێویستی بەم خورمایە هەبێ! جا پێغەمبەر

{درووده‌ی خوای له‌سه‌ربێ} وه‌ها پێکه‌نی ته‌نانه‌ت ددانه‌ پێشینه‌كانی وه‌ده‌رکه‌وتن، ئینجا فه‌رمووی: ده‌برۆ ده‌رخواردی خێزانه‌كه‌ی خۆتی بده‌. (شه‌یخان) له‌ گێڕانه‌وه‌یه‌كی ئه‌بو داووددا ده‌فه‌رموێ: حه‌لانه‌یێ خورمایان بۆی هێنا ئه‌ندازه‌ی پازده‌ مه‌ن (صاع) خورمای تیابوو. جا هه‌رکاتێ كه‌ نه‌یبوو هیچیان بدا ده‌كه‌وێته‌ ئه‌ستۆی هه‌تا ده‌یبێ.

رووکاری فه‌رمووده‌كه‌ وا ده‌گه‌یه‌نێ: كه‌ هه‌ژارێ ئه‌م كه‌فاره‌ته‌ی له‌سه‌ر بێ، دروسته‌ بیدات به‌ كه‌سوكاری خۆی، چونكه‌ پێغه‌مبه‌ر {درووده‌ی خوای له‌سه‌ربێ} به‌ پیاوه‌كه‌ی فه‌رموو: ده‌برۆ ده‌رخواردی خێزانه‌كه‌ی خۆتی بده‌، به‌ڵام له‌سه‌ر فه‌رمایشتێ كه‌ به‌ صه‌حیح داده‌نرێ، وه‌ فه‌رمایشتێكی تر به‌رابه‌ری هه‌یه‌، ده‌فه‌رموێ: دروست نیه‌ بیدات به‌ كه‌سوكاری خۆی، ده‌ق وه‌ك زه‌كاتو چه‌شنه‌ كه‌فاره‌ته‌كانی تر چۆن دروست نین بدرێن به‌ كه‌سوكار، كه‌فاره‌تی جووتبونیش هه‌ر وا. فه‌رمووده‌كه‌ به‌سێ جۆر ته‌ئویل ده‌كرێ (به‌ڵام به‌نده‌ ته‌رجه‌مه‌م نه‌كرد چونكه‌ ئێره‌ شوێنی ئه‌و جۆره‌ وردكارییانه‌ نیه‌، ئه‌وه‌ ده‌بێ له‌ موته‌ووه‌لاتا باس بكرێ — وه‌رگێڕ).

١٤٣) مردوویێ رۆژووی له‌سه‌ربێ:

كه‌سێ بمرێو رۆژووی ره‌مه‌زان قه‌رزار بێ ئه‌مه‌ حاڵیه‌تی: ئه‌گه‌ر به‌ر له‌وه‌ی بۆی رێبكه‌وێ قه‌زای بكاته‌وه‌ مرد، وه‌ك ئه‌وه‌ هه‌تا كاتی مردنی مه‌هانه‌ ره‌واكه‌ی هه‌رمابێ، ئه‌وه‌ نه‌گوناهبار ده‌بێو نه‌ كه‌فاره‌تو نه‌ قه‌زای له‌سه‌ره‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌بێ مه‌هانه‌ فه‌وتاندبووی، یاخود

مەودای بوو بیگێڕێتەوەو بە ئارەزوو نەیگێڕابۆوە، دەبێ بەم شێوەیە فیدیەی بۆ بدرێ: لە کەلەپوورە بە جێماوەکەی، لە بریتیی هەر رۆژە رۆژوویەك مشتێ دغڵ بدەن بە هەژارێ. ئەمە فەتوای عائیشەو ئیبنو عەبباسە، (رەزای خوایان لێبێ) ئەم فەرموودەیەش بەڵگەی ئەوەیە: ئەگەر کەسێ مردو قەرزاری مانگی رۆژوو بوو، با هەقدارەکەی لە بریتی هەر رۆژە رۆژوویەکی، ژەمێ خۆراك بدا بە گەدایێ! (تیرمیذیو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی دەفەرموێ: قەسەی راست ئەوەیە: کە ئەم فەرموودەیە مەوقووفە لەسەر ئیبنو عومەر).

لە فەرمایشتێکی تردا دەفەرموێ: مەرج نیە فیدیەی بۆ بدرێ، بەڵکوو هەقدارەکەی هەقی هەی خۆی رۆژووەکەی بۆ بگرێتەوە، بگرە شتی وا سوننەتە، بەپێی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): ئەگەر کەسێ مرد، رۆژووی لە سەربوو هەقدارەکەی دەیگێڕێتەوە بۆی! (شەیخان‌و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە) لە گێڕانەوەیەکا: ئەگەر ویستی لە جیاتی ئەو بە رۆژووی بێ دژایەتی نیە لە نێوانی ئەم دوو فەرموودەیەدا، کە یەکێکیان دەفەرموێ: هەقدارەکەی خۆی رۆژووەکەی بۆ بگرێتەوە، وە ئەوی تریان دەفەرموێ: با هەقدارەکەی لە بریتی هەر رۆژە رۆژوویەك ژەمێ خۆراك بدا بە گەدایێ چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کام لەم دووکارە بکرێ بریتی کاری پێویست لەم مەسەلەیەدا دەکەوێ، خوا بە رۆژووگرتنەوە، یا بەخۆراك بەخشین بێ.

١٤٤) پیری ئیختیارو کەسێ لە ریزی ئەوابێ:

پیرو ئیختیارێکی وا کە توانای رۆژووی نەبێ، یا رۆژوو توشی ئەرکێکی دیژواری بکاو پیرێژنو نەخۆشێ کە ئومێدی چاك بوونەوەی لێ نەکرێ، ئەمانە رۆژوویان لەسەر نیە، بەلام تۆلە (فیدیە)یان دەکەوێتە سەر، کە برێتییە لە پێدانی ژەمێ خۆراك بە مسکێنێ، لە جیاتی رۆژووی هەر رۆژێ کە فەوتابێ، بەپێی فەرمایشتی خوای گەورە: {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ – سورة – ٢/١٨٤} واتە: پێویستوفەرزە لەسەر ئەو کەسانە کە لەشساغنولە شوێنی خۆیانان، بەلام لەبەر پیریو ناتەواوی) وە، بە خەرجکردنی هەموو توانایی نەبێ، ناتوانن رۆژوو بگرن، لەسەر ئەوکەسانەی کە ئەمە حاڵیانە فەرزە: ئەگەر بە رۆژوو نەبوون، تۆڵەی ئەو رۆژووەیان بدەن، بۆ هەر رۆژەی ئەندازەی خواردەمەنی کەدایەك. ئیبنو عەبباس {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بڕیارەکەی هەڵ نەوەشاوەتەوە، بەلکوو ئەمە سەبارەت بە پیاوو ژنی ئیختیارە، کە نەتوانن بەرۆژووبن، لە جیاتی هەر رۆژێ رۆژوو شکاندن دەبێ ژەمێ خۆراك بدەن بە کەدایێ.

١٤٥) ژنی دووگیانو ژنی مەمکدەر:

ژنی دووگیانو ژنی منالبەبەر، ئەگەر لە ترسی گیانی خۆیان یا لە ترسی نەخۆش کەوتنیان رۆژوویان نەگرت، پێویستە قەزای رۆژەووەکە بکەنەوەو، فیدیەیان لەسەر نیە، دەق وەك نەخۆش وان. بەلام ئەگەر لە ترسی منداڵەکەیان رۆژوویان نەگرت، وەك ئەوە سکپڕ مەترسی ئەوەی هەبێ کە سکەگکەی لەباربچێ، وە منالبەبەر مەترسی ئەوەی هەبێ کە

شیرەکەی کەم بکا، ئەوە گێڕانەوەو برێتییان لەسەرە، کە برێتییە لە خۆراکدان بە گەدایێ لە برێتی رۆژێ کە بە رۆژوو نەبن، بەپێی ئەم ئایەتە {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ} لە فەرموودەیشدا دەفەرموێ: خودای گەورە هەم رۆژووە هەم نیوە نوێژی لەسەر رێبوار هەلگرتووە، لەسەر سکپڕو منالبەبەریش رۆژووی هەلگرتووە. (ئەحمەدو ئەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی بە فەرموودەیەکی جوانی داناوە). وەکی تریش ئەم رۆژوو شکانە، سەرەڕای ئەم ئایەتو فەرموودەیە هۆی تریشی هەیە کە ئەمەیە: دەبێ بەهۆی بووژانەوەی دووسەر کە برێتین:لە دایكو منالکەی!.

١٤٦) نەخۆشو رێبوار:

بۆ نەخۆشو رێبواریش پێ نەبوون دروستە لە رەمەزانا، بە پێی ئایەتی: {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ – سورة البقرة – ٢/١٨٤} واتە: جا هەرکەسێ نەخۆش بێ، یا لەسەر سەفەربێ، وە بەرۆژوو نەبێ، ئەوە دروستە، بەلاّم دەشێ کە مەهانەکەی نەما چەند رۆژی خواردووە، ئەوەندە رۆژ قەزا بکاتەوە. بۆ نەخۆش ئەم دوو شتە بە مەرج گیراوە: تووشی ئازارێکی سەخت ببێ بەهۆی گرتنی رۆژووەکەوە، یا مەترسی ئەوەی هەبێ کە درەنگ چاك ببێتەوە.

جا ئەگەر نەخۆشینەکە سەرومڕبوو، بوارەی نەدەدا، ئەوە مافی ئەوەی هەیە هەر لە شەوەوە نێت نەهێنێ، بەلاّم ئەگەر پچڕ پچڕ بوو، وەك کەسێ تاوە تاوە تای لێبێو ناو بەناو لەرزو تاکەی بەری بدا، ئەوە ئەگەر لە شەوا تاداربوو بۆی هەیە هەر لە شەوەوە واز لە نێت بهێنی،

دەنـا لەسـەریەتی کـە بەشـەو نیـەت بهێنـێ، جـا ئەرگـەر ئاتـاج بـوو رۆژووەکەی بشکێنێ، دەنا بە تەواوی بکا، ئەمـە کاتـێ وایـە کـە مەترسـی نەمانیی خۆی نەبێ بەهۆی رۆژووەکـەوە، بـەلام ئەگـەر مەترسی ئـەوەی هەبوو، ئەوە لە سریەتی کە بە رۆژوو نەبێ!

بزانە کە زۆر بۆهێنانی برسێتی‌و تونێتی دەق وەك نەخۆشی وایە، ئەم دوەیش دەبن بەهۆی رۆژووشکاندن، بـەپێی ئـەو مـەرج‌و حاڵەتانـەی کە بۆ نەخۆشی دانراون.

بـەلاّم رێبـوار بـەم مەرجانـە مـافی رۆژوو نـەگرتنی هەیـە: دەبـێ سـەفەرەکەی درێـژو رەوابـێ، کەواتـە: لـە سـەفەری کـورت‌و لـە سـەفەری گوناهـا رێگـەی رۆژوو نـەگرتنی پـێ نـادرێ، چـونکە هـۆی بارسـووکی نابەسترێ بەبێ فەرمانی خواوە، گونـاه نابـێ بـەهۆی بارسووکی! وەلێ بۆ رێبوار رۆژووگرتن باشترە، بە مەرجێ زیانی پێ نەگەیەنێ، ئەگەر دەبوو بەهۆی زیان بۆی ئەوە پێنەبوون خێرترە!.

١٤٧) رۆژووی سوننەت (صوم التطوع):

گرتنی رۆژووی رۆژی دوو شـەممان‌و پێـنج شـەممان زۆر سـوننەتە، بەپێی ئەو فەرموودەیەی کە ئـەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەگێرێتـەوە، دەفـەرموێ: پێغەمبـەر {درودی خوای لەسەربێ} زۆر جاران رۆژی دوو شـەممان‌و پێـنج شـەممان بـەرۆژوو دەبـوو. (ئەحمـەد بەرشـتەیەکی دروسـت گێراویەتـەوە) گرتنـی رۆژووی ئـەییامو لبیـزیش لـە هـەموو مانگـێ سوننەتە، واتە: رۆژە شـەو رووناکەکان، کـە بـرێتین لـە رۆژانـی سیازدەو چاردەو پـازدەی مـانگ، بـەپێی گوتەکـەی ئـەبو زەڕ {رەزای خوای لێبێ} کـە

دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} گردبووی بە یاسا فەرمانی پێکردین کە ئەو ڕۆژانەی شەوەکانیان هەتا بەیانی مانگەشەو، بەرۆژووبین، کە بریتین لە ڕۆژانی سیازدەو چاردەو پازدە. فەرمووی: دەیفەرموو {دروودی خوای لەسەربێ}: گرتنی ئەم سێ ڕۆژە لە هەموو مانگێ، وەك ئەوە وایە کە کەسێ بە درێژایی ساڵ، ساڵ دوانزەمانگە بەرۆژوو بێ.) نەسائی گێڕاویەتەوە، ئیبنو حەببان بەدروستی داناوە). سوننەتە شەش ڕۆژ لە مانگی شەشەڵان بەرۆژوو بێ، چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ لە پێشدا ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێ، وە لە پاش ئەویش شەش ڕۆژ لە مانگی شەشەڵان بگرێ، ئەوە وەکوو بە درێژایی ساڵ بەرۆژوو بێ وایە. (**رواه الجماعة الا البخاری والنسائی**).

ئەم شەش ڕۆژە سوننەتە بەسەر یەکەوە بگیرێن‌و یەك سەر لە دوای ڕۆژی جەژنەوە دەستیان پێبکا، چونکە باشترینی چاکە چاکەی بەپەلەیە، باشترین خێر خێری بەپەلەیە، سوننەتە گرتنی ڕۆژووی ڕۆژی نۆهەم‌و دەهەمی موحەڕەم، ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە تەشریفی هات بۆ مەدینە، تەماشای کرد جوولەکەکان دەی موحەڕەم بە ڕۆژوو دەبن، فەرمووی: ئەم ڕۆژووە هی چییە؟ گوتیان: ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆرباشە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە خودا نەوەی حەزرەتی یەعقووب پێغمبەری تێدا ڕزگارکردووە لە دەستی دوشمنی خۆیان، مووسا لەم ڕۆژەدا سوپاس بۆ خودا لەسەر نیعمەتی قوتاربوون لە دەستی دوشمن بەرۆژوو بووە، وە ئێمەیش چاو لەو دەکەین‌و دەیگرین، حەزرەتیش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کەوابێ بۆ من ڕەواترە کە پەیڕەوی مووسا بکەم لەمەدا هەتا

شێوه.. جا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} خۆی گرتنی، وه فەرمانیشیدا بە گرتنی رۆژووەکەی لە لایەنی موسوڵمانانەوه. (شەیخان).

دیسان لە ئیبنو عەبباسەوه دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} رۆژی دەی موحەڕەم کە ناوداره بە رۆژی عاشوورا بەرۆژوو بوو، وه فەرمانیدا بە موسڵمانانیش کە ئەو رۆژه بە رۆژووبن. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم رۆژه جوولەکەو گاوریش رێزی لێدەگرن، فەرمووی: کەواته خوا حەزکات ئەگەر ماین‌و نەمردین لە ساڵی ئایندەدا رۆژی نۆهەمیشی دەگرین، تا خۆمان لە گاورو جوولەکەکان جیابکەینەوەو لاسکایی ئەوان نەکەینەوه. فەرمووی: ئیتر پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} (لە پێش هاتنی ساڵی ئاییندەدا) کۆچی دوایی کرد. (موسلیم‌و ئەبو داوود) هەروا گرتنی رۆژی عەرەفەی جەژنی قوربان، بۆ غەیری کەسێ کە خەریکی حەجکردن بێ، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: رۆژووی رۆژی نۆی مانگی قوربان – کە لەو رۆژەدا حاجیان وان لەکێوی عەرەفە – برێتیی گوناهی ساڵی پێش خۆی‌و ساڵی پاش خۆی دەکەوێ. (موسلیم لە صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوه) بەڵام حاجی بانەیگرێ، چونکە ئەو لەم رۆژەدا سەرگەرمی پاڕانەوەو کردارەکانی حەجە، لەبەر ئەوەیش پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی کردووه لە رۆژووی رۆژی عەرەفە، بۆ کەسێ لەسەر کێوی عەرەفەبێ. (ئەحمەدو ئەبو داوودو نەسائی‌و ئیبنو ماجە لە ئەبو هورەیرەوه دەیگێڕنەوه) هەروا گرتنی رۆژووی نۆ رۆژی یەکەمی مانگی نۆمینە، ئەبو داوود {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوه: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نۆ رۆژ لە سەرەتای مانگی قوربانەوەو رۆژی عاشوراو سێ رۆژ لە هەموو مانگێ‌و یەکەم دووشەمەو یەکەم پێنج شەمەی هەموو مانگێ بەرۆژوو دەبوو.

١٤٨- رۆژووی ناباش (الصوم المكروه):

رۆژووی ســالّ دوانـزەمانگــه نابەشــه، حــەزرەت {درووده‌ی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: رۆژووی ئەوکەسە گیرا نـەبی کـه سـالّ دوانزەمانگـه بـەرۆژوو دەبــێ! (شــەیخان‌و کەســانی تــریش گێڕاویانەتــەوە) لەبــەر ئــەوەیش پێغەمبەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} ڕێگەی نەدا بە ئیبنو عومەر کە ڕۆژووی سالّ دوانزەمانگە بگرێ، ئەوەبوو کە ویستی شتی وابکا، پێی فەرموو: شتی وا مەکە. (شەیخان‌و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە).

ئەنــەس {ڕەزای خــوای لێبــێ} فــەرمووی: ســێ کــەس چــوون بــۆ مــاڵی هاوسەرەکانی پێغەمبەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} لە بارەی پەرستش‌و عیبادەتی حەزرەتــەوە پرســیاریان هــەبوو، کــە پێیــان گـوترا پەرسـتشی پێغەمبــەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} چـەندەو چۆنـه وەك بڵێـی بـە کـەمی بـزانن وابـوو، جـا گوتیان: ئێمە لە کوێ‌و پێغەمبەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} لە کوێ، ئەو زاتە خودا بە صەریحی ئایەت لە گوناهی بەرودوداوی خۆش بووە، ئـەوەتا یـەزدانی گەورە مژدەی دەداتێ‌و پێی دەفـەرموێ: {إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ، لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ - سورة الفتح - ٤٨/١-٢} . جا یەکێکیان فەرمووی: من بە شەو ناخەوم هەرشەو نوێژ دەکەم هەتا هەتایە، یەکێکی تریشیان فەرمووی: منیش سالّ دوانزەمانگە هـەر بـەرۆژووم دەبم‌و یـەك ڕۆژی لـێ نـاخۆم، ئەویتریـشیان فـەرمووی: منیش لە ژن کەنار دەگرم‌و هەتا هەتایە ژن ناهێنم‌و توخنی ژن ناکەوم. جا پێغەمبەر {درووده‌ی خوای لەسەربێ} هات بۆلایان‌و فەرمووی: ئەوە وەها دەڵێن‌و ئەم قسانە دەکەن! دەسا بەو خودایە لە ئێوە زیاتر لە خودا دەترسم‌و لـە ئێـوە زیـاتر تـەقوای دەکـەم، لەگـەڵ ئەوەیـشا مـن بـەش بـە حـاڵی خـۆم

ناوبەناو رۆژووی سوننەت دەگرمو ناو بەناو بەرۆژوو نابمو بە بەشەو بەشی شەونوێژ دەکەمو بەشی خۆیشم دەخەومو لە هەمان کاتا ژنیشم هێناوەو حەڵاڵو هاوسەرم هەیە، دەی بزانن ئەمەی بۆم باسکردن رێگەو رەفتاری منە، ئەوەی پێی رازییەو خودای لێ رازییە، ئەوەی لاری لەم رێبازەی من هەیە لە من نیە. (شەیخانو کەسانی تریش).

رۆژووی رۆژوی هەینیش بە تەنیا ناباشە، ئەگەر بەنیازی سوننەت بێ. لە صەحیحەینا، لە ئەبو هورەیرەوە. حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بە تەنها رۆژی هەینی، بۆ رۆژووی سوننەت، بە رۆژوو مەبن، مەگەر رۆژێ لە پێشیەوە، یا لە پاشیەوە، لەگەڵی دابگرن. هەروا رۆژووی رۆژی شەممەیش ناباشە، حەزرەت {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: رۆژووی رۆژی شەممە بە تەنیا، بە نیازی سوننەت مەگرن، مەگەر رۆژووەکەی فەرز بێ لەسەرتان (ئەبو داوودو تیرمیذیو ئیبنو ماجەو بەیهەقی گێڕاویانەتەوە، بەیهەقی بەدروست – صەحیح – ی داناوە) لەبەر ئەوەیش چاولێکەریی جوولەکە نەکەین، چونکە ئەوان شەممە بەرۆژوی گەورەی خۆیان دادەنێن! هەرواو لە بەرهەمان هۆی چاولێکەری گرتنی رۆژووی رۆژی یەك شەممەیش ناباشە، چونکە نەصرانی ئەم رۆژە بە رۆژی خۆیان دادەنێنو بە گەورەی دازانن، پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} ئەوەی پێی خۆشبوو کە پێچەوانەی خاوەن نامەکان بکاو، لە کارو باری ئایینیدا چاو لە وان نەکا!.

١٤٩) ڕۆژووی سوننەت بۆ ئافرەت:

ڕۆژووی سوننەت بۆ ژنی مێردداد، ئەگەر مێردەکەی لە گەڵیابێ، نادروستە، مەگەر مێردەکەی ڕێگەی بدا، چونکە پێغەمبەری خوا {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: یەك ڕۆژ چییە، نابێ ژن بەبێ فەرمانی مێردەکەی ڕۆژوو بگرێ ئەگەر مێردەکەی لەماڵ بوو لە گەڵیا، ڕۆژووی ڕەمەزانی لێ دەرچێ!. (ئەحمەدو شەیخان) بەڵام ئەگەر لە ماڵ نەبوو، واتە: لە ماوەی ڕۆژووەکەدا لەگەڵ ژنەکەیدا نەدەبوو، وەك ئەوە لە سەفەربوو، ئەوە ژنەکەی مافی هەیە بەبێ ڕێگە پێدانی مێردەکەی بەڕۆژووبێ!.

١٥٠) زەکاتی سەرفترە:

بۆیە پێی دەگوترێ سەرفترە، چونکە فیطر لە عەرەبیدا واتە: ڕۆژووشکاندن، ئەمەیش بەهۆی هاتنی جەژنەوە، فەرز دەبێ، جەژنیش کە هات ڕۆژوو تەواو. (لە کوردیشدا بۆیە پێی دەگوترێ: سەر + فیترە، چونکە هەموو سەرێ، سەرفیترەی لەسەرە) وەپێشی دەگوترێ: زەکاتی جەستە، چونکە دەروون خاوێن دەکاو دل پاکژ دەکاو کردەوەی باش پێی نەشونماو گەشە دەکا... سەربەڵگەی فەرزبوونی، ئەو فەرموودەیە کە شەیخان لە ئیبنو عومەرەوە {ڕەزای خوای لێبێ} مەنێ خورما، یا مەنێ جۆ سەرفترەی دانا لەسەر هەموو موسوڵمانێ، خواە: ئازاد بێ، یا بەندە، نێرینەبێ، یا مێیینە، گەورەبێ یا بچووك.

مەرجی پێویستبوونی ئیسلام، (خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لەسەر هەموو موسڵمانێ..). کەواتە بێبڕوا سەرفترەی لەسەر نیە،

دووەم مەرجی: ئاوابوونی خۆری رۆژی دوا رۆژی رەمەزانە، کە بۆ بەیانی جەژنە، گوتراویشە: پێویست دەبێ بە شەبەقدانی بەیانی رۆژی جەژن، چونکە سەرفترە تاعەتێکە پەیوەندی بە جەژنەوە هەیە، لەبەر ئەوە، لەسەر قسەی ئەم فەرمایشتە، نابێ لێی پێش بکەوێ! دەق وەك چۆن قوربانی پەرستشێکە پەیوەندی بە رۆژی جەژنەوە هەیە لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێ لە جەژن پێش ناکەوێ سەرفترەیش ئاوا.

سێیەم مەرجی: دەبی دارای سەرفترەکەبێ، ئەگەر نەدارابوو سەرفترەی لەسەر نیە، نەدارا لەم شوێنەدا ئەو کەسەیە کە ئەوەندەی ماڵ نەبێ کە زیادی هەبێ لە مەسرەفو ژیواری پێویستی شەوو رۆژی جەژنی خۆیو هەر شتێ کە گوزەرانی لەسەری بێ، خواە مرۆڤ بێ یا شتی تربێ، جا ئەگەر لەم ئەندازەیە زیادی هەبوو، دەبی بە پێی توانا سەرفترە بدا.

هەرکەس سەرفترەی خۆیو سەرفترەی ئەو کەسەی لە موسڵمانان کە ژیوارو گوزەرانی دەکەوێتە سەری دەدا، وەك ژنیو منالی وردی خۆیو منالی گەورەی خۆی کە کاسپیی بۆ نەکرێ، هەروا باوكو دایکی هەژاری، هەروا باپیرەو نەنکی هەژاری، هەروا خزمەتکارو کارەکە، ئەگەر بە نانەسکی ئیشیان بۆ دەکرد. بەڵام ئەگەر خزمەتکارو کارەکەر بەکرێ ئیشیان بۆ دەکرد. ئەوە سەرفترەیان لەسەر ئەو نیە، لەسەر خۆیانە، هەروا سەرفترەی بەندەی خۆیی دەکەوێتە سەر، بەپێی فەرموودەکەی

ئیبنو عومەر {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر خوا {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی کردووە کە سەرفترەی ئەمانە بدرێ: بچووك و گەورەو ئازاو بەندەو هەر کەسێ کە ژیواری لە سەرتان بێ!. (موسلیم و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە). بەلاّم هەندێ بیروا هەن ژیواریان لەسەرتە، بەلاّم چونکە موسلّمان نین سەرفترەیان بۆ نادرێ، ئەمانە وەك ژنی کیتابی و خزم و بەندەو کەنیزەکی ناموسلّمان.

ئەندازەی پێویستی سەرفترە بۆ هەر کەسێ یەك من (صاع)ە لە پێبژێوێ کە زۆربەی خەلّکی ئەو شوێنە بەوەبژین. بە پێی فەرموودەکەی ئیبنو عومەر کە لە پێشەوە رابورد. ئەو دانەوێلّەو میوەیەی کە دەیەکی لێدەکەوێ بۆ زەکات بە کەلّکی سەرفترەیش دێ. تەنانەت کەشکیش بۆ سەرفترە دەست دەدا، چونکە فەرموودەیەکی دروست سەبارەت بە کەشك هەیە، بەلاّم تەنیا بۆ ئەو کەسە دەست دەدا کە خۆراکی کەشك بێ، ئەوەی دەدرێ بە سەرفترەدا دەبێ نەنگدار نەبێ، وە دەبی دانەوێلّە بێ، بەهاکەی نابێ، چونکە دەق (نەص) لەسەر دانەوێلّەکە کراوە. بۆیەیش دەبێ لە پێبژیوی خەلّکی شار بێ، چونکە هەژاران دلّیان لەسەر ئەوەیە. مەن بە پێوانەی میسری چواریەکی کیلەیە، کەواتە: کەیلەی میسری بەشی سەری چوارکە دەکا. هەندێ زانا دەفەرموون: بەهای زەکاتەکەیش دەبی، بەمەرجێ قازانجی هەژاری تیادابێ، چونکە موعاز بە خەلّکی یەمەن دەفەرموێ: جل و بەرگ شالّ و چۆغەو لەجیاتی جۆو گەنمەسامی بۆ بهێنن، چونکە هێنانی ئەمانە بۆ ئێوە بارسووکی ترەو بۆ هاوڕێیانی پێغەمبەرو دانیشتوانی مەدینەیش باشترە!.

زەکات‌و سەرفترە دروست نیە بدرێت بە بنەچەو وەچە واتە: زەکات بە ئوصول‌و فوروع دەرناچێ، چونکە ژیواری ئەمانە ئەگەر هەژار بن لەسەر زەکاتدەرەکەیە، واتە: هەر کەسێ ژێواری لەسەر کەسێ بێ زەکاتی ئەو کەسەی پێ ناشێ، وەلێ لە لای ئیمامی مالیك {رەزای خوای لێبێ} دروستە باپیرە زەکاتی خۆی بدا بە کوڕی کوڕی خۆی. بەلام زەکات بە براو برازاو مامەو ئامۆزاو بەخوشك‌و خەشکەزاو بە خاڵ‌و خاڵۆزاو بە پوورو پورزا دەردەچێ بە ناوی هەژارانەوە. دروست نیە زەکات لە شوێنێکەوە ببرێ بۆ شوێنێکی تر چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ‌و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان. گوتراویشە: گواستنەوەی زەکات دروستە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، بەپێی فەرمایشتەکەی موعاذ، کە تۆزێ لەمەوپێش نووسیمان.

ئەگەر هەژارێ قەرزێکی لەسەربوو، خاوەن قەرزەکەی پێی گوت: ئەوا ئەو قەرزەی لەسەرتە دام بە تۆ لە جیاتی زەکاتی سەرفترە، بەمە لە کۆڵی ناکەوێ، لەسەر فەرمایشتی دروست، بەڵکوو دەبێ قەرزەکە وەربگرێتەوە ئەوسا بیداتەوە پێی لە جیاتی سەرفترە، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لەم رۆژەدا هەژاران لە گەدایی بێ نیاز بکەن[1] بەڵێ ئەگەر قەرزەکە سپاردەبی ئەوە دروستە.

---

[1] ئەمە تەرجەمەی ئەم دەقەیە، کەتایبەتە بە فیقهولویە سەرەکە، لە کفایە الاخیارەکەدا نیە: (واذا کان الفقیر علیه دین فقال لە الدائن: جعلته عن زکاتی لا یجزئه علی الصحیح حتی یقبضه لقوله *صَلّی الله علیه وسلم*: أغنوهم عن السؤال في هذا الیوم) بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن ئەم حەدیسە دەبێ بە بەڵگە بۆ ئەم بڕیارە. دەڵێن: لەم

١٥١) كاتی دەركدنی:

دروست نیە دەركردنی سەرفترە لە شەوو رۆژی جەژن وابخری، مەگەر لەبەر مەهانەی رەوا، وەك ئەوە كەسێكی وای دەست نەكەوێ كە زەكاتی پێ بشێ، یا دەستی دەكوت، بەڵام لەبەر هۆیێ دەستی پێی نەدەگەیشت. باشترین كات بۆ دانی سەرفترە لە پاش شەبەقی بەیانی رۆژی جەژنەوەیە هەتا كاتی دەرچوونی مەردوم بۆ نوێژی جەژن! چونكە ئیبنو عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: خێرترینی ئەوەیە كە لەپێش ئەوەدا مەردومەكە بچن بۆ نوێژ بدرێ بە هەژاران. (شەیخان) زاناكان لە سەر ئەوە رێكەوتوون: كە بە رۆژێ دوو رۆژ لە پێش جەژنا دروستە بدرێ، ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: دروستە سەرفترە لە پێش رەمەزانیشەوە بدرێ، شافعیش دەفەرموێ: دروستە لە سەرەتای ەمەزانەوە بدرێ. وا باشترە سەرفترە بدرێ بەو خزمانە كە ژیواریان لەسەر سەرفترە دەرەكە نیە، وەك خوشك و براو مامەو پوورو خاڵو خوشكی دایك و منالی ئەمانە، بگرە هەتا نزیكتربێ خێترە.

دۆخەدا، هەژارەكە، راستە قەرزەكەی لەسەر نامێنێ، بەڵام بە عەمەلی هیچ وەرناگرێ بۆ خەرجی رۆژی جەژنی، لەكاتی وادا، هەژار لە سواڵو دەرووزەی رۆژی جەژن بێ نیازابێ.
- وەرگێڕ —

١٥٢) حیکمەتی سەرفترە:

حیکمـــەتی ســـەرفترە ئەوەیـــە خـــودا کردوویـــەتی بـــە هـــۆی پاککردنـــەوەی رۆژووەوان لـــە ئۆبـــاڵی قـــسەی پڕوپـــوچ، بـــە پێـــی ئـــەم فەرمایـــشتەی ئیبنـــو هـــەبباس {ڕەزای خوای لێبێ} کـــە دەفـــەرموێ: پێغەمبـــەر {دروودی خوای لەسەربێ} سەرفترەی داناوە هەتا رۆژووەوان پاك بکاتـەوە لـە مـاکی قسەی پـڕوو پـوچو هـەرزەگۆیی، وە هـەتا بـشبێت بـە خـۆراکی جـەژنی هـەژاران. (ئـەبو داوودو ئیبنـو ماجـەو حـاکم گێڕاویانەتـەوە، حـاکم بـە دروسـتی دانـاوە) دیـسان لەبـەر ئـەوەیش کـە هـەژاران بپـارێزێ لـە رووی زەردی ســـواڵ، لـــەم رۆژە پـــیرۆزەدا، وەك حـــەزرەت {دروودی خـــوای لەســـەربێ} دەفەرموێ: لـەم رۆژەدا هـەژاران بـێ نیـاز بکـەن لـە گـەڕانی دەرگـاو دەگـا (حاکم گێڕاویەتەوە).

١٥٣) باسی گەورەیی رۆژوو:

فـــەرموودەی گـــەلێ زۆر ســـەبارەت بـــە بـــەهرەی رۆژوو هەیـــە، لـــە فەرموودەیەکا خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: رۆژوو و قورئان، لە رۆژی قیامـەتا، تکا دەکەن بۆ بەنـدە، رۆژوو دەفـەرموێ: ئـەی خودایـە! بەهۆی منـەوە، لـە رۆژدا، نـان‌و ئـاوو ئارەزووەکـانی لێ قەدەغـە بـوو بـوو، کەواتە هەقی لەسەرمە، لەبەر ئەوە من لە خزمەت تۆدا تکای بۆ دەکـەم، ئومێـد دەکـەم کـە تکاکـەم قـەبووڵ بفـەرمووی، قورئـانیش دەفـەرموێ: منیش بەشـەو خـەوم لـێ زڕانـدبوو، کەواتـە تکام گیراکـە بۆی، جا تکـای هـــەردوکیان قـــەبووڵ دەکـــرێ! (ئەحمـــەد بـــە رشـــتەیەکی دروســـت

گیڕاویەتەوە) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ {درودی خوای لەسەربێ}: هەر بەندیێ بۆ ڕەزای خوادا یەك ڕۆژ ڕۆژوو بگرێ، مسۆگەر کە خودا بەهۆی ڕۆژووی ئەو ڕۆژەوە حەفتا ساڵ لە ئاگری دۆزەخ دوری دەخاتەوە! (رواة الجماعة الا ابا داود).

١٥٤) هەڕەشە لە ڕۆژوو نەگرتنی ڕەمەزان:

هەڕەشەی زۆر هەیە لەو کەسەی کە لە ڕەمازانا بەبێ بەهانەی ڕەوا بە ڕۆژوو نەبێ، وەك ئەوە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کەسێ (بەبێ بەهانەیەکی ڕەوا کە خودا ڕێگەی پێدابی) ڕۆژێ لە ڕۆژووی ڕەمەزان بخوات، ئەگەر گریمان بە درێژایی ساڵ لە جیاتی ئەو تاقە ڕۆژە بەڕۆژوو بێ، هێشتا شوێنی ئەو تاقە ڕۆژە پڕ ناکاتەوە! (د/ماجە/ت).

١٥٥) نزای ڕەوا بەزمانی بەڕۆژووەوە:

تیرمیذی {ڕەزای خوای لێبێ} بە ڕشتەیەکی جوان دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەم سێ جۆرە کەسە نزاو پاڕانەوەیان لە لای خوا گیرایە: ڕۆژووەوان هەتا بەربانگ دەکاتەوەو پێشەوای دادپەروەرو مرۆڤی ستەمدیدە، هەروا خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەیە بۆ ڕۆژووەوان لەکاتی بەربانگکردنەوەدا، نزایێ کە خوا گیرای دەکا (ئیبنو ماجە گێڕاویەتەوە).

١٥٦) مانگە پیرۆزەکە:

پێغەمبەری خوا {دروودی خوای گەورەی لەسەربێ} لە کۆتایی مانگی کوڵەمانگا، لە دوا رۆژیدا، وتارێکیدا، فەرمووی: ئەی موسڵمانەکان! وا بەخێرو خۆشی مانگێکی مەزنی پیرۆز، تەشریفی هێناوسێبەری رەحمەتی لەسەر کردن، ئەو مانگە مەزنەیە کە لەیلەتولقەدری تیادایە، کە شەوێکی وایە لە هەوار مانگ گەورەترە، ئەومانگەیە کە خودا گرتنی رۆژووی رۆژەکەیی فەرزکردووە لە سەرتانو، شەونوێژی شەوەکەیی سوننەتێکی گەورە بۆتان، هەر کەسێ لەم مانگەدا کارێکی سوننەت بکا، وەك ئەوە وایە کە ئەو کارەی لە مانگەکانی تردا بە فەرزی کردبێ (دوو رکات نوێژی سوننەت لە رەمەزانا بەقەد دوو رکات نوێژی فەرز لە مانگەکانی تردا خێری دەگا، وە هەروا خێرو سەڵاواتو قورئانخوێندنو سەڵاواتو وە هەرکەسێ لەم مانگەدا فەرزێ ئەنجام بدا وەك ئەوە وایە کە ئەو فەرزەی لە مانگەکانی تردا حەفتاجار جێبەجێ کردبێ، ئەم مانگە هەر خۆی مایەی ئارامو هێمنیە، ئارامیش پاداشتی گەورەیە، کە برێتیە لە بەهەشتی بەرین، هەر خۆی مانگی دڵدانەوەو نەوازوشە، ئەو مانگەیە کە رقو رۆژی ئیماندار تیادا زیاد دەکا، هەر کەسێ لەم مانگەدا بەربانگ بۆ رۆژووەوانێ بەربانگی پێ کردتەوە خێری دەگا، بەبێ ئەوە کە لە پاداشی رۆژووەوانەکە ئامادە بکا، دەبێ بەهۆی داپۆشینی گوناهەکانیو دەبێ بەهۆی ئازادبوونی لە ئاگری دۆزەخ! سەرەڕای ئەوەیش رێك بە قەد ئەو رۆژووەوانە کە هیچ کەم ببێتەوە. یاران عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! هەندێ لە ئێمە ئەوەندەی نیە کە بەربانگێك تەاو بۆ رۆژووەوان دروست بکا، ئەی ئەوەچی بکاو چۆن ئەم بەهرە گەورەیەی لەکیس

نەچێ؟! فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: خوای گەورە بە رەحمەتی خۆی ئەم بەهرە گەورەیە دەدا بەو کەسانەیش کە ئەوەیان بۆ ناکرێ بەڵام بە دەنکێ خورما، یا بە جامێ ئاو، یا بە ژەمێ شیراو، بەربانگ دەکەنەوە بە رۆژووەوانێ! رەمەزان ئەو مانگەیە کە هەوەڵکەی رەحمەتە، ناوەڕاستەکەی لێخۆشبوونە، دەی کۆتایی ئازادبوونە لە ئاگری دۆزەخ! هەتا دەتوانن لەم چوار کارەی زۆر تیادا بکەن: دووکاریان دەبن بەهۆی خۆشنوودیو رەزامەندی پەروەردگارتان، دوو کاریشیان بەبی ئەوان ناتان کرێ، ئەو دووەیان کە دەبن بەهۆی رەزامەندی خودا، یەکەمیان شەهادەی (لا الە الا اللە)یەو دووەمیان تەوبەو ئیستیغفارە، ئەو دوویشیان کە بەبی ئەوان ناتانکرێ، یەکەمیان ئەوەیە لە کە خودا داوای بەهەشت بکەنو دووەمیان ئەوەیە کە پەنا بگرن بە خودا لە ئاگری دۆزەخ، وە هەرکەسێکیش رۆژووەوانێ تێربکا، خودا لە حەوزی کەوسەری من تێراوی دەکا، تێراوێکی وا کە لە پاشی قەت تینووی نەبێ هەتا دەچێتە بەهەشتێ!. (ئیبنو خوزەیمەو بەیهەقیو ئیبنو حیببان گێڕاویانەتەوە).

١٥٧) خەڵوەکێشان لە مزگەوتا (اعتكاف):

پێناسەکەی:خەڵوەکێشان لەزمانی عەرەبدا پێی دەگوترێت اعتكاف.اعتیکافیش لەزمانی عەرەبدا واتە: گوڵوڵە بوون بەدیار شتێکەوە، ئیتر باش بێ یاخراپ هەر پێی دەوترێ (اعتكاف) ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: {مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ – سورة

الأنبياء - ٢١/٥٢} واته: ئیبراهیم بێزاری دەربڕی لەبتانو بەباوکیوبەگەلی خۆی فەرمووە: ئەم پەیکەرە بێ گیانو بێ خێرو بێ دەسەلاتانە چینو بەچی ئەقلێکەوە ئێوە ئاوا بەدیاریانەوە گلۆلە بوونو بە بێ لێکدانەوە سەرتان کردۆتە پەرستنیان.

لەشەرعیشدا واتە:نیشتەجێبونێکی تایبەت لەسەر شێوەیەکی تایبەت.خەلۆەکێشان لەهەموو کاتێکدا سوننەتە، لە دەی دوایی رەمەزانا لە هەموو کاتێکی تر خێرترە، لەمەیشدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سەرمەشقە، چونکە ئەو وای کردووە، لە هەمان کاتدا دەبێ بە گەڕانیش بەشوێن لەیلەتولقەدردا، کە ئەو شەوەیە لە هەموو شەوەکان گەورەترە، سەربەلگەی سوننەتییەکەی قوورئانو سوننەتو یەکگرتنی ئوممەتە. خوای گەورە دەفەرموێ: {أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ - سورة البقرة - ٢/١٢٥} وە دەفەرموێ: {وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ - سورة البقرة - ٢/١٨٧) لە فەرموودەو سوننەتدا هەیە کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} هەموو رەمەزانێ دە رۆژ خەلۆەی دەکێشا، بەلام لەو ساڵەدا کە کۆچی داویی تیاداکرد، بیست رۆژ لە رەمەزانا خەلۆەی کێشا (فەرموودەیێ لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە ئەبو داوودو بوخاریو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە). هاوڕێکانی پێغەمبەرو هاوسەرەکانی لە ژیانی پێغەمبەرداو لە دوا ژیانیشی خەلۆەیان کێشاوە، گەلێ موسوڵمان لەسەر ئەمە یەکیان گرتووە.

بنیاتەکانی:

بنیاتەکانی خەڵوەکێشان چوارشتە:-

یەکـــەمیان: نیەتـــە، چـونکە ئەمـــەیش وەك هـــەموو پەرســـتنێ عیبادەتە، لەبەر ئەوە پێویستی بە نیەتە.

دووەمیان: مانەوەیـە لـەناو مزگـەوتا بـەڵام ئەوەنـدە بـەس نیـە بـە ئەندازەی ئارامبوونەوەیێ کە بە عەرەبی پێـی دەوگـوترێ طـومەئنینـەی ناو روکوع، وەك هەنـدێ کـەس دەڵێن: بـەڵکوو پێویـستە لـەو ئەنـدازەیـە پتربـیو ئەوەنـدە ببـێ کـەپێی بگـوترێ گوڵۆڵـەبوونو نیـشتەجێبوون، شافیعی {رەزای خوای لێبێ} وا بەباش دەزانێ کە بەلایەنی کەمەوە خـەڵوەکێش رۆژێ خەڵوەبکێشێ، هەتا لە راجیایی دەربـاز ببـێ، ئـەوەیش کـە دەڵێین: بڕیـارە مانـەوە کـە لـە نـاو مزگـەوتا بـی، چـونکە خەڵوەکێـشان لـەناو مزگـەوتا یاسـاو دەسـتووری پێغەمبـەرو یـارانیو هاوسـەرەکانی بـووەو لەوانـەوە لەسـەر ئـەم شـێوەیە بـۆ ئێمـە ماوەتـەوە، لـە هـەمان کاتـا پێغەمبـەریش {دروودی خـوای لەسـەربێ} دەفـەرموێ: خەڵوەکێـشان دەبـێ لـەناو مزگەوتێکابێ کە جەماعەتی تیادا بکرێ. (ئیبنو ئەبی شەیبەو سەعیدی کوڕی مەنصور گێڕاویانەتەوە، بەشێکە لە فەرموودەکەی حوزەیفە).

سێیەمیان: خەڵوەکێشە، مـەرجی خـەڵوەکێش ئەمانەیـە: ئیـسلامو هۆشو پاکی لە لەشپیسیی بێنوێژیو زەیستانی، .

چـوارەمیان: جێگـەی خەڵوەکێـشان،واتە خـەڵوەکا، یـا خەڵوەخانـە، مەرجەکـەی ئەوەیـە کـە دەبـێ مزگـەتبێ، وەك باسمـانکرد، ئەگـەر خەڵوەگاکە مزگەتێ بێ جومعەی تیا بکرێ ئەوە باشترە، تـا ناچار نـەبێ

دەربچێ بـۆ نوێـژی هـەینی، لەبـەر ئـەوەیش چـونکە مزگـەوتی وا جەماعەتەکەیشی گەورەترو زۆرتـرە! ئیمـامی زوهـری ئەمـەی بـە مـەرج گرتووە، شافیعیش {رەزای خوای لێبێ} لە فەرمایشتی دیرینیدا ئاماژەی بۆ ئـەم رایە کردووە!

خەڵوەی نەزرکراو:

خەڵوەکێشان تاعەتەو هەموو تاعەتێکیش هۆی نزیکبوونەوەیـە لـە خوای مەزن، جا هەرکاتێ خەڵوەکێش کە خەڵوەکێشانی نـەزرکرد لەسـەر خۆی نەزرەکـەی دادەمـەزرێ، پێویستە لەسـەری کـە جێبـەجێی بکـا، بـە پێی فەرمایشتی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: هـەر کەسـێ تاعـەتێ لەسـەر خۆی نەزربکا با بیکا، بەڵام ئەگـەر کەسـێ گونـاهێکی لەسـەر خـۆی نـەزر کرد با نـەیکا (ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا گێڕاویەتەوە، هەروا بوخاریش) ئیمامی عومـەریش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! لەسەر دەمی نەزانی پێش ئیسلاما، فووتـوو (نـەزر)م کـردووە کـە شـەوێ لـە نـاو مەسجیدولحەرامدا خەڵوەبکێشم، جا تۆ دەفەرمووی چـی؟ پێغەمبـەریش {درودی خوای لەسەربێ} پێی فـەرموو: نەزرەکـەت بەجێبێنـە، ئـەویش لـە ناویـدا شـەوێ خـەڵوەی کێـشا (شـەیخان). جـا ئەگـەر نـەزریکرد دە رۆژ خـەڵوە بکێـشێ، لـە سـەریەتی کـە جـێ بـەجێی بکـا، ئـیتر نـەزری کردبـوو کـە دەرۆژەکە بەسەریەکەوە بێت، یا پچڕ پچڕبێ یەکسانە، لەوماوەیـەدا بـۆی نیە لە مزگەوتەکە بچێتە دەرەوە مەگەر لەبەر مەهانـەی ڕەوا، مەهانـەی ڕەوایش جۆری زۆرە: وەك دەرچوون بۆ سەراو، خوا بۆ پیسایی بێ، یا بـۆ گمیزبێ، بۆ ئەم مەبەستە خۆشۆردنی لەشپیسی شـەیتانی بـوونیش وەك

سەراوکردن وایە، دەرچوون بۆی زیانی نیە، وەك برسێتی، بۆی هەیە لەبەر برسێتی لە مزگەوت دەربچێو بچی نان بخواتو بێتەوە، بەڵام ئەگەر تینووی بوو سەرنج دەدەین: ئەگەر لە ناو مزگەوتا ئاوی دەست دەکەوت، بۆی نیە لە مزگەوت دەربچێ، ئەگینا بۆی هەیە، جیایی نێوانی خواردنو خواردنەوە ئەوەیە: نانخواردن لە ناو مزگەوتا شەرمی لێدەکرێ، بەڵام ئاوخواردنەوە وانیە، وەڵێ دروست نیە بچی بۆ سەردانی نەخۆش، یا بۆ نوێژی مردوو، چونکە حەدیثێ هەیە دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لەکاتی خەڵوەکێشاندا لەلای نەخۆشەوە رەت دەبوو، لە رێگەی ئاسایی خۆیەوە تێدەپەڕی. لای نەدەدا بۆ لای نەخۆشەکە بۆ هەواڵپرسی. (ئەبو داوود) دیسان ئەبو داوود لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: یاساو دەستووری خەڵوەکێش بەم شێوەیە: نەبچێ بۆ دیدەنی نەخۆشو نە بچی بە دیار تەرمو نە دەست بەرێ بۆ ژنو نە لەگەڵیا دروست بێ، وە بۆ پێویستییەکی ناچاری خۆشی نەبێ، نابێ لە مزگەوت دەربچێ یەکێ تر لە مەهانەی رەوای دەرچوون: پەیدابوونی بێنوێژییە، لە کاتی وادا لە سەریەتی کە گورج لە مزگەوت دەربچێ، چونکە خۆشەویست {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ناو مزگەوت رەوا نابینم نە بۆ بێنوێژو نە بۆ لەشپیس!.

یەکێ تریان: نەخۆشیە، ئەگەر بە نەخۆشییەوە مانەوە لە مزگەوتا زەحمەت بوو، وەك ئەوە پێویستی بە نوێنو هامشۆی پزیشك بوو، ئەوە رەوایە بۆی کە لە مزگەوت دەرچێ، وە بەوە پەیوەستی خەڵوەکێشانەکەی ناپچڕێ، هەروا ئەگەر لەبیری نەبوو لە مزگەت دەرچوو، یا بە زۆر لە مزگەوت دەریان کرد خەڵوەکەی ناپچڕێ. بەڵام

ئەگەر دەرچوو هەتا بچێ بۆ نوێژی هەینی ئەوە خەڵوەکەی پوچ دەبێتەوە، چونکە لە سەرەتاوە دەیتوانی لەو مزگەوتەدا خەڵوەبکێشێ کە جومعەی تیا دەکات.

یەکێ تریان: ئەوەیە مەترسی ئەوەی هەبێ کە بەهۆی تەواو کردنی خەڵوەکەوە حەجی لەکیس بچێ، ئەوە خەڵوەکەی پووچ دەبێتەوە، ئەگەر لەگەڵ خێزانی، یا لەگەڵ شتێ جووت بوو، واتە: جیماعی کرد، خەڵوەکەی پووچ دەبێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ - سورة البقرة} واتە: ئەی موسوڵمانەکان! لە کاتێکا کە ئێوە لەناو مزگەوتا خەڵوەدەکێشن، لەگەڵ ژنی خۆتاندا دروست مەبن. هەتا ئەگەر دەستبازی لەگەڵ ژندا کرد، یا ماچی کردو ئاوی هاتەوە، خەڵوەکەی پووچ دەبێتەوە.

١٥٨) حەج لە زمانی عەرەبدا واتە:

چوون بۆ شتێ، لە شەرعیشدا برێتییە لە چوون بۆ ماڵی خوا، کە ناوی بەیتولحەرامە، بۆجێ بەجێکردنی کردارەکانی حەج، وەك تەوافو سەعی نێوانی سەفاو مەڕوەو وەستان لە کێوی عەرەفەو دەستوورو یاساکانی تری حەج، بە نیازی جێبەجێکردنی فەرمانی خوا، بە هیوای دەستگیربوونی ڕەزامەندی خوا.

بڕیار = حوکمەکەی:

حـەج بـە نامـەو سـوننەتو یـەکگرتنی نەتـەوە لەسـەر موسـوڵمان فەرز بووە، خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً – سورة آل عمران – ٩٧/٣) واتـە: وە بـۆ خـودا هەیە لەسەر گشت کەسـێ کـە توانـای چوونو هاتنـەوەی ڕێگـەی حـەجی هـەبێ، کـە بـچێ بـۆ حـەج. پێغەمبـەری ئـازیزیش {دروودی خـوای لەسـەربێ} دەفـەرموێ: ئیـسلام لەسـەر پێـنج بنیـات دامـەزراوە، تـا کۆتـایی فەرموودەکە. کە یەکێك لەو پێنجە حەجە، حەزرەت دیسان دەفـەرموێ: بەر لەوەی حەجتان لـە دەست بچێ حـەج بکـەن (بەیهـەقی لـە سونەنی بەیهەقیدا دەیگێڕێتەوە). حەج لەو کارە گرنگانەیە کـە لـە ئاینـدا بەڵگـە نەویـستو هـەموو کـەس دەیـان زانـێ، لەبـەر ئـەوە هـەر کەسـێ حاشـای لێبکاو بە فەرزی نەزانێ بە کافر دادەنرێ.

لە تەمەندا حەج یەکجار پێویستە:

گـەلی موسـوڵمان بـە یـەکگرتن بڕیاریـان لەسـەر ئـەوەداوە: کـە لـە تەمەندا حەج یەکجار لەسەر موسوڵمان فەرزە، ئـەقرەعی کـوڕی حـابیس لە پێغەمبەری خوای پرسی: حـەج هـەموو سـاڵێکە، یـا لـە تەمەنـدا یـەك حەج پێویستە لەسەر موسوڵمان؟ خۆشەویست {درووددی خوای لەسەربێ} فەرمووی: نەخەیر هەموو ساڵی فەرز نیە، بـەڵکوو لـە تەمەنـدا یـەك حـەج فـەرزە، بـەڵام هەرکەسـێ حـەجی زیـاتر بکـا ئـەوە حـەجی سـوننەتەو پاداشـتی گەورەی هەیە. (ئەحمەد).

١٥٩) عەمرە:

عەمرەیش رێك وەك حەج فەرزە، چونكە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ – سورة البقرة – ١٩٦/٢} واتە: حەج و عەمرە بە تەواوی و بەرێكوپێكی بیانكەن ساخ لەبەر رەزای خوا. عائیشەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەری خوام كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا ژنان غەزایان لە سەرە؟ فەرمووی: بەڵێ، بەڵام ئەو غەزایەی كە لەسەر ئەوانە شەڕو شۆڕی تیا نیە، كە برێتییە لە حەج و عەمرە، وەڵێ ئەو هەواڵەی كە تیرمیذی لە جابیرەوە دەیگێڕێتەوە: گوایە جابیر فەرموویەتی: پرسیار كرا لە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لە بارەی عەمرەوە كە ئایا فەرزە یا سوننەتە؟ لە مەجمووعا، سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێ: بە ئیتتیفاقی حوففاظی حدیث ئەم حدیثە ضەعیفە. واتە: پسپۆڕە ئاگادارەكانی فەرموودە بە یەكڕا بەكۆی دەنگ، دەفەرموون: ئەم فەرموودەیە لاوازە. عەمرەیش رێك وەك حەج لە تەمەندا یەكجار فەرزە، كردارەكانیشی هەمان كردارەكانی حەجە، بەس ئەم وەستانی عەرەفەی تیا نیە.

(فێربوونی بڕیارەكانی حەج):

پێویستە لەسەر ئەو كەسە كەدەیەوێ حەج بكا فێری بڕیارەكانی ببێ، چی تیادا پێویستەو چی تیادا پێویستەو چی تیادا حەرامەو چی تیادا ناپەسەندەو چی تیادا رەوایەو چی كردن و نەكردنی یەكسانە، چونكە خودا داوای لەكەس نەكردووە كەبەنەزانی بیپەرستێ، بەڵكوو هەر شتێ لەئایینا كردنی پێویست بێ فێر بوونیشی پێویستە. زاتی

مەزن دەفەرموێ: {فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ - سورة النحل - ٤٣/١٦} واتە: هەرشتێ نازانن لەپسپۆرانی خۆی بپرسنەوە، کەباشی دەیزانن.پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گەڕان بەدوای زانست دا ئەرکێکی پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێ (بەیهەقی دەیگێڕێتەوە) لەگێڕانەوەیەکا ئەمەشی پترە: ئەرکێکی پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێ، چ نێرینە بێ چ مێ یینە!.

(یەکەم شت کەفێربوونی دروستە):

لەم بارەیەوە یەکەم شت کەفێربوونی دروستە فێربوونی حەلاڵو حەرامە، چونکە حەلاڵ مرۆڤ لەتاعەتی خواوە نزیك دەکاتەوە، بەلاّم حەرام بەپێچەوانەوە، حەلاڵ مرۆڤ لەبێ فەرمانی خوا دوور دەخاتەوە، خودایش خۆی پاکە، هەرچیش پاك نەبێ وەری ناگرێ، وەکی تریش خودای گەورە لەم بارەیەوە یەك جۆرە فەرمانی بەئیمانداران‌و پێغەمبەران کردووە، ئەوەتانێ فەرمانی بەهەر دوولا وەك یەك کردووە کەحەلاڵ خۆر بن‌و پاکخۆربن، بەپێغەمبەرانی فەرمووە: {يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ - سورة المؤمنون - ٥١/٢٣} بە ئیماندارانیش دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ - سورة البقرة - ١٧٢/٢}. بەگشتیش ئەم فەرمایشتە راستەکە دەڵێ: هەر کەسێ کاسپی یەکەی حەلاڵ بێ کارەکەی پیت‌و فەڕی تێ دەکەوێ‌و گەشەو نەشونما دەکا، هەر کەسێ کاسپییەکەی حەلاڵ نەبێ مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە کردەوەی پەسەند نەکرێ! ئەوەتا یەزدانی مەزن لەم بارەیەوە دەفەرموێ: {إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ

الْمُتَّقِينَ - سورة المائدة - ٢٧/٥} واتـه: لەراسـتی دا خـودای گـەورە بـەس کـاری ئەوانـە پەسـەند دەکـا، کـەپارێز لەنافـەرمانی خـوا دەکـەن‌و بەهیچ جۆرێ فـەرمانی ناشـکێنن! (رەحمـەت لەپێـشینان کەدەفـەرموون: لەوە بترسە کەلە خوا ناترسێ!) شاعیریش دەفەرموێ:

اذا حججت بمـال أصله سحت
فما حججت، ولكن حجت العير!

واتـە:

ئـەگەر بـەماڵی حـەرام حەج بکەی
حەج بۆ خۆت ناکەی، حەج بۆ کەرەکەی!
کـەسێ بـەماڵی حـەرام حـەج بکـا
کـەرەکـەی ژێـری زیـاتر حـەج دەکـا

بە پەخشانیش واتە: ئەگەر بەماڵی حەرام حـەج بکـەی، ئـەوە پێـی ناگوترێ حـەج‌و تـۆ بـەوە نـابی بـەحاجی، بـەڵکوو کەرەکـەی ژێـرت لـەتۆ حـاجیترە لـەحاڵی وادا.[1] حـەج لەگـەورەترین کـردەوەی مرۆڤـە، چـونکە حـەزرەت {دروودی خـوای لەسـەربێ} دەفـەرموێ: باشـترین کـردەوە لـەلای خـوا ئەمانەیـە: بـاوەڕی تـەواو، کەبـەهیچ جـۆرێ بـۆنی گومـانی لێ نایـەت، غەزایەکیش کـە دەسـتپێـسی لەدەسـکەوتی جـەنگی تیـا نـەکرێ، حـەبێکی دروستیش. (ئیبنو حیببان لەصەحیحی خۆی دا دەیگێڕێتـەوە) حـەزرەت دیـسان دەفـەرموێ: هەرکەسـێ بـۆ خـودا حـەجێ بکـاو لـەکاتی کردنـی

[1] العير قافلة الحمير . المنجد. أنظر النهاية في غريب الحديث والأثر. واته: عیر بـەکاروانی کەر دەگوترێ.

- وەرگێڕ-

حەجەکەدا پارێز لەکەیف کردن لەگەڵ ژندا بکاو گورێز لەهەرزە گۆیی‌و قسەی پڕو پووچ بکاو گوناە نەکا، ئەوە وەك ئەو ڕۆژە کەلەدایك دەبێ ئاوا لەگوناە پاك دەبێتەوە! (أخرجه الجماعة). گەرچی حەج فەرزێکی پشوودارەو ئەرکێکی ماوەدارەو مەرج نییە دەسبەجێ جێ بەجێ بکرێ، بەڵام باشتر وایە کەبەزوویی دەستو بردی لێ بکرێ، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ توێشەی ڕێگەو ولاخێکی سواری وای هەبێ کە بیگەیەنێتە خانەی خوا، وەحەج نەکا، ئەوە دەیەوێ بەجوولەکەیی بمرێ یا بەگاوریی کەیفی خۆیەتی. (تیرمیذی) دیسان دەفەرموێ {درودی خوای لەسەربێ}: هەرکەسێ حەجی لەسەر پێویست ببێ‌و بەئارەزوو بەبێ بەهانایەکی ڕەوا حەج نەکا، ئەوە کەیفی خۆیەتی دەیەوێ بە جوولەکەیی بمرێ یا بەگاوریی ئەوە خۆی لەو دووە سەر پشکە، بەڵام ئەگەر بەهانایەکی ڕەوای هەبوو ئەوە جیایە، وەك ئەوە نەخۆشی نەهێڵێ بچێ بۆ حەج، یاپێویستیەکی ناچاریی نەهێڵێ، یاکار بەدەستی ستەمکار ڕێگەی نەدا. (ئەحمەد).

١٦٠) مەرجەکانی پێویستبوونی حەج:

پێویستبوونی حەج ئەم چەند مەرجەی هەیە:

یەکەم: ئیسلام، چونکە حەجیش وەك نوێژو زەکات پەرستشە، بەس پەرستشی موسوڵمانیش دادەمەزرێ. بەپێی فەرموودەیەیش کە موعاذ: دەیگێڕێتەوە، کەدەفەرموێ: حەزرەت کەناردمی بۆ یەمەن پێی فەرمووم:... لەپێشا داوایان لێ بکە کەشایەتی بدەن: کەهەر خودا خودایەو.. تادوایی فەرموودەکە کەبەپێی ئەم فەرموودەیە حەجیش

فەرزێکە لەفەرزەکان. کەواتە: حەج لەسەر بێبڕاوی‌بنەڕەتی پێویست نابێ‌و داوایشی لێ ناکرێ کەحەج بکا. بەلاَم هەلگەڕاوە کەتوانای حەجی هەبوو ئیتر لەکۆڵی ناکەوێ. جا لەوەدوا ئەگەر لەحالێ هەژاری دا گەڕایەوە بۆ سەر ئیسلام، ئەوە بەهۆی توانا بوونەکەی کاتی هەلگەڕانەوە کەیەوە حەج دەکەوێتە سەری، بەلاَم ئەگەر بەدەولەمەندی گەڕایەوە بۆ سەر ئیسلام‌و لەپێش ئەوەدا حەج بکا مرد، ئەوە لەمیراتیەکەی حەجی بۆ دەکرێ. دووەم: رەسیدەبوون، چونکە منداڵ حەجی لەسەر نییە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەم سێ کەسە قەڵەمێ تەکلیفیان لەسەر نیە، یەکێ لەو سێ کەسە منالە، وەك لەزنجیرە (١٣٤)دا رابورد. دیسان حەجیش بەقیاس لەسەر هەموو پەرستشێکی تر ناکەوێتە سەر منالْ. سێیەم: هۆش، شێت حەجی لەسەر نییە، بەپێی فەرموودەی: قەڵەمی تەکلیف لەسەر ئەم سێ کەسە هەلگیراوە، کەیەکێ لەو سێ کەسە شێتە. چوارەم: ئازادییە، بەندە حەجی لەسەر نییە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر کۆیلەیێ حەجی کرد، لەپاشا ئازاد کرا ئەوە حەجێکی تری لەسەرە ! بەپێی ئەم بەلگەیەیش کەدەفەرموێ: کۆیلە نوێژی هەینی لەسەر نییە، جا لەشوێنێ نوێژی هەینی بەو نزیکی یە لەسەری نەبێ، لەبەر ئەوەی مافی ئاغاکەی بەهۆی چوون بۆ هەینییەکەوە نەفەوتێ، چۆن حەج بەو دووری‌و درێژییە دەکەوێتە سەری؟؟ پێنجەم: لەتوانابوونە. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلِلّٰهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ ← ز – ١٥٥} . توانین دوو جۆری هەیە: یەکێکیان ئەوەیە موسوڵمانەکە خۆی توانای حەجکردنی هەبێ، ئەوی تریان ئەوەیە خۆی

نەتوانێ کەسێکی تر حەجی بۆ بکا، توانینی بەخودی خۆی ئەمانەی پێویستە:

یەکەم: هۆی سواریی دەست بکەوێ چ ماڵی حاجی خۆیبێ، یاهی کرێ بێ، ئەمەیش بۆ کەسێ مەرجە کەنێوانی ماڵی ئەوو نێوانی مەککە ماوەی کورتکردنەوەی نوێژبێ یا پتربێ. جا ئەگەر ماوەکە لەمە کەمتر بوو، بەڵام کابرا بێهێز بوو نەیدەتوانی بەپێ بڕوا، یادەیتوانی بەڵام تووشی زیانێکی ئاشکرا دەبوو ئەوە لەم کاتەیشدا وڵاخ مەرجە، دەنا دەبێ بە پێ بچێ بۆ حەج.

دووەم: ئەوەیە مەسرەفی چوونو گەڕانەوەی هەبێ. مەرجە کەوڵاخو خەرجی ڕێگە زیاد بێ لە ژێواری خۆیو ژێواری ئەو کەسانەی کە ژێواریان لە سەریەتی، هەروا زیاد بن لەجلو بەرگی پێویستی خۆیو ئەوانو لە هەموو پێویستییەکی تریان لەو کاتەوە دەڕوا هەتا دەگەڕێتەوە بۆ لایان.

بزانە ئەگەر کەسێ پارەی حەجی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتا پێویستی بەژنهێنان هەبوو، لە ترسی ئەوە نەبادا تووشی شەرواڵپیسی ببێ، ئەوە لەم کاتەدا باش وایە ژنی پێ بهێنێ، نەك حەجی پێ بکا، چونکە لەم حاڵەدا ژنهێنان پێویستیەکی کات هاتووە، بەڵام حەج ماوەکەی مەودا دارە، بەڵام ئەگەر مەترسی شەرواڵپیسی نەبوو، ئەوە پێشخستنی حەجەکە باشترە.

سێیەم: ڕێگە ئەمین بێ، ترسی سەروماڵو ناموسی نەبێ، با ترسەکە کەمیش بێ، چونکە بە هۆیەوە تووشی زیان دەبێ.

چوارەم: ئەوەیە هیوای فریاکەوتنی حەجی هەبێ، واتە: حەجەکە کاتی ئەوەندە مابێ حاجی لە ماڵ دەرچوو پێش بەسەرچوونی کاتی حەج فریای وەستانی عەرەفە بکەوێ.

جۆری دووەم لە توانین ئەوەیە کە یەکێکی تر حەج بکا بۆ مرۆڤ. بۆ ئەمە مەرجە: ئەو کەسەی کە لەباتی کەسێکی تر حەج دەکا، زیاتر لە کرێی ئاسایی داوانەکاو خۆی حەجی کردبێ‌و حەجی نەزریشی لەسەر نەبێ. ئەو کەسەیشی کە یەکێکی تر دروستە حەجی بۆ بکا یەکێکە لەم دووکەسە: یا مردووەو حەجی لە ئەستۆدایە، ئەمە پێویستە لەو کەلەپوورەی کە بەجێی هێشتووە حەجی بۆ بکرێ‌و کەسێ بنێرن حەجی بۆ بکا، یا کەسێکە زیندووەو پەك کەوتووەو لەبەر پیری یا لەبەرشتی تر وەك زەحمەتی زۆر ناتوانێ خۆی بچێ بۆ حەج.

١٦١) بنیاتەکانی حەج (أركان الحج)

بنیاتەکانی حەج پێنج بنیاتن:-

یەکەم: ئیحرام دابەستن، کە بریتییە لە نێتی چوونە ناو حەج، یا چوونە ناو عەمرە، بۆیە ناونراوە ئیحرام چونکە رێگە لە شتی حەرامکراو دەگرێ. سەر بەڵگەی پێویستبوونی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەربێ): هەموو کردەوەیێ بەپێی نیازو نییەتەکەیەتی، ئیحرامیش سێ جۆری هەیە: جیاجیا: (إفراد)، پشوودان: (تەمەتووع) تێکەڵکردن: (قیران). راجیایی لەوەدا نیە کە هەریەکێ لەم سێ شێوەیە رەوایە، بەڵام راجیایی لەوەدا هەیە کە کامەیان خێرترن.

شافیعی {رەزای خوای لێبێ} لـه زۆربـەی کتێبەکانیدا بـه دەق فەرموویـەتی کـه حەج‌و عەمره بەجیاجیا (إفراد) خێرتـرن، ئنجا جۆری پشوو وەرگـرتن (تەمەتووع) ئنجا تێکەڵکردن (قیران).

شێوەکاری جیاجیا ئاوایـه: حـەج بـه تـەنها دابەستێ‌و حـەج تـەواو بکا ئەوجا عەمره دابەستێ‌و تـەواوی بکـا، شـێوەکاری پـشوو وەرگـرتنیش ئاوایه: له میقاتی وڵاتی خۆیەوه عـەمره دابەسـتێ‌و تـەواوی بکاو ئەوسا له مەککەوه ئیحرامی حەج دابەسـتێ. ئـەم چۆنێته یـەکگرتنی لەسـەره. بۆیـه پێـی دەگـوترێ: پـشوو وەرگـر، چـونکه لـەم پـشووەدا ئـەوەی لێـی قەدەغه بووبوو ڕەوا دەبێتەوه بۆی. شێوەکار (صورەت)ی تێکـەڵکردنیش ئاوایه: ئیحرامی حەج‌و عەمره پێکەوه دابەستێ، کردارەکـانی عـەمره لـه نـاو کردارەکـانی حەجـدا تێهـەڵکێش دەکـرێن. سـەربەڵگەی ئـەم سـێ شێوەیەیش ئـەم فەرموودەیـەی عائیـشەیه {رەزای خوای لێبێ} کـه دەفـەرموێ: دەرچووین، جا هـەمان بـوو هـەر ئیحرامـی عـەمرەی دابەسـتبوو، هـەمان بوو ئیحرامی حـەج‌و عـەمرەی بـه یەکـەوه دابـستبوو، هـەمان بـوو بـەس ئیحرامـی حـەجی دابەسـتبوو، پێغەمبـەر خـۆی هـەر ئیحرامـی حـەجی دابەستبوو (ئەحمەدو شەیخان‌و مالیك).

بنیاتی دووەم: وەستانی چیای عەرەفەیه، چونکه پێغەمبەری خـوا {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمانی فەرموو، جارچییەك جاری دەدا: حەج بریتییـه لـه ئامـادەبوونی عەرەفـه واتـه: زوربـەی بنیاتـەکانی حـەج عەرەفەیـه. وەسـتان لـه عەرەفـه بـه ئەوەنـده دەێتـەجێ کـه لـه بەشـێ لـه خـاکی عەرەفەدا ئاماده ببـێ، تەنانـەت بـه ئەوەنـدەیش جێبـەجێ دەبێ کـه بـه

دوای بەندەیەکی هەڵهاتوودا بگەڕێ‌و لە عورفەوە ڕەتبێ، یا بە دوای هەر شتێکا لەوێوە ڕەتبێ حلێبە، هەتا ئەگەر بە خەوتوییش ئامادەی عەرەفە بێ‌و خەبەریشی نەبێتەوە هەتا کاتەکەی بەسەر دەچێ هەر بڕێتی دەکەوێ، چونکە لەکاتی خەویشدا تەکلیف لەسەر مرۆڤ دەمێنێ!.

مەرجی بڕێتیکەوتنی ڕاوەستان لە خاکی عەرەفەدا ئەوەیە:

ڕاوەستاوە کە شیاوی پەرستش بێ (واتە: حاجی لەو کاتەدا کە لە عەرەفە ڕادەوەستێ ئەهلی عیبادەت بێ) لە عەرەفە لە هەرشوێنێکا ڕاوەستێ دروستە، چونکە گشتی هەر عەرەفەیە، کاتی ڕاوەستان لە عەرەفاتدا دەست پێدەکا لە نیوەڕۆی ڕۆژی نۆهەمی مانگی قوربانەوە هەتا شەبەقی بەیانی ڕۆژی جەژن، مەرج نیە بەشێ لە ڕۆژو بەشێ لە شەو لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژی نۆهەما گەیشتە عەرەفات سوننەتە لەوێ بمێنێتەوە هەتا شەو دادێ.

بنیات (ڕوکن)ی سێیەم: تەوافە، واتە: حەوت جار هەڵسووڕانە بەدەوری تەواوی خانەی خودادا، مەبەست ئەو تەوافەیە کەپێی دەگوترێ تەوافی ئیفاضە، چونکە یەکگرتن هەیە لەسەر ئەوە کە مەبەست لەم ئایەتە تەوافی ئیفاضەیە: **وليطوفوا بالبيت العتيق**. وە ئەو فەرموودەیەیش کە باسی بێنوێژییەکەی صەفییەی هاوسەری حەزرەت دەکا، ئەوە دەسەلمێنێ کە تەوافی ئیفاضە فەرزە، کەواتە: ئەو تەوافە ڕوکنە، نەك تەوافەکانی تر، وەك تەوافی قودووم‌و تەوافی ویداع، واتە هەڵسووڕانی گەیشتنەجێ‌و هەڵسوڕانی ماڵئاوایی.

١٦٢) ئەرکەکانی هەڵسووڕان:

پێویستییەکانی تەواف:-

پێویستییەکانی تەواف چەند شتێکن: یەکێکیان پاکییە لە بێدەسنوێژیو لە لەشپیسی، وە لەپیسیی لەشو بەرگو جێگە.

یەکێ تریان: داپۆشینی شەرمگای کاتی نوێژە بە جلێکی پاك، لەکاتی تەوافا، پێغەمبەر{دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: تەوافی بەیتیش بە نوێژ دادەنرێ، تەنیا ئەوەندە هەیە لە تەوافا خودا ڕێگەی قسەکردنی داوە، جا ئەگەر تەوافکەر لەکاتی تەوافا، قسەیکرد با هەر قسەی باش بکاو بەس. عائیشەیش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: کە گەیشتمە مەککە بێنوێژبووم، ئیتر نەتەوافی بەیتم کردو نە سەفاو مەڕوەمکرد، وە عەرزی حەزرەتمکرد کە حاڵم وایە، فەرمووی: هەرچی حاجی دەیکا تۆیش بیکە، بەڵام تەواف مەکەو بەگردی بەیتا هەڵمەسووڕێ تا پاك دەبیتەوە لە بێنوێژیو خۆت پاك دەشۆریت. (دانەر دەفەرموێ: ئەم گوفتو گۆیە لە نێوانی ئەسمائی کچی عومەریشو پێغەمبەردا {دروودی خوای لەسەربێ}: ڕووی داوە، بەڵام ئەمەی من نووسیومە لە صەحیحەیندا هەیەو پتر جێگەی متمانەیە — وەرگێڕ).

جا ئەگەر لەناو تەوافدا دەسنوێژەکەی شکا، لەسەر فەرمایشتی دروست، پێویستە گورج دەسنوێژ بگرێتەوەو لەسەر ژمارەی پێشووەوە تەوافەکانی تەواو بکا، گوتراویشە: پێویستە سەرلەنوێ لە نووکەوە لە تەوافەکەی تێ هەڵچێتەوە.

یەکێ تریان: ڕێزلێگرتنە لەو حەوت جارە کە بەگردی کابەدا دەسووڕێتەوە لەسەر ئەم شێوەیە: لە سەرەتای سووڕانەوەکانەوە هەتا تەواو بوونی هەر حەوتیان هەموو خانووی کەعبە بخاتە لای چەپیەوە، وە لە بەرابەری حەجەرول ئەسوودەوە دەست پێبکا.

یەکێ تریان: ئەوەیە لەکاتی هەموو سووڕانەوەکانا هەموو لەشی لە دەرەوەی هەموو کەعبەبێ، جا ئەگەر کەسێ لەسەر ئەو زیادە لادیوارەوە ڕۆیشت، کە لە زەمانی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیردا دزراوەتەوە لە بناغەی دیواری کەعبە ئەوە تەوافەکەی دانامەزرێ، بەهەر چوار دەوری بناخەی کەعبەدا کوتە دیوارێ هەیە، نووساوە بە کەعبەوە، بەقەد دووسێیەکی باسك (ذراع)ێ لە زەوی بەرزە، دەق دەڵێی گەردانەیە لە گەردنی بناغەی بەیتا بە کوردی پێی دەگوترێ: هەزارە، بە عەرەبی پێی دەگوترێ: شاذەروان، پەراوێزی بەرگی کەعبەی لێچەسپ دەکرێ، ئەم ئەندازەیە لەکاتی خۆیدا کە قوڕیش بەیتیان دروست کردۆتەوە، لە دیواری کەعبەیان دزیوەتەوە، لەبەر دەستکورتی، کەواتە: ئەم کورتە دیوارە خۆیو هەوای سەربانەکەی هەتا سەرسەرەوە بەشێکە لە کەعبە، لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێ تەواوی لەشی، یا بەشێ لە لەشی، وەك دەستی، یا سەری، لەکاتی تەوافو هەڵسووڕانا، لەسەر سەربانی ئەو کورتە دیوارەبێ، ئەوە تەوافەکەی دانامەزرێ، تەنانەت لەکاتی ماچکردنی بەردەرەشەکەو دیواری کەعبەدا، دەبێ هەردوو پێی لە جێگەی خۆیان چەسپ بکاو لە پاش ماچکردنەکە ڕێك لە شوێنەکەی خۆیدا ڕابوەستێتەوە، هەتا سەرو دەستی بکەونەوە دیوی دەرەوەی سەربانی ئەو کورتە دیوارە، ئەوسا هەڵسووڕانەکەی دەست پێ بکاتەوە! هەروا دەبێ

تـەواوی لەشـی تەوافکـەر لـە دەرەوەی حیجـری ئیـسماعیل بـێ، چـونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە دەرەوەی حیجر تەوافی دەکرد.

یـەکێ تریـان: ئەوەیـە دەبـێ هـەموو تەوافـەکان لـەناو حەوشـی مزگەوتەوەبێ، چونکە مزگەوتەکە هەمووی حـەرەم و بەسـتە، جا لەهـەر کوێیەکیدا بسوورێتەوە دروستە.

یـەکێ تریـان: ژمـارەی هەڵـسوڕانەکانە، کـە مەرجـە دەبـێ حـەوت تەواف بن. لەسەر فەرمایشتی دروست یەك لە شونیەکی (مووالات) فـەرز نیـە، بـەڵکوو سـوننەتە. سـوننەتە لـەناو تەوافـەکانا هـەر خـەریکی یـادی خودابێ! عەبدوڵڵای کوڕی سـائیب {رەزای خـوای لێبـێ} دەفـەرموێ: ژنـەوتم لـە زاری پـیرۆزی پێغەمبـەری خـوا {دروودی خوای لەسەربێ} لـە نێـوانی گۆشـەی یەمانی و حەجەرو لئەسوەدا دەیفـەرموو: (**ربنا آتنـا في الـدنيا حـسنة وفي الآخـرة حـسنة وقنـا عـذاب النـار**): خودایـە! ئـەی پـەروەردگاری میهرەبـان! هـەم لـە جیهانـاو هـەم لـە دوارۆژدا چـاکمان بۆبکـەو بەشـی باشمـان بـدەرێ، وە لـە سـزای ئـاگر بمانپـارێزە. (ئەحمـەدو ئـەبو داوودو نەسائی گێڕاویانەتەوە، ئیبنو حیببان و حاکم بە دروستیان داناوە). ئەبو هـورەیرەیش {رەزای خـوای لێبـێ} دەفـەرموێ: کەسـێ حـەوت جـار بـە دەوری خانەی خودادا هەڵسوڕێ و قسەی تر نەکا جگـە لـەم نزایـە، دە خراپـە لـە خراپەکانی کوێردەکرێتەوەو دە چاکەی بۆ دەنووسرێ و دە پایـەیش پێـی بەرز دەبێتەوە، نزاکەیش ئەمەیە: (**سـبحان الله والحمـد لله ولا الـه الا الله والله أكـبر ولا حـول ولا قـوة الا بـالله**) خـودا خودایـەکی پـاك و پیرۆزە، سـوپاس و سـتایش هـەر بـۆ خودایـە، هـەر یـەزدانی پـاك خـودای

راستو دروستەو خودای ترنیە خودا لە هەموو کەسێ گەورەترە، دەستەڵاتو هێزیش هەر بە دەستی خودایە. (ئیبنو ماجە). عائیشەیش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەڵسووڕانی دەوری خانەی خوداو هاتوچۆ لە ناوەندی صەفاو مەڕوەداو ڕەجمی شەیتان، بۆ ئەوە دانراون کە هەمیشە یادکردنی خودای گەورە پایەدار بێ (ئەبو داوودو حاکم).

بنیاتی چوارەم: هاتوچۆی نێوانی صەفاو مەڕوەیە، بەپێی کردنی پێغەمبەر خۆی، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەکاتی هاتوچۆی نێوانی صەفاو مەڕوەدا بەردەم ڕاگردنەوە فەرمووی: ئەم هاموشۆیە بە هەڕاکردن ئەنجام بدەن، چونکە خودای گەورە ئەم هەڕاکردنەی لە سەرتان نووسیوە، وەکی تریش ئەمە خواپەرستییەکی تایبەتە، لە کاتی حەجو عەمرەدا دەکرێ. مەرجە کە ئەم ڕاگردنە لە دوا تەوافێکی درووستەوەبێ، ئیتر خوا تەوافی ئیفاضەبێ، یا تەوافی هاتن (**طواف القدوم**)بێ، هەروا ڕیزلێگرتن مەرجە، لەسەر ئەم شێوەیە: لە صەفاوە دەست پێبکا، هەتا دەگاتە مەڕوە، وە حەوت جار هاتوچۆبکا لە نێوانی صەفاو مەڕوەدا، ڕۆیشتنەکەی جارێكو گەڕانەوەکەی جارێك، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئاوای دەکرد، لەم هاتوچۆیەدا پاکیو پۆشینی شەرمگاو مەرجەکانی تری نوێژ مەرج نیە، ئەم هاتوچۆیە بەسواریش دەبێ، بەڵام بە پیادەیی خێرترە، نەکردنی ئەم بنیاتە بەسەربڕینی ئاژەڵ پڕنابێتەوە، بەبێ کردنیشی نابێ ئیحرام بشکێنێ.

بنیاتی پێنجەم: تاشینی یا کورتکردنەوەی مووی سەرە، چونکە یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ} : چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: رەحمەتی خوا لەو کەسانەبێ کە لەپاش تەواوکردنی حەجو عەمرە سەری خۆیان دەتاشن، یارانیش عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خودا! رەحمەت بکە لەو کەسانەیش کە لە پاشکردنی حەجو عەمرە مووی سەریان کورت دەکەنەوە؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: رەحمەتی خودا لەو کەسانەیش بێ کە مووی سەریان کورت دەکەنەوە. (شەیخان) سەرتاشینو کورتکردنەوەی موو هەردوو لایان بۆ پیاوو ژن دروستن، بەڵام بۆ پیاو سەرتاشینو بۆ ژن کورتکردنەوە باشترە، لای کەمی کورتکردنەوە بۆ پیاوو ژن هەڵپاچینی سێ مووە، کاتێ موو هەڵپاچین بۆ حاجی لە پاش بەرد فڕەدانە بۆ کۆگابەردی جەمرەتولعەقەبە، وە بۆ عەمرەکەرو حاجی پشوو وەرگر لەپاش هەڕاکردنی نێوانی صەفاو مەروەیە، بۆ کەسێکیش ئاژەڵی دیاری بەیتی پێ بێ لەپاش سەربڕینی ئەو دیارییەیە لە مینا، بۆ حاجی، وە لە مەروە بۆ عەمرەکەر، بەڵام ئەوەیشمان لەیادبێ کە کاتی سەربڕینی دیاری بەیت، کاتی سەربڕینی قوربانیە، کە بڕتییە لە چوار رۆژەکەی جەژن. ئەو کەسەیش کە سەری مووی پێوە نەبێ هەر سوننەتە جەقۆ بهێنێ بەسر سەریا.

١٦٣) پێویستییەکانی حەج - ئەرکەکانی حەج:

لـە پێـشەوە گوتمـان بنیاتـەکانی حـەج پێـنجن‌و قـسەمان لێکـردن ئێـستا ئەرکـەکان (واجبـات)ی حـەج روون دەکەینـەوە، جیـایی نێـوانی بنیات‌و ئەرك ئەوەیە: حەج بەبێ کردنی بنیاتـەکانی دانامـەزرێ، ئەگـەر هەرکامێ لەو بنیاتانە فەوتان حەجەکـە پووچ دەبێتـەوە، بـە سـەربڕینی ئـاژەڵ تۆڵـەی ناکرێتـەوە، بـەڵام حـەج بـەبێ کردنـی ئەرکەکانیـشی دادەمـەزرێ، ئەگـەر ئـەرکێکی فـەوتا بەسـەربڕینی ئاژەڵـێ تۆڵـەی بـۆ دەکرێتەوە.

پێویستی یەکەم:-

ئیحرام دابەستنە. پێویستییەکانی ئیحرام دابەستن سێ شتن:

یەکەم: ئیحرام بەستنە لـەکات‌و شوێنی دیـاریکراوەوە بـۆ ئیحـرام دابەستن. جا ئەگەر لـە نیـشانگای ئیحـرام بـەبێ ئیحـرام دابەسـتن تێپـەڕ بـوو، ئەگـەر دەسـتی نـەکردبوو بـە کردارەکـانی حـەج‌و عـەمرە، ئـەوە لەسەریەتی کە بگەڕێتەوە بـۆ نیـشانگاکەو لـەوێ ئیحـرام دابەسـتێ، هـەتا ئەگـەر لـە پـاش تێپـەڕبوون لـە نیـشانگا (**میقـات مکـانی**) ئیحرامـی دابەسـتبوو، مـادەم دەسـتی نـەکردووە بـە کردارەکـان، بـەس ئەوەنـدەی لەسەرە کە بگەڕێتەوە بۆ نیشانگاو لەوێ ئیحـرام دابەسـتێ، بـەڵام ئەگـەر نـەگەڕایەوە، یا پاش ئـەوە گەڕایـەوە کـە بـەو ئیحـرام دابەسـتنە ناتـەواوە دەستی کردبوو بە کردارەکان، ئەوە خوێنێکی لەسەرە، واتە: لە کـەفارەتی ئەم سەرپێچییەدا دەبێ ئاژەڵێ سـەرببڕێ بـۆ هـەژارانی مەککـە، تەنانـەت ئەگەر لە بیریشی نەبووبێ یا بە هەڵە لە نیـشانگا تێپـەڕبووبێ هەروایـە،

ئەوەنـدە هەیـە لـەم دووکاتـەدا گونـاهی لەسـەرنییە. چاکتر وایـە لـە سـەرەتای نیـشانەگاوە ئیحـرام دابەسـتێ، هـەتا مـاوەی رێگەکـە بـە ئیحرامەوە ببڕێ، بەڵام بۆ نیشانگای ذولحولەیفە واباشە لەو مزگەوتەوە ئیحـرام دابەسـتێ کـە پێغەمبـەر (درووودی خـوای لەسـەربێ): ئیحرامـی لێـوە دابەستووە.

بزانن کە نیشانگا دوو جۆرە: کاتو شوێن، کاتی ئیحرامدابەستن بۆ حەج مانگی شەشـەڵانو ناوجـەژنانو دەشـەوی یەکـەمی مـانگی قوربانـە، دواشـەوی شـەوی جەژنـە، لەسـەر فەرمایـشتی دروسـت، بـەپێی ئایـەتی: {الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ - سورة البقرة - ٢/١٩٧}. واتـە: کـاتی خـەریکبوون بـە کردەوەکـانی حەجـەوە چـەند مـانگێکی ئاشـکراو دیاریکراون، وە بەپێی ئایەتی: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ - سورة البقرة - ٢/١٨٩} ئەمـە کـاتی دابەسـتنی حەج بوو، وە بـە درێـژایی سـاڵ ئیحـرام بـۆ عـەمرە دادەبەسـترێ، چونکە زاناکان یەك ران لەسەر ئەوە کە عەمرە هەموو کاتێ دروسـتە، لـە بـارەی نیـشانگای شوێنیـشەوە ئاوایـە: ئـەوەی نیـشتەجێی مەککەیـە - ئـیتر چ خـەڵکی مەککـەبێ، چ خـەڵکی شـوێنێکی تربـێ - ناوشـاری مەککەیـە، گوتراویـشە: مەککـەو هـەموو بەسـتی مەککـە نیـشانگایە بـۆ ئیحـرام دابەستن، واتە: نیشتەجێی مەککە لە مـاڵی خۆیـەوە ئیحـرام دادەبەسـتێ. بـۆ ئەوەیـشی کـە نیـشتەجێی مەککـە نـەبێ، سەرنج دەدەیـن: ئەگـەر ماڵەکەی دەکەوتە نێوان مەککەو نیشانگای ئیحـرام دابەسـتنەوە ئـەوە لـە دەرگـای مـاڵی خۆیـەوە ئیحـرام داببەسـتێ، خـواه گوندنـشینبێ، یـا

کۆچـبەری بـێو هـەوار نـشینبێ، ئەگـەر ماڵەکـەی دوورتربـوو لـە نیشانگاکان، ئەوە نیشانگاکەی یەکێکە لەم پێنج شوێنە:

یەکـەم: بـۆ ئـەو کەسـەی کـە لـە مەدینـەی نـازدارەوە هاتبـێ ذولحولەیفەیە، کە ئێستا ناودارە بەبیری عەلی، کە دو قۆناخ لـە مەککەوە دوورە.

دووەم: بـۆ ئـەو کەسـەی لـە شـامو میـصرو مەغریبـەوە هاتبـێ جوحفەیە.

سێیەم: بۆ ئەو کەسەی لە تیهامەی یەمەنەوە هاتبێ یەلەم لەمە.

چوارەم: بۆ ئەوەی لە نەجدی یەمـەنو نەجدی حیجازەوە هاتبـێ قەرنە. ئەم چوارەیان پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) لە فەرموودەیـەکا دەسـت نیـشانی کـردوونو بـە دەق نـاوی هێنـاون، لـە کۆتـایی ئـەو فەرموودەیەدا دەفەرموێ: ئەم شوێنانە جێگەی ئیحرام دابەستنن بۆ ئـەو کەسانەی کە دێن بۆ حەجو عەمرە، لە خـەڵکی ئـەم وڵاتانـەو لـە خـەڵکی وڵاتانی تریش کە بەسەر ئەم شوێنانەدا دێن بۆ حەجو عەمرە، وە کەسێ لەم شوێنانە نزیکتربوو ئەوە جێگەی ئیحرام دابەستنی لەو شـوێنەوەیە کە دەکەوێتەرێ! تەنانەت خەڵکی مەککە لە مەککەوە ئیحرام دابەستن.

پێنجـەم: وە بـۆ ئـەوەی لـە خۆرهەڵاتـەوە هاتبـێ، وەك عێـراقو خۆراسـان زاتوعیرقـە. لـە فەرموودەیـەکا دەفـەرموێ: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەربێ) زاتـورعیرقی دیاری کـردووە بـۆ جێگـە ئیحـرام بەسـتنی خەڵکی عێـراق. (ئەحمـەد/د/ن - سند صحیح). گوتراویـشە: عومـەر بـە تێکۆشان واتە: بە اجتهاد ذاتوعیرقی بۆ خەڵکی عێراقو خۆراسـان دیاری

کردووه. جا وەك گوترا هەرکەسێ ویستی بچێ بۆ حەج و عەمرە، وە ئیحرامی دانەبەست هەتا لە نیشانگا رەتبوو، وەبەو ئیحرامە ناتەواوە کرداریّ لە کردارەکانی حەج یا عەمرەی کرد، خوا ئەو کردارە فەرزبێ یا سوننەت، ئەوە خوێنێکی دەکەوێتە سەر، کە بریّتییە لە کاورێکی یەك ساڵە، یا لە چتیر بزنێکی دووساڵە. چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ کرداریّ لە کردارەکانی حەج و عەمرە نەکا خوێنێکی لەسەرە. (ئیبنو عەبباس بە مەرفووعی و بە مەوقوفی گێڕاویەتەوە).

پێویستی دووەم:

رەجمکردنی شەیتانە لەسەر ئەم شێوەیە: لە رۆژی یەکەمی جەژندا حەوت بەرد فڕێ دەدەن بۆ کۆگا بەردی جەمرەتولعەقەبە، لە رۆژی دووەم و سێیەم و چوارەمی جەژنا (کە ناوداران بەسێ رۆژەی ئەییامولتەشریق) بەرد فڕێ بدەن بۆ سەر هەرسێ کۆمەڵە بەردەکە، بۆسەر هەر یەکێکیان حەوت بەرد، جا ئەگەر کەسێ لە رۆژی دووەما رەجمی شەیتانی کردو ویستی لە خاکی مینا دەرچێ لە پێش خۆرئاوابوونا ئەوە دروستە و مانەوەی شەوی سێیەمی لە خاکی مینادا لە کۆڵ دەکەوێ، هەروا رەجمکردنی رۆژەکەیشی.

بزانن ژمارەی بەردی هەموو رۆژێ لەم سێ رۆژە بیست و یەك بەردە، مەرجە بەریز بەردەکان فڕێ بدا لەسەر ئەم شێوەیە: ئیبنو عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەیفەرموو: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە رەجمی شەیتانی دەکرد لەسەر ئەم شێوەیە دەیکرد: یەکەمجار حەوت بەردی

فـڕێ دەدا بـۆ کۆگـا بەردەکـەی ئـەولای مزگەوتەکـەی میناوە، لـەپاش هەڵدانی هەموو بەردێ ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، دەیفەرموو: (**الله أكبر، الله أكـبر، لا الــه الا الله والله أكـبر، الله أكـبر، ولله الحمــد**) ئینجـا دەچــووە پێــشەوەو بــەرەو رووگــە رادەوەســتاو هــەردوو دەســتی بــەرزدەکردەوەو دەسـتی دەکـرد بـە نزاکـردن‌و بـەپێوە زۆر دەپاڕایـەوە لەوێدا، ئینجا دەڕۆیشت بـۆ کۆگابـەردی دووەم، کـە نـاوداره بـە کۆمـەڵەی ناوەڕاست (واتـە: جـەمرەتول وسـطا) وە حـەوت بـەردی فـڕەدەدا بـۆ ئـەو میلەیش‌و لەپاش تێگرتنی هەموو بەردێ ئەڵلاهوئەکبـەری دەکـرد، ئنجا بـەلای چـەپا لـەلای شـیوەکەوە دادەپـەڕی‌و بـەرەو رووگـە رادەوەسـتاو هـەردوو دەسـتی بـەرز ەکـردەوەو دەسـتی دەکـرد بـە پاڕانـەوە، ئینجـا دەڕۆیشت بۆ کۆگابەردەکەی لای عەقەبـەوە حـەوت بـەردی فـڕێ دەدا بـۆ ئەم میلەیش، وە لەپاش تێگرتنـی هەربـەردێ ئـەڵلاهو ئەکبـەری دەکـرد، ئیتر دەگەڕایەوەو لەوێ نەدەوەستا. (بوخاری/ ئەبوداوود).

دەبێ شێوەی هاویـشتنەکەی بـە جـۆرێ بـێ پێـی بگـوترێ فڕێـدان، ئەگـەر بەردەکـەی هـەلگرت‌و داینـا لـەناو کۆگـا بەردەکـەدا، لەسـەر فەرمایـشتی دروست ئـەوە حسێب نیـە، چونکە بـەوە نـاگوترێ تێگـرتن، مەرجە مەبەستی لە تێگرتنەکەی فڕەدانبێ بۆ کۆگابەردەکـە، جـا ئەگـەر بەردێکی هەڵدا بەحەواداو کەوتە ناومیلەکەوە ئەوە حلێب نیـە، مەرجـە کە بەدەستی تێی بکرێ، ئەگەر بەقاچ تێیگرت، یا بەکەوان، یـا بـە بـەردە لاستێك حلێـب نیـە، مەرجـە ئـەو حـەوت بـەردە کـە فـڕێ دەدرێتـە سـەر کۆگابەردەکان یەکەیەکە فڕێ بررێت، وە نابـێ لـە جیـاتی شـتی تـر فـڕێ بـدرێ، ئەگـەر دوو بـەردی بـە یـەکجار تێگـرت وە هـەردوو بەردەکـەیش

کەوتنە ناکۆگاکەوە ئەوە بە یەك بەرد دادەنرێ، هەروا ئەگەر حەوت بەردیش بە جارێ تێبگرێ، ئەگەر لەبەر نەخۆشی یا لە بەرشتێ تر نەیتوانی خۆی رەجم بکا، بۆی هەیە کە یەکێ بکا بە وەکیل، مەرجە کە جێگرەکە بەردی خۆی فڕەدابێ، ئەوسا بەردی موکلکەی فڕە بدا دەنا دروست نیە.

پێویستی سێیەم:

مانەوەی شەوە لە موزدەلیفە.

پێویستی چوارەم:

مانەوەی شەوەکانی پاش جەژنە لە مینادا.

پێویستی پێنجەم:

خۆپاراستنە لەو شتانە کە بەهۆی ئیحرامەوە حەرام دەبن لەسەر حاجی (لە ئەصڵەکەدا دەفەرموێ: سێیەم سەرتاشین یا کورت کردنەوەیە، چوارەم و پێنجەمیش باس نەکرابوو، من لەبەر روونی و ئاسانی ئاوام نووسی، وە لە شەریعەتی ئیسلامی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسەوە نەقڵمکردن – وەرگێڕ).

١٦٤) حەجی ژن:

حەج لەسەر ژنیش وەك پیاو فەرزە، بەلام سەرەرای مەرجە پێشینەکان مەرجە کە ژن مێردی، یا کەسێکی خۆیی لە گەلابێ، یاخود کۆمەڵە ژنێکی باوەڕپێکراوبن، با خۆیی (مەحرەم) یشیان لەگەڵ نەبێ، کۆگر (ضابطە)ی خۆیی ئەوەیە: بە هیچ جۆرێ هەتا هەتایە مارەی لێی

نەبێ، بەهۆی ڕشتەی خزمایەتی یا ژن‌و ژنخوازای یا شیروخواردنەوە. ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: هیچ ژن‌و پیاوێکی بیانی دوو بە دوو بەبێ خۆیی ژنەکە لەگەڵ یەکا کۆنەبنەوە، ژنیش لەگەڵ خۆییدا نەبێ نەچێ بۆ سەفەر، پیاوێکیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من ژنەکەم دەچێ بۆ حەج‌و خۆیشم ناونووس کراوم بۆ ئەو غەزایە؟ فەرمووی: دەخۆیشت بڕۆ لەگەڵ ژنەکەتا حەج بکە. (بوخاری/ موسلیم) یەحیای کوڕی عباد دەفەرموێ: ژنێکی خەڵکی ڕەی کاغەزێکی نووسی بۆ ئیبراهیمی نەخەعی، لێی پرسی: من هێشتا حەجی فەرزم نەکردووە، کە یەکەم حەجەو پێی دەڵێن: حەجی ئیسلام وە دەوڵەمەندیشم، خزمی خۆییشم نیە کە لەگەڵما بێ بۆ حەج؟ یەحیا وەڵامی بۆ نووسییەوە: تۆ مەهانەی ڕەوات هەیە لەبەر ئەوە حەجت لەسەر نیە.

١٦٥) سوننەتەکانی حەج:

یەکەم: کردنی حەج بەحیا، چۆنێتی ئەم جۆرە لە حەج لە پێشەوە ڕابوورد.

دووەم: لەبەیکە کردنە، بەم شێوەیە: (**لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك. ان الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك**). سوننەتە لەگەڵ نێتەکەیدا لە ببەیکە بکا، چونکە پاشینان وایان نەقڵ کردووە لە پێشینان، سوننەتە لەپاش ئیحرام دابەستن زۆر خەریکی لەببەیکەکردن بێ، بە تایبەتی لەکاتی گۆڕانی وەزعدا، وەك سواربوون‌و دابەزین‌و سەرکەوتن بۆ شوێنی بەرزو داپەڕین لە شوێنی بەرزەوەو

تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵدا، لەکاتی داهاتنی شەوو هاتنی ڕۆژدا، لەکاتی بێنوێژیی‌و لەشپیسی‌و زەیستانیشدا لەبیەیکە زۆرکردن سوننەتە، هەروا لە مزگەوتی ئەلخیفداو لە مەسجیدولحەرامدا، بەڵام لەکاتی تەوافی قودومو لە تەوافی سەفاو مەڕوەدا تەلبییەکردن سوننەت نیە، چونکە ئەمانە ویردی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروا لە تەوافی ئیفاضەو تەوافی ماڵئاواییدا لەبیەیکە نەکات، چونکە کاتی بەسەرچووە، چونکە کاتی لەبیەیکەکردن لەگەڵ ڕجمکردنی شەیتان لە جەمرەتولعەقەبە بەسەردەچێ. سوننەتە بۆ پیاو نەك بۆ ژن دەنگ لە لەبیەیکەکردن هەڵبڕێ، سوننەتە کە لەبیەیکەی تەواوکرد سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} بدا، وە داوای بەهەشت‌و ڕەزامەندی خودا بکا، وە پەنابگرێ بەخودا لەئاگری دۆزەخ! ئەوجا بە ئارەزووی خۆی نزابکا، لەکاتی تەلبییەدا باقسە نەکا، سلاوکردن لێی لەوکاتەدا ناباشە، بەڵام ئەگەر کەسێ سلاوی لێکرد وەڵامی دەداتەوە.

سێیەم: تەوافی هاتن، کەناودارە بە تەوافی قدووم، چونکە ئەم تەوافە دیاری (تحیە)ی بەیتولحەرامە. لە صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {درودی خوای لەسەربێ} کە تەشریفی گەیشتە مەککە تەوافی بەیتی کرد.

بەڵام ئەگەر عەمرەکەر تەوافی عەمرەیکرد، بری تەوافی هاتن دەکەوێ، هەر وەك چۆن کردنی نوێژی فەرز برێتیی نوێژی دیاری مزگەوت دەکەوێ.

چوارەم: شەومانەوە لە موزدەلیفە، بەوە دەیتەجێ کە زوربەی شەو لــەوێ بــێ، رافیعــی وا دەفــەرموێ: گوتراویــشە: دێتــەجێ بەیــەك چاوترووکان لە پاش نیوەشەو، نەوەویش (رەحمەتی خوای لێبێ) ئەمە بە لەبارتر دەزانێ.

پێنجەم: دوو رکات سوننەتی تەوافی فەرزە، هەندێ دەفەرموون ئەم دوو رکاتە فەرزە، بەڵام قسەی دروست ئەوەیە کە سوننەتەو فەرز نیە، چونکە لە فەرموودەیەکی شەیخەیندا دەفەرموێ: پیاوێ لە بارەی ئیسلامەوە پرسیاری هەبوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە شەوو رۆژێکا دەبێ پێنج نوێژ بکەی، پیاوەکە گوتی: باشە نوێژی ترم لەسەرە یانا؟ فەرمووی: نەء، نوێژی ترت لەسەر نیە، مەگەر بە ئارەزووی خۆت نوێژی سوننەت بکەی[1].

---

[1] لێرەدا دانەر دەفەرموێ: خامسها: (رکعتا الطواف (أی طواف الفرض) لقوله (*صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ*) (خمس صلوات في اليوم والليلة) تا کۆتایی فەرموودەکە. دیارە کە ئەمە ئیختصارێکی زۆر موخیللە بۆ ئەم عیبارەتەی کیفایە کە، کە دەفەرموێ: (ورکعتا الطواف.. واختلف في رکعتی الطواف.. فقیل بوجوبهما والصحیح عدم وجوبهما لقوله علیه الصلاة والسلام: (خمس صلوات.. الخ)، جا لەبەر ئەوە ناچار بووم کە راستی بکەمەوە. لە راستیدا مـن بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر شارەزاییەکی باشم نەبوایە لە حەدیپدا، وە ئەصڵی حەدیپو مەسەلەکەم لەسەر چاوەکاندا نەدۆزیایەتەوە لەم تەرجەمەدا تووشی هەڵەی گەورە گەورە دەبووم، چونکە بە راستی ایجازی مخلّی زۆر تیادایە، ئەو رەشە خەڵکە لە کوێ لەم هەمکە مەتەڵو برووسکەو هێماو رەمزو ئاماژەیە تێدەگا.. ئەگەر کەسێکی بە ویژدان ئەصڵەکەو تەرجەمەکە بەرابەر بکا، ئەوسا بۆی دەردەکەوێ کە زۆر شوێن لە ئەصڵەکە وەك هەواڵەکردنو مەتەڵ داهێنان وایە. فەرموو

شەشەم: شەو مانەوە لە خاکی مینا لە ڕۆژی جەژنو سێ ڕۆژەکانی دوای جەژندا. بەوە دێتەجێ کە زوربەی شەوەکان لەوێبێ.

حەوتەم: تەوافی ماڵئاوایی، کە بریتییە لە دواشت کە حاجی دەیکا، دەگێڕنەوە: عومەر {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دواهەمین کردارەکان تەوافی بەیتە (مالیك لە مووەطادا دەیگێڕێتەوە).

١٦٦ خۆ ڕووتکردنەوە لە جلو بەرگی دووراو:

ڕاجیایی هەیە لە نێوانی زاناکاندا کە ئایا خۆ ڕووتکردنەوەی پیاو لە جلو بەرگی دووراو، سوننەتە یا پێویستە، هەندێ دەفەرموون: فەرزە، ئەمە بڕیاری ڕافیعیو نەوەوییە، کەسانی تر هەن دەفەرموون: سوننەتە، ئیسنائی دەفەرموێ: ئەم ڕایە بەجێیە.. جا کاتێ خۆی ڕووتکردەوە سوننەتە دوو پارچە بەرگی سپی تایبەتی (ئیزارو ڕیداء) بپێچێ بە خۆیەوە، جووتێ سۆلیش لەپێ بکا، ئیبنولونذیر دەفەرموێ: چەسپیوە کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کە ئیحرام دادەبەستن بەشتە ماڵێکی سپیو بەرکۆشێکی

چی لەم عیبارەتە تێ دەگەی: (الواجب الثاني: رمي الجمار الثلاث ثلاث مرات أيام التشريق الثلاثة غير جمرة العقبة فانها ترمى اليها سبع حصيات فقط!!) کە ئەمە جۆرە تەحریفێکە بۆ کیفایەکە. دەفەرموو، تەرجەمەکەی لە زنجیرە (١٦٢)دا بخوێنەوە، هەتا ڕاستو دروستی ئەم ڕوونکردنەوەیەت بۆ ڕوون ببێتەوە.

- وەرگێڕ -

سپی بپۆشن لەگەڵ جووتێ شوڵدا. لە بوخاری شەریفیشدا دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {درووددی خوای لەسەربێ} کە ئیحرامی دەبەست، ئیزارو ریدائێکی دەپۆشی، هەروا هاورێکانیشی. (موسلیم) بەرگی سپیش بۆ ئیحرام بەپێی ئەم فەرموودەیە: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (البسوا من ثیابکم البیاض.. الحدیث)، تەرجەمەکەی لە زنجیرە (١٠٣)دا رابورد. بۆ ئیحرامدار جلی رەنگکراو ناپەسەندە، وە سوننەتە لە پێش ئیحرام دابەستندا دوو رکات نوێژی سوننەت بکا، بە نیازی سوننەتی پێش ئیحرام، لە رکاتی یەکەمدا {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ}ە بخوێنێو لە دووەما {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} هەتا ئەگەر لەمکاتەدا نوێژی فەرز بکا برێتیی ئەم سوننەتە دەکەوێ.

١٦٧) ئەو شتانەی نادروستن بۆ ئەو کەسەی لە ئیحرامدابێ:

ئەو شتانە کە نادروستن لەسەر مرۆڤ لە ئیحرامدادە شتن:

یەکەم: لەبەرکردنی جلی دووراو.

دووەم: ئەوە کە پیاو هەموو سەری، یا هەندێکی داپۆشێ.

سێیەم: ئەوەیە کە ئافرەت رووی خۆی داپۆشێ. جا کاتێ پیاو ئیحرامی بەست ئیتر نابێ، زیاد لە بەرگی ئیحرام شتی تر لەبەر بکا، خوا دووراو بێ وەك کراسو دەرپێو کەواو شتی وا، یا چنراوبێ وەك فانیلە، یا هۆنراوبێ وەك کراسی زریە، وە نابێ سەری بە کڵاوو مێزەرو

شتی وا داپۆشێ، بەڵکوو دەبێ قەناعەت بکا بە تەنها ئەو دوو خاولییە گەورەیە.لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: ئیبنو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} فەرمووی: پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەرگی ئیحرام چییە بۆ کەسێ لە ئیحرامدا بێ؟ فەرمووی: مێزەرو کراسو دەرپێو خوف لەبەر نەکا، ئەگەر کەسێ جووتێ سۆڵ (وای) دەست نەکەوت (کە هەموو پەنجەکانی بە دەرەوە بێ) ئەوا با جووتێ خوف (لە خوار قاپەڕەقەڵەیەوە ببڕێتەوە) ئەوجا لە پێیان بکا، وە هەر بەرگێ زەعفەرانو وەرسی پێوەبێ لەبەری مەکەن.

دەڵێن: ئەگەر کەسێ سۆلی دەست نەکەوت دروستە جووتێ خوف لەپێبکا، وە نەیشی بڕێتەوە قەیناکا، بەلاّم واباشە بیکات بە سەرپێوە، گوایە فەرموودەکەی بڕینەوەی خوف لە قاپەرەقەڵەدا، بەم فەرموودەیە هەڵوەشاوەتەوە کە دەفەرموێ: ئیبنو عەبباس {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی کەسێ جووتێ سۆلی دەست نەکەوت ئەوا جووتێ خوف لەپێ بکا، وە کەسێ پەشتەماڵ (إزار)ی دەست نەکەوت، با دەرپێ لەپێ بکا. (شەیخان. واتە: شێخی بوخاریو شێخی موسلیم گێڕاویانەتەوە).

ئەو بڕیارەیش کە دەفەرموێ نابێ ئیحرامدار سەری داپۆشێ بە پێی ئەم فەرموودەیە: پیاوەکەی کە لە ئیحراما لە وشترەکەی کەوتە خوارەوەو ئەمری خودای کرد، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: سەری دامەپۆشن بە چمکی کفنەکە، با سەری بەدەرەوە بێ، چونکە ئەمە کە لە رۆژی قیامەتدا زیندوو دەبێتەوە، لەسەر ئەم حاڵەی ئێستای بە بەرگی ئیحرامەوە زیندوو دەبێتەوە! (شەیخان) دروستە بە تالێ بەن،

یا بە بەندەخۆێنێ بەکۆش (ئیزار)ەکەی قایم بکا بە قەدیەوە، یا پشتێنێکی بەسەردا ببەستێ، یا سەرێکی ببەستێ بە خاولییەکەی ناوشانیەوە، بەلام دروست نیە بییان دووریٚ بەیەکەوە، هەروا دروست نیە چمکێکی خاولییەکەم ناوشانی ببەستێ بە چمکێکی تریەوەو کرێی بدا، یا بییان دوریٚ بە یەکەوە، یا بە تالێ بیان بەستێ بە یەکەوە، دروستیشە ئیحرامدار شمشێر بکاتە ملیو کەمەربەندی پارەکەی ببەستێتە پشتی. ئەمە بۆ پیاو بوو، بەلام ژن بەس روخساری نابێ داپۆشێ، چونکە روخساری ژن لەم بارەیەوە لە حوکمی سەری پیاودایە، داپۆشینی دروست نیە، بەلام دەبێ سەریو باقی لەشی بە جلو بەرگ داپۆشێ، بەهی دووراویش دروستە، وەلێ ئەوەندە هەیە ژن بۆی هەیە پەچە بگرێتەوە، یا بە رووپۆشێ رووی خۆی بپۆشێ، بە مەرجێ ئەو پەچەو رووپۆشە نەکەوێ لە روخساری، ئیتر لەبەر پێویستی وا بکا، یا بە ئارەزوو، یا لەبەر گەرماو سەرما، یا لەترسی ئاژاوەو روانینی ناڕەواو شتی وا ئەوە چون یەکە.

چوارەم: شانەکردنی مووی سەروریشو هەموو موویەکی تر نادروستە، چ بۆ ژن، چ بۆ پیاو، تەنانەت ئەگەر دەیزانی بە خوران بە نینۆك مووەکان هەڵ دەوەرێن ئەوەیش دروست نیە، چونکە لەکاتی ئالۆسکانو پەستان بەسەریەکا شتی وا روودەدا، هەروا چەورکردنی مووی ریشو سەرو سمێڵو ئەندامانی تری لە بۆ پیاوو ژن نادروستە.

پێنجەم: لابردنی مووی لەشو جەستەیە ئیتر بە تاشین بێ، یا بە هەڵکەندنو هەڵکێشان بێ، یا بەکوتکردنەوە بێ، یا بەهەڵکورووزان بێ، یا بەرووتانەوەبێ بەهۆی دەرمانی حەمامەوە، ئەمانە هەمووی چون

یەکەو حەرامە، سەرتاشین بەدەقی ئایەتی قورئان حەرامە کە دەفەرموێ: {وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ - سورة البقرة - ٢/١٩٦}.

شەشەم: لابرنی نینۆکیش وەك لابردنی موو نادروستە، ئیتر بەرهەرشتێ نینوکی بکا نادروستە، با بەددانیش بیقرتێنی، یا بەدەست بیشکێنێ، چونکە زاناکان بەیەك دەنگ بڕیاریان داوە کە ئەوە نادروستە.

حەوتەم: بەکارهێنانی بۆنی خۆش بۆجل‌و بەرگ‌و لەش نادروستە، چونکە ئەوە کەیف‌و سەفایە، حاجیش دەبێ سەرگەرمی کارەکانی حەجبێ‌و بەهۆی ئەوەوە قژئاڵۆسکاوی تەپ‌و تۆزاوی بێ‌و، سەرقژنەو بۆرەکەڵ بێ، وەك لە فەرموودەدا وا دەفەرموێ. لەبەر ئەوەیش کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەم بۆنی خۆشەی کەواپێتەوە سێ جار بیشۆ، مەبەست ئەوەیە ئەوەی بۆنە خۆش بێ - وەك گوڵ‌و ڕێحانەو یاسەمین‌و وەنەوشە - نابێ نەبیدا لە خۆی‌و نەبیدا لە دەمووچاوی. بەڵام ئەگەر پارچەیێ میسکی هەڵگرت، یا هەر بۆنێکی تری لەکیسەو شووشەو پریاسکەی بەستراوەدا هەڵگرت ئەوە نادروست نیە، خوا بۆنی بکا یا بۆنی نەکا. ئەمە شافیعی بە دەق فەرموویەتی.

هەشتەم: ڕاوکردن‌و کوشتنی نێچیر. مەبەست لە نێچیرە هەموو گیاندارێکی دەرەکی وایە کە گۆشتی بخورێ، ئیتر خوا ماڵی بووبێ یا کێوی بێ، خوا چوارپێ بێ یاخود مەل‌و باڵندەبێ، چونکە هەردوولایان پێیان دەگوترێ نێچیر. سەر بەڵگەی نادروستیی ڕاوی نێچیر ئەم

ئایەتەیە: {وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا – سورة المائدة – ٩٦/٥} واتـە: راوی نێـچری وشـکانی لـە ئێـوە حەرامـە، کاتـێ لـە ئیحرامدابن.

گیانداری کە گۆشتی نەخورێ بە نێچیر دانانرێ، لەبەر ئـەوە راوو کوشتنی نادرست نیـەو تۆڵە لەسـەر بکوژیـان نیـە، بـەڵکوو ئـەم چەشـنە هەیانە کوشتنی بۆ ئیحرامدارو بێ ئیحـرام سوننەتە، چونکە ئازاردەرو وەزەنکـەرن، بـەڵکوو ئیمـامی رافیعـی {رەزای خـوای لێبـێ} لەسـەر باسـی خواردەمەنییەکانا دەفەرموێ: دڕنـدەو جانـەوەری زیانـە خـورۆ پێویستە بکـوژرێن، وەك مـارو دووپـشكو مـشكو سـەگی نهێنگـرو سـەگی هـارو قەلەڕەشـەو گـورگـو شـێرو پڵـنگـو ورچو سیـسارکەو هـەڵۆو کـێچو مێشوولەو زەردەواڵەو زەردەزیرە.

نۆیـــەم: ژن بەشـــوودانو ژن مارەبڕینـــە، هـــەروا ســـەرجێیو دروستبوونو دسبازی بە شەهوەتەوە. ئیحرامدار دروست نیە بۆی کە ژن بۆ خۆی مارە ببڕێ، یا ژن لـە کەسێکی تـر مـارە ببڕێ، خـوا بـە سیفەتی جێکـاریی (وەکالـەت)بـێ، یـاخود بـە سیفەتی هەقـداری (ویلایـەت)بـێ. چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئیحرامدار نەژن لـە خۆی مارەدەکـا، نـەژنیش لـە کەسـێ تـر مارەدەکـا لـە گێڕانەوەیـەکا: نابـێ خوازبێنیش بکا. (موسلیم) لە گێڕانـەوەی دارە قوطنیـدا: ئیحرامـدار نـە ژن دێنێو نە ژن لەکەسـێ مـارە دەکا. جا گریمان ئەگـەر ستی وای کـرد ئـەوە گرێـدان (عەقـد – مـارەبڕین)ەکـە پووچـە، چـونکە ئـەم جـۆرە نەیکردنـە نادروسـتیو تێکـچوون دەخـوازێ، ئـەم بڕیـارە یـەکگرتنی

هاوڕێیانی پێغەمبەری لەسەرە. خوای گەورە لە بارەی جووتبوونەوە لەگەڵ ژندا دەفەرموێ: {الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ – سورة البقرة – ١٩٧/٢} واتە: کاتی خەریکبوون بە کردەوەکانی حەجەوە چەن مانگێکی ئاشکراو دیاری کراون، جا هەرکاتێ خەریك بوون بە ئادابی حەجەوە، لەکاتی حەجدابەستنەوە ئیتر نابێ بچنە لای حەلاڵی خۆتان، وە نابێ دەرچن لە یاسای ئایینو نابێ کاری بەدبکەن، بەهیچ جۆرێ نابێ دەرچن لە یاسای دامەزراوی حەج، هەروەك جووتبوونو کەیفکردن لەگەڵ ژندا نادروستە خۆرەحەتکردنیش نادروستە، چونکە لە شوێنی بۆنی خۆشو ژن مارەکردن، کە هۆکارن لە بۆ جووتبوون، نادروست بن، دیارە کە جووتبوونو شتی وا نادروستترن، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا تێکەڵی ژنو پیاوو کەیفکردنیان پێکەوە لەکاتی خەڵوەکێشان – واتە: اعتكافدا - کە لەحەج بچووکترە، نادروستە، کەواتە چۆن لەکاتی حەجدا دروست دەبێ، بەڵکوو لەم کاتەدا پتر نادروست دەبێ.

١٦٨) تۆڵە (فیدیە) پێویستە لەسەر کەسێ ئەمانە بکا:

ئەم شتانە کەباسمانکردن، هەموو نادروستن، کەسێ بیانکات، تۆڵەی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەمە باسێکی دوورو درێژە، لقو پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەم چەند شتە دەکەین: لەکاتی دسبازیو ماچو مۆچا کاتێ تۆڵەی دەکەوێتە سەر کە ئاوی

بێتــەوە. ژن مــارەکردنیش تۆڵــەی نیــە، چــونکە کارەکــە دانامــەزرێو مەبەستەکە نایەتە جێ، جووتبوونیش، چ بەپێش بـێ، چ بـەپاش بـێ چ لەگەڵ ئادەمیزادا بێ، چ لەگەڵ گیانلەبەری تردا بێ، حەجو عـەمرە هـەڵ دەوەشێنێتەوە، ئاشکرایە کە عەمرەیەك ئیحرام شکاندنی هەیە، ئەوەندە هەیـە هـەر چـەند عـەمرەو حەجەکـەی بـەتاڵ دەبنــەوە، بـەڵام دەبـێ تەواویان بکا، چونکە خـوای گـەورە دەفـەرموێ: {وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ – بر: ز – ١٥٨} = راڤەی ئەم ئایەتە لە زنجیرەی (١٥٨)دا رابورد.

هەروەها پێویستە لە ساڵی دواییدا بەبێ تەفرە قـەزای ئـەو حـەجو عەمرەیــە بکاتــەوە، ئــیتر حەجەکــە فــەرزبێ ســا ســوننەتبێ قــەزا کردنەوەکـەی چـون یـەك پێویستە. ژن ئەگـەر پیـاو بـەزۆر جـووت بـوو لەگەڵیـدا، یاخـەوتبوو، ئـەوە حەجەکـەی بـەتاڵ نابێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر رەزای خـۆی بـوو، وە دەشـیزانی کـە ئـەو ئیـشە نادروسـتە ئـەوە حەجەکەی پووچ دەبێتەوە.

١٦٩) کەســێ فریــای وەســتان لــە غــەرەفات نەکەوێ حەجی لە دەست دەچێ:

هەرکەسێ لەپێش شەبەقی بـەیانی رۆژی جەژنـدا فریـای وەسـتانی عەرەفە نـەکەوێ، حـەجی ئـەو سـاڵەی لـەکیش دەچـێ! چـونکە پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ لە شەوی جەژندا فریای هـاتن بـۆ عەرەفات بکەوێ ئەوە فریای حـەجی ئەوساڵە دەکـەوێ، هەرکەسـێ هـەتا شەوی جەژن تەواو دەبـێ فریـای هـاتن بـۆ کێـوی عەرەفـە نەکـەوێ ئـەوە

حەجی ئەو ساڵەی لە دەست دەچێ، با ئیحرامی عەمرە دابەستێ، لە ساڵی دواییشدا حەجی لەسەرە (دارە قوطنی) چونکە وەستان لە عەرەفە بنیاتێکە بەستراوە بە کاتێکی تایبەتەوە، کە کاتەکە بەسەرچوو ئەویش بە سەردەچێ، کە بنیاتێکیش لە کارێ فەوتا، کارەکە گشتی دەفەوتێ، رێك وەم نوێژی هەینی کە کاتەکەی بەسەر چوو خۆشی بەسەردەچێ، جا لەم کاتەدا بەبێ درەنگ کرداری عەمرەیێ تەواو دەکاو ئیحرام دەشکێنێ، کە بریتییە لە تەوافو هەڕاکرنو سەرتاشین، بەبێ راجیایی دەبێ بۆ ئەم عەمرە تەواف بکا، بەڵکوو دەبێ هەڕاکردنیش ئەنجام بدا، ئەمە کاتێ وایە ئەگەر لە پاش تەوافی هاتن هەڕاکردنی نێوانی سەفاو مەڕوەی ئەنجام نەدابوو، بەڵام رەجمی شەیتانی لە مینا ناوێ، هەروا سوننەت نیە شەویش لە مینا بمێنێتەوە، با کاتی ئەم دوو شتەیش مابێ، گوتمان ئەم جۆرە کەسە کە دێن بۆ حەجو فریای وەستان لە خاکی عەرفە ناکەون، دەبێ لە ساڵی ئایندەدا ئەو حەجە قەزابکەنەوە، هەروا دەبێ دیاری بەیتیش سەربڕن... دەگێڕنەوە: هەبباری کوڕی ئەسوەد، لە رۆژی جەژندا دێ بۆ خزمەتی ئیمامی عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! ژمارەی رۆژەکانمان لێتێکچوو، بۆیە وا درەنگ هاتووین، دەی چارمان چییە؟ عومەر پێی دەفەرموێ: بڕۆ بۆ مەککە لەوێ تەوافی بەیت بکە، خۆتو ئەوانەی کە لەگەڵتان، ئەوجا هەڕاکردنی نێوانی سەفاو مەڕوە ئەنجام بدەن، ئەگەر هێناوتانە سەرو دیاری بەیتیش سەربڕن، ئەوجا یا سەرتان بتاشن، یا کورتی بکەنەوە، ئیتر بگەڕێنەوە بۆماڵەوەتان، لە ساڵی ئایندەدا حەج بکەنو دیاری بەیتیش سەربڕن، بەڵام ئەگەر کەسێ دیاری لەباردانەبوو، با سێ رۆژ

لەکاتی حەجداو حەوت رۆژ لە ولاتی خۆی بەرۆژوو بێ! (مالیك {رەزای خوای لێبێ} لە مووەطادا بە رشتەیەکی دروست دەیگێڕێتەوە) جا ئەم بڕیارەی عومەر شۆرەتی دەرکرد، وەکەس رەخنەی لێی نەبوو، لەبەر ئەوە سەری گرتو بوو بە یەکگرتنی نەتەوە (ئیجماعی ئوممەت).

١٧٠) کەسێ بنیاتێ نەکا حوکمی چییە:

ئەگەر کەسێ بنیات (روکن)ێ لە بنیاتەکانی حەجی لە کاتو شوێنی خۆیدا نەکرد، نابێ ئیحرام بشکێنێ، بەڵکوو ئەگەر مەودای مابوو دەبێ بگەڕێتەوە سەری‌و بیکا، وە نەکردنی بنیات بەخوێن تۆڵەی ناکرێتەوە، چونکە حەجەکە بەبێ ئەو تەواو نابێ، چونکە ماهییەت‌و چییەتی حەج بەبێ کردنی گشت بنیاتەکانی نایەتە جێ، چونکە چییەتی (ماهییەت)ی شت بە فەوتانی بەشێکی، گشتی دەفەوتێ، وەك نوێژ هەتا گشت بنیاتەکانی ئەنام نەدا نابێ دەستی لێهەڵبگرێ.

١٧١) ئەو گیاندارەی کە سەربڕینی پێویست دەبێ لە ئیحرامدا:

ئەو خوێنانەی کە کردنیان بەم بۆنەیەوە پێویست دەبێ، بەهۆی نەکردنی ئەرکێکەوە (واتە: واجبێکەوە)، یا بەهۆی کردنی شتێکی قەدەغەوە، مەڕە یا بزنە بە مەرجێ بۆ قوربانی بشێن، بەڵام لەکاتی جووتبووندا دەبێ وشترێ سەربڕێ بۆ گەدایانی بەست (حەرەم)ی

مەککە. تەنیا ئەوەندە هەیە تۆڵەی راوی نەچیر بەم شێوەیە: هەر نەچیرێ بکوژێ دەبێ بە وێنەی خۆی تۆڵەی بدا: لە جیاتی بچووك بچووك‌و لە جیاتی گەورە گەورە.

١٧٢) ئەو خوێنە پێویستانە پێنجن:

یەکەم: خوێنێکە کە پەیوەندی بە نەکردنی ئەرکێکەوە هەبێ وەك نەکردنی ئیحرامدابەستن لە نیشانگاو جێگەدابەستنی خۆیدا، وەك نەکردنی رەجمی شەیتان، ئەم خوێنە خوێنی ریزلێگرتن‌و قەبلاندنە، واتە: دەبێ بە ریزیەکێ لەم سێ شتە بکا: پێویستە مەڕێ یا بزنێ بدا بە هەژارانی بەستی مەککە، ئەگەر ئەوەی پێنەکرا مەڕێ بقەبلێنێ بە پارەو بە پارەکە خۆراك بکڕێ‌و بیکا بە خێر، ئەگەر ئەوەیشی بۆ نەکرا، لە جیاتی هەر مشتی لەو خۆراکە، کە مەرجە پێبژیوی بێ، رۆژێ بە رۆژووبێ. رافیعی لە (المحرر)دا ئەمە دادەنێ بە فەرمایشتێی دروست، خاوەنی مەنهەجیش لەم بڕیارەدا پەیڕەوی رافیعی دەکا.

دووەم: ئەو خوێنەیە کە بەهۆی سەرتاشین‌و رابواردنەوە پێویست دەبێ، جا ئەگەر کەسێ سێ تەڵ مووی لە لەشی خۆی بڕی یا زیاتر، یا سێ نینۆکی خۆیی کرد ئەمە پێویست دەبێ لەسەری: یا ئاژەڵێکی وا سەربڕێ کە بۆ قوربانی بشێ، یا سێ مەن پێبژێوی بدا بە شەش گەدا، یا سێ رۆژ بەرۆژووبێ! ئەم خوێنەیش خوێنی وەجەڵ دیاریکردن‌و سەپشککردنە، واتە: پێویستە لەسەرت یا خوێنێ بکەی یا وەجەڵە دیاریکراوەکەی بکەی، وە لەکردنی هەریەکێ لەم دووشتە خۆت

سەرپشکی. سەر بەڵگەی ئەم سەرپشکییە ئەم ئایەتەیە: {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ – سورة البقرة – ١٩٦/٢} واتە: هەرکەسێ لە ئێوە لەکاتی ئیحرامدا نەخۆش کەوت یا ئازارێ لە سەریدا بوو، بەهۆی یەکێ لەم دووشتەوە بە ناچاری سەری خۆی تاشی، ئەوە لە سەریەتی تۆڵەیێ بدا لە باتی ئەو سەرتاشینەی، ئەو تۆڵەیە سێ جۆری هەیە خۆی سەرپشکە لە کردنی یەکێکیان، کە بریتین لە ڕۆژووی سێ ڕۆژ، یا خواردە مەنی شەش هەژار، یا ئاژەڵێ سەربڕێو دابەشی بکا بەسەر هەژارانا. پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) لەم فەرموودەیەدا ئەم مەسەلەیەی روونکردۆتەوە: کەعبی کوڕی عوجرە (ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: لەکاتی حودەیبییەدا ئاگرم لە ژێر مەنجەڵێکا خۆش دەکرد، ئەسپێ لەسەرم هەڵ دەوەری لە بەرزۆری، لەوکاتەدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) تەشریفی هات بۆ لام، فەرمووی پێم: ئەم جرِوجانەوەرانەی سەرت ئازات دەدەن؟ وتم: بەڵێ. فەرمووی: سەرت بتاشە، لە پاشا یا مەڕێ یا بزنێکی خێر سەربڕە، یاخود سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بە، یا خود سێ مەن خورما بدە بە شەش هەژار. (شەیخان). ئەوەیشمان لە یادبێ کە نینۆککردنیش رێك وەك سەرتاشین وایە بۆ ئەم تۆڵەیە، هەروا هەموو رابواردنەکانی تریش، وەك بۆنی خۆشو خۆچەورکردنو جلی دووراو لەبەرکردنو بەراییەکانی سەرجێیی، چونکە هەموو ئەمانە بەشێکن لە رابواردنو کەیف.

سێیەم: ئەو خوێنەیە کە بەهۆی ئیحصارەوە پێویست دەبێ، جا ئەگەر حاجی یا عەمرەکەر رێگەی حەجی لە لایەن دوژمنەوە لێگیراو نەیتوانی حەج یا عەمرەکەی یا هەردووکیان تەواو بکا، خوا ئەو شوێنە

خاکی بەست بێ یانە، وەرێگەی تریش نەبوو جگە لەو رێگەیە کە چووبووە بەست، ئەوە ئیحرامەکەی هەڵدەوەشێنێتەوەو لە کوێدا رێگەی لێقەدەغە بووبوو لەوێدا ئاژەڵێ بە دیاری سەردەبڕێ بۆ هەژارانی ئەو جێگەیە، لای کەمی ئەم ئاژەڵە مەڕ یا بزنێکە کە دەست بدا بۆ قوربانی، ەبێ نیازی ئیحرام تێکدان بهێنێ. سەر بەڵگەی ئەم کارە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: {فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ} واتە: ئەگەر قەدەغەکران لە تەواوکردنی خودا پەرستییەکەتان ئەوە ئاژەڵێ بکەن بە دیاری، بەپێی توانای خۆتان. دەربڕینی مەبەستی تەواو لە ئایەتەکە ئاوایە: ئەگەر رێتان لێچووە بەست، بۆتان هەیە ئیحرام هەڵوەشێننەوە، بەڵام ئاژەڵێکی دیاریتان دەکەوێتە سەر. لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ساڵی رێککەوتنی حودیبییە لە ئیحرامی عەمرەدا بوو، هاوبەشپەیداکەرەکان رێگەیان نەدا عەمرەکەی تەواو بکا، لەبەر ئەوە ئیحرامی شکاند. دەبێ لە پێش سەرتاشیندا، بۆ ئەم ئیحرام شکاندنە، ئاژەڵی دیاری سەربېڕێ، نەك بە پێچەوانەوە چونکە خوای مەزن دەفەرموێ: {وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ - سورة البقرة - ٢/١٩٦} واتە: سەرتان مەتاشن هەتا دیارییەکە دەگاتە جێگەی سەربڕینی خۆی.

چوارەم: خوێنی پێویست بەهۆی گوشتنی نێچیرەوە. ئەم خوێنە ئاوایە: ئەو نەچیرە کوژراوە ئەگەر وێنەداربوو، ئەوە خۆی سەرپشکە بە یەکێ لەم سێ شتە: یا وێنەکەی سەربېڕێو بیبەخشێتەوە بەسەر هەژارانی بەستی مەککەدا، یا ئەو ئاژەڵەی کە دادەنرێ، بە وێنەی نەچیرە راوکراوەکە، دەقەبلێنێ بە پارەو پارەکەی دەدا بە خواردەمەنیو

خواردەمەنییەکە دەدا بە هەژارانی بەستی مەکە، یا لەجیاتی هەر مشتێ لەو خۆراکە پێیقەبلاوە رۆژێ بە رۆژوو دەبێ. بەپێی ئەم ئایەتە {فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا – سورة المائدة – ٥/٩٥} واتە: ئەی موسوڵمانەکان! لەکاتێکا کە ئێوە لە ئیحرامدابن نەچیر مەکوژن، وە هەرکەسێ لە ئێوە لەم کاتەدا نەچیرێ بە قەستی بکوژێو بزانێ کە ئەوە کارێکی حەرامە، ئەوە لەسەریەتی تۆڵە دانەوە بە گیانلەبەرێ کە وەکوو ئەو نەچیرە وابێ، کە دوو پیاوی خاوەن دادو عەدالەت دایبنێنو حوکمی پێبکەن، وە دەبێ ئەو ئاژەڵە تۆڵەیە بنێرێ بۆ حەرەمی مەککەو لەوێ سەرببڕێ بۆ هەژارانی حەرەم، یا کەففارەتێ بدا کە بریتییە لە بەهای ئەو ئاژەڵە تۆڵەیە، وە دەبێ بەو بەهایە خۆراكو دانەوێڵە بکڕێو بیدا بە هەژاران، یاخود بە ئەندازەی ئەو خواردەمەنیە بە رۆژووبێ، بەم شێوەیە لە باتی هەموو مشتێ رۆژێ بە رۆژووبێ، بەڵام ئەگەر نەچیرێکی وای کوشت کە وێنەی دیاری نەکرابێ لە شەرعا، ئەوە خۆی سەرپشکە لە یەکێ لەم دوو شتە: یا دەقەبلێنرێ بە پارەو بە پارەکە خۆراکی پێدەکڕێو دەیبەخشێتەوە بەسەر هەژارانا، یا لەباتی هەر مشتێ لەو خۆراکە رۆژێ بە رۆژوو دەبێ، دەق وەك نەچیری وێنەدار. بەپێی نرخی ئەو شوێنەی کە نەچیرەکەی تیادا دەکوژرێ نرخو بەها بۆ نێچیرەکە یا بۆ وێنە وەجەڵەی دادەنرێ، مەبەستیش لە وەجەڵی وێنەدار ئاژەڵێکیماڵییە کە شێوەی نزیکبێ لە شێوەی نەچیرەکە، مەبەست ئەوە نیە کە وەجەڵەکەشی لە توخمی خۆی بێ، هەتا بگوترێ: پێویستە لە جیاتی وشتر مەرغ وشتر مرغ بدرێو لە

جیاتی ئاسك ئاسك بدرێ. چونكە خودای گەورە لە ئایەتەكەدا وێنەی نەچیرەكەی بڕیوە بەسەر ئاژەڵدا، لەبەر ئەوە وەجەڵی نەچیرەكە لە توخمەوە دەگۆڕێ بۆ وێنەی خۆی لە ناو ئاژەڵێ ماڵیدا! كۆمەڵێ لە یاران، لە چەن ڕووداوێكا، بڕیاریان داوە كە لەجیاتی وشترمرغێ وشترێ دەدرێ، وە لە جیاتی كەرەكێویو گاكێوی گایێ، وە لە جیاتیی دێڵەكەمتیارێ بەرانێ، جابیر {رەزای خوای لێبێ} هەواڵی داوە كە ئەمە بڕیاری پێغەمبەرە {دروودی خوای لەسەربێ} كە تۆڵەی كەمتیارێ بەرانێ بێ، هەروا كۆمەڵێكیش لەیاران بۆ تۆڵەی كەمتیار بەرانێكیان داناوە، وە لەجیاتی ئاسك بزن، وە لەجیاتیی كەروێشكێ گیسكێ، ئەمە بڕیاری ئیمامی عومەرو عائیشەیە، لەجیاتیی بچووك بچووكو لەجیاتیی گەورە گەورەو لەجیاتی نێر نێرو لەجیاتیی مێ مێو لەجیاتیی ساخ ساخو لەجیاتی شكسدار شكسدار، واتە هاو وێنەیی بەپێی ئایەتەكە لە هەموو ئەم شێوانەدا ڕەچاو دەكرێ، كەواتە: ئەگەر مەڕەكێوییەكی كوشت تۆڵەكەی مەڕێكە، ئەگەر بەرانە كێوییەكی كوشت تۆڵەكەی بەرانێكە، مێ لەباتی مێو نێر لەباتی نێر.

پێنجەم: خوێنی پێویست بوو بە جووتبوون – جماع) ئەم خوێنەیش خوێنی ریزلێگرتنو قەبلاندنە. واتە: خوێنی تەرتیبو تەعدیل، واتە دەبێ بەریزیەكێ لەمانە بكا: یەكەم وشترێ سەببڕێ بۆ هەژاران، ئەگەر ئەمەی نەتوانی گایەك سەربڕێ، ئەگەر دەستی نەكەوت حەوت سەر مەڕ یا بزن سەربڕێ بۆ گەدایانی بەست (حەرەم)ی مەككە. ئەگەر ئەوەیشی بۆ نەكرا بەهای وشترەكە بدا بە پێبژیوی و دابەشی بكا بەسەر داماوانی بەستی مەككەدا، ئەگەر ئەوەیشی پێنەكرا لە جیاتیی هەر مشتێك خۆراك ڕۆژێ بە ڕۆژووبێ. بەڵگەی پێویستبوونی وشتر

ئەوەیە کە ئیمامی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی {ڕەزای خوای لێبێ} بڕیاری ئەوەیان داوە، هەروا ئیبنو عەبباس و ئەبو هورەیرە. بۆیەیش ئەگەر وشتر نەبوو دەچین بۆ گا یا بوحەوت سەر مەڕ یا بزن. چونکە گایێ یا حەوت سەر ئاژەڵی وردە، لە قوربانیدا، وەك وشتر وان، بۆیەیش ئەگەر ئاژەڵ نەبوو دەچین بۆ خۆراك، چونکە شەرع لە تۆڵەی نەچیردا لە ئاژەڵەوە دەچێ بۆ خۆراکدان بە هەژاران. بەپێی نرخی ناو مەککە نرخ بۆ وشترەکە دادەنرێ، ئەوەوی لە شەرحی (المهذب)دا وا دەفەرموێ گوتراویشە: بەپێی نرخی مینا وشترەکە دەقەبلێنرێ بە پارەو بە پارەکەیش خۆراك دەکڕرێ. گوتراویشە: لە جێگەی کردنی هۆی ئەم خوێنە. واتە: لە کۆی کۆبووە لەگەڵ ژندا بەپێی نرخی ئەوێ وشترەکە دەقەبلێنێ.

١٧٣) جێگەی ئاژەڵی دیاری و خۆراك بەخشین:

ئاژەڵی دیاری یا بەهۆی (احصار) چوونە بەستەوەیە، یا بەهۆی شتێکی ترەوەیە، جا ئەگەر بەهۆی ڕێچوونە بەستەوە بوو ئەوە لەکوێدا ڕێگەی لێ قەدەغەکرابوو لەوێدا سەری دەبڕێ، چونکە پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} لە حودەیبیە لەوێدا دیاری سەربڕی، کە ڕێگەی لێ گیرابوو. بەڵام خوێنی پێویستبوو لەبەرکردنی حەرام یا لەبەر نەکردنی پێویست، ئەوە دەبێ لە حەرەمدا سەر ببڕێ چونکە ئایەت دەفەرموێ: {هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ – بڕ: ١٧١ن} جا پێویستە گۆشتەکەی دابەشبکرێ بەسەر گەدایانی بەستدا، چونکە گۆشتەکە مەبەستە لە بەخشینەوەدا.

بۆ ئەوە جیایی هەژاری نیشتەجێو هەژاری میوان نیە، بەلاّم بەخشینی بە نیشتەجێکان خێرترە، ئەگەر لە جیاتی سەربڕینی ئاژەل خۆراکی دابەشکرد، دەبێ بە تایبەت دابەشی بکا بەسەر هەژارانی حەرەمدا، چونکە وەجەلیش حوکمی وەجەڵداری هەیە، بە پێچەوانەی ڕۆژووەوە، بۆ ڕۆژوو لەکوێ ئارەزوو دەکا لەوێ بیگرێ، چونکە قاوزانج وەچاو ناکرێ بۆ هەژار لەوەدا کە کابرا لە خاکی حەرمدا بەڕۆژووبێ، بەلایەنی کەمەوە دەبێ تۆڵەکە بە سەرسێ هەژاردا دابەشبکرێ، بەلاّم مەرج نیە بە یەکسان دابەش بکرێ بەسەریاندا چونکە دروستە هەندێ کەس زیاتر لە هەندێ کەس وەربگرن.

١٧٤) کوشتنی نەچیری حەرەمو بڕینی درەختی:

ڕاوکردنی نەچیری بەستی مککە نادروستە، چی بۆ ئحرامدار چی بۆ بێ ئیحرام، هەروا بڕینی دارو گیای حەرەمی مەککە، بەمەرجی گیانلەبەرکە زیانەخورۆ نەبێو ڕووەکەکە ئازار دەر، یا وشك نەبێ، بەلاّم گیانلەبەری زیانەخورۆو ڕووەکی وشك، یا ڕووەکی ئازاردەر کوشتنو بڕینیان دروستە، هەموو ڕووەکێکی دڕکدار بە ئازاردەر دادەنرێ.

پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا فەرمووی: ئەم شاری مەککەیە بەستەو گەلێ شت لە شوێنانی تر کردنیان دروستە، بەلاّم لێرە دروست نین، ئەمەیش دەستی قەدرو ڕێزە خودا لەم شارەی ناوە، دەی نەدارو دەرختی دادەپاچرێ، وەنەچیری دەڕەوێنرێتەوە، وەنەشتی

داکەوتووی هەڵ دەگیرێتەوە، مەگەر بۆ کەسێ کە ناونیشانی هەڵبدا، هەتا خاوەنەکەی پەیدا ببێو بیباتەوە، نەگیای پاکۆ دەدرێ، عەبباس فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! تەنیا گیای سوڕناتیکی لێ دەرچێ، چونکە بۆ سووتەمەنی ئاسنگەرو بۆ سووتەمەنی ناوماڵو بۆ پەردووی سەردارەرا بەکاری دێنن؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: باشە تەنیا گیای سوڕناتکی لێ دەرچێ بردنی گەڵای درەختەکەی دروستە، بەڵام نابێ بەداو گلاکوتکو شتیوا بیوەرێنێ، نەبادا بەرتوێکڵەکەی بکەوێ ئەگەر لقێکی بڕێو خەڵفی دەرنەکردەوە ئەوە دەستەبەرەو تۆڵەی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر لە هەمان ساڵا شوێنەکەی خەڵفی دەرکردەوە ئەوە هیچی لەسەر نیە، وەك بردنی گەڵا، هەموو دارو گیایێ کە لەخۆیەوە سەوز بووبێ بڕینی نادروستە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نەگیای پاکودەدرێ. دیارە کە بڕینی نادروست بێ هەڵکەندنیشی نادروستترە! بەڵام دروستە ئاژەڵی تێبکرێ هەتا تیادا بلەوەڕێ، ئەگەر بۆ ئاڵفیش بیبا دروستە، لەسەر فەرمایشتی فرەدروست! گوتراویشە: دروست نیە گیاکەی بکرێ بە گزرە بۆ ئاڵفی ئاژەڵ، چونکە رووکاری فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێ کە دروست نەبێ، بەڵام بڕینی بۆ دەرمان دروستە، لەسەر قسەی فرە دروست، چونکە پێویستی دەرمان گەلێ گرنگترە لە پێویستیی سوڕناتك بەپێی فەرموودەی دروست، دوورینی گیای سوڕناتك، بۆ پەردووی سەردارەڕا دروستە.

١٧٥) حەجکردن لە جیاتیی کەسێکی تر:

ئەگەر موسوڵمانێ حەجی کەوتە سەرو حەجی نەکرد هەتا پەکی کەوت پێویستە لەسەری موسوڵمانێ بنێرێ حەجی بۆ بکا، خوا پەککەوتنەکەی لەبەر پیریبێ، یا لەبەر نەخۆشییەکی وابێ کە ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ. بەڵگەی ئەمە ئەم فەرموودەیە: ئیبنو عەبباس فەرمووی: ژنێکی خەسعەمی هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! حەج (کە فەرزی خودایە لەسەر بەندەکانی خۆی) کەوتۆتە سەرباوکم، کە پیرە مێردێکی ئیختیاری وایە خۆی بەسەر وڵاخەوە بۆ ناگیرێ، جا ئایا دەبێ من خۆم لەباتی ئەو حەجی بۆ بکەم یا نابێ؟ فەرمووی: بەڵێ دەبێ. ئەم پرسیارو وەڵامەیش لە کاتی کردنی حەجیماڵئاواییدا بوو (مالیك/ شافیعی/ شەیخان/ ئەبو داوود/ نەسائی) ئیمامی تیرمیذی دەفەرموێ: سەبارەت بەم باسە چەن فەرموودەیەکی دروست تۆماربووە.

ئەگەر کەسێ مردو حەجی فەرزی لەسەر بوو کە پێی دەگوترێ: حەججەتول ئیسلام، پێویستە لەسەر هەقدارەکەی موسوڵمانێ بنێرێ حەجی بۆ بکا، مەسرەفی حەجەکە لەو کەلەپووورە دەردەکرێ کە بەجێی هێشتووە. چونکە دەگێڕنەوە: ئیبنو عەبباس {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: ئافرەتێکی جوهەینەیی هاتەلای حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دایکم نەزری کردبوو کە حەجێ بکا، وە نەیشیکرد هەتا مرد، ئایا دەبێ ئێستا من ئەو حەجەی بۆ بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ، دەبێ، حەجی بۆبکە. مەرجە ئەوکەسەی کە حەجی فەرزدەکا لە جیاتیی مردوو، یا لەجیاتی موسوڵمانی پەککەوتوو، خۆی حەجی

کردبێ‌و حەجی فەرزی لەسەر نەبێ‌و، لە هەمانکاتدا باوەڕپێکراو بێ‌و لە حوکمەکانی حەج بزانێ. سوننەتە وەکیلحەجەکە، لەکاتی حەجدابەستندا، بلێ: ئەی خودایە! ئیحرامی حەج دادەبەشستم بۆ تۆ، لە جیاتیی فیسارەکەس.

١٧٦) حەجەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}:

پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} سێ حەجی کردووە، دوو حەج لە پێش کۆچداو حەجێ لە پاش کۆچ، ساڵی دەهەمی کۆچی، ناودارە بە حەجی ماڵئاوایی، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەو حەجەدا خوا حافیزی لە مەردومەکە کردو فەرمووی: هەتا خۆم ماوم باوو یاسای حەج‌و عەمرەی خۆتان لە خۆم فێر ببن، چونکە من نازانم چەندەی تر دەژیم، دوور نیە کە بمرم‌و حەجی ترم بە نصیب نەبێ! بفەرموون ئەمەیش فەرموودەیەکی تێرو تەسەلە لەبارەی حەجی ماڵئاواییەوە:

لە جەعفەری کوڕی موحەممەدەوە لە باوکیەوە {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: چووین بۆ لای جابیری کوڕی عەبدوڵڵا {ڕەزای خوایان لێبێ} کوێربوو بوو، یەکە یەکە دەیپرسی: ئەمە کێیەو ئەوە کێیە، تا سەرە هاتە سەرمن، گوتم: من موحەممەدی کوڕی علی کوڕی حوسەینم، کەوام گوت دەستی هێنا بەسەر سەرماو دەستی هێنایە خوارەوە بۆ سینگ‌و بەرۆکم‌و دوگمەی سەرەوەو دوگمەی خوارەوەی ترازاندم‌و لەپی هێنا بە سینگما بۆ موبارەکی‌و فەرمووی: خۆش هاتی ئەی برازای خۆشەویستم! پرسیارت چییە بیکە. منیش ئەو حەلە کوڕێکی لاو بووم، ئینجا کاتێ

نوێژ داهات هەڵسا نوێژی بۆ کردین تەیلەسانێکی لەبەردابوو، پێچابووی لە خۆیەوە، لەبەر بچووکی کە دەیدا بەسەرشانیا چمکەکانی هەڵ دەکشانەوە بۆلای خۆی، پشتەماڵ (ریداء)ەکەشی لە تەنیشتیەوە بەسەر سێ پایەکەوەبوو، جا کە نوێژی بۆ کردین، لەپاشا لێم پرسی گوتم: باسی حەجەکەی پێغەمبەرم بۆبکە {دروودی خوای لەسەربێ} جا نۆ پەنجەی خۆی ژماردو فەرمووی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نۆ ساڵ مایەوە لە مەدینە، لەوماوەیەدا حەجی نەکرد، جا لە ساڵی دەهەمدا، جاڕی دابەناو مەردومدا کە: ئەمساڵ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەچێ بۆ حەج. ئیتر عەشاماتێکی گەلێ زۆر هاتن بۆ مەدینە، وە هەموویان دەیان ویست کە پەیڕەوی حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} بکەنو چاو لەو بکەنو ئەو هەرچی کرد لە حەجەکەیا ئەوانیش بیکەن. ئینجا لە خزمەتی حەزرەتدا {دروودی خوای لەسەربێ} کەوتینەڕێو ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ذولحولەیفە لەوێ ئەسمای کچی عومەریی موحەممەدی کوڕی ئەبو بەکری بوو، وە هەواڵی نارد بۆ لای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە چۆن بکا؟ فەرمووی: خۆت بشۆرەو ناواخنێ بۆ خۆت بکەو تۆپەوانەیێ بۆ وانێکەکەت بکەو خوێنەکەی پێ بەربەست بکەو ئیحرام ببەستە.

جا پێغەمبەر {دروودی خوای گەورەی لەسەربێ} لەوێ لە مزگەوتەکەدا نوێژی عەصری کرد، ئینجا سواری قەصواء بوو، ڕۆیشت تا بە سواری سەرکەوتەسەر کێوی بەیدا، لەوێ بەهەر چوارلادا تەماشام کرد تا چاوم بڕی دەکرد هەرسوار بوو، وە هەر پیادە بوو لە دەوری حەزرەت {دروودی خوای گەورەی لەسەربێ} ئەو دەمە وەك ئێستانەبوو، حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} خۆی لەنامانا بوو پەیتا پەیتا قورئانی بۆ دەهاتە خوارێ، وە خۆی بە جوانی

راڤەو تەفسیری قورئانەکەی دەزانی، ئیتر ئەو خۆی هەرچی بکردایە ئێمەیش لە شوێن ئەوەوە ئەوەمان دەکرد، ئینجا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} بەم وشە پیرۆزەیە کە دروشمی یەزدان پەرستییەو نیشانەی یەکتاییی خودایە ئیحرامی حەجی بەست: (**لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك**). مەردومەکەی تریش ئا بەمەی خۆیان ئیحرامی پێ دەبەستن بەوە ئیحرامیان بەست، بەڵام پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لێی نەگرتن، وەلێ حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} بۆ خۆی هەر لەسەر تەلبییە کردنەکەی خۆی بەردەوام بوو.

جابیر {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: تەنیا هەر نیازی حەجمان هەبوو خەیاڵی عەمرەمان نەبوو، چونکە لەوەو پێش لە رۆژانی حەجدا عەمرەمان نەدەکرد، تا ئەو حەلە کە لە خزمەتی حەزرەتدا چووینە بەیتو لەوێ حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەستی هێنا بە روکنی حەجەرولئەسوەدداو ماچی کردو سێ جار بە هەڕاکران و چوار جار بە رۆیشتنی ئاسایی هەڵسووڕا بە گردی خانەی خودادا، ئینجا رۆیشت بۆ مەقامی ئیبراهیم {دروودی خوای گەورەی لەسەربێ} و ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە: {**وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى**} : وە مەقامی خستە بەینی خۆی و بەینی بەیتەوەو دوو رکات سوننەتی نوێژی تەوافی کردو لە رکاتی یەکەمدا لەپاش خوێندنی سوورەتی فاتیحا، سوورەتی {**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ**}ی خوێند، ئینجا گەڕایەوە بۆ سەر حەجەرولئەسوەدو دیسانەوە دەستی پیا هێنایەوە، ئینجا لە دەرگای نزیك صەفاوە دەرچوو رۆیشت بۆ

صەفا، کە لەصافا نەزدیك بووەوە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (**ان الصفا والمروة من شعائر الله**): وە فەرمووی: بەوەیان دەست پێبکەن کە خوداپێشی خستووە، ئینجا دەستی کرد بە تەوافی صەفاو سەرکەوتە سەرتەپۆڵکەی صەفا تا خانووی بەیتی لێوە دەرکەوت، جا رووی کردە رووگەو شایەتمانی هێناو ئەڵلاهو ئەکبەری کردو فەرمووی: (**لا الە الا اللە وحدە لا شریك لە، لە الملك ولە الحمد وهو علی کل شیء قدیر، لا الە الا اللە وحدە أنجز وعدە ونصر عبدە وهزم الاحزاب وحدە**): هەر خودا خودایەو تاكو تەنیایە، بێ هاوەڵو بێ چوونە، خاوەنی موڵكو پادشاییو سەڵتەنەتە سوپاسو ستایش هەر لە بۆی خۆی جوانەو هەر قابیل بەخۆیەتی، هیچی لە دەست دەرناچێو توانای هەموو شتێکی هەیە، هەر خودا خودایەو، بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی، وە بەندەکەی خۆی کە موحەممەدە سەرخست، وە ئەو کۆمەڵانەی کە لە رۆژی غەزای خەندەقا گەلەکۆمەیان لە ئیسلام کردبوو، خۆی بە تەنها شکاندنیو ژێری خستن. وەسێ جار پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەم ذیکرەی خوێند، وە لە بەینی ئەم سێ جارەشدا دەپاڕایەوەو دوعاو نزای تری دەکرد.

ئینجا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} داپەڕی بۆ مەڕوە، کە پێینایە ناو شیوەکەوە پێی هەڵگرتو خێرا رۆیی تا گەیشتە هەورازەکە، ئینجا بە ئاسایی رۆیشت تا چووە سەر مەڕوە، وە لەسەر صەفا چیکرد لەسەر مەڕوەیش هەمان شتی دووبارەکردەوە، تا دوا تەوافی لەسەر مەڕوە تەواوکرد فەرمووی: تازە لە دەستم چوو ئەگینا دیاریی بەیتم لە گەڵ

خۆم نەدەهێنا، وە دەمکرد بە عەمرە، جا هەر کەساتان کە دیاریی پێ نییە با ئیحرام بشکێنێو بیکا بە عەمرە. سوراقەی کوڕی مالیکیش هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە هەر بۆ ئەمساڵ وایە یاخود هەتا هەتایە هەروا دەمێنێ؟ پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} پەنجەکانی خۆی تێك پەڕاندو دووجار فەرمووی: عەمرە تێکەڵی حەج بوو هەتا هەتایە! عەلیش {ڕەزای خوای لێبێ} لە یەمەنەوە وشتری قوربانی هێنا بۆ پێغەمبەرو {دروودی خوای لەسەربێ} کەهات ڕوانی فاطیمە {ڕەزای خوای لێبێ} ئیحرامی شکاندووەو جلی ڕەنگاویی پۆشیوەو چاوی ڕشتووە، جا عەلی بە فاطیمەی فەرموو: ئەمە چییە؟ فاطیمەیش {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: باوکم فەرموویەتی وابکەم. فەرمووی: کاتێ علی لە عیراق بوو دەیگوت: جا چووم بۆلای پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} تا گاڵی بدەم لە فاطیمە، کە بۆ وای کردووە، وە بۆ ئەو قسەیەش کە گوتی: باوکم فەرموویەتی کەوا بکەم هەر لێم پرسی، وە عەرزیشم کرد کە من ئەو کارەی ئەوم پێخۆش نیە، جا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: فاطیمە ڕاست دەکا من خۆم پێم گوتووە کە ئیحرام بشکێنێ. تۆ خۆت کە ئیحرامی حەجت دابەست چیت گوت؟ علی فەرمووی: گوتم: گوتوومە ئەی خودایە ئەوا نێتی حەجم هێنا لەسەر ئەو نێتەی کە پێغەمبەری تۆ دەیهێنێ. فەرمووی: دە تۆ ئیحرام مەشکێنە، چونکە من دیاریی بەیتم پێیە.

فەرمووی: ئەو دیارییەی کە عەلی لە یەمەنەوە هێنابووی لەگەڵ ئەو دیارییەدا کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەگەڵ خۆی هێنابووی سەرجەم سەد وشتر بوو. فەرمووی: ئیتر خەڵکەکە هەموو ئیحرامیان شکاندو مووی سەریان کورت کردەوە، پێغەمبەرو ئەو کەسانە نەبێ کە

دیاریی بەیتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، جا لە ڕۆژی تەروییەدا کە دەکاتە ڕۆژی هەشتەمی مانگی نۆمینە بەرەو مینا جمانو ئیحرامی حەجیان بەست، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سوار بوو، وە نوێژی نیوەڕۆو عەصرو شێوانو خەوتنانو بەیانیی لەوێ کرد، ئینجا لەوێ کەمێ مایەوە تا خۆر هەڵهات وە فەرمانیدا کە لە نەمیرە دەوارێکی بۆ هەڵدەن، جا کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}کەوتە ڕێ قوڕەیش وایان دەزانی کە پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} وەك سەردەمی نەزانی خۆیان لە مەشعەرولحەرام دەوەستێ، بەڵام پێغەمبەر لەوێ ڕەتبوو، وە نەوەستاو ڕۆیشت تا چووە نزیکی عەرەفە سەیریکرد لە نەمیرە دەوارەکەیان بۆ هەڵداوە، جا لەوێ دابەرزی، وە لەوێ مایەوە تاخۆر لایدا.

ئەوجا فەرمانی دا قەصوایان بۆ کۆپان کردو چوو بۆ ناو شیوەکەو لەوێ وتارێکی داو فەرمووی: خوێنو سەرو ماڵو نامووستان لە یەکتری زۆر زۆر حەرامە، ڕێك وەك چۆن شکاندنی ڕێزی ئەم ڕۆژە پیرۆزەتان لەم مانگە پیرۆزەتانا لەم شارە پیرۆزەتانا زۆر زۆر حەرامە، سەرو ماڵو نامووسیشتان بە یەکتری ئاوا حەرامە. ئاگاداربن! کەوا هەرچی کارو باری سەردەمی نەزانییە پووچەو بەتاڵەو بێ بایەخە، خوێنی سەردەمی نەزانی بەتاڵە، وەیەکەم خوێن - لە خوێنی کەسوکاری خۆم - کە بە بەتاڵو بێ بایەخی دادەنێم خوێنی کوڕەکەی ڕەبیعەی کوڕی حاریثە، کە لەناو هۆزی بەنی سەعددا درا بوو بە دایەن وە هۆزی هوزەیل دەیکوژن. وە سوودی سەردەمی نەزانی هەمووی پووچو بەتاڵە، وە یەکەم سوودیش - لە سوودی کەسوکاری خۆم - کە بەتاڵی دەکەمەوە سوودی عەبباسی کوڕی موططەلیبە، ئەو سوودە هەمووی بەتاڵە، وە دەربارەی

ئافرەتـانیش لـە خـودا بترسـن‌و بـێ دادیـی‌و ناهـەقییان لێ مەکـەن‌و رەفتارتان جوان بێ لەگەڵیان، چونکە ئەوان ئامانـەتن‌و سپاردەی خـودای گەورەن لـەلای ئێوەی پیاوان، پیاو هـەر خیانـەت بکا نابـێ خیانـەت لـە ئەمانەتی خودای خۆی بکا، وە ئـەوان لەسـەر فـەرموودەی خـوداو بـەپێی قـسەی شـەریعەتی ئـەو حـەڵاڵ بـوون بۆتـان‌و دێنـە باخـەڵتان‌و دەچـنە لایان.

وەمافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە کە ئەوکەسە کە ئێوە حەزی لـێ ناکەن نەیهێننە سەربەرەتان‌و نەیەڵن بێتە ماڵتان، جا ئەگەر شتێ وایـان کرد کە بەدڵی ئێوە نـەبوو، ئـەوا تـا دەتـوانن چاوپۆشییان لێ بکـەن‌و بـە نـەرمونیانی لەگـەڵیانا رەفتـار بکـەن، وە بـەبێ هۆیـەکی رەوا تـەلاقیان مەدەن، بەڵام ئەگەر بەم شێوە شیرینەیش چاریان نـەکرا ئـەوا شـەریعەت رێگەتان دەدا کە بەئەسپایی لێیان بدەن.

وەمافی ئـەوانیش لەسـەر ئێوە ئەوەیـە کـە بەباشـی‌و بـەپێی بـاوی ولاتـی خۆتـان رۆژی‌و خـۆراک‌و بـەرگ‌و پۆشـاکیان پـێ بـدەن، وەکـی هاوسەری هاوشانی خۆتان، تا هەست بە هاوسەرکەمی نەکەن!.

وەمن یاسایەکی وەهایشم لەپاش خۆم بۆ ئێوە جێ هێشتووە ئەگەر بێتو پـەیرەوی بکـەن لـەناو خۆتانـا هـەتا هەتایـە جارێکی تـر سـەرتان لێ ناشێوێ، ئەویش ئەم قورئانەیە کە نامەی خودایە.

وە ئێوە لە دوا رۆژدا لەبارەی منەوە پرسیارتان لێ دەکرێ، جا ئێـوە وەڵامتان چی دەبێ؟

یاران فەرموویان: شایەتی دەدەین کە تۆ کۆتایی‌و درێغیت نەکردووە، تەبلیغی خۆتت کردووەو ئەرکی سەرشانی خۆتت بەجێ هێناوەو ئامۆژگاری خێری ئێمەت کردووە!.

جا حەزرەت {سەڵات و سەلام و دروودی خوای گەورەی لێبێ} سێ جار پەنجەی دۆشاومژەی خۆی هەڵبڕی بۆ ئاسمان‌و داینەواندەوە بۆ ناو خەڵکەکەو هەموو جارێکیش لەگەڵ ئەم ئاماژەیەدا دەیفەرموو: خودایە! تۆ بەشایەت بە.

ئینجا فەرمانی فەرموو، بانگ‌و قامەت کراو نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین‌و فەرمانی کردەوە قامەت کرایەوەو نوێژی عەصریشی بە جەمع بۆ کردین وە لە بەینیانا هیچ نوێژی تری نەکرد.

ئینجا پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} سواربوو رۆیشت تا گەیشتە ئێستگاکەی خۆی لە عەرەفات. جاروی وشترەکەی - کە ناوی قەصواء بوو - کردە تاوێرە بەردەکانی داوێنی کێوی جەبەلورەحمە کە ئەم چیای رەحمەتە خۆی وا لەناوەراستی خاکی عەرەفاتدا وەکۆمەڵی حاجییە پیادەکانی خستە بەردەمی خۆیەوە، وە رووی کردە رووگە. ئیتر لەوێدا راوەستا تا خۆر ئاوابوو، جا ئوسامەی خستە پاشکۆی خۆیەوەو داپەڕی بۆ موزدەلیفە، هەوسارەکەی قەسواشی وا گورج کردبۆوە، تەنانەت سەری قەسوا دەیدا لە قەڵپووزی کۆپانەکەی، وە بە دەستی راستیشی ئاماژەی دەکردو دەیفەرموو، خەڵکینە! لە سەرخۆبن، خەڵکینە هێواش، بەڵام کە دەگەیشتە تەپکەو ماسۆڵکە لمێ، کەمێ جڵەوەکەی بۆ قەسوا شل دەکرد، تاسەر دەکەوتە سەری، جا رۆیشت تا تەشریفی گەیشتە موزدەلیفە جا

لەوێ نوێژی شێوان‌و خەوتنانی بە جەمعەتەئخیر کرد بەیەك بانگ‌و بەدوو قامەت، وە هیچ نوێژی سوننەتی لە بەینیاندا نەکرد، ئینجا تەشریفی خەوت هەتا شەبەقی دا.

جا کە بەیانی تەواوی دا، فەرمانی دا بانگ دراو قامەت کراو نوێژی بەیانیی کرد. ئینجا سواری قەصوا بۆوەو رۆیشت تا گەیشتە مەشعەرولحەرام، جا رووی کردە رووگەو لە خودا پاڕایەوەو ئەڵلاهو ئەکبەرو تەلیلەی کردو ناوی خودای تاك‌و تەنیای هێنا.

وە لەوێ راوەستا تا تەواو دنیا رووناك بۆوە، جا لەپێش خۆرکەوتندا کەوتەرێ بۆ مینا، وە فەضلی کوڕی عەبباسی خستە پاشکۆی خۆی، فەضلیش پیاوێکی قژجوانی سپیلکەی شۆخ‌و قۆز بوو، جا لەوکاتەدا کە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} کەوتەرێ تاقمێ ژن لە ناو کەژاوەدا، دایان بەلایدا، فەضلیش دەستیکرد بە تەماشا کردنیان، پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} دەستی نا بەرووی فەضلەوەو بەری چاوی گرت، فەضلیش رووی وەرچەرخان بەولاداو لەولاوە تەماشای دەکردن.

پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} دەستی لەولاوە گواستەوە بۆ لایەکەی ترو نایەوە بە رووی فەضلەوە تا بەرچاوی بگرێتەوەو تەماشا نەکا. ئیتر حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} رۆیشت تا گەیشتە ناو شیوی موحەسیر لەوێ تۆزێ خێرا لێی خوڕی‌و رێگەی ناوەڕاستی گرت کە دەچێ بەسەر کۆگای گەورەدا، جا رۆیشت تا گەیشتە لای کۆگا بەردەکە، کە لەلای درەختەکەدایە، وە حەوت بەردی بۆ فڕەدا، بەردەکان وەك بەردێ وابوون کە بەپەلە پیتکە دەهاوێژرێ، گشت جارێ کە بەردێکی

تێ دەگرت ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، لە ناو شیوەکەوە بەردەکانی تێ دەگرت.

ئینجا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} تەشریفی رۆیشت بۆ کوشتنگا (مەنحەر: کوشتارگە) کەو لەوێ بە دەستی خۆی شەستو سێ وشتری سەبڕی، ئینجا چەقۆکەیدا بە عەلیو عەلیش باقی مەندەی وشترە دیارییەکانی حەزرەتی سەربڕی[1]، وە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} عەلی کرد، بە هاوبەشی خۆی لەم وشترە دیارییانەدا، ئینجا فەرمانی دا لە گۆشتی هەر وشترێ پارچەیەکیان هێناو خستیانە ناو مەنجەڵێکەوە کوڵانیانو خۆیو عەلی لە گۆشتەکەیان خوردو لە ئاوی مەرگەکەیان خواردەوە، ئینجا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سوار بوو، رۆیشت بۆ بەیتو تەوافولئیفاضەی کرد، وە نوێژی نیوەڕۆی لە مەککەکرد. جا چوو بۆ لای نەوەی عەبدولمطەلیب، لە سەربیری زەمزەم ئاویان بە حاجیان دەدا.

فەرمووی: ئەی نەوەی عەبدولمطەلیب! ئاو هەڵگۆزنو بیدەن بە حاجیانو بە مەردوم، نەبادا خەڵك واتێ بکەن کە ئاو هەڵگۆزینیش لە کردارەکانی حەجە، وە لەم حاڵەدا زۆرتان بۆ بێننو رێگەتان نەدەن کە بەئاسایی ئاو بدەن بە حاجیان، نەبادا ئەمە رووبدا ئەگینا ئەم ئیشەی ئێوە ئەوەندە کارێکی پەسەندە منیش ئاوم هەڵدەگۆشت لە گەڵتانا، جا ئەوانیش سەتڵێ ئاویان بۆ برد، حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لێی خواردەوە (موسلیمو ئەبو داوودو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە).

---

[1] رەنگبێ ئەم (٦٣)یە رەمز بێ بۆ ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی پێغەمبەر.

- وەرگێڕ -

١٧٧) سەردانی مزگەوتەکەی پێغەمبەرو مەرقەدی پیرۆزی {دروودی خوای لەسەربێ}:

سوننەتە حاجی (کە حەجی تەواکرد) تفاقی سەفەربخاو بڕوا بۆ مەدینەی مونەوەرە، بۆ دیدەنی مزگەوتەکەی پێغەمبەرو بۆ ئەوەی کە شادبێ بە سەردانی گۆڕە پیرۆزەکەی‌و لێی[1] نزیك بێتەوە ئیمامی بوخاری‌و ئیمامی موسلیم لە حەزرەتی ئەبو هورەیرەوە {رەزای خوایان لێبێ} دەگێڕنەوە دەفەرموێ: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: مەسجیدولحەرامی لێ دەرچێ یەك نوێژ لەم مزگەوتەی مندا خێرترە لە هەزار نوێژی شوێنانی تر.

دیسان دەفەرموێ: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بۆ ئەم سێ مزگەوتە نەبێ سەفەر ناکرێ: بۆ ئەم مزگەوتەی من‌و بۆ مەسجیدولحەرام‌و بۆ مەسجیدولئەقصا (ش/د/ت/ن).

---

[1] نفدي بنور عيننا محمدا
فما لنا وما لنا له الفدا!
صلى عليك الله يا نور الهدى
من اقتدى بهديكم قد اهتدى
صوبي لمن تضمه أجواء
أرجائها بنوره تضاء!
ولي الى خير الورى رجاء
(يكون لي في حبه الفناء!)

المترجم
١٩٩٥/١١/٥

دیسان حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر کەسێ دێنیی گۆڕەکەم بکا مافی ئەوەی دەکەوێتە سەرم کە لە قیامەتداشەفاعەتی بۆ بکەم! (بەزارو دارە قوطنی و ئیبنو عەدی لە ئیبنو عومەرەوە گێڕاویەتەوە) دیسان دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: هەرکەسێ ساخ لەبەر رەزای خوا بێت بۆ سەردانی گۆڕەکەم، ئەو مافەی دەکەوێتە سەرم کە لە رۆژی قیامەتا ببم بە تکاکار بۆی! (دارە قوطنی لە ئەمالی داو طەبەرانی لە موعجەمول ئەوسطدا، ئەم فەرموودەیەیان لە ئیبنو عومەرەوە گێڕاوەتەوە). دیسان پێغەمبەری خۆشەویستو ئازیز (دروودی خوای گەورەی لەسەربێو سەرومالو هەستو نەست هەمووی بە قوربانی گەردی سەر گۆڕێ پیرۆزی بێ دەفەرموێ: لە پاش مردنم، هەرکەسێ کاتێ حەج تەواو دەکاو لە ئادابی حەج دەبێتەوە ئەوسا بۆ روسمی وەفا ساخ لەبەر رەزای خوابێ بۆ دینیی گۆڕەکەی منیش، ئەوە وەکوو ئەوە وایە کە لە حالی ژیانما هاتبێ بۆ سەردانمو چاوی بەمن کەوتنبێ[1] (ئەم فەرموودەیە دارە قوطنی لە سونەنداو طەبەرانی لە موعجەمول کەبیرو لە موعجەمول ئەوسطداو بەیهەقی لە سونەنی بەیهەقیدا گێڕاویانەتەوە). قازی عەیاز دەفەرموێ: دێنیو سەردانی گۆڕی

---

[1] واتە: لە پایەی هاوڕێی پێغەمبەر دەبێو لەریزی ئەوان دەژمێردرێ. چونکە پێناسەی هاوڕێی پێغەمبەر ئاوایە: هەر کەسێ بە خزمەت پێغەمبەر گەیشتبێو لەسەر ئیسلامەتی مردبێ بە سەحابەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دادەنرێ: (الصحابی من رای النبی أو رآه ومات علی الاسلام).

- وەرگێڕ -

پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} سوننەتێکی گەلێ گەورەیەو بووە بە سوننەتێکی دامەزراو لە نێوانی موسوڵمانانداو بەهرەیەکی گەورەیەو ئیجماعی نەتەوەی ئیسلامی لەسەرە.

١٧٨) دەستووری سەردانەکە:

سوننەتە بۆ ئەوکەسە کە بە نیازی سەردان دەڕوا بۆ مەدینە لە ڕێگە سەڵاوات زۆربدا لە دیداری پێغەمبەر {درودی خوای گەورەی لەسەربێ} وە لەپێش ئەوەدا کە بگاتە مەدینە خۆی بشواو بەرگی پاك لەبەر بکا، کاتێکیش کەچاوی دەکەوێ بە دارو درەختی دەوری مەدینەو بەنیشانەی حەرەمی مەدینە پتر سەڵاوات لێ بداو لە خوای گەورە داوا بکا کە ئەو زیارەتەی بۆ بکا بەمایەی بەهرەوەریو لێی قەبووڵ بفەرموێ.

لەو کاتەیشدا کە دەچێتە ناو مەدینەوە بڵێ: (**باسم الله. رب أدخلنی مدخل صدق وأخرجنی مخرج صدق واجعل لی من لدنك سلطانا نصیرا، اللهم افتح لی أبواب رحمتك، وارزقنی من زیارة رسولك** *(صلى الله علیه وسلم)* **ما رزقت أولیاءك وأهل طاعتك، واغفر لی وارحمنی یا خیر مسئول. اللهم انی أسألك خیر هذه البلدة وخیر أهلها وخیر ما فیها وأعوذ بك من شرها وشر أهلها وشر ما فیها**) واتە: بە ناوی خودا، خودایە! بە میهرەبانی خۆت بە خێرو خۆشی داخڵی شاری مەدینەم بفەرموو، وە هەروەها بە خێرو خۆشیو بەبێ وەی لە شاری مەککەی پیرۆز بەڕێم بکە، وە لە لایەنی خۆتەوە بەهێزێکی یارمەتیدەر چاودێریم بکەو هەمیشە چاوی خێرت لێم بێ،

خودایه! لەهەر چوارلاوە دەرووی رەحمەتی خۆتم بۆ بخەرە سەرپشت، خودایە، لە سەردانی پێغەمبەری نازداری خۆت ئەوەم بە نصیب بفەرموو کە کردووتە بە نصیبی پیاوچاکانی خۆت بە نصیبی دەستەی تاعەتی خۆت، ئەی باشترین داوالێکراو! داوات لێدەکەم کە لێم خۆشبیو رەحمم پێبکەی. خودایە! داوات لێدەکەم کە لە خێرو بێری ئەم شارە بەشی باشم بدەیتێ، وە لە خەڵکی ئەم شارەوە تووشی خێرو خۆشی ببم، وە لەو خێرەیش کەوا لە ناو ئەم شارەدا نائومێد نەبم، خودایە! پەنا دەگرم بەتۆ کە لەو شەڕەی کە ئامادەکراوە بۆ خراپەکارانی ئەم شارە بە دووربم، هەروا لە شەڕو وەزەنی خەڵکەکەیو لە شەڕەی کەوا لە ناویدا.

با زۆر زۆر بە سەلاریو هێمنیو بێ هەواییو سەرکزی خۆی بگرێ، ئەوەی لە یادبێ کە ئەمە ئەو شارە بەرزە پیرۆزە بەرێزەیە کە خوا هەڵی بژاردووەو کردوویەتی بە خانەی کۆچی پێغەمبەرو بەرەوگەی پیرۆزیو کردوویەتی بە هەوارگەی سرووش بەسەرچەشمەی سازو سافی بڕیارەکانی شەریعەت.

هەرکاتێ ویستی بچێتە ناو مزگەوتەکەوە با قاچی راستی پێش بخاو بڵێ: (**باسم الله، والصلاة والسلام على رسول الله. رب اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب رحمتك. أعوذ بالله العظيم وبوجهه الكريم وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم**): بە ناوی خودا دەچمە ناو ئەم جیگە پیرۆزەە، درود لە پێغەمبەری خوا، خودایە! تاوانەکانم ببۆشە، لەهەر چوارلاوە دەرووی رەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە. پەنا دەگرم بە یەزدانی مەزن، بە زاتی پیرۆزی، بە دەسەڵاتی دێرینی، لە زیانی شەیتانی لە رەحمەتی خودا بێبەش.

ئەوجا رووبکاتە رەوضە، کە بەینی مەرقەدی موبارەكو مینبەرە، لە ویدا لە تەنیشتی مینبەرەوە دوورکات نوێژی سوونەتی دیاری مزگەوت بکا. لە ئەبو هورەیرەوە {رەزای خوای لێبێ} لە پێغەمبەرەوە {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە نێوانی ماڵەکەمو لە نێوانی مینبەرەکەما باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، مینبەرەکەیشم وا لەسەر حەوزەکەم لە بەهەشتا (مالیكو شەیخانو تیرمیذی، تیرمیذی بە دروستی داناوە) (واتە: لە نێوانی گۆڕەکەمو دوانگەکەما باخێکە لە باخەکانی بەهەشتو بارانی رەحمەتی لێ دەبارێ، خۆشی لەو بەختەوەرەی کە لەم شوێنە پیرۆزەدا طاعەتو خواپەرستی جوان دەکا، وە مینبەرەکەشم لەسەر حەوزی کەوسەر دادەنرێتەوە بۆمو لە بەهەشتا لە سەری دادەنیشمو پێشوازی لە ئامادەبووانی ئۆمەتم دەکەم کە بۆ نۆشین لە ئاوەکەی دێن. تەماشای ئەم شوێنانە بکە بۆ زیادە بەهرە تەرجەمەی تاجول ئوصول بە کوردی: بەرگی یەکەم، زنجیرەی ۱۱۵و بەرگی دووەم زنجیرە ۱٤٤ لاپەرە ۲۹۳ — وەرگێڕ.)

۱۷۹) چۆنێتی ئەم سەردانە: دەستووری سەردانی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}:

کاتێ دوورکاتە سوننەتەکەی تەواوکرد، جا بێت بۆ نزیکی مەرقەدی پیرۆز، بەڵام پەلاماری نەداو خۆی نە نووسێنێ پێیەوەو دەستی بۆ رانەکێشێ، بە ئەدەبەوە روو بکاتە سەری پیرۆزی پێغەمبەرو پشت بکاتە قیبلە، وە ماوەی چوار گەز دوور راوەستێ، وە بە ئەدەب سڵاو

بکاو بڵێ: (السلام علیك یا رسول الله) یا بەیەکێ لەم شێوانەی دواوە سڵاو بکا. ئەمەیش بەپێی ئەم فەرموودەیە: دەگێڕنەوە: ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: وا سوننەتە کاتێ دەچیت بۆ سەردانی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەری نازدار {درودو سڵاو صەڵاوات و ڕەحمەتی خودای گەورەی لەسەربێ} لە ڕووی قیبلەوە بچیتو پشت بکەیتە ڕووگەو ڕوو بکەیتە گۆڕەکەو ئەوجا بڵێی: (السلام عیکم ورحمة الله وبرکاته).

دێنیکەر بۆی هەیە کە ئاوا سڵاو بکا: (**السلام علیك یا خیر خلق الله، یا امام المتقین، یا سید المرسلین، انی أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شریك له وأنك عبده ورسوله. قد بلغت الرسالة وأدیت الامانة ونصحت الامة فجزاك الله عنا أفضل ما جازی نبیا عن أمته. اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم انك حمید مجید. وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم وعلی آل إبراهیم إنك حمید مجید الهمَّ انك قلت: ولو أنهم اذ ظلموا أنفسهم جاؤك فاستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لَوَجَدوا الله تواباً رحیماً. وقد أتیتك یا رسول اله مستغفراً من ذنوبی مستشفعا بك الی ربی فأسألك یا رب أن توجب لی المغفرة کما أوجبتها لمن أتاه في حیاته. اللهم أجعله أول الشافعین یا أرحم الراحمین**).

ئنجا بپاڕێتەوە بۆ باوكو دایکیو بۆ گشت موسوڵمانان، ئەگەر کەسێ ڕاسپێریی ئەوی کردبوو کە سڵاوی ڕابگەیەنێ بە پێغەمبەر، با سڵاوەکەی لەسەر ئەم شێوەیە ڕابگەیەنیو بڵێ: (السلام علیك یا رسول

الله) لە جیاتی فیساری کوڕی فیسار، یا بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! فیسارەکەسی کوڕی فیسارەکەس سڵاوی لێ دەکردی ئەوجا بگەڕێتە دواوە بۆ لای راستی بە قەد گەزێو سڵاو لە ئەبو بەکری صەدیق بکا، وا باشە ئاوا سڵاوی لێبکا: (**السلام عليك يا خليفة رسول الله. السلام عليك يا صاحب رسول الله** *(صلى الله عليه وسلم)* **وأنيسه في الغار وأمينه على الاسرار. جزاك الله عن أمة محمد** *(صلى الله عليه وسلم)* **خيرا**): سڵاو لە تۆ ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا! سڵاو لە تۆ ئەی هاوڕێ ئازیزەکەی پێغەمبەری خوا! ئەی تاقە هاودەمە دڵسۆزەکەی ناو ئەشکەوتی ئەوری! ئەی ئەمینداری سەر رازو نهێنییەکانی! خودا لە باتی نەتەوەی موحەممەد پاداشتی باشت بداتەوە. ئەوجا بەقەد گەزێکی تریش بێتە دواوەو سڵاو لە حەزرەتی عومەر بکا، واباشە ئاوا بڵێ: (**السلام عليك يا أمير المؤمنين. السلام عليك يا ناصر المسلمين. السلام عليك يا من أعز الله به الاسلام. جزاك الله عن أمة محمد** *(صلى الله عليه وسلم)* **خيَرا**): سڵاوی خوا لە تۆ ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! سڵاو لە تۆ ئەی یاریدەدەری موسوڵمانان! سڵاو لە تۆ ئەی ئەو کەسە کە خواکردی بە مایەی سەربەرزی بۆ گەلی ئیسلام. خودای گەورە پاداشتی باشت لە جیاتی نەتەوەی موحەممەد بداتەوە (نەتەوە: واتە/ ئوممەت).

ئەگەر کەسێ ئەمەی بۆ نەدەکرا ئەمە بڵێ بەسیەتی: (**السلام عليك يا رسول الله**) نافیع دەگێڕێتەوە: ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەستووری وابوو کە لەسەفەر دەهاتەوە دەچوو بۆ مەزگەوت، ئەوجا دەچوو بۆ خزمەت مەرقەدی حەزرەتو دەیفەرموو: (**السلام عليك يا**

رسول الله، السلام عليك يا أبا بكر، السلام عليك يا أبتاه): سلاوت لێبێ ئەی پێغەمبەری خوا! سلاوت لێبێ ئەی ئەبو بەکر، سلاوی خوات لێبێ ئەو باوکە! (بەیهەقی). با دێنیکەر ئەوە بە باشی رەچاو بکا کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) گوێی لە سلاوەکەی دەبێ و وەلامی سلاوەکەی دەداتەوە، بەپێی ئەم فەرموودەیە: ئەبو هورەیرە (رەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە پاش مەرگم، هەرکەسێ سلاوم لێبکا خودا گیانم دەکاتەوە بە بەردا تا سەلامەکەی دەسەندمەوە. (ئەحمەدو ئەبو داوو بەیهەقی بە رشتەیەکی دروست گێڕاویانەتەوە).

گەلێ دووپاتکراوەتەوە کە دەبێ دێنیکەر لە مزگەوتەکەی ێغەمبەردا زۆر دەنگ هەڵنەبڕێ و دەنگە دەنگ نەکات سائیبی کوڕی یەزید دەفەرموێ: لە مزگەوت پاڵکەوتبووم، پیاوێ چەوێکی تێگرتم، کە تەماشایم کرد عومەری کوڕی خەططاب بوو، فەرمووی: بڕۆ ئەو دوو کەسەم بۆ بهێنە، منیش چووم هێنامن بۆی، پێی فەرموون: ئێوە کوێندەرین؟ گوتیان: خەڵکی طائیفین، فەرمووی: ئەگەر نابەڵەد نەبوونایەو خەڵکی ئەم شارە بوونایە ئێشم پێ دەگەیاندن، چۆن لە مزگەوتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) دەنگە دەنگ دەکەن! (بوخاری رەحمەت لە گۆڕی نازداری).

وا سوننەتە کاتێ دێنیکەر سەردانەکەی تەواو دەبێ لەناو رەوضەی پیرۆزدا سلاواتێکی زۆر لێبدا، وە هەموو جارێ کە دەچێتە ناو مزگەوتەکەوە یەکسەر نێتی خەلوەکێشان (اعتكاف) بهێنێ، هەتا لەو

کاتانەیشدا کە بە مزگەوتدا تێپەڕ دەکا هەر نێتی خەڵوەکێشان بهێنێ، بە مەجێ بەقەد مانەوەی ناو سەجدەیەکی ئاسایی لەناویدا ئارام بگرێ.

١٨٠) سەردانی گۆڕستانی جەننەتولبەقیعو ئارامگای شەهیدانی ئیسلام:

سوننەتە لەو ماوەیەدا کەوا لە مەدینە هەموو رۆژێ سەردانی گۆڕستانی جەننەتولبەقیع بکا، بە تایبەتی لە رۆژی هەینیدا، سەر لە گۆڕەکان بدا. عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: هەموو جارێ کە سەرەی شەوی من بوایە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە کۆتایی شەودا دەردەچوو، دەچوو بۆ دێنی گۆڕنشینەکانی گۆڕستانی بەقیعو بۆیان دەپاڕایەوەو دەیفەرموو: (**السلام علیکم دار قوم مؤمنین، وأتاکم ما توعدون داً مؤجلون، وإنا ان شاء الله بکم لاحقون، اللهم اغفر لاهل بقیع الغرقد**): سڵاوتان لێبێ ئەی دانیشتوانی شاری خامۆشان، ئەی ئەو موسوڵمانانەی کە ئەم گۆڕستانە بووە بەماڵی دوا رۆژتان؟ ئەو بەڵێنەی کە درابوو بە ئێوە کە ئەو زیندوانەی لە دوا ئێوەوە دێن، خوا ناخوا زوو یا درەنگ ئەوانیش دەمرنو دێن بۆ لاتان، ئەوا ئەو بەڵێنە رۆژ بە رۆژ دێتەجێو هەر رۆژەی دەستەیێ دێن بۆ لاتان، ئێمەش خوا حەزکا پێتان دەگەینەوە، خودایە! لە دانیشتوانی گۆڕستانی بەقیع خۆش ببە. (موسلیمو بەیهەقی). بە تایبەتی سوننەتە دێنیی ئەو گۆڕانە بکا کە خاوەنەکانیان ناسراون، وەك گۆڕی ئیبراهمی کوڕی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}و گۆڕی عوسمانو عەبباسو حەسەنی کوڕی عەلیو کەسانی

تریش، وەدێنی یەکەی بەسەردانی گۆڕی صەفەییەی پووری پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کۆتایی بهێنێ.

هەروا سوننەتە کە رۆژی پێنجشەمان زوو سەر لە بەیانی دێنیی گۆڕی شەهیدەکانی ئوحدود بکا، بە گۆڕی ئیمامی حەمزەی مامی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەست پێ بکا، کە ناودارە بەسید الشهداء، واتە: سەرووەری شەهیدان، با موسوڵمانی هۆشمەند کە پەرۆشی دینی خۆیەتی، لەکاتی سەرداندا، خۆی لە بیدعەتەکانی سەردان بپارێزێ، وەك باوەشکردن بە گۆڕداو ماچ کدرنیو سووڕانەوەو خولانەوە بە دەوریدا، یا خوانەخواستە لە خاوەن گۆڕەکە بپاڕێتەوەو داوای نیازو مرازو مەبەستو هاتنەدی شتی لێبکا، کە شتی وا بەس لە خوا داوادەکرێ، هەروا لەوەیش خۆی بپارێزێ کە لەلای گۆڕەکانیان نوێبکا، چونکە ئەوەی بەپێی شەرع رەوایە هەر ئەوەندەیە کە نزا بکاو بۆیان بپاڕێتەوە. بەبێ گومان داواکردنی مراز لێیانو سوێند خواردن لە خوا بەهۆی ئەوانەوە، بێ گومان شتی وا گومڕاییو کاری ناشایستەی تازەقەڵایە، بە یەکێتی واتەی پێشەوایانی موسوڵمانان، کەس لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} شتی وایان نەکردووە. پێشەوایان بە یەك را دەفەرموون: واباشە بۆ کەسێ لەم شوێنانەدا نزا بکا روو بکاتە رووگە، نەوەك روو بکاتە گۆڕەکە.

١٨١) سەردانی ئەو مزگەوتانە کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نوێژی لەناویاندا کردووە:

گرنگترینی ئەو مزگەوتانە ئەم پێنجەن:

١) مزگەوتی قوباء: دێنیی ئەم مزگەوتە سوننەتە، باشتر ئەوەیە کە لە رۆژی شەممەدا بکرێ. بەپێی فەرمایشتی ئیبنو عومەر {رەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: جاران پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} هەموو رۆژێکی شەممان، بە سواریو بە پیادەیی، دێنیی مزگەوتەکەی قوبای دەکردو دوو رکات نوێژی تیادا دەکرد. (شەیخانو ئەبو داوودو نەسائیو بەیهەقی).

٢) مزگەوتی ئەلفەتح: دێنی ئەم مزگەوتە سوننەتە، هەروا نوێژکردنو نزاکردن لە ناویدا سوننەتە، بەپێی ئەم فەرموودەیە: جابیر کوڕی عەبدوللا {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {درودی خوای لەسەربێ} لە مزگەوتی ئەل(فەتح)دا، سێ رۆژ لەسەر یەك نزایەکی هەبوو دەیکرد لە رۆژی دوو شەممەو سێ شەممەو چوار شەممەدا، لە رۆژی چوار شەممەدا نزاکەی گیرابوو، خۆشی کەوتە روخساری! جابیر دەفەرموێ: ئیتر لەوکاتەوە هەرکاتێ کارێکی گرنگی قورس یەخەی پێم گرتبێ منەی ئەوکاتەم کردووەو نزام تێیدا کردووەو نزاکەم گیرابووە. (ئەحمەدو بەزار).

ئیبنولحەکەمی کوڕی ئەوبان دەفەرموێ: کەسێ ئەم فەرموودەیەی بۆم گێڕاوەتەوە کە خۆی لە مزگەوتی ئەل(فەتح)دا لە پشتی پێغەمبەرەوە نوێژی کردووە، لە پاشا پاڕاوەتەوەو فەرموویەتی:

اللهم لك الحمد هديتني من الضلالة فلا مكرم لمن أهنت ولا معز لمن أذللت ولا مذل لمن أعززت ولا ناصر لمن خذلت، ولا خاذل لمن نصرت ولا معطي لما منعت ولا مانع لما أعطيت، ولا رازق لمن حرمت ولا رافع لمن خفضت ولا خافض لمن رفعت ولا خارق لمن سترت ولا ساتر لمن خرقت ولا مقرب لما باعدت ولا مباعد لما قربت): پەروەردگارم! سوپاس هەر بۆتۆیە، تۆ منت لەسەر لێشێواوی رزگارکردووە، ئەوەی تۆ ترۆی بکەی بەکەس رێزدار ناکرێ، ئەوەی تۆ کەساسی بکەی بەکەس نازدار ناکرێ، ئەوەی تۆ نازداری بکەی بەکەس کەساس ناکرێ، ئەوەی تۆ پشتی نەگری بەکەس یاریدە نادرێ، ئەوەی تۆ یاریدەی بدەی بەکەس پشتی نادرێ لە زەوی، هەرچی تۆ نەیدەی بەکەسی تر نادرێ، هەرچێش تۆبیدە بەکەسی تر نابڕێ، هەر کەسێ تۆ بێبەشی بکەی بەکەس رزق‌و رۆژیی نادرێ، ئەوەی تۆ ژێری بخەی بەکەس سەرناکەوێ، ئەوەی تۆ سەری بخەی بەکەس ژێرناکەوێ، ئەوەی لە ژێر پەردەی تۆدا شارابێتەوە بەکەس ریسوا ناکرێ، ئەوەی تۆ ریسوای بکەی بەکەس نەنگی داناپۆشرێ، هەرچی تۆ دووری بخەیتەوە بەکەس نزیك ناخرێتەوە، هەرچیش تۆ نزیکی بکەیتەوە بەکەس دوور ناخرێتەوە (ئەحمەد).

٣) مزگەوتی ئەل(جومعە). لە فەرموودەدا دەفەرموێ: بە خودی خۆم نوێژی هەینیم لەپشت پێغەمبەرەوە کردووە، لەناو خێڵی نەوەی سالمی کوڕی عەوفا، لەو مزگەوتەدا کەوا لەناو شیوی رانووناداا، ئەو

هەینییەیش یەکەم نوێژی هەینی بوو، کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە مەدینە کردی!.

٤) مزگەوتی ئەل(فەضیخ). ئەم مزگەوتە دەکەوێتە لای خۆرهەلاتی مزگەوتی قوباء. ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: جارێ پێغەمبەری خوا {درودی خوای لەسەربێ} لە مزگەوتی ئەل(فەضیخ)، مزراوی بەرسیلەی خورمایان بۆ هێنا، نۆشی کرد. (ئەحمەد). بۆیە ناونراوە مزگەوتی ئەل(فەضیخ)، چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} کاتێ ئابلۆقەی جوولەکەکانی بەنی نەخێری دا، لە شوێنی ئێستای ئەم مزگەوتەدا دەوارەکەی خۆی هەلدا. لەوێ چەند ڕۆژێ مایەوە، جالەو ماوەیەدا فەرمانی حەرام بوونی مەی‌و بادەهات بۆ پێغەمبەر، کە بەجۆرێ لە جۆرەکانی بە عەرەبی دەگوترێ ئەل(فەضیخ).

٥) مزگەوتی ئەل(ئەحزاب)، ئەم مزگەوتە لە سەردەمی حەزرەتدا دروست کراوە. جابیری کوڕی عەبدوللا {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: جارێ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} تەشریفی چوو بۆ مزگەوتی ئەحزاب، بەرماڵەکەی شانی داناو بەپێوە ڕاوەستاو هەردوو دەستی بە درێژی بەرزەوە کردو دەستی کرد بەنزای شەڕ لە ئەحزاب، بەلام لەم جارەدا نوێژی نەکرد، هەتا جارێ تر تەشریفی چووەوە بۆ ئەوێ وەنزای شەڕی لێ کردنەوە، ئەمجارەیان نوێژی لێکرد. (ئەحمەد)

١٨٢) سەردانی ئەو بیرانەی مەدینە کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئاوی لێ نووش کردوون:

ئەم بیرانە زۆرن، گرنگەکانیان ئەم پێنجەیەن:

١) **بیری ئەریس،** دەکەوێتە لای خوارووی خۆر هەڵاتی مزگەوتی قوبائەوە، ئەنگوستیلەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە مۆری (محمد رسول الله)ی پێوە بوو، کە لە سەردەمی جێنشینی ئیمامی عوسماندا کەوتبووە لای ئەو، کە وتە ناو ئەم بیرەوە، گەلێکیش بۆ یگەڕان نەیان دۆزی یەوە.

٢) **بیری ئیهاب،** کە ئێستا ناسراوە بەبیری زەمزەم، ئاوەکەی لە ئاوی بیری زەمزەمی مەککە دەچێ، هەر لەبەر ئەوەش ناونراوە زەمزەم، چونکە ئاوی ئەمیش وەك ئاوی ئەو بۆ مووفەڕك ولاتەو ولات دەیبەن.

٣) **بیری بەیروحاء،** بیرێکە وا لە باخێکا، دەکەوێتە لای سەرووی شووراکەی مەدینەوە لەلای خۆرهەڵاتەوە، گەلێ جار پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەچوو لەبن سێبەری ئەو باخەدا دەحەسایەوەو لە ئاوەکەی دەخواردەوە.

٤) **بیری بوضاعە،** وا لەلای باکووری خۆرنشینی بەیروحائەوە، بۆ خۆشەوەبوون (واتە: بۆ شیفا) سێ رۆژ لە سەریەك خۆیان لە ئاوەکەی دەشۆرن. گەلێ جار پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە ئاوی ئەم بیرەی دەخواردەوە.

٥) **بیری رۆمە،** کە ناودارە بە بیری عوسمان، چونکە خۆی کڕیو کردی بە وەقف. بیشری کوڕی بەشیری ئەسلەمی لە باوکیەوە

دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: کاتێ کۆچکاران ڕوویانکرد بۆ مەدینە ئاوی شیرینیان دەست نەدەکەوت، پیاوێ هەبوو لە خێڵی بەنی غیفار کانیەتی هەبوو، ناوی ڕۆمە بوو ئاوەکەی سازگار بوو، پڕکوندەیەکی لێ دەفرۆشت بە پڕمستێ خۆراك، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: دەی فرۆشی پێم بەکانییەکی بەهەشت؟ پیاوەکە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! کۆشێ خێزانم هەیە، گوزەرانمان لەسەر ئەم ئاوەیە. جا ئەم گفتوگۆیە دەگاتەوە بە عوسمان {ڕەزای خوایان لێبێ} بیرەکە لە خاوەنەکەی دەکڕێ بە سیو پێنج هەزار درەم، ئەوجا دەچێ بۆ خزمەت پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: عەرزی دەکا: قوربان! ئەو بەڵێنەی داوتە بە خاوەنی پێشووی بیری ڕۆمە، دەشی دەی بەمن کە من ئێستا خاوەنی ئەو بیرەم؟ پێغەمبەر {دروودی خوای گەورەی لەسەربێ} فەرمووی: بەڵێ، ئەگەرئەو کانییە دەفرۆشێ بەمن هەتا ئاوەکەی بە بەلاش بدەم بە موسوڵمانان، ئەوامن دەبم بە دەستەبەری ئەوەت کە خودا لە بەهەشتا کانییەك لەباتی ئەم کانییەت پێ دەبەخشێ! عوسمانیش فەرمووی: دەئەوا ئەو کانییەم تەرخان کرد بۆ خێراو بۆ موسوڵمانان (بەغەوی) هەق وایە بۆ ئەوکەسەی کە لە مەدینەی مونەوەرە زۆر بمێنێتەوە، سەردانی هەموو شوێنە پیرۆزە کانو گشت مزگەوتو سەرجەم مەڵبەندە ڕێزدارەکانی مەدینە بکا، دەنا ئەگەر کەم لەوێ بمێنێتەوە ئەوە واباشترە کە ئەوماوەیە لە خزمەت مەرقەدی حەزرەتدا بمێنێتەوە، لەم کاتەدا دەرفەت بە هەل بزانێ لە حوزوری گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەرا بێ زۆر باشترە! خوا بە لوتفی خۆی ئەم زیارەتانە بکا بە نصیبمان سوننەتە چەندەی بۆ دەلوێ لە مەدینە بە ڕۆژووبێ، وە بەپێی توانا خێرو خێرات بەسەر هەژارانی خەڵکی مەدینەدا بکا، هەروا بەسەر هەژارە غەریبەکانا.

۱۸۳) دەستووری گەڕانەوە:

سوننەتە بۆ ئەوکەسەی کە دەیەوێ لە مەدینەی نازدار دەربچێو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بە دوو رکات نوێژی سوننەت خواحافیزی لە مزگەوتە پیرۆزەکەی پێغەمبەر بکا، بە نیازی سوننەتی خواحافیزیی مزگەوتەکە بیانکات، لە رکاتی یەکەما لە پاش فاتیحە سوورەتی: {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ} بخوێنێ، لە رکاتی دووەما لە پاش فاتیحە ئیخلاص بخوێنێ، بۆ هەموو خواستو مرازێکی ئایینیو جیهانی خۆی بە ئارەزووی خۆی لە خوا بپاڕێتەوە، کۆتایی نزاو پاڕانەوەکەی بە سوپاسی خواو سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر بهێنێ! هەر لەوێدا تەوبە تازە بکاتەوە، ئەوجا زیارەتی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر بکا، لەسەر شێوەی یەکەم جارو بڵێ: (اللهم لا تجعل هذا آخر العهد بنبيك ومسجده وحرمه ويسر لنا العود الى زيارته والعكوف في حضرته سبيلا سهلا، وارزقني العفو والعافية في الدنيا ولآخرة): خودایە! ئەمە دواجار نەبێ کە بەخزمەت ئەم پێغەمبەرەی تۆو بە خزمەت ئەم مزگەوتەیو ئەم حەرەمەی بگەم، ئەی خودایە! بە ئاسانی جارێکی تریش سەردانی ئەم شوێنەم بۆ فەراهەم بێنە، کە لە خزمەتی حەزرەتدا چەن دەمێکی پڕپیتو فەڕ بمێنمەوە، خودایە! ببورە لێمو ئاسوودەیی هەردوو جیهانم پێ ببەخشە[1] ئەوجا بڕوا بۆ بەرابەر

---

[1] کۆتری نامەبەر: شنەبای رەحمەت

رابەری نێوان حەزرەتو ئوممەت!

تکام ئەوەیە: کە بەبێ زەحمەت

روخساری پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بەڵام پشتاو پشت نەڕوا، لەوێدا بفەرموێ: (**اللهم إنا نسألك في سفرنا هذا البر والتقوى ومن العمل ما تحب وترضى**): خوایە! ئەم سەفەرەم بۆ بکە بە مایەی خێرو خۆشیو تەقوای تۆ، خوایە! ئەو کارو فرمانانەی کە دەبن بەهۆی خۆشەویستیو ڕەزای تۆ بە نصیبمانی بفەرموو.

سوننەتە کە لە مەدینەوە دیاری ببا بۆ کەسوکاری، وەك خورماو شتی تری وا، سوننەتە لەسەر بەرزاییەکان ئەڵلاهو ئەکبەر بکاو بە یەکێ لەو نزایانە کە باسکران نزابکا. لە ئیبنو عومەرەوە {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: جاران کاتێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە لە غەزا یا لە حەج یا لە عەمرە دەگەڕایەوە کە سەردەکەوتە سەر گردو یاڵو بەرزاییەکان، سێ جار بە دەنگی بیسراو ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، ئەوجا دەیفەرموو: (**لا اله الا الله وحده لا شريك له. له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، آيبون تائبون عابدون ساجدون لربنا حامدون، صدق الله وعده ونصر عبده، وهزم الاحزاب وحده**): هەر خودا خودایەو بەس! هیچ خودایەکی تر نیە، خودایەکی تاكو تەنیایە، هیچ

ئەم نامەم بەری بۆ خزمەت حەزرەت:

لە پاش بەیانی عەرزی سلاوم!

ئاواتی گەورەم، ئەی نووری چاوم:

(بەگەردی گۆڕت بڕێژم چاوم

بەڵکوو بینا بێ هەتاکوو ماوم!)

- وەرگێڕ -

هاوبەشێکی بۆ نیە، موڵكو دارایىو پاشایەتىو سەڵتەنەتو سوپاسو ستایش هەمووی لە راستیدا بۆ ئەوە، وە ئەو خودایەکی وایە دەستی دەڕوا بەسەر هەموو شتێکاو تەواناى هەموو شتێکی هەیە، ئەوا لە سایەی خوداوە دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوەمان، پەشیمانین لە گوناهەکانمان، هەمیشە بەندەیی ساخ بۆ خودای پەروەردگارمان دەکەینو، لە سوپاسو ستایشی درێغی ناکەین، خودا بەڵێنی خۆی هێنایەدی، موحەممەدیی بەندەی خۆی سەرخستو بە تەنیا خۆیو بەس ئەو کافرانەی کە بە لەشکرێکی گەڵ زۆرەوە گەلەکۆمەیان لە ئیسلام کردبوو، ژێری خستنو شکاندنی. (بەیهەقی گێڕاویەتەوە).

جا کاتێ حاجی گەیشتە دەورو بەری شاری خۆی بە ناوی خودا بهێنێو بڵێ: (**آیبون تائبون عابدون ساجدون لربنا حامدون. صدق الله وعده ونصر عبده وهزم الاحزاب وحده، اللهم اجعل لى فيها قرارا ورزقا حسنا**). وا باشە کە کەسێ بنێرێ هەواڵ بدا بە کەسوکاری کەوا دێتەوە، وە لەناکاوا نەکا بەماڵا، کاتێ گەیشتە ناو شارو دێکەی خۆی با لە پێشدا بچێ بۆ مزگەوتو دوورکات نوێژی دیاری مزگەوتی تیادا بکا، ئەوجا بچێ بۆ ماڵەوەی، لە ماڵەوەیش دوو رکات نوێژی سوننەت بکا. بەپێی ئەم فەرموودەیەی نافیع لە ئیبنو عومەرەوە دەیگێڕێتەوە: دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەربێ) کە لە سەفەری حەجەکەی گەڕایەوە، کە گەیشتە ناو مەدینە وشترەکەیی پیخدا، لەبەر دەرگای مزگەوتەکەدا، ئەوجا رۆیشتە ناویو دوورکات نوێژی لێکرد، لە پاشا رۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. نافیع دەفەرموێ: عەبدوڵڵای

کوڕی عومەریش ئەمە دەستووری بوو. (ئەحمەدو ئەبو داوود بە ڕشتەیەکی باش ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە).

١٨٤) بە پیرەوەچوونی حاجیو پیرۆزبایی لێکردنی:

سوننەتە دۆستو برادەرو ناسیاو بچن بەپیر حاجییانەوە، پێش ئەوەی بگەنەوە ماڵی خۆیان، بەخێرهاتنیان لێبکەنو تەوقەیان لەگەڵدا بکەنو داوای نزای خێریان لێبکەنو پیرۆزباییان لێبکەن، وەك ئەوە پێیان بڵێن: (**قبل الله حجك وأعظم أجرك وأخلف نفقتك وغفر ذنبك**): خوا حەجەکەت گیرا بفەرموێ، پاداشی فرە گەورەت بداتەوە، مەسرەفەکەتت بۆ پڕبکاتەوە، لە گوناهت خۆشبێ. ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر خوا {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ گەیشتی بە حاجی کە لە سەفەری حەجدا بوو، پێش ئەوەی بچێتەوە ناو ماڵی خۆی، سڵاوی لێبکەو تەوقەی لەگەڵدا بکەو داوای لێبکە کە بۆت لە خودا بپاڕێتەوە، چونکە ئەو لەوکاتەدا گوناهی پێوە نەماوە، وەك منداڵی ساوا بێگوناهە، جا با هەتا تێکڵاوی گوناه نەبۆتەوە بۆت بپاڕێتەوە. (ئەحمەدو حاکم). حاکم دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی ساخی دروستە، چونکە بەپێی مەرجی صەحیحی موسلیمە.

١٨٥) چەن كارێكی ناشایستەی تازەقەڵڵا كە لەناو حەجو زیارەتدا سەریارن هەڵداوە:

حاجیان گەلێ كاری ناشایستەی تازەقەڵلایان داهێناوە، ئەوەیش لەناو حەجو لەكاتی سەردانی ئارامگای پیرۆزی حەزرەتدا. گەلێ مۆدەی ناشایستەیان بەپاكردووە، كەشتی وا لە شەرعی خوادا نەبووە. شەیتانی لەعنەتی لەبەر چاویانی جوان كردووە هەتا بەو فێڵە تەفرەیان بداو لە بەهرەی گەورەی حەجو لە پاداشی باشی بێ بەشیان بكاو، هەتا لە راستەرێگەو شەقامەرێی راست هەڵەیان بكا یەكی لەوانە: پێشخستنی عەرەفەیە لەسەر كاتی شەرعی خۆی، كە برێتییە لە نێوان نیوەڕۆی رۆژی عەرەفەو شەبەقدانی بەیانی رۆژی جەژن. ئیبنو ئیسحاق دەفەرموێ: نافیع قسەی بۆ كردم، لە ئیبنو عومەرەوە {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} سەر لەبەیانی رۆژی عەرەفە، لە پاشكردنی نوێژی بەیانی، لە میناوە تەشریفی هێنا بۆ چیای عەرەفە، جا لە نەمیرە دابەزیو لەوێ مایەوە تا خۆرلای دابوو بە نیوەڕۆ، ئیتر زووبەزوو بەو قرچەی نیوەڕۆیە كەوتەڕێو نوێژی نیوەڕۆو عەصری بە جەمعكرد، وتارێكی بۆ مەردوومەكە دا، ئەوجا سەر لە ئێواری رۆیشت لە ئێستگاكەی خۆی لە چیای عەرەفات راوەستا. (ئەبو داوود).

یەكێ تریان: لە بیرو باوەڕی رەشەخەڵكەكەدا هەرچیای _جبل الرحە)، جێگەی راوەستانی بە راستییە، وە شوێنەكانی تری وانییە، ئەمەیش هەڵەیەكی گەورەیە، بەڵكوو باشترین شوێنی راوەستان،

ئێستگاکەی حەزرەت خۆیەتی، کەوا لەلای تاوێرە بەردەکانی داوێنی کێوی جەبەلورەحمەوە لەلای چەپی کێوەکەوە، کە ئەم چیای رەحمەتە خۆی وا لە ناوەڕستی خاکی عەرەفاتدا. بەپێی ئەم فەرموودەیەی سولەیمانی کوڕی مووسا، لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە {رەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: عەرەفات گشتی ئێستگایە، بەڵام پەڕ لەناو شیوی عورنەبگرن، ئەو شیوە بەرخاکی عەرەفات ناکەوێ. (ئەم فەرموودەیە ئەحمەدو بەزارو تەبەرانی لە (المعجم لكبير)دا گێڕاویانەتەوە، پیاوانی رشتەی تەبەرانی گشتیان متمانە پێکراون).

یەکێ تریان: حاجیان رۆژی عەرەفە، کە نۆی مانگە، لە نیوەڕۆدا لە مەککە دەردەچنو یەکسەر دەچن بۆ عەرەفات، لەبەر ئەوە گەلێ سوننەت لە کیس خۆیان دەدەن، چونکە خۆی وا سوننەتە، لە رۆژی تەروییەدا، کە دەکاتە رۆژی هەشتەمی مانگی نۆمینە، لەپاش خۆرکەوتن، لە مککە دەربچنو بەرەو مینا بجمێنو نوێژی نیوەڕۆو عەصرو شێوانو خەوتنان لەوێ بکەنو ئەو لەوێ بمێننەوە هەتا بەیانی رۆژی نۆهەم، وە نوێژی بەیانیش هەر لەوێ بکەن، جا لە پاش هەتاو هەڵهاتن ئەوجا لە میناوە بەرەو خاکی عەرەفات بکەونەڕێ، وە لەڕێ کاتێ گەیشتنە نەمیرە کە شوێنێکە وا لە نزیکی عەرەفاتەوە، دابەزنو لەوێ بمێننەوە هەتا بیوەڕۆ، ئەوجا لە پاش نیوەڕۆگوێ بۆ وتاری میرحەجی ئەوساڵە رابگرن، لەپاش تارەکە لە مزگەوتی نەمیرە نوێژی نیوەڕۆو عەصر بە جەمعە تەقدیم بکەن. جابیر {رەزای خوای لەوەی لێبێ} سەبارەت بە چۆنێتی حەجەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: {دروودی خوای

لەسەربێ} دەفـەرموێ: جا لـە ڕۆژی تەروییـەدا کـە دەکاتـە ڕۆژی هەشـتەمی مـانگی قوربـان، بـەرەو مینـا کەوتنـەڕێو ئیحرامـی حـەجیان بەسـت، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} سوار بوو، وە نوێژی نیوەڕۆو عەصرو شێوانو خەوتنانو بەیانیی لەوێ کرد، ئینجا لەوێ کەمێ مایەوە تا خۆر هەڵهات.

یەکێ تریـان: رابـەر حـەج (موتـەوویف)ەکان، لـە پـێش خـۆر ئـاوا بوونا، لە عەرفـەوە حاجیـەکان دادەپـەڕێنن، یەکسەر لـە عەرەفاتـەوە بـۆ مینا، وەشـەو لـە موزدەلیفـە نامێننـەوە، جا ئـەو سوننەتە گـەورەیان لـە کـیس دەچـی. ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لـە موزدەلیفـە شـەو ماوەتـەوەو، نوێـژی بـەیانی لـەوێ کـردووەو، ڕێگـەی بـە کەس نەداوە کە بەشەو لە موزدەلیفـەوە بـڕوا بـۆ مینـا، تـەنیا بـۆ ژنـانو لازەبوونـەکان ڕێگـەی دەدا، هـەروا ئـەو سـوننەتەیش لـەکیس حاجیـان دەدەن کە بۆ چوونە ناومەککەیان، لەبیر زی تـەوا خۆیـان بـشۆرن، هـەروا پەلەپەل لە حاجیان دەکەنو ناچاریان دەکەن کە لەپێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دوازدەهەمی مانگی قورباندا ڕەجمی شەیتان بکـەن، ئەمـە لـەکاتێکا کـاتی هاتنی ئەم ڕەجمە لەپاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا .

یەکێ تریان: مەردوم لە پێش کاتدا، بۆ ماوەیـەکی زۆر، بـۆ ئـەوەی لـە نزیکی کابـەدا بـن، لـە دەوری کابـە، لەسـەر تەوافگاکـەی دەوری کابـە، دادەنیشنو چاوەڕوانی نوێژی جەماعەت دەکـەنو دەبـن بـەهۆی زیـانێکی زۆرو ڕێ لــە تەوافکــەرەکان دەگــرنو کێــشەیەکی زۆر لــەناو خۆیــانو تەوافکەرەکاندا بەرپا دەکەن.

یــــەکێ تریـــــان: ئەوەیـــە لـــەکاتی جەماعـــەتکردن لـــە نـــاو مەسجدولحەمدا زۆر لە حاجیان لە باتی ئەوەی لە ریزی جەماعەتدا بن دەچن خەریکی تەوافی سەفاو مەڕوە دەبن!.

لە گشتی ناخۆشترو دڵ تەزێنتر ئەوەیە کە لەکاتی جەماعەتی نوێژی شێوانیشدا، کە ماوەکەی زۆر کەمە، هەمان هەڵە دەکەنو خەریکی ئەم تەوافە دەبن، هەتا نوێژی شێوانیان دەچێ!.

دەی چۆن ئومێدی خێر لە کەسانی وا دەکرێ، کە بەقەستی فەرزێ لە فەرزەکانی خوا بچوێنن، وەلحاڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کەسێ نوێژ نەکا فرێ بەسەر ئیسلامەوە نیە! (ئەحمەد).

١٨٦) ناشایستەکانی ناوسەردانی گۆڕی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ):

بەڵێ بە راستی دێنیی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەری نازدار (دروودی خوای لەسەربێ) یەکێکە: لەو تاعەتە هەرە گرنگو هەرە باشانەی کە ەبن بەهۆی نزیکبوونەوە لە خوا، دێنیکەر لە هەردوو جیهاندا سەری پێی بەرز دەبێو، دەبێ بە مایەی بەختیاریی بۆیو دەیگەیەنێ بە ئاواتو مرازی خۆی. بەلام هەمیشە شەیتان وا لە کەمیندا، بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خێرو چاکە هەیە، دەچێ شتی نارەوای تازەقەلایان لەناو تاعەتەکەیاندا، لەبەرچاو چوان دەکا، هەتا لە رەزای خوای پاكو پیرۆز دووریان بخاتەوە. یەکێ لەم کارە ناشایستانە لەکاتی سەردانی گۆڕی

پیرۆزدا ئەویە: دێنیکەرەکان دەچن دەست دەهێنن بە مەحەجەری گۆڕەکەداو ماچی دەکەنو خۆیانی تێ هەڵ دەسوونو بەدەوریدا وەك تەواف هەڵ دەسووڕێنو لەناو نوێژدا رووی تێ دەکەنو خۆیان دەچەمێننەوە بۆ گۆڕە پیرۆزەکە. لە گشتی دزێوتر ماچکردنی زەوی ناو هۆدەی گۆڕی پیرۆزە. ئەمانەیش هەمووی بە یەکگرتنی رای زانایانی ئیسلام کاری ناڕەواو نادورستن، چونکە لە کوڕنووشی دەچێ کە بۆ کەسێکی تر بێ بێجگە لەخوا[1].

---

(١) لەو بڕوایەدام ئەم قسانە زیادە رەویی زۆریان تیادایە، راستە لە ئیسلامدا کوڕنووشو روکوعو پەرستش بە هەموو جۆرێکیەوە هەر دەبێ بۆ خوابێ، وە بابەتی عیبادات هەمووی تەوقیفییە، دەبێ فەرمانی رۆشنی شەرعی لەسەربێ، بەڵام عادات لە عیبادات جیایە، لە عاداتا باوو دەستوورو نەریت بەپێی رۆژو کاتو حاڵو چاخ دەگۆڕێ ڕێزلێگرتنو خۆشەویستیو تەعبیر لە هەستی مرۆڤ بەرابەر بە کەسێ کە خاوەنی چاکە بێ لە سەری، ئایا ئەو کەسە مردوو بێ یا زیندوو، بەپێی کاتو شوێن شیاوی گۆڕانە، کەواتە: ئەگەر کەسێ بڵێ: ماچکردنی گۆڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نیشانەی زیادە خۆشەویستییەو لەبەر هیچی تر نیە، قسەکەی ڕێی تێ دەچێو پەسەندیش دەکرێ. لەبەر ئەم چەند هۆیە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) حەجەرولئەسوەدی ماچکردووە، ئەویش هەر دارو بەردە، حەزرەتی ئەبو بەکری صەدیق (رەزای خوای لێبێ) بە مردوویی پێغەمبەری ماچکردووە، کەواتە ماچکردنی مردوو لەزاتی خۆیدا بۆ تەعظیم نیە بۆ مەحەببەتو خۆشەویستییە، کەوا بێ ماچکردنی گۆڕەکەیشی هەروا، لە راستیدا هەر شتێ بەڵگەیەکی رۆشن لەسەر نەهیی لێکردنی نەبێ، وە لە ڕیزی باوی ناو کۆمەڵو لەبەشی عاداتبێ، ئەوە کردنی ئەوە دانانرێ بە خەرقێکی گەورە لە ئیسلامدا، وەك هەندێ کەس بۆ تەرویجی حیزبی خۆیان هەڵەیەکی

بچووکی پێشینان گەورە دەکەن و دەیکەن بە هات و هاوار و گاڵەگاڵ. ئەگەر کەسێ سەرانسەری سوننەتی پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} بگەڕێ، بەڵگەیەکی صەریحی دەست ناکەوێ کە بڵێ ماچکردنی قەبر حەرامە!.

بەندە مەبەستم یەك خاڵەو بەس: دەبێ رەخنە گرتن لە بیدعەت مەبەست لێی موحارەبەی مەزهەبەکان نەبێ، چونکە بەراستی هەوڵ دان بۆ تێکدانی ئەم مەزهەبانە، بەناوی جەنگکردن لەگەڵ باوی ناشایستەو قەلاچۆکردنی بیدعەتەوەو تەحریفی ئیسلامە چونکە ئەوەی ئەبو حەنیفەو مالك و شافیعی و نەوەوی و رافعی و زوفەرو ئەبو یوسف و ئیبنو حەجەر {رەزای خوایان لێبێ} کردوویانە بەم موجتەهیدانی ئاخرزەمانانە ناکرێ، کە یەکی شەش حەوت حەدیسیان لە بەرەو بەس. بگرە زۆریان بازرگانی بە کتێب و نووسین و خامەکانیانەوە دەکەن و بە دڵی ئەم لایەن و ئەو حاکم و ئەو پارەدار قسە دەکەن!.

ئەمانە لە کوێ و زاتێکی وەك ئیمامی نەوەوی لە کوێ کە ساڵ دوانزە مانگەی خوا بە رۆژوو بووەو دەستێ جلی خامی لەبەردا بووەو مێزەرێکی شاڵی بەسەروە بوو، لەگەڵ جووتێ سۆڵ و مەسینەیەکاو ئاو بێنەوە دەست بشۆ!.

برابیکەن بە خاتری خوا ئێوەیش مەبن بە سیاسەتمەدارەکانمان، ئەوان ژیانی دنیایان لێ تاڵ کردووین، دەی ئێوەیش (خوانە خواست) لە دیندا سەرمان لێ بشێوێنن ئیتر قوڕی کوێ بەسەر خۆماندا بکەین؟!.

وەڵڵا برا من کە نووری فارس حەمەخانم: (أموت علی ما مات علیە النووی، رصوان الە تعالی علیە) بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر دەمزانی کە شتێ پەڕیوەتە ناو مەزهەبی شافیعییەوە، وە ئەو شتە سوور بە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرەوەیە، ئەوە ئەرکی سەرشانمە کە ئەو هەڵەیە، بەبێ قرەو تەپڵ لێدان و تەکفیرو تۆمەتی ئیشراك لەمو لەو، راست بکەمەوە! ئەمە لە کۆنیشدا هەروا بووە، کتێبە ناودارەکانی شەرع پڕن لەم جۆرە رەدوبەدەلەی من عەرزتانی دەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا وەك ئەمڕۆ ئاوا شالاوی

یەکێ تر لەو کارە ناشایستانە کە لەکاتی سەردانی گۆڕی پیرۆزدا دەکرێ ئەوەیە: کە خەڵکی مەدینەو خەڵکی شوێنانی تریش لەلای رۆژهەڵاتی مەرقەدەوە دەوەستنو سەلاوات لەسەر جوبرائیلو میکائیلو ئیسرافیل دەدەن، ئەمە کارێکی تازەقەڵای ناشایستەیە سەربەڵگەی لە سونەتدا نیە!.

یەکێ تریان: ئەوەیە کە خەڵکی مەدینە کردوویانە بە عادەت لەپاش سڵاوکردن لە ئەبو بەکرو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەڕۆن بۆ

بەروالا بۆ فەوتانی مەزهەب نەبووە. بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە حوکم بە قیاس بکەین دەتوانین. (استلامی قەبرو تەقبیلو رووتێکردنی لە نوێژداو تەواف بە دەوریداو باوەشدان لە مەحجەرو قەراخەکەی بە قیاس اسبات بکەین). چونکە پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} خۆی حەجەرولئەسوەدی ماچکردووەو تەوافی بەیتی کردووەو دەستی هێناوە بە مولتەزەمداو رووی خۆی نووساندووە بە دیواری کەعبەوەو نوێژی مردووی لەسەر تەرمو لەسەر گۆڕ کردووە، واتە: لە نوێژەکەدا رووی لە تەرمەکەو لە گۆڕەکە بووە، دەی دەبێ گۆڕی پێغەمبەر چی لە حەجەرولئەسوەد کەمتر بێ؟ ئەگەر مەسەلەی بەردودارو مردووە، هەر دوو حاڵەکەبەردودار مردووە، کەواتە: بۆ لایەکیان خالیصی تەوحیدەو ئەولایەکە یتر یان مەحزی اشراکە!

ئازیزان! قوربانتان بم، مەبەستم ئەوە نیە کە بەرگری لە بیدعەت بکەم، بەخوا لە زۆر کەس زیاتر لە دژی بیدعەتم، بەلام مەبەستم ئەویە کە دینەکە نەبێ بە دینی ئەحزاب، دەنا بە خودا حاڵ دەگاتە ئەوە ئایەتەکانی قورئان لە سوچی سەیارە دەنووسرێن: (الا هل بلغت اللهم فاشهد). تکام ئەوەیە بە چاوی ویژدان سەرنجی ئەم سەرنجە بفەرموون.

- وەرگێڕ -

سەردانی گۆڕی فاطیمەی زەهرا، ئەوجا دەگەڕێنەوە بۆ ئیستگای جاری یەکەمیان بۆ بەردەم گۆڕی پیرۆز، لەوێدا ئیستێکی بچکۆلانە دەکەنەوە، ئەوجا دەچن بۆ لای میحرابی عوسمانی، لەوێ بەرەو قیبلە دەوەستن‌و دەست دەکەنەوە بەنزاو پاڕانەوە، شتی وا لە سوننەتدا بێ سەرو بەرەو سەربەلگەی نیە!.

یەکێ تریان: ئەویە دێنیکەرەکان لەپاش هەموو فەرزێ (جگە لە نوێژی خەوتنان) ریز دەبەستن‌و بەیەك قیژە سلاو لە پێغەمبەرو دوو هاوڕێکەی دەکەن‌و، لەپاش رابەری سەردانەوە (واتە: موزەووير) هەموو بە یەکەوە بەدەنگێکی ناسازی هەراسانکەر بە چریکە سەلاوات لەسەر پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەدەن، ئەمەیش کارێکی زۆر ناپەسەندی دزێوە، بەپێی قورئان‌و سوننەت‌و ئیجماعی نەتەوەی ئیسلام حەرامە. خوای گەورە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ – سورة الحجرات – ٤٩/٢}.

ئیجماعی ئوممەت لەسەر ئەوەیە: کە قەدرو ڕێزی پێغەمبەری خودا {دروودی خوای لەسەربێ} بە مردوویش ڕێك وەك حاڵی ژیانی وایە، سەرەڕای ئەمانەیش ئەوەتا خودا لە قورئاندا پەسنی ئەو زاتانە دەکا، کە لە خزمەتی حەزرەتدا بە ئەدەبەوە بە دەنگی نزمی پڕ لە ڕێزو قەدر قسەو گوفتوگۆ دەکەن‌و مژدەی گەورەی لەسەر ئەم بەهرەیە پێداون، وەك دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ – سورة

الحجرات - ٤٩/٣} له هەمان کاتدا زەمی کەسانێکی تر دەکا، لەسەر ئەوە کە لە خزمەتی حەزرەتدا {دروودی خوای لەسەربێ} دەنگیان بەرزەوەکردووەو نەفی هۆشیان لێدەکا. دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ - سورة الحجرات - ٤٩/٤} دەگێڕنەوە جارێ ئەبو جەعفەری مەنصوور گوفتوگۆیێ لەگەڵ ئیمامی مالیکدا سازدەدا، لە مزگەوتی حەزرەتدا {دروودی خوای لەسەربێ}. ئیمامی مالیك {رەزای خوای لێبێ} پێی دەفەرموێ: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! لەناو ئەم مزگەوتەدا دەنگت بەرزەوە مەکە، ئەوەتا بە راشکاوی خودا لە قورئاندا کەسانێ فێری وێڵو ئەدەب دەکاو پێیان دەفەرموێ: {لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ}، تا کۆتایی ئایەتەکە. لە هەمان کاتدا زەمی کەسانێکی تر دەکاو دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ... جا منصور: فەرمانی ئەم ئایەتانەی قەبوولکرد.

یەکێکی تریان: پشتو سك نووساندنە بە گۆڕە پیرۆزەکەوەو دەست پیاهێنانیەتی، ئەوە زۆر ناپەسەندە، چونکە ئەدەب وا دەخوازێ لەحاڵی مردنیشدا بەقەدحاڵی ژیانی دێنیکەر کەمێ دوور لە خزمەتی حەزرەتدا ئامادە بێ ئەوەیش بیروباوەڕێکی ناپەسەندە، کەرەشە خەڵکەکە گومان وادەبەن کە گوایە پێغەمبەری خوا {دروودی خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: هەرکەسێ لەیەك ساڵدا سەردانی گۆڕی منو گۆڕی ئیبراهیمی بابام بکا، دەبم بە دەستە بەری بەهەشت بۆی! فەرموودەی وا بێ سەرو بەرە، پووچو دەست هەڵبەستە، شتی وا لە سوننەتدا نەبیستراوە! (تەماشای: ارشاد الناسك بکە - پەراوێزی ئەصڵەکە).

١٨٧) کڕینو فرۆشتن:

فرۆشتن لە زمانا وەرگرتنی شتێکە لەبری شتێکی تر. لە شەرعدا: گۆڕینەوەی ماڵە بە ماڵێکی تر، کە شیاوی کەردان پێکردن بن، لەسەر شێوەی ئیجابو قەبووڵ، بە جۆرێ خاوەنداریی پێ دابمەزرێ.

بەڵگەی ڕەوابوونی:

سەر بەڵگەی (ئەصڵ)ی ڕەوا بوونی قورئانو فەرموودەو یەکگرتنی نەتەوەیە (ئەصڵ لە ڕەوادیتنی کڕینو فرۆشتندا کیتابو سونتەتو ئیجماعی ئوممەتە) یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا – سورة البقرة – ٢/٢٧٥} واتە: خوا کڕینو فرۆشتنی ڕەوادیوە، بەڵام سەوداو مامەڵەی سوودی ڕەوانەدیوە). پێغەمبەری خۆشەویستو نازداریش {درودی خودای گەورەو مەزنی لەسەربێ} دەفەرموێ: کڕیارو فرۆشیار هەردوو لایان خۆیان سەرپشکنو دەتوانن پەشیمان ببنەوە لە سەوداکەیان هەتا لە یەکتری جیا دەبنەوە هەتا لە یەکتری جیادەبنەوە. (شەیخانو ئەحمەدو نەسائیو ئەبو داوودو تیرمیزی گێڕاویانەتەوە).

یەکگرتنیش واتە: إجماعیش لەسەر ئەمە دامەزراوە.

(بنیاتەکانی – ئەرکانەکانی):

(بڕوانە: مختصری صحیحی بوخاری بە کوردی بەرگی سێیەم لاپەڕە: (٥) هەتا لاپەڕە (٦٩) واتە: لە ژمارە (٩٣٣)وە هەتا ژمارە (٩٩٧).

بنیاتەکانی کڕین و فرۆشتن چوارشتن:

یەکەم: فرۆشیار.

دووەم: کڕیار.

سێیەم: فرۆشراو.

چوارەم: گوتەی گرێدان، کە بریتییە لە (صیغە: دارێژگە) واتە: لەو قسەیەی کە لە نێوانی فرۆشیارو کڕیاردا دەبێ، کە جێبەجێکردنی ئەو کڕین و فرۆشتنە دەگەیەنێ کە بریتییە لە کردنە قەباڵ و قەبوولکردن (ئیجاب و قەبوول). پێویستە کڕیارو فرۆشیار چەند مەرجێکیان تیادا بێتەدی: مەرجە کڕیارو فرۆشیار کڕین و فرۆشتنیان لە باردابێ، کەواتە: مامەڵەی منداڵ و شێت و کەمهۆش دانامەزرێ، هەروا مەرجە کە مامەڵەکە بە ئارەزووی خۆیانبێ، نەك بە زۆری کەسێ، مەگەر بە زۆری شەرع، وەك ئەوە کەسێ قەرزی لەسەر بێ و کاتی دانەوەی هاتبێ و قازی زۆری لێبکا، کە هەندێ لە ماڵی خۆی بفرۆشێ هەتا قەرزەکەی پێ بداتەوە، یا پارەی سەلەمی دادابێ و قازی ناچاری بکا کە سەلەم تیاکراوەکە بکڕێ و وەری بگرێ لە جیاتی پارەکەی. گوتەی گرێدانیش بریتییە لەو قسەیە کە کردنە قەباڵ و لێوەرگرتنی پێ دامەزرێ، وەك ئەوە فرۆشیار بڵێ: ئەوەم فرۆشت بە تۆ، یا تۆم کرد بە خاوەنی، یاخود وەك ئەوە کڕیار بڵێ: ئەوا وەرم گرت، یا ئەوا کڕییم لێت، کەواتە: فرۆشتن و کڕین تەنها بە ئاڵوگۆڕی پارەو ماڵ کە پێی دەڵێن (موعاطات: ئاڵو گۆڕ: لەیەك وەرگرتن) بەبێ گوتەی گرێدان دانامەزرێ.

بەڵام ئیبنو شورەیح دەفەرموێ: فرۆشتن بە شێوەی ئاڵوو گۆڕ (واتە: بەبێ گوتەی گرێدان) دادەمەزرێ لە شتێکا کە گران بەهانەبێ، بەپێی باوی دامەزراوی ناو کۆمەڵ، ڕەویانیو کەسانی تریش بڕیاریان بەمە داوە. مالیکیش دەفەرموێ: بەڵێ فرۆشتن دادەمەزرێ لەسەر هەر شێوەیێ بێ بە مەرجێ مەردوم، لەناو خۆیاندا ئەو شێوەیە دابنێن بە فرۆشتن، ئیبنو صەبباغیش ئەمەی لەلا پەسەندە. نەوەویش {ڕەزای خوا لە هەموویان بێ} دەفەرموێ: ئەم رایەی کە ئیبنو صەبباغ پەسەندی کردووە رایەکی سەنگینە، سەبارەت بە بەڵگە، لەبەر ئەوە دادەنرێ بەرای هەڵبژاردە، چونکە لە راستیدا لە شەرعدا، مەرج بوونی قسە بۆ دامەزراندنی گرێدان، دیاری نەکراوە، کەواتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەر باوی ناوکۆمەڵ کە پێی دەگوترێ (عورف: باوی باشی ناوکۆمەڵ کە خەڵك بە ئاشکرا، بەبێ شەرمو شکۆ، لە بەرچاوی خەڵك بیکەنو ئەو باوە بەرەبەرە لەناو کۆمەڵدا بناسرێو دابمەزرێ، بەبێ ڕەخنەلێگرتن) یەکێ لەو کێشانەی کە هەموان پێی گیرۆدەبوون ئەوەیە: بووە بەباو لە هەموو وڵاتێ کە لەبەر ناچاری مەردوم منداڵان دەنێرن بۆ کڕینی پێداویستییەکان، جا هەق وایە کە ئەمەیش بە چاوی ئالو گۆڕ (موعاطات) ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ. پاڵفتەی گوتە ئەمەیە: هەرکاتێ ئەو مەبەستە هاتەجێ کە گوتەی گرێدان لەبەر ئەو مەبەستە بەمەرج گیراوە، ئەوە مامەڵەکە دا دەمەزرێ، بە مەرجێ شتە وەرگیراوەکە هاوتای بەهاکەی بکا، ئەم زانایانەی کە ئەم بڕیارەیان داوە، ئەمەیان کردووە بە بەڵگە: کە لەسەردەمی ئێمامی عورمەردا {ڕەزای خوای لێبێ} ژنە لەچکدارەکان دەچوون کە نیزەكو نۆکەرو کچو کوڕی منالکاریان دەنارد بۆ کڕینی

پێداویستییەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا عومەر ڕەخنەی لێنەدەگرتن، هەروا ئەم عادەتە لەکاتی ئەوو لەکاتی کەسانی تریشدا، لە پێشینانو پاشینان هەر باوبووەو کەسیش تاڕەزایی لێ دەرنەبڕیوە.

١٨٨) جۆرەکانی کڕینو فرۆشتن:

جۆرەکانی کڕینو فرۆشتن سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: ئەوەیە ئەو شتە کە دەفرۆشرێ زانراوبێو لەبەرچاوبێ. ئەمە دروستە.

جۆری دووەم: ئەوەیە لەبەر چاودا نەبێ، بەڵام چۆنێتیی باسکرابێو ناونیشانی درابێو، لە ئەستۆی خاوەن سامانەکەدابێ، کە بەم فرۆشتنە دەگوترێ سەلەم، ئەمیش دیسان دروستە.

جۆری سێیەم: ئەوەیە ئەو شتە کە دەفرۆشرێ نادیاربێ، نەکڕیارو نەفرۆشیارو نەهیچ کامێکیان نەیدیبێ، ئەم جۆرە سەودایە دروست نیە، هەتا شتەکە ئەگەر ئامادەیش بێو لەبەر دەستابێ، مادەم لەبەرچاو نەبێو تەماشا نەکرێ هەر دروست نیە! چونکە ئەم جۆرە سەودایە لە مامەڵە دەستەشکێنەکانە، کە شەرع ڕێگەی نەداون، مامەڵەی دەستەشکێن لە شەرعدا ئەوەیە کە سەرەنجامەکەی شاراوەبێ!.

١٨٩) مەرجەکانی دامەزرانی فرۆشتن:

فرۆشتن بەم پێنج مەرجە دادەمەزرێ:-

یەکەم: ئەوەیە فرۆشراوەکە پاك بێ، واتە: شتەکە لە زاتی خۆیا پاك بێ، واتە: عەینەکەی پاك بێ، کەواتە فرۆشتنی شتێ کە لەزاتی خۆیدا پیس بێ دانامەزرێ وەك مەیو بادەو مردارو گۆشتی بەرازو سەگو شتی تری لەم بابەتە. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: بێگومان کە یەزدان فرۆشتنی ئەمانەی قەدەغە کردووە: فرۆشتنی ئارەقو مردارەوەبوو بەرازو بت. (شەیخان گێڕاویانەتەوە) لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی دەکا لە بەهای سەگ، مەگەر سەگی راویی (تیرمیذی لە ئەبو هورەیرەوە گێراویەتەوە).

بەڵێ شتی پیسبوو، ئەگەر دەتوانرا پاك بکرێتەوە ئەوە فرۆشتنەکەی دادەمەزرێ، وەك جلو بەرگو شتی وا، کە بەهۆی شۆردنەوە پاك دەبێتەوەو پیسییەکەی نامێنێ، بەلام ئەگەر نەدەتوانرا کە پاك بکرێتەوە ئەوە سەوداکە دانامەزرێ، وەك هەنگوینو شیرو شتی تری ترنگی ئاوەکی، چونکە ئەمانە بە شۆردن نامێنن و لەگەڵ ئاوەکەدا مەحف دەبنەوەو دەرژێن، بەهەر حاڵ پیسایییەکەیان هەر دەمێنێ.

بەلام رۆنی پێسبوو، وەك رۆن زەیتو رۆنە زەنگو رۆنی پیوی تواوەی شل، دوو فەرموودە هەیە لە بارەی پاکەوەکردنیەوە، دروستترینیان ئەوەیە کە پاك نابێتەوە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کاتێ پرسیاری لێ کرا، لەبارەی مشکێکەوە لەناو رۆندا بتۆپێ، فەرمووی: ئەگەر رۆنەکە مەیی بوو ئەوە بەس مشکەکەو دەوروبەرەکەی

فرێ بدەن، بەڵام ئەگەر رۆنەکە شل بوو، نەیبەستبوو ئەوە گشتی برێژن!. دەی ئەگەر پاککردنەوەی رۆنەکە لە تواناداا هەبوایە، رشتنەکەی دروست نەبوو، چونکە شتی وا بە فیڕۆدانی سامانە، ئاشکراشە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێ) نەیی کردووە لە بەفیڕۆدانی سامان.

مەرجی دووەم: بۆ دامەزراندنی کڕین و فرۆشتن ئەوەیە: ئەو شتە لە زاتی خۆیدا قازانجێکی شەرعی تیادابێ، کەواتە: فرۆشتن و کڕینی شتی بێخێر دانامەزرێ، بەڵکوو وەرگرتنی ماڵ لەباتی ئەو شتە بێ سوودە لە بابەتی خواردنی ماڵی خەڵکە بە ناهەق، شتی وایش خوا نەیی لێدەکاو دەفەرموێ: {وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ – سورة البقرة – ١٨٨/٢} ماڵی یەکتری بە ناهەق مەخۆن. دەی لە شوێنێ فرۆشتن و کڕینی شتی بێ خێر دروست نەبێ، کڕین و فرۆشتنی شتێ کە زیانی هەبێ باشتلا دروست نیە، وەك زەهرو شتی بەنجکەرو سڕکەرو شتی سەرخۆشکەر، بە هەموو جۆرێکیانەوە، ئەگەر بۆ زیان بەکارهێنران، بەڵام ئەو زەهرو شتە بەنجکەرانەی کە لە شتی بەسوودا بەکار دەهێنرێن (ئارەقی لێ دەرچێ) فرۆشتنیان دروستە. غەزالی و کەسانی تریش ئەو رایە بەسەنگین دادەنێن کە دەفەرموێ: فرۆشتنی زەهر دروستە. لە فەرموودەدا دەفەرموێ: هەر کاتێ خوا شتێ قەدەغە بکا بەهاکەیشی قەدەغە دەکا.

بەڵام ئامێری بەزم و رەزم، کە یادی خودا لەبیر دەباتەوە، نەفرۆشتن و نەکڕینی دروست نیە، چونکە ئامێری رەوشت تێك دان و لەرێدەچوونەو بە کەڵکی ئەوە نەبێ بەکەڵکی هیچی تر نایەت. لە ئەبو هورەیرەوە حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە ئاخر زەمانا کەسانێ

له نەتەوەی ئیسلام خودا دەیانکا بە مەیموونو بەراز. یاران فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆ ئەوانە لەلای خۆیان شایەتمان دەهێننو دەڵێن: هەر یەزدانی پاك خودایەو تۆیش پێغەمبەری خودای، ئیتر چۆن دەبن بە بەرازو مەیموون؟ فەرمووی: بەڵێ وایە، بەڵام سەردەکەنە ئامێرژەندنو خوو دەدەنە ژنی گۆرانی بێژو دەفو دەهۆڵ لێدان، جا شەوان لەسەر ئەم حاڵە رادەبوێرن، هەتا رۆژێ کە بەیان دەکەنەوە دەڕوانن بوون بە مەیموونو بەراز. بوخاری فەرموودەیەکی لەم بابەتە گێڕاوەتەوە.

ئەگەر ئەم ئامێرانە لەپاش شکاندنیان دانەدەنران بەماڵ، وەك ئەو ئامێرانەی کە لە دارو شتی وا دروست کراون، ئەوە فرۆشتنیان دانامەزرێ، چونکە بەپێی شەرع شتی وا بێ کەڵکەو، کەسێ دەیکا کە گوناه پیشەبێ، بەڵام ئەگەر لەپاش شکاندنیان دادەنران بە ماڵ، وەك ئامێرێ لە زێڕو زیو دروست کرابێ، ئەوە فرۆشتنیان بە شکاوی دروستە، چونکە ماڵەو بۆ مەبەستی رەوا دەتوانرێ بەکاربێ، وەك ئەوە دەکرێ بە خشڵو بە پارەو شتی وا.

مەرجی سێیەم: ئەوەیە ئەو ماڵە کە دەیفرۆشێ موڵکی تەواوی فرۆشیارەکە بێ، یا هی هەقداری خاوەن ماڵەکەبێو بەپێی شەرع خۆی سەرپەرشتکاری سەر ئەو ماڵەبێ، یا جێداریی (وەکالەت)ی هەبێ، جا ئەگەر بەبێ سەرپەرشتیاریو جێداریی سامانی کەسێکی تری فرۆشت، بەبێرا لە سەربوونی خاوەنی، ئەوە دروست نیە، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: تەڵاق کاتێ دەکەوێ کە تۆ خاوەنی ئەو ژنەبی لەکاتی تەڵاقدانەکەدا، بەندەیش کاتێ ئازاد دەبێ کە لەکاتی

ئازادکردنەکەیدا هی تۆبێ، وە شت کاتێ فرۆشتنەکەی سەر دەرگرێ کە لەکاتی فرۆشتنەکەدا هی تۆبێ، وە هەرشتێکیش کە ماڵی تۆ نەبێ نەزری دانامەزرێ!. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە. لەسەر فەرمایشتێ: لەکاتی وادا فرۆشتنە کە رادەگیرێ، لەسەر ئەو شێوەیە: ئەگەر خاوەنەکەی رێگەیدا، دادەمەزرێ. دەنا نا، بەلگەی ئەم فەرمایشتەیش ئەم فەرموودەیەیە: عوروە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ جارێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دینارێکی داپێم، کە مەڕێکی بۆ بکڕم، منیش بەو دینارە دوو مەڕم پێکڕی، مەڕێکیانم فرۆشتەوە بە دینارێو دینارێك و مەڕێکیشم بردەوە بۆ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە حاڵەکەم بۆی باسکرد، فەرمووی: خودا پیتو فەڕ بخاتە سەوداو مامەڵەو کڕینو فرۆشتنتەوە!. (تیرمیذی بە رشتەیەکی دروست دەیگێڕێتەوە) دەی نزاکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە بۆیکردووە بەلگەی رەزامەندی لە سەوداکەیەتیو نیشانەی رێگەپێدانیەتی.

مەرجی چوارەم: دەبێ ماڵە فرۆشراوەکە شیاوی پێدانی راستەقینەبێ، یا شیاوی تەسلیمکردنی شەرعی بێ، کەواتە شتێ کە نەتوانێ بە راستەقینە بیداتە دەست کڕیار، وەك شتی گومبوو یا ماڵی زەوتکراو، ئەوە فرۆشتنی دانامەزرێ. چونکە مەبەست لە فرۆشتن بەهرە وەرگرتنە لە فرۆشراو، ئەوەیش لەکاتی وادا دەست نادا.. بەڵێ دروستە فرۆشتنی ماڵی داگیرکراو بە کەسێ کە بتوانێ بیسێنێتەوە لە زەوتکەرەکەی بەرگر (مانع)ی شەرعیش وەك فرۆشتنی شتی رەهنکراو بەبێ فەرمانی رەهنکەرەکە، چونکە بەپێی شەرع فرۆشیار لە ماوەی رەهنەکەدا ناتوانێ فرۆشراوە رەهنکراوەکە بداتە دەست کڕیار، چونکە ئەگەر شتی وا دروست بێ رەهنەکە سوودی نابێ، لە دانەوەی قەرزەکەی

دڵنیا نابێ، چونکه شته بارمتهکهی له دهستا نامێنێ، ههتا لهکاتی پێویست له جیاتی قهرزهکهی بیفرۆشێ.

مهرجی پێنجهم: ئهوهیه فرۆشراوهکه زانراوبێ. چونکه پێغهمبهر (درووودی خوای لهسهربێ) نهیی کردووه له فرۆشتنێ که ههڵخهڵهتانی تیابێ، که پێی دهڵێن: (بیع الغرر). (موسلیم فهرموودهیهکی لهم بارهیهوه گێڕاوهتهوه) بۆ پێشگیریی له خهڵهتان مهرجه که شتهکه بهچاو ببینرێو له بهرچاوبێو ئهندازهکهی دیاری بێ. وهك ئهوه بڵێ: ئهمهم به تۆ فرۆشت، بۆ ئهندازهیش ژمارهکهی دیاری بکا، یا عهیارهکهی یا سهنگو کێشهکهی باس بکا، له فرۆشتنی به شێوهی سهلهمیشدا مهرجه فرۆشراوهکه به نیشانهو صیفهت دیاریو باسکراوبێ وهك له باسی سهلهمدا له دواوه دێ.

١٩٠) باسی سهلهم:

(بڕوانه: تهجرید- مختصر صحیح البخاری) بهکوردی: بهرگی ٣ - ل- ٧٠ ژ- ٤٠)

سهلهم به عهرهبی سهلهفیشی پێ دهگوترێ، بۆیه پێی دهگوترێ (سهلهم: پێدان: دانهدهست) چونکه پارهکه له سهرهتای سهوداکه وهدهدرێ، بۆیهیش پێی دهگوترێ (سهلهف – پێشینه) چونکه بههاکه، یا پارهکه له پێشهوه دهدرێ له کۆڕی دانیشتنی سهوداکهدا. سهلهم: برێتییه له فرۆشتنی شتێ که لهبهرچاودا نهبێ، بهڵکوو به روونکردنهوهی ناوونیشانی دیاری کرابێ، وه له ئهستۆی خاوهنماڵهکهدابێ، بهپێی چهند مهرجێ. سهربهڵگهکهی ئهم ئایهتهیه: **{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ**

– سورة البقرة - ۲۸۲} ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بەخوداو بە پێغەمبەری ئیسلام هەیە! هەرکاتێ مامەڵەیەکی قەرزتان لەناو خۆتاندا هەتا ماوەیەکی دیاریکراو ئەنجامدا بینووسن. ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: مەبەست لەم قەرزە سەلەمە. ئیبنو عەبباس {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: کاتێ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} تەشریفی هێنا بۆ مەدینە، خەڵکی مەدینە بەسەر بەری دارو درەختو شینایی سەلەمیان دەکرد بۆ ماوەی یەك دوو ساڵ. جا فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: هەرکەسێ سەلەم بەسەر شتێ دەکا با ئەندازەی شتە سەلەم بەسەرکراوەکە دیاری بێ، دەبێ پێوانەی یاکێشانەی بزانرێ، هەروەها بۆ ماوەی چەندیشە ئەو ماوەیە ناو ببرێ. (ش/د/ت/ن). لەبەر ئەوەیش خاوەن کارو پیشەکان جارو بار هەوەجێیان بە پارە دەبێ، کە خەرجی بکەن بۆ بەڕێوەچوونی کارو پیشەکانیان، وە پارەشیان بە دەستەوە نابێ، لە هەمانکاتدا خاوەن سامانەکانیش لە هەرزانی بەهاکە بەهرەوەر دەگرن، جا لەبەر ئەم دوو هۆیەو لەبەر پێداویستی زۆر سەلەم دروستە، گەرچی کەمێ تەفرەی تیادایە (تەفرە = غەرەر).

۱۹۱) مەرجەکانی سەلەم:

بۆ دامەزراندنی سەلەم چەند مەرجێ پێویستە:

یەکێکیان: ئەوەیە ماڵە سەلەم تیادا کراوە کە بەشێوەیەکی وادیاری بکرێو نیشانەی هەڵ بدرێ کە بەباشی بناسرێو بزانرێو بە نەناسراوی نەمێنێتەوە. چونکە سەلەم خۆی گرێدانێکی وایە کە هەڵخەڵەتانو هەرزان فرۆشی (غەرەر)ی تیادایە، جا ئەگەر بە باشی

شتەکە دیاری نەکرێو بە باشی نە ناسرێ، ئەوەیش دەبێ بە هەرزان فرۆشیی دووەم، شتیش دووجار هەرزان فرۆش بکرێ، وەك تالاّن فرۆشی لێ دێ، شتی وایش لە شەرعدا لە کێشدا نیە.

یەکێ تریان: ئەوەیە کە ماڵە سەلەم تیادا کراوەکە حازر نەبێ، یا لەزیمنی شتێکی حازری دیاری لە بەرچاو نەبێ، وەك ربەیێ جۆ لە خەرمانێ، چونکە پێویستە سەلەم تیاکراوەکە قەرزبێ، چونکە سەلەم فرۆشتنی شتێکە کە لە ئەستۆدا بێ، نەك لەبەر دەست دابێ، دیاربوونو حازربوونو لەبەر چاویش دژی بە قەرزبوونیەتی.

یەکێ تریان: ئەوەیە وادە (ئەجەل)ەکەی دیاری کراوبێ، وەك ئەوە: ئەندازەکەی بە مانگێ، یا بە دوو مانگ، یا بە ساڵێ، یا بە دوو ساڵ، یا بە ماوەیەکی ناوبراوی وا دیاری کرابێ، تا زێدە تەفرەو هەرزان فرۆشی روو نەدا، لەبەر ئەوەیش کە خوا دەفەرموێ: {إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى} لەبەر ئەوەیش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەتا ماوەیەکی دیاری کراو.

یەکێ تریان: ئەوەیە ئەو ماڵە لەکاتی هاتنی وادەی تەسلیم کردنیا لەو کاتەدا هەبێ دەنا دانامەزرێ، وەك سەلەم دادان بەسەر فەریکە خورما (روتاب) لە زستاندا، چونکە لە زستانا فەریکە خورما نیە، هەروا سەلەم لە شتێکا کە لەکاتی هاتنی وادەکەیدا بە دانسقە دەست بکەوێ دانامەزرێ، چونکە شتی وا غەرەرە.

یەکێ تریان: نیشانەکردنی جێگەی وەرگرتنی ماڵەکەیە، ئەمە کاتێ مەرجە کە گواستنەوەی ماڵە سەلەم تیادا کراوەکە، بۆ جێگەی دانە دەست مەسرەفی تێبچێ، چونکە لە حاڵی وادا قازانجو زیان فەرق دەکا.

یەکێ تریان: ئەوەیە بەهاکە زانراو بێ، ئەندازەی پارەکە دیاری بکرێ، ئەگەر دیاری نەکرێ سەلەمەکە دانامەزرێ، چونکە شتی وا تەفرەیە.

یەکێ تریان: دەبێ پارەکە یا بەهاکە لە کۆڕی گرێدان (مەجلیسی عەقد)ەکەدا وەربگیرێ، دەنا وەك فرۆشتنی شتی قەرز بە پارەی قەرزی لێ دێ، شتی وایش پووچەو نەیی لێکراوە، لەبەر ئەوەیش سەلەم گرێدانێکە کە تەفرەی تیایە، لەبەر پێداویستی ڕێگەی پێدەدرێ، جا بەوەرگرتنی بەهاکە لە پێشەوە تۆڵەی ئەو تەفرەو هەرزان فرۆشییە دەکرێتەوە، وەلحاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نەیی کردووە لە فرۆشتنی قەرز بە قەرز.

یەکێ تریان: دەبێ ماڵە سەلەم تیاکراوە کە ئەندازەکەی بە پێوانە یا بە کێشانە، یا بە ژمارە، زانراوبێ. چونکە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: دەبێ پێوانەی یا کێشانەی بزانرێ.

١٩٢) فرۆشتنی شت لە پێش وەرگرتنیدا:

شت لە پێش وەرگرتنیدا فرۆشتنی دروست نیە، ئیتر زەوی و زاربێ یا شتی تر بێ جیاوازی نیە، فرۆشیاری یەکەم ڕێگەی ئەوەی دابێ یا نا، کڕیار بەهاکەی تەسلیم کردبێ یانا، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا

فرۆشتنەکە دانامەزرێ. بەپێی ئەوەی حەکیمی کوڕی حیزام دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! من با بایەکم ئەم جۆرە کڕین و فرۆشتنانەی کە هەن لە ناودا، ئەنجام دەدەم، دەی پێم بفەرموو، کە کامەیان حەڵاڵە بۆم و کامەیان حەرامە بۆم؟ فەرمووی: ئەی کوڕی برام! شت هەتا وەری نەگری لە فرۆشیاری یەکەم مەیفرۆشەوە بە کەسێکی تر! ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێ: رشتەکەی جوانە. هەروا دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ) هەر کەسێ خۆراکێ دەکڕێ نابێ بیفرۆشێتەوە هەتا خۆی بە تەواوی وەری نەگرێ. (أخرجه الستة الا الترمذی).

١٩٣) فرۆشتنی قەباڵەو کومپیالەو شتی وا:

ئەگەر سەنەدات و کومپیالەو چەك و شتی وابفرۆ شرێتەوە بە هەمان بەها کە تیادا نووسراوە ئەوە پووچەو ئەو فرۆشتنە دانامەزرێ، چونکە ئەوە دەبێ بە (ربا النسیئە: سوودی دواخراو) چونکە فرۆشیار ئەو بەهایە وا لە پسووڵەکەدا دەدا، بەڵام وەجەڵەکەی لە دواییدا وەردەگرێ، کاتێ وادەی دانی کومپیالەکە دێ، وەلحاڵ لە شتێکیشدا کە لەیەك توخم بن فرۆشتن دەبێ دەستاو دەست بێ، خۆ ئەگەر بەکەمتریش لەو بەهایە کەوا تیادا بفرۆشرێ: هەر دانامەزرێ چونکە ئەوە هەم (ربا الفضل: زێدە سوود)ەو هەم (ربا النسیئە)یە، ئەم دوو جۆرەیش حەرامن، هەروەها ئەگەر توخمەکانیش جیابن هەروەها، بۆ نموونە: کومپیالەکە بفرۆشێ بەگەنم، ئەمەیش هەر دانامەزرێ، چونکە ریبای نەسیئەی تیادایە. بەڵام ئەگەر ئەم قەواڵەو کومپیالانە

بفرۆشرێن بە سامانی بازرگانی ئەوە دروستە، چونکە فرۆشتن بە قەرز بۆ ماوەیەکی ناوبراو دروستە لەبەر ئەوە نابێ بە سوود.

١٩٤) فرۆشتنی گۆشت بە گیانلەبەر:

دروست نیە فرۆشتنی گۆشت بە گیانلەبەرێ کە لە توخمی خۆی بێ. واتە: دروست نیە گۆشت بفرۆشرێ بە گیانلەبەرێ کە گۆشتی بخورێ[1] خوا بەقەد یەك بن، یاخود کەمو زیادی یان لە بەیندا هەبێ. چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نەیی کردووە لەوە کە بزنو مەڕ بفرۆشرێ بە گۆشت (حاکم گێراویەتەوە)و دەفەرموێ: گێڕەرەوەکانی هەموو پێشەوان فەرموودەرەوانن‌و جێگەی بتمانەن. بەیهەقیش دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە، لەسەر ئەم پێودانە (واتە: بە قیاس لەسەر گۆشت بە حەیوان) دروست نیە فرۆشتنی گەنم بە ئاردی گەنم، یا کونجی بە تڵپو کەپەکی کونجی رۆن لێگیراو.

بەڵام هەندێ دەفەرموون: دروستە فرۆشتنی گۆشت بە گیانلەبەری زیندوو کە لە توخم (جینس)ی گۆشتەکە نەبێ، وەك فرۆشتنی مریشکێ بە دوو کیلۆ گۆشتی مەڕ، هەروەها دروستە فرۆشتنی ئاژەڵ بە ئاژەڵو گیانلەبەر بە گیانلەبەرێکی تر، ئیتر هەردووکیان لە یەك توخم بن یا توخمیان جیابێ، وەخوا بەقەد یەك بن، یا کەمو زۆرییان لە نێواندا هەبێ، وەك یەك وشتر بە دوو وشتر، یا وشترێ بە

---

[1] دەقی ئەصڵەکە کەمو کورِی تیادایە رەنگبێ هەڵەی چاپ بێ.

- وەرگێڕ-

وشترێ، یا مەڕێ بە دوو قەلەموون. ئەم شێوانە هەموویان دورستن بە مەرجێ کارەکە سەرنەکێشێ بۆ سوود، وەك مەڕێ پڕ گوانی لە شیربێ بدرێ بە مەڕی کە گوانی شیری تیادا نەبێ ئەوە لەم حاڵەدا دروست نیە.

١٩٥) فرۆشتنی تەفرەدانی تیادابێ کە مەشهوورە بە (بیع الغرر):

تەفرەدەر (غەرەر) ئەوەیە کە ئەنجامەکەی لە ئێمە نادیار بێ، وەك فرۆشتنی ماسی لەناو ئاوی گۆمو چۆمدا، وەك فرۆشتنی مەل بە حەواوەو شتی بزربوو، وەك فرۆشتنی پەموو لەناو قۆزاخەکەیداو شیر لەناو گواندو بەچکە لەناو سکدا. سەربەڵگەی نەیی لەم جۆرە کڕینو فرۆشتنە ئەم فەرموودەیەیە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی کردووە لە فرۆشتنێ کە تەفرەدانی تیادابێ!. (موسلیم). نادیاریی نرخو بەهایش وەك نادیارییو نەزانراویی فرۆشراو وایە، ئەویش وەك ئەو زیانی هەیە.

١٩٦) باسی سوود (واتە: ریبا):

(بڕ: تجرید/ ٣ ل – ٤٩ = ژ: ٩٧٩ هەتا ژ: ٩٨١)

ریبا لە زمانی عەرەبدا واتە: زیاتریو پتری، دەگوترێ: (ربا الشیء) واتە: شتەکە زیاتر بووە، بەم واتایەیە کە خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: {اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ – سورة – ٥/٢٢} (ریبا) کە بە کوردی

پێی دەگوترێ: (سوود) لە شەرعا واتە: زیاد لە دەسمایەکە. خوای گەورە لـە قورئانـدا دەفـەرموێ: {وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ – سـورة البقـرة – ٢٧٩/٢} واتـە: ئەگـەر فـەرمانی شـەرع قـەبووڵ بکـەن‌و لـە مامەڵـەی سـوود وازبێـنن‌و لێـی پەشـیمان ببنـەوە ئـەوە کـارێکی زۆر پەسەندە لەبەر ئەوە بەپێی شەرع دەسمایەکەی خۆتان بـەبێ زیـادو کـەم دەکەوێتە.

(بڕیـاری سـوود): سـوود بـەپێی فـەرمانی نامـەی خـوداو بـەپێی فەرمانی سوننەتی ئـەی پێغەمبـەرو بـەپێی یـەکگرتنی نەتـەوەی ئیـسلام حەرامەو نادروستە. خوای گەورە دەفـەرموێ: {وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا – سورة البقـرة – ٢٧٥/٢} واتە خودا سوودکاری حـەرام کـردووە. هەروا دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ، فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ، وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ – ٢٧٨/٢ – ٢٧٩} واتە: نەتەوەی ئیسلام! هەمیـشە پارێز لـە گونـاە بکـەن‌و لـە ترسـی خـوا بێئاگـا مـەبن‌و هـەموو کاتـێ لـەبێ بـاکیی خـودا بترسـن‌و لـە مـەکری ئـەمین مـەبن، وە بـە ئیجگـاری دەسـبەرداری سوود خۆری ببن‌و، بە هیچ جۆری مامەڵەی سـوودو سووکاری مەکـەن، ئەگـەر ئێـوە ئیمانـداری تـەواون، دەنـا ئـەگـەر دەسـبەردار نـەبن‌و واز لـە سـوود خـۆریی نـەهێنن ئـەوە ئیعلانـی شـەڕ لەگـەڵ خـواو لەگـەڵ پێغەمبـەردا دەکـەن‌و شـەڕی وایـش بـە زیـانی خۆتـان تـەواو دەبـێ ، چـونکە ئێـوە دەرەقەتی خوا نایەن، بەڵام ئەگـەر وازی لێبهێـنن‌و تۆبـەی لێبکـەن ئـەوە

سەرمایەکەی خۆتان بەبێ زیادو کەم وەربگرنەوە، لە حاڵی وادا نەستەم لە کەسێ دەکەن‌و نە کەسێ ستەمتان لێدەکا.

پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} **دەفەرموێ:** لەعنەت‌و نەفرینی خوا لە سوود خۆرو لە سوود وەرگرو لەو کەسە کە دەینوسێ‌و لەو کەسەیش کە دەبێ بە شایەتی. (ئەحمەدو تیرمذی‌و ئەبو داوودو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە). سوود لە تاوانە هەرە گەورەکانە، لە شەرعی هیچ دینێکا حەلاڵ نەبووە بەپێی ئەم ئایەتە: {وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ – سورة النساء – ٤/١٦١} واتە: لە کتێبە پیشینەکانی خوادا، خودا جڵەوگیریی کردووە لە سوود، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان هەر سەوداو مامەڵەی سوودیان ئەنجام دەدا. لە قورئاندا خوای گەورە بەس لەگەڵ سوود خۆردا ئیعلانی شەڕی کردووە. لەبەر ئەوە هەندێ دەفەرموون: ئەوەی بەردەوام بێ لەسەر سوود، نیشانەی ئاخر شەریەتی. پەنا بەخوا لە شتی وا. سوود (کە برێتییە لە زیادە وەرگتن لە سەودادا) هەر لەم شتانەدا حەرامە: لەزیرو زیو بە زیوو خۆراکدا. بەپێی گوتەی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}: زێڕ بە زێڕو زیو بە زیوو گەنم بە گەنم‌و جۆ بە جۆو خورما بە خورماو خوێ بە خوێ مەفرۆشن، مەگەر دەق بە قەد یەك بن‌و دەست بە دەست بن، بەڵام زێڕ بە زیوو زیو بە زێڕو گەنم بە جۆوو جۆ بە گەنم‌و خورما بە خوێ‌و خوێ بە خورما، چۆن ئارەزوو دەکەن ئاوا بیفرۆشن. ئیتر ئەوەی زیاتر بدا، یا زیاتر وەرگرێ ئەوە سوود خۆرە، وە لە تاواندا سوود خۆرو سوود دەر وەك یەکن. (شافیعی گێڕاویەتەوە) ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەیە کە فرۆشتنی زێڕ بەزێڕو زیو بەزیوو

فرۆشتنی خواردەمەنیە هاو وێنەکان دروست نیە، مەگەر بەم سێ مەرجە:

یەکەم: ئەوەیە ئەو دوو شتەی دەدرێن بە یەکتری، وەك گەنم بە گەنم ئەوەندەی یەك بن.

دووەم: ئەوەیە هەردووکیان حازربن.

سێیەم: ئەوەیە هەردوو کەسەکە مافی خۆیان لە کۆڕی دانیشتنەکەدا وەربگرن. ئەمەیش کاتێ وایە کە هەردوو شتەکە لە یەك توخم بن، وەك زێڕ بە زێڕ، گەنم بە گەنم. دەنا ئەگەر توخمەکان لە یەك جیابوون و هاو وێنە نەبوون، وەك زێڕ بەزیوو گەنم بە جۆ، ئەوە تەنها دوو مەرجە دواییەکە پێویستەو بەس، لەبەر ئەوە دروستە یەکێکیان لەوی تریان زیاتربێ، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: ئەگەر هەردوو شتەکە لە چەشنی یەك نەبوون وەك گەنم بەجۆ، یا زێڕ بە زیو، ئەوە چۆن ئارەزوو دەکەن ئاوا بیفرۆشن، بە مەرجێ دەست بە دەست بێ. (موسلیم). وە ئەگەر دوو شتەکە هاو وێنە نەبوون و لە هەمان کاتدا هۆی سوود (**علة الربا**)یشیان یەك نەبوو، وەك زیوو گەنم و مس و کووتاڵ و شتی تری ئاوا لە یەك جیا، ئەوە هیچ کام لەم سێ مەرجە پێویست نیە. لەبەر ئەوە لەکاتی وادا فرۆشتن بەحازری و بە وادەو بەهاو ئەندازەو بەکەم بەزۆر دروستە. هاو ئەندازەیی لە شتێکا کە بەپێوانەبێ بەوە دەبێ کە هەردوو شتەکە بە پێوانە بەقەد یەك بن، وە لە شتێکا کە بەکێشانەبێ بەوە دەبێ کە هەردوو شتەکە بەکێشانە بەقەد یەکتربن، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: زێڕ بە زێڕو زیو بە زیو مەفرۆشن مەگەر بە کێشانە

بەقەد یەکتربن. (موسلیم) هەروا دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ) ئەوەی بە کێشانەبێ دەبێ هەردوو وەجەڵەکە دەقاو دەق بن، بە مەرجێ لەیەك چەشن بن، واتە: هاو وێنە (متماثل)بن، ئەوەیشی بە پێوانەبێ هەروا، بەڵام ئەگەر لەدوو جۆری جیاجیا بوون ئەوە چۆنی دەفرۆشن قەی ناکا (دارە قوطنی).

١٩٧) جۆرەکانی سوود:

سوود دابەش دەبێ بەم چواربەشە :

یەکەم: مەشهوورە بە (ربا الفضل) کە برێتییە لە فرۆشتنی شتێ کە ریبەوی بێ بەهاو توخمی خۆی بە زیاتر لە ئەندازەی خۆی، یا بەکەمتر، وەك مسقاڵێ زێڕ بە مسقاڵو چارەکێ زێڕ. سامانی ریبەوی، یا بڵێین: ماڵی سوود لە خۆگر، ئەو جۆرە ماڵەیە کە لە هەندێ کا تدا سوودی تیا هەبێ، وەك زێڕو زیوو خۆراکی پێبژێو، بەڵام ئاسنو مسو سەوزەو شتی وا پێیان ناگوترێ سامانی سوود لە خۆگر، چونکە بەهیچ جۆرێ سوودیان تیادا نابێ.

دووەم: ناودارە بە (ربا الید) واتە: سوودی دەست بە دەست، کە برێتییە لە فرۆشتنی دوو شتی سوود لە خۆگری هاو توخم، یا توخم جیا، بەبێ زیادەو بەبێ وادە، بەڵام لە دانیشتگەکەدا هەرکەس مافی خۆ وەرنەگرێ، وەك دیناری بە دیناری بەڵام لە مەجلیسەکەدا، یەکێکیان یا هەردووکیان دینارەکەی خۆی وەرنەگرێ.

سێیەم: ناودارە بە (**ربا النسیئة**) واتە: سوودی دواخراو، ئەوەیە زیادە لە ناوا نەبێ، بەڵام لە سەوداکەدا وادە دابنرێ، وەك ئەوە دە درەمی حازر بفرۆشێ بە دە درەمی تا سەری مانگ، وادەکەیەك چاوترووکانیش بێ هەردەبێ بە سوود.

چوارەم: ناودارە بە (**ربا القرض**) واتە: سوودی قەرز، کە برێتییە لەهەر قەرزێ کە سوودێ بگەیەنێ بە قەرزدەرەکە. لەم جۆرە سوودەیە ئەو جۆرە سەودایەی کە لەناو عەرەباندا ناسراوە بە (**الغاروقه**) کە ئەوەیە کەسێ شتێ بۆ ماوەیێ دەفرۆشێ بە کەسێکی تر، بەهاکەی وەردەگرێ، لەو ماوەیەدا شتەکە بە دەست کڕیارەوە دەبێ، بەکاری دەهێنێو سوودی لێوەردەگرێ، جا کاتێ ماوەکە تەواو بوو ئەگەر فرۆشیار بەهاکەی گێڕایەوە بۆ کڕیار ئەویش شتەکەی دەداتەوە، دەنا دەبێ بەهی خۆی.

١٩٨) بایستی قەدەغەکردنی سوود (علە تحریم اربا):

زاناکان {رەحمەتی خودایان لێبێ} **سەبارەت بە بایست (هۆ)ی قەدەغەکردنی سوود چەن بۆچوونێکیان هەیە :**

یەکەمیان دەڵێ: سوود زەوتکردنی سامانی مرۆڤە بەبێ وەجەڵ، بە بەلاش، چونکە دوو درەم بە درەمێ، بە قەرز بێ یا بە حازر، درەمێکان دەکەوێتە بەلاش، لە شەریعەتیشدا سامانیش وەك خوێن رێزو حورمەتی خۆی هەیە. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: سەرو

سامانی مرۆڤ وەك یەك خاوەن ڕێزو حورمـەتن دەی وەك چۆن ڕشتنی خوێنی مرۆڤ بە خۆڕایی ناڕەوایە، بردنی ماڵیشی بە بەلاش ناڕەوایە.

بۆچوونی دووەم: دەفـەرموێ: سـوود خـەڵك لـە كـارو كاسـپی دەكـا، فێری بەلاش خۆرییان دەكا، سەردەكێشێ بۆ پەكخستنی مـەردوم، ڕوون‌و ئاشكرایـشە كـە بەرژەوەنـدەكانی بەنـدەكان بـەبێ كاسـپی حـەڵاڵ وەك بازرگانی‌و پیشەسازی‌و كشتوكاڵ، ناچـن بـەڕێوە، دەی سوود پـەكی ئـەوە دەخات.

بۆچوونی سێیەم: دەفەرموێ: سوود دەبێ بە ماكی فـەوتانی چاكە خوازی، وای لێدێ كەس قـەرز بەكـەس نـادا مەگـەر بەسـوود، كـەس لا لـە كەس نەكاتەوە مەگەر لـە ڕێگـەی سوودەوە، ئـەوەیش دەبـێ بـە هـەوێنی پشتكردنە یـەك‌و نـەمانی هاوكاریی نێوان هـەژارو دەوڵەمەنـدو نـەمانی پیاوەتی‌و چاكە، لەكاتی وایشدا نەداراو ئاتاجەكان ناچار دەبن كە شت بە سوود وەربگرن.

بۆچـوونی چـوارەم: دەڵـێ: زوربـەی كـات قـەرزدەر دەوڵەمەنـدەو قەرزكـەر هـەژارە، دەی ڕەوادیتنـی سـوود زاڵكردنـی دەوڵەمەنـدە بەسـەر هـەژاردا، بـە ئـارەزووی خـۆی دەیـچەوسێنێتەوە، هـەژار دەبـێ بـەدیلی دەسـتی ئاتـاجی‌و پێداویـستی، شـتی وایـش لـە ڕەفتـاری بـەرزی مرۆڤـی میهرەبان ناوەشێتەوە.

بۆچـوونی پێنجـەم: حـەرامبوونی سـوود بـەپێی دەقـی قورئـان‌و سوننەت چەسـپاوە، لەبـەر ئـەوە دەبـێ گومـان نـەبێ لـە حـەرام بوونیـدا.

وەکی تریش تێکڕای ئەم راو بۆچوونانە حیکمەتی قەدەغە بوونی سوود دروست دەکەن.

١٩٩) ئەنجامی خراپەکانی سوود:

یەکێیان ئەوەیە: خوا رقی لێیەتیو پیتو فەڕی مامەڵە دەبا بە حەوادا، وەك دەفەرموێ: {يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا - سورة البقرة - ٢/٢٧٦} واتە: خودا سوود مەحف دەکاتەوە، ئەنجامێکی تری ئەوەیە سوود خۆر لە رەحمەتی خوداوە دوور دەبێ. لە حەدیسدا دەفەرموێ: خودا نەفرەت لە سوود خۆر دەکا. ئەنجامێکی تری ئەوەیە: سوود خۆر لە قیامەتدا کە لەقەبر دەردەچێ دەبێ بە پەند وەك شێتو فێداری لێدێ، خۆش خۆش هەڵ دەستێو دەیەوێ بڕوا بەڵام گشت جارێ دەکەوێ بەلاداو وەك شێت سەری لێدەشێوێو لاڵو پاڵ دەکەوێو ریسوا دەبێ. وەك دەفەرموێ: {الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ - سورة البقرة - ٢/٢٧٥}.

٢٠٠) سەرپشکیی کڕیارو فرۆشیار:

حوکمی کڕینو فرۆشتنو باسی جۆرەکانیو باسی مەرجەکانیو حوکمی سوود ئەمانە هەموویان لە پێشەوە باسکران، مایەوە سەر ئەوە کە بزانین: ئایا لە کڕینو فرۆشتندا سەرپشکیو مافی پەشیمان بوونەوە لە سەوداکە هەیە یانا؟

سەرپشکی – واتە: خیار – دەبێ بە دوو بەشەوە:

یەکێکیان: پێی دەگوترێ خیاری مەجلیس، واتە: سەرپشکیی نیشتنگا، واتە: مافی پەشیمانبوونەوە لە سەوداکە، بەمەرجێ هێشتا کڕیارو فرۆشیار لە یەك جیانەبووبنەوە.

ئەوی تریان: خیاری شەرتە واتە: بە مەرج گرتنی سەرپشکیی بۆماوەیێ، بە مەرجێ ئەوماوەیە لەسێ ڕۆژ پتر نەبێ. سەرپشکیی نیشتنگا مافی چەسپاوی هەر دوولایە، هەتا لە یەك جیادەبنەوە، کە لەیەك جیابوونەوە سەوداکە دادەمەزرێ، پێغەمبەر {درووودو سڵاوی خوای گەورەی لەسەربێ} لەم بارەیەوە دەفەرموێ: کڕیارو فرۆشیار هەردوولایان وەك یەك خۆیان سەرپشکن و دەتوانن لە سەوداکە پەشیمان ببنەوە هەتا لە یەکتری جیادەبنەوە. (شەیخان). جیابوونەوە ئەوەیە کە هەردوولایان بەلەش کۆڕی گرێدانی سەوداکە بەجێ بهێڵن. گریمان ئەگەر ماوەیەکی زۆریش لە دانیشتنگەکەدا مانەوە ئەوە سەرپشکییە کە هەر بەردەوامە، یا هەردووکیان هەستان و بەیەکەوە دەستیان کرد بە ڕۆشتن و پیاسەکردن ئەویش هەروەها، بەڵام هەرکاتێ لەیەکتر جیابوونەوە ئیتر مافی سەرپشکییان نامێنێ، بۆ بڕیاردانی لەیەك جیابوونەوەیش دەگەڕێینەوە بۆسەر عورف و یاساو باوی ناو کۆمەڵ، ئیتر هەرچی بەپێی یاسای ناوکۆمەڵ دابنرێ بە جیابوونەوە سەوداکەی پێ دەچەسپێ، دەنا نا، جا ئەگەر سەوداکە لەناو خانوودا بوو لەیەك جوێ بوونەوەکە بەوە دەبێ کە یەکێکیان بچێتە دەرەوە لێی، ئەگەر لە بازاڕدا بوو، یا لە سارادا بوو ئەوە ئەوەندە بەسە کە یەکێکیان پشت لەوی تریان هەڵبکاو کەمێ لێی

دووربکەوێتەوە. سەرپشکیی بەوەیش کۆتایی دێ کە هەردووکیان بڵێن: ئەوا مامەڵەکەمان دامەزراو بە تەواوی چەسپاو جێگیربوو، یا بەهەر شێوەیەکی تر بڕیاری دامەزرانی سەوداکە رابگەیەنن و ئاشکرای بکەن کە سەوداکە بە تەواوی دامەزراوە. کەواتە: ئەگەر یەکێکیان بڕیاری دامەزراندنی سەوداکەیدا هەر ئەوەیان مافی پەشیمان بوونەوەی بۆ نیە، ئەوی تریان ئەومافەی هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێکیان سەوداکەی دامەزراندو ئەوی تریان هەڵی وەشاندەوە ئەوە کار بە هەڵوەشاندنەوەکە دەکرێ.

سەرپشکیی مەرجیش (واتە: خیاری شەرطیش) بەمەرجێ دادەمەزرێ کە لەسێ رۆژ زیاتر نەبێ، چونکە ئەگەر زیاتر بێ سەوداکە بە تەواوی هەڵ دەوەشێتەوەو پووچ دەبێتەوە. ئیبنو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: پیاوێ عەرزی پێغەمبەری کرد، کە لە سەوادا دەخەڵەتێ، فەرمووی پێی: کە سەودای شتێ دەکەی بڵێ: بەبێ فڕو فێڵ و قوڵ بڕین، سەرەڕای ئەوەیش هەرشتێ دەکڕی هەتا ماوەی سێ شەو مافی سەرپشکیت بۆ هەیە، لەو ماوەیەدا دەتوانی پەشیمان ببیتەوە (بەیهەقیو ئیبنو ماجە بەرشتەیەکی جوان گێڕاویانەتەوە، بوخاریش لە تەئریخەکەیدا بە مورسەلی گێڕاویەتەوە). بەپێی رووکار (ظاهیر)ی فەرموودەکە ئەگەر ماوەی سەرپشکی لەسێ رۆژ پتر بوو سەوداکە پووچە.

٢٠١) گێڕانەوەی فرۆشراو بەهۆی نەنگەوە:

مافی پەشیمانبوونەوە لە سەودا بەهۆی دەرکەوتنی نەنگێکی پێشووەوە ئاوایە: دروستە بۆ کڕیار پەشیمان ببێتەوە لەو مامەڵەیەی کە کردوویەتی، بەهۆی دەرکەوتنی نەنگێکی کۆنەوە، بە مەرجێ ئەو نەنگە لەپێش وەرگرتنی فرۆشراودا رووی دابێ، یا لەدوا گرێدانی سەوداکەیش رووی دابێ. ئەوەی کە دەگوترێ: دروستە سەودا هەڵبوەشێتەوە بەهۆی دەرکەوتنی عەیبی کۆنی پێش گرێدانی سەوداکەوە ئەوە یەکگرتن (ئیجماع)ی لەسەرە. عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: پیاوێ بەندەیەکی کڕی، ئەوەندە خوا حەزکا لەلای مایەوە، لەپاشا نەنگێ لە بەندەکە دەرکەوت، پیاوەکە لەگەڵ فرۆشیارەکەدا بۆ شەرعکردن چوونە خزمەت حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بەندەکەی دایەوە بەسەر خاوەنی پێشوویدا. (ئەم زاتانە ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە: ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی ئەبو داوودو ئیمامی تیرمیذیو ئیمامی ئیبنو ماجە {رەزای خوایان لێبێ} تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی دروستە. حاکمیش دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە. حاڵەتی روودانی نەنگیش کە لەپاش گرێدان بێو لە پێش وەرگرتن دابێ بەم پێوانە حسێبی بۆ دەکەین چونکە لەم ماوەیەدا فرۆشراو لە ضەمانی فرۆشیار دایە، چونکە هەرکاتێ کڕیار بەهای بە تەواویدا دەبێ لە بەرابەری ئەوەدا فرۆشراو بە ساخی وەربگرێ، دەنا تووشی زیان دەبێ، لەبەر ئەوە رێگەی پێدەدرێ کە بەهۆی زیانەوە فرۆشراو رەت بکاتەوە.

بزانــە کــە نــەنگ (واتــە: عــەیبی هەڵوەشــانەوەی ســەودا) زۆرن.

یاسای کۆگر لەم مەسەلەیدا ئاوایە: هەرچی نــەنگێ کــەمیی بــێ بــۆ زاتــی شتەکە، وەك خەساویی، یا لە نرخەکەی کــەم بکاتــەوە، کەمییــەکی وا کــە مەبــستێکی دروســتی ڕەوای پــێ بفــەتێ، ئــەوە دەبــێ بــەهۆی گێڕانــەوەی فرۆشــراوەکە بۆســەر خــاوەنی پێــشووی. مــەرجی ئــەم ڕەتکردنــەوەیش ئەوەیە کە کڕیار بتوانێ ماڵە فرۆشراوەکە وەك خــۆی تەســلیم بکاتــەوە، دەنــا ئەگــەر ئــەوەی بــۆ نــەدەکرا ئەومافــەی بــۆ نیــە، وەك ئــەوە شــتەکە فەوتابێ، یا ئــاژەڵ بووبــێو مردبــێ ئــەوجا بــە نەنگەکــەی زانیبــێ، ئــەوە مافی پەشیمان بوونەوەی بۆ نیە، بــەڵام مــافی زەدەبــژێری بــۆ هەیــە، کــە ناوداره به تۆڵەو ئەرشی عەیب! مەبەست لە زەدەبژێری ئەمەیــە: نەنگــە کە بەپێی نرخی بازاڕ چەندەی لــە نرخــی فرۆشــراوەکە کــەم دەکــردەوە، دەبێ فرۆشیار ئەوەنــدە لــە بەهاکــە ڕەت بکاتــەوە بــۆ کڕیــار، بــۆ نموونــە: شتەکە بەبێ نەنگ لە بازاڕدا بایی ســەد دینــار بــوو، بــەڵام بــە عەیبــداری بایی نەوەد دینار بوو، دەبێ بەرێژەی یەك لە دەی بەهاکــە ڕەت بکاتــەوە، کە لەم حاڵەدا دەکاتە دە دینار.

بزانن: گێڕانەوەی ماڵی عەیبــدار دەبــێ دەس بــەجێ بــێ، کەواتــە هەرکاتێ کڕیار بەبێ بەهانــەی ڕەوا گێڕانــەوەی دواخــست ئــەوە ســەوداکە دەچێتە ئەستۆی، مەگــەر لەبــەر ئــەوە دوای خــستبێ کــە نــەیزانیبێ بــەم حوکمــە، چونکە زانینــی شــتی وا بــۆ عــەوامو ڕەشــەخەڵك کــارێکی ئاســان نیە.

٢٠٢) باسی فرۆشتنی بەری باخو دانەوێڵە:

تێکڕا دروست نیە فرۆشتنی بەری دارو درەختو شینایی تا پێ دەگاو بەکەڵکی خواردن دێو قازانجی دەردەکەوێ، ئەوەیش لە میوەی خۆڕەنگدا بەوە دەبێ کە دەس بکا بە گەیشتن، یاخود لەپاش مزربوون دەست بکا بە شیرین بوون، لە میوەو بەرو بوومی وایشدا کە ڕەنگ بگرێ بەوە دەبێ کە ئەو ڕەنگەی تیا دەربکەوێ کە نیشانەی گەیشتنیەتی، لە میوەی سووردا دەست بکا بەسوور بوون، لە زەرددا دەست بکا بە زەردبوون، لە ڕەشدا دەست بکا بەرەشبوون، وە هەروەها بەم جۆرە. جا هەرکاتێ ئەم نیشانانەی تیادا دەرکەوت فرۆشتنی دروستە، ئیتر خوا بە مەرجێ ڕنینو بڕین بێ، یا بەمەرجی هێشتنەوە بێ هەتا بەپێی عادەت کاتی بڕینی دێ.

بەپێی فەرموودەی خۆشەویست (دروودی خودای گەورەی لێبێو سەرو ماڵو منالو هەستو نەست گشتی بە قوربانی خاکی بەرئاستانەی گۆڕی پیرۆزی بێ) کە دەفەرموێ: بەری درەختو شینایی نافرۆشرێ هەتا پێ دەگاو بە کەلکی خواردن دێ. (شەیخان – ڕەحمەتی خودایان لێبێ) گێڕاویانەتەوە. بەڵام ئەگەر کەڵكو قازانجی ئەو بەروبوومە دەرنەکەوتبوو ئەوە دروست نیە بفرۆشرێ مەگەر بەم دوو مەرجە:

یەکەم: مەرجی بڕینو لابردنی.

دووەم: ئەوەیە کە ئەو بەرەکاڵەبڕاوە قازانجێکی ئاسایی هەبێ، وەك بەرسیلەو فەریکە چوالە، نەك وەك هەرمێو بەهێ. بەڵام ئەگەر بەربەدارەوە لەگەڵ درەختەکەیدا، بەر لە دەرکەوتنی قازانجی، فرۆشرا

ئەوە بەبێ مەرج دروستە، چونکە بەر پاشکۆ (تابیع)ی درەختە، لە کاتی وایشدا بەهۆی ئەوەوە کە بنکی درەختەکە بە ساخی دەمێنێتەوە بەرەکەیشی هیچی لێنایەت، بەپێچەوانەی کاتی رنینی بەری کاڵ. چونکە لە حاڵی وادا بە خۆڕایی بەرەکە خەسار دەبێ‌و دەڕزێ. هەروا نادروستە فرۆشتنی شینایی‌و چێنراوی سەوز مەگەر بە دوو مەرج: بە مەرجی بڕین‌و بە مەرجی هەبوونی قازانج، وەك قەرسیلی سەوز بۆ ئالفی ئاژەڵ. بەپێی ئەم فەرموودەیە کە موسلیم گێڕاویەتەوە: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) نەهی کردووە لە فرۆشتنی خورما بە دارەوە بەر لەوە کە ماتەبدا، واتە: زەرد هەڵ گەڕێ، یا سووربێ، وە لە فرۆشتنی دانەوێڵە لەناو گوڵەکەیدا بەر لەوە کە سپی هەڵ گەڕێ‌و لە دەردو بەڵای ئاسمانی رزگاری ببێ، بەڵام ئەگەر ئەو چێنراوە لەگەڵ زەوییەکەدا فرۆشرا ئەوە دروستە. دەق وەك فرۆشتنی بەر بەسەر درەختەوە.

٢٠٣) فرۆشتنی ئەو شتەی سوود لە خۆگربێ بە تەڕی بەتوخمی خۆی (بیع ما فیه الربا بجنسه رطبا):

هەرچی ماڵی سوود لە خۆگربێ (واتە: ماڵی ریبەوی بێ) دروست نیە بە تەڕی بفرۆشرێ بە وێنەی خۆی لە توخمی خۆی، وەك روتاب بە روتاب، یا ترێ بە ترێ، چونکە هاوئەندازەیی‌و موماسەلە لەکاتی تەڕیدا نایەتەدی. یاسای دامەزراویش دەفەرموێ: نەزانینی هاو ئەندازەیی دەق وەك هەبوونی زیادەی بەراستی وایە. بەڵام ئەو سەوزانەی کە وشك

ناکرێنەوە وەك خەیارو ترۆزیو شتی وا ئەوە دروستە بە تەڕی بگۆڕدرێنەوە بە یەکتر، هەروا شیر بە شیریش دروستە، چونکە شیر حاڵەتی تەواوەتییە بەڵام مەرجی دامەزراندنی فرۆشتنی شیر ئەوەیە: کە بەئاگر نەکوڵابێ، دەنا دروست نیە، چونکە هاو ئەندازەیی نایەتەدی، لە هەرشتێکی کە ئاگر کاری تێ کردبێ، فرۆشتنی نانیش بە نانو هەرشتێکی تریش کە ئاگر کارێکی زۆری تێکردبێ هەر وایە، لەبەر ئەوە دروست نیە فرۆشتنی هەندێکی بە هەندێکی، مەگەر کارتێ کردنێکی کەم، بۆ پاڵاوتنی هەنگوێنو هەڵقرچاندنی دووگ بۆ گرتنی رۆنەکەی.

٢٠٤) چەن فرۆشتنێکی پووچو بەتاڵ:

وەك لە پێشەوە زانیمان فرۆشتن بڕێتییە لە وەرگرتنی سامانێ بەرابەر سامانێکی تر، کە هەردوو سامانەکە شیاوی گەردانو تەصەرووف پێکردن بن. جا لەم گۆشە نیگایەوە: ئەگەر بەوردی بۆ هەندێ مامەڵەو سەودای هاوچەرخ بڕوانین، کە بەپێچەوانەی ئەم یاساو باوەوە روو دەدەن، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە مامەڵانە پووچو ناڕەوانو، بەربەشی فرۆشتنە نادروستەکان دەکەون، کەناو دارن بە (بیوع فاسدە) کە شەرعی پیرۆز رەوای نەدیون. بۆ نموونە: کڕینی بیتاقەی یانسیبو بلیتی بەرهەمهێنانی پارەو سامان لە بەنگدا لەم جۆرەیە. ئەوە کڕینی بیتاقەی یانسیب دیارو ئاشکرایە کە ساخ قوماری رووتەو، قوماریش گومان لە حەرام بوونیدا نیە، چونکە یانسیب یا دەیباتەوەو قازانج دەکا ئەوە بەرئەم یاسا دامەزراوە دەکەوێ کە دەفەرموێ: هەر قەرزێ قازانج بەخاوەن قەرز بگەیەنێ ئەوە سوودە، یا دەیدۆڕێنیو زیان دەکا،

ئەوەیش ماڵ بە فێرۆدانەو گەوجیو دەستبلاوییە، هەموو قومارێکیش هەروایە.

کڕینی بلیتو کومپیالەی بەرهەمهێنانی پوولو پارەو سامانو دانانی پارە لە بەنگدا بە قازانج، بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەم جۆرە سەوداو مامەڵەیانەیش فرۆشتنێکی نادروستن، چونکە حاڵ لەم دوو خاڵە بە دەرنییە: چونکە ئەگەر لەو جۆرە مامەڵانەبێ، کە خاوەن قازانجنو لەسەر دەستووری شەرع نین، ئەوە بەر ئەو قەرزە دەکەوێ کە سوودو قازانج بە قەرزدەر دەگەیەنێ، ئەوەیش وەك زانیت نادروستە، ئەگەر بەبێ قازانجیش بێ ئەم دوو جۆرەی هەیە: یا بەتەمای دەسکەوتنی خەڵات (جائیزە) دایدەنێ، ئەوە دیسان بەر ئەو قەرزە دەکەوێ کە قازانج بە خاوەنی بگەیەنێ، یا بەتەمای بردنەوەی خەڵات دایانێ، ئەمەیش هەر حەرامە، چونکە بەر ئەو جۆرەکەسانە دەکەوێ کە یارمەتی تاوان دەدەن، چونکە ئەو بەنکەی کە ئەو ئەوپارەی تیادا دادەنێ مامەڵەی سوود ئەنجام دەدا، شتی وایش هاوبەشیو هاوکارییە لە تاواندا، ئەوەتا خوای گەورە هەڕەشە لە شتی وا دەکا. گەر کەسێ بڵێ: ئەو خەڵاتەی بەنك دەیبەخشێ بە بەشدارەکانی لە بابەتی بەخشینو هیبەیە، هیبەو شت بەخشینیش لە شەرعا پەسەندە، کەواتە ئێوە چۆن دەڵێن: نا دروستە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم داوایە دوورە لە راستی، چونکە ئەم جۆرە بەنکە لەسەر ئەم بناخەیە دامەزراوە: ببەخشە هەتا وەربگری. ئەگەر بەهۆی ئەوەوە نەبێ کە بەنگ لەم جۆرە سامانانە، کە بەشدارەکانی دایان دەنێن لەلای، قازانجێکی باش دەکا، یەك پوول چییە نەیدەدا بەکەس. کەواتە: بەنك لەو قازانجە خەڵات دەدا بە خاوەن

پـشکەکان، کـە بـەهۆی مامەڵـەی سـوود بـە پارەکـانی ئەوانـەوە دەسـتی دەکەوێ، بەشی ئەوان لە چاوەی خاوەن بەنکا چکێکی زۆر کەمە، چونکە بەنك قازانجێکی مشەی حەرامی دەست دەکەوێ، ئەمـەیش مـەعنای وایـە کە ئەم بەخشینە لە سامانی حەرامە، هیبەیش لە مـاڵی نـاڕەوای حـەرام دروست نیە، چونکە خودای گـەورە خـۆی پـاكو پـیرۆزەو هـەر شـتێکیش پـاك نـەبێو نـەبێ بەمایـەی پیرۆزیـی بـۆ خـاوەنی، خـوا وەری نـاگرێو قەبووڵی ناکا. (لێرەدا – من کـە وەرگێـڕم - بەنـدە یـەك تێبینـیم هەیـە: سەوداو مامەڵەکردن لەگەڵ ئـەو بەنکانـەدا، کـە مامەڵـە بەسـوود دەکـەن، ئەگـەر گریمـان هـەموو جـۆرێکی لـە بابـەتی یاریـدانو هاوکـاریکردن بـێ لەسەر تاوان، ئەوە دەبـێ بـەهیچ جۆرێ هاریکـاریو مامەڵـە لـە گەڵیانـدا نەکرێ، هەتا نابێ مرۆڤ بەهۆی ئەو بانکانەوە حەوڵە بنێـرێ بـۆ کەسـێ، یا نابێ پارەشیان لـەلا بگۆڕێتـەوە. یا وردبکاتـەوە. دەی شـتی وایـش لـەم رۆژگارەدا زۆر زەحمەتە، زیانی لە قازانجی زیاترە، کەواتە: لەبەر ناچاری وا باشە کـە مـرۆی موسوڵمان زۆر لـە شـت نەکۆڵێتـەوە {لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ} بـەرای بەنـدە هـەر جـۆرە هاوکارییـەك لەگەڵ ئەم جۆرە بەنکانەدا کە لەبەر ناچاری بێو بەبێ وەرگرتنی سـوود (ریبـا) بـێ دروستـە. دەق لـە بابـەتی سـەوداکردنە لەگـەڵ کەسـێکدا کـە مامەڵەکەی تێکـەڵ بـێ لـە حـەڵاڵو حـەرام. گەرچی وا باشـە موسـوڵمان هەمیشە مامەڵە لەگەڵ موسوڵمانی باشو حەڵاڵ خـۆردا مامەڵـە خـۆشو سەر راستو ماڵ پاکدا بکا، بەڵام لە هەمان کاتدا دروسـتە مامەڵـە لەگـەڵ مرۆی خراپو کافرو فاسقیشدا بکـا. لـە شـوێنێ نوێـژ بـەو هـەموو رێـزو دەورە گرنگەیـەوە کـە هەیـەتی، دروسـت بـێ لـە پـشت فاسـقو پیـاوی

بەدكارەوە بكرێ، چۆن مامەڵەی تووڕو گێزەر لە گەڵیدا دروست نابێ: (الصلاة المكتوبة واجبة خلف كل مسلم برا كان أو فاجرا وان عمل الكبائر – رواه ابو داود والدار قوطني). كەواتە: ئەگەر كەسێ لەبەر ئەمینی، وە بۆ حیفظو پاراستنی ماڵی خۆی، كە مەبەستی سەرەكین لە بابەتی ئەمانەتو سپاردەدا، ماڵی خۆی لە بەنگ دانا، بە مەرجی ئەوە قەرزە حەسەنە بێ، زیادە وەرنەگرێ، ئەوە دروستە. بگرە لەوەیش باشترە كە لەلای موسوڵمانێكی باشی نابووتی ئاتاج بە ئەمانەت دایبنێ، چونكە دەست كەوتنەوەی ماڵەكەی لەلای بەنكەكە مسۆگەر ترە. بەندە دووبارەی دەكەمەوە: (كەشت زۆر قووڵ كردنەوەو باری ژیانی خەڵك گرانكردن بەهۆی تەفەلسوف لە دین داو، وشكە سۆفێتیو لە قالبدانی هەوڵدان بۆ ژیان، بە پێودانی كۆنو بەبێ ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی بالآی زوربەی خەڵكی ئەم رۆژگارە، كاری وا دەست خستنە بینەقاقای خودی ئیسلامە هەتا رادەی خنكاندن) سەرنج بفەرموون چی دەقەومێ ئەگەر فەقیهێكی متزمت حوكم بە نادروستی ئەم جۆرە شتانە بكا: وێنە، بەنك، تەشریح، منع الحمل، دەرمانێ مادەی سڕكەری تیابێ، بەنكەنەوت، وەزیفەی ژن، التزام بە قانوونی دەوڵەتی زەرووڕەت، عەسكەری، وەرگرتنی مووچە، چونكە لە پارەی باجو گومرگو شتی وا كۆ ەكرێتەوە، ریش تاشین، لەبەركردنی جلو بەرگی نوێ، وەك چاكەتو پانتۆڵ، سەر رووتی، گومرگو زەریبەو باجو خەراج! تەلەفیزیۆن، سینەما، شانۆ، گۆرانی، یانەو نادی چونكە شوێنی فەسادن، قاچاخ، عەقاری.. تاد. پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هلك المتنطعون، ئیمامی موسلیم {ڕەحمەتی خوای لێبێ} گێڕاویەتەوە. ئیمامی نەوەوی {ڕەحمەتی خوای

لێبێ} له ریاضوصالیحیندا ئاوا شەرحی دەکا: المتنطعون: المبالغون في الامور.

مەبەست ئەوە نیە کە جڵەو بۆ رەشەخەڵك شل بکرێ بەکەیفی خۆیان چی بە باش دەزانن بیکەن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە زاناکان کار ئاسانکەربن، بار لە خەڵك گران نەکەن، لە زەمانی پێغەمبەردا مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێ کراوە، مەلاکان ئەگەر ئارەزوو بکەن دەقە ئاینییەکان تا بلێی بە پێزو بە کش‌و کشیان دێ. حیلە شەرع‌و شتی وایش زۆرن بۆ پینەو پەرۆو چارەسەکردنی زۆر لە کێشەکان. حیلە شەرع لە قورئاندا نموونەی هەیە، لە سوورەتی صاددا خودا بە پێغەمبەر ئەییوب {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: {وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ - سورة ص - ٣٨/٤٤} هەروا بە دەق لە سوورەتی یوسفدا دەفەرموێ: {وكذلك كدْنَا لِيُوسُفَ..} لە سوننەتیشدا نموونەی زۆرە وەك ئەوە: عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاتێ لە ناونوێژدا دەسنوێژەکەتان شکا، دەست بگرن بە لووتتانەوەو گوایە لووتتان پژاوەو ئەوە بکەن بە بەهانە، تا تەریق نەبنەوە، ئینجا بەم فێڵەوە نوێژەکات ببڕن‌و بڕۆن!.

دەنا ئەگەر زاناکان کارئاسانی بۆ مەردومەکە نەکەن، بە خودا کاتێ دەزانین کار لەکار دەترازێ‌و بەرە بەرە کۆمەڵەی موسوڵمانان لە رەوتی کاروانی ژیان بە سەدان قۆناغ بەجێ دەمێنن‌و، ئەو وەختەیش سەدجار پێ هەڵبگرن تۆزی قولی ئەو خەڵکە لە پەت بەربووە، بەرەو ژیانی بەربەرەڵڵایی غارکردووە ناگرنەوە، سەرنجام دین‌و ئەهلی دین

جێگەیان مەتحەفو مۆزەخانە دەبێو ئێمەیش وەك خەڵكی خۆراوای دەستە پاچەو كوشتەی دەستی عیلمانیەتو ئیباحییەت دەبێ هەموو چاوترووكانێ چاوەڕێی شەپۆلی قەهرو غەزەبی خوابكەین!.

بەهەرحاڵ، پەنا بەخوا لە زانای بێ تەقوا.

(وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين).

وەرگێڕ: نوری فارس حەمە خان حسن

سلێمانی (١٩٩٥/١٢/١٢)

٢٠٥) باسی بارمته (رەهن):

(بر: تەجریدی بوخاری ٣ل – ١٧٤ – ژ. ١٠٨١ هەتا: ژ. ١٠٨٢)

بارمته له زمانی عەرەبدا پێی دەگوترێ رەهن، رەهنیش واته: راگرتن‌و ماتڵ کردن، له عورفی شەرعیشدا برێتییه لەوه که مرۆڤ زاتی ماڵێ بکا به بارمتەی هەقێ که وا بەسەریەوه، بۆ دڵنیایی خاوەن هەقەکه لەوه که هەقەکەی نافەوتێ‌و له وادەی دیاری کراوی خۆیدا دەستی دەکەوێتەوه. بەڵگه لەسەر ئەوه که رەهن له زمانی عەرەبدا به مانا راگرتن‌و بەندبوونه ئەم ئایەتەیه که دەفەرموێ: {كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ – سورة المدثر – ٣٨/٧٤) واته: هەموو کەسێ له قیامەتدا لەپاش زیندووبوونەوه، له لای خودا پێوەندو بارمتەی کردەوەی خۆیەتی، چارەنووسی بەستراوه به باشی‌و خراپی کردەوەکەیەوه، وەك بەندییەك وایه کەچاوەڕوانی دادگاییەکی دادپەروەرانه بکا.

سەر بەڵگەی دروستبوونی بارمتەیش قورئان‌و سوننەته. قورئان دەفەرموێ: {فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ – سورة البقرة – ٢٨٣/٢} له سوننەتیشدا بوخاری‌و موسلیم دەگێڕنەوه که پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێ) زریەیەکی هەبوو، دایئابوو لەلای جولەکەیێ، له بارمتەی بڕێ جۆدا، بۆ بژێوی خێزانەکەی.

(مەرجەکان):

مەرجی بارمتە ئەوەیە کە شتێکی وابێ فرۆشتنی دروست بێ، کەواتە رەهنکردنی شتی وەقف دروست نیە، وە دەبێ شتێکی حازریشبێ، کەواتە رەهنکردنی قەرز دروست نیە، چونکە قەرز وەرگرتنی مومکین نیە، دەنا لە قەرزیی دەردەچێ، مەرجی ئەو ماڵەیش کە رەهنی بۆ دادەنرێ (واتە: شەرتی مەرهوونوبیهی) ئەوەیە قەرزێکی دامەزراوو پێویست بێ لە ئەستۆی رەهنکەردا، چونکە مەبەست لە بارمتە وەرگرتنەوەی قەرزەکەیە بە تەواوی لە شتە رەهن کراوەکە، لەبەر ئەوە وەرگرتنەوەی عەین لە عەین تەصەوور ناکرێ، مەرجی قەرزەکەیش ئەوەیە: کە ئەندازەو ماوەکەی لەلای هەر دوولا زانراوبن!.

(کەی بارمتە پێویست دەبێ؟)

بارمتە کاتێ پێویست دەبێ کە رەهن وەرگر بارمتەکە وەربگرێ، چونکە زاتی پاك دەفەرموێ: فَرِمانٌ مقبوضةٌ: ئەمە دەقە لەسەر ئەوە کە دەبێ بارمتەکە وەربگیرێ، کەواتە: ئەوە مەرجە لە بارمتەدا. جا ئەگەر رەهنی کرد بەڵام هێشتا رەهن وەرگر بارمتەکەی وەرنەگرتبوو ئەوە رەهنکەر بۆی هەیە کە لە رەهن کردنەکە پەشیمان ببێتەوە، چونکە هەتا بارمتەکە وەردەگیرێ گرێدانەکە بەدەست رەهنکەرەکەیە، لەبەر ئەوە وەرگرتندا دەتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە پەشیمان بوونەوەیش جاری وا هەیە بەقسە دەبێ، جاری وایش هەیە بە کردەوە دەبێ، وەك ئەوە بارمتەکە بفرۆشێ، یا بیکا بە وەقف، یا شتێکی وای لێبکا کە لەهی ئەو دەربچێو ببێ بە ماڵی کەسێکی تر.

(ماڵی ڕەهنکراو ئەمانەتە لە دەستی ڕەهن وەرگردا)

لەبــەر ئــەوە ڕەهنــوەرگر نابــێ بــە زامنــی فــەوتانی، مــادەم کەمتەرخەمیی نـەکا لـە چاودێریکردنیدا، هـەموو سپاردەو ئەمانـەتێکی تریش هەروایە. بەڵام ئەگەر ڕەهنکراو لەبەر کەمتەرخەمیی ڕەهنـوەرگر فەوتا، وەك ئەوە دەسکارییەکی وای کـرد، کـە ڕێگـەی ئـەوەی پێنـەدرابوو ئـەوە دەسـتەبەرە. ئەگـەر ڕەهنکـەر داوای ئـەوەی کـرد کـە ڕەهنـوەرگر سووچــبارە لــە فــەوتانی ڕەهنکــراودا، ئەگــەر شــایەتی نــەبوو، ئــەوە ڕەهنوەرگرەکە سوێند دەدرێ، چونکە ڕەهنوەرگر ئەمیندارە. ئەمـە کاتـێ وایەو بە سوێن بڕوای پێدەکرێ کە هۆیەکی ئاشکرا باس نەکا دەنـا بـەبێ بەڵگە داواکەی وەرناگیرێ.

(دانەوەی هەندێ لە قەرزەکە ڕەهنکراو ئازاد ناکا)

هەموو ماڵە ڕەهنکراوەکە بامتـەی دڵنیاییـە بـۆ هـەموو قەرزکـەو بۆ هەموو بەشەکانیشی، کەواتە: ڕەهنکراو لە بەندیی ڕەهنوەرگر ڕەها نا بێو ناچێتەوە ژێر تەصەرروفی خاوەنەکـەی، هـەتا هـەموو قەرزەکـە بـە تەواوی دەداتەوە بە خاوەن قەرزەکە.

(قازانجو کەڵك وەرگرتن لە بارمتە – مەرهوون):

دروست نیە کەڵكو سوودی بارمتەکە بۆ ڕەهنوەرگربێ، دەنا بـەر ئەو جۆرەقەرزە دەکەوێ کە کەڵك دەگەیەنن بە خاوەنیانو، لەبـەر ئـەوە دەبن بە سوودو ڕیبا. کەواتە هەموو کەڵکێکی ڕەهنکـراو بـۆ خاوەنیـەتی، هەروا کەڵکی بەریو کەڵکی بەچکەیشی هـەر هـی ئـەوە، بـە هـیچ جـۆرێ

رەهنـوەرگر مـافی نیـە کـە کـەڵکی لێ وەربگـرێ، لـەم دوو شـتەدا نـەبێ: ئەگـەر شـتی سـواریی بـێ دەتوانـێ سـواری بـێ، ئەگـەر ئـاژەڵی شـیرداربێ دەتوانـێ شـیرەکەی بخـوا. بـەپێی فەرموودەکـەی خۆشەویـست (دروودی خوای لەسـەربێ): ولاخـی سـواری - ئەگـەر لـە بامتـەدا دانرابـێ – دروسـتە بارمتـەوەرگر سـواری پێبکـا، ئـاژەڵی شـیرداریش – ئەگـەر لـە بارمتـەدا دانرابـێ – دروسـتە بارمتـەوەرگر شـیرەکەی بخواتـەوە، مەسـرەفی وڵاخو ئاژەڵەکەیش لەسەر ئەو کەسەیە کە سواری ئەو وڵاخە دەبێ، یاشیری ئەو ئاژەڵە دەخواتەوە! (بوخاری).

٢٠٦) دەست بەست (الحجر):

(بڕ: تەجرید/ ٣ ل – ١٤٠ = ژ: ١٠٤٦ هەتا ١٠٥١ ز: ٤٨).

دەست بەست لە زمانی عەرەبدا پێی دەڵێن: حیجر، یا حـەجر، حـەجریش واتـە: نەهێـشتن، لـە عـورفی شـەرعدا واتـە: نەهێـشتنی تەصـەرووفکردنی کەسـێ لـە مـاڵی خۆیـدا. ئەمـەیش دوو جـۆرە، دەسـت بـەس لەبـەر پاراسـتنی قـازانجو بەرژەوەنـدی دەسـت بەسـتەکە، واتـە: (محجـور علیـە) یەکـە. وە دەسـت بەسـت لەبـەر پاراسـتنی بەرژەوەنـدی کەسێکی تر.

جۆری یەکەم: وەك ئەوە نەهێڵرێ منداڵو شێتو نـەفام گـەردانو تەصـەرووف لـە مـاڵی خۆیانـدا بکـەن. سـەر بەڵگـەی ئـەم بابەتـە ئـەم ئایەتەیـە: {**فَـإِن كَـانَ الَّـذِي عَلَيْـهِ الْحَـقُّ سَـفِيهًا أَوْ ضَـعِيفًا أَوْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ – سورة البقرة – ٢/٢٨٢**} واتـە:

جا ئەگەر ئەوکەسە کە حەقەکەی وا بە سەرەوە خۆی بێ ئەقڵو بێ فام بوو – واتە: سەفیەو نەفام بوو – یا زەبوون بوو، وەك منداڵی نەباڵق‌و پیری خەڵەفاو، یاخود خۆی مەودای ئەوەی نەبوو کە قسەبکا بۆ نووسەرەکە، یا لە لایدا حازر ببێ، یا زمانی نەدەزانی، با لەم کاتانەدا ئەو کەسە کە خاوەنی کاری ئەو کەسەیە، وەك هەقداری، یا سەرپەرشتیاری، یاجێدار (وەکیل)ی، یا تەرجمانی، بائەو کەسە قسەکان بکا بۆ نووسەرەکە.

ئەوەتا زاتی پاکی بێگەرد لەم فەرمایشتەدا: هەواڵ دەداو دەفەرموێ: با ئەو نەفامانەی کە دەستبڵاون‌و ماڵی خۆیان بەهەوانتە بە فیرۆ دەدەن، هەروا ئەو هۆش زەبوونانەی کە لەبەر منداڵی، یا لەبەر پیری‌و خەڵەفاوی ئەقڵیان بە قازانجی خۆیان ناشکێ‌و نازانن بەجوانی گەردان لە ماڵی خۆیاندا بکەن، هەروا ئەو کەسانەیش کە خۆیان ناتوانن‌و نازانن قسە بۆ نووسەرەکە دابنێن، وەکوو شێت‌و ئەمانە، با ئەمانە هەقدارەکانیان لە جیاتی خۆیان سەرەوکاریی سامانەکانیان بکەن، چونکە بەرژەوەندیی خۆیان لەوەدایە.

جۆری دووەم: وەك ئەوە کە نەهێڵرێ مرۆی نابووت‌و لاتکەوتوو سامانی خۆی سەرف بکا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خاوەن قەرزەکان نەفەوتێ وەك ئەوە نابێ ماڵەکەی بفرۆشێ، یا بیبەخشێ، یا بیکا بە وەقف، هەروا هەموو گەردان پێکردنێکی تری لەم بابەتەی لێ قەدەغەیە. چونکە تەصەڕوف‌و گەردان پێکردنەکەی دەبێ بەهۆی لەکیس چوونی سامانی کەسێکی تروو مافی خەڵکی تری پێ دەفەوتێ، لەبەر ئەوە تەصەڕوفەکەی دانامەزرێ، دەنا مەبەستی سەرەکی حەجر (واتە: دەست

بەست) کە پاراستنی مافی خەڵکە لە فەوتان، نایەتە جێ. وەکو ئەوەیش کە نەهێڵرێ کە نەخۆش لە نەخۆشینی سەرەمەرگا، زیاتر لە سێیەکی ماڵی خۆی سەرف بکا، بۆ ئەوەی مافی شەرعی کەلەپوور بەرەکان نەفەوتێ، بەڵام رێگەی ئەوەی ناگیرێ کە هەرچی قەرزێکی لەسەرە هەمووی بداتەوە، با هیچیش بۆ میراتگرەکان نەمێنێتەوە، هەروا ئەگەر میراتبەریشی نەبێ وەسێتی پتر لە سێیەك هەردانامەزرێ، بەڵام لە سێیەکدا دادەمەزرێ. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودای گەورە لە سەرەمەرگا رێگەی ئەوەی پێتان داوە کە سێیەکی سامانەکانتان بکەن بەخێر، هەتا کردەوەی باشتان لە قیامەتدا زرۆبن. وەکوو ئەوەیش کە بەندە دەست بەست بکرێو بۆ بەرژەوەندی ئاغاکەی حیجر بخرێتە سەر تەصەروفی ماڵی، چونکە تەصەروفی بەندە بەبێ رێگە پێدانی ئاغاکەی دانامەزرێ، چونکە بەندە نەماڵی هەیەو نەخاوەنی شتە، بەڵکوو هەم خۆیو هەم هەرچی هەیە هی ئاغاکەیەتی، وەکوو ئەوەیش کە بۆ بەرژەوەندیی موسوڵمانان وەرگەڕاو لە دین (مُرْتَدّ) دەست بەست بکرێ، یا بۆ پاراستنی مافی بارمتەوەرگر بارمتەکەر دەست بەست بکرێو نەهێڵرێ لە ماڵی رەهنکراودا تەصەڕوف بکا، هەتا لە رەهنەکە دەری دەکا، یا کەلەپوورگر دەست بەست بکرێ بۆ پاراستنی مافی مردووەکە، یا بۆ پاراستنی مافی خاوەن مافانی تر، وەك خاوەن قەرز، یا قەرزار دەست بەست بکرێ ئەگەر خاوەن قەرزەکە داوای ئەوەی کرد.

ئەمانە هەموو وێنەو نموونەن بۆ جۆری دووەمی حیجر.

٢٠٧) تەصەڕوفی منداڵو شێتو نەفام (سفیه):

تەصەڕوفی منداڵو شێت دانامەزرێ، دەنا دەست بەست کردنیان بێ کەڵك دەبێ، نەفامیش هەروا، بەڵام نەفام ئەگەر ژن تەلاق بدا، یاژن خولع بکا تەلاقو خولعەکەی دادەمەزرێ. تەڵاقدانەکەی بۆیە دادەمەزرێ چونکە حیجرو دەست بەست بەس بۆ ماڵە، تەلاقیش ماڵ نیە، خولعەکەیشی بۆیە دادەمەزرێ، چونکە دەڵێین: لە شوبێنێ تەلاقدانی بە بەلاش دابمزرێ، تەڵاقدانی لەگەڵ دەستکەوتنی ماڵدا بۆ دانامەزرێ؟ چونکە خولع تەڵاقە بەرابەر بە ماڵ، دەی ئاشکرایشە کە ئەمانە هەقی تەصەروفیان نەبێ دەبێ هەقداریان مافی ئەوەی هەبێ، بەپێی ئەم ئایەتە: (فلملل ولیه). لە پێشترین هەقداریش بەپێی یەکگرتن باوکە، ئەگەر باوکی نەبوو باوکی باوکیەتی، وە بەم جۆرە تادەڕوا، چونکەباوکی باوك بۆ بەشوودانو ژن مارەکردن وەك باوك وایە، دەی بۆ ماڵیش دەبێ هەروابێ، لەدوا باوكو باپیر سەرپەرشتە (واتە: وصی) لەدوا ئەویش سەرپەرشتی سەرپەرشتە. ئەوجا حاکمی وەقتە. بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە دەفەرموێ: فەرمانڕەوا هەقداری ئەو کەسەیە کە هەقداری تری نەبێ!.

لەم جۆرە هەقدارانەدا عەدالەتو داد مەرجە، چونکە مرۆی بەدکاری بێدادلێی ناوەشێتەوە کە ئاگاداری سامان بکاو بیپارێزێ. هەندێ دەڵێن: دادگەری لە باوكو باپیردا مەرج نیە، چونکە ئەم دووە بەسروشت دڵسۆزی نەوەی خۆیانن.

٢٠٨) تەصەڕوفی لاتكەوتوو (موفلیس):

لاتكەوتوو كەسێكە كە بووبێ بەژێر قەرزەوەو ئەو قەرزانەی كەوان لەسەری كاتی دانەوەیان هاتبێو زۆرتریش بن لەو ماڵەی كە هەیەتیو قازی لەبەر هۆیێ، یا لەسەر داواكردنی خاوەن قەرز، حیجر دابنێ لەسەری ئیتر تەصەڕوفی لەوماڵەدا كە حیجری لە سەردانراوە دانامەزرێ. دەنا كەڵكی حیجرەكە پووچ دەبێتەوە. سەربەڵگەی ئەم باسە ئەم فەرموودەیەیە كە دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} حیجری دانا لەسەر موعاذ، لە سەرماڵەكەی، چونكە قەرزێكی لە سەربوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بۆدانەوەی ئەو قەرزە ماڵەكەی موعاذی فرۆشتو قەرزەكەی لێدایەوە (دارە قوطنیو بەیهەقیو حاكم گێڕاویانەتەوە، حاكم بە فەرموودەیەكی دروست – صەحیح –ی داناوە) هەروا ئەم فەرموودەیەیشە كە دەفەرموێ: ئەبو سەعید {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: لەسەردەمی پێغەمبەردا {دروودی خوای لەسەربێ} پیاوێ بەری باخێكی كڕی، لەپاشا بەرەكە فەوتا، پیاوەكە تێشكاو بووبەژێر قەرزو قۆڵەوە. جا حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: خێری پێبكەنو زەكاتی بدەنێ، جا خەڵكیش خێرو زەكاتیان پێدا، بەلام بەشی بژاردنی قەرزەكەی بەتەواوی نەكرد. جا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} بە خاوەن قەرزەكانی فەرموو: چیتان دەست كەوتووە بیبەن، چونكە هەر ئەوەتان دەكەوێو بەس!. (موسلیمو كەسانی تریش گێڕاویانەتەوە، رەزای خودایان لێبێ).

٢٠٩) تەصەڕوفی نەخۆش لە زیاتر لە سێیەکی ماڵی خۆی:

تەصەڕوفی نەخۆش لە سێیەکی ماڵەکەیدا دروستەو جێبەجێ دەبێ. چونکە بەرای کوڕی مەعرووور {رەزای خوای لێبێ} وەسێتیکرد کە سێیەکی ماڵەکەی بۆ پێغەمبەربێ {درودی خوای لەسەربێ} پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} قەبووڵی کرد، بەڵام کە سێیەکەکەی وەرگرت دابەشی کردەوە بەسەر میراتبەرەکانی بەرائدا. بەڵام ئەگەر نەخۆش پتر لە سێیەکی سامانی خۆی کرد بەخێروبەخشی بەکەسێ، ئەوە دەبێ بۆ ئەوەی کە زیاترە لە سێیەك میراتبەرەکان رازی بن، دەنا لە زیادەکەدا وەسێتەکە دانامەزرێ. دەبێ رازیبوونەکەیان لە پاش مەرگی مردووەکەیان بێ، چونکە لەپێش مەرگیدا ئەو مافەیان نیە، لەبەر شتێ تریش کە ئەویش ئەوەیە: کە دوور نیە کە ئەو کەسەی کە ئێستا میراتبەری نەخۆشەکەیە، لەکاتی مردنەکەیدا ئەو مافەی نەمێنێو لە میراتبەریی بکەوێ، وەك ئەوە ئەم لە پێش ئەودا بمرێ.

٢١٠) تەصەڕوفی کۆیلە (تصرف العبد):

کۆیلە ئەگەر ئاغاکەی رەزای لەسەر نەبێ، کە سەوداو مامەڵە بکا، کڕینو فرۆشتنی نە بۆ خۆیو نە بۆ ئاغاکەی دانامەزرێ. بۆ خۆی بۆیە دانامەزرێ چونکە کۆیلە شیاویی (ئەهلییەت)و یارای خاوەنداریيو موڵکییەتی نیە، بۆ ئاغاکەیشی بۆیە دانامەزرێ چونکە بەبێ فەرمانو رەزابوونی ئەو مافی ئەوەی نیە.

٢١١) ڕێکەوتن (صوڵح)

(بر: تەجرید/ ٣ل – ٢٣١ – ز: ٥٧ – ژ. ١١٢٦ هەتا ژ. ١١٣١).

صوڵح (واتە: ڕێکەوتن) لە زمانـدا واتـە: چارەسـەری کێـشەوبەرە، لـە عـورفی شـەرعدا ئـەو گرێدانەیـە کـە کۆتـایی دێنـێ بـە دژایـەتیو دوژمنایەتیو کێشەی نێوان چەن هاودژو نەیارو ناحەزێ.

سـەربەڵگەی ڕەوایـی ڕێکـەوتن لـە شـەریعەتدا هـەم کیتابـەو هـەم سوننەتە. یەزدانی پـاك دەفـەرموێ: {وَالصُّلْحُ خَيْرٌ – سورة النساء – ١٢٨/٤} واتە: ڕێکـەوتن باشـەو خـوا پێـی خۆشـە، لـە فەرموودەیـشدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ڕێکەوتنو چارەسەرکردنی کێشەو بـەرە لـە نێـوان موسـوڵمانانـدا کـارێکی ڕەوایـە (حـاکم گێڕاویەتـەوەو دەیشفەرموێ: ئەم فەرموودەیە بـەپێی مـەرجی بوخـاریو موسـلیمە) لـە گێڕانەوەیەکا دەفەرموێ: هەموو ڕێکەوتنێ ڕەوایە، مەگەر ڕێکـەوتنێ کـە نارەوا بکـا بـە ڕەواو، ڕەوا بکـا بـە نـارەوا. (ئیبنـو حـەببان لـە صـەحیحی خۆیـدا گێڕاویەتـەوە، تیرمیـذیش دەیگێڕێتـەوەو دەفـەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە، واتە: حەدیسێکی حەسەنە.

٢١٢) باسی جۆرەکانی ڕێکەوتن (سوڵح):

ڕێکەوتن دوو جۆری هەیە:

جـۆری یەکـەم: ئـازادکردنو ئاڵـشت (واتـە: إبـراء ومعاوضـە) ئازادکردن وەك ئەوە کەسێك بڵێ: ئەوا لە گەڵتارێکەوتم لەسەر ئـەوە کـە لـەو هـەزار دینـارەی لەسـەرتە پێـنج سـەد دینـارم بدەیتـەوە، لـە پێـنج

سەدەکەی تری گەردنت ئازاد بێ. ئەمە پێی دەگوترێ بەخشینو گەردن ئازادکردن لە بەشێ لە قەرزەکە، بە گفت (لەفظ)ی ڕێکەوتن، یا بە لەفظ (گفت)ی صوڵح.

جۆری دووەم: کە ڕێکەوتنی ئاڵشتکرنە ئەوەیە: کە کەسێ شتێکی لەبەرچاوی لەسەر کەسێ بێ، لەگەڵیدا ڕێ بکەوێ، کە لەجیاتی ئەو شتە شتێکی لەبەرچاوی تری لێ وەربگرێ، شتی لەبەر چاو واتە عەین، وەك ئەوە لەباتی گایێ ئەسپێکی لێ وەربگرێ، ئەوە ئەم جۆرە ڕێکەوتنو سوڵحە دەق حوکمو بڕیاری کڕینو فرۆشتنی هەیە، ئەوەی لە کڕیندا مەرج بوو لەمیشدا مەرجە، وەك سەرپشکیو هاو ئەندازەیی لەکاتی هەبوونی هۆو بایستو عیللەتی سوودو ڕیبادا. بەڵام ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە لەبەر چاوێ (واتە: عەینێ) لە جیاتی کەڵكو مەنفەعەتێ وەربگرێ ئەوە بڕیاری بەکرێدانی هەیە، وەك ئەوە بڵێ: لە جیاتی ئەو دەدینارە قەرزە کە لەسەرتە دوو پێنووسم بدەرێ.

٢١٣) کەڵك وەرگرتن لە شەقامو کۆڵان:

بزانن کە ڕێگە دوو بەشی هەیە: ڕێگەی دەرچوو، واتە: طەریقی نافیذ، ڕێگەی دەرنەچوو، واتە: طەریقی غەیرە نافیز. جا هەر ڕێگەیێ کە دەربچێو بەری بەرەڵلابێ ئەوە ڕێگەی گشتییەو کەس مافی تایبەتی پێوەی نیە. بەڵکوو هەموو کەسێ وەك یەك مافی هاتوچۆکردنی بەو ڕێگەیەدا هەیە. وە کەس مافی ئەوەی نیە کە تەصەڕوفێکی وای تیادا بکا، زیان لە هامۆشۆکەرەکان بدات، وەك ئەوە بچێ شانشینێ لەسەر

دیواری قەراخ شەقامەوە دەربکا بۆ سەر هەوای شەقامەکە، یا سەکۆیێ لە کۆڵانەکەدا بە قەراخ دیوارەکەی خۆیەوە بکا، یا چوخمێ لەسەر کۆڵانێ دروست بکا. چوخم: تاقێکی گەورەیە کە بەسەر کۆڵانێکا هاتبێتەوە، سەرێکی لەسەر خانووی ئەم بەری کۆڵانەکە بێو ئەو سەرەکەی تری لەسەر خانووەکەی ئەو بەری کۆڵانەکە بێ، وە سەرەکەی کرابێ بە ژوور. چونکە هەر ئەو بە تەنها خاوەن ماف نیە لەو جێگەیەدا، بەڵام ئەگەر ئەو چوخمو شانشینە ئەوەندە بەرزبوون کە زیانیان نەبوو بۆ ڕێبوارو ڕێڕەو، نە بۆ پیادە، نەبۆ سوار ئەوە دروستە.

سەر بەڵگەی ئەم بابەتە ئەم سەرمەشقەی پێغەمبەر خۆیەتی {دروودی خودای گەورەی لەسەربێ} دەگێڕنەوە: خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} بە دەستی پیرۆزی خۆی پلووسکێکی دامەزراند بۆ گوێسەوانەی خانووەکەی عەباسی مامەی، پلووسکەکە دەکەوتە سەر شەقامێ دەچوو بۆ مزکەوتەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} جا بە پێودانی ئەم دەقپیادانانە کە لە بارەی پلووسکەوە هەیە، شتی تریش ڕێگە دەدرێ. دەقپیادانان، واتە: تنصیص.

بەڵام مەرجی ئەم پەلهاویشتنە بۆ سەرکۆڵانو ڕێگەو شەقام ئەوەیە: کەماڵەکەی ئەو شتانەی بۆ دروست دەکرێ هی موسوڵمان بێ، چونکە بۆ کەسانی تر شتی وا دروست نیە، چونکە کردنی ئەو جۆرەشتانە لە ڕێزەو قەبیلی بەرزەوەکردنی خانووی ناموسوڵمانانە بەسەر خانووی موسوڵماناندا، بگرە لەوەیش خراپترە ئەمە لە کاتێکدا کە هاتو چۆی ناموسوڵمانان بە ڕێگەو بانی موسوڵماناندا بەپێی

شایستەیی خۆیان نیە بۆ ئەوە، بەڵکوو بەپێی پاشکۆییانە بۆ موسوڵمانان.

بەڵام کۆڵانێ کە دەرنەچێ ئەگەر هاوبەشبوو لە نێوان چەندماڵێکا، ئەوە دروست نیە نەبۆ خۆیانو نەبۆ کەسانی تر کە هیچ شتێ لەو کۆڵانە بەرپا بکەن، بەبێ رەزاو فەرمانی گشت هاوبەشەکان، چونکە هەموو ملکێکی هاوبەش هەروایە. مەبەست لە هاوبەشو خەڵکی هەر کۆڵانێ ئەو کەسانەیە کە دەرگای ماڵەکانیان لەسەری بێ. مافی ئەو ماڵانەیش کە دەکەونە سەر ئەم جۆرە کۆڵانانە لە دەرگای خانووەکانیانەوەیە هەتا سەری کۆڵانەکە، بەڵام مافیان لە کلکەی کۆڵانەکەدا نیە، چونکە جێگەی هاتوچۆی ئەوان لە دەرگاکانی خۆیانەوە دەست پێدەکا هەتا سەری کۆڵانەکە، نەك لە کلکەو کۆتایی کۆڵانەکەوە، مەگەر دەرگای خاوەن ماڵ لەسەر کۆتایی کۆڵانەکەبێ.

٢١٤) هەواڵە: حەواڵە (الحوالە):

بەرەو رووکردنەوە:

(**بر: تجرید:** ٢ ل -٨٩- ز. ٤٣ – ژ. ١٠٠٨ **هەتا** ژ. ١٠٠٩).

هەواڵە، یا حەواڵە، وشەیەکی لە بنەڕەتدا عەرەبییە، لە زمانا بە مانا گواستنەوەیە، لە عورفی شەرعیشدا برێتییە لە گواستنەوەی مافێك لە ئەستۆی کەسێکەوە بۆ ئەستۆی کەسێکی تر. راستیەکەی فرۆشتنی قەرزە بە قەرز بەڵام لەبەر پێداویستی رێگەی پێ دراوە. سەربەڵگەی دروست بوونی هەواڵە ئیجماعە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی کە شەیخان

دەیگرنەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: قەرز کوێری دەوڵەمەند گەلێ ستەمە! ئەگەر دنیابوو کەسێ لە ئێوە لەلایەنی قەرزارەکەی خۆیەوە بەرەو رووی پیاوێکی دەوڵەمەند کرایەوە، کە ئەو دەوڵەمەندە لەباتی قەرزارەکەی خۆی قەرزەکەی پێ بداتەوە ئەوە بابچێ قەرزەکەی لەو وەربگرێتەوە. (ئەحمەدو بەیهەقی).

(مەرجەکانی هەواڵە)

ئەم چەند شتە بۆ دامەزراندنی هەواڵە بە مەرج گیراون:

یەکەم: رەزابوونی حەواڵەکەر، چونکە خۆی سەرپشکە لە دانەوەی ئەو مافەی کەوا لە سەری، لەچی رێگەیەکەوە کە خۆی ئارەزوو بکا.

دووەم: رەزابوونی هەواڵەکراو چونکە مافەکە هی ئەوە بەبێ رەزامەندیی ئەو لە کەسێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ سەر کەسێکی تر.

سێیەم: ئەوەیە کە هەردوو قەرزەکە چەسپاو بن لە ئەستۆی هەواڵەکەرو هەواڵە بۆ سەرکراودا.

چوارەم: ئەوەیە هەر دوو قەرزەکە رێك (موتتەفیق)بن، واتە: ئەو قەرزەی کە لەسەر هەواڵەکەرە لەم شتانەدا رێك بێ لەگەڵ ئەو قەرزەی کەوا لەسەر هەواڵە بۆ سەرکراو، واتە مەرجە کە هەردوو حەقەکە بەقەد یەك بن لە توخم (جینس)و ئەندازەو حازری (حولول)و مەودا داری (تەئجیل)و باشیو خراپیو نایابیو ئایەخیدا، ئەم مەرجەیش لەسەر رای فەرمایشتی دروست بە مەرج گیراوە، کە

بەرابەرەکەی دەفەرموێ: ئەگەر قازانجی هەواڵەکراو لەوەدا بوو کە دوو قەرزەکە لەم شتانەدا وەك یەك نەبن دروستە. جا هەرکاتێ هەواڵەکردن و بەرەو رووکردنەوەکە، لەسەر شێوەیەکی دروست بوو ئەوە هەواڵەکەرەکە رزگاری دەبێ و قەرزەکەی سەری کەهی هەواڵەکراوەکەیە پاك دەبێتەوە، هەروا هەواڵە بۆ سەرکراوەکەیش رزگاری دەبێ لە قەرزی هەواڵەکەرەکە، ئیتر مافی هەواڵەکراو دەکەوێتە ئەستۆی هەواڵە بۆ سەرکراو! چونکە ئەم هەواڵە بوونی مافە سوودی بابەتی هەواڵەیەو بەس[1].

---

[1] بسم الله الرحمن الرحيم.. لە بەرگی دووی (رياض الصالحين)دا لە لاپەڕە (٤٦٨)دا، ئەم فەرموودەیە بە نیوە ناچڵ چاپ بووە، دەمەوێ لەم دەرفەتەدا ئەو کرتاویە بە سەربگرمەوە فەرموودەکە بە تەواوی ئاوایە:

خالیدی کوڕی عەمری ئەل – عەدەوی فەرمووی: عوتبەی کوڕی غەزوان، کاتێ فەرمانڕەوای بەصرەبوو وتارێکی بۆماندا، ستایش و سوپاسی خودای گەورەی کردو فەرمووی: پاش سوپاسی خودا، وا جیهان ملی پێوەناوەو نیشانەی کۆتایی و تەواوبوونی دەرکەوتووە، بەزوویی دەبڕێتەوە، ئەوەی ماوە لە دنیا لەچاو ئەوەیدا کە ڕۆیشتووە وەك خڵتەی بن جام وایە، کە خاوەنەکەی لەهەر چوارلای جامەکەوە کۆی بکاتەوە تا بەتەواوی دایچۆڕێنێ.

بزانن کە ئێوە لەم جیهانە بێ بەقایەوە دەگوێزنەوە بۆ خانەی ئێجگاری، کە بڕای بڕای بڕانەوەی نیە، دەی کەوایە زووکەن هەتا هەل لە کیس نەچووەو دەرفەت ماوە هەرچی چاکەیەکتان لە دەست دێ درێغی لێ مەکەن و لەپێش خۆتانەوە بیکەن و ڕەتی بکەن بۆ ئەو دنیا، چونکە خانەی ئێجگاریتان ئەوێیە، لەوێ کارتان بە چاکە زۆر زۆرە، لەبەر ئەوەی کە ڕۆژی ڕەشی زۆرتان لە پێشەوەیە ورێگەی سەختتان لەبەرە، گەیشتۆتەوە

به ئێمه كه بەردێ لەسەر لێواری دۆزەخەوە خولۆر یا كلێر دەكرێتـەوە، حـەفتا سـاڵ لـە سەرەیەك بەبێ وەستان هەر گولۆر دەبێتەوە كەچی هێشتا هەر ناگاتەبنی! دە قەسـەم بـە زاتی خودا ئەم دۆزەخە بەم گەورەییە پڕپڕ دەبێ! ئەوە وا دیارە كە ئێوە لەم باسە سەرسـام دەبن؟!.

دەسا لەلایەكی تریشەوە باس كراوە بۆمان: كە بەهەشت زۆر زۆر گەورەو پانو پـۆڕو بەرینە، لەم لاشیپانی دەرگاكانیە وە هـەتا ئـەو لاشـیپانەكەی چـل سـاڵەڕێیە، دەی سـا بەخودا رۆژێ دەبێ كە هەموو دەرگاكـانی بەهەشـت جمـەیان دێ لەوانـەی كـە لێیانـەوە دەچنە ژوورەوەو لەبەر قەرە باڵغی دەروازەكانی بە هەشت جمەیان دێو مـەردوم بـە پاڵـە پەستۆ دەچنە ژوورەوە كەس بە خۆشیو ناخۆشیی جیهان نـەنازێو دەسـت خـەڕۆ نـەبێ، رۆژێ بوو ئێمە حاڵمان وابوو، بەخۆمـەوە حەوت كـەس بـووین، لـە خزمـەت پێغەمبـەردا بووین (درووودی خوای لەسەربێ) ئەوەی پێی بڵێی خواردەمەنی نەمان بوو، گەڵای دارو درەختی ئەوبیابانە نەبێ، ئەوەندە گەڵادارمان خوارد بوو لە تاو برسێتی لالغاوەمان تەرەكی بوو، بوو بوو بەرین.

ئەمەیش حاڵی پۆشتەو پەرداخیمان بوو، رووتو رەجاڵ بووین، عابایەكم پەیدا كرد، كردم بە دوو كەرتەوە، نیوەیم بۆ خۆم لـەباتی دەرپـێ كـرد بـە بـەركۆشو پێـچام بـەلای خواروومـەوە، ئـەو نیوەكـەی تریـشم دا بـە سـەعدی كـوڕی مـالیـك ئـەویش كـردی بـە بەركۆشو پێچای بەخۆیەوە لـە جیـاتی دەرپـێ، ئەوسـاكە ئەمـە حاڵمـان بـوو، وە ئـەوە خواردنەكەمان بوو، ئەوەیش جلی شاییو شینمان بوو، ئـەوەتانێ ئێـستایش هەركەسـێ لە ئێمە دەبینـی یـا فـەرمانڕەوای سـەر شـارێكە، یـا پادشـای سـەر وڵاتێكـە. خودایـە! باییمان ئەكەیو پەنامان بدەی لەوە كە هەوا بكـەینو لـە دڵـی خۆمانـدا خۆمـان بـەزل بزانینو لەلای تۆیش پچووكو بێ وەچ بین!.

بیشزانن كـە هـەموو پـەیامێكی پێغەمبـەران پـاش خۆیـان لـە پـاش ماوەیـێ، لـە حاڵێكەوە دەگۆڕێ بۆ حاڵێكی تر، بە تایبەتی حاڵی فەرمانڕەواكانیان تـەواو دەگـۆڕێ،

تەنانەت لە ئەنجامدا دەوڵەتی ئیسلام دەبێ بە پادشایی‌و سەڵتەنەت‌و، رەفتاری بەرزی سەردەمی پێغەمبەرایەتی لەناو فەرمانڕەواکاندا بەحاڵ شوێنەواری دەمێنێ. دڵنیام کە بەچاوی خۆتان ئەمەی من دەیڵێم، لە فەرمانڕەواکانی پاش ئێمە دەیبینن! لەپاش ئەوە کە بەتەجرۆبەو ئەزموون لە حاڵی ئێمەو ئەوان بە باشی حاڵی دەبن‌و بە بەراورد ئەمەتان بۆ دەردەکەوێ. (ئەمە دەقی ئەم فەرموودەیەیە لە صەحیحی موسلیمدا لە بەرگی هەژدەدا، لە (کتاب الزهد)دا، لەپەڕە (١٠١ – ١٠٣). هۆی ئەم پەخشکردنەوەیە لێرەدا ئەمەیە: لە سایەی خوداوە هەموو بەرگەکانی (تاج الاصول)و (رياض الصالحين) لە ژێرچاپ دان‌و لەلای من نەماون‌و لەکاتی خۆیدا بەهەڵە ئەمە نەکراوە. جا هەر ئەوەندە کە تەرجەمەکە چەسپاو پەخش بۆوە خوا یاربێ لە چاپی ئایندەدا خێرو مەندان ئەم فەرموودەیە لێرەوە نەقڵ دەکەنەوە بۆ ناو ریاضەکە.

هەروا ئەم فەرموودەیەیش بەهەڵە چاپ نەبووە لە بەرگی دووی ریاضەکەدا، زنجیرەی (٥١) لاپەڕە (٤٢٣) فەرموودەی (٢٧) کە دەفەرموێ:

ئەبو نەجیح کوڕی عەبەسەی ئەل – سولەمی – {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: هەر لە سەردەمی نەزانیدا من دەمزانی کە ئەو خەڵکە سەر لێشێواوو کومڕان‌و، ئەوە دین نییە کە ئەوان وان لە سەری کە بتان دەپەرستن‌و دارو بەرد بە خودا دەزانن.

جا زۆری پێ نەچوو کە بەرگوێم کەوت کەوا لە مەککە پیاوێ پەیدا بووە هەواڵی گەورە گەورە دەدا، جا بەسواری وڵاخەکەم چووم بۆ خزمەتی، کە روانیم پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} خۆی شاردۆتەوەو، هۆزەکەی لێی پڕن‌و بە خوێنی سەری تینوون، لەبەر ئەوە زۆر بە نەزاکەت بە دزکە خۆم گەیاندە خزمەتی، کە لەناو مەککەو لە ماڵێکا خۆی حەشاردابوو.

عەرزیم کرد: تۆ چیت؟ فەرمووی: (من پێغەمبەرم) گوتم: پێغەمبەر چییە؟ فەرمووی : خودا منی رەوانە کردووە. گوتم: ئەو پەیامەی کە خودا بە تۆدا رەوانەی کردووە قسە لەچی دەکا؟ فەرمووی: پەیامەکەم ئەوەیە: پەیوەندیی خزمایەتی بکەم‌و

سیلەی رەحم بەجێ بهێنمو بتان بشکێنم: یەزدانی پاك بە تاقە خوای هەقی بێ هاوەڵ بزانم. گوتم: باشە هەتا ئێستا کەسێ باوەڕی پێت هێناوە، وە ئەوانەی کە لەڵتنا چ کارەنو کێن؟ فەرمووی: بەڵێ خەڵکم لەگەڵن تێکەڵن، هەیانە ئازادە، هەیانە کۆیلەیە. فەرمووی: ئەو سەردەمە ئەبو بەکرو بیلال {رەزای خوای لێبێ} موسوڵمان بوو بوون.

عەرزیم کرد: دەی باشە منیش دێمە سەردینت، فەرمووی: باشە، بەڵام ئێستا ئەوەت بە ئاشکرا بۆ ناکرێ، نابینی من خۆم حاڵم چۆنە بە دەست ئەو خەڵکەوە؟ بڕۆرەوە بۆ ناوماڵو منداڵی خۆت، هەرکاتێ بیستت کە من خۆم ئاشکرا کردووە وەرەوە بۆلام، ئیتر منیش رۆیشتمەوە بۆ ناوکەسوکارەکەمو لەوێ مامەوە هەتا پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} تەشریفی برد بۆ مەدینە، لەو ماوەیەدا هەر سووسەی هەواڵی ئەوم دەکردو هەر کەسێکم دەدی کە لە مەدینەوە دەهات هەواڵی پێغەمبەرم لێ دەپرسی. هەتا رۆژێ چەن کەسێ لە خەڵکی مەدینە هاتن گوتم: ئەرێ ئەو پیاوەی کە هاتووە بۆ مەدینە چی بەسەرهاتو دەنگوباسی چییە؟ گوتیان: مەردوم زۆر خێرا دەچن بە دەنگیەوەو شوێنی دەکەون، هۆزەکەی ویستبوویان کە بیکوژن، بۆیان نەکوژرابوو، جا منیش چووم بۆ خزمەتی بۆ مەدینەو چوومە خزمەتیو گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا دەمناسیتەوە یانا؟ فەرمووی: بەڵێ تۆ ئەو پیاوەی کە لە مەککە یەکمان دی. گوتم: دە قوربان! هەندێ لەو زانستە کە خودا فێری تۆی کردووەو من هیچی لێ نازانم فێرم بکە، بفەرموو هەواڵی چۆنێتیی نوێژم پێ بفەرموو، فەرمووی: نوێژی بەیانی بکە، ئەوجا واز لە نوێژکردن بهێنە هەتا خۆر بە ئەندازەی رمێ لە ئاسۆ بەرز دەبێتەوە، چونکە لەم کاتەدا خۆر لە نێوانی دوو شاخەی شەیتانەوە هەڵ دێ، واتە: لەم کاتەدا شەیتانو دەستەی شەیتان دەکەونە جرتو فرتو زاڵ دەبن، هەر بۆیەکیش لەو دەمەدا بێبڕواکان سوژدەی بۆ دەبنو خۆردە پەرستن! کەواتە: با کوڕنووشی ئێمەو کوڕنووشی ئەوان یەك نەگرن. لەوەدوا نوێژبکە، نوێژی ئەم دەمە فریشتە دێنە دیاریو شایەتی باش بۆ نوێژ خوێن دەدەن، هەتا ئەو دەمەی کە سێبەری رمی داچەقاو بە قنجی لە شوێنی تەختا لە

کەمییەو سێبەرەکەی لەوە کەمترناکا هەر نوێژ بکە، ئەوجا واز لە نوێژ بێنە، چونکە لەم کاتەدا دۆزەخ وەك تەندوور دادەخرێ، جا کاتێ سێبەری لای ئێوارە داهاتو خۆربەدیمەن لەناوەراستی ئاسمان لایدا نوێژی نیوەڕۆ بکە، نوێژی ئەم کاتە فریشتە ئامادەی دەبنو شایەتی بۆ نوێژکەر دەدەن، هەتا نوێژی عەصریش دەکەی هەروایە، هیچ نوێژێ لەم ماوەیەدا ناباشی نیە، کە نوێژی عەصرت کرد ئیتر نوێژی تر مەکە تا خۆر ئاوا دەبێ چونکە خۆر لە نێوان دوو شاخە ی شەیتانەوە ئاوا دەبێ، ئەوەتا لەو دەمەدا خۆر پەرستەکان کوڕنووشی بۆ دەبەن، فەرمووی: جا گوتم: قوربان! ئەی پێغەمبەری خوا!دەی بفەرموو باسی دەسنوێژیشم پێ بفەرموو؟ فەرمووی: هەر کەسێکتان ئاوی دەسنوێژەکەی ئامادە بکا، ئەوجا ئاو لە دەمیو لە لووتی رابداو هەنگ بکا، ئیتر هەرچی گوناهی دەموچاوو دەمو کونە لووتەکانیەتی هەڵ دەوەرێنو بەردەبنە خوارەوە، کاتێ روخساری دەشوا، لەسەر ئەو شێوەیە کە خوا فەرمانی پێکردووە، مسۆگەر هەرچی گوناهی دەموچاویەتی، لە نووکی ریشیەوە، لەگەڵ ئاوەچۆڕەکەدا هەڵ دەوەرنو دەکەونە خوارەوە، کاتێ دەستەکانی تا ئانیشکەکانی دەشوا هەرچی گوناهی دەستەکانیەتی لە نووکی پەنجەکانیەوە لەگەڵ ئاوە چۆڕەکەدا هەڵ دەوەرێن، کاتێ سەری تەڕ دەکا هەرچی گوناهی سەریەتی لە نووکی مووەکانیەوە لەگەڵ چۆڕاوگەی ئاوەکەدا دادەکەون! کاتێ هەردوو قاچی هەتا هەردوو قاپەرەقەڵەی دەشوا، هەرچی گوناهی قاچەکانیەتی لە نووکی پەنجەکانیەوە لەگەڵ چۆڕاوگەی ئاوەکەدا هەڵدەوەرێن، جا دوا ئەمە ئەگەر هەڵسایەوە نوێژیشی بەو دەستنوێژە کرد، وە سوپاسو ستایشی خوای گەورەی کردو، بەشێوەیی کە هەرشایستەی خوابێ ستایشی جوانی خوای گەورەی کرد، وەدڵی خاڵی کرد لە پەیوەندی لەگەڵ غەیری خوا داوبەتەواوی دڵی لەلای خودا بوو، ئیتر لەپاش ئەو نوێژە وا لە گوناھ پاك دەبێتەوە وەك ئەو رۆژەی کە لەدایك دەبێ! جارێ عەمری کوڕی عەبەسە ئەمەی باسکرد بۆ ئەبو ئومامە، کە ئەویش هاوڕێی پێغەمبەربوو، ئەبو ئومامە فەرمووی: ئەی عەمری کوڕی عەبەسە! بزانە ئەم قسەیە تۆ دەیکەی کوێ دەگرێتەوە؟! چۆن لە یەك جێگەداو بەیەك هەڵوێستی ئاوا، بە

٢١٥) دەستەبەریی (الضمان):

بر: تجرید/ ٣ت - ٩١)

پێناسەکەی:

دەستەبەریی واتە: لە ئەستۆگرتن، دەگوترێ: بووە بە دەستەبەری ئەو شتە، واتە: ئەو شتەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. دەستەبەر لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ: ضامن‌و ضمین‌و کفیل‌و زعیم‌و حمیل.

سەربەڵگەی ڕەوابوونی دەستەبەریی نامەی خواو سوننەتی پێغەمبەرو یەکگرتنی نەتەوەیە. یەزدانی پاك دەفەرموێ: {وَلِمَن جَاء بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَاْ بِهِ زَعِيمٌ - سورة يوسف - ٧٢/١٢} واتە: جارچییەك جاڕی داو بانگەوازی کرد: ئەی کاروانی! جامە زێرینە

دەستنوێژێك‌و دوو رکات نوێژ خودا ئەم هەموو خەلاّتە دەدا بە بەندەو لە گوناە پاکی دەکاتەوە، وەك منداڵی ساوای تازە لەدایك بوو؟! عەمریش فەرمووی: ئەی ئەبوو ئومامە! خۆت دەزانی کە پیرو ئیختیار بوومو ئیسکم ناسك بۆتەوەو ئاکامم نزیك بۆتەوە، دیارە کە لەحاڵی وادا هیچ کارێکم بە درۆ هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەرەوە نیە، دەی ئەم فەرموودەیەم نەك جارو دوو جارو سێ جارو چوار جارو پێنج جارو شەش جارو حەوت جار لە پێغەمبەر بیستووە، بەڵکوو لەمەیش زیاتر لێیم بیستووە بۆیە دەیگێڕمەوە، دەنا هەرگیز نەیم دەگێڕایەوە. (موسلیم - ڕەزای خوای لێبێ - گێڕاویەتەوە).

سوپاس بۆ خودا ئەم دەفتەرەیش تەواو بوو.

وکتبه بخط یده مترجمه: نوری فارس حمه خان حسن.

٢٧/ رەجەب / ١٣١٤ ڕێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٥

ئاوخۆرەکـەی پادشـاتان دزیـوە، هـەر کەسـێ بیهێنێتـەوە بـاری وشـترێ خەلـەی بـە خـەلات دەدەینـێ، وە مـن خـۆم دەسـتەبەری ئـەوەم. پێغەمبـەریش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: (العاريـة مـؤداة والـزعيم غـارم) واتە: خواستەمەنی دەدرێتەوە بە خاوەنی، دەستەبەر (ضامن)یش بـژاردنی لەسـەرە، هـەرکاتێ قەرزارەکـە خـۆی نـەیبوو دەبـێ کەفیلەکـەی شـتەکە ببـژێرێ. (ئـەبو داوودو تیرمیـذی گێڕاویانەتـەوە، تیرمیـذی بـە جوانی داناوە، ئیبنـو حببـانیش لـە صـەحیحی خۆیـدا گێراویەتـەوە). لـە بوخاریشدا دەفـەرموێ: جـارێ تـەرمێکیان هێنـا، یاران فـەرموویان: ئـەی پێغەمبەری خوا! بفـەرموو نوێـژی لەسـەر بکـە، فـەرمووی: ئایـا مـاڵی لـە پاش بەجێماوە؟ گوتیان: نەء، فەرمووی: خۆ قەرزی لەسەر نیە؟ گوتیـان: بـا سـێ دینـار قـەرزارە، فـەرمووی: دەخۆتـان نوێـژ لەسـەر مردووەکـەتان بکـەن! ئـەبو قـەتادە فـەرمووی: قوربـان نوێـژی لەسـەر بکـە، قەرزەکـەی لەسەر من، لە گێڕانـەوەی نەسائیدا: ئەبو قەتادە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: من کەفیلی قەرزەکەی.

مەرجەکەی:

مەرجی دامەزراندنی دەستەبەریی سێ شتە:

یەکەم: ناسینی دەسـتەبەرو دە ستەبەری بـۆ کـراو (مـضمون لـە) چونکە لەکاتی داواکردنەوەی مافدا خـەڵکان چـونیەك نـین، هەیانـە سـەر راسـتو مامەڵـە خۆشـەو، هەیانـە سەرچـەوتو گـیرو قـەرز کوێرە، شـتی وایش دەبـێ بـەهۆی جیایی مەبەسـت، ئـەوەیش دەبـێ بـەهۆی ئـەوە کـە دەستەبەری بەبێ مەرجی ناسین، ببێ بەهۆی دەستەشکێنی (غەرەر).

دووەم: سامانە دەستەبەرکراوەکە دەبێ مافێکی دامەزراو ثابت) بێ، لەکاتی دەستەبەربوونیدا، کەواتە:ماڵێ کە هێشتا نەبووبێ بە ماڵی خاوەنی دەستەبەربوونی دانامەزرێ، ئەوەیش وەك دەستەبەربوونی ژێواری ژن کە سبەینێ بۆی ببڕێتەوە. (ژیوار: نەفەقە — وەرگێڕ).

سێیەم: دەستەبەرکراو (مضمون)ەکە دەبێ زانراوو مەعلوومبێ، زامنیی شتی نەزانراو دانامەزرێ، وەك ئەوە بە کەسێ بڵێ: ئەوەی کە هەتە لەسەر فیسارەکەس من دەبم بە دەستەبەری هەندێکی، چونکە نەزانراوە ئەو هەندە چەندە. جا هەرکاتێ دەستەبەری (بەپێی مەرجی خۆی) دامەزرا، خاوەن مافەکە بۆی هەیە کە داوای هەقەکەی خۆی لە قەرزارەکە بکا، یا لە دەستەبەرەکە بکا، بۆیە دەڵێین: مافی ئەوەی هەیە کە داوای قەرزەکەی لە قەرزارەکە بکا، چونکە قەرزەکە هێشتا هەروا لەسەر ئەو، بۆیە کاتێ ئەبو قەتادە قەرزی مردووەکەی دایەوە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پێی فەرمووو: ئا ئێستا رزگاری بوو، چونکە ئەگەر هەر بەوەندە گەردنی ئازاد ببوایە کە ئەبو قەتادە بوو بە دەستەبەری، پێغەمبەر لە پاش دانەوەی قەرزەکە ئاوای نەدەفەرموو. بۆیە دەڵێین: مافی ئەوەی هەیە کە داوا لە دەستەبەرەکەیش بکا چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: دەستەبەر بژاردنی لەسەرە. مەزهەبی ئیمامی مالیك دەفەرموێ: کاتێ داوا لە دەستەبەر دەکرێ کە دەستەبەری لە باتی کراو (مضمون عنە) نەتوانا بێ.

مەرجی دەستەبەر ئەوەیە کە شیاوی گەردان بێ، واتە: ئەهل بێ بۆ تەصەڕووف. کەواتە دروست نیە منداڵو شێتو حیجر لەسەر دانراو ببن بە دەستەبەر.

٢١٦) چی کاتێ دەستەبەر بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر دەستەبەری لەباتی کراو (مضمون عنه):

ئەگەر کەسێ بوو بە دەستەبەری کەسێ، بە ڕەزای خۆی، وە بە ڕەزای خۆشی قەرزەکەی بۆی دایەوە، ئەوە مافی ئەوەی بۆ هەیە کە چەندەی لەباتی ئەو بژاردۆتەوە ئەوەندەی لێ بسێنێتەوە. چونکە ئەو ماڵی خۆی خەرجکردووە بۆ قازانجی ئەو. دیسان بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} موسوڵمانان لەسەر مەرجی خۆیانن و هەر مەرجێکی ڕەوا دابنێن دەبێ جێبەجێی بکەن. (د/ت/ح – س/ص) بەڵام ئەگەر دەستەبەریەکەی، یا دانەوەکەی لەسەر فەرمانی قەرزارەکە نەبوو بۆی نیە کە بگەڕێتەوە بۆ سەری، چونکە شتی وا دادەنرێ بە پیاوەتی ڕووت. جاهەر کاتێ دەستەبەریبۆکراو داوای هەقەکەی لە دەستەبەرکرد، دەستەبەر بۆی هەیە داوا لە دەستەبەری لە باتی کراوبکا، هەتا ڕزگاری بکا لە دانەوەی قەرزەکە.

٢١٧) دەستەبەریی شتی نەزانراوو شتێ کە هێشتا پێویست نەبووبێ:

(ضمان المجهول وما لم يجب):

دەستەبەریی نەزانراو دانامەزرێ، چونکە شتی وا دەستەشکێنییە واتە: غەرەرە، دەستەشکێنیش لە شەرعا ڕێگەی نادرێ، هەروا دەستەبەربوونی شتێکیش کە هێشتا پێویست نەبووبێ دانامەزرێ، وەك ئەوە زانا ببێ بە دەستەبەری ئەو سەد دینارەی کە لە ئایندەدا دەبێ بە

ماڵی دانا لەسەر کاکەبرا، چونکە دەستەبەری بۆ دڵنیابوونی خاوەن مافە، کە مافەکەی دەست دەکەوێتەوە، کەواتە: نابێ لە پێویستبوونی ئەو مافە پێش بکەوێ، هەروەك چۆن شایەتی نابێ لە بینینی شایەتی لە سەردراوەکە پێش بکەوێ. ئەمەیش وەك ئەم وێنەیە: پیاوێ بە کەسێ بڵێ: لالە ئەحە! ئەمە بفرۆشە بە مامە حەمە من دەبم بە دەستەبەری بەهاکەی. چونکە ئەمە دەستەبەربوونی بەهایەکە کە هێشتا دانەمەزراوە.

لەم بابەتە ئەم مەسەلەیە چەرت دەکرێ، کە پێی دەگوترێ: (ضمان الدرك) کە بریتییە لەوە ببێ بە دەستەبەری فرۆشیار ئەگەر فرۆشراوەکە عەیبداربوو، یا ببێ بە دەستەبەری کڕیار ئەگەر بەهاکە قەڵب بوو، یا نەنگدار بوو.

٢١٨) دەستەبەربوون (کەفالەت):

(بر: **تجريد**/ ٣ل - ٩١ ز: ٤٤).

دەستەبەربوونیش جۆرێکە لە دەستەبەری، بەڵام تایبەتە بە جەستەی ئادەمیزادەوە. دەشێ کە بۆ بەڵگەسازی بۆن بنرێ بەم ئایەتە پیرۆزەیەوە، کە باسی راسپێری یەعقووب دەکا بۆ کوڕەکانی (درووده خوا لەسەر پێغەمبەری خۆمان، لەسەر ئەوانیش بێ) کە دەفەرموێ: {لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّى تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ اللّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلاَّ أَن يُحَاطَ بِكُمْ – سورة يوسف – ٦٦/١٢} چونکە ئەوەی تیادایە: کە ئەوە لە ئەستۆ بگرن کە ئەو کەسە ئامادەبکەن لە شوێنی ناوبراودا کە خزمەت حەزرەتی یەعقووبە (درووده

خوای لەسەربێ} ئەم جۆرە دەستەبەربوونە كاتێ دروستە كە ئەو مافەی وا لەسەر كەفالەتكراوەكە مافی ئادەمیزادبێ، نەك مافی خوابێ، وەك ئەوە تۆڵەی كوشتنەوەی لەسەر بێ، یا داری حەددی بوختیانی لەسەر بێ، لەم كاتانەدا دروستە دەستەبەربوون بۆ ئامادەكردنی كەسێ كە ئەم تاوانانەی كردبێ، چونكە ئەمە مافێكی چەسپاوەو دەق لە سامان دەچێ. بەڵام ئەگەر مافەكەی كە لەسەری بوو مافی خوابوو، وەك داری حەددی بادەنۆشیو تۆڵەی دزێتیو تۆڵەی داوێنپیسی ئەوە دەستەبەربوونی ئەم جۆرە كەسانە بە جەستە دروست نیە. چونكە ئێمە لە سەرمانە كە ئەم جۆرە شتانە بپۆشینو هەوڵی ئەوە بدەین كە ئەم جۆرە تۆڵەوەرگرتنە بەپێی توانا لە كۆڵ بخەین. جا ئەگەر دەستەبەر شوێنی بە دەستەوەدانی دیاریكرد ئەوە ئەوێ بڕیار دەدرێ، دەنا پێویستە شوێنی بەستنی دەستەبەر بوون واتە: شوێنی عەقدەكە بكرێ بە شوێنی بە دەستەوەدان. جا كاتێ دەستەبەر كەفالەتكراوی لە شوێنی بەدەستەوەداندا، دابەدەستەوە ئیتر لە دەستەبەربوونەكەی رزگاری دەبێ، بەمەجێ لەو جێگەدا پێشگیرێ لە بەدەستەوەدان نەبێ وەك لەو جێگەیەدا زۆردارێ هەبێ بەزۆر كەفالەتكراو ببا، لەكاتی وادا دەستەبەر رزگاری نابێ. بەڵام ئەگەر رێگرێ وا هەبوو، كە سووچی دەستەبەری تیانەبوو، ئەوە لەكاتی وادا بەدەستەوەدان لە شوێنی ناوبراودا پێویست نیە، چونكە یەدانی پاك دەفەرموێ: {إِلاَّ أَن يُحَاطَ بِكُمْ} گریمان كەفالەتكراوەكە دیارنەبوو، دەستەبەرەكە خرایە شوێنیو زێندانی كرا، لە حاڵی وادا ناچار ناكرێ كە ئامادەی بكا، چونكە لە ناوزیندانا ئەوەی پێناكرێ، خوای گەورەیش دەفەرموێ: {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا - سورة البقرة - ٢٨٦/٢} واتە: خوا داوایێ لە كەسێ ناكا كە لە توانایا نەبێ). ئەگەر

کەفالەت کراوەکە مرد داوای ئەو هەقەی لە سەریەتی لە دەستە بەرەکە ناکرێ، چونکە ئەو دەستەبەری زەلامەکەیە، نەك دەستەبەری ماڵەکەی سەری[1].

٢١٩) باسی هاوبەشی (شەراکەت):

بڕ: تەجریدم ٢ ل – ١٦٥ ز: ٥٢).

هاوبەشی لە زمانا واتە: تێکلاویی، لە عورفی شەرعا: چەسپانی مافی چەند کەسێکە لەیەکشتا لەسەرشێوەی هەمووانی (شیوع – تێکڕایی). سەر بەڵگەی ئەم باسە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە (درووددی خوای لەسەربێ) کە دەفەرمویێ: خوای گەورە دەفەرمویێ: من سێیەمی هەموو دوو کەسێکم کە هاوبەش بن لە شتێکی ڕەوادا، پیت و فەڕ دەخەمە کارەکەیانەوە، بەمەرجێك ناپاکیو دزی لەیەکتر نەکەن، بەلام هەر کە دەستیان کرد بەگزیو دزی لەیەکتری ئیتر من بەجێیان دەهێڵم. (ئەبو داوودو حاکم گێڕاویانەتەوە). دیارە مەبەست ئەوەیە کە پیت و فەڕی سامانەکەیان دەچێت بەحەوادا.

---

(١) لێرەدا هەڵەیەکی نووسیار – سەهوی قەڵەم – لە عیبارەتی کفایة الأخیارەکەدا هەیە، دانەری فیقهولویەسەکەیش بەبێ ڕاست کردنەوە بەسەریدا ڕۆیشتووە، بەپێی موغنیو شەریعەتی ئیسلام هەڵەکەم ڕاست کردەوە. چونکە خۆی (لومات المکفول)وە، نەك وەك نووسراوە (لومات المکفول لە).

– وەرگێڕ –

٢٢٠) جۆرەکانی هاوبەشی:

هاوبەشی دوو جۆری هەیە:

یەکەم: هاوبەشایەتییە بەلەش (شەریکایەتییە بە لەش)، ئەم جۆرەیان پووچو بەتاڵە، ئەمەش وەك هاوبەشایەتیی دارتاشو ئاسنگەرو حەماڵو کۆڵکێشو پیشە گەرانی تر، کە لەناو خۆیانا لەسەر ئەوە رێك بکەون کە هەموویان ئیش بکەنو دەستکەوتەکەیان هاوبەش بێ لە نێوانیاندا، خوا کاسپییەکەیان ئەوەندەی یەکبێ، یاکەمو زیادی هەبێ، وە پیشەکەیان یەك جۆربێ وەك دوو دارتاش، یا دوو ئاسنگەر، یا چەند جۆرێ بێ وەك بەرگدروو، لەگەڵ بەرگچندا، هۆی پووچی ئەم جۆرەیش ئەوەیە کە هەر کەسەیان بگری، بەلەشو بەکارو بە دەسکەوت، جیایە لەوی تریان، کەواتە: دەبێ هەرکەسێ قازانجی خۆی هەر بۆ خۆی بێ، نەك بۆ کەسێکی تر، دەنا کارەکە سەر دەکێشێ بۆ کێشەو بەرە لە نێوانیانداو لەسەر قەبلاندنی پشك لە قازانجا رێك ناکەون. ئەوەندە هەیە ئیمامی مالیك رێگەی هاوبەشایەتی بە لەشی داوە بەمەرجێ پیشەکەیان یەك بێ، ئیمامی ئەبو حەنیفەش بەبێ قەیدو بەند ئەم جۆرە هاوبەشییە بە دروست دەزانێ.

جۆری دووەم: هاوبەشایەتی جڵەوە (شَراكة القَنَان)، بۆیەیش وای پێ دەگوترێ چونکە هەردوو هاوبەشەکە بۆ ئەم شتانە چون یەکن: بۆ هەڵوەشاندنەوەو تەصەرووف کردنو دەستکەوتنی قازانج بەپێی ئەندازەی ماڵەکە، دەق وەك چۆن هەردوو لای دەستەجڵەوی ولاخ وەك یەکن بۆ جڵەوکێشیی ولاخەکە (دەستە جڵەوی لغاو مەبەستە کە دوولای

هەیـە – وەرگێـڕ) ئـەم جۆرەیـان دروسـتـە، بـەپێی فەرموودەکـەی لـە سەرەتای باسەکەوە رابورد، یەکگرتنیش هەیە لەسەر دروست بوونی.

مەرجەکانی:

یەکەم مەرج: ئەوەیە هاوبەشییەکە لـە ماڵێکی نـەخت (نەقد)دا، یا وێنەدار (مثلی) دابێ. چونکە وێنـەدار کە لەگەڵ (تـوخم - جنس)ی خۆیدا تێکەل بوو ئیتر لەیەك جیاناکرێنەوە، رێك وەك پارەی نـەختی لێ دێ، مـاڵی وێنـەدار (کـە هاوبەشـایەتی تیـادا دروسـتە) وەك گـەنمو جـۆو رۆنو ئـەم جـۆرە شـتانە، پـارەی نـەخت لـە بەرچـاوترین نموونـەی مـاڵی وێنەدارە، بەڵام لەماڵی نرخ بۆ دانراودا، کەپێی دەگوترێ: مـاڵی (متقـوَم) وەك زەویو زارو خانوبـەرە، هاوبەشـایەتی دانامـەزرێ، چـونکە تێکـەل بـوونێکی وا کـەببی بـەهۆی ئـەوە ماڵـەکان فـەرقیان نـەخرێ، شـتی وا هۆشو ئەقڵ نایگرێ،

دووەم مەرج: ئەوەیە کە لەیـەك تـوخمو جـۆربن، وە لەصـیفەتو نیشانەیشدا هەر یەکبن، وەك گەنم لەگەڵ گەنمدا، جۆ لەگەڵ جـۆدا، ساخ لەگەڵ ساخدا، شکاو لەگەڵ شاکاودا، دەنا دانامەزرێ چونکە لـە حـاڵی وادا بەئاسانی جوێ دەکرێنەوە، سروشتی هاوبەشیش ئـەوە دەخـوازێ کـە دوو ماڵەکـە لەیـەك جیانەکرێنـەوە، چـونکە ئەگـەر فـەوتانێ روویـدا، سـوور دەزانرا کە ئەو فـەوتاوە مـاڵی یـەکێ لـە دوو هاوبەشـەکەیە، ئـیتر کـابرای مـاڵ فـەوتاو بەچـی هـەقێ دەبـێ بـە هاوبـەش لـە مـاڵی هاوبەشـەکەیدا، کەفرێ ئەوی پێوە نیە.

سێیەم مەرج: ئەوەیە دەبێ ماڵەکان وەها ئامێتە بکرێن کە بەهیچ جۆرێ فەرق نەخرێن و لە یەك جیانەکرێنەوە، ئەمە بۆ ماڵێکە کە لە بنچینەدا جیا بن، دەنا ماڵێ کە لە بنچینەدا تێکەڵ بن وەك چەند کەسێ بە تێکەڵی شتێ بکڕن، یا ماڵێ بە کەلەپوور بگاتەوە پێیان، ئەوە بۆ مەبەستی جیانەبوونەوە ئەم ئەندازەیە بەسەو دەتوانن لە سامانی وادا هاوبەشی ئەنجام بدەن.

چوارەم مەرج: ئەوەیە کە هاوبەشەکان هەموویان ڕێگەی گەردان و تەصەڕوفیان پێبدرێ. ئەوەندە هەیە تەصەڕوفی هاوبەش وەك تەصەڕوفی جێدار (وەکیل) وایە، گەرەکە بەرژەوەندی هاوبەشایەتی ڕەچاو بکرێ، کەواتە مامەڵە بەقەرز، یا بەزەرەر، یا سەفەرکرن بەوماڵەوە بەبێ ڕێگەدانی هەموو هاوبەشەکان دروست نیە.

پێنجەم مەرج: کاتێ هاوبەشەکان مامەڵەیان کردو قازانج پەیدا بوو، دەبێ ئەو قازانجە دابەشبکرێ لە نێوانیانا بەپێی ئەندازەی سەرمایەکەیان، خواه هاوبەشەکان ئەوەندەی یەك ئیشیان کردبێ یانە. چونکە ئەگەر برێ لە قازانجەکە بخەینە بری ئیشکردن، ئەوە مامەڵەی هاوبەشی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ لەگەڵ مامەڵەی قازانج بە هاوبەشی، کەپێی دەگوترێ (قیراض) ئەمەیش قەدەغەیە. دەی ئەگەر مەرجی ئەوەیان کرد کە قازانج بەپێی ماڵەکەیان نەبێ، یا زیان بەپێی ماڵەکەیان نەبێ، ئەوە هاوبەشییەکەیان بەتاڵە. وەك گوتمان هاوبەشایەتی گرێدانێکی دروستە، هەرکام لە هاوبەشەکان مافی ئەوەیان هەیە هاوبەشییەکە هەڵوەشێنێتەوە، هەرکاتێ ئارەزوو بکا، چونکە

هاوبەشی عەقدی ئیرفاقە، کەواتە: وەك جێداری‌و وەکالەت دروستە، هەروا مافی ئەوەی هەیە کە هاوبەشەکەی لە کاربخاو عەزڵی بکا، هاوبەشی هەڵ دەوەشێتەوە بە مردن، یا بەشێتی یا بەبێ هۆشیی هەموویان، یا هەندێکیان. بزانن دەستی هاوبەش لە سەرسامانی هاوبەشەکەی دەستی ئەمانەت‌و دەستپاکییە.

٢٢١) هاوبەشی لە پشك‌و سەنەداتا:

ئەم جۆرە هاوبەشییە یا لە چەند پشکێکدایە، یا لەچەند سەنەدێکدایە،

جۆری یەکەم دروستە، چونکە قازانج‌و زیان لەم جۆرەدا بەپێی ئەندازەی ماڵەکانە، هەرکەسەیان، بەشی خۆی لە قازانج وەردەگرێ هەروا بەشە زیانی خۆشی قەبووڵ دەکا.

بەلام جۆری دووەم: کە برێتییە لە هاوبەشی لە سەنەداتا دروست نیە، چونکە بنچینەکەی لەسەر ئەوەیە: کە خاوەن کومپیالەکە هەر لەسەر کومپیالەکەی خۆیەتی‌و لە هەموو حاڵێکا مامەڵەکەی خۆی بە تەواوی دەوێتەوە، لە هەمان کاتدا قازانجی بڕیاردراوی خۆشی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەوێ، بەپێی کورتی‌و درێژیی مەودای دیاریکراو، ئیتر هەقی نیە بەسەر ئەوەوە کە ئەو کومپانییە قازانج دەکا یا زیان، دەی شتی وایش هەق سوودەو بەر ئەو یاسایە دەکەوێ کە دەڵێ: هەر قەرزێ قازانج بگەیەنێ بە خاوەن قەرزەکە ئەوە دادەنرێ بەسوو (ربا).

٢٢٢) باسی جێداریی، (واته وەکالەت):

بر: تەجرید/ ٣/ ل ٩٣ ز: ٤٥).

جێداریی لە زمانا بەوە دەگوترێ کە کاری خۆت بسپێری بە کەسێ تا ئاگاداریو چاودێری بکا، ئەم ئایەتە بەم واتەیە کە دەفەرموێ: {حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ – سورة آل عمران – ٣/١٧٣} واتە: بەس خودامان بەسەو خۆی پشتو پەناو ئاگاداری چاکە. لە عورفی شەرعیشدا ئەوەیە: کەسێ لە ماوەی ژیانیدا ئیشێ بداتە دەستی کەسێکی تر لە جیاتی ئەو بیکا لە ماوەی ژیانیدا، دەبێ ئیشەکە لەوانەبێ کە جێدار بتوانێ جێبەجێی بکا. سەر بەڵگەی جێداریی ئەم ئایەتەیە: {فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ – سورة الكهف – ١٨/١٩} واتە: یەکێ لە خۆتان بەم پارەی زیوینەتانەوە بنێرن بۆ ناوشار هەتا خۆراکتان بۆ بکرێ. تا کۆتایی ئایەتەکە، هەروا ئەو فەرموودەیەشە، کە عەمری کوڕی ئومەییەی ئەل‌صەخری دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کردی بە جێدار (وەکیل)ی خۆی هەتا قەبووڵی نیکاحی ئوممو حەبیبەی کچی ئەبو سوفیانی بۆ بکا، وە بەڵگەی تریش لەم بابەتە هەیە، یەکێ لەوانە یەکدەنگیو یەکگرتنو ئیجماعی موسوڵمانانە لەسەر دروستبوونی جێداریی.

مەرجەکانی:

مەرجی جێدارگر (موکل) ئەوەیە کە تەصەڕووفی خۆی دروست بێ لەو ئیشەدا کە جێداری بۆ دەگرێ، بەهۆی ئەوەوە کە بەخودی خۆی خاوەن ماڵ بێ، یاخود بەهۆی هەقداری (ویلایەت)ی شەرعییەوە بە

سەرماڵی منداڵی خۆیەوە وەك باوكو باپیر، كەواتە: دروست نیە منالّو شێتو نەفام بەبێ فەرمانی هەقداریان جیدار بگرن لە هیچ سەودایەكا، هەروا بۆ كەسێ لە ئیحرامدا بێ دروست نیە جێدار بگرێ، ژنی بۆ مارە بكا، یا كچی بۆبدا بەشوو لەكاتی ئیحرامەكەدا، مەرجی جێداریش ئەوەیە كە بتوانێ بە خودی خۆی ئەو ئیشە ئەنجامبدا كە تیایدا كراوە بە جێدار، كەواتە: دروست نیە منالّو شێتو نەفامو حیجر لەسەر دانراو بكرێن بە جێدار، یاسای كۆگر (ضابطه) لەم بارەیەوە ئاوایە: هەرچی مرۆڤ بۆ خۆی دروست بێ تەصەڕوفی تیادا بكا، دروستە بۆشی كەلەو كارەدا ببێ بە جێدار، یا بە جێدارگر. مەرجی ئیشە جێدار تیاگیراوەكەیش – كە پێی دەگوترێ مووەككەلوفیهی – چەند شتێكە:

یەكەم: ئەوەیە كە ئەو شتەی كە جێداری تیا دەگرێ لە ژێر تەصەڕوفی جێدار گرەكەدابێ،

دووەم: ئەوەیە ئەو ئیشە قابیل بێ بۆ ئەوە جینشینی تیادا بگیرێ. كەواتە: دروست نیە جێدارگرتن بۆ بەندە گییەك (عبادتێك) كە بە لەشبكرێ، واتە: پەرستش بە لەش، یا عیبادەتی بەدەنی، وەك نوێژو رۆژوو شتی تری وا، چونكە مەبەست لەم جۆرە پەرستشە ئەزموونو تاقیكردنەوەیە، شتی وایش دەبێ بەندەخۆی پێی هەڵسێ، بەكردنی كەسێكی تر نایەتەجێ، بەلاّم دروستە جێدار گرتن لە حەجدا بۆ كەسێ خۆی پەكی كەوتبێ، یا بۆ سەربڕینی ئاژەڵی قوربانیو حەوتم، هەروا دروستە وەكیلگرتن لە زەكاتدانو زەكات وەرگرتندا، هەروا لە گرتنی رۆژووی كەفارەتدا، چونكە ئەم چەند مەسەلەیە دەق هەیە لە سەیارن كە دروستە جێداریان بۆ بگیرێ.

سێیەم: ئەوەیە ئەو ئیشە لە هەندێ رووەوە زانراوبێ (واتە: مەعلوومبێ) چونکە جێداری لە شتی نەزانراودا دانامەزرێ.

بڕیاری جێداری: حوکمی وەکالەت:

جێدارییی کارێکی ئیختیاریو خۆسەرپشکییە لە هەردوو لاوە. کەواتە: هەموو کاتێ هەردوولا (واتە: جێدارو جێدارگر) بۆیان هەیە جێداری هەڵوەشێننەوە، چونکە هەر کەسەیان قازانجی خۆیان بە باشی دەزانن و خۆیان سەرپشکن لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیاندا کەواتە: ناچار ناکرێن کە بەپێچەوانەی حەزو مەبەستی رەوای خۆیانەوە کار بکەن، دەنا تووشی زیانێکی ئاشکرا دەبن، یاسای شەرعیش کە سەرچاوەی لە سوننەتی حەزرەت هەڵگرتووە دەفەرموێ: (نە زیان نە وەڵامی زیان بە زیان!).

گرێدانی جێداری (واتە: عەقدی وەکالەت) بە مردنی یەکێکیان تێك دەچێو هەڵ دەوەشێتەوە، چونکە گرێدانە دروستەکان، کە لەعورفی شەرعدا پێیان دەگوترێ (العقود الجائزە) هەموویان ئەمە حاڵیانە، جا هەر کاتێ لایێ لە دوو لای گرێدانەکە ئەهلییەتی تەصەڕوفو شیاویی گەردان پێکردنی نەما، خوای بەهۆی مردنەوەبێ، یا بەهۆی هەرشتێکی ترەوەبێ، ئیتر ئەو گرێدانە تێك دەچێ، کەواتە: جێدارییی (واتە: وەکالەت) هەڵ دەوەشێتەوە بەشێتبوونی یەکێ لە دوولایەنی گرێدانەکە، کە بریتین لە جێدارو لە جێدارگر، هەروا بەوەیش تێك دەچێ کە ماڵەکەی جێداریی تیا گیراوە لە موڵکی جێدارگر دەربچێو ببێ بەهینی لایەنێکی تر، وەك ئەوە بیفرۆشێ، یا بیکا بە وەقف.

جێدار ئەمینداره:

جێـدار دادەنـرێ بـە ئەمینـدار لـەو شـتەدا کـە تیـادا کـراوە بـە جێـدار. کەواتـە: هـەروەك چۆن ئەمینـدار نابـێ بـە دەسـتەبەری مـاڵی سـپاردە، جێـداریش نابـێ بـە دەسـتەبەری ماڵەکـە، ئەگـەر بـەبێ کەمتەرخەمی جێدار ماڵەکە فەوتا، چونکە جێدارگر ئـەوی کـردووە بە ئەمینـداری خـۆی، ئەمینـداریش دەسـتەبەر نیـە، لـە بابـەت فـەوتانی ماڵەکەیشەوە قسەی جێدار دەخوات، هەروا لە بابەت ئەوەیشەوە کە بڵێ: ماڵەکەم داوەتەوە بە خاوەنی!.

ئەمانـە نموونـەن بـۆ کەمتەرخـەمی: ماڵەکـە بفرۆشـێو بـەر لەوەرگرتنی بەهاکەی بیداتە دەست کڕیار، یا بـەبێ ڕێگەپێدان شـتەکە بەکار بهێنێ، یا لـە جێگـەی نائەمینـدا دایبنـێ، کـە حیرزی میسل نـەبێ واتە: جێگەی پاراستنی ئاسایی وێنەی خۆی نەبێ.

کڕینو فرۆشتنی جێدار:

کەسێ جێداری کەسێ بێ بۆ فرۆشـتنی مـاڵ، جێدارییەکەی بێ بەندو مـەرج بێ، دروسـت نیـە بۆی کـەماڵ بفرۆشـێ بـە غـەیری پارەی نەختینـەی ئـەو وڵاتـە، یـا بەقـەرز، یـا بـەزەرەری زۆر (واتـە: بـەغوبنی فاحیش) زەرەری زۆر ئەوەیە کە ئەو جۆرە زیانە لەبـەر ئـەوەی زیـانێکی قورسـی ناقۆڵایـە، بـە زۆری لـە توانـادا نیـە. بۆیـە دەڵـێین دەبـێ ئـاوا بیفرۆشێ، چونکە عورف ئـەوە دەگەیـەنێ، دەی هەرشـتێکیش کـە عـورف بەڵگە بێ، با بەگوتنیش نە گوترێ، دەلالەتی عورف لەسەری، لە جێگـەی

گوتنیەتی بەدەم! ئایا نابینی هەرکاتێ کڕیارو فرۆشیار گرێدانێکی بێ مەرج و بەندیان ئەنجامدا دەبڕدرێ بەسەر بەهای نەختو نەختی (نەقدی) ئەو وڵاتەدا.

(فرۆشتن بە بە جێدار خۆیو بڕیاردان (اقرار) لەسەر ئەو کەسەی کردوویەتی بە جێداری خۆی):

دروست نیە بۆ ئەو کەسەی کە کراوە بە جێدار بۆ فرۆشتنی ماڵێ، ئەو ماڵە بفرۆشێ بەخۆی، یا بەمندالّی نا بالّغی خۆی، لەبەر ئەم دوو هۆیە.

یەکەم: بەپێی عورفو باوی پەسەندی ناو کۆمەڵ، جێدار مافی ئەوەی نیە ئەو شتە بکڕێ بۆ خۆی.

دووەم: هەموو کەسێ بە سروشت حەزدەکا شت بە هەرزان بکڕێ بۆ خۆی، ئەمەیش بە پێچەوانەی مەبەستی جێدارگرە، چونکە ئەو دەیەوێ بەو پەڕی قازانجەوە ماڵەکەی بفرۆشێ، دەی ئەم دوو مەبەستو ئارەزووەیش دژی یەکترن، بەهیچ جۆرێ یەك ناگرن. ئیقرارکردنیش لەسەر جێدارگرەکەی لەبەر ئەوە دانامەزرێ، چونکە شتی وا ئیقرارە بە شتێ کەهی ئەو نیە، ماڵی خەڵکیش بە بڕیاردانی غەیری خاوەنەکەی نابێ بەهی کەس، لە ئیقراریشدا کڕینو فرۆشتن لەم بارەیەوە یەکسانن و بڕیاردانی جێدار لەسەر جێدارگر لە هیچیاندا بایەخی نیە.

٢٢٣) باسی پیلێنان (اقرار):

پێ لێنان لە زمانی عەرەبدا پێی دەگوترێ ئیقرار، ئیقراریش واتە: دیان پیادانانو چەسپاندنو بڕیار لە سەردان، لە شەرعی شەریفیشدا برێتییە لەوە کەسێ پێ لە مافی کەسێکی تر بنێو ددانی پیابنێ کە ئەو هەقە لە سەریەتی. سەربەڵگە لەم بابەتەدا نامەی خواو ڕێبازی ڕەهبەرو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلامە. زاتی پاكو پیرۆز دەفەرموێ: {كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ – سورة النساء – ٤/١٣٥} واتە: ئەی کۆمەڵی بڕواداران! زۆر بە باشی پابەندی ڕەفتارکردن بە عەدالەت بن، کە برێتییە لەوە بە موو لە حەق لانەدەن، هەموو کاتێ شایەتی حەق بدەن، ساخ لەبەر ڕەزای خودا، تەنانەت ئەگەر شایەتی لە خۆشتان بدەن دەبێ شایەتی حەق بدەن. دەی شایەتی لە خۆدان برێتییە لە پێلێنانو ددانان بەو هەقەی کەوا لەسەرت. لە ڕێبازی ڕەهبەریشدا دەفەرموێ: پیاوێ چوو بۆ خزمەتی حەزرەت پرسیاری هەبوو، بەشێ لە وەڵامەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەو مەسەلەیەدا ئەمەبوو: کوڕەکەت سەد داری حەددی لێ دەدرێو ساڵێکیش دوور دەخرێتەوەو ڕەهەندەکرێ. ئەی ئونەیس! تۆیش هەڵسە بڕۆ بۆلای ژنەکەی ئەم پیاوە کە دەڵێن لەگەڵ کوڕی ئەم پیاوەی تردا داوێن پیسیان کردووە، ئەگەر هاتوو چووە ژێریو دانینا بە ئیشەکەداو پێی لە تاوانی خۆی نا ئەوا بەردەبارانی بکە. (ئەم فەرموودەیە بە دوورو درێژی شەیخان گێڕاویانەتەوە) ئەمانە بەڵگەی نەقڵی بوون بۆ باسەکە، بەڵگەی عەقڵیش لەسەری هەیە کە ئەمەیە: لە

شوێنێ شایەتیدان لەسەر پێلێنان دروست بێ، دەبێ پێلێنان خۆی باشتر دروست بێ!.

بەشەکانی پێلێنان:

پێلێنان دوو چەشنی هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە ددان بنێ بەوەدا کە حەقێکی خوای لەسەرە، وەك بچێتە ژێر ئەوە کە شایستەی داری حەددە، لەبەر ئەوە کە داوێنپیسی کردووە، یا بادەی نۆشیوە، یا دزی کردووەو شایستەی تۆڵەی دزییە. لەم چەشنەیانا ئەگەر لە پێش تۆڵە لێوەرگرتندا پەشیمان بۆوە ئەوە پەشیمانبوونەوەکەی دروستەو تۆڵەو سزاکەی لە کۆڵ دەکەوێ، بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: هەتا بۆتان دەکرێ، ئەگەر بەکۆلکە مەهانەیەکیش بووە، یا بەبۆرە گۆمانێك بووە حەددی شەرعی، هەر حەددێ بێ، لە کۆڵ موسوڵمانان بکەنەوە. دەی پەشیمانبوونەوەی لە پێلێنان دادەنرێ بە شوبهەو گومانکردن لە راستیی پێلێنانەکەی، چونکە هەڵ دەگرێ پێلێنانەکەی درۆبێ‌و پەشیمانبوونەوەکەی راستبێ. بەپێی ئەم فەرموودەیەی تریش: ماعیز هاتە خزمەتی حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} عەرزیکرد: کە داوێنپیسیی کردووە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} وەڵامی نەدایەوە. فەرموودەکە درێژە، لە دواییدا پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ویستی کە بیانووی بۆ بدۆزێتەوەو واز لەو قسانە بهێنێ کە دەیانکا، لەبەر ئەوە پێی فەرموو: ئەوە شێت بووی؟ لە گێڕانەوەیەکا: رەنگە هەر ماچت کردبێ، یا نوقورچت لێگرتبێ یا تەماشایت کردبێ؟ دەی بە پێی ئەم فەرموودەیە ئەگەر پەشیمان بوونەوە لە قسەی خۆی لە پاش

پێلێنان سوودی نەبوایە، پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} بەبێ هوودە چۆن ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد، هەتا لەفظ بگۆڕێو لە تۆڵەکە خۆی رزگار بکا! وەڵێ بزانن پەشیمان بوونەوە لە پێلێنان لە دزێتی سوودەکەی ئەوەیە دەست بڕین لە کۆڵ دەخا کە مافی خوایە، بەلام گەڕانەوەی ماڵەکە بۆ خاوەنی لە کۆڵ ناخا، چونکە ئەویان مافی مرۆڤە، حەقی ئادەمییە.

چەشنی دووەمی پێلێنان: پێلێنانە لە مافی ئادەمیزادێ بەسەر پێلێنەرەوە، لەم جۆرەیانا لەپاش پێلێنان پەشیمان بوونەوە لێی بێهوودەیەو سوودی نیە، وەك پێلێنان لە بوختانکردنو شتی وا، جیاوازی نێوانی ئەم دوو مافە بەمەیە: مافی خوا لەسەر بناغەی چاو لێپۆشی دامەزراوە، بە پێچەوانەی مافی ئادەمییەوە، چونکە ئەم بناغەکەی لەسەر گیریو ڕژدییە، خەڵك سوورن لەسەر مافی خۆیان.

مەرجەکانی پێلێنان:

پێلێنان بەم چوار مەرجە دادەمەزرێ:

یەکەم: ڕەسیدەبوون، واتە: باڵقبوون.

دووەم: هۆش، بەم پێیە پێلێنانی منداڵو شێت دانامەزرێ، چونکە مافی تەصەڕوفیان نیە، کەسێکیش بووڕابێتەوە یا بەهۆی مەهانەیەکی ڕەواوە هۆشی نەمابێ لە ریزی شێت دادەنرێ.

سێیەم: دەبێ پێلێنان بە ئارەزووی پێلێنەر خۆی بێ، نەك بە زۆرە ملێ بێ، کەواتە پێلێنانی زۆرلێکراو دانامەزرێ، چونکە لە شوێنێ پێلێنان لە کفرو کفرکردن لە ژێر زەبری زۆرلێکردندا دانەمەزرێو

بایەخی نەبێ، بە مەرجێ لە دڵەوە باوەڕی دامەزراوبێ، ئیتر چۆن پێلێنان لەشتی تر، کە لە کفرکردن بێ گرنگی ترە، دادەمەزرێ.

چوارەم: فامیدەیی (روشد) ئەگەر پێلێنانەکە لەسەر ماڵ بوو، ئەوە پێلێنانی نەفام (سەفیە) لەماڵ دانامەزرێ، دەنا حیجر نانەسەر سوودی نامێنێ. ئەمە بەپێی رواڵەتی بڕیاری شەرع وایە، کە پێلێنانی حیجر لەسەر دانراو، بە ظاهیری شەرع، دانامەزرێ دەنا لەلای خوا بەرپرسیارە، ئەگەر لەراستیا پێلێنانەکەی تەواو بوو ئەوە لەسەریەتی کە حیجرەکەی لەسەر نەما ئەو مافە جێبەجێ بکا. وەکی تر ئەم جۆرە پێلێنانەی لێ وەردەگیرێ: پێلێنان لە شیاوی بۆ حەددی شەرعی، یا پێلێنان لە تەلاق‌و ژن خولعکردن‌و ظیهارکردن لەگەڵ ژندا، چونکە ئەم جۆرە شتە پەیوەندی بە سامانەوە نیە، هەروا بڕیاری پێلێنانی کەسێ حیجری لەسەربێ لە عیباداتدا وەك بڕیاری فامیدە (رەشید) وایە دادەمەزرێ.

پێلێنان لە شتی نامەعلووم:

پێلێنان لەشتی دیارینەکراو (مەجهوول) دادەمەزرێ، بۆ روونکردنەوەی ئەو شتە قسەی پێلێنەر وەردەگیرێ، وە بەهەرچی مانای لێبداتەوە، بە مەرجێ دابنرێ بەماڵ (هەر چەندە کەمیشبێ) لێی قەبووڵ دەکرێ، هەروا ئەگەر مەعنایشی لێبداتەوە بەشتێکی پیسی وا کە لە چەشنی ماڵ نەبێ، بەڵام راگرتنی دروستبێ، وەك سەگی پاس یا وەك تەپاڵەو پەین، چونکە ئەم جۆرە شتانەیش بردنیان بە بەلاش دروست نبە بەڵام قوبووڵ ناکرێ کە واتای لێ بداتەوە بەشتێکی پیسی وا

كه راگرتنی دروست نەبێ، وەك بەرازو سەگی بێ سوود، كه بەكەڵكی راوو پاسكردن نەیەت، گوتراویشه: ئەم روونكردنەوەی دواوەیشی لێ وەردەگیرێ، چونكه بەرازو سەگی بێ سوودیش بەشت حلێبن.

چەرتكردن له پێلێنان:

دروسته جیاكردنەوەو چەرتكردن لەو شتەی كه پێی لێناوە، هەروا چەرتكردن (واته: ئیستیسنا) لە غەیری پێلێنانیشدا دروسته، چونكه چەرتكردن لە قورئانو لە زماندا زۆر رووی داوە، جا ئەگەر چەرتكردنەكه بەوشەی پیرۆزی (ان شاء الله) بێ ئەوە بەوە نابێ بە پێلێنەر، وەك ئەوە بڵێ: خوا حەزكا سەد دیناری فیسارەكەسم لەسەرە چونكه ئەمە پێلێنانی تەواو نیه، سەرەڕای ئەوەیش ئەم جۆرە گوتەیە پێویستكردنی شته لە ئایندەدا، پێلێنانیش هەواڵدانە لە كارێكی رابووردوو، كەواته ئەم دوو شته بە پێچەوانەی یەكترەوەنو یەك ناگرن. هەموو كاتێ بناغەی كاریش لەسەر ئەوەیە كه ئەستۆ خاڵییه لە مافی ئەمو ئەو هەتا بەڵگه راست دەكرێتەوە. مەرجی چەرتكردنیش ئەوەیه كه بلكێ (واته متصل بێ) بە پێلێنانەكەوە، بەپێی عادەت، كەواته بەینكەوتن بەهۆی ئەم شتانەوە زیانی نیه: بە راوەستانی هەناسەدانو بەگرتنی زمان، كه كابرا زمان بگرێو قسەی بە ئاسانی بۆ نەكرێ، یا زمانی تەتەڵه بكا، یا بەباشی گۆنەكا، یا بەهۆی كۆكەو پژمەوە بەینی بكەوێ، پێلێنان لەكاتی ساخیو لەكاتی نەخۆشیدا چۆنیەكه لەكاتی تەندروستیدا دامەزرانەكەی دیارەو ئاشكرایەو بەڵگەی رۆشنی لەسەرە، لەكاتی نەخۆشیشدا دەڵێین: ئەگەر پێلێنانەكەی قازانجی بیانی تیادا بوو،

ئـەوە وەك کـاتی لـەش سـاغی دادەمـەزرێ، بـۆ بەرژەوەنـدی کەلـەپوور گربوو، ئەویش هەردادەمەزرێ، چونکە ئەگـەر لـەکاتی وادا درۆزنـیش واز لە درۆ دێنیْو قسەی راست دەکـا، بـەدکاریش تەوبـە دەکـاو دەگەڕێتـەوەو لایەنی حەق دەگرێ، ئیتر چۆن ئـەم کـابرای پێلێنـەرە لـەم کاتـە ناسـکەدا ناهەقی دەکا؟ هەیشە دەڵێ: پێلێنانی کاتی نەخۆشـی دانامـەزرێ، چـونکە رێی تێ دەچێ کە مەبەستی بێ بەشکردنی هەندێ لە کەلەپووربـەرەکان بێ!.

٢٢٤) باسی خواستەمەنی (عاریە):

لـە زمانـدا برێتییـە لـەوە کـە بەبـەلاش کەسـێ ببـێ بـە خـاوەنی قازانجێ، لە شەرعدا برێتییە لە گرێـدانێ کـە دەبـێ بـەهۆی ئـەوە کەسـێ سوود لە شتێکی حـەڵاڵ وەربگـرێ بـۆ ماوەیـێ، بـە مـەرجێ شـتەکە وەك خۆی بمێنێ، وە لەکاتی پێویستدا شتەکە بداتەوە بە خاوەنی!.

سەربەڵگەکەی ئەم ئایەتەیە: (**ويمنعون الماعون**) مەبەست لەم ئایەتە هەڕەشەکردنە لەو کەسانە کە ئەو جـۆرە شـتانە لـە دەرو دراوسـێ قەدەغە دەکەن، کـە بـووە بـە بـاو دەرو دراوسـێ ئـەو جـۆرە شـتانە لـەناو خۆیاندا لەیـەکتری دەخـوازن بـۆ ماوەیـێ. لـە رێبـازی رەهبەریـشدا هەیـە دەفەرموێ: لە رۆژی غەزای خەیبەردا پێغەمبەری خـوا (دروودی خوای لەسەربێ) زریەیەکی خواست لە صـەفوانی کوڕی ئومەییـە، کەچـی صـەفوان گـوتی: ئـەوە لـێم زەوت دەکـەی ئـەی موحەممـەد؟ فـەرمووی: نـەخێر مـن چـۆن شت زەوت دەکەم، بەڵکوو بـە خواسـتەمەنی وەری دەگـرم، دەستەبەریـشی

دەکەم کە وەك خۆی بیگێڕمەوە بۆت. (ئەبو داوودو نەسائیو حاکم گێڕاویانەتەوە). ئیبنو صەبباغ یەك دەنگیو یەکگرتنی لەسەر ئەوە: کە خواستەمەنی سوننەتە راگوێز (نەقڵ) کردووە.

مەرجەکانی دامەزرانی:

خواستن بەم مەرجانە دادەمەزرێ:

یەکەم: ئەوەیە کە ماڵ لێ خوازراو شایستەییو نەهلییەتی هەبێ بۆ شت بەخشینو پیاوەتیکردن، کەواتە دروست نیە منداڵو شێتو نەفامی حیجر لە سەردانراو ماڵ بدەن بە کەسێ بەخواستەمەنی.

دووەم: ئەوەیە کە قازانجی شتەخوازراوەکە هی ماڵ لێخوازراوەکەبێ، کەواتە: دروستە بەکرێگر بە کرێگیراوەکە بدا بەکەسێ بە خواستەمەنی، چونکە خۆی خاوەنی قازانجەکەیەتی، بەڵام ماڵ خواز ئەو مافەی بۆ نیە، چونکە ئەم خاوەنی قازانجی ماڵکە نیە، تەنیا بۆ ئەم رەواکراوە کە قازانج لەو ماڵە وەربگرێو بەس، لەحاڵی وایشدا هەقی ئەوەی نیە کە ئەویش قازانجی ماڵەکە بۆ کەسێکی تر رەوا بکا، بەپێی ئەم بەڵگەیە: میوان مافی ئەوەی نیە کە ئەو شتەی دانراوە بۆ ئەو رەوای بکا بۆ کەسێکی تر، هەتا هەقی ئەوەی نیە کە هەندێکی دەرخواردی پشیلەو شتی وا بدا.

سێیەم: ئەوەیە شتە خوازراوەکە بە سوودبێ، کەواتە شتی بێ سوود نادرێ بە خواستن، وەك بە عاریەدانی جاشێکی تۆڕ کە هێشتا نەخرابێتە ژێر بار، چونکە لەکاتی وادا مەبەست لە خواستن کە قازانج وەرگرتنە لە خوازراوەکە دەفەوتێ!.

چوارەم: ئەوەیە کە دەبێ ماڵە خوازراوەکە لەبەرچاوە واتە: عەینەکەی بمێنێتەوە لە پاش سوود لێ وەرگرتن، وەك چەرخو دەستارو جلو بەرگو ئامرازو کەرەستەو ئامێر، کەواتە: شتێ قازانجەکەی بەسرابێ بە فەوتانیەوە، وەك مۆم بۆ سووتانو نانو چێشتو بۆ خواردنو سابوون بۆ شت پێشۆردن، شتی وا خواستنی دروست نیەو دانامەزرێ، هەروا هەرشتێ لەم بابەتەبێ، چونکە خوازراو دەبێ عەینەکەی بمێنێو لەپاش قازانجی شەرعی لێ وەرگتن بدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

خواستەمەنی بەبێ مەرجو بەندو بە مەرجو بەندیش دروستە :

ماڵ لێ خوازراو بۆی هەیە کە خوازراوەکە رەوا ببینێ بۆ ماڵخواز بەبێ مەرجو بەند، وە کاتی بۆ دیاری نەکا، هەروا بۆی هەیە کە کاتی بۆ دیاری بکا، هەر وەك بۆی هەیە لە هەموو کاتێکا داوای خوازراوەکە بکاتەوەو وەری بگرێتەوە، چونکە خواستەمەنی گرێدانی دروستە، ئەم جۆرە گرێدانەیش وەك لە پێشەوە گوتمان بۆی هەیە هەرکاتێ ئارەزوو بکا کۆتایی پێبهێنێ. لە راستیدا ئەگەر رێگەی خاوەنەکەی نەدەین کە هەرکاتێ ویستی ماڵەکەی وەربگرێتەوە کار سەردەکێشێ بۆ ئەوە کە مەردووم خۆ لەم جۆرە پیاوەتییو یارمەتییە جوانە بەدزنەوە، لەم کاتانەیشدا خواستن بەتاڵ دەبێتەوە: بە مردنی لێخوازراو، یا بە شێتبوونی، یا بە حیجر لە سەردانانی، هەروا بە مردنی خوازەر (مستعیر: ماڵخواز) میراتبەرەکانی ماڵخواز مافی ئەوەیان نیە خواستەمەنییەکە بەکار بهێنن، دەنا کرێی عادەتی یان دەکەوێتە سەر لەگەڵ مەسرەفی بردنەوەیدا، زیاد لەوە کوناهباریش دەبن.

دەستەبەریی خواستەمەنی:

خـودی ماڵەخوازراوەکـە، ئەگـەر بـەهۆی کـارپێکردنێکی واوە کـە ڕێگـەی پـێ نـەدرابوو فـەوتا، ئـەوە مـاڵخواز دەبـێ بـە دەسـتەبەرو دەبـێ بیبـژێرێ، بـەپێی فەرموودەکـەی صـەفوان کـە لـە سـەرەتای باسـەکەوە رابورد، لەبەر ئەوەیش چونکە ماڵەو ماڵیش دەبێ بدرێتەوە بـە خـاوەنی، جا لەکاتی فەوتانەکەیدا بەهاکەی چەندبێ بەپێی نرخـی رۆژی فـەوتانی دەبێ ئەوەندە بدرێ بە خاوەنەکەی بەڵام ئەگەر بەهۆی کـارپێکرنی رێـی پـێ دراوەوە فـەوتا، ئـەوە نابـێ بـە جەسـتەبەر، وەك ئـەوە جلو بـەرگ بەهۆی لەبەرکردنەوە بدڕێو بپروێ، یا وەك ئـەوە وڵاخ بـەهۆی سـواریی پێکردنەوە عەیبداربێ.

٢٢٥) زەوتکردن (**غەصب**):

زەوتکردن تاوانێکی گەلی گەورەیە، لـە گوناهـە هـەرە گەورەکانـەو دەبـێ بـەهۆی رقو تووڕەبـوونی خـوا. سـەربەڵگەی حـەرامکردنی ئـەم فەرمایـشتەی یـەزدانی پاکـە: {وَلاَ تَـأْكُلُواْ أَمْـوَالَكُم بَيْـنَكُم بِالْبَاطِـلِ – سـورة البقـرة – ٢/١٨٨} واتـە: لـەناو خۆتانـدا مـاڵی یـەکتری بەناهەق مەخۆن. هەروا ئەم ئایەتەیە کە دەفـەرموێ: {وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ، الَّـذِينَ إِذَا اكْتَـالُواْ عَلَـى النَّـاسِ يَـسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَـالُوهُمْ أَو وَّزَنُـوهُمْ يُخْـسِرُونَ – سـورة المطففـين – ٨٣/ ١-٣}. سـەر بەڵگـەی حەراکردنیشی لە ڕێبازی رەهبەردا ئەم فەرموودەیەتی (دروودی خوای لەسەربێ): سەرو ماڵو ناموستان بەبی حەقێکی شەرعی بە یەکتری حەرامـە، وەك

چۆن ڕێزشکاندنی ئەم ڕۆژە پیرۆزەتان، کە ڕۆژی عەرەفەیە، لەم مانگە پیرۆزەتانا، کە مانگی قوربانە، بە تایبەتی لەم شارە پیرۆزەیشتانا، کەشاری مەککەیە زۆر زۆر حەرامە ئاوا خوێن‌و ماڵ‌و نامووسیشتان، بەبێ حەقێکی شەرعی بەیەکتری حەرامە (شەیخان)

زەوتکردن لە شەرعدا برێتییە لەوە کەسێ بە زەبری زۆر، بە ناهەق مافی کەسێکی تر داگیر بکا، لەسەر شێوەی دەسدرێژی، وەك ئەوە کە نەهێڵێ کەسێ لە شوێنێکا دابنیشێ کە مافی خۆی بێ لەو شوێنەدا دابنیشێ، وەك دانیشتنی قەراخ ڕێگەو ناو مزگەوت، یا وەك ئەوە دەست بگرێ بەسەر زەوی‌و زاریدا، یا بەسەر سامانیدا بە ناهەق. ئەوەندە هەیە ئەگەر ماڵی موسوڵمانێ لەلای کافرێکی جەنگی بوو، یا لەلای موسوڵمانێکی زەوت کەربوو، ئەم بەزەبر لێی سەندەوەو دایەوە بە خاوەنی ئەوە بە زەوتکردن دانانرێ. زەوتکردن لە زماندا برێتییە لە بردنی شتێ، بە ئاشکرا بە زەبری زۆر، چونکە ئەگەر بەنهێنی بیبا ئەوە دزییە، بە مەرجێ لە جێگەی ئاسایی وێنەی خۆیدا دانرابێ، ئەگەر لەسەر شێوەی ڕقەبەری‌و وجوود نەزانین بردی ئەوە شەڕ پێفرۆشتنە، ئەگەر لەسەر شێوەی دەست بەسەرداگرتن‌و داگیرکردن بردی ئەوە لێفڕاندن (اختلاس)ە. ئەگەر بە دەست پیسی بردی ئەوە گەندەکاری‌و ناپاکییە لە سپاردەو ئەمانەت. داگیرکردنی هەرشتێ بەپێی ئەو شتە خۆیەتی. دەی ئەگەر کەسێ بەبێ ڕێگەپێدانی خاوەنی، لەسەر بەڕەی کەسێ دابنیشێ ئەوە زەوتکەرە، یا کەسێ بڕواتە ناو ماڵێ‌و خاوەنەکەی لێ دەربکا ئەوە زەوتکەرە، هەتا ئەگەر بچێتە ناو خانوویەکی چۆڵیش بە

نیازی داگیرکردنی هەر زەوتکەرە، یا کەسێ سواری وڵاخی کەسێ بێ، یا نەهێڵێ خۆی سوودی لێ وەربگرێ هەرزەوتکەرە.

هەرکاتێکیش زەوتکردن چەسپاوو ئیسپات بوو دەبێ دەسبەجێ رەتی بکاتەوە بۆ خاوەنی، ئەگەرچی بە چەند قاتی نرخی زەوتکراوەکە زیانی لێ کەوتووە بەهۆی پێبژاردنەوە، وە مەسرەفی دانەوەیش لەسەر زەوتکەرە، با زۆر زۆریشی تێبچێ، هەروەها پێویستە تۆڵەی ناتەواوی و عەیبداریی زەوتکراو بدا، واتە: ئەرش و زەدەبژێری لەسەر زەوتکەرە. زەدەبژێری (کە بەعەرەبی پێی دەڵێن: ئەرش) برێتییە لە بەهای فەرقی نێوانی ئەو شتە بە ساغی و ئەو شتە بە نەنگداری تۆڵەی ناتەواویشی پێ دەگوترێ.

جا خوای ئەو ناتەواوییە لە سیفەتدا بێ، وەك ئەوە ئاژەڵەکە لە کاتی زەوتکردنا قەڵەوبووەو ئێستا لە ڕبووە، یا لەزات و خودی زەوتکراوەکەدابێ، وەك ئەوە لەکاتی زەوتکردندا ساغ بێ و لەوەدوا شکابێ.

٢٢٦) باسی هەڵگرتنەوە (شوفعە):

بر: تەجرید/٣ل – ٧٢ – ز: ٤١.

شوفعە لە زمانی عەرەبدا بە مانا خۆ بەهێزکردن و کۆمەکی کردنە، چونکە بەو وەرگرتنە خۆ بەهێز دەکا، لە کوردیدا پێی دەگوترێ بەش هەڵگرتنەوە، لە شەرعی شەریفدا برێتییە لەوە – بەشە موڵکی هاوبەشێکی کۆن کە بەرابەر بەشتێ دایبێتی بە کەسێکی تازە بە زۆر

نەهێڵرێ کە ببێ بەهی ئەم کەسە تازەیەو بکری بە مولکی هاوبەشی خاوەنە پێشووەکەی، لەبەر نەهێشتنی روودانی ئەو زیانەی کە لەم هاوبەشییە تازەیەوە پەیدا دەبێ، بەو مەرجە کە ئەو ملکە قابیلی دابەشکردن بێ، بەلام قابیلی گواستنەوە نەبێ. سەر بەلگەی چەسپبوون و سوبووتی بەشهەلگرتنەوە ئەم فەرموودەی شەیخەینە: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} شوفعە (بەشی هاوبەش هەلگرتنەوە)ی داناوە، لە هەموو شتێکا کە هاوبەش بێ و هێشتا دابەش نەکرابێ، بەلام ئەگەر شتەکە جیاکرایەوەو سنوور دانراو توخوب نیشانەکراو رێگەو بان دیاری کرا ئیتر هەقی شوفعەی بە سەرەوە نامێنێ) لە گێرانەوەیەکا دەفەرموێ: (لە زەوی و زاردا، یا لە جێگەو شوێندا، یا لە باخدا).

مەرجی دامەزراندی – بەش هەلگرتنەوە – شوفعە :

یەکەم: دەبێ مولکەکە هاوبەشی تەواو بێ، لەسەر شێوەی تێکڕایی، واتە: تێکڕای مولکەکە هی تێکڕای هاوبەشەکان بێ. بەم وەزعە لە عەرەبیدا دەگوترێ: (علی وجه الشیوع) کە واتە: شوفعە بۆ دراوسێ نیە، گەرچی لەوەپێش هاوبەشیش بوو بێ لەو مولکەدا، بەپێی فەرموودەکەی پێشەوەی بوخاری کە ئەوەی تیادابوو: ئەگەر جیاکرایەوەو سنوور دیاریکرا.. ئیتر هەقی شوفعەی بە سەرەوە نامێنێ.

دووەم: دەبێ مولکێ بێ قوبوولی دابەشکردن بکا، وەك پارچە زەوییەك، یا خانوویەك، بەلام شتێ کە قابیلی دابەشکردن نەبێ، وەك شمشێرو شتی وا، شوفعە هەلّ ناگرێ.

سێیەم: ملکێکی وا نەبێ ئەگەر دابەش کرا قازانجەکەی هەڵوەشێتەوە، وەك دووکانێکی بچکۆلە، یا گەرماوێ کە بەش نەکا کە بکرێ بەدوو گەرماو.

چوارەم: دەبێ مولکێکی وابێ کە نەگوێزرێتەوە، وەك زەویو خانوو، شوفعە نیە لەشتی گوێزراوەدا، چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: شوفعە بەس لە جێگەو شوێنو باخدا هەیە. دارو درەختو دیواریش پاشکۆی زەویو جێگەو شوێنن. چونکە فەرموودەکە وشەی جێگەو شوێنو وشەی باخی تیادایە، بە وشەی جێگەو شوێن خانوو شتی وا بەدەرگەوێ، بە وشەی باخیش دارو درەخت بەر دەکەوێ، هەرشتێکیش لەکاتی فرۆشتندا بەبێ ناو هێنان بەر فرۆشتنەکە بکەوێ هەروا، وەك دەرگاو رەفەو پەنجەرەو شتی تری لەم بابەتە. بەڵام ئەگەر دارو پەردوو و درەخت بە تەنها خۆیان فرۆشران ئەوە شوفعەیان تیادا نیە، چونکە لەم کاتەدا گوێزراوەن.

پێنجەم: دەبێ مولکەکە هێشتا بەش نەکرابێو سنووری بۆ دیاری نەکرابێ، دەنا بەپێی فەرموودەکەی پێشوو مافی هەڵگرتنەوەی تیادا نامێنێ.

جا هەر کاتێ مافی بەشهەڵگرتنەوە بۆ کەسێ دامەزرا ئەوە هاوبەشی شوفعە وەرگرەو دەتوانێ فرۆشراوەکە بەو بەهایەی کە پێی فرۆشراوە هەڵبگرێتەوە، جا خوا ئەو بەهایە قەرزبێ، یا نەخت بێ. داواکردنی مافی هەڵگرتنەوە (واتە: حەقی شوفعە) دەبێ دەسبەجێ بێ، بەپێی ئەم فەرموودەیەی خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ}: (**الشفعة كحل**

العقال). (**رواه ابن ماجه بسند ضعيف**). واته: وەك چۆن وشتری تەرا ئەشکیلەکەی بکرێتەوە، ئەگەر گورج جڵەوی نەگیرێ دەڕواو لە دەست دەردەچێ شوفعەیش ئاوایە. بەبێ سەنەدو رشتەیش لە کتێبەکانی فیقهدا حەدیسێ هەیە دەڵێ: شوفعە حەقێکی ڕەوای ئەو کسەیە کە بەزوویی پەلاماری بداو بیقۆزێتەوە. ئەم فەرموودەیە دەقەکەی ئاوایە: (**الشفعة لمن واثبها**) لەبەر ئەم بەڵگەیەیش: شوفعە مافێکە بۆ نەهێشتنی ئەگەری زیان پەیدا بووە، کەواتە دەبێ دەسبەجێ بێ، ڕێك وەك گەڕانەوەی فرۆشراو بۆ سەر خاوەنی بەهۆی دەرکەوتنی نەنگیەوە. گوتراویشە: ئەگەر پەلەیشی لێ نەکا مافی نافەوتێ. حەدیسی یەکەمیش ئەم قسانەی لەبارەوە کراوە: ئیبنو حیببان دەفەرموێ: بێ سەرچاوەیە، ئەبو زورعە دەفەرموێ: مونکەرە، بەیهەقی دەفەرموێ: سابت نەبووە کە حەدیسە یانا. ئەگەر هەر بەشێك لەماڵی هاوبەش درا لە مارەیی ژندا، ئەو پشکە بە شوفعە وەردەگیرێتەوە، لە باتی ئەوە (مەهرولمیثل) دەدرێ بە ژنەمارەبڕاوەکە لەسەر ئەوپشکە، ئەگەر کۆمەڵێك هاو بەش بوون لە ماڵێکا، هاوبەشێکیان بەشی خۆی فرۆشت، ئەوە هاوبەشەکانی تر هەر کەسەیان بۆی هەیە کە بەپێی ئەندازەی بەشی خۆی لە پشکە فرۆشراوەکە شوفعە وەربگرێ.

٢٢٧) باسی قازانج بە هاوبەشی (قراض):

قازانج بەهاوبەشی، یا قازانج بە شەراکەت لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (قراض) یا (مضاربة) ئەم دوو زاراوە لەم شوێنەدا بە یەك

واتان. (قراض) له (قەرض)دا ڕێژراوە، کە بەمانا لێکرتاندنو لێبڕینە، چونکە خاوەن ماڵ پارچەیێ لە ماڵەکەی دادەبڕێو جیای دەکاتەوەو بازرگانیو مامەڵەی پێوە دەکا، لە هەمان کاتدا پارچەیەکیش لە قازانجەکەی دادەبڕێ.

له شەرعیشدا: عەقدێکە لەسەر نەقد، ئیشکەرەکە بەو پارەیەوە سەوداو مامەڵەو بازرگانی دەکاو، قازانج بەپێی مەرج ناوکۆیی دەبێ لە نێوانی ئێشکەرو خاوەن ماڵەکەدا. سەر بەڵگەی ئەم باسی قازانج بەهاوبەشییە ئەم فەرموودەیەیە: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} ماڵی لە خەدیجە وەرگرتو بە قازانج بەشەراکەت ئیشی پێوە کردو بردی بۆ شام بۆ بازرگانی. هاوڕێیانی پێغەمبەر {دروودی خوا لەسەر پێغەمبەرو ڕەزای خوا لە یارانی} لەسەر ڕەوایی قازانج بە هاوبەشی یەکیان گرتووە.

مەرجەکانی:

چەند مەرجێ هەیە بۆ دامەزرانی قازانج بە هاوبەشی:

یەکەم: دەبێ ماڵەکە پارەی سکە لێدراوبێ، کەواتە قازانج بە هاوبەشی دروست نیە لەسەر شووشی زێڕو زیو، یا بەخشڵی ژنان، یا لەسەر سامانی بازرگانی.

دووەم: دەبێ ئیشکەرەکە (واتە: عامیلەکە) ڕێگەی دەستی لە ئیشکردندا نەگیرێو بەری تەصەڕوفی بەرەڵلابێ، سەوداو مامەڵە بە ئازادی بکا، چونکە ئەگەر ڕێگەی ئەوەی لێ بگیرێ مەبەستی سەرەکی لە

هاوبەشـییەکە دەفـەوتێ. چـونکە ئیـشکەر ئەگـەر هـەموو جـارێ پـرس‌وڕا بەخاوەن ماڵ بکا ئەوە دەستی دەبەستیو سەودا بەو شێوەیە قازانج ناکا.

سێیەم: دەبێ قازانجەکـە هاوبەشـبێ لـە نێـوانی ئیـشکەرو خـاوەن ماڵدا، ئەمیان لەباتی ئیشەکەیو ئـەویان بـەهۆی سـەرمایەکەیەوە قـازانج وەردەگرن.

چوارەم: دەبێ پشکە قازانـج دیاری بکـرێ، وەك نیـوەو چـواریەكو سێیەكو شەشیەك. کەواتـە: ئەگـەر وتـی: بەشـێ یـا پـشکێ بـۆ تـۆ ئـەوە دانەمەزراوە چونکە وەجەڵەکە نەزانراوە، بـەڵام ئەگـەر وتـی: قـازانج نـاو کۆییمان بێ ئەوە دادەمەزرێو قازانجەکـە بـەنیوەیی دەبـێ. بـەڵام ئەگـەر ئیشکەرەکە مەرجی گـرت ئەگـەر ئەندازەیـەکی دیـاریکراو بـۆ خـۆی وەك سەد، یا ژمارەیەکی تر، مەرجی گرت قازانجی جۆرێکی تایبـەت بـۆ خـۆی بـێ ئـەوە سـەوداکە بـەتاڵ دەبـێ، چـونکە لەوانەیـە کـە قازانجەکـە هـەر سەدبێو بەس، یا هەر ئەو جۆرەی ئەو دەڵێ قـازانج بکـاو بـەس، یـا ئـەو جۆرە قازانج نەکاو جۆرەکانی تر قازانـج بکا، کە بەشـی ئـەوی پێـوە نیـە، لەم کاتەیشدا ئیشکەرەکە ڕەنجەڕۆ دەبێ، ئەوەیش پێـچەوانەی مەبەسـتی ئەم سەودایەیە.

پێنجەم: نابێ مـاوە (مـدە) دیـاری بکـرێ بـۆ گرێـدانی قـازانج بـە هاوبەشی، چونکە قازانـج کاتی دیاریکراوی بۆ نیە، ڕێی تێ دەچـێ ئەگـەر ماوەیێ دیاری بکرێ لەو ماوەدا ئیشکەر هیچ قازانجێ نـەکا، وەکـی تـریش ئەمیش یەکێکە لە گرێدانـە دروستەکان، کە کارێکی ئاساییە هەموو کاتـێ

هـەردوو گرێـدەرەکان مـافی ئـەوەیان بـۆ هەیـە کـە سـەوداکە هـەڵ وەشێننەوە.

شەشەم: نابێ قازانج ببەسترێ بە ماوەیەکی دیاریکراوەوە وەك ئەوە بلێ: قازانجی ئەم ساڵ ناوکۆییمان بێو قازانجی ساڵی ئایینده بۆ من بێ بەتەنیا، چونکە بەم شێوە قازانج بە عەدالەت دابەش ناکرێ.

بزانن کە دروست نیە کە ئیشکەر لە دەسمایە کە خەرج بکا، چونکە ئەو پشکی دیاریکراوی خۆی بۆ دادەنرێ، ئیتر لەوە زیاتر هیچی تری ناکەوێ، ئیشکەر بەبێ رێگە پێدانی خاوەن ماڵ بۆی نیە لەگەڵ خۆی ماڵەکە ببا بۆ سەفەر.

٢٢٨) دەتەبەریی لەسەر ئیشکەر نیە:

ئیشکەری قازانج بە هاوبەشی ئەمیندارە، چونکە دەسمایەکەی بە رەزامەندیی خاوەنەکەی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە ئەمیش دەق لە هەموو ئەمینداریکی تر دەچێ، کەواتە: مەگەر بەهۆی کەمتەرخەمییەوە بە سووچبار دابنرێ، دەنا دانانرێ بە دەستەبەر.

جا ئەگەر خاوەن ماڵەکە تۆمەتی ناپاکیو گزیکاری لە ئیشکەرکا، ئەوە قسەی ئەو ناخوات، بەڵکوو قسەی ئیشکەر دەخوات، چونکە بنەڕەت نەبوونی گزیکارییە، هەروا لە ئەندازەی سەرمایەکەدا باوەڕ بە قسەی ئیشکەر دەکرێ، چونکە بنەڕەت نەبوونی ئەو زیادەیە کە خاوەن ماڵ داوای دەکا، هەروا بۆ ئەندازەی قازانجیش باوەڕی پێدەکرێ، هەروا بۆ ئەوەیش کە بلێ: ئەو شتەم بۆ قازانج بە هاوبەشی کڕیوە، چونکە خۆی

باشتر ئاگای لە نیازی خۆیەتی، هەروا لە وەیشا باوەڕی پێدەکرێ کە بڵێ: ئەو شتە فەوتاوە، لەوەیشدا کە بڵێ: سەرمایەکەم گەڕاندۆتەوە بۆ خاوەنی، چونکە ئەمیندارەو رێك لە مرۆی پێسپێردراو دەچێ، ئەگەر ئیشکەرو خاوەن ماڵ لەسەر توخمو چەشنو جۆری ماڵەکە قسەیان جیا بوو باوەڕ بە قسەی ئیشکەر دەکرێ، ئەگەر لە ئەندازەی بەشی بڕیار دراوی نێوانیان قسەیان لەیەك جوێ بوو سوێند دەدرێن، جا لەم کاتەدا (لەپاش سوێندخواردن یەکسەر) قازانج بەهاوبەشییەکە هەڵ دەوەشێتەوەو لەسەر ئەم شێوەیە کار دەکرێ: ئیشکەر کرێی وێنەی خۆی بۆ ئەو ماوەیە کەم بێ یا زۆر وەردەگرێ، هەموو قازانجەکەیش دەدرێ بە خاوەن سەرمایەکە. ئەمە بەراشکاری فەرمایشتی نەوەوی‌و رەویانییە، فەرموودەی مینهاجیش هەر ئەمە دەخوازێ.

٢٢٩) زیان لە قازانج پڕدەکرێتەوە:

یاسایەکی رەساو دامەزراوە لە مامەڵەی قازانج بە هاوبەشیدا بە دەق دەڵێ: (قازانج قەڵغانە بۆ سەرمایە). جا لەسەر ئەم بنیاتە ئەگەر خاوەن ماڵ دوو سەد لیرەی دایە دەست ئیشکەرو پێی گوت: ئیشیان پێوە بکە، وە لەپێش ئەوەدا دەست بکا بە ئیش سەدیان فەوتا، ئەوە ئەو سەدە فەوتاوە لە سەرمایەکە دادەشکێنرێ‌و دەمێنێتەوە سەد لیرەی، چونکە هێشتا پارەکە نەکەوتۆتە ئیش!.

بەلام هەیشە دەڵێ: شتی وا نابێ، بەلکوو ئەو سەدە فەوتاوە دادەنرێ بە زیان، سەرمایەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی دادەنرێ بە دوو

سەد، ئەو سەدە لە قازانج پڕ دەکرێتەوە، چونکە بە وەرگرتنی ئەو دوو سەدە لە لایەنی ئیشکەرەوە سەرمایەکە دادەنرێ بە دوو سەد، لەبەر ئەوە پێش تەصەروفو پاش تەصەڕوف لە فەوتانا جیاوازی نیە. بەلام لەسەر هەردوو فەرمایشتەکان ئەگەر سەدەکە لەپاش تەصەڕوف فەوتا ئەوە دادەنرێ بە زیانو لە قازانج پڕ دەکرێتەوە، هەموو کاتێکیش هەتا هەموو زیانێ لە قازانج پڕ نەکرێتەوە ئیشکەر قازانجی بەرناکەوێ.

گرێدانی قازانج بە هاوبەشی لە گرێ بەندە دروستەکانە، کە پێیان دەگوترێ (عقود جائزة):

لەهەر دووسەرەوە، چونکە لەسەرەتاوە جێداریو وەکالەتە، کە قازانجیش پەیدابوو دەبێ بە هاوبەشی، ئەم دوو مامەڵەیەیش بەپێی شەرع لە گرێبەنە دروستەکانن، هەردوو لایش (واتە: هەم خاوەن ماڵو هەم ئیشکەر) مافی هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، جا هەر کاتێ کە لایەکیان مامەڵەکەی تێك دا، ئیتر قازانج بە هاوبەشی نامێنێ، هەروەها ئەگەر لایەکیان بمرێ یا شێت ببێ سەوداکە تێك دەچێ. جا لەم کاتانەدا ئەگەر سەرمایەکە بوو بوو بە قەرز، پێویستە لەسەر ئیشکەر وەری بگرێتەوە، خواە قازانج دەرکەوتبێ یانا، چونکە قەرز ملکی ناتەواوە، کە لە خاوەن ماڵەکەیش وەرگیراوە ملکی تەواو بووە، دەی کەواتە لەسەریەتی کە وەك خۆی بیداتەوە دەست خاوەنی. بەلام ئەگەر قەرز نەبوو، تێدەفکرین ئەگەر لە جۆری سەرمایەکە خۆی بوو، وە قازانجیش لە ئارادا نەبوو، ئەوە خاوەن ماڵ وەری دەگرێتەوە، ئەگەر قازانجیش هەبوو بەپێی مەرجەکە دابەشی دەکەن. خۆ ئەگەر زیان هەبوو ئەوە هەمووی

دەکەوێتە سەر خاوەن سەرمایەکە، ئیشکەر هیچ زیانی بەر ناکەوێ، ئەوەندە هەیە ئەویش ئەوماوەیە کاری بە خۆڕیی کردووە.

٢٣٠) باسی باخەوانی (موساقات):

بر: تەجرید/ ٣ ل – ١٢٣ ز: ٤٧.

باخەوانی لە شەرعا ئەوەیە کەسێ مامەڵەیێ لەگەڵ کەسێکی تردا بکا، لەسەر خزمەتکردنو بەخێوکردنی باخی دارو دەرخت، بە ئاودانو کێڵانو باسکردنو شتی تری وا، بەرامبەر بە بەشێکی دیاری لە بەرو مێوەی ئەو باخە. سەر بەڵگەی دروستبوونی ئەم بابەتی باخەوانییە، ئەم فەرموودەی موسلیمە، کە لەئیبنو عومەرەوەیە: دەڵێ: پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} کاتێ خەیبەری گرتدایەوە بە خەڵکی خەیبەر کە بەنیوەیی بەرهەمی بێنن، چ بەرو بووم چ شینایی بە نیوەیی.

راجیایی نیە لەوەدا کە باخەوانی لە باخەخورمادا دروستە چونکە سەرچاوگەی دەقەکە لەبارەی ئەوە وەیە، ئیمامی شافیعی {رەزای خودای لەگەورەی لێبێ} رەزە مێوی قیاس کردووە لەسەر باخە خورما، بە جامعی زەکات لە نێوانیاندا، هەردوولاشیان خەمڵ دەکرێن.

هەندێ دەڵێن: شافیعی رەزەمێویشی لە دەق (واتە: لە نەص) وەرگرتووە، کە ئەم دەقەیە: پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} کاتێ خەیبەری گرت دایەوە بە خەڵکی خەیبەر، بەرابەر بەوە کە بە نیوەیی بەرهەمی بهێنن، چی بەری باخە خورماکانی، وەچی بەری رەزەمێوەکانی.

بـەلأم درختـی تـر وەك هـەنجیرو قەیـسیو داری بـەری تـر، رای زاناكان له بارەیانەوە جیاجیایه، زانا هەیه دەڵێ: باخەوانی له باخی ئـەم جۆرە درەختانەدا دروست نیه، چونكه زەكاتیان لێ ناكەوێ. هەیشه دەڵێ: لـەم جـۆرە باخانەیـشدا باخـەوانی دروسـتە چـونكە پێغەمبـەر {درووده خوای لەسەربێ} خەیبەری دایـەوە بـە خـەڵكی خەیبـەر كـە بـە نـیوەیی بەرهـەمی بهێنن، خواه لە باخە خورماكانی، خواه بـاخی داری تربـێ. ئەمـەیش كـە بـاخی دارو درەخـت، هـەر جـۆرێ بـێ دەدرێ بـە باخـەوانی دروسـترین فەرمایشتەو پەسەندی ئیمامی نەوەویشه.

مەرجەكانی باخەوانی:

یەكەم: دەبێ كاتی باخەوانی دیاری بێ، ماوەكـەی زانـراو بـێ، لـە كەیـەوە بـۆ كەیـە، چـونكە باخـەوانی گرێـدانێكی (لازم)ە لـە عوقـودە لازیمەكانـــە. واتـــە: خزمـــەتی باخەكـــە پێویـــستو ئـــەركی سەرشـــانی باخەوانەكەیـە، بەرابـەر بـەوە پـشكی دیاریكراوی بـەروبوومیش پێوسـت دەبێ بۆ ئەو.

وەكی تریش پێگەیشتنی مێوەو بەریش ماوەیەكی دیاری تایبەتی هەیه، بە ئاسانی دەزانرێو سەرەتاو بنەتای بۆ دادەنرێ.

دووەم: دەبێ هەر خزمەتو ئیشێ كه پەیوەندی بە بەخێوكردنو بەرهـەمهێنانی باخەكـەوە بـێ لەسـەر باخەوانەكـەبێ، وە خـۆی بەتـەنها بیكا، چونكه ئەمـە بابـەتی ئـەم باسـەیە، بۆیـە ئەگـەر باخـەوان مـەرجی گرت كه خاوەن باخەكە دەبێ لەگەڵیدا ئیش بكا گرێدانەكە دانامـەزرێ،

چونکه یاسای دامەزراو لەم بابەتەدا دەڵێ: ئەوەی ئەرکی سەرشانی باخەوانە ئەگەر بە مەرج گیرا کە ئەوە لەسەر خاوەن ماڵ بێ، گرێدانەکە پووچ دەبێ.

سێیەم: دەبێ پشکێکی دیاریکراو لە میوەو بەرو بوومی باخەکە بدرێ بەباخەوان، وەك نیوەو سێیەكو چواریەكو.. تاد، چونکە دەقی چەند نموونەیێ لەم بابەتە لە سوننەتدا هەیە، جا ئەگەر باخەوان مەرجی کرد کە بەری چەند دار خورمایەکی تایبەت بۆ ئەو بێ ئەوە دانامەزرێ، چونکە رێی تێدەچێ کە ئەو درەختانە بەنەگرنو باخەوان رەنجەڕۆ بێ، یا درەختەکانی تری باخەکە بەرنەگرنو لەم بارەدا خاوەن باخ نائومێدبێ. شتی وایش دادەنرێ بە زیانی زۆر، گرێدانی باخەوانیش خۆی لە خۆیدا زەرەرێکی زۆری ترە، کە رێگەی پێدراوە لەبەر پێداویستییە، بەڵام دووزیانی زۆر (واتە: دوو غەرەر) لەیەك مامەڵەدا دەبن بەهۆی قەدەغەبوونی!.

ئەگەر گوتی: خودا چی دا بە ناوکۆییمان، ئەوە دادەمەزرێ، وە دەبڕدرێ بەسەر نیوەییدا.

چوارەم: چاوپێکەوتنی باخەکەو دارەکانی مەرجە بۆ دامەزراندنی باخەوانی، باخەوانی لەسەر شتی نەزانراو دانامەزرێ.

کارونیشی باخەوانی: ئیش لە باخەوانیدا لەسەر دوو جۆرە:

یەکەم: هەرکارێ کە بۆ چاکبوونو زیادبوونی میوە پێویستەو سوودی هەیە بۆ بەری باخەکە، ئەو جۆرە کارانە لەسەر باخەوانەکەیە،

واتــه: ئــەو کارانــەی کــه گــشت ســاڵێ دووبــاره دەبنــەوه، وەك ئــاودانو پێداویــستییەکانی ئــاودان، لــه جۆمــاڵو مــیرازو مــشتومالکردنی بــیرو خستنەگەڕی ئامێرەکان، وەك هەر ئیشێکی تر که به عادەت پێویست بێ بــۆ پاراســتنو گەشــەکردنو وشــك کردنــەوەی بــەری باخەکــه، وەك ئامادەکردنی جێگەخەرمان.

٢٣١) باسی بەکرێدان (اجاره):

تجريد/ ٣ ل ٧٥ – ز: ٤٢.

بەکرێدان له شەرعی شەریفا برێتییه لەوە: کەسێ قازانجی شتێ بکا بەموڵکی یەکێ بەرابەر بەوەجەڵ (عیوەز)ێ، بـەپێی ئـەو مەرجانـەی له مەولا باسیان دەکەین، بەکرێدان (إجاره) بەپێی نامەی خوداو رێبـازی رەهبــەرو یــەکگرتنی نەتــەوەی ئیــسلام دامــەزراوه، خــودای گــەوره دەفەرموێ: {قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْـأَمِينُ – ســورة القــصص – ٢٦/٢٨} دیــسان دەفــەرموێ: {فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ – سـورة الطـلاق – ٦/٦٥}. ئــەوەتا لــەم دوو ئایەتــه پــیرۆزەدا بەکرێــدان بــه رەوا دانــراوه. ئیمــامی بوخاریش (رەزای خوای لێبێ) ئـەم فـەرمووده قودسـییەی گێڕاوەتـەوه: خـودای گەره دەفەرموێ: ئەم سێ کەسـەیه لـه رۆژی قیامەتـدا خـوم داواچـیم لـه سەریان: ئەو کەسەی کـه بـەهۆی نـاوی منـەوه پـەیمان دەدا بـه کەسـێكو بـەوه هێمنـی دەکاتـەوه، یـا تـەماداری دەکـا، کەچـی لـه پاشـا دەسخەڕۆی دەکاو پەیمانەکەی ناباته سەروناپاك دەردەچێ لەگەڵی.

دووەم: پیاوێ ئادەمیزادێکی ئازاد بفرۆشێو بەهاکەی بخوا.

سێیەم: پیاوێ کرێکارێ بەکرێ بگرێو کاری خۆیی پێ تەواو بکاو کەچی کرێکەیی نەداتێ.

لە ئەحکامدا ئیبنو ماجەیش لە ئیبنو عومەرەوە ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە: لە پێش ئەوەدا کە کرێکار ئارەقەکەی وشك ببێتەوە کرێکەیی پێ بدەن.

مەرجەکانی بەکرێدان:

بۆ دامەزراندنی بەکرێدان چەند مەرجێ هەیە:

یەکەم: بەکرێدان بەسەر کەڵك (مەنفەعەت)دا دەڕوا، نەك بەسەر زات (عەین)دا، کەواتە: بەکرێدان دانامەزرێ ئەگەر بەسەر زاتدا بڕوات، وەك بەکرێگرتنی باخ بۆ بەرەکەی، یامەڕ بۆ شیرەکەی، یا بزن بۆ مووەکەی، چونکە بەرو شیرو موو زاتن نەك کەڵك!.

بەڵام ئەگەر زات دەبوو بە پاشکۆی کەڵك ئەوە دروستە، وەك بەکرێگرتنی ژنێ بۆ مەمکدان بەمنداڵ، وەك لەم ئایەتەدا دەفەموێ: (فان ارصعن لکم فآتوهن اجورهن). ئەوەتا لەم ئایەتەدا کرێ بەستراوە بە کرداری مەمکدانەوە، نەك بە شیرەکەوە، شیرەکە دەبێ بە پاشکۆی کرداری مەمکدان، یا وەك ئەوە یەکێ خانوویەك بە کرێ بگرێ، بیرێکی تیادابێ، دروستە ئاو لە بیرەکە بخواتەوە، چونکە لەم کاتەدا ئاوی بیرەکە، کە زاتە واتە: عەینە، دەبێ بە پاشکۆی خانووەکە، کە بۆ کەڵکی تیادانیشتن بە کرێگیراوە.

دووەم: مەرجی دامەزراندنی بەکرێدان ئەوەیە: ئەو کەڵکە بەکرێ گیراوە نرخێکی بایەخداری هەبێ، وەك کەڵك وەرگتن لە زەویو زارو خانوو شتی تری وا، چونکە کشتوکاڵو تیادا دانیشتن دادەنرێن بە دوو مەبەستی بایەخدار، کەواتە: دروست نیە سێوێ بەکرێ بگیرێ بۆ ئەوەی بۆنی پێوە بکرێ! چونکە بەپێی باوی ناو کۆمەڵ شتی وا بێ بایەخە. هەروا دروست نیە خۆراك بەکرێ بگیری بۆ ئارایشتو رازانەوەی چێشتخانەو حانووت، چونکە شتی وایش دیسان هەربێ بایەخە.

سێیەم مەرج: دەبێ کەڵکەکە دیاری بێ، کەواتە: بەکرێدان لەسەر کەڵکی نەزانراو دانامەزرێ، چونکە شتی وا زێدەزیانە، کە پێی دەگوترێ غەرەر. گوتەی پوخت لەم شوێنەدا ئەمەیە: دەبێ ئەندازەو چۆنێتی کەڵك زانراوبێ.

چوارەم: دەبێ کەڵکەکە رەوابێ، کەواتە: دروست نیە کە شتی حەرام بدرێ بەکرێ، وەك ئامێری رابواردنی ناڕەوا، لە وێنەی هۆکاری بەزمو رەزم، یا وەك بەکرێگرتنی گۆرانیبێژ بۆ گۆرانی گوتنی نارەوا. یا بەکرێ گرتنی کەسێ بۆ هەڵگرتنو دروستکردنی مەیو بادە.

پێنجەم: دەبێ کرێکە وەجەڵێکی دیاری بێ، وەك دیناریێ لە کرێی رۆژێ درەودا، یا مەنێ گەنم لە کرێی رۆژێ گوڵبڕین دا چونکە نەزانینی کرێ دادەنرێ بە زێدەزیان (غەرە).

شەشەم: مان (واتە: بەقا)ی زاتە بەکرێگیراوەکە مەرجە. لەبەر ئەوە دروست نیە مۆم بدرێ بە کرێ بۆ سووتان! چونکە مۆم کە سووتا زاتەکەی نامێنێ، هەروا هەرشتێکی تر کە لەم بابەتە بێ، وەك رۆن بۆ کردنە ناو چێشت.

حەوتەم: دەبێ کەڵك بە یەکێ لەم دوو شتە یا بەهەر دوکیان ئەندازەی بۆ دابنرێ: بە کات، یا بەکار، کە پێشیان دەگوترێ: (وەختو ئیش: المدة والعمل).

جا دەرکەوتنی کەڵکی ماڵی بەکرێدراو، وا ئەبێ بە (وەخت) دەبێو بە (ئیش) زەبت ناکرێ، وەك بەکرێدانی خانوو و دووکانو بەکرێگرتنی ژن بۆ مەمکدانو وێنەی ئەمانە بۆ ماوەی ساڵێ، یا کەمتر یا زیاتر، جاری وایش دەبێ بە ئیشیش زەبت دەکرێ، وەك بە کرێدانی وڵاخێ بۆ سواربوونی لە ماوەی دەرۆژدا. ئەگەر شتێ بە وەختو بە ئیشیش کەڵکەکەی دیاری دەکرا، وەك درووманو خانووکردن، ئەوە دەبێ هەربەیەکێکیان دیاری بکرێ، بەڵام ئەگەر وەختوئیشی تیا دیاری بکرێ، وەك ئەوە پێی بڵێ: تۆ بەکرێ دەگرم بۆ دوورینی ئەم کەوایە لە ماوەی ئەمرۆدا، ئەوە بەتاڵە چونکە ئەگەر بە کەمتر لە رۆژێ تەواوی بکاو، داوای لێبکا کە ماوەی ئەو رۆژە کاری بۆبکا، ئەوە زیان بە مەرجی کار دەگەیەنێ، دەنا زیان بە مەرجی کات دەگەیەنێ.

تێکڕا هەر زاتێ مەرجی فرۆشتنی تیا هەبێ، دروستە کە کەڵکەکەی بدرێ بەکرێ، وەك خانوو بۆ دانیشتنو زەوی بۆ داچاننو وڵاخ بۆ سواریو کەژاوە بۆ حەجکردن، چونکە ئەم زاتانە هەموو مەرجێکی پێویست بۆ دامەزراندنی فرۆتنیان تیادایە، کەواتە کەڵکەکانیشیان دروستە بدرێن بەکرێ [1].

---

[1] ئەمە تەرجەمەو راستکردنەوەی ئەم عیبارەتەی فیقهولویەسەرە، کە بەبێ ساخکردنەوە بە هەڵەو بە پچڕ پچڕی لە (کفایة الاخبار) نەقڵ کراوە، کە دەڵێ: (وبالجملة فکل عین وجد في منفعتها شروط الصحة!؟ صح استئجارها کاستئجار الدار

ئەوەی دەبێ بەهۆی پێویستبوونی کرێ:

بە گرێدانی بەکرێدان، کرێ پێشخراوبێ یا پاشخراو، بەپێی مەرجی ناوبراو، پێویست دەبێو، بەهرەوەر گرتنی تەواو لە کەڵك حەلاڵ دەبێ، چونکە یاسایەکی چەسپاوە لە شەرعی خوادا: موسوڵمانان پابەندی ئەو مەرجە رەوایانەن کە لە ناوخۆیاندا بە مەرجی دەگرن!.

بەڵام ئەگەر کرێ بەرەهایی بەبێ قەیدو بەند ناوبرا دەبڕدرێ بەسەر کرێی پێشخراودا، ئەمە تەنها لە بەکرێدانی زاتدا وایە، وەك ئەوە بڵێ: ئەوا ئەم پارچە زەوییەم لەتۆ بەکرێ گرت ساڵی بەسەد دینار، چونکە لە بەکرێدانی لە ئەستۆدا دەبێ لە هەموو حاڵێکا کرێکە حازربێ، دەنا دەبێ بەفرۆشتنی قەرز بە قەرز، پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} رێگەی شتی وای نەداوە، وەك ئەوە بڵێ: ئەوا کردمە ئەستۆت کە لە ئاییندەدا بە دە دیناری حازر ئەم بارەم بۆ بەری بۆ ئەو شوێنە!.

بەکرێدان کەی پووچ دەبێتەوە:

کاتێ یەکێ لە دوو گرێدەرەکان مرد، وەزاتە بەکرێداوەکەیش مابوو، ئەوە بەکرێدانەکە لەم کاتەدا پووچ نابێتەوە، چونکە بەکرێدان گرێدانی ئاڵشتکردنی شتە بەشت، لەسەر شێوەیێ کە قابیل بێ بۆ

للسكنى والارض للزرع والدابة للركوب وألرحل للحج والبيع والشراء ونحو ذلك) تەماشای شەریعەتی ئیسلام بەرگی دووهەم، چاپی یەکەم لاپەڕە (٢٤٨) بکە هەروا لاپەڕە (١٠)و (١١) لە هەمان بەرگ.

- وەرگێڕ -

گواستنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لەبەر ئەوە بە مردنی یەکێ لە دوو گرێدەرەکان پووچ نابێتەوە، دەق وەك فرۆشتن!.

جا ئەگەر بەکرێگر (موستە ئجیر) مرد میراتبەرەکەی جێگەی دەگرێتەوەو بەتەواوی بەهرە لە کەڵکەکە وەردەگرێ، ئەگەر بکرێدەریش واتە: (مؤجریش) مرد زاتەکە لە دەستی بەکرێگردا دەمێنێ هەتا ماوەکەی تەواو دەبێ. جا ئەگەر زاتە بەکرێدراوەکە لەناوچوو، وەك ئەوە وڵاخ بێ‌و بمرێ، یا جل بێ‌و بسووتێ، یا زەوی بێ‌و رۆبچێ، ئەوە تەماشا دەکەین ئەگەر لەپێش وەرگرتندا بوو، یا لەپاشی بوو بەڵام ماوەیەکی وا بە سەریدا تێنەپەڕیبو کە لە وێنەی ئەو ماوەیەدا کرێی هەبێ، ئەوە بەکرێدانەکە هەڵ دەوەشێتەوە، بەڵام ئەگەر لەپاش وەرگرتن فەوتا، وە ماوەیەکی وەهایشی بەسەردا تێپەڕی کە لە وێنەی ئەوماوەیەدا کرێی بکەوێ، ئەوە بەکرێدانەکە بۆ ئایندە هەڵ دەوەشێتەوە، چونکە گرێ لەسەر کراو (واتە: معقود علیە) نەماوەو فەوتاوە، بۆ رابووردوویش کرێی ئەو ماوەیەی دەکەوێ‌و بەس ئەمە لە بەکرێدانی زاتدا وایە، بەڵام لە بەکرێدان لە ئەستۆدا بە فەوتانی بەکرێگیراو گرێدانەکە هەڵ ناوەشێتەوە، چونکە بەکرێدەر دەتوانێ بیگۆڕێ بە بەکرێگیراوێکی تری وەك فەوتاوەکە، بە وێنە: بەکرێگیراو ماین بوو، تۆپی بەکرێدەر دەتوانێ ماینێ تر بخاتەوە جێگەی تۆپیوەکە.

بەکرێگر دەستەبەر نیە :

بەکرێگر ئەمینداره لەسەر ئەو شتەی کە وا لە دەستیدا، بەهۆی کەمتەرخەمییەوە نەبێ نابێ بە دەستەبەر. وەك ئەوە بەکرێی بگرێ بۆ نانکردن، وە زیاد لە پێویست ئاگرەکە خۆش بکا، یا نانەکە بە

تەندوورەکەوە بەجێ بهێڵێ هەتا دەسوتێ، بەکرێگریش رێك وەك بەکرێگیراو وایە، ئەگەر زاتەکە لە دەستیدا، بەبێ سووچی خۆی لە ناوچوو نابێ بە دەستەبەر، وەك ئەوە بارێ بنێ لە وڵاخەکە کە لە توانایدا نەبێ، یا بارێ بنێ لە خۆشرۆکە(واتە: سَیّارة) کە لە وزەو کێشیدا نەبێو بەهۆی ئەوەوە بفەوتێ!.

٢٣٢) باسی دەستخۆشانەو سەرقەڵەمانەو وەڵیفەتانە کە مەشهوورن بە (جَعَالە)(١):

جوعالە (یا دەستخۆشانە) لە شەرعا برێتییە لەوە کە کەسێ ماڵێکی دیاری بڕیاربدا بۆ کەسێ کە ئیشێکی تایبەتیی بۆ بکا، وەك بڵێ: هەر کەسێ وشترە بزربووەکەمم بۆ بهێنێتەوە دە دیناری دەسخۆشانە دەدەمێ، سەر بەڵگەی ئەم باسە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە

---

(١) ئەم زاراوانە لە کوردیدا هەر کامەیان بگری دەست دەدا بۆ بەکوردیکردنی وشەی جوعالەی عەرەبی: دەستخۆشانە، وەڵیفەت، شاباش، خەڵات، بەخشیش، سەرقەڵەمانە. گرنگ ئەوەیە لە مەولا وەرگێرەکان چاو لە یەك بکەنو شوێن پێی یەك هەڵگرنو برەو بەوشەی پێشنیاری پێش خۆیان بدەن، نەك هەر نووسەرێ ببێ بەکلکی حیزبێو رستەو وشەو زاراوەکانی ئەو پەسەند بکاو بەس. ئەم حاڵەی ئێستا لەناو پارتەکاندا پەیدا بووە، کە هەر حیزبە زاراوەی خۆی هەیە موصیبەتێکی زۆر گەورەیە لە شەڕی برا کوژیەکە زۆر خراپترە. بەڵام هەتا کلاشینکۆف ئاغای مەیدان بێ، خامەی قوڕ بەسەر مەگەر هەر فرمیسکی شینو سوور هەڵڕێژێ!.

- وەرگێڕ -

دەفەرموێ: {وَلِمَن جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ} . بۆزانینی راڤەکەی تەماشای سەرەتای باسی دەستەبەری (الضمان) بکە. لە صەحیحی بوخاریو صەحیحی موسلیمدا داستانی سەرەك خێڵێ هەیە، کەشت پێوەی دەدا، شپرزەی دەکا، هەتا لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێیانی پێغەمبەردا رێك دەکەون کە بەرابەر بە بڕکەیێ ران نووشتوویان بۆ بکا، وە لە ئەنجاما کابرا چاك دەبێتەوەو بڕکە رانەکە دەدا بە دووعا خوێنەکە. وەکی تریش گەلێ جار ناچارییش شتی وا دەخوازێ.

مەرجەکانی دەستخۆشانە: کاتێ ئیشکەرەکە شایانی خەڵاتەکە دەبێ کە خاوەن ئیشەکە خۆی بەڵێنی ئەوەی دابێ، وەك ئەوە بڵێ: قەڵەمە کەم گوم بووە هەرکەسێ دۆزییەوەو هێنایەوە بۆم دینارێکی دەدەمێ. بەڵام ئەگەر کەسێ بە پیاوەتی هێنایەوە هیچی ناکەوێ، دروستە کە خەڵات بۆ دانراوەکە کەسێکی دیاری بێ وەك ئەوە بڵێ: ئەگەر زەید گومبووەکەی هێنایەوە بۆم نیو دیناری پێ دەدەم، یا نادیاری بێ، وەك ئەوە یلێ: هەرکەسێ شتە ونبووەکەمم بۆ بدۆزێتەوە نیو دیناری پێ دەدەم، ئیتر لەم دوو حاڵەدا کەسی مەبەست ئەگەر ونبووەکەی بۆی هێنایەوە شایانی خەڵاتو وەڵێفەتە ناوبراوەکە دەبێ!.

سەر بەڵگەی ئەمەیش ئەم فەرموودەیەی خۆشەویستە {دروودی خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: موسوڵمانان پایەندی مەرجی رەوای خۆیانن!.

مەرجی سەرقەڵەمانەکەیش ئەوەیە کە دیاریبێ، چونکە وەجەڵە، هەموو وەجەڵێکیش دەبێ ئەندازەکەی زانراوو دیاری بێ، دەق وەك کرێ وایە، کەواتە نابێ نەزانراوو نادیاریبێ، وەك ئەوە بڵێ:

هەرکەسێ گومبووەکەمم بۆ بهێنێتەوە جلێکی پێ دەدەم، یا لەسەرم بێ کە رازی بکەم، یا شتێکی پێ بدەم، شتی وا مەرجی بەتاڵە، لەکاتی وادا هەرکەسێ هێنایەوە کرێی وێنەی خۆیی دەکەوێ، ئەگەر کۆمەڵێ بەهاوبەشی ئیشەکەیان کرد خەڵاتەکە ناوکۆیی یانەو، بە یەکسانی وەك یەك لەناو خۆیاندا دابەشی دەکەن، با ئەندازەی ئیشەکانیشیان زیادو کەمی هەبێ، چونکە کارەکە لە بنەڕەتدا نەزانراوە، لەبەر ئەوە لە تواناادا نیە کە ئەندازەکەی بە وردی رەچاو بکرێ.

٢٣٣) باسی مڵکانەو بنەتۆو، مەبەست موزارەعەو موخابەرەیە:

(بر: تەجرید/ ٣ل – ١٢٣ ز: ٤٧).

زەوی بدرێ بە موڵکانە دروستە بەپێی ئەم درێژە پێدانەی دواوە، موزارەعەو موخابەرە هەر دوو لە مەعنادا یەکن کە ئەوەیە: خاوەن زەوی زەوییەکەی بدا بە ئیشکەرێ کە بەنیوەیی یا بە کەمتر یا بە زیاتر دایچێنێو بەرهەمی بهێنێ. بەڵام رافیعیو نەوەوی {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموون: لە موزارەعەدا بنەتۆو لەسەر خاوەن زەوییە، لەموخابەرەیشدا بنەتۆو لەسەر ئیشکەرە، ئەمە جیایی نێوانیانە.

بڕیارەکەیان:

شەرعزانەکان لە بارەی ئەم دوو مامەڵەیەوە رایان جیایە، گوتراوە: کە هەردوو مامەڵەکە بەتاڵن، چونکە حەدیثی صەحیح لە بوخاریو موسلیمدا هەیە کە نەهی لە موخابەرە دەکا، لە صەحیحی

موسلیمیشدا هەیە: کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نەهی کردووە لە موزارەعە بەڵام فەرمانی کردووە بەوە: خاوەن زەوی دەتوانێ لەباتی ملکانە، کرێی زەوییەکەی وەربگرێ.

هۆی نەییشس لەدانی زەوی بە ملکانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونە: گوایە بەهۆی بەکرێدانەوە دەتوانرێ کەڵكو بەهرە لە زەوی وەربگیرێ، کەواتە: ئەوەیش وەك ئاژەڵو ماڵات دروست نیە بەرابەر بە هەندێ لە دەرامەتی خۆی بدرێ بە ملکانە.

ئیبنو شورەیحیش دەفەرموێ: موزارەعە دروستە. ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو لمونزیرو خەطابیش هەروا دەفەرموون: ئیبنو خوزەیمە جزمێکی لە بارەیەوە نووسیوەو، ڕێگە چارەی کارکردن بە گۆی ئەو فەرموودانەی دۆزیوەتەوە، کە لەم بارەیەوە هاتوون، کە هەندێ لەو فەرموودانە ڕێگەی موزارەعەیان داوەو هەندێکی تریان ڕێگەی نادەن. خەطابیش پەیڕەوی ئەوی کردووە، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش فەرموودەی قەدەغەکردنی ملکانەی بەلاواز داناوە، خەطابی دەفەرموێ: بۆیە مالیكو ئەبو حەنیفەو شافیعی {رەحمەتی خوایان لێبێ} ڕێگەی ملکانەیان نەداوەو بە پووچەڵی دادەنێن، چونکە ئاگایان لەوە نەبووە کە فەرموودەی قەدەغە کردنەکە لاوازو بێهێزە، کەواتە: موزارەعە (واتە: ملکانە) دروستە، چونکە لە هەموو وڵاتە موسوڵمانەکاندا کاری پێدەکرێو کەسیش ئەم کارپێکردنەی بە پووچەڵ دانەناوە. هەتا ئێرە فەرمایشتی خەطابی بوو. نەوەویش لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: دروستبوونی مامەڵەی ملکانە ڕای ئاشکراو پەسەندە، بەپێی

فەرموودەکەی خەیبەر (کە لەسەرەتای باسی باخەوانیدا، کە باسی ژمارە (٢٢٨) بوو رابورد – وەرگێڕ).

لاڤی ئەوەیش کە دروستبوونی ملکانە لە خەیبەردا پاشکۆ بووە بۆ دروستبوونی باخەوانی قەبووڵ نیە، چونکە ئەو مەبەستەی کە بووە بەهۆی دروستبوونی باخەوانی لە موڵکانەیشدا هەمان مەبەست هەیە، بە قیاسیش لەسەر مامەڵەی قازانج بە هاوبەش، کە بە یەکگرتنی راکان دروستە، دەبێ ملکانەیش دروستبێ، چونکە ئەمیش دەق وەك ملکانە وایە لە هەموو شتێکا، وە لەبەر ئەوەیش کە موسوڵمانان لە گشت وڵاتو لە هەموو سەردەمێکا بەردەوام کار بە ملکانە دەکەن. ئەبو یووسفو موحەممەدو ئیبنو ئەبو لەیلاو زانا کووفییەکانی ترو، شەریعەتزانەکانی فەرمووده زانەکانیش حوکم بە دروستبوونی ملکانە (موزارەعە) دەکەن. فەرمایشتی نەوەوی تەواو.

٢٣٤) ئاوەدان کردنەوەی وێرانە (احیاو الموات)

(بڕ: تەجرید/ ٣ ل – ١١٧ – ژ: ١٠٢٨ هەتا ژ: ١٠٣٢):

لە عورفی شەرعی شەریفدا: بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بێ خاوەن. وێرانە لە شەرعا ئەو زەوییەبێ خاوەنەیە کە هەرگیز ئاوەدان نەکرابێتەوە. سەر بەڵگەی دروستبوونی ئەم بابەتە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە {درووده خـوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: کەسێ زەوییەکی بێخاوەن ئاوەدان بکاتەوە دەبێ بەهی خۆی، گەرێ زۆرداریش لەو زەوییەدا هیچی لێ سەوز نابێ! (ئەبو داوود، نەسائی، تیرمیذی)

تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە، واتە: حەسەنە. زۆردار لێرەدا ئەو کەسەیە کە بە زۆری زۆرداریی، بە نیازی داگیرکردن، دارو نەمامو شتی وا لەناو زەوییەکا دەڕوێنێ، کە کەسێکی تر ئاوەدانی کردبێتەوە، بۆ ئەوەی کە بیکا بەهی خۆی، گەڕی وا دەبێ ڕێگەی نەدرێ، خۆشی بێو ترشی بێ دەبێ ئەوەی لێ بسەنرێتەوە، ئەم جۆرە گەڕە بەم شێوانە دروست دەکرێ: لە زەوییەکی کەسێکی تردا نەمام بنێژێ، یا خانوو بکا، یا جۆگەی بۆ رابکێشێ، یا بیرێکی تیادا هەڵ بکەنێ.

٢٣٥) بڕیار (حوکم)ی ئاوەدانکردنەوە:

وێرانە ئاوەدانکردنەوە زۆر سوننەتە، بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}: کەسێ پارچەیێ زەوی بێخاوەن ئاوەدان بکاتەوە خێرێکی چاکی دەگات، هەرچی لەبەرو بوومی ئەو زەوییە، کە مرۆڤێ بیخوات، یا باڵندەو دڕندەو ماڵاتی ملّوو مووشەکەر بیخوات، یا هەریەکێ لەمانە سوودێکی لێ وەربگرێ، ئەوەی بۆ دەبێ بەخێرو صەدەقە. (نەسائی گێڕاویەتەوە، ئیبنو حیببان بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە).

هەر کەسێ مافی ئەوەی هەبێ کە ببێ بە خاوەنی ماڵ، بۆشی هەیە کە وێرانە بۆ خۆی ئاوەدان بکاتەوە، هەر بەخودی ئاوەدانکردنەوەکە دەبێ بە خاوەنی ئەوەی کە ئاوەدانی کردۆتەوە، چونکە ئاوەدانکردنەوە هۆی ملّکایەتیە بەهۆی کردارێکەوە، دەق لە راوکردنو داروچیلەکە کۆکردنەوەی دەشتو دەر دەکا.

بەپێی ئەم فەرمانەی سەروەری پێشینان و پاشینان، سەروەرمان حەزرەتی موحەممەد، (درودو سڵاوی خوای لەسەربێ)، کە ئێستا رابورد، بۆ پەیدابوونی خاوەنداریی بەهۆی ئاوەدانکردنەوەوە، پێویست بە فەرمانی پیشەوای موسوڵمانان ناکات، ئەگەر بوو چاکتر، ئەگەر نەیشبوو قەیناکا.

مەرجەکانی دامەزرانی ئاوەدانکردنەوە:

ئاوەدانکردنەوەی وێرانە بەم دوو مەرجە دادەمەزرێ:

یەکەم: نابێ ئەو وێرانەیە بەهیچ شێوەیێ ملکی موسوڵمانێکی تربێ، ئەگەر وابوو ئەوە دروست نیە، توخنی بکەوێ، نە بە ئاوەدانکردنەوەو نە بەشتێکی تر، مەگەر بەپێی فەرمانی شەرع. لە فەرموودەیەکی شەیخەیندا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ بە زۆرو ستەم بستێ زەوی داگیر بکا، لە رۆژی قیامەتدا بەهەر حەوت چینەی زەمینەوە، وەك کەڵەمە لە ملی گادا، ئاوا دەکرێ بە تەوق و دەکرێتە ئەستۆی!.

بزانن حەریمی ئاوەدانی بە ئاوەدانکردنەوە نابێ بە موڵك، چونکە خاوەنی ملکە ئاوەدانەکە ئەو لە پێشترە بەو حەریمە، حەرێم ئەو شوێنانەیە کە پێویستن بۆ بەهرە وەرگرتنی تەواو لە ملکی ئاوەدان، وەك رێگەو سەلوێنك و ئاوەڕۆو شتی وا.

دووەم: دەبێ ئاوەدانکەرەکە موسوڵمانبێ، لەبەر ئەوە دروست نیە بۆ بێبڕوا لە ولاتی ئیسلامدا زەوی بێخاوەن ئاوەدان بکاتەوە بۆ خۆی، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: وێرانەی بێخاوەن کە

هەیانە هی سەردەمی عادن، لە بنەڕەتدا هی خواو پێغەمبەری خوان، دەی لە ئێستاوە ئەوا من کردم بەهی ئێوە ئەی کۆمەڵەی موسوڵمانان! شافیعی گێڕاویەتەوە، بەیهەقی جارێ بە مەقووفی هەتا سەر ئیبنو عەبباس گێڕاویەتەوە، جارێکیش بە مەرفووعی هەتا سەر پێغەمبەر. ئەوەتا لەم فەرموودەدا رووی دەمی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لە هەموو موسوڵمانێکەو بەس، هەتا بزانرێ کە مەرجی ئاوەدانکەرەوە لە خاکی ئیسلاما ئەوەیە کە موسوڵمان بێ، بۆ ناموسوڵمان دروست نیە، ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەی بۆ خاوەن پەیمان، لە دەستەی خاوەن نامەکان، لەناو وڵاتی ئیسلامدا بۆیان هەیە دارو چیلکەو پووش‌و گیای بێ خاوەنی ئەو کەژە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، کەچی ئەمەیان بۆ دروست نیە؟ لە وەڵاما دەڵێین: چونکە دارو چیلکەکردن‌و پووش‌و گیاکۆکردنەوە جێگەیان پڕ دەبێتەوەو جارێ تر هەڵ دەدەنەوەو دروست دەبنەوە، لەبەر ئەوە بەوە هەتا سەر لە کیس موسوڵمانان ناچن، بەپێچەوانەی ئاوەدانکردنەوەی وێرانەوە، چونکە وێرانە کە ئاوەدان کرایەوە ئیتر دەبێ بەهی خاوەنی‌و جێگەی پڕ نابێتەوە، دەی ئەگەر ناموسوڵمان بیکا بەهی خۆی هەتا سەر لەکیس موسوڵمانان دەچێ.

نیشانەکردنی ئاوەدانکردنەوەی رەوا چۆنەو چییە؟:

ئاوەدانکردنەوە برێتییە لە ئامادەکردنی شتەکە بەپێی مەبەستی ئاوەدانکەرەوە. چونکە یاسادانەری ئیسلام، پێغەمبەری خوا، ئاوا بەبێ قەیدو بەند، بەرەهایی فەرموویەتی، کەواتە: بۆ دیاریکردنی نیشانەکانی دەگەڕێینەوە بۆ سەرعورف (کە برێتییە لە باوی رەوای

دامەزراوی ناوکۆمەڵەی موسوڵمانان) چۆنێتیی عورفیش لە زمانا سنوورو پێناسەی بۆ دانەنراوە کە دەبێ چۆن بێو چۆن نەبێ، کەواتە: ئاوەدانکردنەوەی هەر شوێنێ بەپێی مەبەست لێی دەگۆڕێ، ئەگەر کردنی خانوو بوو، دەبێ بەپێی عادەتی دامەزراو، بە بەرد، یا بەخشت، یا بەمووره قوڕ دیواری بۆ بکا، یا بەچیلکەو قیسپ تەیمانی بۆ بکاو، سەری هەندێکیشی بگرێو دەرگاو پەنجەرەی تێبخا، وە ئەگەر مەبەستی باخ ناشتن بوو، ئەبێ بە پێی دەستووری دامەزراو، حەساری بەدەورا بکا، جا ئەگەر دەستووری ئەو شارە وا بوو بە دیوار حەساریان دروست دەکرد بۆ ئەو جۆرە شتە ئەوە دیوار مەرجە، دەنا ئەگەر بەشتێکی تر بوو، وەك تەیمان. تەلبەند، ئەوە پەیڕەوی ئەوە دەکرێ کە لەو جێگەیە بووە بە عادەت.

٢٣٦) بەخشینی ئاو کەی پێویست دەبێ؟

ئاو لەسەر دوو بەشە:

یەکەم: ئەوەیە کە لە خۆیەوە لە شوێنێ هەڵبقوڵێ، کە ئەوشوێنە پەیوەندی تایبەتی بە کەسەوە نەبێ، هەروا هیچ ئادەمیزادێ دەستی نەبێ لە دەرهێنانو ڕەوانکردنیدا، وەك ئاوی چەمو کانیاوی دەشتو دەرو شاخەکانو لافاوو باراناو، کە بۆ قازانجی گشتینو ئاوی بەرەڵڵای بێخاوەنن، خوا نەبێ کەس خاوەنیان نیە.

جا ئەم جۆرە ئاوە ئەگەر کەم بوو، یا ڕێگەی سوود لێوەرگرتنی تەنگەبەر بوو، ئەوە کێ زووتر ڕۆیشتە سەریو گرتی بۆ خۆی ئەوە

دەبێ بەهی ئەو، با ئەو کەسە بێهێزیش بێ، چونکە بڕیاری شەرع لەسەر ئەمەیە، عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە: لە بارەی ئاوی لافاوی شیوی مەهزوورەوە، کەوا لە مەدینە، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئاوا بڕیاری داوە: کێ یەکەم بوو ئاوەکە دەگرێ هەتا دەگاتە هەردوو قولەپێ، ئەوجا بەری دەداتەوە بۆ ئەوەی خوارترا. (ئەبو داوودو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە. ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە فەتحولباریدا دەفەرموێ: رشتەکەی دەگاتە پلەی جوانی، حاکمیش لە (المستدرك)دا گێڕاویەتەوە)[1].

ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە بەرو دوا دەگەنە سەری، بەڵام ئەگەر بەیەکەوە چوونە سەریو ئاوەکەیش بەشی هەموویانی نەدەکرد ئەوە تیرو پشك لە نێوانیاندا دەکەن، ئەگەر کەسێ لە پیشدا هات دەیویست

---

[1] لەم فەرموودەدا ئەم دوو تێبینییە هەیە:

یەکەم: لە ئەصڵەکەدا نووسراوە: (فی سبیل مهزور، راستیەکەی (فی سیل مهزور)ە. سەبیل ڕێگەیە، سەیل لافاوە.

دووەم: ئەعلاو ئەسفەل بەمەعنا لای سەروو ترو لای خوارووتر نیە، بەڵکوو بە مەعنا ئەوەیە کێ یەکەم بوو لە گرتنی ئاوەکە داو زوو گەیشتە سەری ئەوەپێش دەخرێ، دوا ئەو دووەم پێش دەخرێ ئیتر هەروا، تەماشای ماددەی (هزر) بکە لە (النهایة في غریب الحدیث والاثر)دا لەگەڵ مغنی المحتاج ج/٢ ص ٣٧٤، لەگەڵ (عمدة القاری ج/١٢ ص ٢٠٣) ئەم ساخکردنەوەو، وردەکارییە زۆر پێویستە چونکە هەڵە بژێرێ ئەصڵەکەیشی پێ دەکرێ.

- وەرگێڕ -

مالآت ئاوبدات، کەسێکی تر دوا ئەو هات بەلآم خۆی پێویستی بە ئاو خواردنەوەبوو، ئەوە ئەوەیان وەپێش دەخرێ کە خۆی ئاو دەخواتەوە، هەر کەسێ ئەندازەیەك لەو ئاوە بەرەللآیە بکاتە قاپێکەوە دەبێ بەهی خۆی، هەروەها ئەگەر بەجۆلەیەکدا بیهێنیو بیکاتە ناو حەزێکەوە کە لەبەری نەڕوا ئەویش دەبێ بە مالّی تایبەتی خۆی.

دووەم: ئاوە تایبەتەکانە، وەك بیرو کارێزو جۆگە، جا ئەگەر کەسێ بیرێ لە ملکی خۆیدا هەلّ بکەنێ، ئاوەکەی دەبێ بەهی خۆی، چونکە بەشێکە لە بەهرەی ملکەکەی، دەق وەك بەری داری باخەکەی، وەرێك وەکوو ئەو کانی زێڕو زیوەی کە لەناو ملکەکەیدا دەردەکەوێ، کەواتە: کەس مافی ئەوەی نیە کە بەبێ ڕەزای خۆی لێی ببات. گوتراویشە: کە ئاو نابێ بە ملکی کەس، چونکە پێغەمبەر {دروودو سلآوی لەسەربێ} فەرموویەتی: موسولّمانان لەم سێ شتەدا هاوبەشن: لە ئاوو لەوەڕو ئاگردا. (ئەبو داوود گێڕاویەتەوە) قسەی ئەم قیلە بەرپەرچ دراوەتەوە بەوە: کە ئەم فەرموودەیە لاوازە لەبەر ئەوە دەست نادا بۆ بەلگە. بەهەر حالّ لەسەر هەردوو فەرمایشتەکان، پێویست نیە لەسەر خاوەن بیرەکە، کە ئەو ئاوەی لە پێداویستی خۆی زیاد بێ، بیبەخشێ بە کەسێ کە کشتوکالّی پێ ئاوبدا، بەلآم ئەگەر بۆ ئاودانی گیانلەبەرو مالآت بوو ئەوە پێویستە لەسەری کە بیبەخشێ چونکە شافیعی لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: {درودی خوای لەسەربێ}: کەسێ زیادە ئاوی هەبێو قەدەغەی بکا لە مالآتی موسولّمانان، هەتا ببێ بەهۆی قەدەغەبوونی زیادە لەوەڕی دەورو بەری ئاوەکە، چونکە لەوەڕگای دوورە ئاو بە کەلّکی لەوەڕانی ئاژەلّ نایەت، کەسێ ئەم تاوانە بکا خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەهرەی میهرەبانی خۆی بێ

بەشی دەکا. لە بوخاریو موسلیمیشدا دەفەرموێ: ئاوێ زیادبێ لە خۆتان، لە خەڵکی تری قەدەغە مەکەن، هەتا بەم تەگەرەیە زیادە لەوەڕی دەوری ئاوەکەی پێقەدەغە بکەن. جیاوازیی ئاژەڵو کشتوکاڵ لەوەدایە، گیان رێزی هەیە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئاودانی گیانلەبەر پێویستەو ئەرکێکی ئایینییە بەڵام کشتوکاڵ مەرج نیە وابێ.

مەرجەکانی پێویستبوونی بەخشینی ئاو:

یەکەم: دەبێ لە پێداویستیی خۆی زیاتربێ، دەنا پێویست نیە، چونکە لە خودی خۆیەوە دەست پێ دەکا بە بەکار هێنانو بەخشینی.

دووەم: خاوەن ئاژەڵەکەیش ئاتاجێی بەو ئاوە هەبێ، بەم رەنگە: ئاوی بەرەڵلای گشتی لەو ئاقارەدا نەبێ.

سێیەم: لەو ئاقارە لەوەڕ هەبێ، بەبێ ئاو خواردنەوە ئاژەڵ نەتوانی لێی بلەوەڕێ.

چوارەم: دەبێ ئاوەکە لە جێ وەستانی ئاسایی خۆیدابێ، لەو جۆرەیش بێ کاتێ لێت هەلگۆزی بێتەوە جێی. بەڵام ئەگەر کردیە ناو دەفرەوە، لەسەر فەرمایشتی دروست (قەولی صەحیح) ئیتر پێویست نیە لە سەری کە بەخۆڕایی بیبەخشێ. ئەوەنە هەیە هەر کاتێ بڕیاردرا کە پێویستە لە سەری کە بیبەخشێ، نابێ لەباتی ئەو ئاوە وەجەڵو بەها وەربگرێ، دەبێ بەخۆڕایی بیبەخشێ، ئەمەیش بەپێی ئەم فەرموودە ساغە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەربێ) نەیی کردووە لە فرۆشتنی ئاوی زیادە. هەرکاتێکیش بەخشینی ئاو واجب نەبوو لەسەر خاوەنەکەی، ئەوە دروستە بۆی کە بەکێشانە یا بە پێوانە بیفرۆشێ بۆ خۆی.

٢٣٧) وەقف: شت تەرخانکردن بۆ خێری نەبڕاوە:

وەقف لە زمانی عەرەبدا ڕاگتنو حەپسو گل دانەوەو بەندکردنە، لە عورفی شەرعیشدا: تەرخانکردنی سامانە بۆ خێری نەبڕاوە لە ڕێگەی خودادا، بە مەرجێ لەو جۆرە سامانانە بێ کەڵكو قازانج لێ وەرگرتنی مومکین بێو زاتەکەی بمێنێ! سەر بەڵگەکەی ئەم ئایەتەیە کەوا لە سوورەتی حەجدا، کە ژمارەکەی (٧٧)ە کە دەفەرموێ: {وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} واتە: لە کرنی هەموو جۆرە چاکەیێ درێغی مەکەن، سابەشکوو شادبن بە مایەی ڕەزابوونی خوا. وە ئەم فەرموودەیشە کە دەفەرموێ: کاتێ ئادەمیزاد دەمرێ، هەموو کردەوەیەکی کۆتایی دێ، ئەم سێ شتە نەبێ:

یەکەم: خێرێکی نەبڕاوە (وەك بیرو مزگەوت..).

دووەم: زانستو زانینی بە سوود (وەك دانانی کتێبی باشو پێگەیاندنی فەقێو قوتابیو شاگردو هونەری بەکەڵكو بە سوود بۆ گەلی ئیسلام).

سێیەم: منداڵو وەچەیەکی باش کە دووعای خێرو نزای باشی بۆ بکا (موسلیمو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە).

زاناکان دەفەرموون: وەقف بەشێکە لە خێری نەبڕاوە. جابیر {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: کەس نەما لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {دروودی خوا لەسەر پێغەمبەر بێ و ڕەزای خوا ە هاوڕێیانی} کەشتێکی نەکرد بێ بە وەقف، مەگەر ئەوانەیان کە تواناى سامانییان نەبووبێ!.

مەرجەکانی:

بۆ دروستبوونی وەقف ئەم سێ مەرجە بە مەرج گیراون.

یەکەم: دەبێ وەقف کراو لەو جۆرە سامانانەبێ، کە دەست بدا بۆ کەڵك لێ وەرگرتن‌و لە هەمان کاتدا زاتەکەی بمێنێ. کەواتە: وەقفی ئەو شتە دانامەزرێ، کە هەتا زاتەکەی بمێنێ کەڵکی لێ وەرناگیرێ، وەك بەرو میوەو خۆراك‌و بۆنپێوەکراو، چونکە میوەو بەرو خۆراك دەخورێن، کەڵکەکەیان لە خواردنیان دایە، دەی کاتێ دەخورێن زاتەکەیان نامێنێ. بۆنپێوەکراویش ئەوەندە ناخایەنێ، بەڵام ئەگەر دارو درەختی کرد بە وەقف بۆ بەرەکەی، یا ئاژەڵ بۆ شیرەکەی، یا بۆ خوری‌و کۆڵك‌و مووەکەی، یا نێری بۆ پەڕین لە ئاژەڵی شار، ئەوە دروستە، چونکە لەکاتی وادا وەقف کراوەکە زاتەکانە، بەروکۆڵك‌و پەڕین کەڵکیانن، وە سوودەکانی تری ئەم زاتانە بۆ وەقفکەرە، بۆ نموونە: ئەگەر مەڕێکی کرد بە وەقف، تەنیا بۆ ئەوە کە شیرەکەی بۆ هەژاران بێ، ئەوە خوری‌و بەچکەو کەوڵ‌و گۆشتەکەی بۆ وەقفکەرەکەیە.

دووەم: دەبێ وەقف کردنەکە لەسەر شتێکی وابێ کە هەبوونێکی نەبڕاوەی هەبێ، وەك ئەم بنەچە لە ئێستاداو وەچەی بەرودوای بەردەوام لە ئایندەدا چونکە وەقف خێری بەردەوامی نەبڕاوەیە، سەرەڕای ئەوەیش وەقف لە زاتی خۆیدا راگوێزکردنی مڵکایەتیی قازانجە، کە وەقفکەرەوە بۆ وەقف لە سەرکراو، دەی شتێ کە وجوودی نەبێ‌و هیچ (مەعدووم) بێ ناکرێ بە خاوەنی شت، هەروا کەسێکیش کە شیاوی خاوەنێتی نەبێ ناکرێ بە خاوەن شت.

نموونەی یەکەم: کە نەبووە (واتە: معدوم)ە نابێ بەوەقف لەسەر کراو، وەکوو وەقفکردن لەسەر کەسێ کە هێشتا لەدایك نەبووبێو لەمەولا بکەوێتە سکی دایکیو لە دایك ببێ، جا لە دوا ئەو بۆ هەژاران بێ.

نموونەی دووەم: کە کەسێ شیاوی خاوەنێتی نەبێ نابێ بە وەقف لە سەرکراو، وەکوو منداڵ لە سکی دایکدا، جا ئەم جۆرە وەقفانە پووچەڵن، چونکە وەقف بە ملککردنی حازری دەس بەجێیە کەواتە لەسەرکەسێ کە نەبوو (مەعدووم) بێو لەسەر کەسێ کە شیاوی خاوەنێتی نەبێ دانامەزرێ.

سێیەم: نابێ بۆ شتی ناڕەوابێ، چونکە وەقف خێرێکە مەبەست لێی نزیکبوونەوەیە لە خوا، گوناهیش پێچەوانەی ئەم مەبەستەیە، کەواتە: شت وەقفکردن بۆ کڕینی ئامێری رێگریو چەتەگەری دروست نیە، هەروا بۆ کڕینی ئامێری بەزمو رەزم، هەروا دروست نیە شت وەقف بکرێ بۆ کنیشتەی جوولەکەو کڵێسای گاوور ئەم جۆرە جێگایانە.

پەیڕەوی مەرجی وەقفکەر دەکرێ:

جا هەر کاتێ وەقف دامەزراو هەموو مەرجێکی هاتە جێ، ئیتر یەکسەر وەقف لەسەرکراو شایانی بەرووبوومەکەی دەبێ، خواە کەڵك بێ وەك تیادانیشتنو خوێندنەوەی پەڕاو، خواە زات بێ وەك مێوەو خوریو موو وشیر، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەم قازانجانە رێك بەپێی مەرجی وەقفکەر بدرێن بە خاوەنیان، وەقفکار کێی پێشخست ئەو کەسە پێش دەخرێ، وەکێی دواخست ئەو کەسە دوا دەخرێ، ئەگەر گوتی: بە یەکسانی دابەشبکرێ بە سەریانا بە یەکسانی دابەش دەکرێ، ئەگەر

گوتی: هەندێ بەش زیاتر بێ، چۆن دەڵێ بەپێی مەرجەکەی ئەو دابەش دەکرێ لێیان. نموونەی پێشخستن وەك ئەوە بڵێ: ئەمەم لەسەر منداڵەکانم وەقفکرد، لە پێشدا بۆ زاناو خاوەن وەرعەکانیان، نموونەی دواخستن وەك ئەوە بڵێ: ئەمەم لەسەر منداڵەکانم وەقفکرد، کە ئەوان نەمان ئەوجا بۆ منداڵی ئەوان، یا وەك ئەوە بڵێ: دەرامەتی ساڵی یەکەم بۆ مێیینەکانو دەرامەتی ساڵی دووەم بۆ نێرینەکان، نموونەی یەکسانی وەك ئەوە بڵێ: ئەمەم وەقفکرد لەسەر منداڵەکانم، بە مەرجێ نێرو مێ وەك یەك بەشیان بۆ دابنرێ، نموونەی باودانی هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریانا وەك ئەوە بڵێ: ئەمەم کرد بە وەقف لەسەر منالەکانم بەمەرجێ بەشی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشی مێیینە بێ.

٢٣٨) باسی بەخشین (هبە):

بڕ: تجريد/ ٣ ل ١٨٦ ز: ٥٥).

بەخشینو دیاری لە زمانو لە شەرعا بە یەك واتان تەنیا ئەم جیاوازییانەیان لە نێوانا هەیە: ئەگەر بۆ ڕێزگرتن لەو کەسەی کە دەبێ بە خاوەنی برا بۆی ئەوە دیارییە، دەنا بەخشینە. بەخشین سوننەتە بەپێی نامەی خواو ڕێبازی ڕەهبەرو یەکگرتنی نەتەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى – سورة المائدة – ٢/٥} واتە: هاوکاری یەکتری لەسەر کاری چاکەو لە خوا ترسی بکەن. دیارە کە بەخشین کارێکی باشو پەسەندە، لە ڕێبازی ڕەهبەردا (واتە: لە سوننەتی پێغەمبەردا {دروودی خوای لەسەربێ} نموونە زۆر زۆرە لەسەر سوننەتیی بەخشین، عائیشە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: عەرزی پێغەمبەرم کرد ئەم

گۆشته به زەکات داویانه به بەریرەی کارەکەرم، ئایا تۆ لێی دەخۆی؟ فەرمووی: ئەمه بۆ ئەو زەکاته، بەڵام بۆ ئێمه دەبێ به دیاری و له زەکاتی دەردەچێ (ش/د/ن). ئەبو هورەیرەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: جاران که نانیان بۆ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دادەنا دەیپرسی، کاتێ دەیانگوت: هی دیارییه، لێی دەخوارد، بەڵام ئەگەر بگوترایه: هی زەکاته لێی نەدەخوارد.

مەرجی بەخشراو:

هەرچی فرۆشتنی دروست بێ بەخشینیشی دروسته، وه ئەوەی فرۆشتنی دروست نەبێ بەخشینیشی دروست نیه، وەك شتی نەزانراو، وەك ئەوە بڵێ: ئەوە یەکێ لەو بڕگه مەڕەم بەخشی به تۆ،

هەروا بەخشینی بارمته سەگی مەشق نەکردوو و بەرازو شتی بزربوو دروست نیه، چونکه فرۆشتنی ئەمانه دروست نیه، دروسته زەوت کراو بفرۆشرێ به کەسێ که بتوانێ بیسەنێتەوە له زەوتکەر، شتی هاوبەش و ناو کۆیی بەخشینی دروسته، چ بفرۆشرێ به هاوبەش، چ بفرۆشرێ به کەسێکی تر.

بەخشراو تا وەرنەگیرێ نابێ به ماڵ:

بەخشراو نەپێویست دەبێ و نه دەبێ به ماڵ هەتا وەرنەگیرێ، عائیشه {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: باوکم له باخەکەی غابەی، بیست وەسقی پێم دا که بیڕنم بۆ خۆم، له نەخۆشینی سەرەمەرگا پێی فەرمووم: کچی خۆم من لەبەری باخەکەی غابەم بیست وەسقم دا بوو بەتۆ، که بۆ خۆت بیڕنی، بریا دەتڕنی و دەتبرد بۆ لای خۆت، ئێستا

دەبوو بەهی خۆت، بەڵام مادام هەتا ئێستا وەرت نەگرتووە تازە بوو بە ماڵی میراتبەر![1].

دەی ئەگەر لە شت بەخشیندا بوون بە ماڵ نەبەسرایە بەوەرگرتنەوە ئەبو بەکری صدیق بە عائیشەی نەدەفەرموو: تازەبوو بە ماڵی میراتبەر لەهی تۆ دەرچوو!.

عومەریش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: بەخشراو نابێ بەماڵی تەواو هەتا پێبەخشراو وەری نەگرێ، هەمان را لە عوسمانو ئیبنو عومەرو ئیبنو عەبباسو ئەنەسو عائیشە {رەزای خوایان لێبێ} گێڕدراوەتەوە، رای تر نەبیستراوە کە پێچەوانەی رای ئەمان بێ.

بەبێ فەرمانی ماڵبەخش وەرگرتنی بەخشراو دانامەزرێ چونکە وەرگرتن دەبێ بەهۆی گواستنەوەی خاوەنێتی. جا هەر کاتێ وەرگرتن رووی دا بەخشراو دەبێ بە ماڵ، ئیتر ماڵبەخش مافی پەشیمان بوونەوەی بۆ نیە، مەگەر لە یەك حاڵدا ئەویش ئەوەیە کە بەخشندەکە باوك بێ، یا دایك بێ، یا باپیر بێ یا نەنك بێ، سەربەڵگەی ئەمەیش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ شتێ ببەخشێ، یا دەسەنەیێ بدا بەکەسێ، دروست نیە بۆی کە پەشیمان ببێتەوەو بیسەنێتەوە لە پێبەخشراو، مەگەر باوكو دایك، بۆ ئەوان دروستە لەو

---

[1] بۆ راستکردنەوەی وشەی (جذاذ) بە (جداد) لەم ئەسەرەدا، تەماشای ماددەی (جدد) لە (النهاية في غريب الحديث والاثر)ی و ج/١٣ چ ١٤٧ و ص ١٥٦ لە (عمدة القاری شرح صحیح البخاری) بکە.

— وەرگێڕ —

بەخشینەی داویانە بە منالّی خۆیان پەشیمان ببنەوە. (ئەبو داوودو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە) تیرمیذی فەرموویەتی: فەرموودەیەکی جوانی ساغە. لە دەقی فەرموودەکەدا ناوی باوكو دایك هاتووە، باپیریش بەر ناوی باب دەکەوێو نەنکیش بەر ناوی دایك دەکەوێ.

٢٣٩) باسی عومراو روقبا: با بە کوردی ناویان بنێین: ژێنەبەخشو تەمابەخش:

عومرا لە عومر وەرگیراوە، کە بەواتا تەمەنو مانو ژیانە، بۆیە وای پێدەگوترێ چونکە لە سەردەمی نەزانیدا دەیانگوت: ئەم شتە بۆ تۆ هەتا ماویت، واتە: لە ماوەی تەمەنتا، هەتا لە ژیاندابیت بۆ خۆت، روقبایش کە لەسەر کێشی عومرایە، لە ماددەی (موراقەبە) وەرگیراوە، کە بەواتا چاوەنوارییە، وەك ئەوە پێی بلّێ: ئەمەم بەخشی بەتۆ هەتا خۆت ماویت بۆ خۆت، بەلاّم ئەگەر من لە پێش تۆدا مردم ئەوا بە یەکجاری بۆ خۆت، ئەگەر تۆیش لە پێش مندا مردیت ئەوا ببێتەوە بەهی خۆم، دەی بەم شێوەیە هەردوولا چاوەڕوانی مردنی یەك دەکەن.

گوتەی کورتو پوخت: گەرچی ئەم باسە درێژەپێدانی تیادایە، بەلاّم ئەمە کاکلّەی ئەم بابەتەیە: گوتەی دامەزران کەپێی دەگوترێ، صیغە، لە عومرادا وەك: (أعمرتك هذه الدار حياتك) ئەم خانووەم بەخشی بەتۆ هەتا ماویت، یا پێی بلّێ: (ما حَييتَ: هەتا لە ژیاندا بیت) یا پێی بلّێ: (ما عشت: هەتا کۆتایی تەمەنت) یا پێی بلّێ: (أعمرتك هذه الدار حياتك ولعقبك من بعدك: ئەوا ئەم خانووەم

بەخشی بەتۆ هەتا تەمەن تەواو دەبێ، وە لەپاش مردنی خۆت بۆ وەچەو نەوەت) لەروقبایشدا گوتەی دامەزران وەك: (أرقبتك الدار حياتك) واتە: ئەم خاووەم دا بەتۆ هەتا ماویت بۆ خۆت، هەردوولامان چاوەنوارِ دەکەین، ئەگەر من لەپێش تۆ دامردم بە ئێکجاری ببێ بەهی خۆت، ئەگەر تۆیش لە پێش مندا مردیت ببێتەوە بەهی خۆم. جا هەر کاتێ عومراو روقبا لەسەر شێوەی شەرعی دامەزران، ئیتر شتە بەخشراوەکە هەتایە دەبێ بەهی پێبەخشراو، وە بە هێچ جۆرێ نابێتەوە بەهی بەخشندە، کە بەعرەبی پێی دەگوترێ: موعمیر، یا مورقیب. چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: عومرا دروستەو روقبایش دروستە، وەدەبن بەهی ئەو کەسە کە پێی بەخشراوە. (ئەبو داوودو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە) تیرمیزی فەرموویەتی: فەرموودەیەکی جوانە. هەروا خۆشەویست {درودو سڵاوی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەرکەسێ شتێ لەسەر شێوەی عومرا ببەخشێ بە کەسێ ئەوە هەم لە حاڵی ژیانو هەم لە حاڵی مردندا دەبێ بە ماڵی پێ بەخشراو، وە لە پاش خۆشی دەبێ بەهی وەچەی (موسلیم — {رەزای خوای لێبێ} گێڕاوەیەتەوە).

٢٤٠) باسی هەڵگرتنی شتی داکەوتوو (لقطة):

(بڕ: تەجرید/ ٣ت – ١٤٩ – ز: ٥٠).

داکەوتە لە زمانا بەشتێ دەگوترێ کە لە کەسێ داکەوتبێ لە عورفی شەرعی شەریفدا برێتییە لە ماڵێ، یا لە تایبەتمەندێ (ئیختیصاصێ) کە خاوەن رێزو بایەخو نرخدار بێ، کە بەهۆی

بێئاگاییەوە لە شوێنێکا بەجێ مابێ کە شوێنی ئاسایی ئەوشتە نەبێ، بەو مەرجە ئەو کەسە کە شتەکە دەدۆزێتەوە خاوەنەکەی نەناسێو شتەکەیش بەهێز خۆی پێ ناپارێزێو بۆیەکێ لەم دوو مەبەستەیش هەڵی بگرێتەوە: یا بۆ پاراستنی یا بۆ کردنی بە ماڵ بۆ خۆی، بەڵام لەپاش جاڕدانی ناونیشانی بەشێوەی شەرعی.

سەر بەڵگەی ئەم باسە چەند فەرموودەیەکی ساغە. لە زەیدی کوڕی خالیدی ئەل - جوهەنییەوە - {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: هەر کەسێ گومبوویێ بدۆزێتەوەو حەشاری بداو ناونیشانی وەك شەریعەت دەفەرموێ: هەڵ نەدا، ئەوە خۆشی ڕێی ڕاستی گوم کردووە (موسلیم/ ئەحمەد) دیسان زەید فەرمووی: پیاوێ هاتە خزمەت حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} عەرزی کرد: حوکمی ماڵی دۆزراوە، وەك زێڕو زیو چییە؟ فەرمووی: پریاسکەو بوخچەو دەمبینەکەی نیشانە بکە. وە هەتا ساڵێ ناونیشانی هەڵبدە، جا ئەگەر لەو ماوەیەدا خاوەنەکەی پەیدابوو ئەوە بیدەرەوە پێی، ئەگینا چی لێ دەکەی بیکە، بەڵام ئەگەر ناونیشانیت هەڵ نەدا ئەوا لەلای خۆت بیهێڵەرەوە، وە داینێ بە سپاردە لەلای خۆت، ئیتر هەرکاتێ ڕۆژێ لە ڕۆژان خاوەنی هاتو داوای کردەوە بیدەرەوە پێی. پیاوەکە گوتی: ئەی بڕیاری وشتری بزربوو چییە؟ فەرمووی: دەخڵت نەبێ بەسەریەوەو دەخڵی مەکە، ئەو کوندەو پێڵاوی خۆی پێیە، بۆ خۆی ئاوی دەخواتەوەو دەلەوەڕێ، هەتا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە! پرسیار کەرەکە لیشی پرسیو گوتی: ئەی بڕیاری بزنو مەڕی ونبوو چییە؟ فەرمووی: ئەگەر تۆ نەیبەیتو خاوەنەکەی نەیدۆزێتەوە دیارە گورگ دەیخوا! (شەیخان).

بڕیارەکەی:

موسـولمانان بـه یـەکرا دەفـەرموون: هەلگرتنـەوەی دۆزراوە دروستە. بەلام ئایا سوننەتە یا پێویستە؟ تەماشا دەکرێ: ئەگەر ماڵ دۆزەرەوە بەدکار بوو قەدەغە دەکرێ لە هەلگرتنی، تەنانەت ئەگەر بەدکار (فاسق) دۆزراوەیەکی هەلگرتەوە قازی لێی دەستێنێتەوە، وەك ماڵی منالی خۆیشی لێ دەستێنێتەوە: بەلام ئەگەر ماڵ دۆزەرەوە ئازادو فامیدە بوو، وە لەخۆی دڵنیابوو کە ناپاکی لێ ناکاو حەشاری نادا، ئەوە لەم حالەدا حوکمەکەی ئاوایە:

یەکەم: ئەگەر لە شوێنێکی ئەمینا دۆزییەوە، کە مەترسی فەوتانی نەبوو، چونکە خەلکەکەی دەسپاكو ئەمیندار بوون، لە هەمانکاتدا ئەو جێگەیە نە ملکی کەسێ بوو، وە نە خاکی دوژمنی ئیسلام بوو، کە پێی دەگوترێ داری حەرب، ئەوە وا باشە بۆی کە هەلی بگرێ بەپێی ئەم حەدیثە (خوا لە پشتی ئەو بەندەیە کە پشتی برای دەگرێ).

دووەم: ئەگەر لە جێگەیەکی وادا دۆزییەوە کە دڵنیانەبوو لە نەفەوتانی، ئەوە پێویستە لەسەری کە هەلی بگرێ، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: {وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ – سورة التوبة – ٧١/٩} واتە: بڕواداران، نێرو مێیان، لەناو خۆیانا، پشتو پەنای یەکترین، دەشێ چاو دێری بەرژەوەندی یەکتری بکەن). لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەم راستەقینەیە دەردەکەوێ: هەروەکوو چۆن پێویستە لەسەر هەقداری هەتیو ماڵو سامانی بە جوانی بپارێزێ ئاوایش

پێویسته لەسەر هەموو موسوڵمانێ کە سەرو ماڵو نامووسی هەموو موسوڵمانێکی تر بپارێزێ، چونکه موسوڵمان هەقداری موسوڵمانه، هەرکامیان حازر نەبوون ئەوی تریان پاسەوانی سەرو ماڵو نامووسیەتی.

سەرەڕای ئەوەیش دەبێ ماڵ دۆزەرەوه لە خۆی دڵنیا بێ کە هەرکاتێ خاوەنەکەی پەیدابوو بیداتەوه دەستی، بە مەرجێ بیناسێتەوەو ناونیشانی هەڵبدا، دەنا نابێ هەڵی بگرێتەوه. گوتراویشه: لە سەری نیه لە هیچ بارێکا کە هەڵی بگرێ، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە کە هەڵگرتنەوه سوننەته، چونکه هەڵگرتنەوەی دۆزراو یا ئەمانەتە، یا کاسپییە، ئەو دووەیش هیچ کامیان واجیبو پێویست نین. ئەمە قسەمان لەوەیە کە لە چۆڵەوانیو وێرانەو سەرە رێشت بدۆزێتەوه ئەمە حوکمەکەی بوو، دەنا ئەگەر لەناو ملکی کەسێکا دۆزییەوه ئەوە دروست نیه بۆی هەڵی بگرێ، چونکه وادەردەکەوێ کەهی خاوەن ملکەکه بێ.

ئەو زانیارییەی لە بارەی داکەوتەوه پێویسته :

پێویسته لەسەر ئەو کەسە کە شتێ دەدۆزێتەوه دەفرو پریاسکەو دەرگا بێنو جۆرو ژمارەو کێشی بزانێو ئەوجا لە جێگەی ئاسایی خۆیا هەڵی بگرێ. زانینی پریاسکەو دەرگابێنەکەی بەپێی ئەو فەرموودەی کە رابوورد لە سەرەتای باسەکەوه، زانینی ژمارەکەی بەپێی ئەم فەرموودەیەی بوخارییە کە ئەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پریاسکەیەکم دۆزییەوه سەد دیناری زێڕی تیادا بوو. بردم بۆ خزمەت پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: یەك ساڵ ناوو نیشانی هەڵدە. جا

یەك ساڵ ناونیشانیم هەڵدا، ئەوجا چوومەوە خزمەتی، فەرموویەوە: ساڵێکی تریش ناونیشانی هەڵدە. منیش وامکردو دیسان چوومەوە خزمەتی، فەرموویەوە: ساڵێکی تریش ناونیشانی هەڵبدە. منیش وامکرد لە جاری چوارەما فەرمووی: ژمارەکەی بزانەو دەرگابێنەکەی نیشانە بکە، جا ئەگەر خاوەنەکەی پەیدابوو ئەوە هی خۆیەتی دەنا بیکە بە هی خۆت. زانینی نیشانەکانی تریشی بەقیاس لەسەر ئەم نیشانانە، چونکە بەوانیش دەق وەك ئەمان شتەکە دەناسرێتەوە، بۆیەیش دەبێ لە جێگەی ئاسایی پاراستنی وێنەی خۆیدا هەڵبگیرێ چونکە سپاردەیە، هەموو سپاردەیەکیش ئاوایە.

ئەگەر ویستی بیکا بەماڵی خۆی:

شت دۆزەرەوە ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو کە شتەکە ئاگاداری بکا بۆ خاوەنی هەتا پەیدا دەبێ ئەوە پێویست نیە لەسەری بانگەوازی بۆ بکا، بەڵام ئەگەر نیازی هەبوو کە بیکا بەهی خۆی ئەوە دەبێ بە لایەنی کەمەوە یەك ساڵ ناونیشانی هەڵبدا، بەپێی فەرموودەکەی پێشەوە. جاڕدانیش دەبێ لە بەردەرگای مزگەوتدا بێ، لەکاتی هاتنەدەرەوەی خەڵکەکەدا، وە لەناو بازاڕدا، کەجێ گومانی کۆبوونەوەیە، وە لەو شوێنەدا کە تیادا دۆزراوەتەوە، چونکە خاوەنەکەی ئەوێی بۆ دەگەڕێ. چونێتی جاڕدانیش لەسەر ئەم شێوەیە: بڵێ: کێ شتی لێ بزربووە؟ وا سوننەتە هەندێ نیشانەی بڵێ، بەڵام نابێ گشت نیشانەکانی هەڵبدا، دەنا ئەگەر درۆزنێ گردی بەهی خۆی ئەوە دەبێ بە دەستەبەری، مەرج نیە سەرومڕ ساڵەکە هەر جاڕبدا، بەڵکوو لە سەرەتاوە هەموو رۆژێ سێ جار

بانگەواز هەڵ بدا لەپاشا هەموو رۆژێ یەکجار، لە پاشا هەموو حەفتەیێ یەك جا، لەپاشا لە گشت مانگێکا یەك جار، لەسەر شێوەیەکی وا دووبارەی بکاتەوە کە لەبیر نەچێتەوە هەتا ساڵەکە تەواو دەبێ.

بەڵام ئەگەر شتێکی وای درۆزییەوە کە نەدەکرا بەماڵ ئەوە جاڕی بۆ هەڵنادا، ئەگەر دەکرا بەماڵ، بەڵام کەمبوو، ئەوە ئەوەندە ناونیشانی هەڵدەدا کە بەزەینی زوربەی کات خاوەنی لەوەدوا بۆیناگەڕێ، کە ئەوەیە خاوەنەکەی زۆر بۆی پەرۆش نەبێو زۆر بە دوایا نەگەڕێ. جا پاش ئەوە کە بانگەوازی بایەخداری بۆ کرد، وەخاوەنەکەی پەیدانەبوو، وە ویستی بیکا بەهی خۆی دەبێ بەهی خۆی، کە کردی بەهی خۆی دەبێ بە قەرز بەسەریەوە، ئەگەر دنیا بوو خاوەنەکەی پەیدابوو، ئەگەر دۆزراوەکە وێنەدار بوو بلام نەمابوو ئەوە، دەبێ بەدەستەبەری وێنەکەی. دەنا دەبێ بە دەستەبەری نرخەکەی بەپێی نرخی ئەو رۆژەی کە تیادا کردوویەتی بە ماڵی خۆی، ئەگەر خودی دۆزراوەکە مابوو، وە نەنگداریش نەبوو بوو ئەوە دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

بەشەکانی داکەوتوو:

داکەوتوو دەبێ بە چوار بەشەوە:

یەکەم: ئەوەیە کە هەمیشە دەمێنێ، وەك زێڕو زیوو شتی تری وا، حوکمەکەی ئەوەیە یەك ساڵ ناونیشانی لەسەر شێوەی پێشەوە هەڵبدا.

دووەم: ئەوەیە ئەگەر دۆزراوەکە زۆر نەدەمایەوە سەرنج دەدەین: ئەگەر زوو خراپ دەبوو، وەك کەبابو تکەو شووتیو کاڵەكو سەوزەواتو فەریکە خورمایێ کە نەکرێ بە خورما، ئەوە دۆزەرەوەکەی دەکرێ بە سەپشك لە نێوانی ئەوەدا کە بیخواتو بەهاکەی دەستەبەربێ، یا بیفرۆشێو بەهاکەی وەربگرێو لە پاش ناونیشان هەڵدانی ئاسایی بەپێی حاڵ تەصەروفی تیادا بکا، چونکە بەهاکەی لە شوێنی دۆزراوەکەیە، ئەگەر نیشانی هەڵنەدات دەبێ بە دەستەبەریو، ئەمانەت دەبێ لە دەستیدا. بەڵام ئەگەر دۆزراوەکە زووخراپ نەدەبوو، وە قابیلی ئەوە بوو کە چاك بکرێ، وەك رووتابێ کە بکرێ بە خورما، یا ترێیەك بکرێ بە مێووژ، یا شیرێ بکرێ بە پەنیر، یا شتی تری وا، ئەوە لەکاتی وادا سەیری بەرژەوەندی خاوەنەکەی دەکرێ، ئەگەر بەرژەوەندی خاوەنەکەی لە فرۆشتنیدابوو ئەوە دەفرۆشرێ، ئەگەر لە وشك کردنەوەدا بوو ئەوە وشك دەکرێتەوە. جا ئەگەر دۆزەرەوەکەی بە پیاوەتی وشکی کردەوە ئەوا باشە، دەنا دەبێ هەندێکی لێ بفرۆشێ بۆ مەسرەفی وشك کردنەوەکەی چونکە بەرژەوەندی خاوەنەکەی لەوەدایە. بەڵام ئەم درێژەپێدانە بۆ غەیری ئاژەڵو گیانلەبەرانە، چونکە وڵساتو ماڵات دەبێ هەمووی بفرۆشرێ لەبەر ئەوەی مەسرەفی حەیوانات پەیتاپەیتا دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیش دەبێ بەهۆی ئەوەکە ماڵەکە بە مەسرەف لێکردنی تەواو بێ.

سێیەم: دۆزراوی وا هەیە پێویستی بە مەسرەف هەیە وەك وڵسو ماڵات (حەیوان) حەیوانیش لەسەر دووجۆرە:

۱) **جۆری یەکەم بێهێزە:** ئەوەندە هێزی نیە کە خۆی پێ رزگار بکا لە وردە درِندە، وەك مەرِو بزنو گوێرەکەو بەچکە وشتر، وشترو رەشەوڵاخ ئەگەر سەقەت بوون باگەورەیش بن لە ریزی بێهێزن، ئەم جۆرە بۆی هەیە دەستی بەسەردا بگرێ، بە نیازی گردن بە ماڵ، چونکە ئەگەر هەڵی نەگرێتەوە، لە نێوانی ئێمەو درِندەدا دەفەوتێ، دووریش نیە دەسپیسێ بیبا بۆ خۆی، لەبەر ئەم مەبەستەیە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بزنو مەرِی گومبوو یا بۆ تۆیە کە دەیدۆزێتەوە، یا بۆ خاوەنەکەیەتی کە برای تۆیە، یا بۆ گورگە. جا ئەو کەسەی ئەم جۆرە گیانلەبەرە هەڵ دەگرێ خۆی سەرپشکە کە یەکێ لەم سێ شتە بکا:

یەکەم: دەست بەجێ بیخواو هەرکاتێ خاوەنەکەی دەرکەوت قیمەتەکەی ببژێرێ بۆی.

دووەم: رای بگرێو بە پیاوەتی بە خێوی بکاو مەسرەفی بکێشێ.

سێیەم: دەس بەجێ بیفرۆشێو بەهاکەی هەڵبگرێ.

۲) **جۆری دووەم:** ئەوەیە کە ئەوەندە هێزو توانای هەبێ خۆی پێ بپارێزێ لەوردە درِندە، خواە بە هێز خۆی بپارێزێ وەك وشتر، یا بە راکردن خۆی قوتار بکا وەك وڵاخی بەرزە، هێسترو گوێدرێژیش هەروا، یا بەفرِین خۆی دەرباز بکا، وەك کۆترو شتی وا. جا ئەگەر لە جۆڵەوانی ئەم جۆرە گیانلەبەرەی دۆزییەوە. بۆی نیە بە نیازی کردن بە موڵك هەڵی بگرێ، بەس دروستە بە نیازی پاراستن هەڵی بگرێ، چونکە پێغەبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە بارەی هەڵگرتنەوەی وشتری گومبووەوە بە

پرسیار کەرەکەی فەرموو: هەقت نەبێ بەسەریەوە، ئەو پێڵاوو جەوەندەی خۆی پێیە هەتا کۆتایی فەرموودەکە. فەرموودەکە دەقە لەسەر وشتر، ئەوەیش لە ریزی وشتردایە بە قیاس لەسەر ئەو.

کەواتە: ئەگەر بە نیازی کردن بە ماڵ هەڵی گرت، هەر کاتێ فەوتا دەبێ بە دەستەبەر، چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیی کردووە لە هەڵگرتنەوە لەکاتی وادا، ئەوەتا دەفەرموێ: هەقت نەبێ بەسەریەوە.. تا دوایی، کەواتە هەڵگرتنەوە لەکاتی وادا دادەنرێ بە کەمتەرخەمی، کەمتەرخەمیش دەبێ بەهۆی دەستەبەربوون، بەڵام ئەگەر لەناو ئاوەدانیدا ئەم جۆرە گیانلەبەرەی دۆزییەوە، ئەوە بە ئارەزووی خۆیەتی، دەتوانێ بە نیازی کردن بە ماڵ هەڵی بگرێ، وەدەتوانێ بە نیازی پاراستن هەڵی بگرێ، جیایی لە نێوانی بیابانو ئاوەدانیدا ئەوەیە: ئەم جۆرە ئاژەڵە لەناو ئاوەدانیدا دەستی گشت کەسێکی پێدەگا، لەبەر ئەوە لە وەزەنی دەستپیس رزگاری نابێ، کەواتە هەتا زووە بەرژەوەندی خاوەنەکەی وادەخوازێ کە لە دەستێکی ئەمیندابێ باشترە، بە پێچەوانەی بیابانەوە، چونکە کەمتر خەڵك رێی تێدەکەوێ، سەرەرای ئەوەیش ئەم جۆرە گیانلەبەرە لە چۆڵەوانی هەوەجێی بەکەس نیە، خۆی بەخێو دەکا، لەوەڕ دەخواو ئاو دەخواتەوە. ئەوەندە هەیە ئەم راجیاییە کاتێ جێگەی خۆیەتی کە دنیا ئەمنو ئاسایش بێ، بەڵام ئەگەر کات کاتی تاڵانو بڕۆ راوو رووت بوو ئەوە جیایی نیە لە نێوانی چۆڵەوانیو ئاوەدانیدا، لەهەر دوولادا وەك یەك هەڵگرتنەوە بەهەر دوو نیازەکە دروستە.

ئەگەر دنیابوو دووکەس داکەوتەیەکیان بە یەکەوە دۆزییەوە، ئەوە هەردووکیان ناونیشانی هەڵدەدەن، وە دەیکەن بەماڵی خۆیان، کەسیشیان مافی ئەوەی نیە کە مافەکەی خۆی نەقڵ بکا بۆ هاوڕێکەی یا بۆ کەسێکی تر.

لاباسێ:

لەکاتی درەوکردندا گوڵەوەچینیو هێشووکردن لەم حاڵانەدا دروستە: ئەگەر خاوەنەکەی ڕەزای لەسەر بوو، یا ئەندازەیەکی وابوو کە خاوەنەکەی بۆی سەخڵەت نەدەبوو، یا خاوەنەکەی نەیدەچنییەوەو دەس بەرداری بوو بوو، بەڵام ئەگەر ئەندازەیەکی وابوو کە خاوەنەکەی بۆی سەخڵەت دەبوو، یا خۆی دەیچنییەوە ئەوە دروست نیە بۆ بێگانە کە بیچنێتەوە[1]!.

---

[1] لە عیبارەتی ئەصڵەکەدا ئاڵۆزیو هەڵەی چاپ هەبوو، سەرەڕای ئیهامی پێچەوانەی مەبەست ئەمە تەرجەمەی دەقی (كفاية الاخيار)ەکەیە. ئەمە عیبارەتی ئەصڵەکەیە: (ولا يجوز التقاط السنابل وقت الحصاد اذا يأذن فيها مالكها، أو كان قادرا؟ يشق عليه التقاطه، أو كان يلتقطه بنفسه. فاذا أذن مالكها بالالتقاط جاز) دیارە کەخۆی: (أو كان قدرا يشق عليه التقاطه) وە، بەپێی (کفایة) کە لەم سێ کاتەدا گوڵە وەچنی دروستە: کەم بێ، یا ئیزنی صەریحیش نەبێ، کەم بێ یا زۆر بێ، بەڵام خاوەنەکەی دەست بەرداری بووبێ، یا ڕێگەپێدانی ئاشکرایش نەبێ، کەم بێ یا زۆربێ بە مەرجێ خاوەنەکەی رازی لەسەر بێ، لەم دوو کاتەیشا دروست نیە، کەم بێ یا زۆر بێ وە خۆی بیچنێتەوە، زۆر بێ یا کەم بێ وەخاوەنەکەی ڕەزای لەسەر نەبێ. دەی دەقی ئەصڵەکە نەمانیعەو نە جامیعە بۆ ئەم بەشانە، چونکە پوختەکەی ئەمەیە:

٢٤١) منالّی فڕێدراو (لقيط):

منالّی هەلگیراوە، یا منداڵی دۆزراوە، بە هەموو منداڵێکی فڕێدراو دەگوترێ، کە سەرپەرشتیارێکی نەبێ، کە ببێ بەدەستەبەری گوزەرانی، جا خواە فامیدەبێ یانا، چونکە فامیدەیش وەك نافامیدە هەوەجێی بەسەر پەرشتیکردن هەیە، بە وشەی منداڵ رەسیدە دەردەچێ، چونکە پێویستی بە پەروەردەو سەرپەرشتیکردن نیە، بە وشەی دۆزراوە منالّی تری بێ باوكو بێ باپیرو بێ سەرپەرشتیار دەردەچێ، چونکە ئاگاداری منداڵی وا لە پیشەی قازییە، چونکە قازی بەپێی نامەی خوای داناو زاناو، بەپێی سوننەتی پێغەمبەرە نازدرەکەی مەودای ئەوەی هەیە کە بۆ ئەم جۆرە منالّەو بۆ هەموو کەسێکی نەتوانای زەبوون مایەی بەخێوکردنیان بۆ فەراهەم بێنێ، مەبەست لە سەرپەرشتیکار باوكو باپیرەو ئەو کەسەیە کە شوێنی باوكو باپیرە بگرێتەوە.

بڕیارەکەی:

هەلگرتنی منداڵی فڕێدراو فەرزی کیفایەیە، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى - سورة المائدة - ٢/٥ ➡}

گوڵەوەچنی دروست نییە ئەگەر خۆی دەیچنییەوە، ئەگەر رەزای لەسەر نەبوو، بەلاّم دروستە ئەگەر خاوەنەکەی رەزای لەسەربوو، مەبەست لەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەمەیە: (عیبارەتی پەڕاوی شەرع، کاتێ جێگەی متمانە دەبێ، کە کەمو کوڕی زۆرو پەلەپەلی پێوە دیار نەبێ). - وەرگێڕ-

وه لەبەر ئەوەیش کە هیچ نەبێ ئادەمیزادەو قەدرو ڕێزی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە بەهۆی پەروەردەکردنەوە گیانی بپارێزرێو چارەسەری حاڵی بکرێ، دەق وەك ناچاری لێقەوماو، بگرە ئەم شیاوترە بە چاودێری، چونکە ناچاری ڕەسیدە ڕەنگە بە فێڵێ خۆی دەرباز بکا، بەڵام منداڵ سەر بەهیچ لایەکا دەرناکا.

جا هەرکاتێ کەسێ کە مەرجی بەخێوکردنی تیادا بوو، منداڵێکی ئاوای هەڵگرت، ئەوە خێرێکی گەورەی دەگاو، گوناهی سەرتیاچوونی ئەو منداڵە لە کۆڵ هەموان دەکەوێ، دەنا هەم ئەوو هەم گشت کەسێ کە پێی بزانێ لە خەڵکی ئەو ناوچەیە تاوانبار دەبن بەهۆی سەرتیاچوونی کەسێکی ڕێزدارەوە.

مەرجی ئەو کەسەی کە مافی هەیە هەڵی بگرێ:

منداڵ هەڵگر دەبێ ئەم چەند مەرجەی تیادابێ:

یەکەم: دەبێ ئەرك لەسەربێ، واتە: موکەللەف بێ کەواتە هەڵگرتنی منداڵو شێت دانامەزرێ.

دووەم: دەبێ ئازادبێ، کەواتە بەندە بۆی نیە منداڵ هەڵبگرێ، چونکە هەڵگرتنی منداڵ هەقدارییە، کۆیلەیش ئەهلی ئەو هەقدارییە نیە، تەنانەت ئەگەر کۆیلەیێ منداڵێکی هەڵگرت لێی دەسەنرێتەوە، مەگەر ئاغاکەی ڕێگەی ئەوەی پێبدا، یا دادوەر بیهێڵێتەوە لە دەستیدا.

سێیەم: مەرجی ئیسلامە، بێبڕوا نابێ منداڵی موسوڵمانی فڕێدراو هەڵبگرێ، چونکە وەك گوتمان هەڵگرتنی منداڵ هەقداریو

خاوەنایەتییە، دەی بێبڕوا شیاوی ئەوە نیەو کافر نابێ بە هەقدارو بە خاوەنی موسوڵمان. بەڵی بێبڕوا بۆی هەیە بێبڕوای منداڵ هەڵبگرێ، بەهەرحاڵ موسوڵمان بۆی هەیە ئەو منداڵە هەڵبگرێ، کە حوکم بە کوفری دەکرێ، چونکە ئەم هەقی سەروەریو سەرداریو هەقداری هەیە بەسەر بێبڕواوە.

چوارەم: دادپەروەرییە، بەدکار (فاسق) بۆی نیە منداڵ هەڵبگرێ.

پێنجەم: خاوەن فام بێ، مرۆی دەستبڵاوی حیجر لەسەر بۆی نیە منداڵی فڕێدراو هەڵبگرێ، گریمان هەڵیشی بگرێ ناهێڵرێتەوە لە دەستیدا.

ئەو ماڵەی کە لەگەڵ ئەم منداڵە بێ، بۆ کێیەو چی لێدەکرێ؟:

هەر ماڵی لەگەڵ منداڵی دۆزراوەدابێ بەهی خۆی دادەنرێ، ژیواری لێی دابین دەکرێ، چونکە منداڵ ئەگەر لەژێر چاودێری باوکیشادا بەخێوبکرێ، ئەگەر ماڵی هەبێ، ژێواری لەسەر خۆیەتی، دەی لەکاتی وادا زیاتر ژێواری لەسەر خۆیەتی. ماڵی خۆشی وەك جلو بەرگو کەلو پەلو نوێنەکەیو پارەپوولو شمەکێ کە لە باخەڵی دابێ، یا پێوەی شەتەك درابێ، یا وەك ولاخێ جڵەوەکەی بە دەستیەوە بێ، وەك ئەو چاتۆڵەی کە منداڵەکەی تیادا بدۆزێتەوە، یا وەك ئەو چاتۆڵەی کە منداڵەکەی تیادا بدۆزێتەوە، یا وەك ئەو خانووەی کەهەر خۆی تیادابێ، باخیش هەروا، ئەوەی کە مەسرەفی بۆ دەکا لەو ماڵە فەرمانڕەوایە، چونکە ئەو هەقداری ئەو کەسانەیە کە هەقدرای تریان نیە، منداڵ

هەلگریش لەسەر فەرمانی قازی بۆی هەیە لەو ماڵە مەسرەفی بۆ بکا، جا ئەگەر فەرمانڕەوا نەبوو دەبێ شایەت بگرێ لەسەر ئەوەی کە بۆی خەرج دەکا، دەنا ئەگەر شایەت نەگرێ هەرچی لەو ماڵە سەرف بکا بۆی دەبێ بە دەستەبەری. گوتراویشە: بەبێ فەرمانی قازیش لە ماڵی مناڵەکە خۆی ژێواری بۆ دابین بکا نابێ بە دەستەبەر.

بەلام ئەگەر مناڵەکە خۆی ماڵی نەبوو، ژیواری لەسەر بەیتولمالە، چونکە ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) لە بارەی بەخێوکردنی فڕێدراوەوە، پرس و رای بە هاوڕێیان کرد، بەیەك دەنگ و بەیەك را فەرموویان: ژیواری لەسەر بەیتولمالە، لەبەر ئەوەیش گەورەی ڕەسیدەی نەدارایش ژێواری لەسەر بەیتولمالە، دەی مناڵ هەقی ئەوەی زیاتر هەیە کە ژیواری لەسەر بەیتولمال بێ. ئەگەر دەوڵەمەندو هەژارێ بە یەکەوە فڕێدراوێکیان هەلگرتەوە، دەوڵەمەندەکە پێش دەخرێ، چونکە لە بارەیدا هەیە کە لەکاتی پێویستدا یاریدەی سامانی بدات[1].

---

[1] ئەمە عیبارەتی ئەصڵەکەیە کە زەین بە هەڵدا دەبا: (فان وجد مع اللقيط مال كالثياب والفرش وما يكون في جيبه أو شد عليه أو دابة عنانها بيده أو وجد في خيمته، أو في دار ليس فيها غيره أو في بستان كذلك.. ألخ) دەتوانین بلێین هەتا ولاخەکە ئەم دەقە باشە، گەرچی بێ پێزی پێوە دیارە، بەلام (أو وجد في خيمته) وەك مەتەڵ وایە هەڵهێنانەکەی ئەمەیە کە لە کیفایەکەدا دەفەرموێ: (ولو كان اللقيط في خيمته فهي له). ئەمەیش لە موغنی موحتاجدا باقی مەدەنی ئەم مەتەڵەمان بۆحەل دەکا کە دەفەرموێ؛ (وان وجد اللقيط في دار فهي له، لليد ولا مزاحم.. ولا يحكم له ببستان وجد فيه.. لان سكناها تصرف والحصول في البستان ليس تصرفا ولا سكنى) لە

٢٤٢) باسی سپارده (وەدیعه):

سپاره ناوه بۆ زات (عەین)یّ خاوەنەکەی یا جیٚگری خاوەنەکەی لەلای کەسیّ بە ئەمانەت دایبنیّ، هەتا ئاگاداری بکا، سەربەلّگە لەم بابەتەدا نامەی خواو ریٚگەی رەهبەره. خوای گەوره دەفەرمویّ: {فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ - سورة البقرة - ٢٨٣/٤٢} وه دەفەرمویّ: {أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَات إِلَى أَهْلِهَا - سوره النساو - ٥٨/٤} ئەوەتا یەزدانی پاك لەم دوو ئایەتەدا فەرمان دەکا بە دانەری سپارده بە خاوەنی، پیٚغەمبەریش (درودی خوای لەسەربیٚ) دەفەرمویّ: سپارده بەسەر راستی بدەرەوه دەست ئەو کەسە کە دەستپاكو متمانە پیٚکراوی داناوی، گزیو ناپاکیش لە کەس مەکە، تەنانەت لەو کەسەیش کە گزیو ناپاکیت لیّ دەکا (ئەبو داوود) لە صەحیحەیندا دەفەرمویّ: خۆشەویست (درودی خوای لەسەربیّ) دەفەرمویّ: نیشانەی مرۆی ناپاك ئەم سیّ رەوشە ناشیرینەیە: هەرکاتیّ قسەی کرد درۆی زۆری تیابکا، هەرکاتیّ پەیمانی بەست،

راستیدا گەلیّ جار تەصەروفیٚکی زۆر خراپ لە ئەصلی ئەصلّەکەدا کراوه، اختصار جیایە لە اختزال، گەلیّ شویٚنی وا شەلّەقاوو شەلّەژاوه نە لەمەتن دەکاو نە لە شەرح، ئومیٚد دەکەم لە رەحمەتی خوا لەم تەرجەمەدا سەرکەوتوومان بفەرمویّ، هەتا ببیّ بەهۆی راستکردنەوەی هەلّەکانی ناو ئەم کتیٚبە پیرۆزە بەلّکوو ببیّ بەشەرحیٚکی کوردی بۆی.

چونکە لە راستیدا ئەم کتیٚبە ئەگەر تەحقیق بکریّو موراجەعە بکریٚتەوه، بۆ لای موسولّمان مانەندی کەمە. چونکە موسولّمانی بەتەمەن دەبیّ بەرەبەرە سەرچاوەی زانستی فرەوانتر بکا، چونکە قۆناغی سەرەتایی گەلیّ جیایە لە قۆناغی کۆتایی.

- وەرگیٚر -

پەیمانەکەی نەباتە سەرو هەمیشە پەیمان شکێن بێ، هەرکاتێ شتی پێ سپێررا دەسپیس‌و ناپاك دەرچێ، لە گێڕانەوەیەکی موسلیما ئەم زیادەیەیشی هەیە: با لەبەرچاوی خەڵك ڕۆژوویش بگرێ‌و نوێژیش بکاو خۆیشی بە موسوڵمان لەقەڵەم بدا). بەڵگەی پێداویستیی ئەو خەڵکەیش بە سپاردە پێ سپیاردن، لەوێ بوەستێ.

بڕیارەکەی:

ئەو کەسەی بتوانێ سپاردە بپارێزێ‌و لە هەمان کاتا باوەڕیشتی بە دەستپاکی‌و ئەمینداریی خۆی هەبێ ئەوە سوننەتە بۆی کە سپاردە وەربگرێ، چونکە خۆشەویست (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا لە پشتی ئەوبەندە باشەی خۆیەتی کە لەسەر حەق پشتی برای ئایینی خۆی دەگرێ. گریمان هەر ئەو هەبوو کە بتوانێ ئەو سپاردەیە وەربگرێ ئەوە دەبڕێ بە سەریا کە وەری بگرێ، ئەو کەسەیش کە سپاردەی پێ نەپارێزرێ حەرامە وەری بگرێ، ئەگەر دەیتوانی بەلام باوەڕی بە ئەمینیی خۆی نەبوو کە ڕاهەتی هەیە کە وەری بگرێ.

دەستەبەر نابێ مەگەر لەبەر کەمتەرخەمی:

سپاردە ئەمانەتە وا لە دەستی ئەمیندارا، وەك گشت سپاردەیەکی تر نابێ بە دەستەبەر، بەلام کەمتەرخەمی تیابکا، یا لە پاراستنیا کۆتایی بکا، دەبێ بە دەستەبەر، وەك ئەوە بەبێ فەرمانی خاوەنی لەلای کەسێکی تر بە ئەمانەت دایبنێ، یا خۆی بچێ بۆ سەفەرو بەجێی نەهێڵێ بۆ خاوەنەکەی، یا بۆ جێگری خاوەنەکەی، یا لە شوێنی داییبنێ

که جێگەی پاراستنی ئاسایی وێنەی خۆی بەبێ بەهانەی ڕەوا لەگەڵ خۆی بیبا بۆ سەفەر، یا لەکاتی نەخۆشینی مەترسێدارا وەسێت نەکا کە ئەو سپاردەیەی لەلایە، یا لەوکاتەدا کە دەسەڵاتداری سەروڵات زیندانی دەکا بۆ کوشتن ڕانەسپێرێ لە بارەیەوە، یا درێغی بکا لە باسکردنی، یا بەبێ فەرمانی خاوەنی سوودی لێ وەربگرێ، کە ئەوە دادەنرێ بە کەمتەرخەمیو درێغیکردن، یا دەربچێ لەو مەرجەی خاوەنەکەی دایناوە، جا لەهەر کام لەم شێوانەدا سپاردەکە فەوتا دەیبژێرێ، ئەگەر زۆرداری داوای سپاردەکەی لێکرد لە سەریەتی کە نەیداتێو حاشای لێبکاو بیشارێتەوە، بەو پەڕی تواناوە دەبێ بەرگری بکا، ئەگەر دەیتوانی بەرگری بکاو بە ئارەزوو نەیکرد ئەوە دەستەبەرە.

قسەی ئەمیندار دەخوات:

ئەگەر ئەمیندار بە خاوەن سپاردەی گوت: سپاردەکەتم پێداویتەوە، قسە قسەی ئەوە، بەمەرجێ سوێند بخوات، چونکە زاتی پاك دەفەرموێ: {فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ} ئەوەتا خودا فەرمان بە ئەمیندار دەکا کە بەبێ شایەت گرتن سپاردەکەی پێبداتەوە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە قسەی دەخوات، چونکە ئەگەر وانەبوایە پێی دەفەرموو کە شایەتی لێ بگرێ ئەوسا سپاردەکەی بداتەوە دەستی، وەك لەم ئایەتەی تردا ئامۆژگاری هەقداری هەتیو دەکا، کە کاتێ لە هەتیوی دەرچوون ماڵەکانیان پێ بدەنەوەو شایەتیان لێ بگرن لەسەر ئەوە، وەك دەفەرموێ: {فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُوا عَلَيْهِمْ – سورة النساء – ٤/٦}.

پێویسته لەسەری کە لە جێگەی پاراستنی ئەو جۆره شەتەدا دایبنێ، بۆ نموونە دراوو خشڵو گەوهەره بەهادارەکان لە قاسەو سندووقی قایما دادەنرێن، ناومالّ لەناو مالا دادەنرێ، بزنو مەڕ لە حەوشەی مالّو کۆزو گەوڕی خۆیاندا دادەنرێن. هەرکاتێ خاوەنەکەی داوای کردەوه، دەبێ بەبێ دواخستن بیداتەوه پێی، بەپێی ئەم فەرمایشتەی خوای گەوره: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا – سورة النساء – ٤/٥٨} واتە: ئەی موسولّمانینە! خودا فەرمانتان پێ دەکا کە هەموو جۆره سپاردەو ئەمانەتێ، بدەنەوه دەستی خاوەنی. جا هەر کاتێ بەبێ بیانوو دوایخستو فەوتا دەستەبەره، ئەگەر بیانووی ڕەوای هەبوو نابێ بە دەستەبەری.

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ خوا بە یارمەتی خوای گەورەو مەزن ئەمڕۆ کە شەممەیە، ڕێکەوتی (١٩٩٥/١١/١١) لە وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە موبارەکەیە بوومەوە، لە خودا داوادەکەم کە ئەم هەنگاوە بکا بە نۆبەرەیێ بۆم و بیکا بە بەرایی کۆششێکی پیرۆز، لە بواری تەرجەمەی فیقهدا، بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، چ بۆ من و چ بۆ گشت کەسێ کە پەرۆشی خزمەتی دین و خزمەتی میللەتی کوردبێ.

لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە:

١) لە کتێبە گەورەکاندا زاناکان بە باشی بەسەرو گوێلاکی یەکتردا دێن، لەکاتی گلەیی و ڕاستکردنەوەی هەڵەی یەکتریدا. گەلێ توندتر لەم گلەییانەی کە من لە مامۆستای پایەبەرزی ئەحمەد عیسا عاشوورم کردووە. لەبەر ئەوە نابێ ئەمەی من لەم بارەیەوە نووسیومە بە تانەو توانج لە قەڵەم بدرێ. عەللامەی عەینی، لە بەرگی یەکەمی عومدەتولقاریدا، لەکاتی شەرحی فەرموودەی: (ربَّ مبلَّغٍ أوعى من سامعٍ)دا رخنە لە بۆچوونی کرمانی و شێخ قوطبەدین دەگرێ و پێیان دەفەرموێ: قلت: کل منهما قد أبعد وتعسف! ئەمە مشتێکە لە خەرواری.

٢) بەپێی تەوانا بەندە پابەندی دەقی ئەصڵەکە بووم و لەزۆر شوێنیش کە قسەکان بۆنی بازێ شتی لێ هاتبێ کە لەگەڵ مەشرەبی

خۆمدا ڕێ نەکەوتبێ، ناچار بووم دەقەکە بە جوانی تەرجەمە بکەم. بەڵام ئەوە مەعنای وانییە کە من ئەورایە پەشەند دەکەم.

٣) لەخوا بەزیادبێ ئەم وەرگەڕانە باشترین شەرحو شیکردنەوەیە بۆ تێگەیشتن لە (كفاية الاخيار) و (الفقه الميسر).

بەڵێ بۆ فێربوونی ئەم دووکتێبە فەقێ دەتوانێ ئەم وەرگەڕاوە کوردییە بکا بە مامۆستای خۆی. بەڵام ئەمە مەعنای وانیە کە مەلاو فەقێ بەم تەرجەمانە بێ نیاز ببن لە دیراسەی عولومی شەیعەت بە عەرەبی، نەء، ئەو بۆچوونە هەڵیە، پێویستە لەسەر مەلاو فەقێ زانستە شەرعییەکان، وەك جاران بە عەرەبی بخوێنن.

٤) تکا لە هەموو مامۆستاو خوێنەواران و ئەدیبان دەکەم، کە بەبێ لە بارابوونی تەواو پەلاماری تەرجەمەو دانانی کتێبی گەورەی ئایینی نەدەن، چونکە وەرگەڕانی شرم پرم، کتێبی بێ سەرو بەر، هەم ئەصڵەکە، هەم بابەتەکە، هە زمانەکە، لە بەرچاو دەخا.

غفر الله لي ولوالدي ولسائر المسلمين، وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

في كنفٍ ظلعَّلهُ القرآن   اظل نجلي (كاوة) يا رحمان

وصلى الله تعالى على سيدنا محمد وآله وصحبه وسلم.

وەرگێڕ

نوری فارس حمی خان حەسەن

سلێمانی (خانووی زابتەکان)

گەڕەکی مامۆستایان.

فهرس المواضيع

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
*	پێشەکی...	٣-٨
١.	پاکی - الطهارە	٩-١١
٢.	بەشەکانی ئاو	١١-١٦
٣.	حوکمی ئاوی بەرماوە	١٦-١٨
٤.	پێستی مردار	١٩-٢٠
٥.	ئێسكو مووی مردار	٢٠-٢٢
٦.	بەکارهێنانو راگرتنی قاپو قاچاغ	٢٢-٢٤
٧.	سیواك	٢٤-٢٦
٨.	دەستنوێژ	٢٦-٣٠
٩.	سوننەتەکانی دەستنوێژ	٣٠-٣٦
١٠.	تاراتگرتن: خۆ پاکردنەوە	٣٦-٣٨
١١.	دەستووری سەراوکردن	٣٨-٤٣
١٢.	هۆکانی بێ دەستنوێژی	٤٤-٤٩
١٣.	یاسایەکی شەرعزانی (قاعدة فقهية)	٤٩-٥٠
١٤.	خۆشۆردن - غوسڵ	٥٠-٥٣
١٥.	فەرزەکانی خۆشۆردن	٥٣-٥٥
١٦.	سوننەتەکانی خۆشۆردن	٥٥-٥٧
١٧.	هەڵماڵینی شەرمگا لەکاتی خۆشۆردندا	٥٨
١٨.	خۆشۆردن سوننەتەکان	٥٩-٦٥
١٩.	دەستی تەڕهێنان بەسەر خوفف (سۆل)دا	٦٥
٢٠.	مەرجەکانی دەسپیاهێنانی سۆل	٦٦-٦٧

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٢١.	ماوەی دەسپیاهێنان: (مدة المسح)	٦٧-٦٨
٢٢.	سەرەتای ماوەی دەسپیاهێنان	٦٨-٦٩
٢٣.	چۆنیەتیی دەسپیاهێنان	٦٩-٧٠
٢٤.	چی دەسپیاهێنان پووچ دەکاتەوە	٧٠-٧١
٢٥.	تەیەممom	٧١-٧٢
٢٦.	یاسای دروستبوونی تەیەمووم	٧٢-٧٤
٢٧.	مەرجەکانی دامەزرانی تەیەمووم	٧٤-٧٩
٢٨.	فەرزەکانی تەیەممom	٧٩-٨١
٢٩.	سوننەتەکانی تەیەمووم	٨١-٨٢
٣٠.	بەچی تەیەممom پووچ دەبێتەوە؟	٨٢-٨٣
٣١.	دەسهێنان بەسەر تەتەو موشەممادا	٨٣-٨٥
٣٢.	پێویستە بۆ هەموو فەرزێ تەیەمومێ بکا	٨٥-٨٧
٣٣.	باسی پیسی – النجاسە	٨٧-٨٨
٣٤.	حوکمی ئەو پارچەیەی کە لەناو لەشی گیاندارەوە جیا دەبێتەوە	٨٨-٩١
٣٥.	شۆردنی پیسی	٩١-٩٣
٣٦.	بڕیار (حوکم)ی گیانداری لەناو شتی شلدا بمرێ	٩٣-٩٤
٣٧.	بڕیاری پاکی و پیسی گیاندار لەکاتی ژیانیدا	٩٤-٩٥
٣٨.	بڕیاری پاکی و پیسی مردارەوەبوو	٩٥-٩٧
٣٩.	پاککردنەوەی گڵاوی سەگ و بەراز	٩٧-٩٨
٤٠.	پاککردنەوەی مەی بەوە دەبێ کە ببێ بە سرکە	٩٩-١٠٠
٤١.	چاوپۆشیکردن لە هەندێ پیسی	١٠٠-١٠٢
٤٢.	بێنوێژی و زەیستانی و هەمیشە بێنوێژی	١٠٢-١٠٤

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
		١٠٦-١٠٥
٤٣.	زەیستانی (النفاس)	١٠٩-١٠٦
٤٤.	هەمیشە بێنوێژی (الاستحاضە)	١١٠
٤٥.	لای خواروی سالی بێنوێژی	١١١-١١٠
٤٦.	ماوەی مانەوەی کۆرپەلە لە سکی دایکیا	١١٨-١١٢
٤٧.	ئەوەی لەکاتی بێنوێژیو زەیستانیدا نادروستە	١٢٠-١١٨
٤٨.	ئەوەی بۆ لەشپیس نادروستە	١٢٢-١٢٠
٤٩.	ئەوەی بۆ بێ دەسنوێژ نادروستە	١٢٣
٥٠.	دەستدان لە قورئان لەبەر فێربوونو فێرکردن	١٢٣١٢٤
٥١.	نوێژ (الصلاة)	١٣٠-١٢٥
٥٢.	کاتەکانی نوێژ	١٣٢-١٣١
٥٣.	مەرجەکانی پێویستبوونی نوێژ	١٣٢
٥٤.	مەرجی دامەزراندنی نوێژ	١٣٨-١٣٣
٥٥.	مەرجی دامەزراندنی نوێژ ئەم پێنجەن:	١٤٢-١٣٨
٥٦.	روو نەکردنە رووگە لە دوو کاتدا دروستە	١٥٠-١٤٢
٥٧.	روکنەکانی نوێژ	١٥٨-١٥٠
٥٨.	گەورەیی فاتیحە لەچاو هینی تردا	١٦٠-١٥٨
٥٩.	ئەو شتانەی لە پێش دەستکردن بە نوێژ سوننەتن	١٦٤-١٦٠
٦٠.	لە سەرەتاوە هۆی دامەزراندنی بانگو قامەت چیبوو؟	١٦٨-١٦٥
٦١.	باسی ئەو شتانەی کە لەناو نوێژدا سوننەتن پێیان دەگوترێ ئەبعاچ واتە: گرنگە سوننەتەکان	١٨٨-١٦٩
٦٢.	ئەو شتانەیش لەناو نوێژدا سوننەتن پێیان	

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
	دەگوترێ: هەیئات، واتە: سوننەتە سووکەڵەکان	
.٦٣	سوننەتە پەیوەستەکانی نوێژە فەرزەکان	١٨٩-١٨٨
.٦٤	نوێژی سوننەتی زۆر سوننەت	١٩٨-١٩٠
.٦٥	گوتەکانی دوا نوێژەکان	٢٠٢-١٩٨
.٦٦	ژن لە چەند شتێکا جیایە لە پیاو	٢٠٥-٢٠٣
.٦٧	شەرمگای پیاوو ژن	٢٠٦-٢٠٥
.٦٨	ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە	٢١٤-٢٠٧
.٦٩	کوڕنووشی هەڵەو هۆیەکانی	٢١٩-٢١٥
.٧٠	ئەو کاتانەی کە نوێژیان تیادا ناپەسەندە	٢٢٢-٢١٩
.٧١	نوێژی بە کۆمەڵ (نوێژی جەماعەت)	٢٣٢-٢٢٢
.٧٢	کورتکردنەوەی نوێژی چوار رکاتی	٢٣٣-٢٣٢
.٧٣	مەرجی سەفەرەکە	٢٣٧-٢٣٤
.٧٤	کەی رێبوار دەست دەکا بە کورتکردنەوە	٢٣٨-٢٣٧
.٧٥	کۆکردنەوەی دوو نوێژ	٢٤٢-٢٣٨
.٧٦	گێڕانەوەی نوێژی فەوتاو	٢٤٤-٢٤٢
.٧٧	نوێژی هەینی (صلاة الجمعة)	٢٤٤
.٧٨	نوێژی جومعە سوننەتە یا فەرزە؟	٢٤٦-٢٤٥
.٧٩	مەرجەکانی پێویستبوونی	٢٤٧-٢٤٦
.٨٠	مەرجەکانی دامەزراندنی	٢٤٩-٢٤٧
.٨١	فەرزەکانی نوێژی هەینی!	٢٥٠-٢٤٩
.٨٢	هەیئەتەکانی نوێژی هەینی	٢٥٢-٢٥١
.٨٣	گوێڕاگرتن لە وتارەکەی	٢٥٣-٢٥٢
.٨٤	لەکاتی وتارەکەدا نوێژ دروستە	٢٥٥-٢٥٤

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٨٥	خوێندنی سوورەتی کەهف	٢٥٥-٢٥٦
٨٦.	کاژێری نزاگیرابوون	٢٥٦
٨٧.	سەلاواتدان لەسەر پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ}	٢٥٧
٨٨.	لەپاش بانگی رۆژی هەینی مامەڵە نادروستە	٢٥٧
٨٩.	نوێژی هەردوو جەژن	٢٥٨-٢٦٠
٩٠.	کاتی نوێژی دوو جەژنەکان	٢٦١
٩١.	ئەندازەی رکاتەکانیان	٢٦١-٢٦٢
٩٢.	وتاری پاش نوێژی جەژن	٢٦٢-٢٦٣
٩٣.	نوێژی جەژن لە سارادا	٢٦٣
٩٤.	ئەڵلاهو ئەکبەرکردن لە جەژندا	٢٦٣-٢٦٥
٩٥.	ئەو گوتەیەی کە بەوشێوەیە تەکبیر جوانە	٢٦٥
٩٦.	نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران	٢٦٦-٢٦٨
٩٧.	سوننەتە بەکۆمەڵی بکرێ	٢٦٨
٩٨.	وتار لەم دوو نوێژانەدا	٢٦٩-٢٧٠
٩٩.	نوێژە بارانە	٢٧١-٢٧٨
١٠٠.	باسی نوێژی ترس	٢٧٩-٢٨١
١٠١.	بەکارهێنانی ئاوریشم و زێڕ	٢٨٢-٢٨٤
١٠٢.	ئەوەی بۆ مردوو پێویستە	٢٨٤-٢٨٨
١٠٣.	سوننەتەکانی شۆردنی مردوو	٢٨٨-٢٩٠
١٠٤.	ئەوەی لە کفندا سوننەتە	٢٩١-٢٩٢
١٠٥.	نوێژی مردوو	٢٩٢-٢٩٣
١٠٦.	بنیاتەکانی نوێژی مردوو: ئەم حەوتەن	٢٩٣-٢٩٧

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
١٠٧.	چی سوننەتە بۆ ناشتن	٢٩٨-٣٠٠
١٠٨.	دوو کەس لەناویەك گۆڕدا نانێژرێن مەگەر بۆ ناچاریی	٣٠١-٣٠٢
١٠٩.	گریان بۆ مردوو	٣٠٢-٣٠٣
١١٠.	شین و زاری لەسەر مردوو	٣٠٣-٣٠٦
١١١.	ئەوەی لە پرسەدا سوننەتە	٣٠٧-٣٠٨
١١٢.	پرسە: سەرکێشی: سەر خۆشی: نەوازش	٣٠٩-٣١١
١١٣.	باسی زەکات	٣١١-٣١٢
١١٤.	بڕیاری زەکات (حوکمەکەی)	٣١٢-٣١٣
١١٥.	جۆرەکانی زەکات	٣١٣
١١٦.	ئاژەڵ	٣١٣-٣١٤
١١٧.	مەرجی پێویستبوونی زەکاتی ئاژەڵ	٣١٤-٣١٦
١١٨.	زەکاتی پارە کە بریتییە لەم دوو شتە: زێڕو زیو	٣١٦
١١٩.	زەکاتی کشتوکاڵ و دانەوێڵە	٣١٧-٣١٨
١٢٠.	زەکاتی میوەهات	٣١٨-٣١٩
١٢١.	زەکاتی سامانی بازرگانی	٣١٩-٣٢٠
١٢٢.	رادەی زەکاتی وشتر	٣٢٠-٣٢٢
١٢٣.	رادەی زەکاتی رەشە وڵاخ	٣٢٢
١٢٤.	رادەی زەکاتی مەڕو بزن	٣٢٣-٣٢٤
١٢٥.	زەکاتی سامانی هاوبەش	٣٢٤-٣٢٧
١٢٦.	رادەی زەکاتی زێڕو زیو	٣٢٧-٣٢٨
١٢٧.	مەرجی زەکەتەکەیان	٣٢٨-٣٢٩
١٢٨.	زەکاتی خشڵ	٣٣٠-٣٣٢

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
١٢٩.	ڕادەی زەکاتی دانەوێڵەو میوە	٣٣٢-٣٣٥
١٣٠.	نرخاندنی سامانی بازرگانی	٣٣٥
١٣١.	زەکاتی کان: واتە: مەعدەن	٣٣٦-٣٣٧
١٣٢.	زەکاتی زێڕو زیوی شاراوەی کۆن	٣٣٧-٣٣٨
١٣٣.	ئەوانەی کە زەکاتیان پێ دەدرێ	٣٣٨-٣٤٢
١٣٤.	لا باسێ (فەرعی)	٣٤٣-٣٤٥
١٣٥.	پێنج کەس هەن زەکاتیان پێ ناشێ	٣٤٥-٣٤٨
١٣٦.	خێری سوننەت (صدقة لتطوّع)	٣٤٩-٣٥٢
١٣٧.	ڕۆژوو (الصیام)	٣٥٣-٣٥٦
١٣٨.	ڕۆژوو بەچی پووچ دەبێتەوە	٣٥٦-٣٦٠
١٣٩.	چی لە ڕۆژدا سوننەتە	٣٦٠-٣٦٢
١٤٠.	ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژوویان تیادا نادروستە	٣٦٢-٣٦٤
١٤١.	ڕۆژووی ڕۆژی گومان (صوم یوم الشك)	٣٦٤-٣٦٥
١٤٢.	بڕیاری دروستبوون لە ڕۆژی ڕەمەزانا	٣٦٥-٣٦٧
١٤٣.	مردوویێ ڕۆژووی لەسەربێ	٣٦٧-٣٦٨
١٤٤.	پیری ئیختیارو کەسێ لە ڕیزی ئەودابێ	٣٦٩
١٤٥.	ژنی دووگیانو ژنی مەمکدەر	٣٦-٣٧٠
١٤٦.	نەخۆشو پیوار	٣٧٠-٣٧١
١٤٧.	ڕۆژووی سوننەت	٣٧١-٣٧٣
١٤٨.	ڕۆژووی ناباش (الصوم المکروه)	٣٧٤-٣٧٥
١٤٩.	ڕۆژووی سوننەت بۆ ئافرەت	٣٧٦
١٥٠.	زەکاتی سەرفترە	٣٧٦-٣٧٩
١٥١.	کاتی دەرکردنی	٣٨٠

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
.١٥٢	حیکمەتی سەرفترە	٣٨١
.١٥٣	باسی گەورەیی رۆژوو	٣٨١-٣٨٢
.١٥٤	هەڕەشە لە رۆژوو نەگرتنی رەمەزان	٣٨٢
.١٥٥	نزای رەوا بە زمانی بەرۆژووەوە	٣٨٢
.١٥٦	مانگە پیرۆزەکە	٣٨٣-٣٨٤
.١٥٧	خەڵوەکێشان لە مزگەوتا (اعتكاف)	٣٨٤-٣٨٩
.١٥٨	حەج	٣٨٩-٣٩٠
.١٥٩	عەمرە	٣٩١-٣٩[illegible]
.١٦٠	مەرجەکانی پێویستبوونی حەج	٣٩٤-٣٩٧
.١٦١	بنیاتەکانی حەج (أركان الحج)	٣٩٧-٣٩٩
.١٦٢	ئەرکەکانی هەڵسوڕان - پێویستییەکانی تەواف	٤٠٠-٤٠٥
.١٦٣	پێویستییەکانی حەج - ئەرکەکانی حەج	٤٠٥-٤١٠
.١٦٤	حەجی ژن	٤١٠-٤١١
.١٦٥	سوننەتەکانی حەج	٤١١-٤١٤
.١٦٦	خۆ رووتکردنەوە لە جل‌و بەرگی دووراو	٤١٤-٤١٥
.١٦٧	ئەوشتانەی نادروستن بۆ ئەوکەسەی لە ئیحرامدابێ	٤١٥-٤٢٠
.١٦٨	تۆڵە (فیدیە) پێویستە لەسەر کەسێ ئەمانە بکا.	٤٢٠-٤٢١
.١٦٩	کەسێ فریای وەستان لە عەرەفات نەکەوێ حەجی لە دەست دەچێ	٤٢١-٤٢٣
.١٧٠	کەسێ بنیاتێ نەکا حوکمی چییە؟	٤٢٣
.١٧١	ئەو گیاندارانەی کە سەربڕینی پێویست دەبێ لە ئیحرامدا	٤٢٣-٤٢٤

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
.١٧٢	ئەو خوێنە پێویستانە پێنجن:	٤٢٩-٤٢٤
.١٧٣	جێگەی ئاژەڵی دیاریو خۆراك بەخشین	٤٣٠-٤٢٩
.١٧٤	کوشتنی نەچیری حەرەمو بڕینی دەرەختی	٤٣١-٤٣٠
.١٧٥	حەجکردن لە جیاتی کەسێکی تر	٤٣٣-٤٣٢
.١٧٦	حەجەکەی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}	٤٤٢-٤٣٣
.١٧٧	سەردانی مزگەوتەکەی پێغەمبەرو مەقەدی پیرۆزی {درودی خوای لەسەربێ}	٤٤٥-٤٤٣
.١٧٨	دەستووری سەردانەکە	٤٤٧-٤٤٥
.١٧٩	چۆنێتی ئەم سەردانە: دەستووری سەردانی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}	٤٥١-٤٤٧
.١٨٠	سەردانی گۆڕستانی (جنە البقیع)و ئارامگای شەهیدانی ئیسلام	٤٥٢-٤٥١
.١٨١	سەردانی ئەو مزگەوتانە کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نوێژی لەناویاندا کردووە	٤٥٥-٤٥٣
.١٨٢	سەردانی ئەو بیرانەی مەدینە کە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} ئاوی لێ نۆش کردوون	٤٥٨-٤٥٦
.١٨٣	دەستووری گەڕانەوە	٤٦١-٤٥٨
.١٨٤	بە پیروەچوونی حاجیو پیرۆزبایی لێ کردنی	٤٦١
.١٨٥	چەن کارێکی ناشایستەی تازە قەڵا..	٤٦٥-٤٦٢
.١٨٦	ناشایستەکانی ناو سەردانی گۆڕی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ}	٤٧٠-٤٦٥
.١٨٧	کڕینو فرۆشتن	٤٧٤-٤٧١
.١٨٨	جۆرەکانی کڕینو فرۆشتن	٤٧٤

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
.١٨٩	مەرجەکانی دامەزرانی فرۆشتن	٤٧٩-٤٧٥
.١٩٠	باسی سەلەم	٤٨٠-٤٧٩
.١٩١	مەرجەکانی سەلەم	٤٨٢-٤٨٠
.١٩٢	فرۆشتنی شت لە پێش وەرگرتنیدا	٤٨٣-٤٨٢
.١٩٣	فرۆشتنی قەباڵەو کومپیالەو شتی وا	٤٨٤-٤٨٣
.١٩٤	فرۆشتنی گۆشت بە گیانلەبەر	٤٨٥-٤٨٤
.١٩٥	فرۆشتنێ تەفرەدانی تیادابێ کە مەشهوورە بە (بيع الغرر)	٤٨٥
.١٩٦	باسی سوود (واتە: ربیا)	٤٨٩-٤٨٥
.١٩٧	جۆرەکانی سوود	٤٩٠-٤٨٩
.١٩٨	باسی قەدەغەکردنی سوود (علة تحريم الربا)	٤٩٢-٤٩٠
.١٩٩	ئەنجامە خراپەکانی سوود	٤٩٢
.٢٠٠	سەرپشکیی کڕیارو فرۆشیار	٤٩٤-٤٩٢
.٢٠١	گێڕانەوەی فرۆشراو بەهۆی نەنگەوە	٤٩٦-٤٩٥
.٢٠٢	باسی فرۆشتنی بەری باخ و دانەوێڵە	٤٩٨-٤٩٧
.٢٠٣	فرۆشتنی ئەوشتەی سوود لە خۆگربێ بە تەڕی بە توخمی خۆی (بيع مافية الربا بجنسة رطبا)	٤٩٩-٤٩٨
.٢٠٤	چەن فرۆشتنێکی پووچ و بەتاڵ	٥٠٤-٤٩٩
.٢٠٥	باسی بارمتە (رەهن)	٥٠٨-٥٠٥
.٢٠٦	دەست بەست (الحجر)	٥١٠-٥٠٨
.٢٠٧	تەصەڕوفی منداڵ و شێت و نەفام (سفيه)	٥١١
.٢٠٨	تەصەڕوفی لاتکەوتوو (موفلیس)	٥١٢
.٢٠٩	تەصەڕوفی نەخۆش لە زیاتر لەسەر سێیەکی	٥١٣

لاپەڕە	پێڕستی سەرەباسەکان	زنجیره
	ماڵی خۆی	
٥١٣	تەصەڕوفی کۆیلە (تصرف العبد)	.٢١٠
٥١٤	ڕێکەوتن (سوڵح)	.٢١١
٥١٥-٥١٤	باسی جۆرەکانی ڕێکەوتن (سوڵح)	.٢١٢
٥١٧-٥١٥	کەڵك وەرگرتن لە شەقامو کۆڵان	.٢١٣
٥٢٣-٥١٧	هەواڵە: حەواڵە (الحوالة) بەرەورووکردنەوە	.٢١٤
٥٢٦-٥٢٤	دەستەبەریی (الضمان)	.٢١٥
٥٢٧	چی کاتێ دەستەبەر بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر دەستەبەری لەباتی کراو (مضمون عنه)	.٢١٦
٥٢٨-٥٢٧	دەستەبەریی شتی نەزانراوو شتێ کە هێشتا پێویست نەبووبێ (ضمان المجهول وما لم يجب)	.٢١٧
٥٣٠-٥٢٨	دەستەبەربوون (کەفالەت)	.٢١٨
٥٣٠	باسی هاوبەشی (شەراکەت)	.٢١٩
-٥٣١	جۆرەکانی هاوبەشی	.٢٢٠
	هاوبەشی لە پشكو سەنەداتا	.٢٢١
	باسی جێداریی، واتە: وەکالەت	.٢٢٢
	باسی پێلێنان (اقرار)	.٢٢٣
	باسی خواستەمەنی (عاریه)	.٢٢٤
	زەوتکردن (غەصب)	.٢٢٥
	باسی بەش هەڵگرتنەوە (شوفعە)	.٢٢٦
	باسی قازانج بەهاوبەشی (قراض)	.٢٢٧
	دەستەبەریی لەسەر ئیشکەر نیه	.٢٢٨
	زیان لە قازانج پڕدەکرێتەوە	.٢٢٩

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
.٢٣٠	باسی باخەوانی (موسافات)	
.٢٣١	باسی بەکرێدان (اجارە)	
.٢٣٢	باسی دەستخۆشانەو سەرقەڵەمانەو وەڵیفەتانە کە مەشهوورن بە (جعالە)	
.٢٣٣	باسی مڵکانەو بنەتۆو، مەبەست: موزارەعەو موخابەرەیە	
.٢٣٤	ئاوەدانکردنەوەی وێرانە (احیاء الموات)	
.٢٣٥	بڕیار (حوکم)ی ئاوەدانکردنەوە	
.٢٣٦	بەخشینی ئاوکەی پێویست دەبێ؟	
.٢٣٧	وەقف: شت تەرخانکردن بۆ خێری نەبڕاوە	
.٢٣٨	باسی بەخشین (هبە)	
.٢٣٩	باسی عومراو روقبا: با بە کوردی ناویان بنێین ژێنەبەخشو تەمابەخش:	
.٢٤٠	باسی هەڵگرتنی شتی داکەوتوو (لقطە)	
.٢٤١	منالّی فڕێدراو (القیط)	
.٢٤٢	باسی سپاردە (وەدیعە)	